# ڕامان


مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە ـ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی بیست و یەک/ ڕەزبەری ٢٧١٦/ ئەیلوولی ٢٠١٦

٢٣٢





- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ (عەبدوڵڵای کەیخوسرەوی)
  ئا : فەیزوڵڵا فاتیح
- بەدواداچوون بۆ هەڤپەیڤینێک
  مستەفا ساڵح کەریم
- ڕەنگدانەوەی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا
  د. ئاراس محەمەد ساڵح
- من و مسباح
  ناسر وەحیدی
- کتێبی «غایة الحکیم» بەڵگەیەکی دیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەری ڕۆشنبیریی کوردی
  ئەحمەد تاقانە
- بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر چاپکردنی یەکەم کتێبمدا
  ئازاد عەبدولواحید

٢٣٢

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی بیست و یەک/ ئەیلوولی ٢٠١٦

• خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین

• سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

• بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی

• مۆتیڤ و پۆرترێت
قەرەنی جەمیل

• بەرگ
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی/ www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ/ 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


**● دەق**

– گەر نەهێڵن باڵم بە هێلانەکانتاندا... ئاورە/ یوونس ڕەزایی/ 3
– هۆشیاری و مەستی/ عەبدولڕەحمان فەرهادی/ 5
– مەراق/ سوهەیلا مەیهەمی/ 6
– ژانا زراڤ/ خزان شیلان/ 7
– کۆڵان/ لە فارسییەوە: ئازاد وەڵەدبەگی/ 9
– ئۆرهان پاموک کێیە؟/ ئەدیب نادر/ 11
– ڕەسمێکی ناتەواوی- ئەو- ئایشە بابان وێرانێ/ دلاوەر ڕەحیمی/ 14
– ماڵی سەر شیوەکە/ هێمن بەرزنجی/ 16
– من نزانیبوو ل ڤێ دنیایێ ژی بهووشت هەیە/ بەهلول زەلال/ 21
– بەسەرهاتی چاویلکەکەم/ لە فارسییەوە: کەبیر شەمسەددینی/ 24

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ (عەبدوڵڵای کەیخوسرەوی)/ ئا: فەیزوڵڵا فاتیح/ 28
– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیر (عادڵ قادری)/ ئا: هاشم عەلی وەیسی/ 39

**● بەدواداچوون**

– بەدواداچوون بۆ هەڤپەیڤینێک/ مستەفا ساڵح کەریم/ 53

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– ڕەنگدانەوەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا/ د. ئاراس محەمەد ساڵح/ 61

**● وتار**

– من و مسباح/ ناسر وەحیدی/ 75
– پەروەردە و خوێندن لە کوردستانی دێریندا/ سەباح عەلی جاف/ 79
– تێڕوانینی سەجادی بۆ وتاربێژی/ نێچیروان جاسم/ 85
– ڕووناکبیران لە فەرەنسا/ لە فارسییەوە: جەمال نەجاری/ 87
– ڕۆمان و کۆمەڵگە/ لە فارسییەوە: شەریف فەلاح/ 93

**● هزر و فەلسەفە**

– سانت ئەنسلم: «پرۆسلۆگیون (بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی)»/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 96

**● زمانزانی**

– ئەوەی دۆزیوتەوە «توێکڵ»ـە، نەک «کاکڵ»/ ئەحمەد ئەحمەدیان/ 104

**● مێژوو**

– نووسینەکانی داریوشی گەورە لە شاخی بێستوون/ لە ئینگلیزییەوە: سەلام ناوخۆش/ 109

**● هونەر**

– تێڕوانینی جیاواز لە سێ شانۆگەریی (سەلاحەددینی ئەیوبی)دا/ موحسین محەمەد/ 114

**● خوێندنەوەی کتێب**

– دکتۆر گلاس جوانی و ئیرەیی/ هاشم سەڕاج/ 118
– کتێبی «غاية الحكيم» بەڵگەیەکی دیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەری ڕۆشنبیریی کوردی/ ئەحمەد تاقانە/ 125
– چەند سەرنجەک دەربارەی ڕۆمانا (هەوارە)/ عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ 130

**● یادەوەری**

– بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر چاپکردنی یەکەم کتێبمدا/ ئازاد عەبدولواحید/ 134

**● نامە**

– نامەیەکی مەلا عەلی مامەجەلکەیی بۆ محەمەدی مەلا کەریم/ ئا: هێمن عومەر خۆشناو/ 157

**● بە باڵابڕین**

– لە ساڵوەگەڕی گۆڤارێک کە پیر نابێت..!/ شێرزاد عەبدولڕەحمان/ 158

**● سووکە لەنگەر**

– چراکان خامۆش مەکەن/ ئاسۆ حەسەن/ 160

# گەر نەهێڵن باڵم بە هێلانەکانتاندا... ئاورە

**شەوە.. کەسێک بەر لەئاوابوونی خۆی.. بیری دایکی نەکاتەوە "پەندی داهاتووەکان"**
**(بۆ ئەوەی بەر لەمردن نەیانهێشت دایکی ببینێ)**

**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**



دەمەوێ دایکم بەر لە شەو.. هەتاو ئاسا
بەر لە ڕوودانی تاریکی لە ماڵەکان
دەمەوێ دایکم چەقەرەی ئەو بەهارە لە چاومدا
بەو ئەنگوستە چاوی ئاسن و ئاورەدا
زۆر تاریکم!

بیری هەموو نانەکانی بەختەوەری.. کە لە سەر سفرەی هەنیسک
بیری هەموو سەماوەرەکانی خەڵووز
کە بەیانیمی زیز دەکرد.. لە کاتێکی نامۆی وەڕەز
بیری پەرژینی پەنجەکانی لە شەڕدا..

نا
دەمەوێ دایکم بەر لە شەو
بەختم بە ڕەشی بزانێ
بەر لە ئاوابوونی لەشم
لە خۆرەتاو تەوەڵلاتر

دەمەوێ دار
دەمەوێ دوا حیلەی ڕووبار
وە دەنگدانەوەی سروودی چەک لە کوێستان
کە بەردەوام پشووی سواریی پەنجەکانی..

لێم گەڕێن ئەگینا کۆترەکانی گوێسوانەی ئاوایی
کە ڕووبەڕووی شارەکان هێلانە ناکەن
تەقڵەیان لێڵ
شلوێش دەبێ ئەو دارتەلەی کارەباکانی ئێمە.. نا
قەڵافەتی بە وڵاتمدا بڵاوە

من قەرزدارم
گڵۆپێک بە ئاوایی و
ملوانکەیەک بە دایکم و
لەشێک بە نیشتمانی خۆم
لێم گەڕێن بەر لە ڕوودانی ڕەشی چاوم لە کازیوە
دایکم ئاسۆیەک

مانای دوور.. واتای بەرین.. لە چەشنی هیچ..
کە ئەوپەڕی تەنیاییە

ڕبووروەوە نەیانهێشتم.. وەک هەمیشەی شوورەکان
ئەگینا خۆت دەزانی بۆنی سینگی تۆ
سەرەتای مەلۆتکەیی من و
بۆنی دووبارەی دەستت دوا پەردەی چاوم بەر لە شەو

ڕبووروەوە وەک دەرفەتی تاقانەی دار لە جەنگەڵدا
کە هێلانەکانی سەری تالانی کامە باهۆز نا
نەیانهێشتم بۆنەکانت.. دەستەکانت.. هێلانەکانی
مەرگی من

لێگەڕێن با ببینم دوا جگەرەی دایکم لە تاریکانیدا
خەمۆکە ئەو شەوگارە شەدارە
با دوا دووکەڵی تاڵی هەناسەی
ڕەوە ڕەوە هەورەکانی هەمیشە بن
قاقڕە ئەو نیشتمانە لێڵە
لێمگەڕێن با دوا پێکی ئەو شەوگارە بم..
بەر لە مەستیی چاوەکانی بە بەژنمدا..
کە تەمەنی خاک دەبینێ

دە واز بێنن لە ڕووبار.. بەر لەوەی بەژنی درەنگی دەریا بێ
دەست مەهێننە بەر باڵندە.. با باڵەکانی بەشی دنیا بێ

ڕبوورن ئەی هەنگاوەکانی ناتەواو
من تا ئامێزی ئەو خاکە.. ئەسرینی کێ بە زاراوەی خۆم
ببەخشم
تا بێدەنگی هێلانەیەک.. کە نامۆی باڵ
کام بڵێسە لە چاومدا ڕابژێنم

بێهوودە بووم لە تاریکی
بێ بەریش لە باڵی هەتاو

دەمەوێ دایکم لە پەنامدا ڕاکشێ
هێلانەیەک دڵنیاتر لە خولی ئەو زەوییە تفتە
بۆنێکیش بە تەمەنمدا ئاوارە
ئەو تابووتانە بۆنیان شەداری.. هێلانەکانی دوورییە

**١٣٩٢/١٢/١٠ (٢٠١٣ز)**

# هۆشیاری و مەستی

بۆ مەحموود زامدار

**عەبدولڕەحمان فەرهادی**



پڕ بە گەرووم هاوارم کرد:
دەهەڵسەوە،
دەوروبەرم کشومات و
هیچ وەرامێکم لێ نەبیست..
پووشوپەڵاشی زەردهەڵگەڕاوی دەوری
ڕواگمیانێ و سەریان بادا:
هەقوایە ئێوە لێی گەڕێن
ئێمە هەموو ڕۆژێکی خوا
هەموو سەرلەئێوارەیێ
پڕ بەجامێ
ئاونگی ڕوحی خۆمانی
پێشکەش دەکەین..
دارزەیتوونەکەی ژوور سەری
گوتی: منیش
هەموو ڕۆژێ
چەند قلە زەیتوونێکی ڕەش ڕەشی
بۆ لەبەردەم
پێکە پڕ لە وشەکانی
بەجێ دێڵم..
ئەرێ ئێوەش
دیوتانە چۆن
تفتیلکەکانی سەر دیواری چێورمەی
گشت سپێدان
کە لای سولەیمانەوە دێن
هەموو ڕۆژێ سەرو دانە
لە پەڕەمووچەی شاباڵیان
دەخەنە سەر ڕوحی ئەو و
نەکا ڕۆژێ
لەو بەرزاییە بێتە خوارێ و
لەپڕ ونبێ؟.
هاوینان، پۆلە پەڕەسێلکەی ڕەوەزان
ڕۆژانە هێلانە فنجانەییەکانیان
بەجێ دێڵن
بەلای ئاوی کەسک و سوّر و
بەتەنیشت ئاوی میرییەوە
ڕەت دەبن و
هەر لە دەشتاییەکەی ئەوێ
هەزاران پەڕبەڵەکەی پاشەڵخەنەییش
هەڵدەفڕن و هەر هەموویان
دەنووک لە بۆنی هەڵاڵان وەردەدەن و
دێن و لەسەر مەزارەکەی
بۆ چەند ساتێ، لەنگەر دەگرن
پڕ بە گەروویان دەخوێنن..
دوای هەمووشیان
زێوانی دیدە پڕ لە زات،
تێر مەستیی شەو
لەنێو گومەزی تاریکی سەر دەردێنێ
دوا شیعرێمان بۆ وەخوێنێ:
لە هۆشیاریما، شادیم مەحاڵە
وەک لە مەستیما، عەقڵم بەتاڵە
حاڵێکە بەینی مەستی و هۆشیاری
بەندەی ئەو کەسەم ئەو حاڵەی حاڵە.*

*** نووسراوەی سەر کێلی گۆڕەکەیەتی.**

# مەراق

سوهەیلا مەیهەمی
(سنە)

کە باران دەبارێ
شکۆفەکانی دڵتەنگیم لە جەغزی تەنیاییمدا
چرۆ دەکەن.

بەڕەش و ڕووتیمدا
بێ بەشترینم لە مانگی ئەوینت و
بە ئێوارەتدا حەپەساوم.

ڕەنگەکان مەهاژێنە...
"شەهید" بەهەر ڕەنگێک سوورە و
هەنارەکان ئایەتیان ناگۆڕن.

لێرە جگە لە لێوی شیعرم ڕانەمووسیوە،
کە نهێنییەکانت ئەدرکێنێ،
شەو لە بسکی گۆڤار و مۆمی هیوا....
چاو ئەخەڵافێنم
تۆ بووی بە بیلبیلە و ئێستا بە شاردا چۆڵم
ناوێرم بڵێم ڕەنگە کراسی شێتەکانم لە بەر کردبێ.

بە مەراقی خەونەکان
بەلەمێکی بەرزەخیم،
گوێچکە ماسییەکانی سەفەر
تابلۆکان دەگرییێنن.



# ژانا زراڤ

خزان شیلان
(ستۆکهۆلم)

وەرە
ب مەلوولیا ئاورێن ئەفسوونی
من دیل بگرە
بێخەویا شەڤستانێن سەرپاس
ب فیستانێ بەژنا بەدەو
بنخومینە
و من
د کۆرتکا بیبکێن چاڤێن خوە دە
بحەوینە
تو
خەملا بووکا بارانا پایزێن منی
ئەز
باسکێن هێڤیا خوە
بەر ب سەیرانا هاڤینگەهێن تە ڤە
دچرپینم
د رێیا سەودایا کۆچبەر دە
دەربەدەر بووم
ئالیەکی من
کەندالەکە کۆرتاری یە
ئالیەکی من
دەریایەکە بێپەراڤە
ئالیەکی من
کەلەم و سترییێن خەدارن
ئالیەکی من
پێلێن بایێ فەلەکا خاینە
ئالیەکی من
مژ و دوومانێ دەمێن هارن
ئالیەکی من
مرۆڤێن چەقەل و خێرنەخوازن
وەرە
کۆڤانێن ژانکێش
د تالدەیا پارسوویێن قەفەسا خوە دە
ڤەشێرە
چەمێن هیڤەهیڤا گەوریا خوە
بەر ب هناڤێن پەرتی ڤە



بحەرکینە
پەردەیا رۆژێن بێهنچکیای
ژ سەر دلێ گوڤاشتی راکە
گۆتنێن زمانێ شیرین
دیاری بێدەنگیا کامباخ بکە
من
تیرێژێن فندا رووکەنیا تە
د ئالبووما بیرانینێن خوە دە
نەقشاند
پەلێن بێریکرنا من
ل سەر شاخێن دارا گووزا تە
شین دبن
د تونەبوونا تە دە
گورەگورا عەورێن گێژۆک
رۆندکێن زوا
دبارینن
کەشتیا قەدەرا سەرسەری
ل بەر تۆفانا بێبەختیێ
سەرووبن بوو
ئەز
د رێیا حەزکرنا تە دە
رێویەکی خەریبم
رێویەکی بێچارەمە
رێویەکی پەریشانم
د کەلەجانا هەستێن مەحکووم دە
فەتسیم
ژ پۆرێن تە یێن هەریری سەبرێ
دهوونم
ل تەنێتیا خوربەتێ
مەیا ئێشا دووربوونا تە
ڤەدخوم
و ب دەنگێ مەلۆدیا حەسرەتا تە
ژ خوە دەرباس دبم
تە
بارێ توورکێ عەشقا گران
ل پشتا من یا خووزبووی
سوار کریە
یسکەیسکا کەسەرڤەدانێ
هش و عاقل د سەرێ من دە
نەهیشتن
من
ل ناڤ تالازا دەمێن رەزیل
بەرێ پسوولا خوە شاش کر
وەرە
ژ لەزەتا لێڤێن هنگڤی
ماچەکێ بدە
تەمەنێ سالێن وەستیای
د سیا هەناسا خوە یا گەرم دە
ڤەهەسینە
خەیالێن بەربابوویی ب تلیێن نارین
مزدە
شەواتا کول و برینێن کەزەبا من
ب شەوقا کەنێ هەیڤەرۆنیا خوە
بپێچە
وەرە
وەرە
دە وەرە ژانا زراڤ

**ئەڤ هەلبەستە ژ مالپەرا (کولتورنامە) هاتیە وەرگرتن، کو ب رێنڤیسا لاتینی هاتبوو بەلاڤکرن و ژ ئالیێ مە هاتیە ڤەگواستن ژبۆ رێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە.**

**«رامان»**

# کۆڵان

فەرەیدوون موشیریی
لە فارسییەوە: ئازاد وەڵەدبەگی

بێ تۆ، مانگەشەوێک دیسان بەو کۆڵانەدا گوزەرام،
هەموو جەستەم بوو بە چاو، تێر بەدواتا گەڕام،
جامی گیانم پڕ بوو لە تاسەی دیداری تۆ،
بوومەوە بە عاشقە سەرشێتەکەی جارانی تۆ.

لە شاراوگەی گیانم،
گوڵی یادی تۆ درەوشا
باخی سەد بیرەوەریی پێکەنی،
عەتری سەد یادگاریی پژا:

هاتەوە یادم شەوێک، پێکەوە بەو کۆڵانەدا گوزەراین
دامان لە شەقەی باڵ و لەو خەڵوەتە دڵخوازەدا گەڕاین

دەمێک لە کەناری ئەو جۆگەیە وچانمان گرت.
تۆ، هەموو نهێنی جیهانت ڕژاندبووە ناو چاوی ڕەشت.
من بەیەکجاریی، توامەوە لە تەماشای نیگای گەشت.

ئاسمان ساماڵ و شەو کپ و بێدەنگ
بەخت لێو بەبزە و زەمەن دەستەمۆ و مەنگ
هێشووی مانگ ڕژابووە ناو ئاو
لقەکان دەستیان بەرەو تریفە بە پڕتاو
شەو و بیابان و گوڵ و بەرد
هەموو دڵیان دابووە بەر ئاوازی بلبلی ناو هەرد

بە بیرم دێ: تۆ پێت وتم:
– "  خۆت دووربگرە لەم ئەڤینە!
چەند ساتێک لەم ئاوە ڕوونە ڕامێنە،
ئاو، ئاوێنەی عەشقێکی خێرایە گیانە،
تۆ کە ئەمڕۆ نیگات بە نیگایەک نیگەرانە؛
لام ڕوونە سبەی، دڵت لای چەندان کەسانە!
هەتا فەرامۆشی بکەی، ماوەیەک لەم شارە سەفەرکە!"

پێم وتی: " پارێز لە عەشق! –  نازانم



سەفەر لەلای تۆ، هەرگیز ناتوانم،
ناتوانم!

یەکەم ڕۆژ، دڵم بە ئاواتت، دای لە شەقەی باڵ
وەک کۆتر لە لێواری بانەکەت، نیشتمەوە بە خەیاڵ
تۆ بەردت تێگرتم، من نە ڕەویم و نە دابڕام لە ماڵ..."
دیسان وتم: " تۆ ڕاوچیت و من مامزی دەشتم
هەتا ببم بە داوتەوە، هەموو شوێنێک گەڕام و چەشتم
پارێزکردن لە عەشق نازانم، ناتوانم!"

فرمێسکێک لە چڵی دار تکایە خوار
مەلی شەو بە ناڵەیەکی حەزین هەڵات بە هاوار...
*
ئەسرین لە چاوی تۆدا لەرزی
مانگ بە عەشقی تۆ پێکەنی لە بەرزی
*
دێتەوە یادم: ئیدی هیچ وەڵامێک لای تۆ نەهات
نوقمی خەم بووم کز و مات.
نە ڕەویم و نە دابڕام لەلات.
*
ئەو شەوە و شەوانی تریش دیسان،
نوقم بوون لە تاریکیی خەم و ژان،
ئیتر هیچ هەواڵێکت لەم عاشقە دڵشکاوە نەپرسی،
ئیتر بەو کۆڵانەشدا گوزەر ناکەی بۆ هەواڵپرسی...

بەڵام بێ تۆ، بە چ حاڵێک
من بەو کۆڵانەدا گوزەرام بە کەساسی!

## هێشتا، هەمیشە، هەرگیز

هاتم بەرەو لات هەزار ساڵ،
مخابن!
هێشتا دووری، دوور لە من، ئەی ئومێدی مەحاڵ
هێشتا دووری، ئاخ، لە هەمیشە دوورتری!
هەمیشە، بەڵام، لە ناخمدا کەسێک مزگێنیم دەداتێ
دەگەم بە تۆ ئیتر!
ڕەنگە هەزار ساڵی تر
*
دەنگی ترپەی دڵی تۆ،
لە پشت ئەو پەرژینە بەرزەوە
هەمیشە دەبیسم بە گوێم
هەمیشە بەرەو لات دێم
هەمیشە من لە ڕێم
هەمیشە دەمەوێ سۆزی نیگات
هەمیشە لەگەڵ تۆم، گیانە!
هەمیشە لەگەڵم بە، دێمە تکات!
هەمیشە!
بەڵام
هەرگیز مەبە چاو لە ڕێگا!
هەمیشە پێی گەلێک ئارەزوو داویەتی لە بەرد
هەمیشە خوێنی کەسێک ڕژاوە لەبەر دەرگا!

**سەرچاوە:**
**گزیده اشعار فریدون مشیری. مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، ۱۳۸۹ هـ. ش (۲۰۱۰)ز.**
**شیعری کۆلان ل ۱۶۳ - ۱۶۵.**
**شیعری هێشتا، هەمیشە، هەرگیز ل۲۲۳ - ۲۲۴.**



# ئۆرهان پاموک کێیە؟

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

ئەو ڕۆژە، نازانم ناوی چی لێ بنێم! ڕۆژێکی سارد و سەقەمی سەرەتای ئادار بوو، قەت هەستێکی لەو بابەتەم تێ نەگەڕابوو، ئەگەرچی زۆر لەمێژ بوو لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورکی نێودەوڵەتیی کاری پاککردنەوە و سڕینی کاشیی و گسکدانم دەکرد، کەچی سەرومڕ سروشتێکی دڵتەنگ و مەلوول ڕوخساریان ڕتووش دەکردم و هەمیشەیش لێشاوی ئەو مەردومە کە هەندێ جار وەک ئەوەی مێشومەگەز بن و لەسەر شتێکەوە هەڵفڕن و بەسەر شتێکی ترەوە بنیشنەوە، دڵیان پڕاوپڕ دەکردم لە حەسرەتی قووڵ و وەدی نەهاتووی سەفەرێک، بەڵام نازانم بەرەو کوێ؟ سەفەرێک.. سەفەرێک بۆ دنیایەکی تر و بڕایەوە، پڕ بە قەوارەم دەمویست بڕۆم، بڕۆم جێگایەکی دیکە بە چاوە بێ ئەزموونەکانم ئاشنا بکەم، بەڵام وێدەچوو مەیسەربوونی مەحاڵ بێت، چونکە بە مووچە بوودەڵەکەی من و مووچە ناچیزەکەی ئیسماعیل، لە کوێ ئەو مرادە دەهاتە دی؟ ئێ ئاخر هەموو ڕۆژێک پانتۆڵێک و تی شێرتێکی کەتانیی بۆری کارم دەپۆشی و کۆڵەپشتێکی بچکۆلانەی ڕەش لەسەر شانم، کە توێشەبەرەی ڕۆژانەم بوو، بە ترام لە وێستگەی"زەیتوون بوڕنوو"ـەوە دەهاتم و دەستم بە ئیش دەکرد، چونکە لەوێ شوققەیەکی نهۆمی زەمینیمان بە کرێیەکی گونجاو دۆزیبووەوە و قەتیش کرێی شوققەکانی نهۆمەکانی سەرەوەمان پێ دابین نەدەکرا، شەفتەکانی ئیشم هەموو هەفتەیەک دەگۆڕان، لەبەر ئەوەیش من خەڵکی ڕۆژهەڵات بووم، گوێم نەدەدایێ، هەمیشە هەستم دەکرد سێبەرێکم، سێبەرێک خەون دەبینێ، دڵی خۆم بە قەناعەتێکی ئاسان دەدایەوە و دەموت: گرنگ ئەوەیە لەسەر ئیشێک دامەزراوم و دەبێ بیپارێزم، ئەگینا بە ئاسانی لە کیسم دەچێت.

ئەوانەی لەگەڵ مندا کاریان دەکرد زۆربەیان کاری دیکەیان دەکرد و تابلێیی شیکپۆش و کەشخە بوون و لە

ڕوانینیشیاندا به نزم سەیرکردنێک بەدی دەکران، به تایبەتی که له کەسێکی جلوبەرگ بۆری وەک منیان دەڕوانی، تەنانەت جاروبار بەرپرسەکەم، موورادبێ، بۆ ئەوەی هەستی ناخۆشی ئەوەم له دڵدا بچێنێت که کەڵکی ئەم ئیشەشم نییه، پەڕۆ و مۆپی سڕینەکەی له دەستم ڕادەپسکاند و تۆزێک کاشییەکانی دەسڕییەوه و دەیگوت: ئه ئاوا، هانم ئەفەندی، ئاوام مەبەسته! منیش ڕۆژ نەبوو دڵم به هەزار شت نەشکێت، ڕەنگبوو زیاتر و کاریگەرتر به نیگاکان بشکابایه وەک لەوەی به شتێکی لەو بابەته، بەڵام ئیش هەر ئیش بوو. هەمیشه به خۆم دەگوت: فەرمایشتت لەسەر سەرم گەورەم، باش ئوستنه..نەبا بوغزم لێ بکات و کینەم لێ هەڵبگرێت، بێ گومان مەگەر به خەون بمتوانیبایه سەردانی سەرزێدەکەی خۆم بکەم که تەنانەت دڵم نەدەهات وەک خەڵکی تر به کاولەکەم ناوزەدی بکەم! جا بۆیه هەندێ جار دەمگوت: تۆ بڵێیی ئەو ئارەزووی سەفەرەی له کەللەمدایه لەوەوه سەرچاوەی نەگرتبێ؟ دوور نییه..هەرجارەی منیان دەنارده شوێنێک، جارێک بۆ لای ئۆفیسەکان، جارێکی تر بۆ توالێتەکان، جارێک دەیانناردم بۆ فرۆکەخانه ناوخۆییەکه، منیش نایەته بیرم هیچ لاملییەکم نواندبێ، بوونم به هیچ کلۆجێک تووڕەیی تێدا نەبوو، بۆچی وابووم، تەلیسمێک بوو، ئەگەرچی حەزم دەکرد بەرهەڵستییەک له ناخمدا بخرۆشێت، کەچی مەخابن، لەجیاتی ئەوه پڕ پڕبوو له گوێڕایەڵی و بەس.

ئەو ڕۆژه! زۆر کەس خەندەیان شاباش دەکرد، هەندێکیش شپرزه و پەشۆکاو له دیواره شووشەبەندەکانەوه تەماشای هەڵسانی فڕۆکەکانیان دەکرد، دەتگوت تەماشای نەورەسەکانی سەر بۆسفۆر دەکەن، ئینجا ئاوڕیان له شاشەی پیشاندانی زانیارییەکان دەکردەوه و دەیانویست ژمارەی دەروازەی چوونه نێو فڕۆکەکەیان بزانن، یان داخۆ دواکەوتن دەبێ، یان نا؟ کۆمەڵێک ئازەریی شتومەکێکی بێ شوماریان پێبوو، سەروسەدا و هەراهەرایەکی ناخۆشیان هێنابووه ئاراوه، ئەی ئەوانەی بۆ عەمره دەچوون؟ وەک هەمیشه زۆر سەیر بوون، شانازییەکی زۆریان بەوەوه دەکرد که بۆ عەمره دەچن، هەڵسوکەوتیان سەرسوڕمێن بوو، هەستم بەوه کرد وادەزانن هەر خۆیان هەن، هەر خۆیان خەڵکی ڕاستەقینەن، لای کورسییەکانی هۆڵی ترانزێتەوه، خەریکی گسکدان بووم، به پێچەوانەی هەموو کاتەکان سەرلەبەری فڕۆکەخانه جمەی دەهات، کاتێک چوومه لای دینگەیەکی قەبەوه که سێ زبڵدانی ڕەنگ جیاوازی له تەنیشت دانرابوو تا زبڵی نێو خاکەنازەکه له ناو دانه سەوزەکەیدا ڕۆبکەم، کتێبێکم تێدا بینی، منیش ڕاستییەکەی هەرگیز بەلای کاغەز و کتێب و ڕۆژنامەدا نەچووبووم، ئەگەرچی خوێندەواریم هەبوو، بەڵام ئەو ساتەوەختە لاپڕەسەنییەکی توندوتیژ دایگرتم و دەرمهێنا، تەماشام کرد لێی نووسرابوو (بەفر)، ئیتر وەک ئەوەی ئەو ناوه ئەفسوونم لێ بکات، دڵبەندی بووم، یەکسەر به ناوچه دوورەکەی خۆمانەوه که زستان یەکپارچه پۆشاکی بێگەردیی دەکردەبەر، بێگەردییەک ئەوەی له زێده سپییەکەی خۆی غەریب و نامۆ نەبێت، قەت بەو قووڵییه ناتوانێت خۆشی بوێت، پەیوەستی کردم، جا بۆیه لەگەڵ خاکەنازەکەدا به دەستێک گرتم و گسکەکەشم به دەستەکەی ترم گرت و به هەموو لایەکدا دەڕۆیشتم و ئەرکەکەم بەجێ دەهێنا و نەشمدەتوانی لەخۆم بپرسم ئاخۆ بۆچی ئەو شته قەبه سارد و سووتێنەرەم بەدەستەوه بوو! له لایەک، که نەختێک خۆشاوی میوه ڕژابوو، سەرقاڵی سڕینی بووم، تۆپەڵه خەڵکێک هاتن، وەک بڵێیت ئابڵووقەی کەسێکی گرنگ، یان تاوانبارێکی بەدناویان دابێت، به هەڵەداوان بەتەنیشت منەوه دەڕۆیشتن، نایشارمەوه کونجکاویم له ئیشەکەم دابڕیم و کەوتمه ڕوانین، کتێبەکەیشم بێ ناز لەسەر عەرزەکه لەگەڵ گسک و خاکەنازەکەدا دانابوو، له تەنیشت منەوه لەسەر دیوارێکی به ستیل داپۆشراو، شاشەی زانیارییەکان هەبوو، قەدەرێک لەوێ ڕاوەستان و دیقەتی سەعات و نازانم چی و چی گەشتەکانیان دا.

دیتم وا له دوورەوه موورادبێ بەرەو ڕووم دێت، له ترسی ئەوەی نەبا قسەیەکی تاڵم پێ بڵێ، له دیمەنەکه دابڕام و مژوولی سڕینەوەی لەککەیەکی گەورەی سەر کاشییه کونج کونجه ڕەش و سپی و سەوزئاماڵەکه بووم، بەڵام ئەو هێشتا لێم نزیک نەبووبووەوه، پیاوێکی دەموچاو بچکۆلانەی عەینەک ئەستووری سەر ماش و برنجی بەلەباریک سەرنجی دەوورانده‌وری منی دا و لێم هاته پێشێ، خەڵکێکی زۆر لەوێ حەیرانانه ئاپۆرەیان بەستبوو و تەماشایان دەکرد، وەک ئەوەی تەلیسمێکی بێ ڕادەی هەبێت، زۆربەیان دوور به دوور دۆش

دامابوون، یەک دووانێک بە مۆبایلەکەیان چرکە چرکیان بوو، وێنە لە دوای وێنەیان دەگرت، سەرەڕای سڵەمینەوەشم لە مورادبێ، چاوێکم هەر لە دیمەنەکە بوو، بە ناباوەڕیی سەیرم دەکرد، لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەم پیاوە لە مرۆڤێکی لە ئاسایی ئاساییترە، دەبێ چی بوێت؟ کە نووشتایەوە و دەستی بۆ کتێبەکە برد، وامزانی هینی ئەوە کە شتێکی فڕێداوەتە ناو زبڵدانەکەوە ئەوەشی لەدەست کەوتۆتە خوارێ و بە هۆی قاڵیی بیر و کاژ و واژیی سەرنجییەوە لەبیری چووە، بەهەرحاڵ، وەک ئەوەی کۆرپەلەیەک بقۆزێتەوە کتێبەکەی هەڵگرت، چەند جارێک چاوەکانی لەسەر کتێبەکە و لەسەر ڕوخسارم هێناوبرد، دەموچاوی سەرتاپا زەردەخەنەیەکی بێ کۆتایی ڕایماڵی، هەر کە دەیویست قسە بکات یەکێ لەوانەی یاوەرییان دەکرد، شتێکی بچووکی وەک تەلەفۆنی دەستیی لە دەمییەوە نزیک خستەوە و ئەویش بە شادییەکی بێ شومارەوە وتی: ئەمە جوانترین ساتەوەختە لە هەموو ئەزموونەکەی مندا، تۆ ئەمە دەخوێنیتەوە؟ منیش ورتەم لێ دەرنەهات و نەمتوانی قۆزاخەی حەپەسانەکەم بدڕم و لێی بێمە دەرێ، ئەندێشەم کەوتە قسە و وتی: من شایستەی ئەم لە دەور گردبوونەوەیەم؟ دیسان دووبارەی کردەوە بە بێ ئەوەی وەڵامێکی ئەوتۆی دەست بکەوێت، ئیتر گوتی: ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانمە، ئەم شتە بچووکانەی ژیان بە ڕاستی لە شتە گەورەکان زۆر زیاتر خۆشحاڵم دەکەن و وام لێ دەکات هەست بە بوونی ڕاستەقینەی خۆم بکەم، ئینجا قەڵەمێکی تابلێیی جوان و دڵگیری لە گیرفانی ناواخنی چاکەتە شیکەکەی دەرهێنا و بەرگی کتێبەکەی کردەوە، من هەر نەمزانی چی ڕوودەدات، ڕووبەری سەرسامییەکەم تا دەهات بەرفراوانتر دەبوو، خەڵکەکەیش سەرنجیان خستبووە سەر من، بە قووڵیی سەیرێکی کردم و وتی: تۆ ناوت چییە؟ منیش بە هەست کردن بە سووربوونەوەیەکەوە وتم: ناوم گوڵنارە بەڕێز! ئیدی شتێکی لەودیو بەرگی کتێبەکە نووسی و دایەوە دەستم و چەند وێنەیەکیان گرتین، هەموو دەورووبەر کەوتبوونە ناو داکاسانەوە و تەنیا ئەو پێدەکەنی، وەک منداڵێک کە بۆ ئەنجامدانی شتێکی باش خەڵات کرابێ پێدەکەنی.

ئیتر کە ئەو ڕۆیشت، دەتگۆ دنیا کەوتە پاش تەقینەوەی بیگ بانگ، خەڵکەکە پەرشوبڵاو بوونەوە، هەندێک هەتا ماوەیەکی زۆر هەر لە سەر کورسیی و لاتەختە دوورەکانەوە بە سەرسوڕمانەوە لە منیان دەڕوانی، منیش...ئەوسا مورادبێ گەیشتە لام و بە ئیرەییەکی لەڕادەبەدەرەوە گوتی: کچێ تۆ دەزانی ئەوە کێ بوو؟ منیش وتم: لە کوێ بزانم. ئەویش وتی: هەی بەلەنگاز ئەوە ئۆرهان پاموک بوو ئۆرهان پاموک...

زۆر دوای دەورووبەرەکەم زانیم، کەچی مووچڕکەیش بە گیانمدا نەهات، چونکە نەمدەزانی ئۆرهان پاموک کێیە، هەتا ئەو کاتەی ناویم لەسەر کتێبەکەدا بینی و پێشکەشکردنەکەیم خوێندەوە کە دەیگوت: بۆ گوڵنارهانم، بە ئومێدی ئەوەی وشە هەمیشە هێندە پێ بگات ببێتە شەرابێکی دێرین و زۆرترین سەفەرت پێ بکات، ئۆرهان. ئیدی کە ئەو وشانە و وشەکانی کتێبەکەیم خوێندەوە منیان کرد بە موڵکی هەتاهەتایی خۆیان و لەوساوە وازم لەوە هێناوە بۆ سەفەرێک حەسرەت بخوازم، چونکە لەوساوە لە هەموو کەسێک زیاتر بە دنیای ئەو مرۆڤانەدا سەفەر دەکەم کە دنیا لەبیری کردوون.

**٨ی نیسانی ٢٠١٤، ئیستەنبوڵ**



# ڕەسمێکی ناتەواوی -ئەو-
# ئایشە بابان وێرانیێ

**دلاوەر ڕەحیمی**
**(فەڕەنسا)**

هەست بە ساردی سەرەمەرگ دەکەم، ئەگەریش لینج و تەمومژاوی بێت، دەمەوێ ڕەسمێکی بە پەیڤ ڕستە گێڕانەوەیەکی ئەماتۆرانە بۆ یادگاری، گەر وەک وێنەگرەکانی پارکیش بێت، بکێشم.

"ڕاوەستاوە چەشنی کۆڵەکەیەک بۆ زەوی، تا ئاسمان نەڕووخێ، نیگای دەچەقێنێتە داربەڕووە پیرە فەرامۆشکراوەکان و بە لێوەکانی گەمە بەو چڵە گەنمە دەکات کە چارەنووسی زەوی لێ گرێدراوە و گوێی لە (ئایشە بابان وێرانیی) خاڵە سێوە دەگرێ و بە پەنجەی دۆشاومژەی شەونمەکانی پشت ملی دەسڕێ و -با-کان هەڵدەکەن".

بۆ ڕەسمکردنی -ئەو- پێویستم بە یادەوەری نییە، خۆم بەشێکی قورسم لە یادەوەری جیهان.

قورسم هێندەی بۆنکردن بە نۆستالۆژیاوە، چەشنی گوێگرتن لە زایەڵەی شەو لە باکووری دووری -ئەو-ەوە، دەزانم تۆ کە ئەمە دەخوێنیتەوە:

نووکی زمانت و
لای چەپ و ڕاستی زمانت و
پشتەوەی زمانت بۆ تامی نۆستالۆژیا دەگەڕێیت،
پڕ بە کەپووت دەوروبەرت بۆن دەکەی،

حەز دەکەی ئەو دوورگەیەی ناویان ناوە دڵ، لە سینەتدا دەربهێنی و دەمار دەمار لێی وردبیتەوە و ڕەنگێک لە نۆستالۆژیام بۆ بنێری.

دەخوازم بڵێم قورسیم نەبووەتە ڤیژەیەکی سوور بۆ حەشامات و

تۆش
ئێوەش
ئەوانیش
مات و ئەبڵەق وەک شەوگەردێکی قێزەون چاو مەبڕنە مـانگ!! مـانگ زۆڵە بەردێکە خـۆی بە رووناکـییـەوە هەڵواسـیـوە و عـاشقـان و شاعـیران فـریودەدات، بەڵام -ئەو- فریوی مانگی نەخوارد و تەنیایی بەربووەتە ژیانی.
(تەنیایە وەک ترپەی دڵی زەوی)
ئێرە دەنگی زەوییە
ترپەی غەریبییە ئێرە
(غەریبی نێوان ڕەنگ و چاو)
لە کوێیە ئێرە؟
خۆ دەبێ ناوێکی لێنرابێت ئەم ئێرەیە.
ئەم ئێرەیە: ڕەنگی مەنفایە؟ بۆنی نیشتمانە؟ سەفەری ناتەواوە؟ قورسایی وشەیە؟ ئەم ئێرەیە.
ئەم ئێـــرەیە خـــەیاڵی -ئەو-ـە لەو شـــوێنانەی تۆ نەتبـینیـون، دەنگدانەوەی -ئەو-ـە لە نێـو دڵی زمـاندا، کەڵەکەبووی پەیڤەکانیەتی لە ترۆپکی چیاکاندا، ڕەنگی -ئەو-ـە کەمێک لەوبەری زەوییەوە.
-ئەو- تاقە کەسە لە -ئێرە- بێت، تاقە کەسە دەنگی لەم خەونە ڕاخستبێت، دەنگی مەحاڵ دەبڕێ، قەت ئەو ڕۆژەم بیرم ناچێ (دەنگی ڕەنگی شەونمی لێ نیشتبوو)، بۆیەشە دارستان و ڕووبار و وەرزەکان لە کۆڵی نابنەوە.
وەک پەیڤ لە سەر هەر چوار لای زمانتان دەسووڕێ
وەک برین لە ئاهو ناڵەکانتاندایە.
دەتەوێ بە دوو سێ ڕەنگ و بە چەند وەسـفـێک پێت بڵێم -ئەو- لە کام بەری ڕووبارەوە ئاو دەخواتەوە و بە کـام ئاراسـتـە کـەشـتـیـیـەکـانی وەڕێ دەخـات و چۆن بێستانەکەی ئاو دەدات.
وەک تۆ بتەوێ توند گوێیەکانم دەگرم و
ئاوازێک دەمچرێ کە -ئەو-ـە.
ئەو- چلێستره لە فڕین
وەحشیترە لە ئازادی
ئازادی وەک مێخەک وەک ڕێحان دەچێنێ
ئەو- بە ئازادی دەوروژێ.
هەمیشە هەستەکانم خامۆش دەکەم تا -ئەو- بژیم.
من وام، کە بیر لە -ئەو- دەکەمەوە، بێ منەت دەبم لە وشە لە زمان لە ڕەنگ، کـە غـەریبی دەکـەم خـۆویستـانە دەدوێم.
من بەم ڕەنگە ڕەشەی لە زەخمەکانم دەڕژێ، بەم کێم و چڵکەی لە برینەکـانمەوە دەچۆڕێ، ڕەنگی ترم بە بەرەوە نەما، ڕەنگێک خەون و خولیاکانی -ئەو- بنەخشێنێ، من خۆویستانە دەڵێم دەتوانم ڕەسمی -ئەو- بکێشم.
ئەو- ڕاست دەکات من خۆویستم.
دەمەوێ بڵێم من پڕ بەو دەژیم و خۆویستم و ڕەنگەکان بە ئارەزووی خـۆم هەڵدەبژێرم، وشـەکـان و ڕستـەکـان بە گـوێرەی مـیـزاجی خـۆم دەشـێـوێنم. [ئاخـر فـەرهەنگی وشەکانم وەک خۆی لە هەقی نایەن]
هەمـوو هەوڵی من ئەوەیە، بە لەونێکی تر بینەخشێنم، بیناسێنم.
(ئای ئای ئاااایـــیـــیی ئایشێ بابان وێرانێ دەڵێ؛ ئەمن ئاشقم زۆرن و کوێر بم ناگەنە مرادی دڵی خۆیان).
من هێـشـتـا لە نەشـئـەی ڕەسـمکردنی -ئەو-دا سـەمـا دەکەم. (نا، بیبوورن بزر بووم)
[گـەمـژە نیم، دەزانم شیـعـر نووسـینەوەی خـودە نەک ئەو- کە سەبارەت بە -ئەو- دەنـووسم، وشـەکـان ڕەهەندە بێ ئەژمـارەکـانی خـۆیان دەبینن، زمان بیـری دەکـەوێتـەوە هەمـوو جـەنگەکـان و ئاشـتـیـیـەکـان لە نێـو -ئەو-دا چاوەڕێن، من گـەمـژە نیم، بەڵام مـن بۆ دەربازبوون لە -ئەو- و لە -ئێـرە-بوون دەنووسم، تا خـۆمـێک بدۆزمـەوە لە -ئەو-دا نەبێت، لە -ئێرە-دا نەبێت... بیرت نەچێت شیعر هیچ نییە جگە لەم هەوڵە بێ کۆتاییە].



# ماڵی سەر شیوەکە

**هێمن بەرزنجی**
**(سلێمانی)**

پیاوێکی پیر، لاژە لاژ بەکۆڵانەکەدا هاتە خوار، کۆڵانێکی قەرەباڵغ، کۆڵان لە سەر نەخشەش خواروخێچ، کۆڵانێک خانووەکانی نیوەی یەک نهۆم، نیوەکەی دیکەی دوو نهۆم و سێ نهۆم. پیاوەکە شەقاوەکانی لەسەرخۆ دەهاویشت و بەقرغە و کۆکە کۆک گەیشتە ئاستی کۆمەڵێک منداڵ، ڕاوەستا ، کۆمەڵێک منداڵ کە لە بەیانیڕا لەوێدا بوون، پیاوە پیرەکە سەرێکی بە دەوری خۆیدا بادا و دوو سێ جار قاچی بە زەوییەکەدا کێشا ، بەڵام هیچی نەژنەفت، یەک دوو جار لچی هەڵقورچاند و گوچانەکەی لە زەوییەکە خشاند ، دەیویست دانەوێتەوە گوێی بنێ بە زەوییەکەوە، بەڵام بەهۆی پیری و لاوازییەوە نەیتوانی گوێی بەزەوییەکەوە بنێت. دیسان چەند جارێکی دیکە قاچی بەزەوییەکەی ژێر پێیدا کێشا ، ئەم جارەیان تەپەیەکی گوێ لێ بوو ، وای چەندێک خۆشحاڵ بوو بەگوێ لێبوونی تەپەیەک، زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر ڕوخساری چرچ و وشک هەڵاتووی، پاشان قامکەکانی لە دەسکی چەماوەی گوچانەکەی توند کرد، ڕووی کردە منداڵەکان، بەدەنگی گڕ و لەرزۆک گوتی: منداڵینە ئەمە شیوەکە نەبوو ؟

کۆمەڵێک منداڵ کە لەوێدابوون، هیچیان نەگوت، تەنیا بە واق وڕماوی لە پیاوە پیرەکەیان ڕوانی، هەندێکیان لەژێر لێوەوە کروکەیان دەکرد و پێدەکەنین، لەنێویاندا کوڕێژگەیەک هاتە ئاخاوتن و گوتی: ئەم پیاوە لەپیاوی چاخی بەردین دەچێت، نموونەی وی دەمێکە لەسەر زەوی نەماون.

منداڵەکانی دیکە کەوتنە پێکەنین، بەڵام پیاوەکە کەمێک لێیان دوور بوو ، بەهۆی ئەوەی هیچی نەژنەفت و سەغڵەت نەبوو ، تەنیا پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، منداڵەکان گوتیان ئێمە هیچ نازانین.

پاشان پیاوە پیرەکە چەند شەقاوێک ڕۆیشت، گەیشتە ئاستی دوکانێک کە لە کۆندا ئەو دوکانە تەویلەی ولاخەکانی ماڵی هاودراوسێیەکی پیاوە پیرەکەبوو ، لەبەردەم دوکانەکەدا هەندێک کوڕ و کاڵ لەوێدا خڕبووبوونەوەو

جگەرەیان دەکێشا، بەپێچەوانەی هاوزەمانی پیاوە پیرەکە کە لەسەردەمی لاوی ویدا لەبەردەم تەویلەکەدا هەندێک مانگا بەزستانان لەوێدا دەوەستان و هەڵم لە لووتیانەوە دەهاتە دەر، پیاوەکە لەوێشدا هەڵوێستەیەکی کردو گوتی: کورینە ئایا ڕێک لەم شێوێن پێیانەی من ساڵانێک لەمەوپێش شیوەکە نەبوو؟ یەکێک لەکوڕەکان گوتی: قوربان ڕێک خۆیەتی: پاشان هەمان کوڕ برێکی زۆر سەرنجی دا گوتی: بەڕێز تۆ حاجی ڕەزایەت نیت؟ پیاوەکە بزەیەک هاتە سەر ڕوخسارە تێکشکاوەکەی و گوتی: بەڵێ هەوم، بەڵام ئەوەی سەیربوو حاجی ڕەزایەت نەیپرسی، ئێوە کێن؟ کوڕی کێن؟ لەکەیەوە لەم کۆڵانە نیشتەجێ بوون؟ من دواتر زانیم کە ئەو کوڕێژگەیەی پرسیارەکەی لە پیاوە پیرەکە کرد، ئەو وێنەی حاجی ڕازەیەتی لەگەڵ باپیریدا بینیوە کە لە نێو ئەلبوومەکەیاندا وەک تاکە ئەدگار پاراستبوویان.

پاشان پیاوە پیرەکە لەسەرخۆ ڕۆیشتە کن دەرگای دووکانەکە، بەدەست ئاماژەی بۆ کوڕەکان کرد، تا لە دەوری خڕبنەوە، ئەوەی مایەی سەرنج بوو کوڕگەلەکەش هەروایان کرد، پاشان حاجی ڕەزایەت قرخەیەکی کرد و قوڕگی پاک کردەوە، بێ ئەوەی کەس پرسیاری لێ بکات گوتی: کورگەلینە، سەیرکەن ڕێک ئا لەو جێگەیەی گۆچانەکەم بەئاراستەی ڕاکێشاوە، ماڵمان لەوێدابوو. کوڕەکان لەدەوری خڕتر بوونەوە و زیاتر گوێیان ڕاگرت، پیاوە پیرەکە دیسان دەستی بەقسان کردەوە گوتی، ئێمە ئەو کات هەمووومان، یانی خێزانەکەمان پێکهاتبووین لەمن و دوو خوشک و برایەکم، برایەکەم کە دوو ساڵ لەمن گەورەتربوو خوا لێی خۆش بێت، ئێستا لەگۆڕدایە دوو تراکتۆر خۆڵیان کردووە بەسەریدا، هەروەها دایکم و باوکم، بەڵام دایکم هەرزوو کەلێنی سۆزی خستە ناو خێزانەکەمانەوە، لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا بەیانییەک لەناو جێگەکەیدا نرکەیەکی لێوەهات و ئیدی مرد، کوڕەکان هەریەکە شتێکیان گوت، یەکێک گوتی: ڕوحی شاد. یەکێک گوتی خوا بەبەهەشتی شاد بکات، یەکێک گوتی ئەو لە بەهەشت جێگەی سێبەرە، حاجی ڕەزایەت بەسەر لەقاندن سوپاسی کردن، دیسان درێژەی دایە قسەکانی و گوتی: لە پاش ئەوەی دوو ساڵ ژیانی بێ دایکیمان بردەسەر، ئێوارەیەک کۆمەڵێک پیاو لەبەر دەرگای مزگەوت لەباوکم خڕبووبوونەوە، باوکم کە پاڵی بە درەختی تووەکەوە دابوو، من باوکمم وەک خەوتوویەک بینی، لەو ساتەدا نەمدەزانی بۆچی باوکم خەبەری نابێتەوە، ئەوە یەکەمین جار بوو بەر تەرمی مردوویەک بکەوم، ئەویش باوکم بوو، جگە لەوەی سەرم سوڕمابوو کە بۆ خەبەری نابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەخۆم پرسی: بۆچی دەنگی هەناسە و پرخەی نایەت؟ بەڵێ دواتر هەر بەنووستوویی بردیان، شتیان و لە گۆڕیان نا، خودا لەویش خۆش بێت، بەڕاستی باوکێکی ستەمدیدە و هەژار بوو، یەکپارچە بارگاوی بوو بە قوڕ و چڵپاوی ژیان لە پێناو ئێمەدا.

بەڵێ هەرئەوکات ئەگەرچی هەندێک لەخزمان و دەرودراوسێکان دەیانگوت: باوکمان بەرگەی دووری دایکمانی نەگرت و سویێی بۆتەوە، وەک دایکمان سەرەنجام بێدەنگ مرد، بەڵام تا ئەو کاتەی دایکم و باوکم مابوون، ئێمە خێزانێکی شادی لەدڵ بووین و هەمیشە خەندە لەڕوو، دەم بەقاقا بووین، ئێمە لەدوای مردنی ئەوان، ڕۆژانە هەریەکە لە سووچێکدا کڕ دەبووین و لچمان دادەهێلاو تاک تاک دەگریاین، یان جاری واهەبوو پێکەوە هەمووومان دەگریاین، ئێمە ئەو ساڵانە پێش ئەوەی دایکمان بمرێ، ماڵمان لە سەر شیوەکە بوو کە خەڵکی پێیان دەگوت "شیوی جوولەکان "ئێمە ئەو کات هێجگار دڵخۆش بووین کە خاڵە مەحەت پارچەیەک زەوی هەشتا مەتری پێدابووین، هەڵبەت ئەویش پارچە زەوییەکەی لەبری قەرز وەری گرتبوو، پاشان دای بە ئێمە، ئێمە کە بەرلەوەی بچین زەوییەکە ببینین، سەرەتا دڵمان بەوە خۆش بوو کە ئیدی دەبینە دراوسێی ماڵی خاڵە مەحەت، ئێمە کە زەوییەکەمان بینی، هەمووومان وەک بێچووە مراوی بەدەوری دایکمدا دەسووڕاینەوە و کەیفخۆش بووین، لەوە تێگەیشتین کە دوورین لەماڵی خاڵە مەحەت، زەوییەکەمان لەسەر سیلەی شیوەکە بوو، دواتر خانوویەکمان بەدار و خشتی قوڕ دروست کرد کە ڕێک دەرگای حەوشەکەی کەوتە سەرشیوەکە، یانی بەو جۆرە سێ پلە بە ئاراستەی ناو شیوەکەدا دەهاتیتە خوارەوە، پاشان بە پێنج پلە سەردەکەوتیتەوە بۆ کۆڵان، کوڕەکان کە دەمیان داچەقاندبوو، چاوەڕێی زیاتر ژنەفتنی قسەی حاجی ڕەزایەت بوون، پێکەوە گوتیان ئێ دواتر، حاجی ڕەزایەت چەند نەرمە کۆکەیەکی کرد و سەبیلەکەی دەرهێنا، هەندێک تووتنی لە قوتووەکە دەرهێناو کردییە چاڵی سەبیلەکەوە، چەرخێکی لێ دا، نەفەسێکی قووڵی لێ دا لەگەڵ دەردانی دووکەڵەکەدا گوتی: بەڵێ ئێمە بەو هاوکارییە مەزنەی خاڵە مەحەت زۆر دڵخۆش بووین، لەهەموو جێگەیەک ستایشی ڕۆڵی خاڵەمان دەکرد، شادی لەڕوو بووین، هەرکە لە دوورەوە خاڵەمان دەبینی، یەکەوڕاست دەڕۆیشتین، دەنووساین بەدەستیدا و ماچمان دەکرد، دایکم نزای بۆ دەکرد کە هەمیشە خاڵەمان خودا

بیپـاریزیت، ئیـزرائیل بیـری نەبێت و فـەرمـانی پێ نەکـرێت، تا سـەد سـاڵ بچـێت بەلایدا، لە ئافـات بەدووربێت، دایکمـان وا نزای دەکـرد کـە لە خـەویشـدا خەونی ناخۆش نەبینێ، رێک خودا ئەو نزایەی دایکمانی قبـووڵ کرد، خاڵە لە تەمەنی سەد ساڵیـدا قەزاو بەڵای دنیای برد، ئێمە ئەو سەروەختە، تەنانەت ئێستاش من دەمم ڕاهاتووە، بۆ پێـداگـری لە ڕاسـتی قـسـەکـانمان، سوێندمـان بەگـیـانی پیرۆزی و سـەری خاڵە مـەحـەت دەخوارد، یەکێک لە کوڕەکان ڕۆیشت، لەگەڵ ڕۆیشتنیدا گـوتی حاجی جارێ هیچ نەگـێڕیتـەوە تادێمـەوە! پاشان کـوڕەکـە هاتەوە پەرداخـێک ئاوی بۆ ڕاگـرت، حـاجی ڕەزایەت بە دەستە لەرزۆکەکانی وەری گرت و قومێکی لێ دا و دەمی تەڕکـرد، پاشـان گـوتی: بەڵێ شـایەنی ئامـاژەیە مـاڵی خاڵە مەحەتمان لە گەڕەکی خوارووبوو، ڕێک لەسـەر هەمـان شـیـو کـە تەواوی ئاوەڕۆ و گـواوی گەڕەکـەکـانی سەرەوەی شـاری لە هەناوی خـۆی دەناو بە بەردەم مـاڵی ئێـمـەدا دەیبـردە بەر مـاڵی ئەوانیش، لەوێشـەوە بۆ باخی سـەوزەو تەمـاتەکـان، هەمـان ئەو باخانەی خوشکە ناوەنجییەکەم خوای لێ خۆش بێت، ئەو کە ئێستا پازدە ساڵە لە گۆڕدایە، خوشکە ناوەنجییەکەم، هەمـوو جـارێک دەیگوت: لە سـەلکێک توور و چلـێک تەڕە تیزەدا چەند جۆرێک لەگوو و میزی کوڕانی گەڕەکی سەرووی تیێدایە کە هەندێکیان ئەوەندە تووڕەو تۆسن و ناشیـرین و پۆرخسـن کە تامی توور و سـەوزەکانیشیـان ناخۆش کردووە، ئێمە بەقسەی ئەو خوشکەمان زۆر پێ دەکـەین، زۆر جار کـە لە بۆری ئاوەڕۆکـانەوە دەمـانبینی سلێک گـوو دەهاتە دەر، یەکڕاست دەیگوت ئەوە گـووی حەمە قوون زلە هەر ئەو گووی وادەکات، ئێمە شتی سەیر سـەیرمـان لەو خوشکەمـان دەبیست، بەڵام ئێـستـا بیرم ناکەونەوە، یانیش نامەوێت بە باسکردنیان لە ناو گۆڕدا ڕایچڵەکێنم و موچوڕکەی پێدابێنم.

دەڵێن بەباسکردنی مـردوو، مـوچوڕکـە بەگـیـانی مـردووەکەدا دێت، ئێمە لەو سـەروەختـەدا ئەو چاکـەیەی خاڵە مەحەتمان لەیاد نەدەکرد، دایکم دەیگوت ئەم خاڵە مەحەتە بەمنداڵیش بەسۆزو میهرەبان بووە، دەست کراوە و دڵبـەخشندە بووە، هاوکات خاڵە مـەحـەتیش دایکی ئێمەی لە تەواوی خوشکەکانی دیکەی خۆشتر ویستووە، وەک دایکم بۆمانی باس دەکرد، هیچ شتێکی پەنهان و ناڕۆشن لەنێـوانیـاندا نەبووە، تەنانەت دایکم لە بەر خۆشـەویستی خاڵە مـەحـەت، دوو ساڵ نامـەبەر بووە، واتە دەلاڵ بووە، لە نێوان ئەو و ئەو خاڵۆژنەماندا. وەک دەڵێن: ئەگـەر دایکی ئێـمـە نەبووایە، خـاڵۆژنمان ژنی کابرایەکی دیکە دەبوو، کەسێکی دیکە دەبووە خاڵۆژنی ئێـمـە، ڕەنگە منداڵی ناشـیـرین ناشـیـرینیشی هەبوایە، بەڵێ ئێـمـە وامـان تێـبـینی کـردبوو، یانی یەقین لەوە دڵنیابووین کە خاڵمان ئەو چاکەیەی دایکمانی لە پێش چاو گـرتووە، بەهۆکـاری تام خـۆشی خـاڵۆژنمان و ژیان خۆشی لەگەڵیدا ئەو زەوییەی پێدایـن، بەپێچەوانەی خاڵە جـەمشـید کـە پیـاوێکی تووڕە و تۆسن بوو، من هەر بە سـەرپێـوە دەمـەوێت شـتـێک لەنێـوان خـۆم و خـاڵۆژنمدا بگێڕمەوە، خاڵۆژنم واتە ژنی خاڵە جەمشید، بەڵام ئەگەر خاڵە جەمشید و ژنەکەی، هەروەها خێزانەکەمان و کەسە نزیکەکانمان لە ژیاندا بمابان، هەرگیز نەمدەگێڕایەوە، من کە ئێـسـتـا تەمـەنم حەفـتا سـاڵە تازە دارکـاریم بکەن و لەگـۆڕم نێن بەبای خـەیاڵمـدا نایەت، ئیـدی هیـچ ترس و دڵە ڕاوکەیەک نەماوە تا پەنهانی بدەم.

بەیانییەک دایکم ناردمییە مـاڵی خاڵە جەمشـید، هەر ئەو خـاڵە جـەمـشـیـدەی وێڕای ژنێک و پێنج منداڵ، ژنێکی دیکەی هێنابۆوە، ژنێک کـە لە قـەد و قـیـافـە و تەمـەنی ئەو نەدەهات، ژنێـکی تەڕپۆش و بەجـۆش، ئەو بەیانـیـیە کە گـەیشـتـمـە مـاڵی خـاڵـۆژن من کـە لەکـونی دەرگاکەوە تەماشام دەکرد، خاڵـۆژن بەسەری تەڕەوە تازە لە حەمـام هاتبووە دەرەوە، لەسەر سـەکـۆکە دانیشـتبوو، قـاچەکـانی تووکـبـڕکـردبوو، لووس و خلیـسـک، ئەو لەڕواڵەتدا ژنێکی بە ئاڵـۆش بوو، بنیـادەم بەسـەیرکـردنی لەزەتی دەبرد، من هەرگـیـز بێ ئەدەبی ناکـەم بەرانبـەر بە خـاڵـۆژن، بەڵام خـۆی ڕاسـتـیـیـەکـەی وابوو کـە لە کـونی دەرگـاکەوە تەماشام دەکرد، حەزم دەکـرد هیی من بێت، نەک هی ئەو خـاڵـە پیـر و ڕزیـوەم، چاوم لە سـەر کـونی دەرگـاکـە لابردو لە دەرگـام دا، بەڵام کێ دەرگـام لێ بکاتەوە؟ دەبوو هەر خۆم پاڵێکی قایمی پێوەنێم و وەژوور کـەوم، خـاڵۆژن هەر کـەچاوی بەمن کـەوت، بڕێکی زۆر دڵخۆش بوو، من لە شەرماندا نەمدەتوانی ڕاستەوخۆ چاو ببڕمە چاوی، ئەو لە بەر خۆرە گەرمەکەدا بە ستـرابێکەوە دانیشـتبوو، ئەسلـەن هەر بە بای خەیاڵیدا نەدەهات کێ لەبەردەمی وەستاوە، قژە تەڕەکەی هەڵدایە سەر پشتی و گوتی: چ بایەکی فـێنک تۆی بۆ ئێرە هێنا؟ گـوتم دایکم وەدووی ناردوون بێنە زەماوەندی مارە بڕین، گـوتی: دەی بوویتە پیـاو، گـوتم بۆ من نیـیـە، گـوتی سندان لە گەنجی وەک تۆ بدات، من دەمزانی کە دوعا شەڕەکەی هەقدارە، ئەم ژنە ئەگەر هەتیوێکی وەک من بیهـێنابایە، نەدەچووە ژێر ئەو خـاڵە ڕزیوەم، ئێـمـە لەگـەڵ خـاڵـۆژن هەندێک گفـتـوگۆمـان کرد و پاشان گـوتی: تاوێکی دیکە ئامـادە دەبم پێکەوە ڕۆیشـتین، من هێجگار خۆشحاڵ بووم کـە

ئەو پێ بە پێی من دێت بۆ ماڵمان، ئەگەرچی من خاڵە جەمشیدم هەرگیز خۆش نەویستووە، بەڵام ئەم خاڵۆژنە چکۆلەیەم خۆشویستووە، ئێمە پێکەوە ڕۆیشتین، ئەو قۆڵی کرد بە قۆڵی مندا، وام هەست دەکرد من پیاوی ویم، نازانم بۆچی ئەو هەستە لای من هەبوو، هەرکەسێک بەوێدا تێ بپەڕیبایە تەماشای خاڵۆژنی بکردایە، دڵم پێ ناخۆش دەبوو تووڕەیی دەیگرتم، تا گەیشتینە ماڵی خۆمان، لەناو ساتێکی خۆشدا لەگەڵ خاڵۆژندا مەستبووم، بەڵام سەرەنجام ئەم خاڵۆژنەش وەک دایکم بەجوانەژنی مرد، هۆکەشی ئەوە بوو غازی ماڵەکەی بەردابۆوە گڕی دابوو، ئیدی کەس نەیزانی هۆکار چی بووە؟ کوڕەکان بە قسەکانی پیاوە پیرەکە زۆر پێکەنین، بەجۆرێک لە پێکەنیندا چاویان تەڕبوو، کەوتن بەپشتدا، حاجی ڕەزایەت کەمێک بێدەنگ بوو، قومێکی لە ئاوەکەدا و دەستی کردەوە بە هەڤپەیڤین و گوتی: ئێمە کە ماڵمان لە سەر شیوەکەبوو، ژنان و مندالانی گەڕەکی سەروو زۆر لێمان دەترسان، هەندێک جار کە لەناکاو لە نێو بۆریەکانەوە دەردەکەوتین، هەڵدەهاتن و دەیانقریشکان و دەیانگوت: کە جنۆکەیان دیتووە! ئێمە مندالانێکی سەیر نەبووین، هەندێک ژن کە هەبوون نەیاندەوێرا لێمان نزیک ببنەوە، لەبنەڕەتدا ئەو جۆرە ژنانە خۆیان ترسنۆک بوون، نازانم چۆن دەیانوێرا، چۆن خۆفیان نەدەکرد و نەیاندەقیژاند؟ کە دەچوونە باوەشی پیاوەکانیانەوە، ئەگەرچی هەندێک پیاو ترسناکە، ناشیرین و ترسێنەرن، بەتایبەتی کاتێک بەڕووتی دەبینرێن.

ئێمە بەدەموچاوی ڕەش و گواوییەوە بەکۆڵانەکاندا دەڕۆیشتین و ژنەکان پێیان دەگوتین: ئەوە مندالە جنۆکەکانن، ئێمە بەو قسانە هیچ نیگەران نەدەبووین، تەنانەت کە دەریش دەکەوتین لە ترساندا هەڵدەستان و ڕایان دەکردە ژوورەوە، دەرگای حەوشەکەیان قایم پێوە دەدا و دەنگێکی زلی لێوە دەهات.. زرم، تاق، ئێمە دەمانگوت: شتێکی ئاساییە. تارادەیەکیش سروشتییە، ژنانێک لە مشک بترسن، نەوێرن لە تەلەڤزیۆنیشدا سەیری ماربکەن، غیرەتی ئەوەشیان نەبێت دەست بەسەری کەروێشکێکدا بێنن، با هەر لە ئێمە بترسن، کوڕینە ئەو جۆرە ژنانە نازانم خودا بۆ وا بەترسنۆکی خولقاندوونی، ئاخر چۆن ژنی ترسنۆک بەکەڵکی سەر زەوی دێت، چۆن دەتوانێت لەناو ئەو هەموو قەپگر و چرنوق وەشێنەدا بژی، من ژنێکی ژیری وەک ماریام خۆش دەویست، ئەو کە پێش ئەوەی زەماوەند لەگەڵ من بکات، هەموو شتێکی ترسناکیان دەربارەی من پێ گوتبوو، تەنانەت پێیان گوتبوو بەهۆی ئەوەی هەمیشە لەنێو شیوەکەدابووم، هەموو ژیانم گواوی بووە، بەڵام ئەو گوتبووی! شەیتانیش بێت شووی پێ دەکەم، سەرەنجام بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر، ئێمە سی ساڵە پێکەوەین، هەرگیز دەربارەی جنۆکەبوونم، هیچ پرسیارێکی نەکردووە، هەرگیز خۆفی لێ نەکردووم، بەتایبەتی ئەو شەوانەی کە ئەو ژوورەی تێیدا بووین تاریک بووە، ژنان لە تاریکی دەترسن، بەڵام ماریا... نا. ئەو هەرگیز لە تاریکی نەترساوە.

هەرگیز شەوێک لەخەو هەڵی نەستاندووم، لەگەڵی بچم تا ئەدەبخانەکە، ئەم ژنە بوێربییەکی زۆر سەیری تێدابوو، جارێکیان دایکی پێی گوتبوو، ئیتر نامەوێت بتبینم، نامەوێت بێیتە ماڵم، نەک لە مێردەکەت، لە خۆشت دەترسم، تۆ لەگەڵ پیاوەکەتدا بوویتە جنۆکە، ماریا ئەو قسانەی بەلاوە پووچ بوو، هەرگیز گوێی بەو جۆرە قسەگەلە نەدەدا، ئێمە دوای زەماوەندیشمان کەس ئێوارەخوانێکی بۆ ڕێک نەخستین، بەتایبەت خزم و هاوڕێکانی ماریا دەیانگوت: ئێمە دەترسین و ڕێگە نادەین جنۆکەیەک بێتە ماڵمان و لەسەر سفرە لەگەڵمان نان بخوات، ماریا ئەوەی پێخۆش بوو، گوتی: مرۆڤ تا کەم دۆست بێت کێشەی کەمترە، بەوە خۆشحاڵە ترسی دۆست و خزمەکانی لە من، کەس دەست وەرناداتە ژیانمان، جارێکیان بە پێکەنینەوە گوتی: هەموو بەجۆرێک دەترسن، تەنانەت ناوێرن باسیشمان بکەن، منیش بەوە برێکی زۆر دڵخۆش بووم، حاجی ڕەزایەت قسەکانی بڕی و کوڕەکان لەچاوەڕوانی قسەکردنەوەیدابوون، بەڵام ئەو بێ دەربەست دەستی کرد بەباخەڵیدا لە کاتژمێرە مەلیکییەکەی ڕوانی و گوتی هێشتا ماوەیەتی بۆ نوێژ، پاشان دەستی بەقسان کردەوە: بەڵێ کوڕینە ئەویش خودا لە نیوەشەوێکدا لەمنی سەندەوەو لە ژێر خاکی نا، حاجی ڕەزایەت بەدەم قسەکردنەوە کڵاو و جامانەکەی لەسەری لابرد و دەستی کرد بەخوراندنی سەری، گوتی: ئێمە کە تازە خانووەکەمان لەسەر شیوەکە دروست کردبوو. کایە و گەمەکانمان لە نێو هەناوی شیوەکەدابوو، تەنانەت کاتی نانخواردن لەنێو شیوەکەدا شتێکمان ساز دەکرد، ژەمان پێ بەڕێ دەکرد، ئێمە هەرگیز باوکمان و دایکمان سەرزەنشتی نەدەکردین، جارێکیان باوکمان وێنەیەکی ئێمەی لە ڕۆژنامەدا بینیبوو کە لەسەر وێنەکەمان بە مانشێتێکی گەورە نووسرابوو، مندالان لەناو شیودا ژیان بەسەردەبەن، ئێمە لەو وێنەیەدا وێڕای چڵکن و پیسیمان، بەڵام دەم بەپێکەنین و ڕووشاد بووین.

ڕۆژنامەنووسەکە ڕاستی دەکرد، بەڵام شیوەکە بۆ ئێمە خۆشترین جێگای کایەکردنمان بوو، ئێمە لە نێو شیوەکەدا چەند گۆمیلکەیەکمان هەبوو، کە سەرەمێکوتەمان تێدا بەخێو دەکرد، لامان وابوو دەبن بە ماسی، بەڵام کاتێک گەورە دەبوون، دەبوونە بۆق و هەندێک پێیان پێدەکەنین، دەمانگوت: بڵێیت کاریگەی ئاوی شیوەکە نەبێت ڕەگەزی گۆڕی بن؟ من کە تازە لە پۆلی شەش بووم، ڕۆژێک سەرە مێکوتەکانم بژاردن، شەش سەد دانەبوون، بەڵام برابچووکەکەم زۆری هەبوون، پێنج هەزار دانە، بەشی منداڵانی دیکەشی دەدا، ئێمە ڕۆژانە گەشتێکی درێژمان بەنێو شیوەکەدا دەکرد، کەرەستەمان کۆدەکردەوە، پاشان لەکۆتایی زێرابە سندووقییەکانەوە سەرمان دەهێنایە دەر.

ژنەکان کە ئێمەیان لێ بووبووە جنۆکە، کە ئێمەیان لەپەنجەرەکانەوە دەبینی، تێر پێمان پێدەکەنین، ئەگەر داوای پەرداخێک ئاومان بکردایە، ئەوە دوای خواردنەوەی، پەرداخەکەشیان فڕێ دەدایەوە ناو زێرابەکە، ئێمە لەزەتمان لە زستان و بەهاران وەردەگرت، هەمیشە حەزمان دەکرد لافاو دروست بێت، من ئەوەم لەبیرە بەیانییەکی دووەم مانگی زستان بارانێک باری، ئێمە لە پەنا پاسارەکەدا لەکەناری شیوەکە چاوەڕێی لافاوبووین، ئاوی شیوەکە هێدی هێدی زیادی دەکرد

چاومان بڕیبووە پردە ئاسنەکە، لەناکاو شەپۆلێکی گەورەی ئاو هات و پردە ئاسنەکە توانایی کێشانی نەبوو لەگەڵ خۆی ڕاپێچی کرد و بردی، ئێمە دایکمان ئاگاداری کردبووینەوە کە نەچینە سەر پردەکە، هەڕەشەی لێدانیان لێ کردبووین، لەناکاو برا بچکۆلەکەم هاواری کرد و گوتی: خۆزگە پاسکیلخانەکەی عەبەکەی لافاو دەیبرد، لێرە سەر و پاسکیلمان دەست دەکەوت، منداڵەکانی تر گوتیان خۆزگە دوکانی کایە فرۆشی ئامە جوولەکەشی دەبرد، بەڵام خۆزگەکە هەرزوو هاتە دی و لەناکاو پاسکیلێک بەدەرکەوت، بەڕادەیەک دڵخۆش بووین قریوەمان دەگەیشتە گوێی دایکمان، بەهەر زەحمەتێک بوو پاسکیلەکەمان لە ناو لافاوەکەدا دەرهێنا، بەڵام لافاوەکە ئەوەندەی کێشابوو بە بەردو داردا، لاشەکەی قەوس بووبۆوە و ویلەکانی خواربووبوون، بەڵام ئێمە تا زستانی ساڵی داهاتوویش لێمان خوڕی و هیچ ئاریشەیەکمان نەبوو، بەڵکو پۆزیشمان پێوە لێ دا، تەنانەت چەند جارێک چەند سووڕێکمان دا بە کرێ لەبری کرێ سەرەمێکوتەمان وەردەگرت، ئێمە هەمان ڕۆژ چاومان بە خانووەکەمان کەوت کە لافاو بردی، لەو ساتەوەختەدا هەموومان هەستێکی خۆشمان هەبوو کە بەچاوی خۆمان دەمانبینی ماڵەکەمان ئاو دەیبرد، لافاو زەوی ژێر ژوورەکەی برد و دار و پەردووەکانی بە دویدا هەرەسی هێنا، دۆشەکەڵەو بالیفەکەی من و باوکم ڕێک دەتگوت یەختەنە بەسەر لافاوەکەوە، ئێمە پێدەکەنین و دەمانگوت: ئیتر بۆقەکانیش لە ناو باخەکانی خوارەوەدا لە سەر جێگەی نەرم دەخەون، لافاوی ئەو ساڵە لە هی ساڵی پار زۆرتربوو، ئێمە بەیەک شتدا دەمانزانی ئەویش درەختی هەنجیرەکەبوو کە لافاو داپۆشیبوو لە نێو شیوەکەدا، ئێمە زۆرمان لەو هەنجیرە خواردووە، زۆرجار بە گواوی شیوەکە شتومانەتەوە و زۆریش خۆش بووە. ئێمە ئەو کات بەزیادبوونی لافاوەکە دڵخۆش دەبووین. ئەوەندەی تر کەیف خۆش دەبووین کە دەمانبینی کەرەستەی بەنرخ و بێ نرخی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، باوکم جارێکیان گوتی: ئێوە چاو لەم وردەواڵانە مەکەن کە لافاو دەهێنێت، هەرگیز نابینن ماڵی دەوڵەمەنێک ئاو بیبات، ئەوان گووەکەشیان بەئاسانی بەناو ژیانی ئێمەدا دەڕوات، ئێمە چاومان بە چەند بوتڵە شووشەیەک کەوت کە لە سەر ئاوەکەوە دەهاتنە خوار، ئێمە بوتڵەکانمان گرتنەوە، وێنەی پیاوێکی شەبقە بەسەریان پێوەبوو، پاشان هەڵمان بچڕی تامێکی تیژ و تاڵی دەدا، پاشان دەگۆڕا بۆ تامی کورسی نەعنا، بەڵام دواتر سەرمان هاتە جۆش و خۆمان دەدا بەدەم لافاوەکەوە، ئێمە ئەوەمان لەبیرە هەمیشە دایکمان دەرگای ناندێنەکەو سارد کەرەوەکەی دەبەست بۆ ئەوەی بێ پرس میوەو نان نەخۆین، بەڵام لەکاتی لافاوەکەدا بەڕادەیەک خۆشحاڵ بووین کە چەند سندووقە میوەیەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، ئێمەش لە لافاوەکە لامان دەداو بە کامی دڵی خۆمان میوەمان دەخوارد، ئای ئەم کۆڵانە خۆشەی جارانی ئێمە چی لێهاتووە! کوڕینە ئەو جێگایەی ئێوە پاسکیلی تێدا لێ دەخوڕن لە منداڵی ئێمەدا شیوێکی قووڵ بووە، پیاوە پیرەکە بەرەو ڕووی خانووەکە سەری وەرچەرخاند و گوتی: ئەوە ماڵی کامتانە؟ کوڕێژگەیەک گوتی: ئەوەی دەستت بۆ ڕاکێشا، ماڵی ئێمەیە، پاشان پیاوە پیرەکە گوتی: ئەوە سەرەتا ماڵی ئێمە بوو، باش وەبیرم دێتەوە باوکمان وەستایەک و سێ کرێکاری هێنا تا ژوورەکە دروست بکاتەوە، بەڵام وەستاکە گوتی. ببوورە خان مەحموود زەوی ژێر ژوورەکەت ئاو بردوویەتی، تازە ناتوانین خانوویەکی لەسەر دروست بکەینەوە، پاش بێدەنگییەکی زۆر، پیاوە پیرەکە هێزی خۆی دایە سەر گۆچانەکەی و لە جێگەی خۆی بڵند بوو، خواحافیزی کرد و بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشت.



# من نزانيبوو ل ڤێ دنيايێ ژی بهووشت هەيە

بەهلول زەلال
(ئامەد)

چەمێ ديجلەيێ د نيڤێ زەڤيێن گوند رە دهات، پێلێن ئاڤێ ل ديوارێن خانيان دخست و وەكە ريا مارەكی سۆر بەر ب ژێر ڤە دحەركی. ژ بلی چەند دارێن توان يێن كو د هەوشێن خانيان دە هاتبوونە چاندن، گوندەكی بێدار بوو. تو كەسەكی نزانيبوو كو ئەڤ گوند كەنگی و ژ هێلا كێ ڤە هاتيە ئاڤاكرن. ئەڤ دەشتا فرەهـ، ئەڤ ئاخا نۆلا هەڤيرێ ترشبوويی نەرم، چاوا چپی تازی بوو، مرۆڤ ماتمايی دهشت.

عەسر دەرباس بووبوو، رۆژ بەر ب ئێڤارەكە پايزی ڤە دقولوبی. كارڤانی، ماتەرەييێن ئاڤێ يێن ب پۆتێن شلكری پێچاندی د ملێن وان دە، سەر نخوومانديی، كارك و بەرخكێن خوە ژ بن سيا دارێن توان دەردخستن و بەر ب فرازەيێن گەنمی ڤە دبرن.

پشتی كو مێرێ دەلالێ ل ترمبێلا محەمە، ئاغايێ گوند سوار بوو و ترمبێلا كو وەكە بەرفێ سپی بوو، د ناڤ گولۆكێن تۆزێ دە وندابوولمح دەلالێ ژ قەهران دكر بخەنقيا. هێرسا وێ بووبوو گرێكەك و هاتبوو د نڤێ قركا وێ دە زەلقی بوو. لاشێ وێ سنجريبوو و درەلی، دخوەست بگری لێ دكر و نەدكر نكاريبوو بگری ژی. گرێكا هێرسێ يا كو د قركێ دە ب جی بووبوو رێ نەددا گری.

پێشی سفرەيا كو فراخێن شووشتی ل سەرێ رێز كريبوون ل عەردێ خست، دووره ب چەمبلێن كورێ خوە يێ سێسالی گرت و ل عەردێ خست. گرێكا هشك ئا كو مەژيێ دەلالێ ژ جه لەقاندبوو داكەتبوو بن سنگا چەپێ. هەناسەيا وێ دچكيا. دخوەست تشتنا بكە لێ ئەو تشتا كو دێ دلێ وێ رەهەت بكرا چ بوو، وێ ژی نزانيبوو. گاڤا جيرانێن وێ گهان دەلالێ، يەكێ ژ وان كورك هلگرت، د همبێزا خوە دا پاراست، ئا دن بشد هەر دو دەستێن دەلالێ گرتن، ب هۆستەيی ئەو روونادن، تە دگۆت قەی سەربازێ جەندرمەيان ئا سالانە.

دەلالێ بقاسی قەدەرەكێ تێر گری. هەتا رۆندك د چاڤێن وەستيايی دە زوا نەبوون، دەڤێ وێ ڤەنەبوو، پەيڤەك ژ

ناڤ لێڤان دەرنەکەت. گشتی نۆلا زارۆکەکی بەرشیر کو د بەر سنگا دایکا خوە دە ب خەو ڤە دچە، سەرێ خوە دانیا سەر کابۆکا جیرانا خوە و ب خەو ڤە بچوویا. تەنێ خەوێ ئەو ژ هەزن و دەردان ب دوور دخستن. لێ ئەڤ سەرێ چەند سالانە، ب راستی ژی پشتی کو مێرێ وێ عەڤدۆ ب محەمە رە بوو هەڤال، خەوا شەڤان ژی ژێ رە بووبوو حەسرەتەکە مەزن. دەما کو ژ تاقەتێ دکەت و هەما وسا خالی ب خەو ڤە بچوویا ژی ڤێ جارێ خەونێن دۆژەهی دهاتن دبوون مێهڤانێن وێ و خەوا شیرین ل دهەرماندن.

"دەلالێ، خوەها من، تو چما وسا ب خوە و زارۆکێن خوە دکی؟ مافێ تە ل تە هەبە، ل ڤان زارۆکێن بێگونەهـ نینە کو تو ڤێ بۆبەلاتێ تینی سەرێ وان. ما چ سوجێ وان هەیە، فەقیرێن خوەدێ؟ هەکە وسا تو ژ مێرێ خوە و رەوشا وی نەخوەشی، کو مێرێ تە هاتە مالێ، ل هەمبەر وی روونە و ب خوەشکاهی یەک ب یەک ژێ رە ببێژە. بێژە "ئەز ژ ئیرۆ و پێ ڤە قەبوول ناکم." دەلالێ چاڤێ خوە مچ کربوون، ل ئاخاڤتنا جیرانا خوە غەزالێ گوهداری دکر. جیرانا وێ گولێ ژی خوەست تشتنا ببێژە. کو نەگۆتانا دێ خوە سووجدار بدیتا. ب وێ زیزیێ تەڤگەریا و ب نێرینەکە واتەیی ل غەزالێ نهێری، نۆلا کو ببێژە، "ئێدی دۆرا منە جیرانێ، ئەز ژی چەند تشتان ژ دەلالا خزان رە ببێژم" و پێ رە ژی دەست ب ئاخاڤتنا خوە کر.

"هەی ئاگر ب مالێ نەکەتێ، ما ئەڤ بوو چەند جاران ئەز ژ تە رە دبێژم، گازی برایێن وی بکە، گازی ئاپ و خالێن وی بکە. ل بەر هەموویان یەک ب یەک هەر تشتی ببێژە. ئەمێ ژی ئالیکاریا تە بکن. بوو، بوو. نەبوو، نەهاتە سەر رێ، خوەدێ مەزنە. یا تو دێ ل مالکا خوە روونێی، تو جارەکێ ژی دەرێێ مالێ ژێ رە ڤەنەکی. ب کو دە دچی جەهنەم و کۆرێما وی، یان نا راهێژە بەخچکا خوە بچە مالا باڤێ خوە. ما د ڤێ دنیایا مەزن و تژە دە، تەنێ ژ تە رە، پاریەک نان نین ئە، هەی مالنەکەتێ! ئەڤ چ حالە کو تو هەر رۆژا خوەدێ، ڤێ عەجێبا ها تینی سەرێ خوە و زارۆکێن رەبەن..."و عەڤدۆ بەگ ژی بچە، ل باژاران کێفا خوە بکە. ب ژنێن قەهبک رە روونێ و رابە. بخوە و ڤەخوە. تو ژی ل ڤر ئێش و دەردان بکشینی، ها! ما ئەڤ کارێ ئاقلانە، ما ئەڤ کارێ مرۆڤانە، ها!...."

نۆلا کو گولێ و خەزالێ، بەری کو بێنە جەم دەلالێ ب هەڤ رە شێوربن، رێ نەددانە ئاخاڤتنا وێ. یەکێ ژ یا دن پەیڤێ وەردگرت و ددۆماند، لێ بەلێ، ئەو دلێ دەلالێ رەحەت دکرن ئان دلێ خوە رەحەت دکرن نە دیار بوو.

"ما کو شەرەف و نامووس ب وان رە هەبوویا، دێ رۆژا پێشی راستەراست بچوونا تازیا ل گوندێ جیرانێ مە. ما نە ب لنگان نیڤ ساعەتێ ناکشینە. ب سەر دە ژی، خۆرتێ کو ئەڤ سەرێ شەش هەفت سالانە ل سەرێ چیان بوو و ژیانا خوە د شەرێ ب دەولەتێ رە ژ دەست دا، کورێ خالێ عەڤدۆ یە، نە ل سەر خێرێ بە."

"خوەکێ، ما یێ روورەش، تەنێ عەڤدۆ یە؟ ما محەمە ئاغا یە، گو یە، چ یە؟ بیرا تازیێ نابە. ما قەت روێ وی نائێشە ؟ کەسی تو عەجبا ولۆ نەدیتیە. ل دەر و دۆرا ڤێ دەشتێ مێرەک نەما کو نەهاتە تازیە وی خۆرتێ دەلال. د ناڤ ئێن کو ژ باژێر هاتبوون، ب قاسی مێران ژن ژی هەبوون. لێ روورەشێن مە لێدخن و دچنە باژێر، ل دو قونا ژنێن قەحپ دگەرن."

"دلێ خوە خوەش کن، سەبر بکن، ئەڤ بێخێرەتی ولۆ نادۆما و ئەڤ تر ژی، ژ وان رە نامینە. کەسێ د ریا راست دە نەمەشە، تەقەز دێ جارەکێ لنگێ وی، ل کەڤرەکی بتەرپلە."

"بتەرپلە کو جارەکە دن نکاربە رابە سەر پیان."

هەر دو ژنان دلێ خوە رەحەت کربوون. بەهنا تەنگ ل وان فرەهـ بووبوو. لێ دلێ کو ب کول و دەردان مست تژە بوو، هێ دکەلیا. ئاگرێ لاشێ دەلالێ هینا وەکە خوە بوو. بێهنا وێ د بەر رە دەرنەدکەت. نۆلا سەوالا کو ژ بەر گورەکی فلیتبە، کوور کوور دنالی.

"ئەرێ، ئەرێ. گۆتن هەسان یە، خوشکێن من. ئەز ژی دزانم چ بکم لێ گۆتن و کرن نابە یەک. ما تەنێ فرۆتنا مال و ملکە دەردێ ل سەر دلێ من. ئەرێ پێنجی دۆنم ئەردێ مە کو مە ب چ پەریشانی کرِیبوو، فرۆت. چاڤێ زارۆکێن من مانە ل دەرێێ خەلکێ. تراکتۆرا کو مە ب دەینێ سالان کرِیبوو، فرۆت. دەست و پیێ مە برِین. هەتا ب سێ چێلەکێن مە کو مە پەشکک شیر ژ وان دخوار، فرۆت، دەڤێ زارۆکێن هوور زوا هشت. خوەکێ ما چ بێژم، تشتەکی ب سەرێ مسقالەکی کو پەرە بکە ل دۆر مە نەهشت، ڤی خوەدێ نەهشتی. لێ ما ئەڤ تەنێ یە؟ ئەڤ سەرێ سالەکێ یە وەکە مرۆڤان، زمانێ وی ل زمانێ من نەکەتیە. ب خوەشکایی ب ڤان زارۆکان نەئاخڤیە و وان هەمبێز نەکریە. کو چوو سێ رۆژ، چار رۆژ، جارنا دەهـ رۆژان، بیست رۆژان پیێ وی ل مالێ ناکەڤە. کو تێ ژی، بێهن و پخارا کو ژ لاشێ وی دفوورە، یا سترار! پشتی کو ب ڤی خوەدێ نەهشتی رە بوو هەڤال، دەڤ ژ هەر تشتی بەردا. هەر تشت ژ بیر کر. هوون ژی دزانن، ما بەرێ عەڤدۆ ولۆ بوو؟ داوەتەک بوویا، تازیەک بوویا، پالووتەیەک بوویا، عەڤدۆ بەری هەر کەسی باز ددا. ئەز رەبەنا خوەدێ چ بکم؟ خوەدایێ مەزن ژ نەقەنجان رە نەهلە رەببی..."

* * *

مالا وان هەزار جاری ئاڤا بە، جیران و گوندیان، زارۆکێن وێ تی و برچی نەهشتبوون. لێ ب پارێێن خەلکێ دەبار نەدبوو. دەلالێ بووبوو ڕێنجبەرا گوند. کارەک هەبوویا، گازی دەلالێ دکرن. کەچا خوە یا مەزن یا دەه سالی و کوڕێ خوە یێ هەشت سالی ددان دوو خوە؛ کارێ ناڤ مالێ، پاقژکرنا هەوشان، پالەی، ئەشێف، بێژنگکرنا نیسک و گەنمی... چ دکەت بەر دەستێ وان تەخسیر نەدکرن.. ئێدی تو فێدا عەڤدۆ ژ وان ڕە تونەبوو. فێدە ل ئالیەکی، ڕۆژا کو نەچار دما و دهاتە مالێ، خسار ددا وان. ژ بەر ڤێ یەکێ، هەر تم دەلالێ دگۆت؛ "خوەدێیۆ تە ئەڤ بەلقتی ژ مە بستاندا، ئەم ئێی ژێ خەلاس ببوونا."

ڕۆژەکێ، دیسا وەکە هەر جارێ، محەمە و عەڤدۆ دو ژنێن جوان و سپەهی ب دەست خستبوون. سێ شەڤ و سێ ڕۆژان، ل ئوتەلەکە ل بەر بەحرێ، ب ژنان شا بووبوون. د داویا شەڤا سێیەم دە دەرکەتبوونە ناڤ بەخچەیێ ل بەر بەحرێ. پێلێن ئاڤێ، ب گرانی ل قراخێ دخست. دەنگێ ئاڤێ، ڕۆنیا ڕەنگۆ ڕەنگۆ، سفرەیا ژ هەر جورە خوارن و ڤەخوارنێ، بشرینێن ژنکێن جوان و خوەشک، سەرێ عەڤدۆ خوەش کربوون. عەڤدۆ نۆلا ل سەر دەیدکەکێ ئەو روونشتی بوو، ل هەوایێ بوو، شیار بوو، د خەوێ دە بوو، چووبوو بهووشتا کو مەلایێ گوند، هەر تم مزگەفت و جڤاتان دە قال دکر، وی قەت نزانیبوو. تشتا کو باش دزانی، دلێ وی خوەش، ڕوێ وی گەش بوو. دلێ وی چ بخوەستا ل بەر دەستێ وی بوو.

عەڤدۆ و محەمەیێ ئاغا، ل باژاران دگەڕیان، کێف و شاهیا خوە دکرن. دەلالێ و زارۆکێن خوە، ڕۆژ ب ڕۆژ، ب نانەزکێ دخەبتین.

پیالەک عەراقا سار ب یەک جارێ د دەڤێ خوە دە ڤالا کر. شاهی و جۆشێ، ب سەر دل و مێژیێ وی وەرگرتبوو. پیال ب شد ل نڤێ ماسەیا تژە خست و ب هەر دو دەستان ب ملێ محەمە گرت و ئەو هەژاند: "کورۆ لاوۆ محەمە، تو چ مرۆڤەکی خاین ئی لاوۆۆ. ما چما هەتا نها تە ژ من ڕە نەدگۆت، ل ڤێ دنیایێ ژی بهووشت هەیە، ها، بێژە ها، تە چما نەدگۆت؟..."

عەڤدۆ پڕ دخوەست کو ئەڤ بهووشتا خوەش تم و تم بدۆمە، خولەکەک بە ژی، لاشێ وی، هشێ وی، ژ ناڤ ڤێ بهووشتا خوەش دەرنەکەتا. نەدخوەست گوند، کەسێن وی ییێن ل گوند جارەکێ ژی بێنە بیرا وی. ژخوە کو زارۆکێن وی، ژنا وی دهاتن بیرا وی، پیال ل سەر یا دن دادقورتاند. لێ ئێدی تشتەکی عەڤدۆ کو کاربە بفرۆشە نەمابوو. محەمە ئیجارا سێ هەزار دۆنم زەڤی یێ دو سالێن داهاتی ژی، ستاندبوو و خواربوو. دەستارا وان، پری ژی دەستارا محەمە ئاغا ئێدی نەدگەڕیا. لێ هەچی کەسێ دەولەمەند بە، دۆست و هەڤالێن وی ژی پر ن. محەمە ئاغا لێخستبوو، چووبوو باژارێن دوور. کێف و شاهیا خوە ل وان دەران ددۆماند. ژخوە دهاتە گۆتن کو ژنەکە محەمە ل وی باژارێ دوور ژی هەیە. عەڤدۆیێ ڕەبەن بێچارە، سەری ل بەر تەواندی، ڤەگەڕیابوو مالا خوە.

ڕۆژەکێ مەلایێ گوند ب عەڤدۆ ڕە ئاخڤی. گۆتێ کو هەکە ئەو تۆوبە ل بەر خوەدایێ خوە بکە، دێ جەنانتیا سالێ بدیێ. هەتا دێ هنەک هەقدەستێ وی پێشن بدیێ دا کو بکاربە چێلەکەکە بشیر ژ زارۆکێن خوە ڕە بکڕە. عەڤدۆ ل بەر دەستێ مەلایێ گوند کو ژ ئیرۆ پێ ڤە کاردێرێ وی ژی بوو، دەستێ خوە ل قوورانێ خست. قورانا پیرۆز بشد گرت، هەتا مەلایێ وی گۆت، "بەسە عەڤدۆ، بەسە." ماچ کر و دانی سەر سەرێ خوە. نۆلا کو عەڤدۆ د خەوەکە بەر سبەها ڕۆژەکە پایزی دە خەونەکە کن دیتبە و ب لەز و بەز ژ وێ خەونێ شیار ببە. و ژخوە ژ هەر کەسی ڕە دگۆت. "ئەز ژ سەر هشێ خوە چووبووم. من ئاقلێ خوە وندا کربوو. محەمە ئاغایێ گوندەکی یە.ب هەزاران دۆنم ئەردێ ئاڤی دخوە. ئەز و ئەو، ئەم نە پەیایێ ڕیەکێ نە. شکر ژ خوەدایێ هەق ڕە، شکر... ئا نها ئەز ژ وێ خەوا دەرەوین شیار بوومە. هشێ من هاتە سەرێ من. چاڤێ من بال بوون".

عەڤدۆ فەرزەکە لمێژێ ل خوە نەدبووراند. پڕ جاران ئەو بەری مەلایێ گوند ل مزگەفتێ ئامادە دبوو کو فەرزا لمێژا خوە بکە. هەتا مەلە دهاتە مزگەفتێ، عەڤدۆ دەر و دۆر پاقژ دکر. پێلاڤ ڕاست دکرن. بهووشتا کو محەمە ئاغا ژێ ڕە ڤەکربوو، ژ بیر کربوو. نها د هشێ عەڤدۆیێ جەنان دە، خەیالا بهووشتەکە دن هەبوو کو ب سایا مەلە و کاردێرێ وی هەر ڕۆژ نێزیکتری وێ بهووشتێ دبوو.

ئێدی دەلالێ دەڤ ژ کارێ خەلکێ بەردابوو. عەڤدۆ یەکا وێ نەدکر ددۆ. زەڤی، تراکتۆر، چێلەک... ژ دەست چووبن ژی، دەلالێ دلان ڤەگەڕیابوو مالێ. ستوونا مالێ کەتبوو جە. ب کێف و عەشق کارێ مالا خوە و زارۆکێن خوە دکر. د بەر کارێ خوە دە، تم دستری؛

"دلۆ لۆ دلۆ، دلۆ لۆ دلۆ،
قووربانا تە بم خوەدێیۆ،
هەتا ڕۆژا مرنێ،
ل با هەڤ بن، گول و بلبلۆ..."

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ کۆچیرۆکا (کەوێن برچی) هاتیە وەرگرتن، کو ب ڕێنڤیسا لاتینی هاتیە بەلاڤکرن و مە ڤەگواستیە سەر ڕێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە.**

**«ڕامان»**



# بەسەرهاتی چاویلکەکەم

**ڕەسوول پەرویزی**
**لە فارسییەوە: کەبیر شەمسەددینی**
**(بۆکان)**

تا ئەو سەردەمەی گەیشتمە پۆلی هەشتەمی قوتابخانە، هەر وەم دەزانی چاویلکە و بۆینباخ، دوو شتن ئەوروپیانە (فەرەنگی). کەسایەتییە پێشکەوتووەکان بۆ جوانی و خۆنواندن کەڵکی لێ وەردەگرن. خاڵۆ میرزا غوڵام ڕەزا، کە زۆر بەخۆی ڕادەگەیشت و پاتۆڵی دەلینگ تەنگی دەپۆشی و بۆینباخی لە فەرەنسەڕا هاوردە دەکرد. ئەوەندەی فیز بە سەر خەڵکدا لێ دەدا کە لەلایەن دانیشتووانی شار، ناسنامەی مووسیۆی پێ درابوو، ئەو پیاوە یەکەم کەسی چاویلکە لەچاو بوو کە دیتبووم، ئاکارەکانی دیکەی وەک بۆیاخ کردنی پێڵاو، هەڵسوکەوتی فەرەنگیانەی میرزا، ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی مندا گەشەدارتر دەکرد کە وا بیر بکەمەوە چاویلکە تەنیا بۆ جوانییەو بەس.

بە چاوخشاندنێک بە خۆم و شوێنی خوێندنم، سەیروسەمەرەکانی ژیانم جوانتر خۆ دەنوێنن و بابەتەکە ڕوونتر دەبێتەوە. بەژن و باڵام زۆر لەتەمەنم درێژتر بوو، ئەوەندەی درێژ بووم، ئەوەندەش سۆمای چاوم کز بوو، بەڵام ئەوە شتێک بوو کە هەرگیز هەستم پێ نەکردبوو، دایکم کاتێک دەگەڵ براکەم دەیبردین بۆ جلک کڕین، دایم و دەرهەم پرتەو بۆڵەی دەهات، پێی دەکوتم:"دەڵەی عووجی. هیچ کراس و پاتۆڵێکت بۆ بەر نابێ."

کاتێک دەچوومە قوتابخانە، تەختەمەشقم بەجوانی نەدەدیت، هەر ئەوەش هانی دەدام بێ بیرکردنەوە لە هیچ شتێک، لە سەر ڕیزی یەکەمی کورسییەکان دانیشم، ئەو منداڵانەی لە دواوەی من دادەنیشتن، نەیاندەتوانی بە جوانی نووسراوەکانی سەر تەختەمەشقەکە بدیتن، هەر بۆیە زۆربەی ڕۆژەکانی قوتابخانە، بەر لە هاتنە ژووری مامۆستا، دەگەڵ هاوتەمەنە کورتەباڵا و خرپنەکانم دەستەو یەخە دەبووین، بەڵام چونکە دەیانزانی دەرۆستم نایەن و لە ئاکامی دوای قوتابخانەش دەترسان، بە ناچار چاویان لە مافی خۆیان دەنووقاند.

کێشەی من هەر ئەوەندە نەبوو. ڕۆژێک مامۆستایەکی تووڕەو تۆسن و خۆ بەزلزانی قوتابخانەکەمان، لە نێو دەرکەی حەوشە تووشم هات، بە هەموو هێز و توانایی کە لە دەستیدا بوو، زللەیەکی گەیاندە بناگوێچکەم، شریخەی گەیشتە ئەوسەری قوتابخانە، دەستم بە ڕوومەتمەوە بوو، سوور بووبۆوە و وەک چرای سەر چوارڕێ هەر هەڵدەبوو و دەکوژاوە و هاژەهازم لە نێو گوێی دەهات، بە قسەی سووکی مامۆستا وەخۆ هاتمەوە، لە دواییدا پێی گوتم:"زلکوێر.. بوویە کوری ئوتول خانی ڕەشتێ؟.. لە کۆڵان تووشم دێی، لووتت دەولای دەکەی و سڵاوم لێ ناکەی؟" تازە بۆم دەرکەوت کە دوێنێ تووشی هاتووم، لەبەر کزی سۆمای چاوم نەمدیوە، ئەویش بە سووکایەتی بە خۆی، لەسەر نووسیوم و ئێستاش بەو زللەیە، ویستوویە فێری گەورەو چکۆلەییم بکا.

لەماڵێش گرفتم زۆر بوو. دایمە لەسەر سفرەی نان خواردن کە هەڵدەستام، لە شتێک هەڵدەکەوتم، یان دەوریم دەشکاند، یان ئاوم دەرشت، یان کارێکم بۆ پێش دەهات کە هەموو بەگژمدا دەهاتنەوە و سەرکۆنەیان دەکردم. بێ ئەوەی بزانن جوان نابینم. دایکم لێم تووڕە دەبوو و دەیکوت:"دەڵێی دەیلاغی بەردراوی.. بۆ چاو لە بەر پێت ناکەی؟ ئەوە سفرە نەبوو، چاڵاو بوو!! دەبێ خۆی تێهاویی؟" بەو بڕوایە گەیشتبووم کە هەموو کەس، هەر وەک من دنیا دەبینێ. دەبێ زیاتر ئاگام لە خۆم بێ، چاوەڕوانی ئەوەم لە دڵدا هەبوو کە لە هەر جووڵانەوەیەکمدا، زەرەرێک بگەیەنم.

زۆر نیشانەی دی هەبوون کە بە زمانی بێ زمانی ئاماژەیان بە دەردم دەکرد، بەڵام من تێ نەدەگەیشتم. کاتێک یاری تۆپی پێمان دەکرد، دەبوومە گەپجاڕی منداڵان! هەرچی دەمکرد نەمدەتوانی وەک ئەوان یاری بکەم، کاتێک لاقم دادێنا تۆپەکە، چنگێکم تۆزوخۆڵ وەحەوا دەخست، کە چی شەپم تۆپەکەی نەدەگرت و هەر ئەوەش دەبوو بە هۆی پێکەنینی ئەوان و تەریق بوونەوەی من، بۆ من ئەو دیمەنە زۆر پڕ ئازار بوو.

ناخۆشترین بیرەوەریی من ئەو شەوە بوو کە چووبوومە سەیری تەڕدەستی، پیاوێکی وەک لۆتی (گەپجاڕ) غوڵام حوسێن هاتبووە شیراز. جەماوەر پۆل پۆل، لە ژن و منداڵ و پیر و جحێڵ، ڕوویان کردبووە هۆڵی قوتابخانەی شاپوور، منیش کە لە دەست بەرپرسی قوتابخانەکەمان پسوولەیەکم وەرگرتبوو. (پێویستە بزانن تەنیا ئەو پسوولەیە دەدرا بە قوتابی پلە یەکەم و دووەمی قوتابخانە)، شاگەشکە بووبووم و بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە، خۆم ساز کرد و چووم، جێگەی من لە ڕیزی دوادواوە بوو. چاوم بۆ پرووش کرد و ڕوانیم، کابرای تەڕدەست هات و ئەسباب و کەرەستەی داناو دەستی بە کاری خۆی کرد. خەڵکانێکی لەوێ بوون، جاری وابوو واقیان وڕدەما و وەکی لە کارەبا درابن بێ جووڵە دەیانڕوانییە سەر سێن، جارجار دەترسان، یان قاقا پێدەکەنین و چەپڵەیان لێ دەدا، بەڵام من هەر تارماییەکم وەبەرچاو دەهات و بۆم لێک نەدەبۆوە چییە و کێیە و چ دەکا، بە ناچار لە دەوروبەرییەکانم دەپرسی، یان جوابیان نەدەدامەوە، یان دەیانکوت خۆت سەیر کە خۆ کوێر نی، ئەو شەوە بە تەواوی هەستم پێ کرد کە دەگەڵ هاوتەمەنەکانم جیاوازییەکم هەیە، بەڵام چییە؟ نازانم! هاوکات دەگەڵ ئەو هەستە، ئازارێکی نامۆ، تەواوی لەشمی داگرتبوو، سەرباری هەموو دەردانم، تەواوی ئەو نەقوستانیەی هەستم پێ دەکرد و دەوروبەرییەکانم دەیانخستە سەر گێژ و حۆلی خۆم، منیش دەگەڵیان بەو باوەڕە گەیشتبووم کە گێژو وێژم، بۆیە ئەو کەتنانەم بەسەر دێ.

هەر چەندە، ساڵانێکی زۆر بوو کە لە بەندەر وەدەر کەوتبووین و هاتبووینە شاری شیراز، بەڵام دابونەریتی دێهاتیمان لەماڵدا نەگۆڕابوو و هەر لە سەر ڕەوتی پێشوو مابووینەوە، چۆن لە پڕ، دە دوازدە کەس بە سواری ئەسپ و هێستر و گوێدرێژ، لە بەندەر، لێمان وەژوور دەکەوتن و دە پازدە شەو دەمانەوە. لە شیرازیش هەر بەو شێوازە ڕامان دەبوارد، بابم لە سەربان بەربووبۆوە و پشتی ئازاری دیبوو، کەلوپەلی ماڵێی لە گرەوی قەرزی خواردەمەنی دابوون. بەو حاڵەش، میواندارێمان نەدەبڕایەوە، هەر ئاوارەیەک لە باشوورەوە پەرەوازەی شیراز بووبوایە، سەرێکی لێ هەڵدێنایین و لەلامان دەمایەوە، بابم دڵی لە دەریا ڕاهاتبوو و بە قەد پانتایی دەریایەک گەورەبوو، بۆ ڕێز لێنان لە میوانەکانمان کاری زۆر گەورەی دەکرد کە لە قەڵافەتی میر و مەزنان دەوەشاوە. بۆ بەڕێ کردنی میوان پێش هاتبوو کە سەعاتی دەستی بفرۆشێ و بە سەربەرزی بەڕێی کا.

یەکێک لەو میوانانەی کە بە تایبەتی دەهاتە ماڵی ئێمە و سەری دەدایین، پیرێژنێکی خەڵکی کازروون بوو،

له پرسه و سەرەخۆشییان کاری شینگێڕی دەکرد، زیکر و دوعا و شیعری ئایینیشی دەخوێندەوە، تا بڵێیی زۆربڵێ و لاپرەسەن بوو! زۆر خۆی دەکاری ئەم و ئەو هەڵدەقوتاند، بەو حاڵەشەوە خوێن شیرین و قسە نەقاڵ بوو، ڕووبینی لە کەس نەبوو، عەیبی هەموو کەسی وەڕوو دێنا. دایکم زۆری خۆش دەویست. ئەوەش دوو هۆکاری هەبوو، یەکەم، دەگەڵ دایکم هاووڵاتی بوون و زۆر لایەنگری یەکتریان دەکرد. دووەم، زۆر بەگژ بابم دادەهاتەوە و تەوس و توانجی لێ دەدا کە بۆچی ژنی بەسەر دایکم هێناوە؟ لەلای دایکم ئەو تایبەتمەندییانە خۆشەویستی دەکرد و لەلای ئێمەی منداڵیش حەکایەت و قسەخۆشەکانی.

ئەو پیرێژنە کتێبی شینگێڕی و کتێبی دیکەی وەک، زادولمیعاد و دوعا و جوودی و شتی لەو بابەتانەی زۆر پێ بوو، دەگەڵ چاویلکەیەکی شووشەچکۆلەی بادامی کە لە قوتوویەکی تەنەکەدا بوون، هەموویانی دەپرێسکەیەک دەپێچان و دایدەنان، چاویلکەکەی ئەوەندە کۆن بوو، هەرتک لاسکی شکابوون. یەکیانی بە تێلێک چاک کردبۆوە و ئەوی دیکەیانی بە شریتێک بەستبوو، کاتێک دەچاوی دەکرد لای ڕاستەی تێل بوو و گرفتی زۆر نەبوو، بەڵام لای چەپی کە هەودا دەزوو بوو، دوو دەوری دە گوێچکەی دەئاڵاند، ئەوسا دەیتوانی سەیری وڵات بکا.

ڕۆژێک پیرێژن لەماڵ نەبوو، منیش لەبەر بێ فەڕی چوومە سەر بوخچەکەی و هەموو کتێبەکانیم لێ لێک دا و بۆ گاڵتە، چاویلکەکانیم دەرهێناو ویستم دەچاوی کەم و خوشکەکەمی پێ بترسێنم و دەمەلاسکەی پێ بکەمەوە. ئاااااخخ.. کە ئەو ساتەم قەت لەبیر ناچێ!!! بۆ من لە هەموو ساتێک خۆشتر و گەورەتر بوو. هەر دەچاوم کرد، دنیا گۆڕا... لەبیرمە، دوانیوەڕۆیەکی پاییز بوو، خۆر ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو، گەڵای دارەکان وەک سەربازی پێکراو، دادەوەرین، ڕوخساری دارەکان کە تا چەند ساتێک لەمەوبەر، وەک هۆڕپە خورییەک کە لە تەشی ئاڵابێ، دەهاتنە بەر چاوم، ئێستا گەڵا بە گەڵای خۆیان دەنواند، ئەو دیوارەی دەتگوت سواغ دراوە، خشت بەخشتی، تەنانەت کەلێنی خشتەکانیشی، بەئاسایی خۆیان نیشان دەدام و دەمدیتن.. نازاندرێ چ هەستێکم هەبوو.. هەر وەک دنیایان بە من دابێ..

ئەو هەستە خۆشە تەنیا چەند خولەکی خایەند، هەرگیز ئەو چەند خولەکەو ئەو چێژە دووپات نەبوونەوە، تەنانەت هیچ شتێک جێگەی ئەو چرکەساتانەی بۆ من پڕ نەکردەوە، ئەوەندە پێی خۆشحاڵ بووم کە نەمدەزانی چ بکەم، لەجێی خۆم هەر هەڵم دەخستەوە. زمانم شکابوو. بە جۆرێک کە توانایی ئەوەم نەبوو ئەو خۆشییەم بە زمان دەربڕم.

چاویلکەکانم دانا. هەمیسان شەپۆلی تارمایی بوونەوە میوانی چاوەکانم، ئەوجار دڵنیا بووم کە چاوم کەم حوکمە، ئەو زانیارییە، هەستێکی خۆشی دەدا بەمن، لەلای دایکم هیچم نەگوت. چاویلکەکانم دە جێی خۆی خستەوە. ئاخر دەترسام دایکم پێ بزانێ، چاویلکەکەم لێ بستێنێتەوە. لێم تووڕە بێ و دوو سێ قولە داریشم بگەیەنێتە سەر و گوێلاکی، لەلایەکی دی، ئەرخەیان بووم کە پیرێژن تا چەند ڕۆژی دی، نایەتەوە ماڵمان، هەر ئەوەش بریسکەیەک بوو لە مێشکمدا کە دەتوانم تا خاوەنەکەی دێتەوە، کەڵک لەو چاویلکانە وەرگرم. بێ دەنگێک دە گیرفانم ناو، چوومە قوتابخانە.

دوانیوەڕۆ بوو، ژووری وانە خوێندنمان لە جێگەیەکی زۆر خۆش بوو، لە نێو بینایەکی ئاوێنەکاری شاهانەدا، ئەو بینایە، شێوازی سازکرانی بە جۆرێک بوو کە خۆری ئێواران، لە ئاوێنە کارییەکانی دەدا و ڕوخساری بێگەردی منداڵەکان، لە تیشکی نێو شووشە ڕەنگاوڕەنگەکاندا، وەک نقێمێک لە نێو گوستیلەدا دەدرەوشایەوە و دەدیترا.

ئەو ڕۆژە، وانەی سەرف و نەحوی عەرەبیمان دەخوێند، مامۆستایەکی عەرەبی زۆر بە ساڵاچوومان هەبوو. زۆر گفت شیرین و لفت ڕەوان بوو، ئەگەر بڵێم زۆربەی هەرە زۆری خوێندەوارانی شاری شیراز، لە بەر دەستی ئەودا پەروەردە بووبوون، درۆم نەکردووە، زۆر نێو بەدەرەوە بوو. من کە تا ئەو کاتە لە سەر دانیشتن لە ڕیزی یەکەمی کورسییەکان، سەر و گوێلاکی منداڵانم دەشکاند، بێ قیرەو هەرا چوومە ڕیزی دەیەم و پاڵم وە دیواری ژوورەکەدا و دانیشتم، ئاخر دەمویست چاوم بەو چاویلکانە تاقی بکەمەوە.

قوتابخانەکەمان بە ڕواڵەت زۆر خۆش بوو، بەڵام لە گەڕەکی هەژار و نەدارەکان بوو، بۆیەش لە پۆلی ناوەندی بەدوا، قوتابییەکانی وەک دەغڵی ئافەت لێدراو، نێوە نێوە دادەوەرین و لە کەمایەسییان دەدا، زۆر ئاسایی بوو کە قوتابییەک، نان پەیدا کردنی پێ گرینگتر بێ لە خوێندنی مێژوو و وانەی ئەدەبی. ژوورەکەی ئێمە کە دە

ڕیزە کورسی لێ چندرابوو، زۆر بە زەحمەت تا ڕیزی شەشی پڕ دەبوو. چوار ڕیزەکەی دوایەی، دایمە چۆڵ بوو، دانیشتنی من لە ڕیزی دوایە، مامۆستا و منداڵەکانی لە من دڕدۆنگ کرد. ئەو بە تێڕوانینێکی پڕ واتاو ئەمانیش بە ئاوڕدانەوەیەکی ئاوێتە دەگەڵ مۆنە کردن، سەرنجی هەر دوو لایەن پڕ بوو لە پرسیار، بەڵام بە بێدەنگی من، زۆری نەگرت کە دۆخەکە هێور بۆوە.

مامۆستا، ڕستەیەکی عەرەبی لە سەر تەختەمەشقەکە نووسی و پەنجەرەیەکی لە لای کێشاوەو دەستی کرد بەسەرف (گەردان) کردنی کردارێک و نووسینی لە خانەکانی پەنجەرەکەدا. هەلێکی باش بۆ من ڕەخسابوو، بۆ دەچاوکردنی چاویلکەکە. دەرم هێنا و بە شێوازی پیرێژن دەچاوم کرد و هەوداکەم دوو دەور دە گوێچکەم ئالاند، دیمەنێکی زۆر سەیروسەمەرەی دەهێنا بەرچاو. ئاخر ئەو چاویلکە کۆنە و شکاوەو شووشەی چەشنی بادام و چکۆلە و لاسکی شکاو کە لایەک تێل بێ و لایەکی دیکەی هەودا دەزوو، هەر عوزری لە قەباحەت خراتر، دەگەڵ بەژن و باڵای وەک دەیلاغی من و دەموچاوی پان و کەپووی قەپۆز بەرانی و ملی درێژ، ئەوەندە پێکەنیناوی بوو کە باب مردووی وە پێکەنین دەخست، چ بگا بە قوتابی بزۆز و پیتۆڵی قوتابخانە کە دایم و دەرهەم لە بیانوو دەگەڕان بۆ گاڵتە و پێکەنین و هەراوهۆریا کردن. چەند خولەکێک لە دەچاوکردنی چاویلکەکە تێ پەڕیبوو. زۆر بە جوانی نووسراوەکانم دەدیت، مامۆستا سەرقاڵی نووسین بوو. مۆڵەتم پێ نەدەدا، دم لەسەر پشت نووسراوەکانیم دەخوێندەوە.

هێشتا نووسینی مامۆستا بە نیوە نەگەیشتبوو. ئاوڕی داوە کە بزانێ قوتابییەکان تا چ ڕادەیەک لە بابەتەکە تێ گەیشتوون، کەچی چاوی بەو دیمەنە سەیروسەمەرەیەی من کەوت. گێچی نووسینەکەی داناو بۆ ماوەی خولەکێک بێ چاوترووکاندن، دەمن ڕاما، ئەو نوقم لە دیمەنی من و من، بە تەواوی هەستم، نوقم لە نووسراوەکان بووم، ئەوەندەم چێژ لەو وانەیە وەرگرتبوو کە لە ڕوانین و ڕامانی مامۆستا بێ ئاگا مابووم. ئەو دڵ ئاسوودەییەی من، مامۆستای زۆرتر توورە کردبوو، کاتێک وەخۆ هاتمەوە کە مامۆستا وەک پڵینگێکی بیەوێ خۆی بۆ نێچیر بهاوێژێ، پەلاماری منی داو بەر لەوەی بگاتە لام، توورەیی خۆی بە چەند جنێو و قسەی سووک بە زاراوەی شیرازی، پێم سەلماند. تا ئەو ساتە هیچ کام لە منداڵەکان ئاوڕی دواوەیان نەدابۆوە. هاوکات دەگەڵ هەنگاوەکانی ئەو، منداڵەکانیش ئاوڕیان داوە. پێکەنینی تێکڕایی، وەک بوومەلەرزە ژوورەکەی هەژاند، مامۆستا گەیشتە لام، زللەیەکی لە بناگوێم ڕاکێشا. چاویلکەکەم کەوتە بەر پێم. زمانم شکا. نەمدەزانی چ بکەم. بە دەنگی مامۆستای ڕاچەنیم کە دەیگوت: "یاڵلا.. وەدەر کەوە بزانم.. ئەتۆ بۆ خوێندن نەخوڵقاوی، هەر بۆوەی دەبێ ڕۆژ تا ئێوارێ سەر شەقام بماڵی." داهاتمەوە هەڵی گرمەوە، بە هەموو کەیفی خۆی دوو شەقی تێ هەڵدام، نەیهێشت چاویلکەکەم دە گیرفانم خەمەوە. پێی کوتم کە بەو دیمەنە جوانەوە دەمباتە لای بەرپرسی قوتابخانە. هەمیسان دە چاوم کردەوە و چوومە دەرێ.

بەرپرس و ڕێکخەر و مامۆستا، دوای کۆبوونەوە و قسەو ڕاوێژی زۆر بە کۆدەنگی بڕیاریان دا، دەرم بکەن. لە کاتی ڕاگەیاندنی بڕیارەکە، بە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر، سەر لەبەری بە سەرهاتەکەم بۆ باس کردن، بڕوایان بە قسەکانم نەدەکرد، بەڵام هێندە بە متمانەو بە ڕاشکاوی قسەکانم بۆ دووپات کردنەوە کە لە وەدەرنانی من پاشگەز بوونەوە و مامۆستاکەم وەک لە هەموو کارێکدا خۆی بە پسپۆڕ دەزانی، لێرەش وەپێش ئەوان کەوت و بە زاراوە شیرازییەکەی کە تێکەڵێک بوو لە توورەیی و دڵسۆزی، پێی کوتم:"ڕۆڵە.. بە ملی شکاوت بۆ زووتر نەتدەکوت چاوت نابینێ؟ سبەینێ دوای قوتابخانە وەرە دەرکی دوکانی میرزا سولەیمانی چاویلکەفرۆش لە شاچراغ. "

دوای عومرێک چارەڕەشی و چەرمەسەری، دەگەڵ شەرمەزاری ڕۆژی پێشووی قوتابخانە، چوومە بەر دەرکی دوکانی میرزا سولەیمان، بە تاقیکردنەوەی چەند چاویلکە بەدەستی مبارەکی مامۆستا، ئاخری توانیم بە دانەیەکیان، میلی چرکەژمێری سەعاتەکەی شاچراغ بە ڕوونی ببینم، لەو ساتەوە بوو کە توانیم بە پازدەقڕان و ئەو بەسەرهاتە تاڵ و سوێرەو یارمەتی مامۆستا، ڕەنگ و جوانییەکانی دنیا، لەسەر دیمەنی ڕاستەقینەی خۆیان بدینم.

**سەرچاوە:**
**شلوارهای وصلەدار، رسول پرویزی، چاپ دوم، اذر۱۳۵۷، انتشارات جاویدان.**



## عەبدوڵڵای کەیخوسرەوی:
## هەرگیز ئامادە نیم شیعری مامناوەند بخوێنمەوە.. دەیەی چل و پەنجایش لە ئێران دوو دەیەی زێڕین بوون کە دووپات نابنەوە.

**ئا: فەیزوڵڵا فاتیح**

بە مەبەستی خزمەتێکی بچووک بە خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری (ڕامان) و بۆ ئاشناکردنیان لەگەڵ ئەم نووسەرە کوردە فارسی نووسە کە بەهۆی بەردەست نەبوونی ئیمکانیاتی ڕۆژ، ناڕاستەوخۆ پرسیارەکانم لەو بەڕێزە کردووە، ئەویش بەهۆی نەخۆشییەوە زۆر بە کورتی وەڵامی داومەتەوە.

عەبدوڵڵا کەیخوسرەوی لە بنەماڵەی (فەیزوڵڵا بەگی)یە کە وەک خۆی ئاماژەی پێ کردووە و لە سەرچاوەکانی وەک عەلائەددین سەجادی و چەند سەرچاوەیەکی دیکەدا نووسراوە، ئەم بنەماڵەیە لە دوای ڕووخانی ئیمارەتی سەد و پەنجا ساڵەی بابان بە فەرمانی ناسرەددین شای قاجار و بەدەستی غوڵامشا خانی ئەردەڵان لە کوردستانی باشووری ئێستاوە کۆچیان کردووە بۆ ناوچەی موکریان و لە گوندەکانی دەوروبەری شارەکانی سەقز و بۆکان گیرساونەتەوە. عەبدوڵڵا کەیخوسرەوی ساڵەکانی سەرەتای خوێندنی لە شاری سەقز تەواو کردووە و بۆ خوێندنی بەشی تەکنیکی تەلەفۆنات چووەتە شاری تارانی پایتەختی ئێران و لەوێ بووەتە تەکنیسینی تەلەفۆن و تەلەگراف و لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەر لەو گەورە شارەدا ماوەتەوە تا کاتی خانەنشین بوونی.

بەهۆی هۆگری و حەزی خۆی بۆ خوێندن و خوێندنەوە و نووسین لەگەڵ خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی فارسی زبان تێکەڵاو بووە، بۆ نموونە کەسانی وەک محەمەدی فەرهەنگیان-م-ف- ئاستیم کە کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و نووسەرێکی بەناوبانگی گۆڤارە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی بووە، هەروەها نووسەر و شاعیر و چالاکانی بواری فەرهەنگ و ئەدەب لە دکتۆر غولام حسێنی ساعدی تا سینەماکاری بەناوبانگ مەسعوود

کیمیایی، بۆ کەڵک وەرگرتنی زیاتر لە بوارەکانی ناسینی شێوازەکانی نووسین، شیعر و پەخشانی فارسی شاگردی وانەکانی دکتۆر ڕەزا بەراهەنی بووە و ساڵانێکی دوورودرێژ لەو وانانە بەهرەمەند بووە، بەو بۆنەیەوە لەگەڵ زۆربەی نووسەران و شاعیرانی پایتەختنشین، ئەو ساڵانە لە نزیکەوە ئاشنایان بووە و لە وتوویێژ و ڕاوێژدا بووە، پێوەندی فیکری لەگەڵ زۆربەیان هەبووە، زۆر کەسانی کورد کە بە زمانی فارسی نووسین و وەرگێڕانیان هەیە، لەنێو ئەدیبانی ئێراندا هەن، لەوانە محەمەدی قازی وەرگێڕی بەناوبانگی ئێران کە لە زمانی فەرەنسییەوە کتێبگەلی وەک شازادە چکۆلە و زۆربای یۆنانی وەرگێڕاوە، هەروەها دکتۆر ئیبراهیمی یوونسی کە بێجگە لە وەرگێڕان لە بواری نووسینیشدا چالاک بووە، هەرچەندە ئەم دووانە لە نەوەی پێش عەبدوڵڵا کەیخوسرەوی بوون، بەڵام کەسانی خاوەن قەڵەمی زۆر لەم بوارەدا هەن کە بەڕەچەڵەک کوردن و بە فارسی دەنووسن وەک مەنسووری یاقووتی و عەلی ئەشرەف درویشیان و عەلی محەمەد ئەفغانی، ئێستاش لەناو گەنجان کەسانی دیکە هەن کە ئێرە جێگەی نییە باسیان بکەین، عەبدوڵڵا کەیخوسرەویش یەکێکە لەو نووسەر و وەرگێڕانە کە بەداخەوە بەهۆی بوونی دیاردەی سانسۆر لە ئێران، بواری چالاکی زۆری بۆ نەڕەخساوە.

زۆربەی ئەو کەسانە کە لە نزیکەوە دەیناسن، بەهیوا بوون بە گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و شارەکانی سەقز و بۆکان بە جۆشوخرۆشێکی نوێوە بکەوێتەوە بواری ئەدەب و فەرهەنگ، بەڵام مەخابن بەهۆی نەخۆشییە یەک لەدوای یەکەکانی، بوارێک بۆ چالاکی و پێوەندی لەگەڵ خاوەن قەڵەم و بەهرەکانی بۆ نەڕەخسا و ئەم بەهرە مەزن و کارامەیە لەوکاتانەدا لە کیس چوو.

ڕەنگە یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی دەرنەکەوتنی، فەزای نابەجێی سیاسی ئەو وڵاتە بێت بەگشتی کە وەک هەموو هاوپیشەکانی تووشی هاتوون، هەرچەندە خۆشی زۆر حەزی بە خۆدەرخستن نییە و بڕێک دوورەپەرێزە، دیارە منیش وەک یەکێک لە دۆستەکانی ویستم هەم خزمەتێک بە بەڕێزیان و هەم خزمەتێک بە خوێنەرانی گۆڤاری (ڕامان)ی سەنگین و ڕەنگین بکەم بۆ زیاتر ئاشنابوون لەگەڵ کەسایەتییە فەرهەنگییەکەی، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی خاوەن قەڵەمەکانی بواری وەرگێڕان قۆڵی لێ هەڵماڵن و ئەو نووسراوە گرنگ و بەپێزانەی کە لە ئێراندا تووشی دێوەزمەی سانسۆر هاتوون، بکرێنە کوردی و جارێکی دیکە لە کیس نەچنەوە، هەرچەند وەک من ئاگادارم ڕۆمانی (ماجراهای فامیلی-بەسەرهاتەکانی خێزان) و (ضمیر مخدوش من- ویژدانی رووشاوی من) خەریکە دەکرێنە ئینگلیزی، بەهیوای گەیشتن بەو ئامانجەین.

عەبدوڵڵا کەیخوسرەوی بیست و دوو ساڵێ پێش ئێستا کە تازە گەڕابووەوە ڕۆژهەڵاتی وڵات، کتێبێکی بەناوی (موسیبەتی کوردبوون) بە تیراژی بیست هەزار دانە چاپ و بڵاوکردەوە کە زۆر بە زوویی لە بازاڕدا نەما، منیش وەک زۆری دیکە لە خوێندنەوەی ناکام مام، لە دوای ئەوە چەند ڕۆمانی بە زمانی فارسی نووسیوە کە لەلایەن دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەوە زۆر بە خۆشحاڵی لێی وەرگیراوە، بەڵام بەداخەوە وەک زۆربەی نووسەرانی دیکەی ئێران لە داڵانەکانی ئیدارەی ئیرشاد (وەزارتی ڕۆشنبیری) بەشی چاپەمەنیدا قەتیس ماون و داوای سانسۆرکردنی لێ دەکرێت، دیارە ئەو نووسەرە بەو سانسۆرە ڕازی نییە، لە بواری وەرگێڕانیشدا تا ئەوەندەی من ئاگادارم بڕێک لە شیعرەکانی شاعیران: ڕەفیق سابیر و دلاوەر قەرەداغی و ئەنوەر مەسیفی کردووەتە فارسی، هەروەها چوار ڕۆمانی شێرزاد حەسەن کە ماوەیەک لەمەوپێش لەلایەن ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی سلێمانییەوە چاپ کراون، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی چاودێرەوە زۆرێک هەڵە و پەڵەی تێدایە.

بەهیوای لەشساغی بۆ نووسەر و وەرگێڕ عەبدوڵڵا کەیخوسرەوی، بە ئاواتی ئەوەی کە خوێنەری بەڕێزی گۆڤاری ڕازاوە و خەملاوی (ڕامان)ی هەمیشە پڕ ناوەرۆک، لەم ئاشنایەتییەدا دڵشاد و خۆشنوود بێت.

ئەوەی ماوە بیڵێم، ئەو کەسایەتییانەی کە لەم دیدارەدا باسیان کراوە یەک بە یەکیان جێگەی ئەوەن کە بە قووڵی بناسرێن و بدرێنەبەر ڕەخنە، چونکە بەڕاستی منیش بۆ زۆرێکیان لەگەڵ عەبدوڵڵا کەیخوسرەوی هاوڕام و هیوادارم لە جێگەیەکی دیکەدا بە درێژی باسیان بکەین و ئەو کەسانە بکەونە بەر لێکۆڵینەوە و نووسراوەکانیان ڕەخنە بکرێن و بخرێنە ژێر زەڕەبین و

وردبینانە لەناوەرۆک و ڕۆڵ و نەخشیان بکۆڵرێتەوە، چونکە بەڕاستی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە دەبنە هۆی پێشکەوتن و گۆڕانکاری و لازمەی ئەدەب و فەرهەنگ، تا ڕوخسار و سیمای واقیعی و چارەسەری کەموکوورییەکان دەربکەون بۆ جوانترکردن و دەوڵەمەندیی نووسین و نووسەر و ئەدەب و مرۆڤ بەگشتی.

* بیست ساڵ پێش کتێبی (مصیبت کرد بودن- نەخۆشی و دەردی کوردبوون) چاپ کراوە، هەرچەندە بەندە نەمدیوە و زۆریش هەوڵم داوە بە دەستم نەکەوتووە، باسی چۆنیەتی نووسین و ناوەرۆک و ڕەنگدانەوەی ئەم کتێبە لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ خوێنەران بکەن، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی وەک بەندە کە تامەزرۆی خوێندنەوەی ئەو کتێبە بووین بەناوەرۆکەکەی ئاشنا بین؟

- ڕاستیتان دەوێ کتێبی (موسیبەتی کورد بوون) ناوەرۆکێکی دیاریکراوی نییە و حاڵەتی «کۆلاژی» هەیە، بە وتەی یەکێک لە ڕەخنەگرانی بەرچاوتەنگی ئەو سەردەمە کە وای دەزانی ئەم کتێبە دەوڵەمەندم دەکات و زۆر داخی لێ دەهات، چونکە بیستبووی بیست هەزار دانەی چاپ و بڵاوبووەتەوە، نووسیبووی ئەم کتێبە وەک وردەواڵە وایە و نووسەرەکەیشی وردەواڵە فرۆشە. خوا وەکیلی زۆر بە هەڵە نەچوبوو، بەڵام نیەتی ئەم نانەجیبانە بوو، چونکە من هەوڵم دابوو وەک (ڤۆڵتەر بنیامین) دەڵێ کتێبەکەم لە مایەی (فلا نۆرا) بنووسم (یانی وەک ڕۆچوون بەنێو دەقدا) نەک وەک دەقی عالیمانە و موتڵەقگەرا، زیاتر لەوەوە ویستم موخاتەبم دووچاری کەڵکەڵەی وەرگرتن و دەرکی دەقی فرەڕەهەند بکەم، بۆ نموونە بە قسەی فارسەکان (مشارکت خواننده در تولید متن- بەشداریی خوێنەر لەبەرهەمهێنانی دەقدا) نە وردەواڵە فرۆشی و پووڵ دەرهێنان و قەڵەم فرۆشی. ئەگەر بمویستبایە قەڵەم فرۆشی بکەم، کڕیاری پووڵدارتر و ساماندارترم دەبوو، وەک ڕۆژنامە حکوومییەکان و دەزگای کولتووری تاق و جووت، نەک خوێنەواری ڕەشوڕووتی کورد، ئەمە لە بەریەککەوتنی ئەهلی ڕەخنە و نەزەر، ئەوەیش لە تەئسیراتی کۆمەڵگا کە یادەوەرییەکی مێژوویی زۆر لاوازیان هەیە و زوو شت لەبیر خۆیان دەبەنەوە.

* لە بارەی ئەو بابەتانە قسەمان بۆ بکە کە لە گۆڤارەکانی ئێراندا بڵاوت کردوونەتەوە، یان کتێب و وتار و هەر شتێک کە بڵاوت کردوونەتەوە؟

- ئەگەر بە خۆهەڵکێشان نەبێ، من نزیک بە ٥٠ تا ٦٠ وتارم لە گۆڤارەکانی (ئێران)دا بڵاو کردووەتەوە و لە گۆڤاری (آدینە)وە بگرە تا (عصر پنج شنبە) و (کارنامە) و (بایا) و...تاد بابەتەکانیشیان جیاواز بووە، لە وتاری سیاسییەوە بگرە بۆ ڕەخنە و بۆچوونی ئەدەبی و ڕەخنە لەسەر کتێب و زۆر بابەتی تر، بۆ نموونە ڕەخنەی پێوانەیی، یان تەتبیقی دوو ڕۆمان، یەکیان (جسدهای شیشەای- لاشەی شووشەیی) مسعود کیمیایی و ئەوی تر (سلوک)ی محمود دولت ابادی)، وتارەکیش لە گۆڤاری کارنامە بە فارسی «عبور اسان از جسدهای شیشە ای و سیری دشوار در سلوک» ئاسان گوزەرکردن بەنێو لاشەی شووشەیی و ڕامانێکی دژوار بە کرداردا، هەروەها وتاری ئاگۆرا لە گۆڤاری (خوانش)، ببوورە ناتوانم تەواوی ئەو شتانە باس بکەم، چونکە زۆرن.

**گۆڤاری (ڕامان)م زۆر لەمەوپێش دیوە، زۆریش ڕێزی لێ دەنێم، بەڵام بەداخەوە دەمێکە لێی دابڕاوم.**

* پێوەندی ئێوە لەگەڵ نووسەرە فارسەکان، هەروەها (کانونی نووسەرانی ئێران) چۆنە و لەگەڵ چ کەسانێک گەرموگوڕی لە نێوانتاندا هەیە بەو پێیە کە ئێوە ساڵانێکی زۆر لە تاران ژیاون؟

- من لەگەڵ هیچ نووسەرێکی ئەندام بە ئۆرگانەکانی بەستراو بە دەوڵەتەوە، یان هەر کانوونێکی تر پێوەندیم نەبووە، ئەگەر لەگەڵ نووسەرێکدا پێوەندیم بووبێ، لەگەڵ نووسەری سەربەخۆدا بووە، ئەویش کات بە کات لە ژمارەی نووسەری سەربەخۆ کەم دەبێتەوە، دەتوانم بڵێم ئەگەر با لەم کونەوە بێت دەبێ بڵێین نووسەری سەربەخۆ بوونەوەرێکە کە نەسلی لە حاڵی فەوتاندایە و بە وتەی (ڤاسلاف هاڤڵ) ئێستا زەمانە دووچاری بیافرای ڕوح بووە، یان بە قسەی ئەهلی عیرفان (گویی ولی شناسان از این ولایت رفتەاند)، (دەڵێی وەلی ناسان لەم ناوچەیەدا نەماون).

* ئەو نووسەر و شاعیرە فارسانە ڕوانینیان بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد چۆنە؟ لەگەڵ ستەمدیدەیی گەلی کورد ئاشنان؟

– دۆزی کورد لە ناو فارسەکان ئێستا دۆزێکی کاریگەر نییە، ڕۆشنبیری فارس تەنانەت بواری ئەوەی نییە ئاگای لە کڵاوەکەی خۆی بێ، بەڵکو با نەیبا، چ بگا بە تەقیلە چڵکنەکەی کوردی بەستەزمان، ئەگەر جووکە و نووکەیەکیشی بێت هەر ئەوانەیە کە لە میدیاکانی دەرەوە دێت، ئەویش سەگ بە ئاسمان وەڕینە.

* وەک بزانم شاعیرێک بە ناوی (سەید عەلی ساڵحی) لەگەڵ شێرکۆ بێکەس زۆر نزیک بوون و هەر جار شێرکۆ بێکەس سەردانی ئێرانی دەکرد، لەگەڵ ئەو دیداری هەبوو، ئێوە چ پێوەندیتان بە سەید عەلی ساڵحی، هەروەها (شێرکۆ بێکەس)ـەوە هەبووە؟

– سەی عەلی ساڵحی نازانم بڵێم شاعیرە، یان نا؟ کاتێک شاملوو، ئەخەوان و فرووغ شاعیر بن، چۆن دەتوانین بە سەی عەلی ساڵحی بڵێین شاعیر؟ پێم وایە مرۆڤ، یان شاعیرە، یان نا. من هەرگیز ئامادە نیم شیعری مامناوەند بخوێنمەوە، سەی عەلی ساڵحی چەند ساڵ لەمەوبەر دەفتەرە شیعرێکی بە ناوی «دیر امدی ریرا باد امد وخاطرەهارا با خود برد» «دەرنگ هاتی (ری را)، با هات و یادگارییەکانی لەگەڵ خۆیدا برد»، کە (ری را) نیوە و نێوی شیعرێکی نیمایوشیج باوکی شیعری نوێی فارسییە بڵاوکردەوە و تەواو دوای ئەوە هەرچیبیەکی چاپ کردووە ڕەشنووسی بەکار نەهاتوو بووە، من لە کلاسی دکتۆر بەراهەنی (سەی عەلی ساڵحی)م دیوە و دوای ئەوە ئاگام لێی نییە.

* بە گشتی دنیای نووسین، بە شیعر و ڕۆمان و هەموو بابەتەکانی دیکە لە ئێران و لە ناو فارسەکاندا چۆن دەبینی و ڕوانینی ئێوە لەسەر دنیای نووسین و نووسەرە فارسەکان چۆنە؟

– نووسین دوای شۆڕشی ئێران تووشی خۆپاراستن بوو، بەڵکو مرد، هەرچی بوو هەر ئەو بەرهەمانە بوون کە لە دەیەی چل و پەنجا خوڵقا. دەیەی چل و پەنجا دوو دەیەی زێڕین بوون، بۆیە پێم وا نییە دووپات ببێتەوە. ئەگەر دەیەکانی بیست تا سی بە دەیەی جەماڵزادە و سادقی هیدایەت و بوزرگی عەلەوی بزانین، دەیەکانی چل و پەنجایش دەبێ بە دەیەی نیما و شاملوو و ئەخەوان و فرووغ و بەهرام سادقی و گوڵشیری و دەوڵەت ئابادی و...تاد بزانین. لە دنیای نووسین بپرسی، دەبێ بڵێم دنیای نووسین لە ئێران دوو دنیایە، یەکەم دنیای ئەدەبی پێش شۆڕش و دووەم دنیای پاش شۆڕش. شیعری پێش شۆڕش زیاتر شیعری مەفهوومی بووە و شیعری پاش شۆڕش شیعری فۆرمیکە. ڕۆمانیش پێش شۆڕش ئەگەر نەڵێین بە تەواوی دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆریان لە ژانری ڕیالیزمی سۆسیالیستی دەنووسران. نووسەری پێش شۆڕش زیاتر لە بەندی فۆرم و گەمە زمانییەکاندا بوو، بە پێچەوانەوە ڕۆمان لە دوای شۆڕش بە تەواوی بەر تیوری کەوتوون و تیورییەکان وەک فۆرمالیزمی ڕووس و تیوری فێمینیستی و تیوری ژینگەپارێزی لە سەری کاریگەری پەیدا کرد. نووسین بە تێکڕایی (شیعر و پەخشان) وەک هەر شتێکی دی تووشی گۆڕانکاری مێژوویی دەبێت و فۆرم و ناوەڕۆک لە هەلومەرجی زەمانە کاریگەری وەردەگرێ، بۆ نموونە پێش شۆڕش ناوەڕۆکی زۆربەیان ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی بوون و تاموچێژی نڤیسار دەروونگەرا بوون، بە قسەی ئەنوەر مەسیفی (بوون بە فۆرمی گران)، ئەم گۆڕانکارییە دیارە ئاڵوگۆڕی لە ڕوانینیاندا پەیدا کرد (ڕەنگە نا موتەمەتیع) بووە هۆی ئەوەی دەروونگەرا بن، بە قسەی یاکۆبسن) توخمی (دامیننت dominants)، واتە توخمی دەروونناسانەیە و گەشبینی ساکاری بە دواوەیە و ڕەشبینی ئاڵۆز دروست دەکا، زەمانەی نادروست و هەموار بەرهەمی دروست و هەموار دروست دەکا، بە گشتی ڕیالیزم هی ڕۆژگاری دروست و ناهەمووارە و سوریالیزم ژانری زاڵی ڕۆژگاری ڕەش و تاریکە و ڕیالیزمی جادوویی و ڕەوتی ڕەوانی زەین و تەوژمی هۆش، شێوازی نووسینی کۆمەڵگای پێش مۆدێرنی ئەمریکای لاتین تەنگژاوی و زۆر ئاساییە، ئەدەبیشی دەبێ ئەدەبی تیۆریسنی بێت. ئیتر با بێتە سەر باسی ڕۆشنبیر و ململانێی کۆمەڵایەتی، نووسیوتە زۆر کەس پێیان وایە بە گشتی خاوەن قەڵەم ڕۆشنبیرن؟ خاوەن قەڵەم بوون، بە مانای ڕۆشنبیربوون نییە، خاوەن قەڵەم بوون مەرجی ڕۆشنبیری نییە، پێداویستی ڕۆشنبیرییە، بەڵام بۆ ڕۆشنبیر بوون تەواو نییە، ڕۆشنبیر شێوازی خۆی هەیە، ڕۆشنبیر دەبێ بەسەر کێشەی

کۆمەڵگادا بڕوانێ، بەسەر کارەسات و ڕووداوەکاندا زاڵ بێت و ئاگادار بێ، کڵاوی دەسەڵاتداران نەچێتە سەر خۆی و کۆمەڵگاکەی، بەگشتی ڕۆشنبیر دەبێ هەمیشە پێچەوانەی ڕەوتی دەسەڵات مەلە بکا، بگرە لە حەوت زەریا بدا قولی تەڕ نەبێ، ڕۆشنبیر ڕەخنەگرێکی ئاگا و زوڕدارە و هەرگیز تێکەڵ ئایدیۆلۆژییەکان و حزبەکان نابێ، ختیلکی ڕۆشنبیرە جەنگ سالارەکان دەدا، بەڵکو لەو عەبووسی و توندوتیژییەیان کەم بکەنەوە. ڕۆشنبیر دەسەڵات وا لێ دەکا بە خۆیدا بچێتەوە، وەبیری بێنێتەوە کە دەسەڵاتیش ئیعتیبارییە و ئەبەدی نییە، ئەگەر بڵێین ڕۆژنامە بنچینەی چوارەمی دیموکراسییە، ڕۆشنبیر بنچینەی سەرەکی ڕۆژنامەنووسییە. کورسی دیموکراسی و ڕۆژنامەنووسی و بە گشتی میدیا بێ ڕۆشنبیر لەق و نا پایەدارە، جا خۆت قیاسی بکە، ئێمە و ئێوە ڕۆشنبیرمان هەیە!؟

* ئەگەر بڵێین جیهانی نووسینی کوردی لە ئێراندا، چۆنیەتی ئەو نووسەرانە و ئەو بابەت و شتانە چۆن دەبینیت و پێوەندی ئێوە وەک هەڵسەنگاندن چۆنە لە گەڵیان؟

- من کە دوای سی ساڵ لە تارانەوە گەڕامەوە بۆ کوردستان، یەکەم جار لە بۆکان نیشتەجێ بووم تا چاوم هەڵبڕی دەوروبەرم پڕبوو لە هاوڕێیانی خاوەن قەڵەم (لە شاعیرەوە تا نووسەر، لەخوێنەوارەوە تا ڕۆشنبیر، لە هەموو چین و توێژێک. ئێوارەکانمان زۆرخۆش بوون، ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە و سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە و حەمەی کاکە سوور و زۆر کەسی تر دەوریان دەگرتم و هاتوهاوارمان و ڕۆژمان گوێی عالەمی کەڕ دەکرد، لەسەر هەر بابەتێ دیالۆگمان بوو، یەکێک شیعری دەخوێندەوە، یەکێک چیرۆکی دەگێڕایەوە، یەکێ باسی شانۆی دادەمەزراند، بە کورتی حیسابی تەپوتۆزمان بە ڕێ دەخست و لە سەروبەچکی یەکمان دەدا. بە ساتی ڕەخنە و لێکدانەوە هەمیشە بەربڕیار بوو، بە وتەی کوڕەکەم «خەریکی ئەدەبیات دەبووین!» و زۆریش بەرهەمی چاکمان خوڵقاند و زۆر بۆچوون و تیورییان تاقی دەکردەوە، ئەگەر ئەم دانیشتنانە و شەونشینیانە بەربڕیار نەبواین، بگرە زۆر کاری فەرهەنگیمان بەسامان نەدەگەیاند، تاکو لەپڕ من تووشی شێرپەنجە بووم بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەم نێردرام بۆ تاران و بە جارێ لە دۆستانم دابڕام، دوایش کە گەڕامەوە بۆ سەقز و هەوڵم دا ئەو دانیشتنانە درێژەی پێ بدەم، بەڵام نە من ئیتر ئەو مرۆڤەی جاران بووم، نە ئەوان ئەو ئارەزووەی جارانیان مابوو.

* لە زۆربەی شارە کوردییەکاندا ئەنجوومەنی ئەدەبی هەیە، لە شاری سەقز پێوەندی ئێوە لەگەڵ ئەو ئەنجوومەنانە و کەسایەتییەکانی چۆنە؟ بە گشتی ئاستی ئەدەب و فەرهەنگ لەو شوێنانەدا چۆن دەبینی؟

- من هیچ کات پێم وا نەبوو لە ئەنجوومەنی ئەدەبیدا پەرجوو ڕووبدا. ئەگەر کارێ کرابێت لە کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەتدا بووە، بۆیە هیچ کاتێک خوازیاری ئەندام بوون لە ئەنجوومەنی ئەدەبیدا نەبووم.

**حەمەخانی قازی و برایم خانی یوونسی هەردووکیان نووسەر و وەرگێڕی گەورەی ئێران بوون، بەڵام پێم وا نییە کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر نووسەرانی کورد هەبوویێت.**

* زۆر کوردی دیکە وەک ئێوە لە ئێران بە زمانی فارسی، نووسین و وەرگێڕانیان هەیە، وەک بەڕێزان ڕەحمەتی محەمەدی قازی و دکتۆر ئیبراهیم یوونسی و کەسانی دیکە ڕۆڵ و نەخشی ئەو نووسەر و شاعیر و ئەدیبە کوردانەی کە بە فارسی نووسیویانە و دەنووسن چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

- حەمەخانی قازی و برایم خانی یوونسی هەردووکیان نووسەر و وەرگێڕی گەورەی ئێران بوون، بەڵام پێم وا نییە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر نووسەرانی کورد بووبێ، بێجگە لە کاریگەری ئاشکرایان لە فەرهەنگی گشتی و خەڵکی کتێب خوێن. من پێم وانییە کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر نووسەر و شاعیری کوردینووس دانا بێ، من پێم وابێ کاریگەری هەژار و هێمن و گۆڤاری سروە زیاتر بوو لەسەر کورد، تا قازی و یوونسی.

* زۆر دەمێکە حەزم دەکرد دەربارەی ئاستیم (محەمەد فەرهەنگیان) ئەگەر ناوەکەیم دروست نووسیبێت پرسیار لە ئێوە بکەم و پێوەندی نێوانتان لەوانەیە زۆر نزیک بووبێت؟

- محەمەدی فەرهەنگیان (م- ف ئاستیم) بە ڕاستی

دیاردەیەکی سەیر و دەگمەن بوو. بە قسەی بابا تاهیر (بە هر الفی الف قدی بر ایو من ان الفم کە در الف امدستم)، واتە گیا لەسەر بنچکی خۆی دەڕوێ. ئاستیم هەم بە ڕواڵەت، هەم لە گۆڕەپانی ئەندێشەدا شتێک بووە وەک حسەین بەنی مەنسووری حەللاج، ڕاستییەکەی خودی حەلاج بوو، دوای هەزار ساڵ لەو دنیا مۆڵەتی وەرگرتبوو و چەند کاتێک هاتبووە ناو ئێمە. من حەڤدە ساڵ لای ئاستیم لە هەر بوارێکی فەرهەنگیدا شاگردیم کردووە، بەداخەوە وەک هەر زاتێکی شەریف زۆر زوو بەجێی هێشتین.

* زۆر حەزم دەکرد لە نزیکەوە پرسیارم ئاراستە بکردنایە، لە وانەیە لە نێو قسەکاندا پرسیاری دیکەم بۆ دروست بێت، گۆڤاری (ڕامان) ٢٢٢ ژمارەی لێ دەرچووە، ئێوە گۆڤاری (ڕامان)تان خوێندووەتەوە؟ ڕاوبۆچوونت لەسەر ئەم گۆڤارە چییە؟

– گۆڤاری (ڕامان)م زۆر لەمەوپێش دیوە، زۆریش ڕێزی لێ دەنێم، بەڵام بەداخەوە دەمێکە لێی دابڕاوم.

* ئێوە لەوانەیە هاوتەمەنی شاعیری کۆچکردوو سوارەی ئیلخانی زادە بن، یان لەو سەردەمەدا لە نزیکەوە ناسیبێتتان، لەو بارەوە چیت هەیە پێمانی بڵێیت؟

– بە داخەوە لە نزیکەوە ئاشناییم لەگەڵ سوارە نەبووە، بەڵام هەندێ لە شیعرەکانیم خوێندووەتەوە و لەوە دەچێ سوارە لە ژێر کاریگەری (فرووغ) و (سوهرابی سپێهری)دا بووبێ.

* لە سەردەمی ڕژێمی لەناوچووی پاشایەتی زمانی کوردی بۆ نووسین و چاپ و بڵاوکراوەکان چۆن بووە، من تەنیا کتێبی وەک حەکایەت و شتی وام دیوە، دیوانە شیعرێک کە هی حەسەن سەلاح (سۆران) بوو، بەو پێیەی ئێوە خوێندەوار بوون و کتێبی زۆریش لە ماڵی باوکتاندا بوو، چیتان دیوە و هەبووە؟

– پێت وانییە هۆی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی شیعری لە سەردەمی شادا بێ بایەخی ئەدەبی ئەو جۆرە کتێبە بووبێ. کتێبی بێ خاسیەت و بێ مەترسی لە هیچ ڕژێمێکدا قەدەغە ناکرێن و ڕێی چاپ و بڵاوکردنەوەیان لێ ناگیرێت.

* زۆرکەس پێیان وایە هەرکەس دەستی بۆ قەڵەم برد و بابەتێکی نووسی ڕۆشنبیرە، ئێوە وشەی ڕۆشنبیر چۆن پێناسە دەکەن. وەک ڕۆشنبیرێک ئەرک و وەزیفەکانی ڕۆشنبیر کامانەن؟ ئایا حەز دەکەی چەند ناوێک لە وڵاتی کوردەواریدا بێنیت کە ڕۆشنبیری پڕ بە مانای وشەن؟

– نووسەری کوردی باشوور بە هەر چەرمەسەرییەک بێت دەنگیان بە ئێمە دەگات، بەڵام نووسەران و شاعیرانی باکوور کەمتر. محەمەد ئۆزوون وەک سلۆلی شێرپەنجە سنووری بەزاندووە و گەیشتووەتە لای ئێمەش. کتێبی عە شق وەک ڕووناهی و...تاد خوێندووەتەوە و زۆریش چێژم لێ وەرگرتووە، ئەوەی کە بکوژ و کوژراو لە یەک زگ بن تێمێکی زۆر جوانە.

* لە نێو نووسەرە سۆرانی نووسەکاندا وەک شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و حەمە سەعید حەسەن و ئەوانی دیکە چ پێوەندییێکتان هەیە، وەک بیستوومە بڕێک لە نووسراوەکانی ئەوانت کردووەتە فارسی و لە ژێر سەر دێڕی (ادمهای ان یکی اتاق)، واتە مرۆڤەکانی ئەودیو کە لە گۆڤارە فارسییەکاندا بڵاوت کردوونەتەوە؟

– من چوار بەرهەمی شێرزاد حەسەنم بۆ فارسی وەرگێڕاوە و ناوم لێ ناون (تربیع خون)، واتە بەهاری بوونی خوێن، یانێ چوارپارچە بوونی وڵاتی کوردی، گوایا هێشتا لەسەر سایتەکەی شێرزاد حەسەن هەن. لە بارەی بەختیار عەلی قسە زۆرن لەکاتی خۆیدا بە درێژی باسی دەکەم (ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا)، بەکورتی درێژدادڕی پێی ناڵێن هونەر. پرۆژەی (ادمهای ان یکی اتاق) هەر پێش لە دایکبوون لەبارچوو، هەروا کە پرۆژەی (موعارفەئی موجمەل با مەتنی موتەوەلی)شم (ئاشنایەتییەکی پوختە لەگەڵ دەقی پارێزراو) لەبارچوو، چی بکەم ئەمانە لە تایبەتمەندی جیهانی سێیەم بوونە، کە زۆر شت بەر لەوە پا بگرێ، دەمرێ.

* لەگەڵ نووسەرانی دیکەی بەشەکانی کوردستان ئاشنایيت هەیە؟ یان بەرهەمەکانیان دەخوێنیتەوە، موحەمەد ئۆزوون ناوبانگی زۆری دەرکردووە ئێوە چی لە بارەیەوە دەزانن؟

– محەمەد ئۆزوون نووسەرێکی ڕیالیستە و لەم ژانرە زۆر سەرکەوتووە، لە تەتبیقی کەسایەتی داستانەکانی بەهرە و لێهاتوویی نیشان داوە.

* له نووسـەرانی فـارسی کۆن و ئەوانەی ئەم سـەردەمە کامیـانت لا پەسەندە؟ ئەو تایبـەتمەندییانە چین کـە ئێوە لەو نووسەرە فارسانەدا دەیانبینی؟

- نووسـەری کـلاسیکنووسی فـارس هەمـوویان سـەر بە حکوومەتن و من پێوەندیم پێیانەوە نییە.

* داهێنەران موڵکی هەموو جیهانن، ئینجا چ نووسـەر بن، یان (شـیـمی زان) کـیـمـیـا نـاس، یان عـیلمی دیکە. ئۆرهان پاموک زۆربەی کتێبە بەنرخەکانی وەرگێڕدراونەتە سـەر زمانەکانی دیکە، بۆ نموونە ڕۆمـانی بەفـر کـراوە بە کوردی، بە تایبەتیتـر ئەوەیە کە ڕووداوی ئەو ڕۆمانە لە شارێکی کـوردیدا خولقاوە، ئێوە چۆن دەڕوانـنە پامـوک. جا چ کوردییەکانت خوێندبێتەوە، یان هەر زمانێکی تر؟

- باسی بە جـیـهـانـیـبـوونی داهێنەر، یان زانا، یان هونەرمەند، یان باسێکی گلۆبالیکە، ئەمە گـاڵتـە نییـە، تەنانەت ئەگەر بەڕواڵەتیش لە گاڵتە بچێ، ئەمە زۆریش جددییە و پێـوەندی بەوەی هەیە کـە ئێـمـە (گـلـۆبالـیـزم) چۆن پێناسە بکەین، ئایا ئێستا گلۆبالیزم بە جیهانیبوون دەیناسین، یان بە جـیـهـانـیـسـازی، واتە بـەلای ئێـمـەوە گـلـۆبـالـیـزم پرۆژەیە، یان پرۆسـە؟ ئەگـەر پێـمـان وابێ گـلـۆبـالـیـزم پرۆژەی ڕۆژئاوا بێ، یان دەسـیـسـەیەکی ڕۆژئاوایی بێ، ناتوانین بڵێین بۆ نموونە ئۆرهان پامـوک نووسـەرێکی سـەربەخۆی جیـهـانییـە، دەشتـوانین بڵێین نووسـەرێکی تورکی ڕۆژئاوا، بەڵام ئەگـەر گـلۆبالـیـزم بە پرۆسـە بزانین، ئەو کـاتە دەتـوانین بڵێین پامـوک مـوڵکی هاوبەشی ئادەمیزادە، ئینجا تۆ چۆن بیری لێ دەکەیتـەوە خۆت دەزانی؟ ئایا فلان فیزیکزان، یان شیـمیزان لە چ دۆخـێکدا وەسـتـاوە، واتە (مـرۆڤ بەرهەمی باوەڕ و ئیمـانە؟!)، ئیتر خۆت دەزانی تۆ چ کـاڵایەک لە بازاڕی ئـایـدیـۆلـۆژیـدا، یـان لـە بـازاڕی ئـازاددا هـەڵـدەبـژێـری؟ دەرچوونت نییە، چونکە ئێمە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین!! و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرفتاری گاڵتەجاڕی ئایدیۆلۆژییە، تەنـانەت ئەگـەر خـۆیشی حـاشـای لێ بـکا، مـن بـەش بە حاڵی خۆم پاموکم پێ نووسەرێکی گەورەی ئیستەنبوڵییە و ئیستەنبوڵ شارێکی جیهانییە (ڕێزگرتنی مزگەوتیش بە مـجـێـورەکـەیەتی) من کـتـێبی (من سرخ هسـتم- من ناوم سـوورەیە)ی (پامـوک)م بە زمـانـی فـارسـی خوێندووەتەوە، بەڵام ڕۆمانی (بەفر)م دەست نەکەوتووە، تەکنیکی پاموک لە کـتێبی، (من سرخ هسـتم) زۆر پێ خۆش بووە، بەڵام ڕۆمـانێکی هەیە بە ناوی مـوزەخـانەی مەعـسوومییەت، بە لامەوە سەرنجڕاکێش بووە و لەبارەی شاری ئیستەنبوڵ بوو کە بە چەقاندنی قنچکە سیگار یاد و خاترەی دەسگیرانەکانی دەگێڕێتەوە.

* پێم وایە ئەوە قـسـەی ئەحـمـەد شـاملووە کـە دەڵێ (خـەمی نان ئەگـەر بوار بدات)؟ وایە؟ خـەمی نان ئەگـەر فورسەت بدات من زۆر ڕۆمان دەخوێنمەوە، وەک ئۆرهان پامـوک و عـەلا ئەسـوانی مـیـسـری و خـالـیـد حـسـەینی ئەفغـانی و هی دیکە زۆریـان کـراونەتە کوردی، ئێوە هیچ لەمانەت خوێندووەتەوە، بە هەر زمانێک، مەبەستم تەنیا کوردی نییـە، ڕوانینی ئێوە دەربارەی ڕۆمـان، بە تایبـەتی ڕۆمانی جیهانی چییە؟

- بەڵێ ئەم شـیـعـرە لە شـیـعـرە کـۆمـەڵایـەتـیـیـەکـانی شـامـلووە، ئەم دەردەیش دەردی هاوبەشی هەمــووانە و ڕۆمـانیش زۆر خـۆشە. چ مـیـسـری بێ چ ئەفـغـانی و چ کــوردی، یان ئێــرانی، ڕۆمــانیش ئاوێنەی باڵا نوێنی کـۆمـەڵگایە چ ڕیالیـسـتی بێ، چ پۆست مـۆدێرن و چ سووریالی، هەموویان یەک خەسڵەتیان هەیە، تەنانەت ئەگــەر شـێــواز و تەکنیکی جـیــایان هەبێ هەر یەک نیـەتمەندییـان هەیە، ئەویش دەربڕینی حاڵەتی نووسـەر و کۆمەڵگایە، بەڵام لە فۆرمی جیاوازدا. (عەرەب وتەنی عـبـارتنا شـتـی و وصفک واحـد- دەربڕینەکـانی ئێـمـە جـۆراوجـۆرن، وەسـفی تۆ یەک شـتـە) فـۆرم و ناوەرۆک جیاوازە، بەڵام نەستی دەق یەکێکە، ئینجا خوێنەر دەبێ هۆشـیــاریی دەرکی ببێ. ڕۆمــانێ، ناوەرۆکی زاڵە و ڕۆمــانێکی تر فــۆرمی. ئەسڵ خــوێندنەوەیە کــە ئەو خوێندنەوەیە لەگەڵ ڕەخنە و هەڵسـەنگاندا بێت، ئەوەیە کـە پێی دەڵێن خـوێندنەوە، نەک هەر خـوێندنەوەیەک، نووسەر بۆ خوێندەواری وا دەنووسێت.

* تا چەند نووسراوەی نـووسـەران و شاعیرانی عـەرەب دەخوێننەوە لە (نزار قەبانی)یەوە تا (مەحموود دەروێش) و (جەواهیری) و (نازک ئەلمەلائیکە)؟

- بەداخەوە چونکە عـەرەبی نازانم، هەرچی بخـوێنمەوە هەر بە فــارسی خــوێندوومــەتەوە، چونکە وەرگــێــڕانم خـوێندووەتەوە، کـەوا بێ ئەوەی بەفـیـڕۆ چووە ناسکیی زمانی عەرەبییە.

* پێوەندی ئێوە لەگەڵ شیعری نوێی فارسی و کوردی چۆنە؟ هەندێ کەس دەڵێن نیما یۆشیج باوکی شیعری نوێی فارسییە، لە کوردیدا گۆران بە باوکی شیعری نوێی کوردی دەزانن، هەندێ کەس دەڵێن شێخ نووری شێخ ساڵح یەکەم هەنگاوی ناوە، ئێوە ڕاتان چییە؟

– سەبارەت بە نیما و گۆران زۆریان وتووە و زۆریشیان بیستووە و دووپات کردنەوەیان مایەی کەساسییە، ڕەنگە زۆریشیان گاڵتەجاڕانە بێ. ببوورە سەلماندنی ئەم ئیدیعایەش کاتێکی فرە و فراوانی دەوێ، کۆمەکێک بە دەرکی خوێنەر ناکا. شیعری فارسی پیشەی منە، زۆر شیعری کوردیشم بۆ فارسی وەرگێڕاوە. بۆ نموونە شیعری ئەنوەر مەسیفی، دلاوەر قەرەداغی، عەبدولڕەحمان کاکل و زۆر کەسی تر.

* هەمووان دەزانن ئەوەی زمانی کوردی پاراستووە، گۆرانی بووە، گۆرانیش لە شیعر و موزیک دروست بووە، زۆر جاریش گۆرانییەکان بە بێ مۆسیقا وەک بەیت و حەیران و زۆر جۆری دیکە هەبوونە، ئەم زمانە چۆن بپارێزین؟ پاراستنی ئەرکی کێیە و چۆن دەکرێ؟

– ئەوە ڕاستە و هێشتا لە ئیلام و لوڕستان زمانی کوردی بە بۆنەی ناسری ڕەزازییەوە دەناسن. چاک وابوو بە بۆنەی پێشمەرگەی قەڵەمەوە ناسرابایە، نە بە بۆنەی گۆرانیبێژێکی خەڵکی پەسەند. گوایا ڕۆژێک شێرکۆ بێکەس لە ڕەزازی پرسیبوو دەی کاک ناسر چی دەکەی؟ ئەویش وەڵامی دابووەوە چەند دیوانی شیعرم هەیە، دەمەوێ چاپیان بکەم. ئەویش لە شێرکۆی پرسیبوو ئەی تۆ ئیستا چی دەکەی؟ ئەویش لە وەڵامدا وتبووی منیش چەند گۆرانییەکم هەیە دەمەوێ لە دەرفەتێکدا بیانڵێم.!! باشتر وایە هەر کارێک بە کارزانی خۆی بسپێررێ!!!

زمان لەگەڵ زەین و بیردا پەروەردە دەبێ، ئەگەر زەین بدرێتە دەست خۆوێژ و شایەر لەوانەیە ئەدەبی فولکلۆری بەهێز بێت، بەڵام ڕاستییەکەی نە شیعر دەخولقێنێ و نە ڕۆمان و نە داستانیش.

* ژیانی ئەم ڕۆژگارە لەگەڵ سیاسەت ئاوێتەیە، وەک هەموو شتەکانی دیکە ئاو و کارەباو خوێندنگە و جادە و پارک پێوەندییان بە سیاسەتەوە هەیە، ڕاوبۆچوونی ئێوە بە سیاسەتەوە، ئەو کێشە و گیروگرفتانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە چییە و چۆنی دەبینی؟

– گرووپی سیاسەت پیشە ئەگەر پارک و تەنانەت خوێندنگا دروست بکەن، بۆ ئەوەیە دەنگی زیاتر لە خەڵک بسێنن، نە پەروای پارکیان هەیە و نە سەودای خوێندەوارکردنی خەڵک، ئەوان تەنیا چاودێری پاراستنی هێزی خۆیان و حزبەکانیانن. جوولەکە و موسڵمان لە یەک نابوورن، ئامۆزا و خالۆزای یەکن و ساڵەهای ساڵە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان ناوەتە سەرکار، تۆ بە هەند وەری مەگرە، تاوێک خەڵکی بۆردمان دەکەن و تاوێک غەزە، تاوێک کۆنفرانسی ئاشتی دەگرن و تاوێ بە تیپ بە یەکدا دەدەن، ئەوانە هەموو کایەی گەورەکانە تۆ بەهەند وەری مەگرە، هەژار و نەداریش دەکوژرێن، بە قسەی فارس وتەنی (بازی اشکنک دارە، سر شکستنک دارە)، واتە لە گەمەکردندا سەرشکانیش ڕوودەدا.

* کاردانەوەی ئامرازەکانی پێشکەوتووی تەکنۆلۆژیا لەسەر بواری نووسین و خوێندن، بە تایبەتی ڕۆمان و چیرۆک و شیعر چۆن دەبینی و پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی گەنجەکان واز لە خوێندنەوەی شێوازی کلاسیک نەهێنن؟

– پیاو کاتێک کارێکی یەشار کەمال دەخوێنێتەوە هەست دەکا پێکهێنەری ئاوازە. ڕۆمانەکانی یەشار کەمال ئاوازە فولکلۆرییە کوردییەکان بێ، من پێم وا نییە مۆسیقای پۆپ و ڕاپ کاری لە نووسینی ڕۆمان و شیعری کوردی کردبێت، مۆسیقای پۆپ و ڕاپ نە تەنیا یارمەتی هەستی ئەدەبی کورد نادات، بەڵکو نووسەر لە ئەدەبیات و داهێنان دوور دەخاتەوە. دووبارە کردنەوەی ڕیتمە پڕ دەنگەکان و دووبارەکردنەوە تەنیا مێشک عادەت دەدا بە ئاوازێکی دووبارە و وێرانکەر، بەم شێوەیە من پێشنیار ناکەم واز لە هیچ مۆسیقایەک بهێنرێت نە مۆدێرن و نە کلاسیک، بەڵکو چاک وایە زۆر تێکلاوی هیچ یەک لەمانە نەبین.

* ئەوەی کە لە فارسی پێی دەڵێن (مسئولیت اخلاقی نویسندە)، یان بە کوردی بڵێین هەستی بەرپرسیاریەتی نووسەر لە حاڵێکدا نووسەر ناتوانێ ڕاستگۆیانە بدوێ و کار بکات لەبەر ئەو بەربەست و سانسۆرانەی حکوومەت، یان دابونەریت دروستی دەکەن؟

– باسی بەرپرسیاریەتی و پابەندبوونی نووسەر باسێکی کۆنی دەورەی سارتر و نووسەرە سۆسیالیستەکانە و تیوریی داڕێژرانی ئەم سەردەمە وەک

رۆلان بارت و فووکۆ و ناباکۆف و زۆر کەسی دیکە، دەڵێن نووسەر بە تەنیا بە بەرهەمەکەی پابەندە نە بە کۆمەڵگا، یان بە سیاسەت، پابەندبوون ئەگەر ببێ پابەندبوون بە جێبەجێ کردنی بەرهەمە. باسی پەیامی نووسەر و ئاکاری سیاسی کارێکە پێوەندی بە سیاسەتی تۆوە هەیە، نە بە ئاکاری ئەدەبی، بەڕێوەبەرایەتی ئاکاری نووسەر درۆیەکی گەورەیە.

* نووسەر دەبێ ڕوو ڕاست بێت و ڕەخنەگر و ڕێ نیشاندەر، نەک بۆ نووسین، بەڵکو بۆ ژین و ژیان و بەختەوەری کۆمەڵایەتی دەبێ پەیامی هەبێت؟

– ڕووڕاست بوونی نووسەر کارێکی ئاکارییە، زۆر سروشتییە کە نووسەریش وەک مرۆڤ خاوەنی ئاکار بێت و درۆ و دەلەسەی نەبێ، بەڵام ئاکار بە تەنیا ئەدەب ناخوڵقێنێ. پەیامی نووسەر لە ناوەرۆکدا خۆی حەشارداوە، نە بە شێوەی دروشم. بەختەوەری کۆمەڵگا هیچ پێوەندییەکی بەو دروشمە بریقەدارانەوە نییە، ڕەنگە نووسەر و ڕۆشنبیری تووڕە و دروشمدەر بۆ کۆمەڵگا زیانی زۆرتر بێ.

* حەزت کردووە لەسەر چ بابەتێک بنووسی و بدوێی، بەڵام ڕێگات لێ گیراوە؟

– من لە وتارنووسیندا هیچ پێش گریمانەیەکم نییە، بە تایبەت لە نووسینی ڕۆمان، یان وتار فەرق ناکا، وتار نابێ بێ فیکر بێت، وتار بەرهەمی فیکرە. ڕۆمان سەربەخۆیە، تێمێ لە مێشکدا شکڵ دەگرێ و لە ڕێگەی مۆتیڤەوە بەرەوپێش دەچێت و دەستتێوەردانی نووسەر بەرهەمەکە فەرمایشی دەکا، بەتایبەت دەستتێوەردانی ئایدیۆلۆژیکی بەتەواوەتی بەرهەم دەکا بە بەیاننامە.

* بیروڕات لەسەر ڕەخنە و ئەو گۆڕانکارییانە کە ڕەخنەی زانستیانە دروستی دەکا چییە؟ چون بە ڕاستی کۆمەڵگای کوردەواری ڕەخنە قبووڵ ناکات و ڕخنەگر بە چاوی باوک کوشتەو وەک دوژمن سەیری لێ دەکرێ؟

– ڕەخنە نیشانەی شارستانیەتە و کۆمەڵگا بە هۆی ڕەخنەوە ئیسلاح دەبێ، کۆمەڵگایەک کە ڕەخنە قبووڵ نەکات دیارە پێشکەوتوو نییە و نایەوێ پێشکەوتوو بێ، کۆمەڵگایەک کە ڕەخنە قبووڵ ناکا، کۆمەڵگایەکی داخراوە و بە داخراویش دەمێنێتەوە.

* هەرچەند ئێوە لە دەرەوەی وڵات نەژیاون، بەڵام تاراوگە چ ڕۆڵێکی لەسەر نووسینی نووسەر هەیە، لە حاڵێکدا تاراوگە لە لایەکەوە فرە کولتوورییە و لە لایەکەوە ناچاری (تبعید- دوورکەوتنەوە)، بەڵام محەمەد ئوزوون دەڵێ ئەو فرەکولتوورییە دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ نووسەر؟

– تاراوگە و دوورکەوتنەوەی مرۆڤ بە شێوازی نوێ ئاشنا دەکا و ئامادەی دەکا بیر لە گۆڕانکاری بکاتەوە و پەی بە قازانجی فرەکولتووری و فرەدەنگی کۆمەڵگا ببات.

* حەز دەکەی باسی بڤەکان بکەین، وا لە وڵاتانی ئێمە بە خۆڕایی بوونەتە بڤە وەک حزبە کوردییەکان و بەربەستەکانی بەردەم خوێندنی کوردی و بەربەستەکانی بەردەم ئازادی مرۆڤ؟

– کاتێ حزب و ڕێکخراوەیەک بگا بە بن بەست و تابۆ و پیرۆزی پەیدا بکات، دەبێتە هۆی داخرانی کۆمەڵگا و ناهێڵێ هیچ گۆڕانکارییەک بکرێت، ئیتر لەمەدا جیاوازی نییە چ حزبی کوردی بێت، چ پیرۆزییەکانی ئایینی بێ، یان هەر شتێکی تر.

* ئێوە ئەندامن لە (کانون نویسندگان ایران) ئەنجوومەنی نووسەرانی ئێران؟

– نا هیچ کات نەبووم و ناشبم.

* داعش ناوێکی تازەیە وەک دیاردە پێشتر قاعیدە و تالیبان بوون، ڕۆڵ و نەخشی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە دوور خستنەوەی مرۆڤەکان لە یەک چۆن دەبینی و ئایا ئەمە هنتگتۆن پرۆفیسۆری ئەمریکایی واتەنی (پێکدادانی شارستانیەتەکان)ە؟

– داعش بەرهەمی گەوجایەتی ئەمریکایە و تاڵیبان بەرهەمی توندوتیژی ڕووسەکانە، لەم بەینەدا نا شارەزای سیاسەتی دەسەڵاتدارانی خۆجێیی وەک مالیکی لە عێراق و بێ تەدبیری کارەزای لە ئەفغانستان، نەوتی بە ئاگردا کرد، بێچارە هنتگتۆن و فوکۆیاما.

* وەک ئامارەکان دەڵێن ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا هاوتەریبە لەگەڵ داعش و هێزەکانی داعش لە وڵات تورکیا بۆ هاتوچۆکانیان کەڵک وەردەگرن، ئەردۆغان خەریکە بە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی خۆی دەکاتە سەرۆکی باڵا دەستی تورک، ئایندەی تورکیا و پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ (پ ک ک)دا چۆن دەبینی؟

– ئەردۆغان هەرگیز سیاسەتێکی ڕۆشن و دیاریکراوی نەبووە، تەواوی کـارەکـانی کـاتی و پاڵنەری بووە و تاوێک ڕێ دەدا داعش لە تورکـیـا بە ئازادی هاتوچۆ بکات و تاوێک دژیان دەبێ و تاوێک لەگەڵ ئیسرائیل دەسـتی دۆسـتی دەداتەوە و تاوێک دەبێ بە دوژمنی خـوێنیـان و تاوێ لەگـەڵ پ ک ک دا ئاشـتی دەکـا و تاوێک دەست بە کوشت و کوشتاریان دەکا، من نازانم خەڵکی تورکیا بۆچی ئەو پیاوە گێژ و نەفامە ڕادەگرن؟! ئەوە دیارە لەبەر ئەوەی چونکە تورکن؟! دڵنیام ئەردۆغان خەیاڵی حەرەمسەرای سوڵتان دەباتە گۆڕ و نەخۆشی دەروونی هەیە. (پ ک ک)یش نابێ بە تەنافی (ئەردۆغان)دا بچێتە ناو چاڵەکە.

* ئەحمەد کایا هونەرمەندی دەنگخۆشی کۆچکردوو سەردەمانێک خۆشەویستی خەڵکانی شۆڕشگێڕی تورکیا بوو و گـۆرانییـەکـانی بۆ ئاشتی گـەلانی تورکـیا بوو، چەپەکانی تورک شیعری گۆرانییەکانیان وەک سروود دەوتەوە، ڕۆڵی هونەرمەند بە گشتی و ئەحمەد کایا بە تایبەتی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– ئەحمەد کایا تەنیا گۆرانیبێژ نەبوو، ئەو مۆسیقیزان و ڕۆشنبیریش بوو، ئەو بۆ تورکیا حەیف بوو، هەروەها کە ئۆرهان پاموک بەرهەمی شاری جیهـانیی بوو و بۆ تورکیاش حەیفە.

* ڕاوبۆچوونی ئێوە لەسەر کۆماری کوردستان و ڕۆڵی پێشەوا قـازی چییـە؟ کە گـیانفـیدایی جەنابیـان و فیداکاری خەڵکانی ئەو سەردەمەی پاراست، هەرچەند خاڵ و بنە ئامۆزای بابت ئیعدام کران، بەڵام ئەگەر گیان فیدایی پێشەوا نەبوایێ ڕژێمی دڕندە هەمـوو خـەڵکی ئازار دەدا؟

– خوا لێی خۆش بێت قازی محەمەد نەجیبترین کورد بوو، بەڵام بە داخەوە زۆر ئایینی بوو، دەتوانم بڵێم قازی محـەمـەد یەکـەم نەتەوەخـوازی مـەزهەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو.

* ڕۆڵی کۆماری کوردستان لە ڕۆشنبیری کوردیدا چۆن دەبینی، بە تایبـەت دەرکـەوتنی دوو کـەسایەتی گـەورە وەک هێمن و هەژار؟

– ڕۆلان بارت دەڵێ مێژووی هەر نەتەوەیەک مێژووی نقیساری ئەو نەتەوەیەیە، هیوادارم مێژووی ئێمە نەبێ بە مـێژووی هەژار و هێمن، هەرچەندە مێژووی مـەهاباد بووە بە مێژووی هەژار و هێمن.

* شـەڕی داعش و مـوقـاوەمـەی کـۆبانێ، بە تایبـەتی بەرگری کچ و کوڕە ئازاکان ڕای دنیای دەربارەی بەرگری ڕۆڵی گەلی کوردی گۆڕی. کۆبانێ ستالینگرادی هێنایەوە بیری دوژمنان، قارەمانیی کچانی کورد و پێشمـەرگەی کـوردسـتـان زلهـێـزەکـانی کـردە هاوپەیمانی کـوردان، پێم خۆشە ڕاوبۆچوونی ئێوە لەسەر ئەو بابەتە جیهانییە بزانم؟

– شەڕی کۆبانێ بۆ هەمیشە بووە بە ئاڵای ڕاوەستانی ژن لە وڵاتانی ناوەڕاستدا، کچانی کۆبانێ پەنجەمۆری داهاتوویان ناوەتە پای تاپۆی ئازادیخوازیی ژنان.

* با بچینە سەر باسی مێژوو، مێژووی ئەدەبی کوردی لای ئێوە چی دەڵێ؟

– وا دیارە مەبەستت لە مێژووی ئەدەبی کورد تەنیا کتێبەکەی عەلائەددین سەجادی نییە، بەڵکو مێژووی ئەدەبی کورد بە گشتییە. لە دوو سەرەوە ئەم پرسیارە دوو لایەنە بواری زۆری دەوێ و لەم باسە کورتەدا ناگونجێ.

* ئایا ئاگاداری نووسەران و خاوەن قەڵەمی کوردەکانی ئیـلام و کرمـاشـان و کوردانی خـوراسـانن کە بابەت و نووسـراوەکـانیـان لە ئێـران بڵاو دەکـەنەوە و لە گـۆڤـاری (ڕامان)یش زۆر جار چاپ و پەخش دەکرێن وەک فەرهاد عیزەتی زادە، کەلیمۆڵڵای تەوەحودی و زۆری دیکە؟

– ئەوی ڕاسـتی بێت من زۆر ئاگـاداریم لە بواری ئەدەبی کـوردانی ئیلام و کـرمـاشـان و خـوراسـان نییـە، مـەزهەبی شـیـعـەی ئەم وڵاتانە سـەریان لە لایەنە ئیـتنیکییـەکـە شـێـواندووە، ئەوەی من دەزانم ناسری ڕەزازی سەرچاوەی کوردایەتیانە نە زیاتر.

* ئایا ئێـوە کـاری مـێـژوویـیـتـان کـردووە؟ بەرهەمی مـێـژوویی جێی ڕۆمـانی مـێـژوویی کە باسی ڕابوردوو بکات، تکایە جارێک باسی ڕۆمانێکی شێوازی ئەدەبی جادوویی، یان بڵـێین سیحر ئامێزت کرد ئەو ڕۆمانە بە کوێ گەیشت؟

– پرسـیـوتە ئایا من کـاری مـێـژووییم کـردووە، بەڵێ کردوومە نە بە شێوەی پرۆفیشناڵ، وەک مێژونووسێکی پرۆفیشناڵ، بەڵکو لە چوارچێوەی ڕۆماندا. من کتێبێکم هەیە بە ناوی (بند ناف من و دوازدە سلول بنیادین ما– پێوەندی ناوکی و دوازدە پێکهێنەری بنیاتی ئێمە) کە

مێژووی بنەماڵەیی خۆمم لە چوارچێوەی ڕۆمانێک باس کردووە، لەو ڕۆمانەدا لە ئیستعارەی زانستی کلۆنینگ، یان زانستی تەکسیر کەڵکم وەرگرتووە. هەروا کە لە زانستی تەکسیر چەندان سلول دەگرن و بە شێوازی لێکۆڵینەوەی بۆماوەیی بە بنەچەیان دەگەن، منیش دوازدە کوڕی خوا لێی خۆش بێت فەیزوڵڵا بەگی باپیرە گەورەمم گرتووە و مێژووی سەردەمی ئەوان و مێژووی دوور و نزیکی ئەو کوڕانەم شی کردووەتەوە و بە بیانووی ژیانی ئەوانەوە ژیانی نەتەوەی کوردم لەو سەردەمەدا لێک داوەتەوە.

* تکایە بە دوورودرێژی باسی کارەکانی خۆت بکە من زۆر دەمێکە لە ئێوە دوورم، لە و ماوەیەدا چیت کردووە؟

– کە من لە وڵاتێک دەژیم، هیچ کەس ناتوانێ بڵێ لەداهاتوودا چی دەکەم، ئێمە نەوەی بێ داهاتووین، ئێمە تەنیا لە ئێستا دەژین، ئێستایش نازانرێت چەند کات و سات دەخایەنێ و بڕیارە لە داهاتوودا چی بکەین، باسی خۆم بێ سەمەر دەبینم (تاریکە دەورم فەرشی ڕێگەم مەینەتە).

* لێرە لە هەرێمی کوردستان ئازادی ڕادەربڕین هەیە و سانسۆر نییە، بە باوەڕی من تەنیا ڕەخنەگرتن لە نووسەر و هونەرمەندان تووشی گرفتیان دەکات و زوو هەڵدەچن، سەبارەت بە شێوازی حوکمڕانی و سیاسەت ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە؟

– هیچ دەوڵەتێک لە دنیا بێ عەیب نییە، سیستمی حکوومەتی کورد جارێک بێ قوڕەترە لە دەوروبەری، باش وایە قەدری بزانن. ئەڵبەتە جار جاریش کاری هەڵەیش دەکرێت، بەڵام دەتوانین چاوپۆشی لێ بکەین، چ بکەین هەرچییەک بکەین ئێمەش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین.

* لە بواری ئەدەبی و هونەری بە گشتی چ ڕاو سەرنجێکتان بۆ باشووری کوردستان هەیە؟ ئەرکی حکوومەت، یان هونەرمەندان بە گشتی چییە؟

– یەکێک لە گرفتە گەورەکانی ئێمەی کورد ئەوەیە کە هەر کاتێک هەلی سیاسی دەڕەخسێ، سەرچاوەی زەوقمان کوێر دەبێتەوە.

* دەزانم لای ئێوە شێوەی ئازادی سنووردارە، بەڵام ئەگەر پێت خۆشە دەربارەی مۆسیقای ئێرانی پۆپ کە لە ئێراندا دەگری و گرووپی کامکاران زۆر کاری جوانیان کردووە، چ ئەوانەی کوردی چ ئەوانەی بە فارسی، حەز دەکەم ڕاوبۆچوونی خۆتان بڵێن؟

– بەڵێ لای ئێمە ئازادی سنووردارە، بەڵام خۆ داهێنانی گەورە تەنیا لە ناو سیاسەتدا نییە، دەتوانی پڕ بە گەرووت گۆرانی بڵێی، ئەو وەڵامە دەتوانی بە ڕاستیشی نەگری.

* عەدنان کەریم وەک گۆرانیبێژێکی خاوەن شێواز لەگەڵ کامکاران کاری کردووە کارەکانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– هاوکاری عەدنان کەریم و کامکارەکان بە کارێکی چاک دەزانم، بەڵام هەر کات هونەرمەندێ ویستوویەتی لە ئامرازەکانی تایبەت بەهرە وەربگرێت، کارەکەی زۆر جوان لە ئاو دەرنەهاتووە، خوا بکا (عەدنان کەریم)یش تووشی ئەو هەڵەیە نەبێ، گەرچی لەم دواییانەدا بەختەوەر بووم کە ئەو کارە تازەیەی لەگەڵ کامکارەکاندا ببیستم و ببینم و زۆریش بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوو، دیارە تووشی ئەو هەڵەیە نەبوون. غەزەلخوانی کارێکی تایبەتە، ئەگەر عەدنان کەریم سەرجەم شیعرەکانی نالی بخوێندایەتەوە کارێکی ناوازە و نایاب دەبوو، هەروەها کە (مەزهەری خالقی)ش شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە تەنیا گۆرانی کوردی گوتووە و شێوازی ئەردەڵانی لە خوێندندا نەگۆڕیوە.

نووســـەر و وەرگـێـڕ و ڕۆشنبـیـری لاو و ناسراوی کرماشانی عادل قادری (جوانڕۆ) کـە لە ئەزمـوونی کـاری خـۆیدا ئاوڕی لە گەلێک بابەتی فیکری و مەعریفی دنیای وێژە و ڕۆشنبیری کوردی داوەتەوە، لەم بابەتەدا خـاوەنی بابەت و نووسینی جۆراوجـۆرە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کـوردسـتـان و سـەرنج و ڕای گـەلێک لە نووسەران و قەڵەم بە دە ستانی ڕاکێشاوە و بەردەوامە لە کار و چالاکییەکانیدا، هەروەها کتێبێکی بە ناوونیشانی "فەلسەفەی کامو" لە نووسـینی ڕیچـارد کـەمـبـێـر بۆ کـوردی وەرگێڕاوەتەوە و کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی- فەلسەفیشی بە ناوونیشانی "نیتشە بە جلی کوردییەوە" ئامادە کردووە کە بڕیارە بەم زووانە چاپ بێت و بڵاو بکرێتەوە، هەروەها ڕۆمانێک بەناوی "لەشنووسەکانی ساناز" کە ئەویش بڕیارە بەم زووانە ئامـادەی چاپ و بڵاوکـردنەوە بکرێت و بکەوێتـەبەردەسـتـی خـــوێنەرانەوە، لەم چاوپێکەوتنەی بەردەستتاندا لەسەر گەلێک پرس و بابەتی فیکری و مەعریفی دواندوومانە و هەوڵمان داوە دنیای ئەم نووسـەر و ڕۆشنبـیـرە بۆ پرس و بابەتە جیاوازەکانی بواری نووسین و ڕۆشنبیری کوردی بخەینە ڕوو و تاووتوی بکەین.



## عادل قادری (جوانڕۆ):
## نووسەرانی کورد ئەوەندەی بە حافزی فارس سەرسامن، ئەوەندە (نالی)یان نەخوێندووەتەوە.. وەرگێڕانیش چەشنێکە لە کراوەیی بە ڕووی جیهاندا.

ئا: هاشم عەلی وەیسی
(ئەڵمانیا)

* سەرەتا باسی ئەزموونی خوێندنەوە و ئاشنا بوونتان بە دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی و هاتنە ناو دنیای پانوبەرینی فیکر و فەلسەفە بکەن، چۆن بوو لە ئەزموونی کار و نووسینی خۆتان بواری فیکر و فەلسەفەتان زیاتر وەک تەوەرێک بۆ کار کردن لەسەر شوناس و ئایدێنتێتی کورد هەڵبژارد؟

– ڕاستییەکەی نازانم ئەم پرسیارە چەندە لەبار بێت بۆ ئەوەی بچینە ناو باسی دنیای فیکر و ئەندێشە و دواتر لەوێشەوە ئاراستەی شوناس و ئایدێنتیتی کورد بکەینە مژار، بەڵام پێم خۆشە بەر لە هەر شتێک باس لە چەمکی (Identity) و مانا و دەلالەتە جۆراوجۆرەکانی بکەم، ئەم چەمکە لە هەر کولتوور و مێژوویەکدا دەلالەت و مانای خۆی هەیە و بە پێی ئەوەش لە دیسکۆرس (discourse) و مژارە فیکری و ئەدەبییەکانی ئەو کولتوور و مێژووەوە دیسان سیستمێکی تر لە بەرهەمهێنانی مانایی بۆی پێناسە دەکرێت. بەم حاڵەش ئەم چەمکە تایبەت نییە بە دنیای فیکر و ئەندێشەی ڕۆژئاوا و تازەش نەهاتۆتە ئاراوە، دەشێت بوونی ئەم زاراوەیە بۆ سەردەمانی زۆر کۆنتر بگەڕێنینەوە، تەنانەت پێش ئایینەکان و چاخی میت (myth) و ئوستوورەکان، بە شێوەیەکی گشتی و فەلسەفی لە هەر کوێ پرسیار هەبووە، ئەم پرسە وجوودی و فەلسەفییەش ئامادە بووە، دەشێت ڕووبەری ئەو پرسیارانەی بەندن بەم چەمکەوە بەربلاو و فراوان بن، هەر لە ڕوانگەی بوونناسانەوە بگرە تا ڕوانینی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسانە و مێژووییش...تاد بە نیسبەت کۆمەڵگای کوردییەوە ئەم زاراوەیە لە فەزایەکی بەتەواوی شۆڕشگێڕانە و سیاسییەوە لە دایک بوو کە تا ئەمڕۆش لە دەلالەت و چیگالی (چەمکێکی جیهانی بیرکارییە و بەواتای ڕێژەی قورساییەک کە لە کێشی هەر شتێکدا هەیە) سیاسی و بەرتەسکی خۆی دانەتەکاوە، کارەساتەکانی هەر مێژوو و کولتوور و "زمان"ێک تەنیا لەوێوە دەست پێ ناکەن کە زانست و مەعریفە و فیکر بوونی نییە، بەڵکو بۆ ئەمەش دەگەڕێتەوە کە یەک ڕەهەندی سامناک و وشک و شۆڕشگێڕی لەسەر شتەکان ببێتە تاپۆ و سووژەئاسا هەموو شتەکان پێناسە بکات، ئەمەش لە کاتێکدایە تۆ بە واتایەکی سەربەخۆ و فیکری و مەعریفیش سیاسەتمەدارت نەبێت، ئەم دۆخە سیاسییە سامناکە وای کرد کە مرۆڤ و تاکی کۆمەڵگای ئێمە لە ئەزموونە دەرهەست و مەعریفەخوازانەکەی دووربکەوێتەوە، یان هەوڵەکانی لە ژێر ئەو فەزا و سێبەرە ڕەشەوە نەبینرێن، نموونەش بۆ ئەم ڕستانە زۆرن، هەر لە مەحوی و نالی و شێخ ڕەزا و حاجی قادر... تا وەفایی و هێمن و هەژار و کامیلی زەنبیلی و...تاد کە ئێمە دەق و ئەزموونی گێڕانەوەیی ئەم شاعیر و "زمانکار" و بوونەوەرانە دەخوێنینەوە، ململانێیەکی قووڵ لە نێوان ئەزموونە مرۆیی و گشتگیرەکانیان و هەڵوێست و خواست و پێویستە سیاسییەکانیاندا هەیە، هەندێک لەم شاعیرانە توانییان لەو دۆخە بەرزەخییەی نێوان "بوون و نەبوون"دا چەشنێک لە ئیستێتیکا و ڕزگاری بە واتا کیرکیگاردییەکەی دروست بکەن، هێمن و نالی و تا ڕادەیەک مەحوی ئەمانە لەو فەزا ڕەش و سەپێنراوە ئایدیۆلۆژیکەی مێژووی زمان و کۆمەڵگەیاندا ڕوانگەیەکیان سازاند کە پڕ بوو لە جوانی و خەیاڵ و گۆشەنیگای نوێ و شیمانە و ئیمکان بۆ داهاتوو، هیوا، خەون، ختوورە و...تاد.

باوەڕم وایە ئەم دوو ئەزموونە کە لەنێو کەوانەی سیاسیدا هاتنە ئاراوە، واتە دوو ئەزموونی شاعیرانی ڕۆژهەلات و باشوور جیاوازیگەلی تایبەت و بنەڕەتی خۆیانیان هەیە، هەر چەندە هاوبەشییەکانیش چ وەک خەونی مرۆڤانە و چ وەک خەونی تاکێکی "زمانوەر" بە کوردی، نابێت و ناتوانرێت نکوڵی لێ بکرێت. ئەم فەزا گشتییە تا ئێستاش بە شێوەی تر بەردەوامە، بەڵام گۆڕانکاریگەلێک لە وێژەمان و گێڕانەوەی نووسەران و شاعیران، واتە بە گشتی زمانکارانی کورد هاتۆتە ئاراوە، ئەویش ئەگەر بمەوێت بە شێوەی گشتی باسی بکەم ئەوەیە کە تاڕادەیەک تێگەیشتن کە سیاسەت مەکۆی خەونە ئینسانییەکانی ئەوان نییە و سیاسەت ڕزگاری دروست ناکات (لانی کەم ئەو سیاسەتەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا پێڕەو کراوە چ وەک سیاسەتمەداری کورد و چ وەک سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کە کوردستان تێیاندا دابەش بووە)، بۆیە بەرەیەک لە زمانکاران و نووسەرانی ئێمە وا تێگەیشتن وەهمی ڕزگاری کە سیاسەت بۆیان دروستی کردووە، فۆرمیتری هەر هەمان وەهمە کە ئایین هێناویەتی، بۆ ئەمەش ڕەخنەی سیاسەت و ئایینیان لە ڕووی فیکری و مەعریفی و

ئیستێتیکییەوە کردە ڕێگایەک بۆ دەرچوون لەم تەنگژە و بەدەسکەوتیش بووە و ئەم ڕەوتەش بەردەوامە، من نامەوێت کاریگەری فیکر و هزری سیاسی لە چارەنووسی هیچ کۆمەڵگا، یان جڤاتێکدا ڕەت بکەمەوە، بەڵکو دەڵێم ئایا هزر و ئەندێشەی سیاسی لای ئێمە لە کوێدایە؟ لای ئێمە سیاسەت چ بووە تا ئێستا؟ ئێستا دەشێت چۆن بێت؟ وەک ئەرستۆ دەڵێ: ئێمە بە شێوەی زاتی سیاسین، ئەم وتەیەی ئەرستۆ باشترین شێوەی تەعبیرە لە دۆخی کورد، دیسان دەبێت ئەمەش باس بکەم کە من حەز ناکەم هەموو ڕێگاکان بچنەوە سەر سیاسەت، بەڵام کاتێک بە هۆی سیاسییەوە خەڵک و تاک و کۆی کۆمەڵگەی تۆ دەکوژرێن، ناچار دەبین زۆرتر لەسەر سیاسەت و دەرکەوتە و ئەکتەکانی ورد ببینەوە، ئەمەش کە بۆچی کۆمەڵگەی کوردی بەو شێوە سەیرە سیاسەت لێدراو و خەسێنراوە؟ پرسیارێکە وەڵامەکە لە ناو دڵی مێژوو و هەڵەمووتەکانی زەماندایە کە هێشتاش باش ڕێگای دۆزینەوەیمان بۆ ڕوون نەبووەتەوە، لێرەوەیە تۆ کاتێک لەم فەزا "ببیت" (bee) و دواتر "هەبیت" (become) بۆت دەردەکەوێ یەکێک لەو شتانەی کە دەشێت شەڕی لەگەڵ بکەی، ئەو بنەوا ئایدیۆلۆژیک و ڕەقانەیە کە ئایین و سیاسەت تێیدا دروست کردووی، بۆیە کاتێک تۆ وەک بوونەوەرێک یەکەم پرسیاری ژیانت بۆ دروست دەبێت، یان یەکەم چێژ و سیحری ژیان و بوون دەتحەپەسێنێت. لەو ساتەدایە شوناسدۆزی و شوناسخوازی لە ناختدا چەکەرە دەکات، ئەمەش شتێک نییە ئاسمانی بێت و تایبەت بە تاقم و توێژێکی بچووک، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤێک ڕوو دەدات کە ئاستێکی نزم لە کنجکۆڵیشی هەبێت، بەڵام گرینگ پاش ئەم ڕووداوەیە. گرینگ درێژەدان و صەیرورییەت (become) و هەبوونەکەیە و دواتر گەیشتن بە ئاستێکی زمان و ئەکتیکاڵ کە تەعبیری لێ بکەیت و بیگێڕیتەوە، کاتێک لە سەرەتاوە ئەم خواستی شوناسدۆزی و شوناسخوازییە بە چەند خەونێکی بچووکی سیاسی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی گرێ درایەوە ئەو کات هەر کەسێک لەم صەیرورییەت و هەبوونەدا ڕزگاری نابێت، بۆیە مرۆڤی ئێمە یەکەم شتێک وەک بوونەوەر و ناسکارێک لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە پرسیار نییە، بەڵکو وەڵام و کۆمەڵێک ئایدیایە کە بەتاڵە لە هەر جۆرە گومان و تەژییە لە هەموو حەماسەت و بەرتەسک کردنەوەیەک، لێرە دایە کە تێ دەگەین قسەکردن لەسەر شوناسی مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردی، چەندە سەخت و ئەستەمە و چەندە دەبێ لەسەر ڕەهەندانی جۆراوجۆر کار بکەین، چەندەش دەبێت زانیاری کۆن و نوێمان لەبەر دەست بێت. شوناس لە ئێستای بوونی مندا هەوڵ و ئارەزوو (desire)یەکە بۆ نزیکبوونەوە و فامی مرۆڤێکی جیهانی. مرۆڤێک کە ئازادە لە ئایدیۆلۆژیا بۆرۆکراتیکەکان، جا چ پەرلەمان و شارەوانی بێت، یان خوێندنگە و زانکۆ بێت. ئازادییەک کە دەشێت ڕێز بۆ دەنگ و بەرهەمی ئەوانیش دابنێت، شوناس بۆ من ئارەزوویەکە، توانستێکیشە نەک بۆ ڕزگاری، بەڵکو مانا بەخشین بە ژیانێک لە سەدەی بیست و یەکدا کە لە گێژەنی ملیۆنان مایکرۆ حەقیقەتدا دەسووڕێتەوە.

شوناس بۆ من فامی ژیانە بۆ تێگەیشتن لە مەرگ لە ڕێگەی"زمان" و «نازمان»ـەوە. زمان لێرەدا بۆ من ڕووبەرێکی بەرین لە خۆ دەگرێت، هەروەک چۆن «نازمان»یش وایە بۆم (لانی کەم زمان و نازمان لە پێوەندییەکی قووڵی چەند لایەنەدان و زمان فۆرمێکە بۆ فامی جیهان و نازمان و ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی زمانن) زمانی کوردیش زمانی خەون و ختوورە و زام و ڕق و بوغز و حەزەکانی ئێمەیە و ناشێت لە قەوارەیەک بە دەر لەم زمانە زۆر بە قووڵی بژین. دیارە مەبەستم ئەوە نییە ئێمە ناتوانین بە زمانی تر بیر بکەینەوە و ڕوانینمان بگۆڕین و گەشەی پێ بدەین، بەڵکو باسم لەسەر ئەو ڕۆڵەیە کە زمانی زگماک لەسەر شوناسدۆزی هەر لە لانکەوە تا دواترا هەیەتی... بەتایبەتی ئەو سەردەمەی منداڵی و حەوت ساڵی سەرەتا کە ئێمە لە چڵەپۆپەی فێربوونی زماندایین... تا ئێستاش بۆ من وشەی (دایک) دەلالەت و هەست و سۆزە واتاییەکەی جیایە لە وشەی mother، یان وشەی (مادر)، یان وشەی (ام)...تاد ئەم تێڕوانینە گشتییەم بۆ پێوەندی لەگەڵ زمانی مەحوی و نالی تا وەفایی و هێمن هەر وایە، واتە بۆ من زمان تەنیا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، یان توخمێکی نەتەوەیی، یان کۆمەڵێک نیشانە وەک سوسێر دەڵێت نییە، بەڵکو لە پاڵ ئەمانەشدا خانە و فۆرمێکە بۆ بوون و ئەزموونێکی دیاردە ناسانە (phenomenology) کە دەشێت لە ناو هەر زمانێک و

بە پێی ئاستی گەشە و نەشەی مێژوویی و ئایینی و زانستی و فەلسەفی خۆی هەیبووبێت، لە دواجاردا ئەوە دەڵێم شوناس بۆ مرۆڤ شتێکی لێبڕاو و پێگەیشتوو نییە، بەڵکو ئارەزوویەکە بۆ فام و بالاکردنی "خود" (self)، ئەگەرچی هیچ ئاسمان و زەمینێکیش نەیگرنە خۆی. بەڵێ، وەهای گوت زەردەشت.

* حەوتەنامەی سۆران یەکێک لەو بلاڤۆکانە بوو کە بە پێی تەمەنی کورتی توانی ئاوڕ لە کۆمەڵێک بابەتی فیکری و مەعریفی بداتەوە کە سەرنجی دەموچاوە دیارەکانی بواری فیکر و نووسینی ڕۆژهەلات، تەنانەت باشووریش بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، وەک سەرنووسەری ئەم حەوتەنامەیە، باسی ئەزموونی کاریتان بکەن و چۆن بوو دەستتاندایە بلاوکردنەوەی ئاوا بلاڤکراوەیەک و چۆن ئەم ئەزموونەتان دەنرخێنن و هەڵدەسەنگێنن؟

– ڕاستییەکەی هەروەک خۆشتان وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو حەوتەنامەیە (کە بە داخەوە تەنیا چوار ژمارەشی لێ دەرچوو) باش ئەوە دەزانن کە کارکردن لە ڕۆژهەلاتی کوردستان چ لەمپەرگەل و کۆسپگەلێکی لەبەردەمە، هەر لەڕووی کولتوورییەوە بگرە، تا لایەنی کۆمەلایەتی و سیاسی، پێم خۆشە لێرەدا ڕوونکردنەوەیەک بدەم، ئەویش ئەمەیە کە ئەو حەوتەنامەیە لە ژێر ناوی حەوتەنامەی سۆران (ستافی پارێزگای کرماشان) بلاوبووەوە، جیا بوو لە ڕێباز و ناوەڕۆکی حەوتەنامەی (سۆران) کە ناوەندەکەی سنە بوو، ئەگەرچی لە ڕووی یاساییەوە ئێمە لۆگۆ و ڕێی ئەومان پێدرابوو، بەلام وەک ڕێباز و تێڕوانین ئەم چوار ژمارەیەمان بە جیا و دوور لەوە دەرکرد، پاش ئەو چوار ژمارەیەش وەک خۆت ئاگاداری، بواری بلاوبوونەوەیمان پێ نەدرا، ئەگەرچی لایەنێکیشی ماددی بوو. لەبارەی ڕێباز و ئەو تێڕوانینەی کە بەسەر (سۆران)دا زاڵ بوو دەتوانم بلێم کە هەوڵ درا وێنا و ڕوویەکی جیاواز لە کولتوور و زمان و فیکری کوردی بخرێتە ڕوو، ژمارەی یەکەم لەسەر چەند تەوەری وەک زمانەوانی، مێژوو، فەلسەفە و ئەدەب کاری کرد بە تێڕوانینێک بۆ کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە و زمانی کوردی، جا ئەمە چ لە باشوور بێت، یان ڕۆژهەلات، یان باکوور، ژمارەی دووەمیش چەند پرسیارێکی لە ژێر مژاری"ئەنفال لە نێوان تەنگژەی گێڕانەوە و کرداری حەپەسان دا" خستە ڕوو. پرسیارانێک لە بارەی کارەسات و ماناکانی، هەروەها کێشەکانی فامکردنی کارەسات لای ئێمە و باسێک لەسەر پرۆفیسۆر محەمەد کەمال. تێڕوانینێکی بنیادیانەی ڕێبوار سیوەیلی بۆ مێژوو، هاوکێشەی کورد و میتافیزیک لە بوومەلەرزەی وان و چەندان بابەتی ئەدەبی- فەلسەفی دیکە بوون. ژمارەکانی سێ و چواریش هەروەک ئاگادارن بە هەموو لەمپەر و کێشەکانمان هەر بەم ئاراستەیەدا ڕۆیشت، ئاراستەیەک کە لە بەشێکی گرینگیدا فۆکۆسی خستە سەر کرماشان و ئیلام وەک دوو پارێزگای کوردزمان و خاوەن کولتووری لە مێژینە، بەهەر حاڵ بێ گومان هیچ هەوڵ و کارێک بێ بەری نییە لە ڕەخنەکردن و ئێمەش بە ڕادەی توانست و ئیمکانیات ئەو کارەمان کرد و لە لاوازی و خاڵە سەرکەوتووەکانی بەرپرسین! بەلام وەک خاڵی کۆتایی و زۆر گرینگی پەیوەست بەم پرسیارەوە، دەشێت بلێم ئەگەر بڕیار بووایە ئێستا (سۆران) دەربکەین، تێڕوانینم بۆ بابەت و تەوەرەکان هەر ئەوە نییە کە ئەو دەم لام ئامادە بوو.

* لە ئاوا بارودۆخێکدا کە بەشێکی زۆری هەوڵەکان لە بابەتی زمانی کوردی بۆ وەرگێڕان تەرخان کراوە و ئێوەش یەکێک لەو کەسانەن کە بەشێکی تایبەتی هەوڵەکانتان بە وردی لەسەر داتاشین و ڕۆنانی وشەی تازە بۆ چەمک و ئیدیۆمە فەلسەفی و ئەدەبییەکان بووە، چۆن ئەم مژارە هەڵدەسەنگێنن و دەیخوێننەوە؟

– ڕاستییەکەی ئێمە دەشێت لەو ڕوانینە نەریتی و کلاسیکەی کە بۆ وەرگێڕان هەیە دوور بکەوینەوە، وەرگێڕان چەشنێکە لە کراوەیی بە ڕووی جیهاندا لە ڕێگەی خودێکی زمانییەوە، فۆرمێکە لە بیرکردنەوە، شێوازێکە لە بوون...لای ئێمە هێشتا وەرگێڕان قۆناغی سەرەتایی خۆی دەبڕێت بە چەند هۆکار:

**یەکەم:** ئەوەی کە زۆربەی ئەو وەرگێڕانانەی کە دەکرێت لە زمانی سەرەکییەوە نین تا ئەزموونێکی ڕەسەنی فیکری و زمانی بە تۆخی دەقە سەرەکییەکە ڕوو بدەن.

**دووەم:** ئەمەی کە وەرگێڕان کراوەتە پرۆژەی چەند دەزگا و لایەنی دیاریکراوە، پێویست ناکات ئێمە کە زنجیرە هەوڵێکی فیکری و فەلسەفی وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی، هەمووی لە ژێر سەرپەرشتی و چاوەدێری یەک، یان دوو لایەن بێت. ئەمە وەرگێڕان قەتیس دەکات و پێم

وایه بوونی ئەم حاڵەتەش بۆ هاوکێشەیەکی گشتی کۆمەڵگا و پێکهاتی کۆمەڵگای کوردییەوە دەگەڕێتەوە کە دەنگ و ڕەنگی جێگەیەکی وەهای بۆ پێناسە نەکراوە، واتە هەر هەمان سیستمی تاکپەرستی و وەحدانییەتێکی زەمینی زاڵە نەک دیموکراسی و فرەدەنگی.

**سێیەم:** ئەوەی کە وەرگێڕان تەنیا پێکهاتوو نییە لە کۆمەڵێک تەکنیک بۆ گواستنەوەی مانا و دەرەوەست بوون بە دەقی سەرەکی، بەڵکو وەک وتم کرانەوەیەکیشە، بیرکردنەوەیەکیشە و لە دواجاردا ڕاڤە و لێکدانەوەیەکە لە ڕێگەی خودی وەرگێڕ و زمانی خودی وەرگێڕ نەک زمانی نەتەوە، یان کۆمەڵگەیەک کە ئەو وەرگێڕە تێیدا دەژی، واتە زمانی وەرگێڕ دەشێت بە شێوەی بنەڕەتی پێکهاتوو لە فۆرم و بیچمی زمانی کۆمەڵگەکەی بێت، بەڵام لەو پێکهاتە و لەو فۆرمەش بەرتەسک و بچووک ناکرێتەوە.

هۆکاری دیکەش ئەوەیە کە زۆرترین ئەزموون لە ناو زمانی کوردیدا هەم لە ڕووی نووسین و بە پێی ئەوەش لە جیهانی وەرگێڕاندا پانتایی ئەدەب، بە تایبەتی شیعر و ئەم ساڵانەی دواییش ڕۆمان بووە بە زۆری، ئەگەرچی دەقی مێژوویی و کۆمەڵناسانەش وەرگێڕدراون و وزە و توانست و جمشتەکانی ناو زمانی کوردی بڕێکی باش ئازاد کراون، بەڵام هیچ خەبەرێک لە دەقی بیرکاری، کیمیا، زیندەوەرناسی و زانستە سروشتییەکان بە گشتی لە ئارادا نییە، هەر چەند فرەش هەژار نین لەم وەرگێڕانانەدا، چەشنێک لە ناوەنددانان بۆ دەقی زانستە سروشتییەکان لە دنیای وەرگێڕاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە ئەم زانستە و باڵەکانی لە بزۆکی و جمشت بەخشین بە زماندا هەیەتی، هەڵبەت لە پێوەندییەکی دیالێکتیکی کە لەگەڵ زمانی ئەدەب (شیعر) و زمانی سروشتیدا دروستی دەکات، واتە ئەگەر بە ڕوانینە (ڕیکۆر)ییەکەی چاو لەم باسە بکەین، زانستە سروشتییەکان هەڵگری ڕوانینی حەقیقەتخوازانە بە واتە بەرهەستەکەین و ئەو زاراوە و چەمکانەش کە پەیوەست بەم ڕوانینە و دۆزینەوەکانیان بەرهەمی دەهێنن، هەڵگری چەشنێک لە ڕەهاخوازی و نادەرهەستی هەن، ئەمە بۆ هەموو زمانەکان وەهایە، بەڵام تەنیا کاتێک پێگەی خۆی دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ زمانی شیعر لە پێوەندی و دانوستانی بەردەوامدا بێت و زمانی شیعریش دەرهاوێشتە و بەری زمانی سروشتی کە هەم یاسای نەگۆڕی هەیە و هەمیش کۆمەڵێک یاسای بزۆز و نادیاری هەیە کە ڕێژەمەندی زمان دەسەلمێنن، واتە لەم هاوکێشەیەدا سێ چەشن و فۆرمی بوون لە زمان ڕۆڵ دەگێڕن. یەکەم زمانێکی سروشتی کە بە شێوەی هێزەکی و کردەکی هەڵگری زمانی شیعر و زانستی سروشتیشە و چارەنووسی کۆی زمان وەک ئەزموونێکی مەعریفی و زانستی و بووناسانە لەم هاوکێشە سێیانەیەدا ڕەقەم دەدرێت، ئەو کارە وەرگێڕانانەی کە من کردوومە، هەم لە قەوارەی کتێبێک بە ناوی فەلسەفەی کامو نووسینی ڕیچارد کامبێر (وەرگێڕان بۆ فارسی، خەشایار دەیهیمی)و چەند وتاری دووروودرێژی فەلسەفی - ئەدەبی کە دەبن بە کتێبێک و بە زوویی بڵاو دەبنەوە، هەمووی پێم دەڵێن وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی واتا نییە تەنیا گەیاندنی پەیام بە واتا کلاسیکەکەی نییە، وەرگێڕان ئازاد کردنی کۆمەڵێک وزە و توانستی زمانییە کە دەشێت زمانە سەرەکییەکەش نەیبێت، بۆیە وەرگێڕان کرانەوە و بیرکردنەوەیە تا هاوتاسازییەکی میکانیکی و پۆزیتیڤیستیانە، هەر چەند دەشێت لە کاتی وەرگێڕاندا هەموو ئەم شتانە و زۆر شتی تریشمان لە بەر چاو بێت، لە دواجاردا دەڵێم وەرگێڕان ئەزموونێکی ترە لە نووسین.

* پێتانوایە ئەو هەوڵانەی تا ئێستا لە بابەت زمانی کوردی بۆ ناساندن و گەشەپێدان لە ڕووی فەلسەفی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و میتۆلۆژییەوە دراوە کە ئەوڕۆ یەکێک لە تەوەرە گرینگەکانی بواری زانستە مرۆییەکان پەرژان و ئاوڕدانەوە لەم بوارەیە چۆن بووە و خوێندنەوەتان بۆ ئەم بوارە چییە؟

- ڕاستییەکەی وەڵامی ئاوەها پرسیارێک ئاسان نییە و لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێ، ڕەنگە ئەگەر دەسەڵاتمان هەبایە (دەسەڵات مەبەستم فۆرمێکە لە دەسەڵاتی زانستی و فیکری کە کەمترین ئامادەیی هەیە چ لە هەرێم و چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بە دامەزراندنی بنکە و لیژنەیەکی پسپۆڕانە بمانتوانیبایە هەڵسەنگاندن بۆ هەموو ئەو وەرگێردراو و نووسینانە کە لەو بوارەدا کراون تا چەند وەڵام و شیکارییەک بدۆزینەوە، بەڵام من وەک خوێنەرێکی ئەو دەقانە، ڕام وایە کە بەشێکی زۆر کەمی ئەو هەوڵانە (زۆرتر وەک وەرگێڕان و مەبەستم دەقی

وەرگێڕدراوە) سەرکەوتوو بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار:

١- زۆربەی دەقە وەرگێڕدراوەکانی ئێمە لە زمانی سەرەکی، واتە زمانی ئۆرژیناڵ و یەکەمەوە نییە، کاتێک ئێمە لەو بوارانە، واتە زانستە مرۆییەکاندا ئیش دەکەین، یەکەم شتێک کە دەبێت وەک وەرگێڕ بیزانین، ئەوەیە فیکر و ئەندێشە بە سانایی لە زمانێکە ناگوێزرێتەوە بۆ زمانێکی دیکە، کاتێک ئەندێشە و ئایدیایەک بە ناو پێکهات و فۆرمی دوو زمان، یان سێ زماندا تێپەڕێت، ئەگەری زۆر هەیە لە واتا، یان بەشێک لە مانا و وێناکانی دوور بکەوێتە، بەڵام کێشەکە تەنیا لێرەدا نییە و ئەمە تەنگژێکە و هەیە، تەنگژەی سامناک ئەوەیە زۆرێک لە وەگێڕەکان، تەنانەت بەسەر زمانی مەبەست، واتە زمانی کوردی و ئەو زمانە زاڵ نین کە دەقەکەی بۆ وەردەگێڕن! ئەمەی کە چۆن بەرهەمەکان چاپ دەبن و بڵاو دەبنەوە یەکێکە لە پرسیارە ئەفسووناوییەکانی ئەم دەڤەرە! بەڵام من خۆم پێم وایە لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات وەرگێڕان و نووسین کەوتووەتە داوی بازنەیەکی داخراو و هاوکێشەیەکی ناتەندروست لە سیستمی بازاڕ، سیستمی فرۆشتنی کاڵا بە خوێنەرانێک کە زۆر کەم ماهییەت و جنسی کاڵاکان دەناسن، گرینگ خودی هەبوونی ئەم سیستمە نییە، بەڵکو گرینگ چۆن بوونێتی، کاتێک من دەزانم کتێبێک کە لە فارسی وەردەگێڕدرێتە سەر کوردی و لە باشوور چاپ دەبێت و بەراوردی دەکەم لەگەڵ دەقە فارسییەکەیدا لە نزمترین ئاستدا مەعریفە و ئایدیا و چەمکەکان گوازراونەتەوە، یان وەرگێڕ هیچ ڕوانگەیەکی بۆ زمان و وشەڕۆنان و هاوتاسازی زانستی (لانی کەم وەک تاک) نییە و تەنانەت پڕیشە لە هەڵەی ڕێنووسی و تایپی.

٢- هۆکاری تر ئەوەیە کە کوردستانی باشوور تەنگژەی تایبەتی خۆی هەیە چ وەک کولتوور و چ وەک دەسەڵات و پێوەندی نێوان ئەم دوو پانتاییە، ڕاستییەکەی کتێبی فارسی کە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ نرخێکی مەعریفی و فیکری، تەنانەت ئەدەبیشی نەماوە بە لێشاو چاپ دەکرێت و بە لێشاویش لە باشوور پێشوازی لێ دەکرێت! ئێمە هێشتا لە هەژارییەکی گەورەی فیکری و کولتووریدا دەژین و لەم ڕووبەرەش ڕەنگی داوەتەوە، گومانی تێدا نییە کە زمان و کولتووری فارسی خاوەن مێژوویەکی بەرینە و دەوڵەمەندە، بەڵام ئایا نابێت ئێمە هەنووکە و دۆخی زەمانی و کراوەیی کولتوورەکان لە پانتاییەکی فراوانتردا بخوێنینەوە و ببینین؟ تاکەی دەبێت لە ژێر کولتوور و زمان و پێکهاتی فیکری سێ زمان واتە (عەرەبی و فارسی و تورکی)دا بین؟ ئەو کولتوورانەی کە لە هەر یەکێک لە بەشەکانی کوردستان واتایەکی هەیە، کولتووری فارس بۆ کوردێکی ڕۆژهەڵاتی واتایەکی هەیە و بۆ کوردێکی باشووریش واتای تری هەیە کە جیاوازە، ئەگەر وەرگێڕانەکان وەها بڕۆنە پێش، کوردانی باشوور ناتوانن کولتووری فارس و سامانی زمانی فارسی بە باشی بناسن، ڕاستیگەلێکی زۆر سامناک هەیە کە من هەندێ جار لە بەر سامناکییەکەی "بوون"ی ڕاستییەکەم لە بیر دەچێتەوە! ئەویش ئەوەیە کە زۆر جار دۆخێک دروست دەبێت لە باشوور کە دۆخێکی ئاسایی نییە، واتە نووسەران و دەقانێکی فارسی دەبن بە ناوەند و تەوەر کە دەمێکە مردوون و ئیتر ئەمرۆیی نین (هەر چەند واتای ئەم وشانە زۆر ڕێژەییە) چ لە ئێران و چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمەش بەشێکی بۆ بزۆزیی کولتووری فارس دەگەڕێتەوە لە ڕووی ئەدەب و فیکرەوە و بەشێکیشی بۆ ئاسۆی کولتووری نەکراوەی کوردیی دەگەڕێتەوە. دیارە هۆکار زۆرە و وەک وتم ئەم باسە لێکۆڵینەوەی بەربڵاوی دەوێت و منیش وەک تاکێک ڕوانینی خۆم باس کرد. لە بواری نووسینیشدا و ئەزموونی زمانی کوردی لەو بوارانەی کە پرسیارت کرد، کۆمەڵێک کاری جددی کراوە و من بەمانە زۆر دڵخۆشم و ئەم کارانەش نەک تەنیا لە باشوور، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتیش و بە گوێرەی توانایی و بوار جێبەجێ کراون، ئەمەش هەروەک وتم فایلێکی زەبەلاحە و بە لێکۆڵینەوەیەکی دەزگایی و سیستماتیک دەکرێت. بە هەرحاڵ بە گشتی و وەک دوا خاڵ و کۆبەندی قسەکانم بیڵێم، کاری باش هەیە و کاری خراپیش زۆرە. ئەم حاڵەتەش لە ناو ئەو هاوکێشە قووڵە تەنگژاوییەدا لە دایک دەبێت کە دەشێت لە ژێر ناوی دۆزی کورد و دۆزی زمانی کوردی ناوزەد بکرێت.

* ئەزموونی ڕۆشنبیری کوردی لە بوارەکانی نووسین و مەعریفی هەنگاوی جیاوازی هەڵهێناوە و لەم نێوانەشدا کتێبخانەی کوردی لە بوارە جیاوازەکانی زانستە مرۆییەکاندا خەریکی کاری بەردەوامە، ئێوە وەک

کەسێکی نووسەر و بەدواداچوونی بوارەکانی نووسین و وەرگێڕان، چۆن چاو لەم ئەزموونە دەکەن و پێتان وایە تا چەندە توانیویەتی سەرکەوتوو بێت؟

– هەروەک لە پرسیارەکانی پێشووتریشدا تیشکم خستە سەری، دۆزینەوەی ئەم وەڵامانە ئاسان نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کۆمەڵێک هەوڵی باش دراون و پڕ دەسکەوتیش بوون، دەسکەوت بەو واتایەی کە دەتوانرێت وەک قۆناغێک بەرەو پێشەوە و لەهەندێ بواردا بخوێنرێتەوە، ئێمە بۆ وەڵامی هەر کام لەم کتێبانە دەتوانین کتێبێکی لێکۆڵینەوەیی بنووسین، چون وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ئاسۆیەکی مێژوویيدا دەخەملێت و ڕوانینێکی شیکاریشی پێویستە و بە داخیشەوە زۆر شوێنیشی شەقڵ نەشکاو و بیکرە، ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە دەبێت ئاگادار بین کە ڕووبەڕووبوون لەگەڵ هەر پرسیارێکی لەم چەشنە بە یەک تاکەکەس ناکرێت و ئێمە دەبێت فێری ئەمەش بین کە وەڵامی فرە بۆ پرسیارەکان بە مومکین بزانین، پەیوەست بە وەڵامی منیش بۆ ئەو پرسیارە دەشێت بڵێم ئەگەر وەک مێژووی دیارمان چاو لە دەق و چالاکە نقیسارییەکان بکەین (چون بەشێکی زۆر لە مێژووی کۆنی ئێمە نادیارە و لە خانەی ئەگەر و ئۆگردایە)، ئەوە لەسەدەی بیست بەم لاوە کار و چالاکی باش کراوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ پێشکەوتووتر بووە و باشتر درەوشاوەتەوە، ئەگەرچی بە بەراورد بەو دۆخەی کە ئێمەی وەک کۆمەڵگایەکی"زمانی" و کولتووری تێدا دەژین، کاری زۆر نەکردە ماوە و کاتێکیش زمان و کولتوورێک لە سەردەمی جیهانگیریدا نەیتوانی باش خۆی لەگەڵ دۆزی جیهاندا بگونجێنێت، تووشی کۆمەڵێک تەنگژە دەبێت، لای من تەنگژە خراپ نییە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵیدا دیاری دەکات باشە، یان خراپ؟ دواتر ئەگەر باسی زمانی فەلسەفە و زانستیش بکەین، وەک دیارە ئێمە لەو ڕەهەندەوە زۆر لاواز و هەژارین، ئەگەرچی شتێکمان هەبووبێت بە زمانی شیعر، یان پەخشان و حیکایەت و دواتر ڕۆمان باس کرا بێت و هەندێ فایلی فەلسەفی و بە ڕادەیەکی زۆر کەم زانستی خستبێتە ڕوو، ئێمە ئێستاش دیارە لێمان کە بۆ نموونە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس باشتر باسی هەڵچوون و داچوون، یان جەزر و مەدی زەریامان بۆ دەکات، هەروەک لە شیعری مانگ و زەریادا دەبینن، یان غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵی بەختیار عەلی، باشتر باسی پێوەندی نێوان واقیع و حەقیقەت و خەیاڵ و فیکرمان بۆ دەکەن، واتە ئێمە هێشتا خاوەنی ئەو زمانە زانستی (science)یە نین کە باسی ئەتۆم، یان گەردیلە (ذرە)، یان کیمیا و فیزیا بکات، ئەمە بەو واتایە نییە زمانی کوردی لەم بوارانەدا هەر بەتەواوەتی دۆش داماو و بێ دەسەڵاتە، بەڵکو پرسەکە دەگەڕێتەوە سەر کارکرد و کارابوون لەو بوارانە دا، ئێستا کتێب هەیە کە لەسەر بیرکاری، فیزیا، کیمیا، بایۆلۆژی، زیندەوەرناسی و...تاد نووسراوە، بەڵام لە ڕووی کۆنتێکست (context) و بەستێنی دەقی و زمانییەوە، ئێمە هێشتا لە پلەیەکی نزمداین، خەڵک حەزی بە مانگ و زەریایە تا لە جەزرومەدی زەریا تێدەگات و خوازشت و ئارەزووی بۆ زانست بە واتا تایبەتییە سروشتییەکەی و بە واتە مرۆییەکەشی لە ئاستێکی نزمدایە، واتە ئێمە کاتێک لەم گۆشەنیگایەوە باسی زمان و زانست و مەعریفە و فەلسەفە دەکەین ناشێت "زمان" وەک دوورگەیەک، یان وەک پرسێکی بەتەواوەتی ئابستراکت (Abstract)، یان دەرهەست چاو لێ بکەین، یان وا پێناسەی بکەین، بەڵکو دەشێت بە شێوەیەکی زەق لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی زمانیشمان لەبەرچاو بێت، واتە لەم ڕووەوە زمان بە تەواوی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناشێت تەنیا خانەیەک بێت بۆ بوون و هەبوونی تاک.

* یەکێک لەو بوارانەی کە ئێوە بە چڕی ئاوڕتان لێ داوەتەوە و کاری لەسەر دەکەن ڕاڤەکاری و خوێندنەوەی فەلسەفی و مرۆڤناسانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە کە تا ئەو جێگەیەی ئاگادار بم و بە دوادا چوونم بۆ کردبێت، ئەم تەوەرە کەمترین کاری لەسەر کراوە و ئاوڕی لێ دراوەتەوە، دەکرێت بە وردی هۆکاری پەرژانە سەر ئەم بابەتە باس بکەن و دەلاقەی ڕوانینی خۆتان بۆ ئەم بابەتە بخەنە ڕوو؟

– بەداخەوە ئێمە هەمیشە لە پێوەندیمان بە مێژوو (بە ڕەهەندی زمانی و ڕووداوی و شیکارییەکەیەوە) پێوەندییەکی نۆرماڵ و لەسەر بنەمای عەقڵ و هزر نەبووە، چەمکی"دابڕان" و "لەیادکردن" دوو چەمکن کە ڕووبەری مێژووی ئێمەیان بەزۆری داپۆشیوە، کاتێک "دابڕان" و "لەیادکردن" یەک بگرن ئەوکات بۆشایی و تەنگژەی شوناس لە سامناکترین حاڵەتەکەیدا دێتە

ئاراوە، ئەمەش دۆزی کوردە، هێشتا نالی و مەحوی تەنیا کتێبی دوو شاعیری گەورەن کە خەڵک بە چێژەوە دەیانخوێننەوە و هیچی تر، هێشتا وەفایی و خانای قوبادی بە شیاوی نەناسراون، هێشتا مەولەوی تاوەگۆزی هێمای بلیمەتی نەتەوەی کوردە و تەنیا وەک حەماسەت و شانازی باسی لێ دەکرێت (کە بێ گومان حاشا لەو هەستە ڕاستەقینە و دروستەش نابێ بکرێت) لە حاڵێکدا کەمترین خوێندنەوە و قووڵبوونەوەی ئەدەبی و فەلسەفی لە دنیایاندا کراوە، هێشتا بەشێکی زۆر لە نووسەرانی کورد ئەوەندەی بە حافزی فارسی سەرسامن، ئەوەندە (نالی)یان نەخوێندووەتەوە، ئەوەندەی (نازک مەلائیکە و نیما ) لایان تایبەتە، ئەوەندە (گۆران و سوارە) پێیان تازە و تایبەت نین، ئەمەش درێژەی ئەو دابڕان و لەیادکردنەیە کە بەدەرە لە دیسکۆرسێکی کلاسیکی نەتەوەپەرستی، واتە مەبەستم ئەوەیە مەحوی، نالی، وەفایی، خانای قوبادی و مەولەوی تەنیا شاعیرانێک نین کە لەسەردەمێکدا دیوانە شیعرێکیان وتبێت بۆ نەتەوەیەک بە ناوی کورد و ئیتر وازیان هێنا بێت و تەواو! بەڵکو لای هەر کام لەم شاعیرانە "زمان و شیعر و بوون" بە فۆرمێکی تاکەکەسیانەی خۆیان و لە قەوارەی بوونێکی کۆیی (زمانی کوردی)دا ئەزموون کراوە، دەبێت ئێمە دنیای ئەم شاعیرانە بچەمکێنین، وشەکانیان دابڕێژینەوە، چەمک و زاراوەکانیان بگوازینەوە بۆ بوارەکانی تری زمانی کوردی، ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە بەشێکی زۆر دەوڵەمەند لە ئەدەبی کوردی و لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەر نەناسراوە، بە تایبەتی لە کرماشان و ئیلام، دەتوانم بە جورئەتەوە بڵێم کە ئەو بوونەوەرە زمانییەی کە لە ڕووبەری شیعری ئەدەبی کرماشاندا هەیە، بوونەوەرێکی یونیفێرساڵ و جیهانییە، شاکە و خان مەنسوور تا غولامرەزاخانی ئەرکەوازی و هەموو ئەو سامانەی ئەدەبی زارەکی و نووسراوەن کە هەموو فۆرمەکانی هونەر و شێوازەکانی دەربڕین و پێکهاتە زەنگین و دەوڵەمەندەکانی فۆلکلۆری کرماشان بۆ من فاکتەری گرینگن بۆ ڕەسەنایەتی (originality) لە ئەزموونی مرۆڤێک کە موعانات و داڵغەکانی سەرووتر لە جوگرافیای خۆی بووە، بەهەر حاڵ ئەمە باسێکی زۆر دووردرێژ و لە هەمان کاتیشدا هەستیارە کە لێرەدا هەر ئەوەندە دەکرێت لەسەری بڕۆم.

* پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان یەکێک لەو شارانەیە کە بەشێکی زۆری زمان و زاراوەکانی کوردی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە، هاوکات ئایینی یارسان کە دەقی دەفتەرەکانی بە زمانی کوردییە و گێڕەرەوەی بەشێکی گەورەی ڕوح و شوناسی گەلی کوردە، پێتان وایە کرماشان لە ڕووی زمانی و کولتووری چەندە بۆ ئێمەی کورد جێگەی سەرنج و بایەخ بووە؟

– هەرچەندە وەک لە سەرەوەش ئاماژەم پێ دا بەشی هەرە زۆری مێژووی ئێمە لە شاراوەیی و سێبەردایە و هێشتا ونە، دیارە ئەمە مێژوونووسی و میتودی داهێنەرانەی دەوێت کە تیشک بخرێتە سەرسێبەرەکان، بێ گومان کرماشانیش بێ بەری نییە لەم ونبوون و بەسێبەربوونە، بگرە زۆرتر لە هەر شوێنێکی کوردستانی گەورە لە ژێر خەستی و چڕیی سێبەرەکەدا ون بووە، ئەمە ئەگەر ناوەند و چەقی شۆڕش و بزووتنەوە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد چاو لێ بکەین، باشتر لە مەبەستەکە دەگەین، هەرچەند کرماشان کاتی خۆی مەڵبەندی شۆڕشی سەنجابییەکان بووە و زۆر ڕەوت و ڕابوونی کولتووری تێدا لە دایک بووە، بەلام پاش سەرکوتکردن و لە ناوچوونی جموجوولەکانی ئەو ناوچەیە، ئیتر ناوەند و چەقی چالاکی و ڕابوونەکان بەرەو ناوچەکانی سەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕۆشتووە و لەوێدا چەقگیر و جێگیر بووە، ئەمەش وەک وتم بووە هۆکاری ئەوەی کە لایەنی ئەدەبی و زمانی و سامانی گەورەی فۆلکلۆر (هەر لە شیعر و چیرۆکەوە بگرە تا هەڵپەڕکێ و کایە کردنە جۆراوجۆرەکان) و ڕووی کولتووری و زۆر شتی بخرێتە پەراوێزی "لەیادکردنەوە" و کرماشان تەنیا بە شوێنێکی ستراتیژی و جوگرافیایەکی دەوڵەمەندی کانزایی و سیاسی چاوی لێ بکرێت! جا چ لە لایەن کوردەوە بێت، یان ئەوی دی کوردەوە! کارەساتەکە ئەوەیە کە کوردیش وەک ئەوی دی چاو لە کرماشان دەکات، واتە شوێن و جوگرافیایەکی ماددی ستراتیژیک و شوێن بایەخ لە هاوکێشە سیاسی و ئابوورییەکاندا!، بەلام لایەنی مێژوویی و ئەدەبی و زمانی ئەو لایەنەیە وەک بقە ماوەتەوە و هێندە دەوڵەمەند و ڕەنگین و پڕ ئەزموونە کە تەنانەت من ناوێرم ئاماژە بە بەرینییەکەشی بدەم! چوون باسێکە ئەگەر کرایەوە بە ئاسانی نابەستێتەوە! ئەمەش میراتی بە

بڤەکردنی کولتوور و زمانی کوردییە لە یادەوەری کۆییماندا کە بە شێوەی قووڵ هەڵپێکراوە بە "لەیادکردن" و تەنگژەوە! بەهەر حاڵ بۆ ناسینی کرماشان لە رووی کولتووری و فرەزاراوەیی و زەنگین بوونییەوە ئێمە پێویستمان بە لیژنە و سەنتەری لێکۆڵینەوەیی هەیە و بە تاک و تووک و لێرە و لەوێ ئەم رووبەرە گەورەیە بەرادەی شیاو ناناسرێت، ئەمەش ئەرکێکە کە دەسەڵات دەبێت یارمەتیدەری بێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کام دەسەڵات؟! دەسەڵات لە کوێیە؟ چەندان ساڵە ئەم پرسیارە لە زەینمدا ئامادەیە و ئیتر نائومێد بووم لە وەڵام وەرگرتن، بۆیە بەرادەی توانایی خۆم و برێک هاورێ کاری لێ دەکەین، بەڵکو دەسەڵاتێک دروست بکەین!

* ئێستا کە بەشێکی زۆری هەوڵەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی بەشی خوارووی رۆژهەڵات لەسەر وەرگێران چڕ بووەتەوە بەشێکی فرە و فراوانی سامانی فۆلکلۆریمان بەرە و لە ناوچوون دەچێت و ئاورێکی شیاویان لێ نادرێتەوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم بابەتە چییە و پێتان وایە دەبێ لەم پێناوە چی بکرێت؟

– راستییەکەی لەو ناوچانەدا، واتە دوو پارێزگای گەورەی کرماشان و ئیلام نەک هەر فۆلکلۆر لە مەترسی لەناوچووندایە، بەڵکو بەشێکی زۆر دەستنووس و نوسخەی خەتی لە شاعیرانی پێش ماونەتەوە و هێشتا تۆز لێیان دەدات، واتە ئێمە لەگەڵ رووبەرێکی شەقڵ نەشکاو و بیکردا بەرەو رووین و چالاکی و زەحمەتی زۆری دەوێ تا ساغ بکرێنەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە ئێمە لەگەڵ هەژموونی و هەیمەنەی کولتووری زاڵ و دەسەڵاتداردا لە لایەک رووبەڕووین و لەم لاشەوە لەگەڵ روانینێکی دواکەوتووی کۆمەڵگەی کوردی بۆ نووسین و دەق و کۆکردنەوە، کۆمەڵگای ئێمە هێشتاش پێیان وایە دەبێ نوسخە خەتی و دەستنووسەکان لەسەر رەفەکان بێت و دەستی لێ نەدرێت و یادگاری کۆنی باووباپیرانە! لێرەدا تێ دەگەین بۆچی کورد بەردەوام هەڵهاتووە لە "دەرکەوتن" و ئاشکرا بوون و هەمیشە حەزی لە نهێنی و تاریکییەکی عیرفانیدا بووە کە سەر لە پیرۆزییەکی ئایینی ئاسا دەدات کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هیچ جێگە و نرخێکی نییە! ئەگەریش بگەڕێینەوە سەر باسی فۆلکلۆر، دەشێت بڵێم کە دۆستانی ئەم دەڤەرە بە هەزاران چیرۆک و شیعر و حەکایەتی کۆنیان لە پیرەپیاوان و پیرەژنان تۆمارکردووە و خەریکی تایپ کردنین، بەڵام کێشەی هەرە گەورە نەبوونی ئیمکاناتی چاپ و بڵاو کردنەوە لە ئێرانە، لەم دۆخەی هەرێمیشدا کە هیوایەک بەدی ناکرێت! بۆیە دەشێت بڵێم: هەر سەرسەراوی سەیرانی دیری.

* لە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک لە نووسەران و رۆشنبیران گۆڤارێکیان بە ناوی زمانەوان بڵاو دەکردەوە کە تێیدا هەوڵی جوان و زانستی لە ناساندن و شێوازی زانستی وشەسازی و وشەرۆنان بۆ زمانی کوردی و پرسی زمان بە گشتی گەڵاڵە و پێشنیار دەکرا؛ لە ئەنجامدا کتێبێکی کامەران رەحیمی بە ناوی "بنەماکانی وشەسازی و وشەرۆنان لە زمانی کوردی" هەر بەو ئاراستەیە بڵاو کرایەوە کە کۆمەڵێک وشەی تازە رۆنراویش بە میتودی ئەندازیاری زمان لەو کتێبە بۆ نووسەران و وەرگێران پێشنیار کراوە، چەندە ئاگاداری ئەو جۆرە هەوڵانەن؟ وەک نووسەر و وەرگێرێک ئاوا کار و چالاکیگەلێک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

– گۆڤاری زمانەوان کە ساڵانێک لەمەوپێش بڵاوبووەوە، بەزۆری نووسەران و چالاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بابەتیان تێدا بڵاوکردەوە، هەوڵێکی جددی بوو کە ویستی برێک لەو بۆشاییەی زمانی کوردی لە جیهانی ئەمڕۆدا تێیدا دەژی و بەربینگی گرتووە، پڕ بکاتەوە، دیارە ئەوەندەی من ئاگادار بم سێ، یان چوار ژمارەی لێ دەرچوو کە لە لایەن (دەزگای ئاراس)ەوە پشتگیری کرا و بڵاو بووەوە، پێم وایە هەوڵە زمانەوانی و زمانناسییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاراستەی زانستی و فیکری خۆی هەیە و بۆشاییەکانی زمانی کوردیشیان لەباشوور پێ پردەکرێتەوە، ئەو چەند ژمارەیەی زمانەوان هەڵگری بابەتگەلی جۆراوجۆری زانستی و فەلسەفی لە بارەی زمانەوە بوو، رەهەندەکانی زمان بە گشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لە رووی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی و پێکهاتی و زاراوەسازی و هەڵسەنگاند و بەشێکی جددی لە بۆشاییەکانی خستە روو، بەهەر حاڵ خوێنەر بۆ ئاشنایی زیاتر دەتوانێت گۆڤارەکان پەیدا بکات و هەڵیسەنگێنێت، ئەو کتێبەش کە باستان کرد واتە"بنەماکانی وشەسازی و وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا" لە لایەن زمانەوان و چالاکی ئیلامی (کامەران رەحیمی)یەوە نووسراوە، دەتوانم بڵێم کتێبێکە

هەم لایەنی توێژینەوەیی تێدایە و هەم لە خۆگری چەندان ئایدیا و بیرۆکەی تازەیە بۆ دۆز و هەلومەرجی زمانی کوردی، ئەو کتێبە بەشێک لە کێشەکانی زمانی کوردی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ جیهانی نوێ بۆ وشەسازی و وشەڕۆنان باس کردووە، باسی بۆشاییەکانی زمانی کوردی لە ڕووی نەبوونی فەرهەنگ و وشەدانە جۆراوجۆرەکان دەکات و زۆر شتی دیکە، ئەم کتێبە ساڵانێک لەمەوپێش چاپ کراوە و دەمانەوێت بە دوا ویراستە و پێداچوونەوە چاپی بکەینەوە و ئەگەریش دەرفەت هەبوو لە لایەن خۆمەوە پێشەکییەکی کورتی بۆ بنووسمەوە، ڕاستییەکەی جێگەی ئەم کتێبانە زۆر خاڵییە و لەم هەولانە بۆ زمانی کوردی گەلێک پێویستن.

* چۆن لەو وشە و زاراوە تازانەی کە دێنە ناو زمانی کوردییەوە دەڕوانن؟ ئێمەی کورد لە نێو زمانی کوردی بۆ وشەیەک لە بوارەکانی زانستە مرۆییەکان ئێستا وەک نموونە بواری فەلسەفە چەندان چەمک و زاراوەی جیاواز دەبینین کە بەرانبەر چەمک و زاراوەیەکی فەلسەفی دانراوە، ئەم فرە چەمک و زاراوەییە نابێتە هۆی خەسار و پەرشوبلاوی لای خوێنەر و بەردەنگی دەقەکان، یان بە پێچەوانەوە دەرفەتی لە بارتر بۆ هەڵبژاردنی چەمک و زاراوەی گونجاوتر دەکاتەوە؟

– ڕاستییەکەی من تاڕادەیەک لەو بوارانەدا کارم کردووە و وەک خاوەن ڕایەکیش ناتوانم قسە بکەم، بەڵام لە ساڵانی پێشدا چەندان وتارم لەم بارەیەوە بڵاو کردەوە و بڕێک پەرژامە سەر ئەم تەوەرەیە، وتاری ڕووداو وەک سپێدەی داهێنان کە پێشەکییەک بوو بۆ وتارێکی وەرگێڕدراوی ئالێن بەدیۆ فەیلەسووفی فەرەنسی، وتارەکەی ئەو لە ژێر ناوی "فەلسەفە وەک فرەپاتییەکی ڤەدانەرانە"، دیارە من وا وەرمگێڕا و لە باتی داهێنەر کە زۆرێک پێشنیاریان کرد و دایاننا "ڤەدانەرم" بەکار هێناوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگە و فامی من لە فەلسەفە بەگشتی و تێڕوانینی فەلسەفی بەدیۆ بەتایبەتی و لەو وتارەدا، بۆ نموونە بۆ زاراوەی condition کە لە فارسیدا کراوە بە (شرایط) و لە کوردیشدا کراوە بە هەلومەرج، من زاراوەی "مەرجباری"م داناوە، واتە دۆخێک، یان بارێک کە مەرج بەسەریدا زاڵە، بەهەر حاڵ من لە زۆر نووسین و وتارمدا هەوڵم داوە لە پەراوێزەکانیشمدا بێت، شتێک بۆ زمان و زاراوەسازی و وشەڕۆنان ئاراستە بکەم، ئەمەش وەک نووسەر، یان وەرگێڕێک جێبەجێ دەکەم نەک شتی تر. لە وتاری "ئۆنتۆلۆژی لە شیعری نوێی کوردیدا" هەر هەمان داڵغەم بوونی هەیە و باقی وتارەکانی تریش کە سەرجەمیان لە ژێر ناوی"نیتشە بە جلی کوردییەوە!" وەک کۆمەڵە وتاری ئەدەبی–فەلسەفی بڵاو دەبێتەوە و لە ژێر چاپدایە و دوای چاپ بوونی خوێنەران دەتوانن ڕای لەسەر بدەن، من لام وایە زاراوەسازی و وشەڕۆنان "پرۆسە"یەکە کە "پرۆژە"ی دەوێت و سەرکەوتنی هەر زمانێکیش لەم ئاراستەیەدا بۆ چەند شتی گشتی دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** ئەوەی کە ئەو زمانە چەندە مێژووی کارکرد و ڕووبەڕوو بوونی لەگەڵ جیهان وەک شوێنی ژیان و بوون هەیە.

**دووەم:** توانایی ئەو زمانە بۆ ڕووبەڕووبوون لەگەڵ جیهانی مۆدێرن و پاش مۆدێرن.

**سێیەم:** ئاست و پێگەی بەرهەمهێنانی دەق بە واتا جیاوازەکانییەوە، پێم وایە کورد وەک "بوونێکی زمانی"هەم دەرفەتی زۆری لە بەردەمە و هەم مەترسی زۆریشی لەبەرە، بەهەر حاڵ ئەگەر بگەڕێمەوە سەر هێڵی سەرەکی پرسیارەکەت، دەڵێم کەڵک وەرگرتنی جیاواز لە زمان و دەربڕین، تایبەتمەندی بزۆزیانەی زمانە و دەشێت ئەگەر و وزەی زمانی بێت، کێشە نییە، واتە با ئێمە بۆ هەندێک دەستەواژە و زاراوە چەندان هاوتامان هەبێت، ئەمە ئەزموونی زمانە و دواتر پێگەی هەر کام لەو وشانە لە کۆی پێکهاتی زمان دیاری دەکرێن، ناشێت لە ڕۆژگاری "جیهانی کراوە" (open world) و تیوەرەی"زمانی کراوە" (open language)دا ئێمە دەرگاکان بۆ ئەزموونکردن بەسەر زمان دابخەین، ڕاستە بڕێک پاشاگەردانیش بەدی دەکرێت، بەڵام ئەمە تەنیا تایبەت نییە بە زمانی کوردی، بەڵکو دۆخ و دۆزی کورد لە پاشاگەردانییە و زمانەکەشی بە پێی ئەوە لەو حاڵەتە دایە، ئەگینا پرۆژەی زاراوەسازی بەشێوەی گشتی و بە هەموو هەوڵە جیاوازەکانەوە نیشانەی پاشاگەردانی نین، بەڵکو لە خراپترین حاڵەتدا دەشێت بڵێین"تەنگژەیەکی باشە" هەر چەند ئەم لێکدانەوەیەش بڕێک نادروستە چون یەکێک لە واتاکانی تەنگژە ڕەخنەکردنە، با لەم دۆزەدا بژین، من کێشەی زۆر جددی نابینمەوە.

* لە دنیای ئەوڕۆدا ڕەخنە جێگە و شوێنێکی قایم و

هەرە گـرنگی لە نێـو دەق و نووسـراوەکـانی بوارە جیـاوازەکـاندا گـرتووەتەوە، بارودۆخی ڕەخنە لە ڕووی نووسین و مـەعـریفی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان تا چەندە بەها و بایەخی پێ دراوە؟ پێـتـان وایە هیچ کـارێکی شیاوی سەرنج کرابێت، ئەگەریش نا، خەسارەکان بۆچی دەگەڕێننەوە؟

– بێ گومان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕووەوە کاری باش کـراوە و هەوڵی جـوانیش دراوە و هەیە، بەڵام خەساریش ئامادەیە. لە سەرەتادا دەشێت بڵێم ڕەخنە و پێگە و واتاکـانی لە ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان لەگـەڵ باشووری کـوردسـتان جیـاوازییـەکی تایبـەتیـان پێکەوە هەیە، لە ڕۆژهەڵات ڕەخنە زۆرتر گرینگی بە پێکهات و فۆرم دەدات، پاشان ناوەرۆک و واتا، بەڵام لە باشوور بە پێچەوانەیە و ئەو دەقانەش کە بەرهەم هاتوون، نیشانە و بەڵگەن بۆ ئەم حـاڵەتە، خـوێندنەوە ڕەخنەییـەکـانیش جێگەی شیاو و باشی خۆیان هەیە، بەڵام کێشەی هەرە سەرەکی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە نییە، بەڵکو بەشێکی سەرەکی لە کێشەکانی ئێمە بۆ پانتایی گشتی، یان (حـوزەی عـمـومی) دەگـەڕێتـەوە، ئەو شـتـانەی لە دەقـەکـاندا بەرهەم دێن، تەنیـا بـەردەنگانێکی تایبـەت دەیێکن کـە کوردی تا ڕادەیەکی باش دەزانن، لە بیرمـان نەچێت ئێمە لە ڕۆژهەڵات خاوەنی دەسەڵات نین کە ئەمە واقـیع و ڕاسـتـییـەکی زۆر زەق و مـەترسـیداریشـە کە دەسەڵات نەبوو، زمان و چالاکییە زمانییەکان بە هەموو ڕەهەندییـەوە چەق و ناوەندێک بۆ ئیـشـکردن و بەرهەم هێنان نادۆزێتـەوە و تەنگژە و پاشـاگـەردانی دروست دەبێت و ئەوەی ئێـمـە لەگـەڵیـدا دەکـەوینە شـەڕی دەسـتـەویەخـەوە نەبوون، یان لاواز بوون، یان تەنگژەی خـوێنەرە، خـوێنەر یەکێکە لە کۆڵەکە زێڕینەکـانی دەق، کاتێک دەق لە ڕێگەی خوێنەرەوە نەنووسرێتەوە و بەرهەم نەهێنیتەوە، ئەو دەقە ئیدی دەقێکی مردووە! هەرچەند تەنگژەی خوێنەر نە تایبـەتە بە کورد و نە بە ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـانیش، بەڵام بەو هۆیانەی کـە باسم کـردن، لە ڕۆژهەڵات کـێـشـە و تـەنگژەکـە قـووڵتـر و فـرەڕەهەندتر دەبێت، جـا ئەگـەر تۆ لەدایکبـوونی تۆڕە مـیـدیایی و کەناڵە مەجازییەکانیش بەشێوەی بەرفرە لەبەرچاو بگری، ئاسـۆی تەنگژەکـەت بۆ ڕوونتـر و بەرینتـر دەبێتـەوە! لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە زۆر جار ڕەخنە بەلاڕێدا دەبرێت و فۆرمێک لە پشتە سەر قسە کردن و غـەیبـەت بە واتا ئیسلامـییـەکەی دێتە ئاراوە، واتە هێشـتـا بە کـەمی نووسـەر وەک کـارەکـتـەر لە دەق وەک پێکهـاتێکی سەربەخۆ و خـوێژێو و ئازاد جیـا نەکراوەتەوە، ئەمـەش ڕوویەکی دیکەی تەنگژەکەیە کە باسی زۆر هەڵدەگرێت.

* لە مـێـژووی نووسین و ڕۆشنبـیری گـەلانی جیـهـان، وەرگێڕان دەلاقەیەکی مەزن بە ڕووی کرانەوەی کولتووری و بووژانەوەی زمان و ناسنامەی مرۆییان بووە، کوردیش لەم ئەزمـوونە بێ بەری نەبووە، پێتان وایە ئێمـەی کورد چەندە سـوودمـان لەم بابەتە بە نیـسـبـەتی شـوناس و ناسنامەی خۆمان و ئەوی دی وەرگرتووە؟

– ئەمڕۆکە ئیتر ئێمە تێگەیشتووین کە وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی مانا و ناوەرۆکی کتێب، یان نامیلکەیەک نییە لە زمانێکەوە بۆ سەر زمانێکی دیکە، بەڵکو فامی ئەوەمان کردووە کە وەرگێڕان شێوازێکە لە بیرکردنەوە، فـۆرمـێکە لە چالاکی زمـانی و مـەعـریفی کـە تۆ لە ناوەڕاستی دوو زماندا ئەزموونی دەکەی و دێنیتییە سەر ئەو "زمـان"ەی کـە لای تۆ بە زمـانی مـەبەست، یان سـەرەکی دادەنرێت و هـاوکـات ناوەرۆک و واتاش دەگوازێتـەوە و ئەو شتـەی لەم پرۆسێسـەدا ڕوو دەدات "بیـرکـردنەوەیە" (thinking) و هەر ئەم ئەنجامـەشە کە دەقـێکی وەرگـێـڕدراو بە داهێنەرانە، یان لاواز، یان سـەرکـەوتوو و...تاد پێناسـە دەکـرێت، بەڵام ئەمـە لایەنێکی ئەم پرسـە گـرینگەیە، ئێـمـە ئەگـەر لە ڕووی فـەلسـەفـیـشـەوە چاوی لێ بکەین و بگەڕێینەوە بۆ سـەردەمـانێک کـە خـەت و زمـان بەو شێـوەیەی ئەمـڕۆ نەبووە، بۆمـان دەردەکـەوێت کـە مـرۆڤ بەردەوام لەگـەڵ شتێک بە ناوی وەرگێڕاندا دەستـەویەخە بووە، هەر لە ئاخافتن و گـۆکردنی غـەریبی مرۆڤەکانی دەوروبەری تا دەگاتە کیفەی مار و قاسپەی کەو و تاقگەی قەڵبەزە و بگرە تا گواستنەوەی دەقی زانستی و فەلسەفی و ئەدەبی ڕۆژگاری هاوچەرخ، واتە کاتێک مرۆڤ گوێی لە کیفەی ماریش بووە لە زەینی خۆیدا وێنا و "شتێک"ی بۆ ئامادە کـردووە کـە تەعـبـیـر لە بوون و هەبوونی ئەو بوونەوەرە بکاتەوە، بەڵام ئەمە لایەنێکی زۆر گشتەکی ئەم بابەتەیە و باسی زۆریش هەڵدەگرێت و لایەنی گرینگی پراکتیکی بۆ ئێمە وەک "زمانی کوردی" ئەمەیە کە لە وەرگێڕانیشدا تەنـگژەی تایبـەت بە خـۆمـان هەیە، ئەمـەش هەروەک لە

پرسیارەکانی پێشوودا تیشکم خستە سەری، بۆ ئەو دابەشبوونە جوگرافییە دەگەڕێتەوە کە لە جەستەی زمانی کوردیشدا ڕووی داوە، کەواتە لای من هەڵەیە ئەگەر سەرەتای جەنگی چاڵدێران (١٥١٤) تا ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ (١٩١٦) بە دابەشبوونێکی ئایینی، یان جوگرافی و سیاسی بزانین، بەڵکو لە پلەیەکی سەرەکیشدا دابەشبوونێکی "زمانی" سامناک بوو کە ئێستاش زمانی کوردی لێی قوتار نەبووە و ئەستەمە لە داهاتووشدا ڕزگاری بێت، زمانی، کوردی دوای ئەو دابەشبوونە ئایینییە-سیاسییە لە درێژەی زەمەندا کەوتە ژێر کاریگەری سێ پێکهاتی زمانی واتە فارسی، تورکی و عەرەبی، ئەگەرچی تا ئێستاش خۆی بە پێوە ڕاگرتووە و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە، بەڵام بە ڕای من زمانی کوردی کە ئەرکی نووسین و وەرگێڕان و کۆی "بوون" و هەبوونی ئێمە بەڕێوە دەبات، پێش جەنگی چاڵدێران زمانێک بووە و ئێستاش زمانێکە کە بێ گومان هەر ئەو زمانەی پێش چاڵدێرانە، بەڵام خاوەنی ئەو ڕەسەنایەتی و پاڵاوتەییە سروشتییە نییە کە پێش لە چاڵدێران و دابەشکردن و لەت لەت بوونە زمانییەکەی هەیبوو، چەمکی ڕەسەنایەتی لێرەدا تەنیا بە واتای پەتی و سروشتی بوون و داخراوەیی مەبەستم نییە، بەڵکو زۆرتر مەبەستم لایەنی وجوودی و بێگەردی زمانکاران و ئاخێوەرانی کورد بوو بۆ تەعبیر لەو جیهانە میتۆلۆژیانە و سروشتییەی خۆیان، بەهەر حاڵ ئەمەش باسێکی دوورودرێژە و لێرەدا من بەو دۆخەی وەرگێڕان گرێی دەدەم کە لە زمانی کوردیدا هەیە، زۆربەی ئەو کارە وەرگێڕانانەی کە دەکرێت لە ژێر کاریگەری داڕشتن و پێکهاتی ئەو سێ زمانەی ترن کە لەسەرەوە باسم کرد، تەنانەت ئەگەر ئەم وەرگێڕانانەش لە زمانی ئینگلیزی، یان ئەڵمانیشدا ڕووبدەن هەر وایە، بۆ ئەوەی زمانێکی ئازاد و پێرفێکتمان هەبێت بۆ وەرگێڕانی دەقە مەزنەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسی، دەشێت زمانی کوردی لە ژێر سێبەر و تەمی ئەو سێ زمانە قوتار ببێت، زمانی کوردی دەبێت خۆی بێت، دەبێت خۆی لەم هاوکێشە ئاڵۆز و جیهانگیرەدا بدۆزێتەوە، لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە وەرگێڕان وەک زۆر شتی ناو دنیای ئێمە گرێ دراوە بە کەسابەت و چەشنێک لە پارە کۆکردنەوە. دیارە لێرەدا زمان دێتە ئاستی خوارترین و نزمترین ئامێر بۆ پارە پەیدا کردن بە مەبەستی خۆش ڕابواردنی ژیانی ڕۆژانە! لێرەدایە کە تەنگژەی شوناس و زمان یەک واتا وەردەگرن و تێ دەگەین زمان شوناسە و شوناسیش زمانە، ئێمە چاو لە ئەزموونی زمانانی تر بکەین، دەبینین ئەوانیش کۆمەڵێک کێشەیان هەیە، بەڵام کێشەکانی ئەوان والاتر و پێشکەوتووترن لەوەی ئێمە، لە زمانی فارسیدا کاتێک کتێبێک لە ئینگلیزییەوە وەردەگێڕدرێت، چەندان پسپۆڕ و لیژنە لەلایەنی جۆراوجۆرەوە هەڵی دەسەنگێنن و چەشنێک لە مۆراڵ لە بنکەکانی چاپکردن و دەزگاکانی بلاوکردنەوە هەیە، بەڵام لای ئێمە بە زۆری بنکەکان کەوتوونەتە داوی پێوەندی خێڵەکییانە و پارەبازی و ئەو شتانەوە، بۆیە ئەگەر بەم شێوەیە بڕواتە پێشەوە داهاتووی زمانەکە مەترسی زۆرتری لەسەر دروست دەبێت، لەبیرمان نەچێت کاتێک کتێبێک وەردەگێڕدرێت و بلاو دەکرێتەوە، ئانوسات سەدان قوتابی و تاک و کەسایەتی "ناو"زمانی کوردی دەیخوێننەوە و زماندان و زەینیان بەوە بیچم دەگرێت، زمانێک کە داهاتووی لای نەوەکانیدا بکوژرێت، بەو واتایەیە کە ڕێزی لە هەنووکە و ئێستای خۆی نەگرتووە، هەنووکەیەک کە بەسەر شانی خواروخێچی ڕابوردوو و مێژووماندا خۆی زیندوو و بەرز ڕاگرتووە، ئیتر لەبارەی وەرگێڕان و پەیام و ئەرکە چارەنووسسازەکەی ناکرێت هیچ بڵێم، چونکە وەرگێڕان لە جیهانی ئەمڕۆدا شتێکی نەک حاشاهەڵنەگر، بەڵکو دەبێتییە (جەبری) و دیارە زۆر باسوخواسی کلێشە و سواویش لەسەر پێویستی وەرگێڕان کراون و من لەگەڵ زۆربەیان هاوڕام، بۆیە نامەوێت لێرەدا دیسان باسی بکەمەوە، ئەوەی کە ئێمە دەبێت لەسەری بڕۆین، چۆنێتی و ماهییەت و فۆرمی وەرگێڕانە لە لاپەڕەکانی دەقەوە تا دەزگای چاپخانە و دیزاین و کوالیتی کاغەز و زۆر شت!

* یەکێک لەو بابەتانەی کە لە سالانی ڕابوردوو بەشێکی زۆری نووسەران و قەڵەم بە دەستانی کوردی ڕۆژهەلات خۆیان پێیەوە سەرقاڵ کردووە، شیعر بووە و دیارە لەم ڕووەوە ئەزموونی جیاواز چ لە بەشی خوارووی ڕۆژهەلات و چ لە پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان تاقی کراوەتەوە و وەک بەرهەم و نووسراوە لە ناو کتێبخانەی کوردی بلاو بووەتەوە، وەک کەسێک کە بەشێکی کار و چالاکیت لە بواری خوێندنەوە و شیعر و

ئەدەبی کوردی بووە، خوێندنەوەت بۆ ئەم بابەتە چییە؟

– پێم وایە ئەزموونی شیعری "لە ناو زمانی کوردی"دا لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بە تایبەتی باشوور و ڕۆژهەڵات بە ڕادەی خۆی هەم جیاوازە و هەمیش دەوڵەمەندە، (هەڵبەت باکوور دۆخی چیرۆک و ڕۆمان و پەخشانی ڕەنگین و زەنگینە تا شیعر) ئەگەرچی بەگشتیش بێ بەری نییە لە کۆمەڵێک تەنگژەی جددی، تەنگژە هەم بە واتا ئەرێنییەکەی و هەم بە واتا نەرێنییەکەی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ڕۆژهەڵات جیاواز بوون و ڕەنگالەیی بوونی ئەزموونەکانە، سەرەڕای ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ شیعری باشووردا هەیە و ئەویش ئەمەیە کە پێکهات لە سەرووی ناوەرۆکە، بێ گومان لەگەڵ ئەمەشدا کەس ناتوانێ نکوڵی لە هاوبەشییەکانیان بکات، تەنگژە نەرێنییەکەش (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) نەبوونی خوێنەر و بێ دەنگی ڕەخنەگرانە، کە ئەمەش جیا نییە لە کۆی هەلومەرج و دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێگە هەیە کە هەوڵ بدرێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم بێ دەنگی و پاشاگەردانییە کە لە لای ڕەخنەگران و خوێنەراندا هەیە، شیعر سامانێکی گەورەی بۆ زمانی کوردی تۆمار کرد، بەڵام ئیتر کاتی ئەوەیە شیعرەکان بگەنە زانست و فەلسەفە، واتە ئەو سامانە گەورە زمانی و میتافۆری و میتۆلۆژی و وجوودی و ڕوحی و سروشتییە کە شاعیران بە هەموو تێڕامان و خەون و دالغە و گریان و پێکەنین و شەهوەتەوە نووسیان کەڵکی لێوەربگیرێت، ناکرێت ئێمە تەنیا لەیەک ڕەهەنددا زمانی کوردی پەرە پێ بدەین و لەم ڕووەشەوە هەوڵگەلێکی جوان هەم لە باشوور و هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە و ڕاستیت بوێت من زۆرتر بە ڕۆژهەڵات گەشبینترم تا باشوور، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەم دەساڵەی دواییدا چەندان دەقی شیعری بە کەلهوڕی و لەکی بەرهەم هاتوون و سامانێک لە فۆلکلۆر و ئەزموونی نوێیان بۆ زمانی کوردی نەخشاندووە و هەر کام لەم دەقانە لە کەنگاوەرەوە تا کرماشان و قەسری شیرین و گیلانی ڕۆژئاوا و لەوێشەوە بۆ ئەیوانی ڕۆژئاوا و ئیلام جیاوازی و تایبەمەندییان هیوادار و گەشبینمان دەکات، بە داخەوە من ناتوانم یەکە بە یەکە ناوی دەق و شاعیران ببەم، هەڵبەت ئەگەریش بلوایە کە ناوەکانم ڕیز بکردایە تەنیا ناوی دەقەکانم دەهێنا، چون ئەوەی لای من گرینگە"دەق"ـە و دەق و دەق. بەهەر حاڵ من لە وتار و نووسیندا و لە شوێنانی تر، ئاوڕ لەم پرس و بابەتانە دەدەمەوە و بە تێروتەسەلی باسی دەکەم.

* کرماشان ئەو شوێنەی کە مەڵبەندی شانامەی کوردی و دەفتەری یارسان و تاقوەسان و دەیان و سەدان ئاسەوار و شوێنی دیرۆکی و مێژووی ماد و ساسانە و دەتوانێت بەشێکی گەورەی ناسنامە و شوناسی گەلی کوردی پێ بخوێنیتەوە، خوێندنەوەی خۆتان وەک تاکێکی هەڵکەوتوو لەم جوگرافیا ڕەنگینە چییە؟

– ڕاستییەکەی ئەم بابەتە گەلێک هەستیارە و هەر کەسێک ناتوانێت خۆی لەقەرەی بدات، چونکە زۆر کەم کاری لەسەر کراوە و بە کەمیش خراوەتە ڕۆژەڤەوە، دیارە وەک بەشێک لەهەوڵەکانی جەنابت تەرخان بووە بۆ کردنەوەی ئەم فایلە کە کەڵکەڵە و دڵەڕاوکێی زۆرێکمانە، وابزانم لەو وتووێژانەی کە ئێوە لەگەڵ چەند شارەزای ئەم بوارە سازتان دابوو و هەر لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو کرانەوە، دەسپێشخەرییەکی بوێرانە بوو بۆ ئەوەی ئاوڕ لە سامانێکی گەورە وەک شانامەی کوردی و دەفتەرەکانی یارسان و زۆر شتی تر لە کرماشان بدرێتەوە و دیار بوو ئەو دۆستانەمان بە شارەزایی و تێروتەسەلی باسیان کردووە، من هەر لێرەدا و بۆ ئێستا دەتوانم بڵێم کە پێگەی دەقە ئایینی و حەماسییەکان لە هەموو کولتوور و زمانەکاندا پێگەیەکی زێڕینە و ڕەچەڵەکی هەموو نەتەوە و زمانەکان لە ڕووی میتۆلۆژی و میتافیزیکییەوە گرێ دەدەن بەو دەقە کەونینە و پیرۆزانەوە، دیارە بە هاتنی ئایینی ئیسلام "دابڕان" و لەیادکردنەوەیەک دەستی پێ کردووە و تا ئێستاش درێژەی هەیە و گەڕانەوەمان بۆ مێژوو، دەتوانێت بەشێک لەم فەرامۆشی و نامۆبوونە قەرەبوو بکاتەوە، ئێمە دەتوانین زۆر وشەی ناو زمانی کوردی تا بوولێڵی لەدایک بوونییەوە شوێن پێ بگرین و پێگەی ڕەسەنی میتافیزیکیانەی دیاری بکەین، بۆ نموونە وشەی مەزن کە ئێستا لە زمانی کوردیدا بە کار دێت و بە واتای گەورە و بەرز بەکار دێت وشەیەکە کە پێش هاتنی ئیسلام و لە ئایینی زەردەشتدا بۆ خودا بەکار براوە، خودایەک کە لە باوەڕی زەردەشتدا هەبووە نەک "الله"، دیارە هەنووکە ئەم

وشەیە وەک ئاوەڵناو بۆ "الله" بەکار دەبرێت، ئەمەش بەهۆی زاڵبوون و سەپێنراوی سامانی زمانی ئایینی ئیسلامە بەسەر میتافیزیک و زمانی کوردی، من ئەم باسەم بە تێر و تەسەلی لە وتارێکدا بە ناوی"ڕەهەند و دەرکەوتە فەلسەفییەکانی ڕەخنە لە جیهانی کوردیدا" خستۆتە ڕوو و لەوێ باسم لە فۆرمێکی میتافیزیکی کردووە کە بەسەر کۆمەڵگای کوردی و زمانی کوردیدا زاڵ بووە و لە ژێر ناوی "میتافیزیکی ئاویتاری"، واتە میتافیزیکێک کە لە تێکەڵە و ئاوێتەکردنی چەندان تێڕوانینی ئایینی و میتافیزیکی دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی "ڕەسەنایەتی" بە واتا وجوودییەکەی ون ببێت، ناوزەد کردووە، بێ هۆ نییە کە لە یەکەم ڕستەی دەسپێکی (تەورات)دا دەبیستین"سەرەتا وشە بوو"، ون بوون و لە یاد کردن و نامۆبوون و شوناسکوژی لە وشەکانەوە دەست پێ دەکات و بە وشەکانیش دەبووژێتەوە، لەبەر ئەوە هەر هەوڵێک بەو ئاراستەیە بدرێت، زۆر جێگەی تێرامان و هیوایە، هەرچەند بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژە مەزنە زۆر لەمپەری کولتووری و سیاسی و ئایینیمان لەبەرە، بەڵام ڕوح و یادەوەری کورد و زمانی کوردی لەبنەڕەتدا بەندە بەو میتۆلۆژی و حەماسە و میتافیزیکەی خۆیەوە، ئەمەش لە زۆر شوێن دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت.

* لە کۆتاییدا من پرسیارێکم نەماوە، ئەگەر خۆتان شتێک کە پێتان وایە شیاوی باس کردن و وروژاندن بووە و لە پرسیارەکاندا نەبووە، دەتوانن باسی بکەن؟

- لە کۆتاییدا دەشێت باسی ئەوە بکەم بۆ خوێنەران (چ ئەوانەی لە دەرەوەن و چ ئەوانەش لە ناوخۆن و لە باشووور، یان ڕۆژهەڵات دەژین) کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونی جددی نووسەران و خوێنەران دەمێکە هاتۆتە ئاراوە، ئەمە لەحاڵێکدا باشتر فام دەکرێت کە گرینگە ئەمە بزانین کە لە ڕۆژهەڵات هیچ فێرگە و بنکەیەکی فەرمیمان نەبووە تا زمانی کوردی فێر بین، ئەگەرچی لە ئێراندا بە ئاشکرا ڕێگری نەکراوە لە فێربوونی زمانی کوردی، بەڵام بەشێوەی پەنامەکی لە تورکیای پاش کەمالییەکان باشتر نەبووە، ئەگەر کەمالییەکان بە تفەنگ زمان دەکوژن، ئەوە ئەمان بە پەموو سەری"زمان" دەبڕن، بەم حاڵەت و لەمپەرە گەورانەش کۆمەڵێک نووسەر و وەرگێڕ و خوێنەری باش هەڵکەوتوون کە "زمان"ی کوردییان لە ئاستێکی باڵادا ئەزموون کرد و دەوڵەمەندیان کرد، چ لەڕووی دەقی گێڕانەوەیی و چ لەڕووی دەقی تیۆرییەوە، بە هەموو ئەمانەوە کە ئێمە لەکات و گیرفان و جەستە و ڕوحی خۆمان دەدەین بۆ زمان و وجوودی زمانیمان هیچ دەسەڵات و ڕێکخراوێکی ئەوتۆ پشتگیرمان نییە! پشتگیر بەو واتایەی کە لانی کەم بەرهەمەکان بە شێوەی جوان و ڕێکوپێک بڵاو بێتەوە، ئێمە ساڵانێک ئەو چاوەڕوانییەمان لە دەسەڵاتی کوردی لەباشووردا هەبوو، بەڵام پێم وایە ئیتر هەڵەیە چاوەڕوانی وامان هەبێت و دەبێت بیری دیکەی بۆ بکەینەوە، هەمیشە باشوور بۆ"زمانی کوردی"مەکۆی هیوا و ناوەندی حەماسەی "مان و نەمان" و "هەرمان" بووە، بەڵام ئێستا دۆخێکی گشتی تێیدا زاڵە کە بە ڕاستی مەترسییە بۆ سەر شوناس و زمانی کوردی، ئێمە وەک حەز و خەون، ئاواتمان ئەوەیە وا نەبێت و دۆخەکە بەرەو باشی بڕوات و کایەی سیاسی لەو قەوارە خێڵەکی و تاقمییانە بێتە دەرەوە و بوون و کیانی کورد تەنیا بە سیاسەتەوە نەبەسترێتەوە و سیاسەت تەنیا وەک کایەی چەند ڕێکخراو و دواجار چەند کەسایەتی پێناسە نەکرێت و ئاوڕ لە زمان و خۆیان و ڕۆژهەڵاتیش بدەنەوە، ئێستاش باوەڕم وایە کە ئەوەندەی نالی و مەحوی و مەولەوی و وەفایی و کامیلی ئیمامی و شێخ ڕەزا و پیرەمێرد و حاجی قادر و...تاد کیان و شوناسی زمانی ئێمەیان پاراست، نیو ئەوەندە هیچ سیاسەتڤان و دەسەڵاتدارێک ئەنجامی نەدا، من تەنیا داوام ئەوەیە لە بەرپرسانی باشوور چ وەک بەرپرسی بنکە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان و چ وەک بەرپرسی سیاسی و دەسەڵاتدار کە ئاوڕێکی جددی و کولتوورتەوەرانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی بەشی خوارووی ڕۆژهەڵات، واتە کرماشان و ئیلام بدەنەوە. سپاس بۆ ئێوە و گۆڤاری ڕامان بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە.

# بەدواداچوون بۆ هەڤپەیڤینێک

**مستەفا ساڵح کەریم**
**(سلێمانی)**

**(١ - ٢)**

* گۆڤاری (ڕامان) بیست ساڵی پڕ بەرەکەتی لە تەمەنی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیدا بەڕێ کرد، دەیان چرۆ لە باخەکەیدا گەشانەوەو دەیان نووسەری بەئەزموون لە ساڵۆنە ئەدەبییەکەیدا بەیەک گەیشتن و بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کردو ڕازی دڵی خۆیان بۆ دۆستان و هاوڕێیانی (ڕامان) درکاند، ئەمەش مایەی خۆشحاڵیی خوێنەری کوردە.

* یەکێ لەو دەستپێشخەرییانەی (ڕامان) ئەو هەڤپەیڤینە گرنگانەن کە سەرنووسەری (ڕامان) کاک ئازاد عەبدولواحید بەئەنجامی گەیاندوون، لێرەدا دەشێ خوێنەر بپرسێ کە من وا بە بایەخ پێدانەوە باسی ئەو دیدارانە دەکەم ئەی بۆچی تا ئێستا نەبوومەتە میوانی ئەو ساڵۆنە؟

* لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێم: سێ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ هاوڕێم کاک ئازاد عەبدولواحیدی سەرنووسەردا لەسەر دیدارێکی تێروتەسەل پێکهاتین، پاش چەند مانگێک دەستمان بە بەشی یەکەمی هەڤپەیڤینەکە کردو بەرێکوپێکی پرسیار و وەڵام بەرەو تەواو بوون دەچوو، کاک ئازاد ویستی دیدارەکەمان فراوانتر بێ و هەندێ کەلێن هەیە باشتر پڕ بکرێنەوە. بۆ ئەو مەبەستە لیستێکی تر پرسیاری ڕۆژنامەنووسانەی بۆ بەشی دووەمی ئەو هەڤپەیڤینە ئامادە کرد، بەڵام سەرقاڵ بوونم بە کاروباری ڕۆژانە و خەریک بوونم بەکاری ڕۆژنامەنووسی و نووسین و کاروباری کۆمەڵایەتیشەوە، وێڕای چەند سەفەرێکی ئەدەبی و ڕووناکبیریی ناکاوی هەولێر و دهۆک و بەغدا و بەسرە و ناوبەناویش سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات، کارەکەم دواکەوت. دەبێ ئەوەش بڵێم: دواکەوتنی دیمانەکەمان ئۆباڵەکەی لەئەستۆی مندایە، بەڵام بەڵێنی ئەوە دەدەم کە دوای تەواوبوونی ئەم نووسینە دەگەڕێمەوە سەر هەڤپەیڤینەکەی (ڕامان) و هەوڵ دەدەم بەباشی قەرەبووی ئەو دواکەوتنە بکەمەوە.

* ببوورن نامەوێ لەوە زیاتر لە بابەتە سەرەکییەکە دوور بکەومەوە، چونکە دەمەوێ بەدواداچوونێکی ورد بۆ هەڤپەیڤینەکەی مامۆستا حەمە ساڵح سەعید بکەم کە لە ژمارە (٢٢٧)ی نیسانی ٢٠١٦ و (٢٢٨)ی مایسی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە، مەبەستی سەرەکیشم بە پێزکردن و دەوڵەمەندکردنی دیدارەکەیە، چونکە من لە نزیکەوە ئاگام لە زۆریان هەیە.

* زۆرم پێ خۆش بوو کە کاک ئازاد عەبدولواحید زیرەکانە توانیویەتی کاک حەمە ساڵح بگێڕێتەوە بۆ دەوری منداڵی و گەنجێتی و باسێکی وردی ژیانی خێزانییان لە گەڕەکی مەڵکەندی بکات، لەگەڵ

هەڵدانەوەی چەندان لاپەڕەی مێژوویی ئەو گەڕەکەو بەبیرهێنانەوەی کانە بەردەکان و چاڵە بەفرەکان و گڵێ گۆزە و دیزە و گلێنە و کووپە، جگە لە باسی ڕاو و ڕاوچێتی و کاروانچێتی و ژیان و باسی مەسەلە سیاسییەکان لەو گەڕەکەدا کە لەچاو سلێمانیدا خۆی وتەنی بەگوندێک دادەنرا، تەنانەت قوتابخانە تاقانەکەشی سەرەتایی تەواو نەبوو، لەدوای پۆلی چوارەمەوە دەبووایە قوتابیان ڕوو بکەنە شارو لە قوتابخانەکانی فەیسەلییە و خالدییە و ئەیوبییە، ساڵانی لەوەو دواش لە گوێژە و کانێسکان و غازی، پۆلی پێنجەم و شەشەم تەواو بکەن، لەبەرئەوە کەسوکاری قوتابییەکان وەک کاک حەمە ساڵحیش ئاماژەی بۆ کردووە، بەقوتابخانەکەیان دەوت «مەکتەبی پەڕۆ»! لێرەدا پێشنیاز دەکەم مامۆستا حەمە ساڵح دەربارەی هەر یەکێک لەو ناوونیشانانە باسی جیاجیایان لەسەر بنووسێ و لەگۆڤارەکەی خۆیاندا «وەشت»، یان لە ڕۆژنامە و گۆڤاری تردا بڵاویان بکاتەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەم سەردەمە زانیارییەکی باشیان لەسەر کانە بەردەکانی مەڵکەندی و چاڵە بەفرەکان و کوورەی گڵێنە و ڕاو و کشتوکاڵ و کاروانیی هەبێ، چونکە دڵنیام نەوەی نوێ لەم ڕووەوە زانیارییان کەمە، لە کاتێکدا کە دەزانین ئەو بابەتانە گرنگن و بەشێکن لە سامانی نەتەوەییمان و ڕووی دیاری گەڕەکی مەڵکەندیشن.

* هەر لەمیانەی ئەو گفتوگۆیەدا دەربارەی سیاسەت و کاری نهێنی و پیاوانی ئەو گەڕەکە، من لای خۆمەوە گەلێک بیرەوەری و یادگاری ئەو جۆرە کەسانەم بیرکەوتەوە، بەتایبەت لەوانەی کە لەبزووتنەوەی نیشتمانیدا ڕۆڵیان هەبوو، وەک فەتاح ڕەشیدی بەرگدروو کە دواتر بەفەتاح بێسارانی ناسرا، حەمە ساڵحی مەلا کەریمی بەقاڵ کە دوکانەکەی بەرانبەر حەوشی سەرا بوو، لەو شوێنەدا کە ئێستا کتێبی تێدا دەفرۆشرێ، عەلی حاجی عەبدوڵڵای بۆسکانی، ڕەئووفی عەلی ئەفەندی و ئەحمەد و مستەفا کوڕانی سەعید بانەیی و مستەفای حەمە ڕەش و عەبدولغەنی محەمەد و عەونی سابیر و محیەددین ئەمین و کەسانی دڵسۆزی تریش.

لە پیاوانی پەروەردەش کەسایەتییەکی وەک مامۆستا غەفووری مەلا عەلی کە جگە لەوەی لە پیاوماقووڵانی مەڵکەندی بوو، ڕاوچییەکی شارەزاش بوو، هەروەها ساڵانێکی دوورودرێژیش لەبواری پەروەردەدا دڵسۆزانە وەک مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و ماوەیەکیش بەڕێوەبەری پەروەردە بەوەکالەت خزمەتی کردووە. مامۆستا جەلالی مەلا مەحموودی مەلا عەلی مامۆستا و ئەدیب و خاوەنی ئیدیۆمی زمانی کوردی، هەروەها کەسانی زۆر ناسراو هەبوون، بۆ نموونە کەسێکی وەک حاجی بارام، یان حاجی ئەحمەدی مەڵکەندی و کەسانی تریش خوا لێیان خۆش بێ.

لە ئەفسەرە ناودارەکانیش زەعیم مەجید عەلی کە مامۆستاش باسی کردووە، پیاوێکی بەغیرەت و خزمەتگوزار و نیشتمانپەروەر بوو، من خۆشبەختانە هاوینی ساڵی ١٩٧٠ لە ئۆفیسی شەهید ساڵح یووسفی بەخزمەتی گەیشتم و ئەوەش بوو بەسەرەتای یەکترناسینمان و شانازیش بەو ناسینەوە دەکەم.

* بۆ ئەوەی هەڤپەیڤینەکەی مامۆستا حەمە ساڵح فراوانتر و دەوڵەمەندتر بێ، بەمۆڵەتی برای نووسەر بەدواداچوونێکی بۆ دەکەم و هەوڵ دەدەم ئەو مەسەلانەی لای مامۆستا جۆرە تەمومژێکیان پێوە دیارە، یان وەڵامەکان پڕ بەپێستی پرسیارەکان نین، یان خودی نووسەر کەوتووەتە هەڵەوە تەرازووەکەیان بەپێی زانینی خۆم ڕاست بکەمەوە:

١- لەپێشەکییەکەی کاک ئازادەوە دەست پێ دەکەم، کە بێ گومان لەسەر بناغەی زانیارییەکانی مامۆستا حەمە ساڵح دایڕشتووە، کاک ئازاد نوسیویەتی «لەزووەوە چووەتە ناو دنیای ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، بۆیە هەر لەقوتابخانەی (مەنار)ەوە کە ژمارە یەکی لە گۆڤاری (چیا) دەرکردووە، دواتر لەو قوتابخانەیەدا ژمارە یەکی لە گۆڤاری (گزنگ) دەرکردووە، بۆیە لەساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ هاوکارانی کەوتۆتە دەرکردنی گۆڤاری (بڵێسە) کە تا ڕۆژی داخرانی (١١) ژمارەی لێ دەرچووە.»

* ڕاستییەکەی دەرکردنی (بڵێسە) پێش (گزنگ) و (چیا)یە، یەکەمیان گۆڤارێک بوو لقی سلێمانی نەقابەی مامۆستایانی ئێراق کە مامۆستا محەمەد عەلی مەحموود سەرۆکی بوو، مامۆستا حەمە ساڵحیش سکرتێری بوو، بە یاریدەی دەستەی بەڕێوەبەری لقی نەقابە و هاوکارانییەوە لە ئابی ١٩٥٩ تا مایسی ١٩٦٠ (١١) ژمارەی لێ دەرچووە، لەوەودوا داخرا، بەڵام (گزنگ) بڵاوکراوەیەکی قوتابخانە بوو، لەمایسی ١٩٦٧

قوتابخانەی (المنار)ی سەرەتایی بەسەرپەرشتی مامۆستایان عەبدولکەریم باراوی (بەڕێوەبەری قوتابخانەکە)، عەبدولکەریم زەند، محەمەد سالح سەعید، عەبدولقادر مەلا عومەر، عەبدولمەجید محەمەد کەریم، عەبدولسەمیع ئەحمەد، دەری دەکرد. ئەم بڵاوکراوەیە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوو.

بۆ بیرخستنەوە ئەم ڕووداوە دێنمەوە یاد، لەبەرئەوەی ساڵێک لەوەوبەر قوتابخانەی مەڵکەندی دووەم کە لەوەودوا ناونرا شێخ مەحموود کە من بەڕێوەبەری بووم، گۆڤارێکمان بەناوی (ڕابەر - المرشد) دەردەکرد، ئێوارەیەک لە باسی (گزنگ)ی دەستە خوشکی ڕابەردا لەدانیشتنێکدا مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی بەخوا لێی خۆشبێ مامۆستا شێخ کەریم باراوی وت: «سانەوی سلێمانی - ئێواران ساڵی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ پێش ئێوە بەحەوت ساڵ گۆڤارێکیان بەناوی (گزنگ)ەوە دەردەکرد، شێخ کەریم لەوەڵامدا وتی: من بەوەم نەزانیوە، هەوڵ ئەدەم بۆ ساڵی دوایی ناوەکەی بگۆڕم. هەرواش بوو ساڵی ١٩٦٨ ناوی بڵاوکراوەکەیان نا (چیا) ئەمیش یەک ژمارەی لێ دەرچوو.

بڕوانە:

* ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی - جەمال خەزنەدار.

** الموسوعة الصحفية الكردية، نووسینی د.فائق بطی، لاپەڕە ٢٠١.

٢- لەلاپەڕە (٣٥) مامۆستا حەمە ساڵح دەڵێ: «لەهەموو کۆڵانەکانی مەڵکەندیدا ئێستر و بارگین و تا..د.»

(بارگین)هەڵەیە ڕاستییەکەی (بارگیر)ە، بارگیر هەر ئەسپە، لەبەرئەوەی لەڕۆیشتنا گورج و خێرایە، قەتارچییەکان کۆپانیان لێ دەناو باریان پێ هەڵدەگرت، لەم حاڵەیاندا پێی دەوترا (بارگیر)، نەک (بارگین).

٣- لەلاپەڕە (٣٦)دا مامۆستا حەمە ساڵح لەوەڵامی پرسیارێکی (ڕامان)دا دەڵێ: «ڕیزێک دوکانمان هەبوو لەشوێنەکەی لای بیناکەی نووری عەلی ئەمین ئێستا بووە بە شوێنی کتێبفرۆشی».

ناوەکە هەڵەیە، ئەو دوکانانە لەنزیک بیناکەی نووری عەلی ئەجزاچییەوە بوو، نەک نووری عەلی ئەمین کە ئەمیان مامۆستا و نووسەر و دانەری کتێبی ڕێزمانی کوردی و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەرانی کورد بوو، نەک خاوەن بینا، خاوەنی بیناکە نووری عەلی ئەجزاچی بوو، واتە (خاوەن دەرمانخانە).

٤- مامۆستا حەمە ساڵح لەلاپەڕە (٤٨)دا لەباسی مامۆستا نەجمەددین مەلادا وتوویەتی: «کە مرد لە ئەزمەڕ ناشتیان».

هەندێ کەسی ناشارەزا بەناحەق (ئەزمڕ)یان کردووە بە (ئەزمەڕ)، بەڵام هەرگیز نەدەبوو مامۆستا حەمە ساڵحی نووسەر و زمانزان و خەریک بوو بەمەسەلەی زمانەوانییەوە بنووسێ، (ئەزمەڕ) با هەر نەزانەکان ئەزمڕەکەمان بەو دەردە ببەن. دەبێ ئەوەش بزانین کە مامۆستا کۆچی دوایی کرد لەبەر زرووفی ئەو سەردەمە لە گردی سەیوان نێژراو دوای یازدەی ئازار لەسەر وەسێتی خۆی بەهەوڵی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بە ڕێوڕەسمێکی شایستە تەرمەکەی بۆ ئەزمڕ گوێزرایەوە.

٥- هەر لەهەمان لاپەڕەدا لەوەڵامی پرسیارێکی (ڕامان)دا کە لێی پرسیوە: «کە دەرچوون بۆ پێنج بۆ کوێ چوون؟»

مامۆستاحەمەساڵح دەڵێ: «لە مەڵکەندی کە قوتابییەکان دەرچوون بۆ پێنج دەیانناردن بۆ قوتابخانەی فەیسەڵییە، لەو ساڵەدا غەفووری مەلا عەلی کە خاڵۆزای باوکم بوو لەوێ بوو بە مامۆستا، جەلال ئەفەنی، جەلالی مەلا محەمەد بەڕێوەبەری قوتابخانەی فەیسەڵییە بوو...تاد.»

ئەم زانیارییە تەواو نییە، چونکە ئەو سەردەمە جەلالە فەنی لەو قوتابخانەیە مامۆستا بوو و مامۆستا فوئاد ڕەشید بەکر بەڕێوەبەری قوتابخانەی فەیسەڵییە بوو. دوای ئەوەی مامۆستا (فوئاد)، یان بڵێین فوئادە فەنی وەک پێی ناسرابوو کرا بە (موفەتیشی مەعاریف)، مامۆستا جەلال محەمەد سەیفوڵڵا نەوەی مەلا کاکە حەمەی خاوەن قوتابخانەی تایبەت و ناسراو بە جەلالە فەنی لەجێی ئەو لە ١٩٤٧/٢/٢٥ بوو بە (بەڕێوەبەری قوتابخانەکە).

کەواتە ئەو ڕۆژگارەی مامۆستا حەمە ساڵح باسی دەکات، جەلالە فەنی بەڕێوەبەری قوتابخانەی فەیسەڵییە نەبووە.

٦- لەلاپەڕە (٤٩) لە باسی قوتابخانەی (خالدییە)دا مامۆستا دەڵێ: «قوتابخانەی خالدییە لە خانووی ماڵی خێزانی ئەحمەد ساڵح قاسم بوو، باوکی ئاغا و ئەم دکتۆر بەرهەم ئەحمەد و ئەوانە».

ئەم زانیارییانە هەڵەن و تێکەڵوپێکەڵن، ڕاستییەکەی

دەبێ بنووسرێ «قوتابخانەی خالدییە لە بینایەکدا بوو کە مولّکی حاجی سالّحی قاسم بوو، باوکی هەریەک لە کاکە حەمەی باوکی "دلّشاد"ی خاوەنی پێشووی سینەمای دلّشاد و حاکم ئەحمەد سالّح قاسم باوکی د.بەرهەم و بەلّێن و بەتین و نوخشە و کاک ئەوڕەحمان ناسراو بە "ئاغا" باوکی کاروان و لاوک».

ئەمە ئەگەر پێویست بە تەفاسیلّ بکات، ئەگەر پێویستیش نەکات تەنیا دەنووسرێ: «قوتابخانەی خالدییە لە بینایەکی ئەهلیدا بوو کە مولّکی حاجی سالّحی قاسم بوو»، نەک ئاغای کوڕە بچووکی حاجی سالّحی قاسم بکرێ بەکوڕی حاکم ئەحمەد کە برایەتی، هەر بۆ زانیاریش حاجی سالّحی قاسم سالّی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کرد، کەواتە خانووەکەی خالدییە بەناوی ئەوەوە بووە، نەک وەک مامۆستا حەمە سالّح وتوویەتی: «لەخانووی مالّی خێزانی ئەحمەد سالّح قاسم بوو».

٧- لەلاپەڕە (٥٠)ی گۆڤاری (ڕامان)دا مامۆستا حەمە سالّح باسی شەوە شوومەکەی نۆزدەی حوزەیرانی ١٩٤٧ کە پێوەندیی بەشەهیدکردنی چوار ئەفسەرەکەوە هەیە، بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: «.. دروشمەکانم لەبیر نەماوە، بەلاّم دروشمی سەرەکی ئەوەبوو کە ئەفسەرەکان عەفوو بکرێن، کەچی شەهید کران و ئیعدام کران، یەکێکیان تێدابوو خزمی ئێمە بوو، مێردی کچی فەرەجە سوور، خزمی نزیکی زەعیم عەبدولمەجید عەلی بوو کە خزمی ئێمە و زاوای ئێمە بوو، کچی حاجی عەلی مەلّکەندی خێزانی بوو، ئەو شەهید بوو، ناوەکەی عەبدولمەجید بوو، زەعیم مەجیدیشی پێ دەوترا، کە لەکاتی عەبدولکەریم قاسمدا بوو بە ئامیر مەوقیعی بەسرە، لەدواییشدا گیرا و ماوەیەک دەست بەسەر بوو، دواتریش بەردرا، یەکێک لە ئەفسەرەکان خەلّکی سلێمانی بوو، مستەفا خۆشناو زاوای ئەوان بوو، ئەوەش زۆر کاریگەر بوو، چونکە ئێمە لەگەلّیاندا تێکەلاّو بووین، ئەمانە هەمووی کاریگەرییەکی زۆرمان لەسەر هەبوو».

داوای لێبوردن لەکاک حەمە سالّح دەکەم و برایانە لێی دەپرسم: خوێنەر چی لەم پەرەگرافە تێ دەگات، باس باسی (خۆشناو) و (قودسی)یە، یان زەعیم مەجید عەلی کە ڕێزی تایبەتیم بۆی هەیە، جگە لەوە کە نابێ پێناسەی شەهید مستەفا خۆشناو ئاوا بەو شێوەیە پێشکەش بکرێ و بوترێ (یەکێکیان تێدا بوو خزمی ئێمە بوو، مێردی کچی فەرەجە سوور).

مامۆستا حەمە سالّح لەکۆتایی دیمانەکەدا ڕوونکردنەوەیەکی داوە کە زەعیم مەجید عەلی ئیعدام نەکراوە، بەلای منەوە ئەوەی بنووسیایە، یان نەینوسیایە وەک یەک بوو، لەبەرئەوەی خوێنەر دەزانێ کە ئەو بەڕێزە ئیعدام نەکراوە چونکە هەر کاک حەمە سالّح خۆی دەلّێ: «لەکاتی عەبدولکەریم قاسمدا بوو بە ئامیر مەوقیعی بەسرە»، واتە یەکێک دوای (١١)سالّ بەسەر شەهید بوونی ئەفسەرەکان ببێ بە ئامر مەوقیع دیارە دەبێ ئیعدام نەکرابێ، جگە لەوەی ئەو خزم خزمێنەیە سەری لە خوێنەر تێک داوە.

«بۆ ئەو خوێنەرە بەڕێزانەی دەیانەوێت بەفراوانی و بەوردەکارییەوە دەربارەی ئەو چوار شەهیدە زانیارییان هەبێت، هیوادارم ئەو باسەی نووسەری ئەم بابەتە بخوێننەوە کە بەناوونیشانی [نۆزدەی حوزەیران و ئاسمانی تەماوی بۆ جوانەمەرگانی وەتەن]، ڕۆژی شەممە ٢٠١٦/٦/١٨ لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاّوکرایەوە، نیوەڕۆی ٦/١٩ لەکەنالّی کوردساتیش لە ڕاپۆرتێکدا خوێندرایەوە.»

٨- لەگێڕانەوەی ڕەوتی حزبی شیوعی ئێراق و باسکردنی ڕووداوەکانی سالاّنی ١٩٤٨ و ١٩٤٩ کە لەلاپەڕە (٥٢)دا نووسراوە، هەلّەی زۆر و شێواندنی زۆرتری تێدایە، کە ئەوی ڕاستی بێ یەکێک بیەوێ ڕاستیان بکاتەوە چەندان لاپەڕەی دەوێ، هەروا بۆ نموونە سەرنج بدەنە ئەم چەند دێڕەی مامۆستا «بۆ یادی شەهیدانی وەسبەی کانونی ١٩٤٨ و ١٩٤٩ لێرە خۆپیشاندانێکمان ڕێخست، ئاخر لە هەلّەبجە یەکێک شەهید بوو، لە سلێمانی یەک دوانێک شەهید بووبوون ناوەکانیانم لەبیر نییە، برای مامۆستا مەحموود هەبوو خەلّکی هەلّەبجەن، یەکێک لەوانە بوو کە شەهید بوو».

أ- وەسبە (ڕاپەڕین) لەکانونی دووەمی ١٩٤٨ دا بوو نەک ١٩٤٨ و ١٩٤٩.

ب- لە هەلّەبجە کەس شەهید نەبوو، هەروەها لە سلێمانیش.

ج- لەڕاپەڕینی ١٩٤٨ لەبەغدا لاوێکی خەلّکی سلێمانی کە ناوی "قادر چاوشین" بوو شەهید بوو، بەڕێوڕەسمێکی شکۆدارەوە لە سلێمانی پێشوازی لە تەرمەکەی کراو شکۆمەندانە بەخاک سپێررا.

د- ئەحمەدی حاجی ڕەحیمی هەلّەبجەیی برای

ماموستا مەحموود لە ڕاپەڕینی تشرینی ساڵی ١٩٥٢ لە بەغدا شەهید کراو ئەویش بەهەمان شێوە هێنرایەوە بۆ سلێمانی.

٩- لە هەمان لاپەڕەدا ماموستا تووشی تێکەڵوپێکەڵییەکی تر بووە و لەباسی خۆپیشاندانێکی ١٩٤٩دا دەڵێ: «دیارە ئەوسا گردی سەیوان ناسرابوو بەگردی شەهیدان، گۆڕی ئەفسەرە شەهیدەکان و هی خەڵکی شیوعی و هی کارەساتەکەی شێخ مەحموود کە تەرمەکەیان هێنایەوەو خێزانەکەی ڕەشۆڵ ئەختەر شەهید بوو».

* لەکاتێکدا نووسەر باسی خۆپیشاندانێکی ساڵی ١٩٤٩ دەکات، کەچی ئاماژە بۆ شەهیدکردنی خاتوو ئەختەری خێزانی هونەرمەند ڕەشۆڵ دەکات، کە ئاشکرایە ئەختەر خان لەکاتی بردنی تەرمەکەی شێخ بۆ بەردەرگای بەندیخانەی سلێمانی کە شێخ لەتیفی حەفید لەناو چوار دیوارەکەیدا گیرابوو، لەگەڕانەوەداو لەبەر دەرکی سەرا چەکدارانی حکوومەت دەستڕێژیان لە خۆپیشاندەران و هەڵگرانی تەرمەکەی شێخ کرد، لە ئەنجامی ئەو گوللەبارانەدا ئەختەر شەهید بوو، ئەو ڕووداوەش ڕۆژی ١٩٥٦/١٠/٩ بوو، واتە دوای حەوت ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا کە کاک حەمە ساڵح باسی دەکات.

١٠- لەلاپەڕە ٣٤ باسی عەرەبی زانینی خۆی دەکات و دەڵێ: «من چەند کتێبێکم بەزمانی عەرەبی هەیە، کەسانێک کە ئەم کتێبانەیان خوێندۆتەوە تەلەفۆنم بۆ دەکەن، دەڵێن تۆ ئەو عەرەبییە چۆن فێربووی؟»

- ئایا ئەم ڕستانە زیادەڕۆیی نین؟ واتە بە موبالەغە دانانرێن! پێم وایە دەبێ خەڵک ئەو قسانە لەسەر نووسەر بنووسن نەک خودی نووسەر، ئەوی ڕاستی بێ ئەو جۆرە خۆهەڵکێشانە بەعەرەبی زانینەوە تا ئێستا لەهیچ کام لە کوردە عەرەبی زانەکانم نەبیستووە، ئەمە لەکاتێکدا دەبێ ئەوە بزانین کە عەرەبی زانین ئینشا نووسین نییە.

١١- لەبەشی دووەمی هەڤپەیڤینەکەی ماموستادا کە لە ژمارە (٢٢٨)ی مایسی ٢٠١٦ لە لاپەڕە ٣٤ تا ٦٣ بلاوکراوەتەوە، لەلاپەڕە ٣٦ لە باسی نووسین و چاپکردنی نۆڤلێتی "کاروانچی" کە بەپێشنیازی ماموستا أ.ب.هەوری کرا بە "کاروانی" ماموستا حەمە ساڵح دەڵێ: «لەو سەردەمەدا پێوەندیی حزبایەتیم لەگەڵ ڕەئووف مەعرووفدا هەبوو، هەروەها پێوەندیی هزر و پێشکەوتنخوازی، نەک حزبیم لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم دا هەبوو، لەو کاتەدا مستەفا ساڵح کەریم کە من لێرەدا وتوومە زۆر سوودم لێ وەرگرتووەو هاوکاریی کردووم، بڕواتان بێ ئەمەی نەدیوە تا ناردوومە بۆ ڕەئووف مەعرووف، کەواتە هیچ یارمەتییەکی نەداوم، ئەی بۆچی لێرەدا ئەمەم وتووە؟ چونکە کە دابووم بە ڕەئووف مەعرووف ئەویش دابووی بەو بیخوێنێتەوە، ئەوە مستەفا ساڵح کەریم هاوڕێمەو ئێستاش ماوە، هاتە لام و وتی: "هاوڕێ" شیووعییەکان بەهاوڕێ یەکتریان بانگ دەکرد، ئەگینا ئەو کاتە پێوەندیی خێزانیم لەگەڵ ئەودا نەبووە و پێوەندی قوتابخانەیی و هیچ شتێکم لەگەڵ ئەودا نەبوو - تەنیا نووسین نەبێ - چیرۆکەکەت زۆر جوانە، من زۆر پێی سەرسامم حەز دەکەم پێشەکییەکت بۆ بنووسم».

* ڕاستییەکەی ئەم مەسەلەیە بەهیچ جۆرێک بەو شێوە نییە کە بەڕێزی باسی کردووە، بەداخەوە زۆر بەناحەق حەقیقەتەکانی گۆڕەوشار داوە، ڕێگام بدەن با لێرەدا بتانگێڕمەوە بۆ سەرەتایەک کە بەڵگەکەی دەبێتە دەروازەیەکی والآ بۆچوونە ناو وردەکاریی بەرپەرچدانەوەی قسەکانی ماموستای نووسەر.

با بگەڕێینەوە بۆ وتارێکم کە لەیادی شێخ ئەبووبەکری شێخ جەلالدا "ا.ب.هەوری" لەگۆشەی (گوڵەوەچنی)، لەڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (١٠٦٦)، ڕۆژی ١٩٨٩/٤/١٠ کە تێیدا نووسیومە:

«ساڵی ١٩٥٦ ماوەیەک بوو لەقوتابخانەی گوندی سێوسێنانەوە بۆ قوتابخانەی مەڵکەندی لە سلێمانی گوێزرابوومەوە، ئێوارانیش لە قوتابخانەی کانی ئاسکان کە شاعیری ناسراو ماموستا (أ.ب.هەوری) بەڕێوەبەری بوو دەرسم دەوتەوە، ناوبەناو لە ڕۆژنامەی (ژین)دا نووسینم بلاودەکردەوە، بەهۆی برای گەورەم ماموستا دکتۆر مارف خەزنەدارەوە دوو وتاریشم بەزمانی عەرەبی لەگۆڤاری (المعلم الجدید)دا دەربارەی (پیرەمێرد) و (بێکەس) بۆ بلاوکرایەوە، لە بەشی ئەدەبیی ڕۆژنامەی (المجتمع)یشدا وتارم بەعەرەبی دەنووسی. ئەو دەمە کاک مەحموود تۆفیقی هاوڕێم لەوەزیفە دوورخرابووەوە، دەورەی ئیحتیاتی لە سەربازگەی (سەعدییە) تەواو کردبوو، گەڕابووەوە بۆ سلێمانی، دەیویست پرۆژەیەک بۆ چاپ و بلاوکردنەوەی کتێبی کوردی بنیاد بنێ، یەکەم هەنگاوی کۆکردنەوەی (ڕازی تەنیایی)بوو، بەلام

خاوەنەکەی لەو سەردەمەدا قایل نەبوو کە بەو شێوەیە چاپ بکرێ.

لەبەرئەوە کاک مەحموود هەنگاوی دووەمی بۆ لای مامۆستا (أ.ب.هەوری) نا، پاش ئەوەی لەسەر کۆکردنەوە و هەڵبژاردنی شیعرەکانی پێکهاتن، مامۆستا (هەوری) وتی:

«با کاک مستەفاش پێشەکییەکی بۆ بنووسێ»ئەوی ڕاستی بێ کە ئەوەم بیست لەئاستی خۆمەوە شەرم گرتمی «چۆن ئەدیبێکی وا کە ٢٠ ساڵ پترە بەشاعیر ناسراوە ئەو ئەرکە بەیەکێکی وەک من دەسپێرێ کە هێشتا سەرەتای هەنگاونانمە»، بەهەرحاڵ ئەو باوەڕ پێکردنەم بردە سەر، پێشەکیم بۆ نووسی، پێشنیازیشم کرد دیوانەکە ناو بنێ (ئازار و ئاوات)، کاتێ بۆمان بردەوەو خوێندییەوە زۆری بەلاوە پەسند بوو، ئینجا کاک مەحموود دیوانەکەی بۆ د.مارف خەزنەدار و کاکە جەمال خەزنەدار نارد کە لەبەغدا چاپی بکەن...تاد» (لێرەدا کۆتایی بەو دەقە دەهێنم کە لە (هاوکاری)م وەرگرت).

* لە دوای بلاوکردنەوەی (ئازار و ئاوات) بەچەند مانگێک، واتە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ کاک مەحموود تۆفیق خەزنەدار بەرهەمێکی تری مامۆستا هەوری بەناوونیشانی (سەلاحەددین و فیلی بەنک کێشان) لەنووسینی جۆرجی زەیدان و وەرگێڕانی أ.ب. هەوری چاپ کردو بلاوی کردەوە.

* دوای ئەم دوو بەرهەمە ئێوارەیەکیان کاک ڕەئووف مەعروفی خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ کە هاوڕێی نزیکمان بوو، لە کتێبخانەکەی خۆی کە زۆربەی ئێواران سەردانمان دەکرد، بەکاک مەحموود و بەمنی وت: پێتان چۆنە ئەگەر ئەم ئەرکەی کاک مەحموود گرتوویەتە ئەستۆی خۆی بیکەین بەهەرەوەز، لە ئێوە هەڵبژاردنی بابەت و هەڵسەنگاندنی و نووسینەوە و ئامادەکردنی بۆ چاپ، لە منیش گرتنە ئەستۆی ئەرکی تێچووی چاپ و بلاوکردنەوەی، ئێمەش پێشنیازەکەیمان پێ خۆش بوو، بەگەرمی بەڵێنی هاوکاریمان دا.

لەهاتنێکی دکتۆر مارف خەزنەداردا بۆ سلێمانی کە باسی ئەو پرۆژەیەمان لەلا کرد زۆری پێ خۆش بوو، بەڵێنی دا زۆر بایەخ بەم مەسەلەیە بدات و ئەرکی سەرپەرشتی چاپ کردنیشی لەبەغدا خستە ئەستۆی خۆی و کاکە جەمالی برای، لە ئەنجامی بەجێ هێنانی ئەم پرۆژەیەدا بەرودوا بەهەوڵی ئەو لیژنەیە کە لەم کەسانە پێکهاتبوو: [د.مارف خەزنەدار و مەحموود تۆفیق خەزنەدار و ڕەئووف مەعرووف و جەمال خەزنەدار و مستەفا ساڵح کەریم] ئەم کتێبانە لەچاپ دران:

١- خانزاد- جەمال بابان

٢- کامەران و هۆنراوەی نوێ - حسێن عارف.

٣- ڕازی تەنیایی - ئەحمەد هەردی.

٤- گۆمی شڵەقاو- "محەڕەم محەمەد ئەمین".

٥- دیوانی "حەمدی".

٦- دیوانی شێخ سەلام.

ئەم بەرهەمانە هەموویان لەلایەن کاک مەحموود تۆفیق خەزنەدارەوە کۆ دەکرانەوەو دەنووسرانەوە و بۆ چاپ ئامادە دەکران و دکتۆر مارف خەزنەداریش پێشەکی بۆ هەر یەک لەو چوار بەرهەمەی حەمدی و هەردی و سەلام و موحەڕەم نووسی و بەهیمەتی کاک جەمال خەزنەدار لەبەغدا بەرودوا چاپ کران و گەیشتنە کاک ڕەئووف مەعرووف کە ئەرکی تێچوونی چاپکردنیانی گرتبووە ئەستۆ و بەکتێبخانەکانی کوردستاندا بلاوی کردنەوە.

شکور بۆ خوا کاکە مەحموود خەزنەدار کە ئێستا لە ئەمەریکایەو کاکە جەمال خەزنەدار کە لە ئەڵمانیایە و زوو زووش دێنەوە هەولێر هەردووکیان لە ژیاندان، هیوای تەمەن درێژییان، بەتەندروستییەکی باشەوە بۆ دەخوازم، هەردووکیان شایەتحاڵی ئەم پرۆژەیەن و ئاگایان لەم وردەکارییەیە کە باسم کرد.

* لەو ڕۆژگارەدا مامۆستا حەمە ساڵح سەعید نۆڤلێتی (کاروانچی) دابوو بە کاک ڕەئووف مەعرووف وەک خاوەن پرۆژە، نەک وەک پێوەندیی حزبی وەک نووسەر وتوویەتی تا بۆی چاپ بکات، ئەویش بەحوکمی ئەوەی من ئەندامی لیژنەی جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە بووم، بەئاگاداریی کاک مەحموود خەزنەدار ڕوونووسەکەی دا بەمن کە بیخوێنمەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکەم، سەرەنجام لەگەڵ چەند تێبینییەکی خۆمدا کە بۆم نوسیبوو، پاش هەفتەیەک ڕوونووسەکەم دایەوە بەکاک ڕەئووف و پێشنیازی چاپ کردنیشم دا.

ئینجا لێرەدا با بێینە سەر ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی کاکی نووسەر لەو پەڕەگرافەدا:

أ- لەو سەردەمەدا بڕوا ناکەم مامۆستا حەمە ساڵح پێوەندی حزبایەتی لەگەڵ ڕەئووف مەعرووف هەبووبێ ئەگەر وایە با پێمان بڵێ ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ پێش شۆڕشی چواردەی تەمووز لەکام شانە، یان کام لیژنەی

حزبیدا بووە، چ خۆی، چ کاک ڕەئووفیش؟ کێی لەگەڵدا بوو، کێش لێپرسراویان بوو، من بۆیە جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەمەوە، چونکە زۆرمان ئەو سەردەمە پێوەندییە حزبییەکانمان پچڕابوو، من بەش بەحاڵی خۆم یەکێک بووم لەوانە، چونکە چاپکردنی بەرهەمەکەی ئەو لە ئەنجامی پێوەندیی حزبیدا نەبوو، بەڵکو بەرهەمی پرۆژەکەی ئێمە بوو.

ب- پێوەندیی حزبیی لەگەڵ من نەبووە، زۆر ڕاستەو هیچ کاتێکیش من ئەو ئیدیعایەم نەکردووە، لەبەرئەوە باسکردنی لەلای ئەوەوە زیادە.

ج- کە دەڵێ: «لەو کاتەدا مستەفا ساڵح کەریم کە من لێرەدا وتوومە زۆر سوودم لێ وەرگرتووە و هاوکاریی کردووم، بڕواتان بێ ئەمەی نەدیوە تا ناردوومە بۆ ڕەئووف مەعرووف، کەواتە هیچ یارمەتییەکی نەداوم.»

* من کەسێک نیم شت بەچاوی خەڵکدا بدەمەوەو ڕۆژێ لە ڕۆژانیش باسی ئەوەم نەکردووە کە من تێبینیم داوەتێ، یان سوودم پێ گەیاندبێ، بەڵام حەقیقەتێک هەیە ناشاردرێتەوە کە کاک ڕەئووف مەعرووف بەرهەمەکەی دامێ و خوێندمەوە، سەرنج و تێبینییەکانی خۆمم بۆ نووسی، بەئاگاداریی کاک مەحموودیش دامەوە بەکاک ڕەئووف ئەویش بەئەمانەت گەیاندبووی، کاک حەمە ساڵحیش بەخۆشحاڵییەوە سەرنج و تێبینییەکانی وەرگرتبوو، دوای ئەو پێداچوونەوەیەو ڕەچاوکردنی سەرنجەکانی من و چاککردنی ناوونیشانەکەی کە ئەمەیان پێشنیازی (أ.ب.هەوری) بوو، ڕوونووسەکەی گێڕابووەوە بۆ کاک ڕەئووف مەعرووف بە پێشەکییەکی تازەشەوە، ئیتر بەو شێوەیە بەرهەمەکەی چاپ کراو خودی کاک حەمە ساڵح خۆی لە پێشەکی کتێبی (کاروانی)دا دەڵێ: «دوای تەواوکردنی چیرۆکەکەش بۆ خوێندنەوە دام بە مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، بەڕاستی گەلێ ئامۆژگاریی دامێ کە زۆر کەڵکم لێ وەرگرت لەبارەی نووسینی چیرۆکەوەو هەر هانە هانەی ئەویش بوو بووە هۆی لە چاپدانی. لەبەرئەوە سوپاسی دڵسۆزی و هەستی هونەری و وێژەیی مامۆستایانی بەڕێزی ناوبراو ئەکەم...تاد.»، ئینجا خوێنەری بەڕێز خۆت سەرپشک بە، نووسەرێک بەئیرادەی خۆی، بەقەڵەمی خۆی ئەو دان پیانانە لە پێشەکییەکەدا بنووسێ و ئێستا دوای (٥٨)ساڵ بەو شێوەیە خۆی بخاتە ئەو هەڵوێستەوە کە نازانم چۆنی وەسف بکەم و هەستی نەڕووشێنم، نازانم ئێستا تۆ دەڵێی چی؟

د- ئینجا ئیدیعای ئەوە دەکات من سوالی پێشەکی نووسینم لێ کردبێ و ئەویش ڕەفزی کردبێ، ئەمە نە ئەسڵی هەیە و نەئەساس، جارێ من نەچوومەتە لای و پێی بڵێم: «هاوڕێ» وەک شیوعییەکان یەکتریان بەو نازناوەوە بانگ کردووە، چونکە من ئەو سەردەمە نە پێوەندیی حزبیم هەبووە، نە ئەو نازناوەشم بەکارهێناوە، ئەگەرچی وەک کەسێکی پێشکەوتنخواز و چەپڕەو بەگیانێکی کوردانەوە لە (ژین)دا هەفتانە وتارم دەنووسی، هەروەها من وشەی «زۆر سەرسامم» بەکارناهێنم و بەهیچ جۆرێک داوام لێ نەکردووە پێشەکی بۆ بنووسم، چونکە پێشەکی نووسین بەداوای خاوەن بەرهەم دەبێ، نەک بەخۆ سەپاندن، جگە لەوەش ئەگەر وای زانیبێ من بەنووسینی ئەو پێشەکییە ناو پەیدا دەکەم، ئەوە بەهیچ جۆرێ وا نییە، چونکە بەبێ لەخۆبایی بوون ئەو سەردەمە لەو تەمەنەی هەڕەتی لاویمدا بەهۆی گۆشە هەفتانەکەم لە ڕۆژنامەی (ژین)دا و بەهۆی چیرۆکەکانم لە (هیوا) و (شەفەق)دا ناو و ناوبانگێکی دیارم بۆ خۆم بەدەست هێنابوو کە پێویستم بەوە نەبوو لە ڕێی پێشەکی نووسینم بۆ کاروانی من بناسرێم، من ئەو کاتە بەشانازییەوە گەورە پیاوانی دنیای قەڵەمی کوردیم لە نزیکەوە دەناسی، ئەوە هاوڕێکانی ئەو سەردەمەم ئەو ڕاستییانە دەزانن، جگە لەمانە نازانم ئەو هەموو حاشاکردنەی بۆ چییە کە دەڵێ: «ئەگینا من ئەو کاتە پێوەندیی خێزانیم لەگەڵ ئەودا نەبووە و پێوەندیی قوتابخانەیی و هیچ شتێکم لەگەڵ ئەودا نەبووە».

بۆ خوانەخواستە من ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆم بەوەوە هەڵواسیوە تا ئەو پاکانانە بکات؟ کەی باسی پێوەندیی خێزانیی لەئارادایە، نازانم ئەم تێکەڵوپێکەڵییە لەپای چی و بۆچی؟

**تێبینی:** جارێکی تریش لەلاپەڕەی (٤٠)دا حاشا لەوە دەکات کە چیرۆکی خۆی پیشان کەسێکی تر دابێ و لەخۆی بەتواناتری زانیبێ و «بڵێم بۆچوونەکانی ڕایکێشاوم» (تکایە پێشەکییەکەی نووسەر لە (کاروانی)دا بخوێنەرەوە کە دەقەکەی لێرەدا پیشان دەدەم، بزانە نووسەر کەوتووەتە چ گێژاوێکەوە).

دەقی نووسینەکەی مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید لەپێشەکی کتێبەکەیدا:


دوای تەواوکردني چیروکەکەش بو خوێندنەوه دام
بە ماموستا مصطفی صالح کریم ، بەراستی گەلی ئاموژگاري
دای کەزور کەلکم لیوەرگرت لەبارەي نوسيني چیروکەوەو
هەر هانەهانەی ئەویش‌بو بوبە هوی لەچـاپدانی ..
لەبەرئەوه سوپاسي دلسوزیو هەستي هونەریو ویژەیی
ماموستایاني بەریزي ناوبراو ئەکەم ، هیوام‌وایە وینەیان زوربی
بوپیشکەوتن‌و بەرزبونەوەو سەرکەوتنی ویژەی کوردی تائیمەش
هاوشاني ویژەی گەلانيجیهان بکەین بەشانازیو سەربلندیەوه
بەرەوئاسوی روناکيهیواو ئاواتی گەرم‌و گوررمان هەنگاو
بنیین بەشادمانی بوپیشەوه...

«دوای تەواوکردنی چیرۆکەکەش بۆ خوێندنەوە دام بە ماموّستا مستەفا سالّح کەریم، بەراستی گەلێ ئامۆژگاری دامێ کە زۆر کەلکم لێ وەرگرت لەبارەی نووسینی چیرۆکەوەو هەر هانەهانەی ئەویش بوو بووە هۆی لە چاپدانی.. لەبەرئەوە سوپاسی دڵسۆزی و هەستی هونەری و وێژەیی مامۆستایانی بەڕێزی ناوبراو ئەکەم، هیوام وایە وێنەیان زۆر بێ بۆ پێشکەوتن و بەرزبوونەوەو سەرکەوتنی وێژەی کوردی تا ئێمەش هاوشانی وێژەی گەلانی جیهان بکەین بە شانازی و سەربڵندییەوە بەرەو ئاسۆی ڕووناکی هیوا و ئاواتی گەرم و گوڕمان هەنگاو بنێین بەشادمانی بۆ پێشەوە...»

١٢- لەلاپەڕە (٤٤)ی بەشی دووەمدا کاک حەمە سالّح دەڵێ: «من حەز ناکەم باسی خۆم بکەم، بەڵام جارێکیان نووسەرێک لە کتێبۆلکەیەکدا نوسیبووی فلان کەس نەزانە».

کاک ئازاد لەوەڵامدا پێی دەڵێ: «من باوەڕ ناکەم ئەو نووسەر و باسکارە ورد و بەدیقەتە وای نووسیبێ، یان بەو شێوەیە نووسیبێتی».

من لای خۆمەوە نەمدەزانی کاک محەمەد صالّح مەبەستی لەو نووسەرە کێیە، بەڵام کە بەدواداچوونەکەی (ڕامان)م خوێندەوە تێگەیشتم ئەو نووسەر و باسکارە ورد و بەدیقەتە مامۆستا (عومەر مارف بەرزنجی)یە، کە بەڕاستیش وایە ئەو پیاوە ئەو خەسڵەتانەی تێدایە، جگە لەوەش ئەو کتێبەی مامۆستا حەمە سالّح بە کتێبۆلکەی داناوە تا ئێستا یەکێکە لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان کە چەندان خاوەن بڕوانامەی باڵا ئاماژەیان بۆ کردووە.(*)

* هەر لەو بارەیەوە حەز دەکەم ئەوەش بڵێم: ڕۆژانی هەینی ژمارەیەک لە نووسەران لە چایخانەی (شەعب) یەکتری دەبینین و هەندێ جاریش لە چایخانەکەی لای گەراجەکەی شارەوانی دادەنیشین، لەناوەڕاستی حوزەیرانی ئەمساڵدا لە چایخانەی دووەم دانیشتبووین، چەند نووسەرێک باسی هەڤپەیڤینەکەی کاک حەمە سالّحیان دەکردو تێبینییان لەسەر ناوەرۆکی ئەو هەڤپەیڤینە هەبوو، باسی کتێبۆکەکە و باسی (کاروانی)یش کرا، نووسەر و باسکار مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی خۆی لەوێ بوو وتی: «بەڵێ خاوەنی ئەو کتێبۆلکەیەی کاک حەمە سالّح باسی کردووە ئەوە منم.. بەم زوانە منیش قسەی خۆم دەبێ..».

١٣- لەلاپەڕە ٤٦ دا شتێکی وا نووسراوە کە ئەوە دەگەیەنێ (د.صفاء حافظ) و (عزیز الشیخ) کە دوو سەرکردەی دیاری حزبی شیوعی بوون پرسیان بە کاک حەمە سالّح کردووە و پێیان وتووە «دەمانەوێ سەندیکای مامۆستایان دابمەزرێنین»، ئەمە ناچێتە عەقڵەوە، چونکە هەر دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز ڕێکخراوە دیموکراتی و جەماوەری و پیشەییەکان، بۆ ڕێکخستنی خۆیان دەستیان بەئامادەکاری کرد، جگە لەوەی کە لەو کاتەدا کەسێکی وەک د.عیزەددین مستەفا کە لە شام هاتبووەوەو لەبەغدا دەژیا و لەوەوپێش مامۆستا بووە و شارەزا بووەو شیوعیش بوو، هەمووانی دەناسی و ڕۆژانە لەبارەگای حزبی شیوعی بوو، ئەو پرسەیان بۆ لەو نەکرد؟ دەشێ بۆ کردنەوەی لقەکان لە ڕێی حزبی شیوعییەوە ئەو جۆرە هاوئاهەنگییە کرابێ، هەتا لەو حاڵەتەشدا - ئەگەر واش بووبێ - کارەکە تاکەکەسی نییەو دەستپێشخەری تاکێک نییە، بەڵکو حزب ئەو کارە دەکات و کەسانێک بۆ ڕاپەڕاندن دەستنیشان دەکرێن.

# ڕەنگدانەوەی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا

د.ئاراس محەمەد سالح
(زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)

**پێشەکی**

حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧ز) لە کات و سەردەمێکی زۆر هەستیار و گرنگی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەست دەداتە قەڵەم و لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە بانگەوازی پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا کە سەردەمی ڕاچەنین و بووژانەوە و ڕێنیسانسی گەلانی ڕۆژهەڵاتە، ئەو سەردەمە بۆ کورد قۆناغێکی مێژوویی زۆر تایبەتە، سەردەمی کۆتایی هاتن و ڕووخانی میرایەتییە کوردییەکانە، بەتایبەتی میرایەتی بابان کە سنووری قەڵەمڕەوی زۆر فراوان بوو، ئەو میرایەتییە لە ساڵی ١٨٥١زایینیدا ڕووخێنراو دەستەی ڕۆشنبیر و دەستەبژێری کورد ئاوارە بوون و زۆریان ڕوویان کردە ئیستەنبوڵ، ئەم شارە لەو کاتەدا شارێکی فەرهەنگی و جێگەی کۆبوونەوەی ئازادیخوازان و دەستەی ڕۆشنبیری زۆر گەلی جیاواز بوو.

حاجی قادر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە لە ئیستەنبوڵ دەست بە خەباتی ڕۆشنبیری و ڕیفۆرمی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات، شارێکی گرنگ و فەرهەنگی وەک ئیستەنبوڵ و بوونی گۆڤار و بڵاوکراوەی نوێ و سەرهەڵدانی بزاڤی ئازادی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری گەلانی ڕۆژهەڵات و گەیشتنی سەرەتاکانی شارستانیەتی ئەوروپا بۆ ئیستەنبوڵ و زۆر ناوچەی تر فاکتەری زۆر کاریگەربوون بۆ هۆشیاربوونەوە و دەستپێکردنی بزاڤی ڕیفۆرمخوازی لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا، هەروەها دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و دروستبوونی دەستە و ڕێکخراو و پارتی نوێ لەو شارەدا، کاریگەری گەورە لەسەر ئاست و جیهانبینی حاجی قادر دروست دەکەن.

ئەگەر مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٦-١٨٢٧ز) قوربانی دەستی ڕیفۆرمی ئایینی بێت، ئەوە (حاجی قادری کۆیی)ش یەکەم قوربانی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردە لە سەردەمەکەی خۆیدا، هەر لەو پێناوەدا تووشی کێشە بووە و لەدەست جەور و نادادی کۆمەڵایەتی ئاوارە بووە و ڕووی کردووەتە تاراوگە(١)، حاجی لە شاری کۆیە ڕازی نەبووە کەسێکی وەک (شیخ نەبی ماویلی) خەڵکی ڕەشوڕووتی کۆمەڵی کوردەواری زیاتر بڕووتێنێتەوە، بەگژ ئەو نادادییەدا چووەتەوە، بۆیە تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بووە و گەیشتووەتە ئیستەنبوڵ، لەو شارەدا حاجی زیاتر پاشکەوتوویی کۆمەڵگەکەی خۆی بۆ دەردەکەوێت و زۆر باشتر بیر و ئەندێشەی فراوان دەبێت و دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت چیتر کۆمەڵی کوردەواری گیرۆدەی نادادی کۆمەڵایەتی نەبێت و دەبێت هۆشیار بکرێتەوە و



**حاجی قادری کۆیی**

وەک گەلانی پێشکەوتوو بگاتە ئاستی ژیانی شایستە و لە هەمان کاتدا ببێتە خاوەنی دەسەڵات و دەوڵەتی خۆی و وەک گەلانی تری ناوچەکە دەست بکەن بە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هەموو ئەو هیوا و خواستانەی حاجی لەناو شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

## دەستپێک
## بۆچی حاجی قادر لەڕێگەی شیعرەوە هەوڵی ڕیفۆرمی داوە

لەسەردەمی حاجی قادردا هیچ کەناڵێکی گەیاندن و ڕاگەیاندن نەبووە لەناو کوردا بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی، لەهەمان کاتدا ڕێژەی خوێندەوار لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەکردووە و نووسینی کوردی بە شێوەی پەخشان لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووە، ئەگەر نەڵێین هەر نەبووە، لەناو گەلێکی وادا تەنیا لە ڕێگەی شیعرەوە دەتوانیت مەبەستەکانی خۆت بگەیەنی، دەبێت شیعرەکەیش بە زمانێکی زۆر سادە و بێ گرێ بنووسرێ(٢)، هەتا ڕەشەخەڵک و کەسانی زۆر سادە و ئاساییش لێی تێ بگەن و کاریگەری لەسەریان هەبێت.

حاجی دوای جێگیربوونی لە شارێکی وەک ئیستەنبوڵی ئەو سەردەمەدا دەبوو ببێ بە نووسەر و ڕۆشنبیر و زانایەک بیروباوەڕەکانی بە وتار بڵاو بکاتەوە، بەڵام لە کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەمەدا هێشتا پەخشانی سیاسی پەیدا نەبووبوو و ڕۆژنامەگەری نەکەوتبووە ناوەوە، بۆیە حاجی قادر ناچاربوو ڕێگەیەکی تر بگرێتەبەر لەگەڵ ڕەوشی کۆمەڵی ئەو سەردەمەدا ڕێکبکەوێ، ئەویش دەربڕینی بیروڕاکانی بوو بە شیعر، شیعرێک لە هەموو ڕوویەکەوە بە پێچەوانەی شیعری کلاسیکی بێ: وشە و تەعبیری ئاسانی خۆماڵی، کێش و قافیە و عەرووزی ئەوەی لە کێشە سووکەکانە و لە کێشی سیلابی میللییەوە نزیکە، بەم جۆرە حاجی بوو بە شاعیرێکی میللی و یەکێک لە دروستکەرانی شیعری پەروەردەیی و فێرکردن، بێ گومان ئەم بابەتە شیعرە نرخی ئیستێتیکی کەمترە و زیاتر بایەخ بە ناوەرۆک دەدات، ناوەرۆکەکەش لێکدانەوە و بۆچوونی سیاسی قووڵە، بەڵام ئەو بە زمانێکی سادە و ئاسان دەریدەبڕێ.

حاجی دەورێکی باڵای لە هێنانی بیروڕای ڕۆشنگەری (التنویری) و شۆڕشگێڕی بۆ ناو کۆمەڵی کوردەواری هەبوو، هەروەها هۆیەکی گرنگ بوو بۆ بەردەوامی بزووتنەوەی شیعری پەروەردەیی و تەنویری لە باشووری کوردستان(٣).

هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە حاجی پەنای بۆ شیعری زۆر سادە و هۆشیارکەرەوەی جەماوەری بردووە و لەو بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوە و خەمەکانی خۆی بەرانبەر میللەت و نیشتمانەکەی لەناو شیعرەکانیدا تۆمار کردووە و وەک زەنگێکی هۆشیارکەرەوە داویەتی بە گوێی هەموو تاکەکانی میللەتەکەیدا.

حاجی لەم بارەیەوە لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێ:

**بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن**
**مەقسەدم لەم بەند و باوە دەربچن**(٤).

حاجی قادر وەک شاعیرانی پێش خۆی گرنگی بە شێوازی زمانی شیعری و ڕەوانبێژی قووڵ و وشەئارا نەداوە، بەڵکو زیاتر گرنگی بە ناوەرۆک و گەیاندنی مەبەستەکانی خۆی داوە، چونکە مەبەست لە شیعر دانانی حاجی هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی بووە، نەک یاری کردن بە وشە و دەرخستنی توانایی زمانەوانی ڕەوانبێژی شاعیر.

## ڕەنگدانەوەی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی وەک شێوازێکی بەرەنگاری لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا

حاجی قادری کۆیی و ئەو سەردەمەی حاجی تێدا دەرکەوتووە قۆناغێکی زۆر گرنگ و چارەنووسساز بووە

بۆ کـــورد، نیـــوەی دووەمی ســـەدەی نۆزدە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم ژانی لەدایکبـــوونی گـەورەدا بووە، سەرەتاکانی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی و ئازادی و بیری نیـشـــتـمـــانی نەتەوەیی سـەربەخـۆ، هەروەها هاتنی دەرهاویشتەکانی شارستانی ئەورووپا و خۆبەراوردکردنی ڕۆژهەڵات بە شـــارســـتـــانی نوێی ئەورووپا و زیاتر دەرکەوتنی پاشکەوتوویی ڕۆژهەڵات، دەرکـەوتنی بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی و چاپ و چاپخانە و کتێبی نوێ، بە تایبـەتی لە شاری ئیسـتەنبوڵی ئەو سەردەمەدا کە حاجی قـادر لەو شارەدا نیشـتـەجێ بووە و بەچاوی خۆی گۆڕان و پێشهاتەکانی بینیوە و وەک ڕووناکبیرێک هەر زوو هەسـتی بەهاتن و دەرکـەوتنی جیـهـانێکی نوێ کردووە، کە سەرجەم شێوازە باو و تەقلیـدییەکانی ژیانی گشتی دەگۆڕێت.

لە نیـــوەی دووەمی ســـەدەی نـۆزدەدا ڕۆشنـبـیــــری و دنیـــابینی کـــورد لە ڕێگەی حـــاجی قـــادری کـــۆیی و شیـعرەکـانییـەوە تەعبیـری لە خـۆی کردووە، ئەزمـوونی شیعری حاجی قادر لە سەدەی نۆزدەدا لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا ئەزموونێکی نوێیە، کە پێشـتر ئەو شێـوازە لە شیعر لای شاعیرانی کلاسیکی کورد نەبووە، حاجی قادر هەوڵی تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردی و تێکەڵاوکردنی بە زمـان و خـەونی نەتەوە و نیـشـتـمـان و ئەرکی ئەدەب و خـوێندەواری کـورد کـردووە، لێـرەوە حـاجی قـادر ئەرکی شیـعـر و ئەدەبی بۆ خـەمـەکـانی نەتەوە و نیـشـتـمـان گواستووەتەوە.

حـاجی قـادر هەر لە کـوردسـتـانەوە، دوای ئەوەیش لە ئیسـتەنبوڵ بەرووی جیهانێکی نوێدا کراوەتەوە، هەستی بەوە کردووە کە ئەو ڕۆژگارەی ئەو دنیایەکی جیاواز بووە لەو دنیایەی کە نەوەکانی پێش خۆیان تێیدا ژیاون، هەر لەو دنیا نوێیـەیشدا خواست و هیـواکانی کورد و هەمـوو گـەلانی تر گـۆڕاوە و دەبێت خـوێنـدەوارانی کـورد ئەو قـــۆناغـــەی پێـــشـــوو تێـــپـــەڕێنن و کـــار بۆ زیاتر هۆشیـارکردنەوەی نەتەوە و ئاشناکـردنیـان بە خـواسـتـە نوێیەکانیان بکەن.

حـاجی قـادر لەڕێگەی شیـعـرەکـانیـیـەوە ڕوو دەکـاتە خـوێندەوار و شـاعـیـرانی کـورد و بەدەنگی بەرز پێـیـان دەڵێت بەسە ئیتر باسکردنی زوڵف و چاوی بەخەو، وەرن باسی خەمە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بکەن و ئیتر ئەو سنوورە تێپەڕێنن کە سەردەمی بەسەر چووە و ئەمڕۆ ڕۆژی هۆشیارکردنەوەی گەل و بنیاتنانی دەوڵەت و نیشتمانە و دەڵێ:

**شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن**
**لە قسەی بێ نەتیجەدا دەمرن**
**باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو**
**نەبڕایەوە بۆ تڕی خەسرەو**(٥).

حاجی ڕەخنەی توند لە شاعیرانی پێش خۆی دەگرێت و داوایان لێ دەکـات کـە ئیـتـر با خـوێندەوارانی کـورد لە شـیــعــری بێ ئەنجـــام وازبێن و با ڕوو بکەنە بابەتە گرنگەکانی سەردەم و خۆیان لەو بازنە تەقلیـدییە دەرباز بکەن و دەڵێ:

**بەسە ئەی خامە با ئەم باسە پەی بێ**
**وەرە سەر باسەکی فائیدەی بێ**
**ئەمانە قسەیەکە زۆر کراوە**
**وەکو ئاوی شەوێ تامی نەماوە**(٦).

حاجی لەم شیعرانەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئیتر دەبێت خامـە بەدەسـتـان و خـوێندەوارانی کـورد سـەردەمی کـۆن تێپەڕێنن و بێنە سەر پرسە گرنگەکانی سەردەم و خەمە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و نابێت هەر باسە کۆنەکانی پێش خـۆیـان دووبارە بکەنەوە و لە بازنەیەکی داخـراودا خۆیان قەتیس بکەن.

حـاجی هەسـتی بەوە کـردووە کـە سـەردەمـەکـە گـۆڕاوە و سیستمی ژیان بەگشتی لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگی و شێـوازی ڕێکخسـتـنی ژیانی گشـتی گۆڕاوە و پێویسـتـە کورد لەگەڵ ئەو سەردەم و پێشهاتانەدا بچێتە پێشەوە و لەو کاروانە دوانەکەوێت.

ناسـینی جـیـهـانێکی نوێ کـە دەتوانین خـۆمـانی پێ بەراورد بکـەین، جـیـهـــانێکی نوێی پێـشـکـەوتـوو، ئەو جیهانەیش ئەورووپای نوێیە، وەک شارستانیـەتێکی نوێ و وەک ڕێکـخـــســـتنەوەیەکی نوێی شـــێـــوازی ژیـان و ڕێکخستنی پێوەندییەکانی مرۆڤ بەخۆی و دەوروبەری، بە کولتوور و زمان و زانستەوە. ڕەخنەگرتن لە خود وەک یەکەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەرهەنگی، خود وەک پێوەندی دنیای ئەمڕۆ بە ڕابوردووەوە.

کـــردنەوەی ڕەهەندێکی ئایینـدەیی گـــرنـگ لە تاک و گۆڕانی ئێستا بۆ کێشەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕزگارکردنی ئایینده لە چەمکە تەقلیدییەکانی گۆڕینی بۆ سەردەمی شارستانی و فەرهەنگی و سیاسی هەیە، وێناکردنی ئەمـانەیش وەک کێشە سەرەکییـەکانی کۆمەڵ.

**خاکی جەزیر و بۆتان یەعنی وڵاتی کوردان**



**مەولانا خالیدی نەقشبەندی**

**سەد حەیف و سەد مەخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان**
**وا ڕێگەتان دەبەسرێ عێلاتی جاف و بڵباس**
**گەر مردوون لە گەرمێن مەمنووعە بچنە کوێستان(٧).**

لێرەوە حاجی قادر سەردەمی پێشووی خۆی تێدەپەڕێنێت و باس لە سەردەمێکی نوێ دەکات، کە ئەویش سەردەمی بیری نیشتمانی و خەمە نەتەوەییەکانە، سەردەمێک کە دەبێت کوردان خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان بن و هەر لە جەزیرە و بۆتانەوە سنوورەکانی دیاری بکرێت و هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە، حاجی یەک سەدە پێش سەردەمەکەی خۆی کەتووە و خەمی بە ئەرمەنی کردن و بە تورکی و فارسی و عەرەبی خاکی کوردانی کردووە و ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە بووەتەوە کە لەسەر خاکی کوردستان ڕوویان داوە، یان لە داهاتوودا ڕوودەدەن.

حاجی قادر زۆر زیرەکانە هەستی خێڵە کوردەکان دەجوولێنێت و باس لەوە دەکات کە ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببنەوە کە ڕوویان لە نیشتمانەکەیان کردووە و هەتا ڕێگای گەرمیان کوێستانیان لێ نەگیرێت و بە ئازادی هاتوچۆ و گەرمیان و کوێستانی خۆیان بکەن.

حاجی قادر هەستی بەوە کردووە کە دنیایەکی تازە لە دروستبووندایە و شیعر و ئەدەبیاتی کوردیش هاوشان بە تاک و کۆمەڵگای کوردی لەو دنیا نوێیەدا دەژین و هەستی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کوردە، لای حاجی قادر هەست بە گۆڕانی گەورە لە ژیان و شێوازی پێوەندی و دروستبوونی نەتەوە و نیشتمان سەری هەڵداوە. لە ڕۆژگاری حاجی قادردا، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا و بیری نەتەوە و ئازادی و نیشتمانی نەتەوەیی تەواو گەشە دەکات و ئازادیخوازی گەلانی جیهان لە ئیستەنبوڵ خەباتی نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییان دەست پێ کردووە و هەر ئەوەیش وای لە حاجی قادر کردووە بە دەنگی بەرز بانگی نەتەوەکەی بکات و هانیان بدات بۆ ئەو جیهانە نوێیەی لەبەردەم لە دایک بوونێکی نوێدایە.

لەم بارەیەوە حاجی دەڵێ:

**بولغار و سیرب و یۆنان هەم ئەرمەن و قەرەتاغ**
**هەر پێنجیان بە تەعداد نابن بە قەدی بابان**
**هەر یەکە موستەقیلن کولێکی دەوڵەتێکن**
**سەحێبی جەیش و ڕایەت ئەرکانی حەرب و مەیدان**
**هەم حەقیانە ئەرمەن غیرتکێشی یەکترن**
**وەک ئێمە نین لەگەڵ یەک دەعوا بکەن بە شیران**
**بۆ فەننی حەرب و سەنعەت بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت**
**دەینێرنە ئەورووپا گەورە و بچووکی خۆیان(٨).**

حاجی لەیەک کاتدا بەرەنگاری لاوازی بیری نەتەوەیی لای تاکی کورد و گرێی خۆبەکەمزانینی بووەتەوە، حاجی قادر زۆر شانازی بەخۆی و بیرکردنەوە ڕۆشنگەرەکەی و گەل و نیشتمانەکەیەوە کردووە و هەرگیز ڕۆژێک بیری لەوە نەکردووەتەوە گەلەکەی لە گەلانی تر کەمترە و خۆیشی بە شاعیرێکی کەنارگیری گەلێکی بندەست نەزانیوە و زۆر ئیرادەی بەرز و دەنگی زوڵاڵ بووە، هەر بۆیە خواستەکانی ئەو ڕێچکەی شیعری حاجی لەدوای خۆی دەبێتە قوتابخانەی ئەدەبی نەوەی سەدەی بیستەمی گەلی کورد.

حاجی لەم شیعرانەدا باس لە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی گەلانی جیاواز دەکات و دەیەوێت ئەوە بە نەتەوەکەی خۆی بڵێ کاتی ئەوە هاتووە کوردیش وەک ئەو گەلانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت و خەبات بۆ ئەو خواستە سیاسییەی خۆی بکات و نابێت خۆیشی لەگەلانی تر بەکەمتر بزانێت، چونکە تەنیا میرایەتی بابان و قەڵەمڕەوەکەی بە هێندەی ئەو پێنج دەوڵەتە دەبێت کە ئاماژەی پێ کردوون.

سەرەتاکانی لە دایکبوونی کورد وەک نەتەوە لە شیعری حاجی قادرەوە دەست پێ دەکات و لەدوای ئەوە و بۆ ناو

بەشی زۆری ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم دەگوێزرێتەوە.
حاجی قادر لە رێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵی ریفۆرم و چاکسازی و هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی داوە و دەستی خستووەتە سەر برینەکانیان و رێگاچارەشی بۆ داناون، وەک:

**باسی یەکەم**
**دوورکەوتنەوە لە بیری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و کەسانی خراپ**

حاجی قادری کۆیی یەکەم ریفۆرمیستی کۆمەڵایەتی و لەهەمان کاتدا یەکەم قوربانی ئەو پێناوەیە لە مێژووی کورددا، حاجی قادر بەگژ دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکاندا چووەتەوە، بۆیە لە وڵاتی خۆیدا جێگەی نەبووەتەوە و ناچاری کۆچپێکردن بووەتەوە و بەناچاری رووی کردووەتە تاراوگە.
حاجی قادر دوای ئەوەی خوێندنی مەلایەتی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە شاری کۆیە، هەرچەندە لەگەڵ هەندێ لە ئاغا و کاربەدەستانی سەرەوەی کۆمەڵی کۆیە پێوەندی باش بووە، بەڵام وا ناکات کە رەخنە لە دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵ نەگرێت، وەک سیستەمی دەرەبەگی و بزووتنەوەی دەروێشیزم کە هەمیشە لە خزمەتی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانیدا بوون، هەر ئەمە وادەکات کەسێکی وەک (شێخ نەبی ماویلی) دەورێکی زۆر گرنگ دەبینێ لە بەربەرەکانێکردنی حاجی و تەنگەتاوکردنی تا پلەیەک وڵات بەجێ بێڵێ و ئاوارەی وڵاتان بێت(٩).
کێشەی نێوان حاجی و شێخ نەبی ماویلی کێشەی هەموو کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی کوردەواری بووە، راستە حاجی وەک یەکەم کەس بەگژ ئەو دیاردە دزێوەدا دەچێتەوە، ئەویش رووتانەوەی خەڵکی رەش و رووت و جووتیاری کورد بووە لەلایەن هەندێ شێخ و ئاغا و کەسانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی، ئەو رەوشە لە هەموو ناوچەکانی تری کوردستاندا بەرقەرار و بوونی هەبووە، بەڵام کۆیە و هۆشیارێکی وەک حاجی قادر دەبنە سەنتەری بەگژداچوونەوەی ستەمی کۆمەڵایەتی و لەوێوە بانگی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دەدەن، بەڵام لەبەر پاشکەوتوویی ئەوکاتی کۆمەڵی کوردەواری و پێگەی بەهێزی شێخ و دەروێش و دەست و پێوەندەکانیان و ئاغاکان، هەوڵەکانی حاجی سەرکەوتوو نابن و حاجی ئاوارەی وڵاتان دەکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی حاجی رەگوریشە دادەکوتن و لە دوای سەفەری حاجی بزووتنەوەی ریفۆرم و رێنیسانسی(١٠) کوردی بەردەوام دەبێت.
لە سەردەمی حاجیدا لە کوردستان تەنیا ئایین سەرچاوەی بیر و مەعریفە و دنیابینی تاکی کورد بووە، لەو کاتەشدا ئاییناری لەبەرگی تەریقەت و تەسەوف و دەروێشایەتیدا کورت کرابووەوە، چەند شێخێک بۆ مەبەستی دنیایی خۆیان ئەو پێگە ئایینییەی خۆیان بەکاردەهێنا، هەر لەدوای کەوتنی میرایەتییە کوردییەکانەوە، بەتایبەتی میرایەتی بابان کە لەساڵی ١٨٥١بۆ ١٨٥٢ز، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە رووخێنرا، لەدوای دروستبوونی ئەو بۆشاییە سیاسییە لە کوردستاندا دەوڵەتی عوسمانی بۆ راکێشانی وەلائی کورد کەوتە تاپۆکردنی لادێ و ناوچە کوردستانییەکان لەسەر ئەو شێخانەی خاوەن پێگەی ئایینی بوون، هەروەها لەسەر ئاغا و سەرۆک عەشیرەتە دەسەڵاتدارەکان، ئەمە وادەکات سیستەمی چینایەتی و دەرەبەگی لە کوردستاندا گەشە بکات و چینە رەنجکێش و جووتیار و باخەوان و شوان و گاوانەکە باجی قورسی بدەن(١١).
حاجی ئەم هەلومەرجە تاڵەی میللەتەکەی بینیوە، بۆیە لە شیعرێکیدا بەگژ ئەو حاڵەتەدا دەچێتەوە و دەڵێ:

**خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر**
**پێم بڵێن نەفعیان چییە ئاخر**
**غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن**
**جەمعی ئەملاک و خەزنە کۆکردن**
**دەفعەیەک ئیمتیحانیان ناکەن**
**تێبگەن زەهرە، یانە تریاکن**
**لەمەحەکی بدەن ئەگەر وەک زەڕ**
**تێدەگەن رێگرن وەیا رەهبەر**(١٢).

راستە لە سەردەمێکدا خانەقا و تەکێکان لەکوردستاندا رۆڵیان بووە و لە رووی رۆحی و سیاسی و کولتوورییەوە خزمەتیان بە کۆمەڵ کردووە(١٣)، بەڵام لە سەردەمی حاجی و بەهۆی سیاسەتی چەوتی دەوڵەتەوە ئەوانیش دەبنە شوێنی خەڵکی بێکار و نەخوێندەوار و تەمبەڵ و بەکارهێنانیان بۆ خزمەی شێخ و پاراستنی بەرژەوەندییە ماددییەکانی و کۆکردنەوەی پارە و سامان، هەر سیستەمی دەروێشیزم و شێخایەتی دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و گرنگی نەدان بە مزگەوت و حوجرە و خوێندنی شەرعی، بۆیە حاجی لە شیعرێکدا دەردی دڵی خۆی وەک سکاڵایەک لەو وەزعە دەردەبڕێت

و دەڵێ:

**مەسجید و میحراب و مینبەر بێکەسە**

**هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە(١٤).**

مزگەوت و میحراب و مینبەر کە شوێنی زانای گەورە و ڕێبەرایەتی ئایینی ڕاستودروست بووە، ئێستا زانای گەورە و ڕێپیشاندەری دڵسۆزی تێدا نییە و خوێندنگەی مزگەوتەکان لەسایەی ڕژێمی پاشکەوتووی دەرویشایەتی و شێخانی نەخوێندەوار و دنیا ویستەوە بێ مامۆستا و فەقێ ماونەتەوە.

هەر ئەو سیستمی شێخایەتییە بووەتە هۆی دروستبوونی سیستمی ئەرستۆکراتی و چینی خوارەوەی کۆمەڵ و چینی سەرەوە، چینی ئەرستۆکراتی سەرەوە هەموو کات خۆی بەپیرۆز وێنا دەکات و چینی خوارەوە بە سووک و خزمەتکاری خۆی دەزانێ و بە شایەنی هیچ ماف و ڕێزێکی دانانێ، لەم بارەیەوە حاجی دەڵێ:

**هەر شێخێ کەوتە شوێنی یەک دوو کەسی ڕەش و ڕووت**

**خەڵکی بەموور دەزانێ خۆی حەزرەتی سولەیمان(١٥).**

شیعری شاعیران ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی ناو کۆمەڵگایەکەیانە، بۆیە دەکرێت لەڕێگەی شیعری شاعیرەکانەوە، لە زۆر ڕووی سۆسیۆلۆژی و ئابووری و سیاسییەوە مێژووی گەلەکانیان بخوێنرێتەوە، حاجی قادریش لەوە بەدەر نییە و وەک کەسێکی هۆشیار و ئازار و نەهامەتییەکانی گەلەکەی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە تۆمارکردووە، وێنەی ئەرستۆکراتیەتی کورد لە ڕژێمی شێخایەتیدا وێنا دەکات، شێخی تەریقەتی تەوسەوف لە کۆمەڵی کوردیدا خۆی بە فریادڕەس و نوێنەری خوا و ڕۆژیدەر و غەیبزان لەبەرچاوی دەرویش وێناکردووە، زۆر کات مورید و خەڵکە ڕەشوڕووتەکەی وەک مار و مێروو سەیر کردووە، بۆیە حاجی بەگژ ئەو پاشکەوتوویە کۆمەڵایەتی و سیستمی ئەرەستۆکراتییەدا دەچێتەوە و داوای گۆڕینی دەکات و میللەتەکەی لێ هۆشیار دەکاتەوە و بە زمانێکی شیعری توند ڕەخنەی لێ دەگرێت و ڕیسوای دەکات.

هەر ئەم دێڕە شیعرە بەم شێوەیش هاتووە:

**هەر میرێ کەوتە شوێنی یەک دوو کەسی ڕەش و ڕووت**

**خەڵکی بە موور دەزانێ خۆی حەزرەتی سولەیمان.**

بەم شێوەیش مانای شیعرەکە زۆر جوان ڕێک دەکەوێ، نەک هەر لەبەر بەراوردکردنی میر و موور و سولەیمان، بەڵکو لەبەر مەعناکەیشی کە هەڵوێستی گەورە و دەسەڵاتدارانی سەردەم و خۆبەزل زانینیان بەرانبەر بە جەماوەری ڕەنجکێش و ڕەشوڕووت ڕوون دەکاتەوە، وەک بڵێی جەماوەر مێروولەی بێ دەسەڵاتە و هەر کامێکیش لەو دەسەڵاتدارانە سولەیمانێکە بۆ خۆی، ئەمەیش بەڵگەیەکی تری تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی حاجی قادر و داکۆکی کردنیەتی لە جەماوەر بەرانبەر بە جەور و ستەمی دەرەبەگ و دەسەڵاتداران(١٦).

## باسی دووەم
## خوێندن و خوێندەواری

لەسەردەمی حاجی و لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا نەخوێندەواری باڵی ڕەشی بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا کێشابوو، جگە لە بوونی خوێندنی مزگەوت و چەند فەقێ و مەلایەک هیچ جۆرە خوێندنێکی تر لە کوردستاندا نەبووە، ڕۆشنفکرێکی وەک حاجی زانیویەتی کە نەخوێندەواری دەردی کوشندەی گەلانە و تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوە دەتوانرێت گەلان لە دەردی نەزانی و دواکەوتوویی ڕزگار بکرێن و بەرەو ژیانێکی باشتر ئاراستە بکرێن.

هەروەها لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەوڵەتی ئەوکاتی عوسمانی لە هەوڵی کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرندا بوو لە قەڵەمڕەوەکەیدا، ئەو هەنگاوەی دەوڵەت بە هۆی هەوڵی کەسایەتییە کوردەکانەوە ناوچە کوردییەکانیش دەگرێتەوە ئەگەر بە شێوەیەکی کەمیش بێت، چەند (عەشیرەت مەکتەبلی) لەناوچە کوردییەکاندا کرانەوە(١٧)، کوردەکانیش هەستیان بەوە کردبوو کە لە ڕووی خوێندن و زانستەوە پاشکەوتوون، بەتایبەتی لەپاش بڵاوبوونەوەی بیری ناسیۆنالیزم لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی کتێب و تێکەڵبوونی کورد بە بێگانە و سەردانی بەردەوامی کۆنسوڵە ئەوروپییەکان بۆ کوردستان، حەقدە سەرۆک خێڵی کورد لەناوچەی وان یادداشتێکیان پێشکەش بە نوێنەری سوڵتان کرد کە بەناوچەکەدا دەگەڕا بەمەبەستی چاکسازیی ئیداری و بەناوی چل هەزار کوردەوە داوایان لە نوێنەری سوڵتان کرد ڕازی بێت چەند خوێندنگەیەک بە پارەی خۆیان بۆ منداڵەکانیان بکەنەوە(١٨)، حاجی لە شارێکی وەک ئیستەنبوڵ کە بەرووی شارستانی ئەوروپا و گەلانی پێشکەوتوودا دەکرێتەوە، لەهەمان کاتدا کە گەلەکەی خۆی دەبینێ چەندە پاشکەوتووە و لە خوێندن و ژیانی پێشکەوتوو دوورە، حاجی لەوێوە بانگەوازی خوێندن و

خوێندەواری بۆ کورد دەداو داوای خوێندن و فێربوونیان لێ دەکات و بەدەنگی بەرز دەڵێ:

**هەر کوردە لەبەینی کوللی میللەت**
**بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت**
**بێگانە بەتەرجەمەی زوبانی**
**ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی**
**یەکسەر عولەما درشت و وردی**
**ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی**
**ئوستادە خەتن لە ئەم سیانە**
**وەک دی لە زوبانی خۆی نەزانە**
**مومکین نییە دەربچێ لە چەنگی**
**حەتا ڕەقەم و خەتی فەرەنگی**
**ساحێب کوتوب و پەیامە هەر کەس**
**ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەرکەس**
**کاکە ئێمە موئمینین نە ڕووسین**
**بۆچی کفرە زوبانمان بنووسین**
**میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین**
**غەیری کوردان نییە لەڕووی زەمین**(١٩).

حاجی بانگەوازی خوێندن و زانست دەکات بە زمانی کوردی، ئەو پێی وایە کە گەلان تەنیا بەخوێندن و زانست دەتوانن لە دیلی و دواکەوتن ڕزگاریان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە گەلەکەی دەکات ڕوو بکەنە خوێندن و فێربوونی زانستی نوێ داوایش دەکات کە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بخوێنن و بنووسن، بۆچی بۆ هەموو گەلان دروستە بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن، بەڵام بۆ کورد یاساغ و لە ئایین دەرچوون بێت؟ ڕەخنە لە مەلای کورد دەگرێ بۆچی بە کوردی ناخوێنن و گرنگی بە زمانەکەی خۆیان نادەن، ئاماژە بەوە دەکات هەموو گەلان خاوەنی کتێب و نووسین بە زمانی خۆیان دەخوێنن، ئەوە تەنیا کوردە خاوەنی کەلەپووری مەعریفی خۆی نییە بە زمانی نەتەوەکەی.

حاجی قادر لە شیعرێکی تریدا داوای خوێندن و فێربوون دەکات لە هەردوو ڕەگەز، چونکە خوێندن پێویستییەکی هەموو تاکێکی کۆمەڵە بۆ ئەوەی بتوانن داهاتوویەکی باشتر و پێشکەوتوو بۆ گەل و وڵاتەکەیان دەستبەر بکەن، لەم بارەیەوە دەڵێ:

**بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین**
**(أطلبوا العلم ولو بالصين)**
**نێرو مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە**
**گەر مەلا نەهیی فەرموو ئایینی نییە**(٢٠).

لە سەردەمی حاجیدا ئایین تەنیا تێزی فکری و ئایدیا و دنیابینی تاک و کۆمەڵی کوردەواری بووە، لە هەمان کاتدا کۆی گشتی کۆمەڵ لەژێر کاریگەری ئایینیدا بووە و ئەم کاریگەرییە پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆ ئاراستەکردنی کورد بەرەو هەموو پێشهاتەکان، بۆیە حاجی قادر بە زمانی ئایین و گوتاری ئایینی هانیان دەدات کە ڕووبکەنە خوێندن و فێربوون، حاجی قادر لە کاتێکدا داوای خوێندنی کچانی کردووە لای زۆربەی ئەگەر نەڵێین هەموو مەلایانی کورد، چوونی کوڕانیش بۆ قوتابخانەی نوێ حەرام بووە، حاجی قادر یەک سەدە زیاتر پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە، چونکە حاجی قادر پێش ئەوەی هەرچی بێت مەلایەکی دەرچووی مزگەوتەکانی کوردستان بووە، حاجی زانیویەتی مەلاکان لەگەڵ بۆچوونی ئەو نین و لەو کاتەدا دەبنە بەربەست لەبەردەم خوێندنی کوڕان و کچان و چوونیان بۆ قوتابخانەی نوێ، بۆیە بە زمانێکی توند دەڵێ ئەگەر مەلاکان بوونە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی خوێندندا ئایینیان نییە و لە ئایین تێنەگەیشتوون.

دەربارەی پرۆسەی خوێندن لە دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەت لەو ڕۆژگارەی حاجی لە ئیستەنبوڵ نیشتەجێ بووە، لەو کاتەدا سەرەتای هەوڵی گەشەپێدانی ئەو پرۆسە بووە لەلایەن سوڵتانەکانی عوسمانییەوە، بۆ نموونە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم و سوڵتانەکانی دوای خۆیدا گرنگییان بە بواری زانست و بەخوێندن دەدا تا ڕادەیەک لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا خوێندنگەی ناوەندی و پەیمانگای تەکنیکی کرانەوە بۆ ئامادەکردنی لاوان بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی حکوومەت و پێشخستنی دەوڵەت.

لە سەردەمی عەبدولمەجیدی یەکەم و لە ساڵی ١٨٤٨زدا، یەکەم خانەی مامۆستایان کرایەوە کە ڕۆڵێکی گەورەی لە ئامادەکردنی مامۆستا بۆ قوتابخانەکان بینی، ئەم خانەی مامۆستایانە هەتا ساڵی ١٩٠٨ز، بوونە ٣٨ خانەی مامۆستایان لە ئیستەنبوڵ و شوێنەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها سوڵتان چەند خوێندنگەیەکی ڕوشدییەی کردەوە کە لە ئاستی قۆناغی ناوەندیدا بوو، هەروەها کردنەوەی زانکۆی گەورە وەک کۆلێژی سووری ئینجیلی ساڵی ١٨٦٦ز، کە دوای بووە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیرووت، زانکۆی قەدیس یووسف ساڵی ١٨٧٤ز.

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم گرنگی زۆری بە

پرۆسەی خوێندن دابوو، ئەو قوتابخانەی لە ساڵی ١٨٥٩ز، لەلایەن سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمدا دروستکرابوو، جارێکی تر بەپێی نەخشەیەکی زانستی رێکخستەوە، بەپرۆگرمێکی نوێی خوێندنەوە، دەرگای کردەوە بۆ خوێندنکارانی ئیستەنبوڵ و ئەوانەی لە هەرێمە جیاوازەکانەوە هاتبوون، بە شێوەیەکی وەها بووە مەڵبەندێکی رۆشنبیری گرنگ.

هەروەها سوڵتان ساڵی ١٨٧٨ز، قوتابخانەی سوڵتانی بۆ کاروباری دارایی کردەوە، هەروەها قوتابخانەی ماف و قوتابخانەی هونەرە جوانەکان و بازرگانی و ئەندازەی شارستانی و ڤێتێرنەری و پۆلیس و گومرکی کردەوە، هەروەها ساڵی ١٨٩٨ز، خوێندنگەی پزیشکی کردەوە.

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەسەر گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن بەردەوام بوو، گەشەی زۆری بە قوتابخانەی گەورەی ئیستەنبوڵ دا هەتا بووە زانکۆی ئیستەنبوڵ، سەرەتا لە چوار کۆلێژ پێکهاتبوو، کۆلێژی زانستە ئایینییەکان و زانستە وەرزشییەکان و زانستە سروشتییەکان و زانستە ئەدەبییەکان، دوایی کۆلێژەکانی ماف و پزیشکی بوونە بەشێک لەو زانکۆیە.

هەروەها قوتابخانەی عەشیرەتەکان لە سەردەمی سوڵتان عبدولحەمیدی دووەمدا ساڵی ١٨٩٢ز دروستکران و ١٩٠٧ز داخران، هەتا سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم خوێندن لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە چوارچێوەی خوێندنگە ئایینییەکانی سەر بەدەستەی ئایینی ئیسلامی بوو لەگەڵ خوێندنگەی میللی بەسەرپەرشتی گرووپە ئایینییە ناموسڵمانەکان.(٢١)

هەموو ئەم رووداوانە لەو رۆژگارەدا بوون کە حاجی لە ئیستەنبوڵ نیشتەجێ بووە، حاجی قادر ئەم گۆڕانکارییانەی بەچاوی خۆی بینیوە و گرنگی ئەو مەڵبەندە زانستییانەی بۆ دەرکەوتووە، بۆیە بانگەوازی خوێندن و زانست بۆ گەلەکەی دەکات.

**باسی سێیەم**

**هاندانی حاجی قادر بۆ دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار**

یەکێکی تر لەو رێگایانەی حاجی قادر بە فاکتەری چاکسازی و پێشکەوتنی گەلەکەی دەزانێ گرنگیدانە بە پرۆسەی رۆشنبیری و دەرکردن و خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و کتێبی بەسوودە، حاجی قادر لە شارێکی وەک ئیستەنبوڵی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە کە چەندان رۆژنامە و گۆڤار و کتێب لەو شارەدا بڵاودەبوونەوە، لەهەمان کاتدا زۆر لە بڵاوکراوەکانی وڵاتانی ئەوروپا دەگەیشتنە ئیستەنبوڵ و زۆر رێکخراو و دەستەی نەتەوە جیاوازەکان و ئازادیخوازان و رۆشنبیران چالاکی رۆشنبیری و سیاسییان هەبووە، حاجی هەموو ئەمانەی بەچاوی خۆی بینیوە، بۆیە بانگی دڵسۆزان و رۆشنبیرانی گەلەکەی دەکات ئەوانیش لەو بوارەدا دریغی نەکەن و لەو رێگەوە گەلەکەیان هۆشیار بکەنەوە.

بزاڤی چاپەمەنی و رۆژنامەنووسی لە شارێکی وەک ئیستەنبوڵ لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا تەواو سەری هەڵدا بوو، بەتایبەتی لەناو دەستە و رێکخراوە ئازادیخوازە جیاوازەکاندا، هەر لە ساڵی ١٨٥٧ز، سوڵتانی عوسمانی یاسای کاری رۆژنامەنووسی دەرکرد، هەرچەندە یاساکە کۆتوبەندی زۆری تێدابوو، بەڵام بەڵگەی ئەوەیە کە بزاڤی رۆژنامەنووسی بوون و چالاکی و کاریگەری هەبووە، هەر لەو رۆژگارەدا ژمارەیەکی بەرچاو رۆژنامە و گۆڤاری نەتەوە جیاوازەکان لە ئیستەنبوڵ دەردەچوون، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی دەرکەوتنی دەستەی رووناکبیری کورد دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار دوادەکەوێت(٢٢)، هەر بۆیە رووناکبیرێکی وەک حاجی بانگەواز بۆ رووناکبیری کورد دەکات بۆ گرنگیدان بەو بوارە و هەتا کوردیش لە کاروانی پێشکەوتنی گەلان دوانەکەوێت، بەڵام سەد مەخابن حاجی لە ژیانی خۆیدا ئەو هیوایەی نایەتەدی و ساڵێک دوای ماڵئاوایی حاجی یەکەم رۆژنامەی کوردی لەدایک دەبێت، حاجی لەبارەی هاندانی رۆشنبیرانی کوردەوە بۆ دەرکردنی رۆژنامە بە زمانی کوردی دەڵێ:

**سەد قائیمە و قەصیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ**

**رۆژنامە و جەریدە کەوتووەتە قیمەت و شان**(٢٣).

ئەمە ئاماژەیەکی رووناکبیرانەی حاجی قادرە دەربارەی باری رۆشنبیرانی ئەوکاتی ئیستەنبوڵ کە رۆشنبیران و خوێنەرانی ئەو شارە سەردەمی شیعری کلاسیکی کە زیاتر گرنگی بە رواڵەت و رەوانبێژی و غەزەل دەدا، ئێستا ئەو جۆرە بابەتانە لەلایەن خوێنەرانی ئیستەنبوڵەوە بایەخی نییە، بەڵکو دەستەی رووناکبیران روویان کردووەتە بابەتی نوێ وەک رۆژنامە و گۆڤار و کتێبی نوێ، چونکە ئەو کەناڵانە تاک و کۆمەڵ ئاراستە دەکەن بۆ گۆڕان و پێشکەوتن و خۆدەربازکردن لە قۆناغی کۆن.

هەر لەبارەی گرنگی رۆژنامەوە دەڵێ:

**زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە**
**چراغی نازم مونشی کوژاوە**
**لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە**
**ئەگەرچی مەقسەدە زانینی باوە**(٢٤).

حاجی ئاماژە بەوە دەکات کاتی ئێستا کە گەلان لە قۆناغی بووژانەوە و ڕێنیسانسدان، سەردەمەکە گۆڕاوە و دابونەریتەکانی پێشووی سەردەمیان بەسەرچووە و ئێستا سەردەمەکە پێویستی بەشتی نوێ هەیە، یەکێک لەو شتانەی ئێستا کە خەڵکی ڕۆشنبیر و ئازادیخوازان گرنگی پێ نادەن شاعیرانی کلاسیک و هۆنراوەی غەزەل و قووڵبوونەوە ڕەوانبێژییەکانە، لە ڕۆژگاری حاجی و ئەو سەردەمەدا باو باوی ڕۆمان و ڕۆژنامەنووسی بووە و بازاڕیان گەرم بووە و بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و ڕزگاربوونیان لە نەزانی و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی باشترین کەناڵ بوون.

## باسی شەشەم
## سوود وەرگرتن لە پیشەسازی و شارستانیەتی ئەوروپا

لە نیوەی دوووەمی سەدەی نۆزدە و لەو ڕۆژگارەی حاجی لە ئیستەنبوڵ بووە دەرهاویشتەکانی شارستانی ئەوروپا لەناو کۆمەڵی ئەوکاتی تورکیادا ڕەنگیان داوەتەوە، هەر لە خوێندن و کردنەوەی قوتابخانەی مودێرن و زانکۆوە بگرە، تا دەگاتە کتێبی نوێ و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپخانە و زۆر رووی تری ئەو شارستانییەتە، کاتێک حاجی ئەو گۆڕانانە بەچاوی خۆی دەبینێ بانگی گەلەکەی دەکات کە بۆ پێشخستنی گەل و نیشتمانەکەیان ڕوو بکەنە فێربوون و سوود وەرگرتن لەو پێشکەوتن و شارستانییەتە.

پرۆسەی وەرگرتن و سوودمەندبوون لە پێشکەوتن و شارستانیەتی ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە پرۆسەی بە ڕۆژئاوایی بوون (التغریب) (Westernization) ناو دەبرێت، هەر سەرسام بوون و سوود وەرگرتن لەو شارستانییەتە ڕۆژئاواییە لە جیهانی ئیسلامیدا گەنگەشە و قسەی زۆری لەسەر کراوە و ڕەنگە هەتا ئێستایش ئەو جەدەلە بوونی مابێت، بەڵام کەسێکی ڕۆشنگەر و بیر ڕووناکی وەک حاجی قادر وەک زانایەکی ئایینی کورد زۆر ئازایانە لە یەکەم هەنگاوی گەیشتنی بەراییەکانی ئەو شارستانییەتە گەورەدا داوا لەگەلەکەی دەکات سوودی لێ وەربگرێت و بیخاتە خزمەت پێشکەوتنی گەل و نیشتمانەکەیەوە(٢٥).

یەکێک لە دەرئەنجامەکانی شارستانییەتی ئەوروپا دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی و ئازادی گەلان بوو، حاجی قادر خۆشحاڵی خۆی بەو پێشهاتانە دەردەبڕێت و دەڵێ ئەو گەل و وڵاتانە بۆیە پێشکەوتن و توانییان سوود لە شارستانی ئەوروپا وەربگرن و قوتابیان و خوێندنکارانی خۆیان نارده زانکۆکانی ئەوروپا و لەوێوە زانست و زانیاری فێربوون و توانییان پاشان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان و سوپا دروست بکەن و هونەری و جەنگ و ڕێکخستن و ئیدارەکردنی وڵات و حکومەت لە ئەوروپاوە فێربوون، لەم بارەیەوە دەڵێ:

**بولغار و سیرب و یۆنان هەم ئەرمەن و قەرەتاغ**
**هەر پێنجیان بە تەعداد نابن بە قەدی بابان**
**هەر ئێکە موستەقیلن کولێکی دەوڵەتێکن**
**ساحێبی جەیش و ڕایەت، ئەرکانی حەرب و مەیدان**
**هەم حەقیانە ئەرمەن غیرەت کەشی یەکترن**
**وەک ئێمە نین لەگەڵ یەک دەعوا بکەن بە شیران**
**بۆ فەنی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت**
**دەینێرنە ئەوروپا گەورە و بچووکی خۆیان**
**حاجی کەسێکە بێکەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ**
**گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان**(٢٦).

حاجی دوای ئەوەی باس لە سەربەخۆیی چەند وڵاتێک دەکات، باس لەوە دەکات کە ئەو وڵاتانە گەورە و بچووکی خۆیان دەنێرنە ئەوروپا بۆ فێربوونی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی (زەبت و ڕەبتی میللەت) و بۆ فێربوونی هونەری جەنگ و پیشەسازی، لە ڕۆژگاری حاجی قادردا لەڕووی سیستەمی حوکمڕانی و سوپا و چەکەوە ڕۆژهەڵات زۆر دواکەوتوو بووە، لە کۆتاییدا حاجی ئاماژە بەوە دەکات کە هەوڵ و خەمی حاجی بۆ میللەتەکەیەتی و هیچ بەرژەوەندییەکی خۆی ناوێت، حاجی پێشکەوتن و ئازادی و سەربەخۆیی میللەتەکەی لەوەدا دەبینێ تا بتوانن سوود لە شارستانیەتی ئەوروپا وەربگرن و هەر لەو ڕێگەیەوە لە دواکەوتوویی ڕزگاریان دەبێت و دەتوانن ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن.

لە شیعرێکی تردا حاجی سەرسوڕمانی بە شارستانیەت و پێشکەوتنی ئەوروپا دەردەبڕێت و دەڵێ:

**ئەی خەریکی ڕموز و ناز و نیاز**
**ئەوروپا فەنی گەییوەتە ئیعجاز**
**قولەی (ئیڤل)ی لە ئەفلاکە**
**عەکسی ئەو گەردشی لەژێر خاکە**

**کوڕەیی ئەم زەمینەیان پێوا**
**خاتری تۆبێ چوونە جەوی سەما (٢٧).**

سەرسام بوونی حاجی بە شارستانیەتی ئەورووپا و ڕەخنەگرتنی لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دواکەوتووی وەک (ڕازو نیاز: قاوەگرتنەوە و فاڵ)، بانگی حاجی قادرە بۆ میللەتەکەی هەتا ڕووبکەنە پێشکەوتنی ئەورووپا و لە بیروبۆچونی خورافە و دواکەوتووی ڕۆژهەلاتی وازبهێنن و هەر لەو ڕێگەوە دەتوانن لە نەزانی و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی ڕزگاریان بێت.

سوودوەرگرتن لە زانست و پێشکەوتنی گەلانی ناموسڵمان یەکێکە لەو بابەتانەی لەناو گەلانی موسڵماندا کێشە و بەرەی زۆری ناوەتەوە و زۆری لەبارەوە وتراوە، لە ڕۆژگاری حاجی قادردا هەریەک لە (جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە) ڕابەری قوتابخانەی ریفۆرمی ئایینی بانگەوازی ئەوەیان دەکرد جیهانی ئیسلامی سوود لە شارستانیەتی ئەورووپا وەربگرێت، هەر لەو بارەوە لەلایەن زانا و ناوەندە ئایینییە پارێزگارەکانەوە زۆر تاوانبار دەکران، هەر لەو ڕۆژگارەدا زانایەکی ئایینی، کورد شاعیرێکی هۆشیاری وەک حاجی قادر بانگەوازی ئەوەی کردووە کە دەبێت گەلانی موسڵمان سوود لەو پێشکەوتن و شارستانیەتە وەربگرن و بیخەنە خزمەتی گەلەکانیانەوە هیچ نارەوایی و نادروستییەکی تێدا نییە، لەو بارەیەوە دەڵێ:

**تۆ وەرە فەننی فێربە چیت لەوە**
**گاورە، هیندووە، وە یاخود جووە (٢٨).**

فێربوونی زانست و زانیاری لای حاجی قادر هیچ پێوەندی بە ئایین و نەتەوەی جیاوازەوە نییە، بەڵکو پێویستە ئینسان زانست و زانیاری لە هەر کوێ و لای هەر کەسێک بینی بڕوات فێری بێت، ئیتر پرسیاری ناسنامە و بیروباوەڕی ئایینی ئەو کەسە نەکات کە زانیاری لێ وەردەگرێت.

## باسی چوارەم
## هۆشیاری سیاسی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی

لە سەردەمی حاجی قادردا هێشتا بیری نەتەوەیی و نیشتمانی کورد نەخەملیبوو، هیچ کەناڵ و ڕێکخراو و دەستەیەکیش نەبوو کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی بکات، نەبوونی خوێندن و پرۆگرامی نوێش نەبووە هەتا قوتابی و خوێندکاری کورد بە بیری نوێ پەروەردە بکات، لەو کاتەدا حاجی لە ڕێگەی شیعرەوە بانگی هۆشیاری و سیاسی کورد دەدات، زۆر زیرەکانە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و سۆزی ئەو کاتی کورددا دەدوێ و دەیەوێت لەو ڕێگەوە بەرەو سەرفرازی بانگیان بکات و دەڵێ:

**تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد**
**هەروا دەبنە خەرابە ئاباد**
**ئەنواعی میللەل لە گەورە تا بچووک**
**خەملیوە مەمالیکی وەکو بووک**
**یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ**
**بێ غەیبەت و عەیب و بێ دەنگ (٢٩).**

لەسەردەمی حاجی قادردا تاکە بازنەیەک فراوانتر لە خێزان کە تاکی کوردی کۆکردووەتەوە و وەلائی بۆی هەبووە بازنەی خێڵ و عەشیرەت بووە و کاریگەری زۆریشی لەسەر تاکی کورد هەبووە، هەر لەو دیدگایەوە حاجی باس لەوە دەکات هەتا هەموو خێڵە کوردەکان لەسەر پرسی نەتەوە و نیشتمان کۆنەبنەوە، هەر بەو حاڵەی ئێستایانەوە دەمێننەوە و نابنە خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و هەر بەو شێوە و شپرزە و ژێر دەستەییە دەمێننەوە، هەروەها باس لەوە دەکات کە گەلانی تری جیهان بەهۆی یەکبوون و یەکێتی خۆیانەوە ئێستا خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆیانن لەگەڵ یەکتر ناکۆک نین.

دەردی ناکۆکی و دووبەرەکی کۆمەڵایەتی کورد زۆر ئازاری حاجی قادری داوە و ئەو بابەتەی لە زۆر چامەی شیعریدا دووبارە کردووەتەوە و لە ڕێگەی شیعرەوە دەردە دڵی خۆی هەڵڕشتووە، سەد مەخابن زۆر لە مێژە ئەو دەردە تووشی کۆمەڵی کوردەواری بووە و پرزەی لێ بریوە و ڕەنگە هەر ئەوەیش بێت هەتا ئێستا نەیتوانیوە خواستە سیاسی و نیشتمانییەکان بەدەست بێنێ.

حاجی قادر لەو ڕوانگەیەوە کە کورد و کوردستان وەک دوو زاراوەی ناسۆنالیستی دێنێتە ناو ئەدەبیاتی سەردەمەکەیەوە، خۆی لە شاعیرانی تری سەردەمەکەی جیادەکاتەوە، لەلای حاجی نۆستالۆژیا و ڕۆشنگەری دەچن بەناو یەکدا و ئەو سەرزەمینە سایکۆلۆژییە دەخوڵقێنن کە ناسیۆنالیزم پێویستی پێیەتی، لێرەوە مەنفای حاجی لە مەنفای شاعیرانی پێش خۆی جیا دەبێتەوە، لەلای حاجی مەنفا دەبێتە سەرزەمینی ڕوانین بۆ ئایندە، حاجی قادر ئامۆژگاریمان دەکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، لە یادەوەری حاجیدا کوردستان دەبێتە نیشتمان (٣٠).

حاجی لە چامە شیعرێکی تردا ڕوو دەکاتە گەلەکەی و

ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی بە هیچ بیانوویەک پشت بە بێگانە نەبەستن و هەوڵ و خەبات بکەن بۆ مافی ڕەوای خۆیان، بە تایبەتی ئاماژە بەوە دەکات کە عوسمانییەکان دڵسۆزی کورد نین و هەموو میرایەتییە کوردییەکانیان لە سنە و سۆران و بابان و بۆتان لەناو برد و بەو نیمچە سەربەخۆییەی کورد ڕازی نەبوون، بۆیە پێویستە کورد دەوڵەت و سوپای پڕ چەکی خۆی هەبێت و دەڵێت:

**ڕۆمی وەک بەنی موون کەس پشتیان پێ نەبەستێ**
**کەوتوونە داوی خۆیان، سەرگەشتە ماون و حەیران**
**کوا والی سەنەندوج و بەگزادەیی ڕەواندوز**
**کوا حاکمانی بابان، میری جزیری و بۆتان**
**ئەو ئایەتەی (فسیروا في الأرض) خوا کە فەرمووی**
**ئیجرای دەکەن سەگانە (بالنفس) شاهی خۆیان**
**کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون**
**سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحێبی جەیش و عیرفان**
**جۆشێک بدەن وەکو هەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ**
**ئەسبابی شەڕ پەیداکەن، تۆپ و تفەنگ و هاوان(٣١).**

لەم شیعرەدا بیر ڕووناکیی حاجی دەگاتە لووتکە و وەک سیاسییەکی زۆر هۆشیار لەگەڵ گەلەکەی دەدوێ، باس لە لەناوبردنی میرایەتییە کوردییەکان دەکات لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، هەتا گەلەکەی تێبگەیەنێ کە ئەو دەوڵەتە دۆستی ئێوە نییە، کاتێک لەژێر دەسەڵاتی ئەو میرایەتییانەدا کورد ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن سوپا و پرۆسەی خوێندن و مەعریفەی خۆی بووە، بۆیە پێویستە گەلی کورد بکەوێتە هەوڵی کۆکردنەوەی خۆی و دروستکردنی سوپا و پەیداکردنی چەکی تازە و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

ناوهێنانی ناودارانی کورد، سەرەڕای نیازی شانازی کردن و خۆهەڵدانەوە لە ناوهێناندا، نیازێکی یەکجار گرنگتر و کاریگەرتر بە حاجی قادری کردووە، ئەویش بانگهێشتی براگەورە و سەرۆکەکانی کوردە بۆ خەباتی نەتەوایەتی پێکهێنانی کیانی کوردی(٣٢).

حاجی قادر لە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە و لەنێو کوردەکانی تاراوگەدا دەبێتە گەورەترین پێشەنگی بزووتنەوەی فیکری کوردی، نە لە سەردەمی حاجی و نەپێش ئەویش هیچ شاعیر و ڕووناکبیرێکی تری کورد نەیتوانیوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە وێنەی ئەو کار لەسەر چەمک و زاراوە ناسیۆنالیستییەکانی کورد و کوردستان بکات، بەتایبەت کە حاجی لە ئیستەنبوڵ لە نزیکەوە تێکەڵ بەدنیای سیاسی و کولتووری ئەوروپایی بووە و ئەو ڕۆژگارەش بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئەرمەن و گەلانی بالکان لە پەرەسەندن و گەورەبووندا بوون و چەمکەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمیش لە ئەوروپاوە گەیشتبووە ناو نەتەوە جیاجیاکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، لەو کاتەدا حاجی قادر تا ئاستێکی باش توانیبووی مانایەکی ناسیۆنالیستانە بەدین بدات و ئایین لە فۆرمە ناسیۆنالیستیەکەیدا وێنا بکات، بەمانایەکی تر توانیبووی ژیرانە و بە ئاگاوە بیری ناسیۆنالیستی و بیری ئایینی لە خەبات دژی عوسمانی و قاجاری ئاوێتە و تێکەڵ بە یەکتر بکات(٣٣).

حاجی قادر پێی وایە میللەت لە ڕێگەی یەکڕیزی و یەکدەنگی و بوونی خواستی سەربەخۆیی لای تاک و کۆی میللەت و لەدوای ئەمانە لە ڕێگەی هێزەوە دەتوانرێت سەربەخۆیی گەلان دەستەبەر بکرێت، زۆر مەحاڵە هیچ گەلێک بەبێ هێز بتوانێت سەربەخۆیی و ئازادی بەدەست بهێنێ.

## باسی پێنجەم
## نوێکردنەوە و گۆڕینی ئامانجی ئەدەب و شیعر

یەکێک لەو بوارانەی حاجی قادر داوای ڕیفۆرم و چاکسازی تێدا دەکات، بواری ئەدەب و شیعری کلاسیکی کوردییە، بێ گومان شیعری کلاسیکی زیاتر لە بازنەی غەزەل و چاوی یار و گرنگیدان بە وشەسازی ڕەوانبێژیدا سووڕاوەتەوە، بە واتایەکی تر ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا بووە، بەڵام حاجی دەیەوێت ئەدەب لە خزمەتی گەل و هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەیدا بێت، چونکە ئەدەب، بەتایبەت شیعر لە هۆشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی گەلاندا کاریگەری زۆری هەیە.

لەم ڕووەوە حاجی ڕەخنەی توند لە شاعیرانی پێش خۆی دەگرێت و دەڵێ:

**شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن**
**لە قسەی بێ نەتیجەدا دەمرن**
**باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو**
**نەبرایەوە بۆ تری خەسرەو(٣٤).**

حاجی ڕووی ڕەخنە دەکاتە شاعیران کە هەر باسی زوڵفی یار و چاوی جوان دەکەن، واتە هەموو ئامانجێکی شیعر نووسینیان لەو بوارەدا قەتیس کردووە، شاعیر بڕوای وایە ئەو جۆرە شیعرانە سەردەمیان بەسەرچووە و جگە لە قسەی بێ ئەنجام و کات کوشتن و میللەت

سەرقاڵکردن بە شتی بێ سوودەوە شتێکی تر نییە، پێویستە شاعیر و ڕۆشنبیر نووسینەکەیان بۆ هۆشیاردکرنەوەی گەل و لە پێناوی ئامانجی پیرۆزی نیشتماندا بێت(٣٥).

لە شیعرێکی تردا حاجی دەڵێ:

**بەسە ئەی خامە با ئەم باسە پەی بێ**
**وەرە سەر باسەکی فائیدەی بێ**
**ئەمانە قسەیەکە زۆر کراوە**
**وەکو ئاوی شەوێ تامی نەماوە**(٣٦).

حاجی قادریش شیعری غەزەل و باسی چاو و زوڵفی یاری کردووە، ڕەنگە ئەم شیعرانە زیاتر هی پێش سەفەری حاجی بووبێ بۆ ئیستەنبوڵ، واتە دەکرێ بوترێ حاجی قادریش پێش چوونی بۆ ئیستەنبوڵ لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردیدا بووە، هەر لەناو ئەم شیعرەدا خۆی ئاماژە بەوە دەکات کاتێک ڕوو دەکاتە خامەکەی پێی دەڵێ بەسە ئیتر ئەو جۆرە باسانە و داوای لێ دەکات بێتە سەر باسێک سوودی بۆ کۆمەڵ بێت، چونکە ئەو جۆرە شیعرانەی پێشوو زۆر وتراون و دووبارە کراونەتەوە و لە ڕۆژگاری حاجی کە سەردەمی بووژانەوەی گەلی کوردە هیچ جۆرە سوودێکیان نییە، بەڵکو لەو کاتەدا کورد پێویستی بە شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی بووە.

حاجی قادر پێشەنگ و ڕچەشکێنی تازەکردنەوەی شیعری کوردییە، چ لە ڕووی شێواز و چ لە ڕووی ناوەڕۆک و ئامانجەوە، لەڕووی شێوازەوە حاجی سەردەمی کلاسیکی تێپەڕاند و وازی لە وشەئارا و قوڵبوونەوەی زمانەوانی و ڕەوانبێژی هێنا و بە زمانێکی سادە و بێ گرێوگۆڵ شیعری نووسی، هەتا کۆی گشتی کۆمەڵی ئەوکاتی کوردەواری بتوانێت سوودی لێوەرگرێت، لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە لە باسەکانی غەزەل و حیکایەت و ستایشەوە گۆڕی بۆ باسی نەتەوە و نیشتمان و بیری ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

## کۆتایی

حاجی قادری کۆیی پێشەنگی شاعیرانی بیری و ئازادی و نیشتمانی و نەتەوەیی کوردە، ئەم شاعیرە بیر ڕووناکەی کورد لەکات و سەردەمێکی زۆر هەستیاری کورددا دەستی داوەتە خامە و شیعری هۆشیاری و بووژانەوەی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی گوتووە، نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە سەرەتای چەکەرەکردنی بیری نوێی ئازادی و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەرکەوتنی خواستی سەربەخۆیی بوو لەلای گەلانی جیاوازی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی.

دەتوانرێت حاجی بە شاعیری ڕیفۆرمخوازی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دابنرێت، سەرجەم ڕیفۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و نیشتمانی لەناو شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و چاکسازی و بەرەوپێشبردنی گەلەکەی غەمی شەو و ڕۆژی بووە و هەموو ژیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت کردووە و هەتا کۆچی دوایی کردووە، بەدەنگی بەرز هاواری بۆ ئازادی و پێشکەوتنی میللەتی کورد کردووە.

ڕێبازی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی لای حاجی قادر واز هێنانە لە بیر و کولتووری دواکەوتوویی کۆمەڵ و دوور کەوتنەوەیە لە خورافە و کەسانی دەستبڕ و مشەخۆری ناو کۆمەڵ، چونکە هەتا میللەت هۆشیار نەبێت و خاوەنی ئایدیا و بیرێکی ڕووناک نەبێت ناتوانێت پێش بکەوێت و خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی خۆی دەستەبەر بکات.

یەکێکی تر لەو ڕێباز و هەنگاوە گرنگانەی حاجی بانگەشەی بۆ دەکات خوێندن و زانستە، حاجی قادر لە ڕۆژگارێکدا داوای خوێندنی بۆ کوڕان و کچانی کورد کردووە، ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەس ئەو قسەیەی نەکردبێ، حاجی داوا دەکات کوڕان و کچان و گەورە و بچووکی کورد ڕووبکەنە خوێندن و قوتابخانەی نوێ و هونەر و مەعریفەی هەمەجۆر، زانستێک سوودی بۆ میللەت و نیشتمان هەبێت، هەروەها داوا دەکات کوردیش وەک گەلانی تر خوێندنکار و نەوەی نوێ بنێرنە ئەورووپا بۆ سوود وەرگرتن لەو ئاستە پێشکەوتووەی ئەوان، هەتا بتوانن زانستی نوێ فێر بن و لە داهاتوودا بیخەنە خزمەتی پێشکەوتنی گەل و نیشتمانی خۆیان.

لەو ڕۆژگارەدا حاجی قادر ئاوارەی ئیستەنبوڵ بووە لەو شارەدا ڕۆژنامە و گۆڤارو کتێبی نوێ بڵاوبوونەتەوە و حاجی گرنگی ئەو کەناڵانەی بینیوە لە هۆشیارکردنەوەی گەلاندا، بۆیە داوا دەکات کە خوێندەوارانی کوردیش بتوانن سوود لەو پێشهاتە نوێیانە وەربگرن و ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دەربکەن، هەروەها داوا دەکات ئیتر شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد واز لە شیعری کلاسیک و باسی زوڵف و پرچی خاو و ئەو جۆرە بابەتانە بهێنن و ڕوو بکەنە ئەدەبی نیشتمانی و نەتەوەیی، چونکە ئەو بابەتە پێویستی ئەو قۆناغەی کورد بووە.

**حاجی قادر دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد و پێکهێنانی سوپای نیشتمانی بە فریادڕەسی پێشکەوتن و گەشەکردنی کورد و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دەزانێت، حاجی قادر لە رۆژگارێکدا داوای یەکریزی و کورد و پرس و ڕا و تەگبیری دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کردووە، هێشتا کورد لە سەرەتاکانی بووژانەوەی کۆمەڵایەتیدا بووە، لە چەند شیعرێکدا حاجی ئاماژەی بەوە کردووە کە پشت بە بێگانە نەبەسترێت و پێویستە تاک و خێڵ و پێکهاتە جیاوازەکانی ئەوکاتی کۆمەڵی کورد یەکبگرن، بە هەموویان خەبات بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی کوردی بکەن بە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای نوێ و پەیداکردنی چەک و ئامێرەکانی جەنگ.**

**پەراوێزەکان:**

١- حاجی قادر لە دێڕە شیعرێکدا ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکات و دەڵێ:

**قوتبی زەمانە (خالید) ئاوارە بوو وەکو من..**

**بێ قەدر و قیمەت و شان، بێ خان و مان و بێ نان.**

واتە حاجی سکاڵا لەدەست ئەوە دەکات کە میللەتەکەی چاکسازان و دڵسۆزانی خۆی ناناسێ و هەر دڵسۆزێک هەوڵی ریفۆرمی چاکسازی بدات تووشی کێشە و ئاوارەیی دەبێت، چۆن مەولانا خالید ئاوارە بوو، منیش وەک ئەو ئاوارەم. حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادر، لێکۆڵینەوەی سەردار میران و کەریم شارەزا، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، انتشارات کوردستان- سنە، ل٩٨.

٢- د.خانزاد عەلی قادر، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ رەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٢ز، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ل ١٥١-١٥٢.

٣- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤ز، هەولێر، دەزگای ئاراس، بەرگی چوارەم، ل ١٥٠.

٤- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٠٧.

٥- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٣٢.

٦- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٥٣.

٧- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ٩٣-٩٤.

٨- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٩٩.

٩- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، ل١٢٠.

١٠- بووژانەوە، یان رینیسانس: سەردەمی بووژانەوە (Renaissance) لە سەرەتادا لە وڵاتی ئیتاڵیاوە سەری هەڵدا، بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری بوو، لە سەدەی چواردەمی زایینییەوە لە ئیتاڵیاوە دەرکەوت، پاشان وڵاتانی تری ئەوروپای گرتەوە، دەرکەوتنی پیتەکان (مۆنۆتیپ) و چاپخانە یارمەتی خێرا بڵاوبوونەوەی دا. ئەم بزووتنەوە رۆشنبیرییە کاریگەری قووڵی لە سەر ژیانی فیکری ئەوروپا لە سەدەی شازدەمی زایینیدا هەبوو، بە تایبەتی لە بوارەکانی فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و موزیک و سیاسەت و زانست و ئایینیدا.

١١- بڕوانە: خالد محەمود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور، چاپی یەکەم، ٢٠١٢ز، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی ن ک) سلێمانی، ل ١٦٢ بەدواوە.

١٢- حاجی قادر کۆیی، دیوانی حاجی قادر، ل١٨٨.

١٣- بڕوانە: محەمەد قزڵجەیی، ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئایینییەکانی، وەرگێڕانی د. ئاراس محەمەد صالح، چاپی یەکەم، ٢٠١٣ز، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ل٢٥ بەدواوە، هەروەها: د.جەعفەر عەلی، سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردا ١٨٨٠-١٩٢٥، چاپی دووەم، ٢٠١٣ز، چاپخانەی رۆژهەڵات- هەولێر، ل ٦٩ بەدواوە.

١٤- حاجی قادر کۆیی، دیوانی حاجی قادر، ل٢٠٣.

١٥- حاجی قادر کۆیی، دیوانی حاجی قادر، ل٩٧.

١٦- محەمەدی مەلا کەریم، هەنگاوێکی تر بە رێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، ١٩٨٩، چاپخانەی دار الحرية- بەغدا، ل١١٧-١١٨.

١٧- بڕوانە: غازی حەسەن، خوێندەواری رێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل٢١-٢٢.

١٨- بڕوانە: د. عەبدوڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤ز، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ل ١٧٤.

١٩- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٥٧-٢٥٨.

٢٠- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٨٩-١٩٠.

٢١- ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة: org/.wikipedia.ar .wiki

٢٢- کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپی یەکەم ١٩٧٨ز، بەغدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ل ٥٢-٥٣.

٢٣- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٩٨.

٢٤- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادر، ل١١٨.

٢٥- بڕوانە: فازیل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر)، حاجی قادری کۆیی و پرۆسەی ویستەرنیزێشن، بڵاوکراوەی ڕۆڤار، ژمارە ٥٠، ل٣٨ بەدواوە.

٢٦- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ٩٩-١٠٠.

٢٧- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٨٩.

٢٨- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٩٠.

٢٩- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٠٠-٢٠١.

٣٠- مەریوان وریا قانع، ناسیۆنالیزمی دوور مەودا، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ٩-١٠.

٣١- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٩٨.

٣٢- مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، ١٩٧٦ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، بەرگی سێیەم، ل٣٦٧.

٣٣ - د. جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی دووەم، ٢٠١٣ز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ١٥٩.

٣٤- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٣٢.

٣٥- بڕوانە: محەمەدی مەلا کەریم، دوو بابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە، ل ٤٠.

٣٦- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٥٣.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

١-جەعفەر عەلی، دکتۆر، سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردا ١٨٨٠-١٩٢٥، چاپی دووەم ٢٠١٣ز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.

٢- جەعفەر عەلی، دکتۆر، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی دووەم، ٢٠١٣ز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادر، لێکۆڵینەوەی سەردار میران و کەریم شارەزاو پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، انتشارات کوردستان، سنە.

٤- خالد مەحموود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور، چاپی یەکەم ٢٠١٢ز، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی ن ک)، سلێمانی.

٥- خانزاد عەلی قادر، دکتۆر، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٢ز، هەولێر، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.

٦- عەبدوڵا عەلیاوەیی، دکتۆر، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤ز، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی.

٧- غازی حەسەن، خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨ز، دەزگای ئاراس- هەولێر.

٨- فازیل کەریم ئەحمەد(مامۆستا جەعفەر)، حاجی قادری کۆیی و پرۆسەی ویستەرنیزێشن، بڵاوکراوەی ڕۆڤار، ژمارە ٥٠.

٩- کەمال مەزهەر ئەحمەد، دکتۆر، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپی یەکەم، ١٩٧٨ز، بەغدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.

١٠- مارف خەزنەدار، دکتۆر، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤ز، دەزگای ئاراس - هەولێر.

١١- مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ٩-١٠.

١٢- مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، ١٩٧٦ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٣- محەمەد قزڵجەیی، ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئایینیەکانی، وەرگێڕانی د. ئاراس محەمەد صالح، چاپی یەکەم، ٢٠١٣ز، چاپخانەی شڤان- سلێمانی.

١٤- محەمەدی مەلا کەریم، هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، ١٩٨٩، چاپخانەی دار الحرية بەغدا.

١٥- محەمەدی مەلا کەریم، دوو بابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە، چاپی دووەم، ٢٠٠٨، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٦- مستەفا زەڵمی، دکتۆر، کاروانی ژیانم، چاپی یەکەم، ٢٠١٤ز، بەبێ شوێنی بڵاوکردنەوە.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١٧- احمد زكي بدوي، الدكتور، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الأولى، ١٩٨٢م، مكتبة بيروت- لبنان.

١٨- محمد بريش، الدكتور، مفهوم الإصلاح أو نحو إصلاح لفهم المصطلح، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦م، القاهرة.

# من و مسباح

ناسر وەحیدی
(بۆکان)

سەرەتای ناسینی من دەگەڕێتەوە زەمانی شا و بەرنامەی شیعر و گۆرانی کوردی ڕادیۆی کرماشان و تاران کە ڕەحمەتی شوکروڵڵا بابان بڵاوی دەکردەوە. چەند جارێک لەو بەرنامانەدا گوێم لە ناوی مسباحولدیوان (ئەدەب) شاعیری پایەبەرزی موکریان بوو.

دواتر لە ساڵەکانی حەفتادا بەهۆی هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویستم کاکە حەمەی حەمەباقی کە ئەودەم لە سەقز دەژیا، ئاگادار کرام کە دەستخەتێکی شیعری ئەدەبی لە لایەن خوالێی خۆشبێ (موحسینی سەدیق)ـەوە وەدەست کەوتووە و داویە بەهاوڕێی خۆشەویستم ئاسۆ کە بیخوێنێتەوە، بیهێنێتە سەر ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆیی، پێش ئاسۆ دیوانی ئەدەب لە لایەن گیوی موکریانی، دکتۆر مارف خەزنەدار، دەزگای چاپ و پەخشی سەیدییدیان لەڕۆژهەڵات چاپ کرابوو، بەڵام بەداخەوە ئەو جۆرەی کە شیاوی ئەدەبە، بەبێ هەڵەو پەڵە چاپ نەبوون. زۆر جار کاکە حەمە دەیفەرموو بە ئاسۆ بڵێ دیوانەکەی ئەدەبی چی لێ کردووە؟ ئاسۆش هەمووجارێک هەر دەیگوت عەرزی بکە کاری لەسەر دەکەم، ئاسۆ شاعیرێکی گەورە و بە سەلیقەیە، بەڵام تاخوا حەز بکا، تەمبەڵ و کارنەکەرە، ئەوەندەی کە خەریکی ڕابواردن و وەخت بە فیڕۆدان لەگەڵ ئەم و ئەوە، خەریکی کاری ئەدەبی و نووسین بووایە، کاری لە جێیەکی کە بوو، کورتی ببڕینەوە سەرنجام دیوانی ئەدەب پاش دەیان کۆبوونەوە و مشتومڕ و بیروڕاگۆڕینەوە لەماڵی من و زەحمەتی یوونس ڕەزایی لەباری دیاری کردنی بەحرەکانی عەرووز و وەزن و کێشی شیعری، ماوەی دە ساڵێکی خایاند و لە ساڵی ١٣٨١ هەتاوی لەلایەن ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەلاحەددین بێ ئەوەی ئاسۆ، ناوی من بێنێ چاپ و بڵاوکرایەوە.

دواتر هەر بەهۆی کاکە حەمەوە ئاگادار کرام کە



**مسباحولدیوان**

فەرمووی سازبە دێم بۆ بۆکان پێکەوە دەچینە ئەرمەنی بلاغی، خەبەرم زانیوە چەند شیعرێکی بلاو نەکراوەی ئەدەب لەلای مەلای دێیەکەیە، قەولی داوینێ بماندانێ.تەشریفی هێنا و لە خزمەتیدا لەگەڵ کاک مەولوود حەیدەری نەوەی مسباح و یوونس ڕەزایی شاعیر بە دیارییەوە چووینە خزمەت مەلا و زۆرمان بە شان و باهۆی مامۆستا و خزمەتگوزاری بە ئەدەب و زمانی کوردی هەڵگوت، گوتمان ناوی مامۆستاش وەک کەسێکی خزمەتگوزاری ئەدەبی کوردی دەچێتە ناو مێژوو، مامۆستا لە بەرانبەر پوولێک کە کاک مەولوود دایێ، چەند غەزەلێکی داینێ کە دوای کۆپیکردن، نوسخەکەی خۆی بدەینەوە، پاش پاڕانەوەی ئێمە کە ئەگەر شتی تری لە لایە بماندانێ، سوێند و قورئانی خوارد کە هیچی تری لەلا نییە، دواتر لە سەفەرێکی تردا کاکە حەمە لەگەڵ ڕەحمەتی ڕەحمان ئەبازەڕی فەرمانداری بۆکان و ئاغای فیرۆزی فەرمانداری سەقز کە هەردووکیان حەزیان بە خزمەتی فەرهەنگی بوو، دەچنە لای مەلا و دەیترسێنن کە ئەو شیعرانە سامانی نەتەوەییە و کەس ناتوانێت لای خۆی ڕایانگرێ، چەند غەزەلێکی تری لێ دەستێنن. دواتریش دۆستی شاعیرم یوونس ئەمین پوور خەڵکی ڕەحیم خان زۆر غەزەل و نامەی نایابی مسباح کە بۆ باوکی مەلای لە ئیستەمبوڵ نووسیبوو و لەگەڵ دوو نەقاشی و (وێنە) نوسخەی (کاغەزی) دەرمان کە بۆ نەخۆشی خەڵکی دێیەکەی نووسیبوو، لە مەلا دەستێنێ.

هەر ئەو ڕۆژە کاکە حەمە، ئاغای ئەبازەڕی و فیرۆزی دەباتە باغچەی فەیزوڵڵا بەگی نزیک تیکانتەپە کە پێشتر من بردبووم، بۆ سەر گۆڕی مسباح کە لە قەبرستانی مەرقەدان نێژراوە. لەوێ ئاغای ئەبازەڕی بە کاک یوونس دەڵێ لەسەر پوولی ئێمە دوو بەردەکێلی جوان کە لایقی ئەدەب بێ، ساز بکات، یوونس ئەرکی نووسین و سازکردنی بەردەکێلەکانی وەئەستۆ گرت و کاری هەڵبەستن و چەقاندن و بەنناییەکەی وەبەرمن کەوت، دواتر لە ئێوارەی ڕۆژی ۲۰۰۵/۵/۱٦ بەبێ ئەوەی بانگەوازێک بۆ ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر گلکۆی مسباح لە هیچ میدیایەکەوە بکرێ، زیاتر لە دوو هەزار کەس لە شاعیران، نووسەران و لاینگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە شارەکانی بۆکان، سابلاغ و سەقز و بنەماڵەی ئەدەب و خەڵکی ئەرمەنی بلاغی و باغچە و گوندەکانی دەوروبەر بە ڕێوەچوو، گۆڕی مسباح تا ئەو ڕۆژە لەو دێیە دوورەپەرێزە بە بێنازی کەوتبوو، هاتەدەر و مەزارێکی لە ئاستی شاعیری پایەبەرزی کلاسیکی موکریان بۆ ساز کرا.

من ئەوەندەی بۆم بکرێ، خۆ لە قسەکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان دەپارێزم، مەگەر ئەوەی ناحەقی و زوڵمێک دەرحەقی کەسێکی نزیکم بکرێ، یان شتێکی نادروست و هەڵە ببیستم، بۆ ڕاستکردنەوەی بابەتەکە ئەگەر زانیاریم هەبێ، ناچار دەبم هەڵبدەمێ، ڕۆژی ڕێوڕەسمی پەردەلادانەکەش خورپەیەک کەوتە دڵم ڕەنگە بەهۆی کۆبوونەوەی ئەو خەڵکەوە بووبێ کە ڕەنگە دوای کۆڕەکە گیرەیەکمان تێهاڵێنن و گێچەڵێکمان بۆ سازکەن، بۆیە من بوومە کۆڕگێڕی کۆڕەکە و بەر لە هەموو قسەم کرد، کۆی قسەکانم ئەوە بوو کە ئێمە دەستەیەک ئەدیب و نووسەر و ئەدەبدۆستین کە کاری سازکردنی ئەم مەزارە و پێکهێنانی ئەو کۆڕەین، سەر بەهیچ شوێن و داوودەزگا و ئەنجوومەن و لایەنێک نین، تەنیا مەبەستمان کاری فەرهەنگی و خزمەتی ئەدەب و کولتووری کوردییە، ئێمە دەروێشی وشە و زمانی کوردین.

پێشتر بە ئاغای ئەبازەڕیم گوت کە لە کۆبوونەوەکەدا بوو، دەتەوێ قسە بکەی؟ وتی من وەک هۆگری ئەدەب بەشداریم کردووە، نە شاعیرم و نە نووسەر، حەدی ئەوەم نییە لە کۆڕی ئەوانەدا قسە بکەم، دوای دەسپێکی قسەکانم داوام لە کاکە حەمەی حەمەباقی کرد تەشریفی هێنا و لەسەر جێگە و پێگەی ئەدەب لەناو شاعیرانی کلاسیکی کوردی وتارێکی پێشکەش کرد، دواتر یوونس

ڕەزایی لەسەر ڕەوتی شیعری ئەدەب و شیعری موکریان و خالق یەعقووبی لەسەر کەسایەتی ئەدەب قسەیان کرد، دوای ئەوانە برادەرێک گوتی کاک حەسەنی سوهرابی شاعیر کە قەدیم خەڵکی باغچەیە، دەیەوێ قسە بکا، کاک حەسەن وێنەیەکی نوسرەت خانمی لەلابوو، عالەمان کردە تکاکار ئەو وێنەیەمان بە ئەمانەت بداتێ وێنەیەکی لەبەر هەڵبگرینەوە، نەیدایێ، منیش وتم دەیەوێ چی بلێ بۆم بنووسێ بەسەرچاو -لەسەر قسەی خۆم هەرچیم لێ بکەن زۆر لەلام گران نییە، بەڵام لەسەر قسەی خەڵکی تر بێ حورمەتیم پێ بکەن، زۆرم پێ گرانە - کاک حەسەن گوتی من قسە ناکەم و ئەو برادەرە پەڕییە ناو قسەکان وتی کاکە سانسۆر هەیە، کاک حەسەن خەڵکی باغچەیە و مسباحی دیوەتەوە، ناهێڵن قسە بکا، پێی وابوو مسباح مندالە و گوم بووە، لە بلندگۆی مزگەوتەوە بانگەوازیان کردووە و کاک حەسەن دیویەتییەوە، من ماڵی پوورم ماوەی سی ساڵ لە باغچە بوو، زۆربەی هاوینان یەک دوو حەوتوو دەچوومە باغچە و زۆر جاریش سەردانی مەرقەدانم دەکرد.

کۆڕەکە تا تاریکانی ئێوارەی خایاند و بەخۆشی تەواو بوو، شەوێ ئاغای ئەبازەڕی زەنگی لێ دا وتی سەبارەت بە کۆبوونەوەی باغچە لە منیان پرسیوە، ئەگەر لە ئێوەشیان پرسی، بلێن ئیزنمان لە فەرمانداری وەرگرتووە، نامەردێک تا بەیانی ڕانەوەستابوو هەر ئەو شەوە فیلمی کۆبوونەوەکەی گەیاندبووە دەست دۆستان بۆ ئەوەی گۆنگەڵێکمان بۆ ساز بکات.

دوای هەموو ئەوانەش ناوە ناوە خەبەری دۆزینەوەی تازەی نووسراوە و بەرهەمی ئەدەبمان پێ دەگەیشت، چەند جارێکی کە هاتوچۆی ئەرمەنی بلاغی، سەراو و ڕەحیم خان و لای مەلامان کرد، سەردانی نەوەکانی مسباح و نەوەی براکانیمان کرد کە هەرکام لەو کەسانە بە قسەی خۆیان دوو سێ تەلیس کاغەز و نووسراوەی (ئەدەب)یان لەلابووە و بە تەمای ئەوەی کە سەنەد و قەباڵەی موڵک و ماڵی تێدابێ هەڵیان گرتبوو، پاشان کە زانیبوویان هیچیان تێدا بەستە نییە، سووتاندبوویان! تەنیا چەند کاغەزێکیان هەڵگرتبوو.

لە ناو ئەو کاغەزە پەڕپووتانە:

١- کارتی ئەندامێتی کتێبخانەی گشتی شاری تەورێزی (ئەدەب)مان دۆزییەوە، سەت ساڵ لەمەوە پێش کابرایەکی گوندنشینی دەوروبەری میاندواو ئەندامی کتێبخانەی گشتی تەورێز پایتەختی جێنشینی شای ئێران بووە، هاتوچۆ تا پەنجا ساڵ لەمەبەریش لە میاندواو و بۆکانەوە بۆ تەورێز بە دوو سێ ڕۆژ ماشێنێک بووە.

٢-لیستی تازەی کتێبفرۆشی تەورێزمان دۆزییەوە لەگەڵ نامەیەک بە حورمەتەوە ناردبوویان بۆ ئەدەب کە ئەوە لیستی کتێبی چاپکراوی تازەی ئەم مانگەیە، دەینێرینە خزمەتتان لەگەڵ لیستی مانگی پێشووی ئەوەی پێویستتانە بفەرموو تا بینێرینە خزمەت.

٣-نوسخەیەکی پزیشکی کە دەرمانی نووسیبوو بۆ باپیرەی ئەحمەد ئاغابیگپوور کە هاوکلاسی من بوو.

٤-دوو نەقاشی ناسرەددین شا و محەمەد عەلیشا کە بە قەڵەم کێشابوویەوە.

٥- بلیتی ماشێن کە لەگەڵ سێ کەسی تر لە میاندواوەوە چووبوون بۆ تەورێز، دەڵێی تازە چاپ کراوە، ئەوڕۆ ئێمە کە سواری ماشێن دەبین، خێرا بلیتەکەمان دەخەینە نێو ژێر سیگاری کورسی بەردەممان.

٦- نامە شەخسییەکانی کە بۆ خەڵکی کەی ناردبوو، هەمووی دوو دانەی نووسیبوو. یەکی ناردبوو و ئەوی تری وەک ئەرشیف لەلای خۆی ڕاگرتبوو، هەر کات کە تەرەفەکەی بینیبوو هەواڵی نامەکەی پرسیبوو کە زانیبووی گەیشتووە، ژێر ئیمزای نوسخەکەی لای خۆی بە مقەست وەک هەشت بڕیبوو.

ڕۆژێک کاکە حەمە لە سەقزەوە تەشریفیان هێنا بۆ بۆکان، دوای نیوەڕۆ فەرمووی با سەردانی کاک سەید مستەفا سەیادەت بکەین کە نێوانیان خۆش بوو، منیش چەند جارێک بەهۆی کاکە حەمەوە سەرم دابوو و ناسیاویان هەبوو، دوای ماوەیەک باسی مسباح هاتە ئاراوە، سەید مستەفا گوتی عیسمەت خانم خێزانی مسباح، موریدی خانەقای ئێمە بووە و پاش جیابوونەوە لە ئەدەب ماوەیەکی زۆر لە خانەقا ماوەتەوە، عیسمەت خانم دانەیەکی دیوانی شیعری مسباحی پێ بوو کە بە خەتی خۆی بۆی نووسیبوو، هەردووکمان شاگەشکە بووین و خێرا پێکەوە پرسیمان ئێستا دیوانەکە لە کوێیە؟. سەید مستەفا گوتی دیوانەکە دوای عیسمەت خانمیش هەر لە خانەقا بوو، مەلا عومەری قزڵجی کە ئەو کات مامۆستای قوتابخانەی تورجان بوو، بە ئەمانەت لێی وەرگرتم بیخوێنێتەوە، پاشان زۆری پێچوو نەیدامەوە، لەلای ئەوە! پاش دیدارەکە دەمویست کاکە حەمە بەرمەوە بۆ سەقز، خواوراستان دیتم مەلا عومەر کە لەسنە قازی مەحکەمەیە لە فەلەکەی (فلکە)ی کولتەپەی بۆکان بۆ ماشێن ڕاوەستاوە بچێتەوە بۆ سنە، خێرا ماشێنەکەم لە

سووچێک ڕاگرت و چووینە پێشێ، ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی قزڵجی خزمایەتی و دۆستایەتی لە مێژینەمان هەیە و مەلا عومەرم دەناسی، لەگەڵ کاکە حەمەم بەیەکترم ناساندن، هەواڵی دیوانەکەی مسباحم لێ پرسی، وتم سەید مستەفا وا دەڵێ، گوتی: ڕاست دەکا تا ئەو ساڵانە لەلای من بوو، بە ئەمانەت داومە بە کاک ڕەسووڵی ئیلخانی زادە کە پیاوێکی خەتخۆشە، وتوویەتی لە ڕووی دەنووسێتەوە، دوای ئەوە کەوتمە سەنگ و سۆراغکردنی کاک ڕەسووڵ لە بنەماڵەی ئیلخانی زادە، بە تایبەتی کاک هەباس کە پیاوێکی خەتخۆش و خوێندەوارە و باوکی خوسرەو فارووقە و هەردووکیان لە دۆستانی نزیکمن، دوای ماوەیەک ژمارە تەلەفۆن و ناوونیشانی پێدام، کە کاک ڕەسووڵ ئێستا لە شاری ساری لە باکووری ئێرانە، من بە هۆی ئەوەی ئەوکاتە لە ئیدارە کارم دەکرد و بۆم نەکرا بچم بۆ ساری، کاکە حەمە لەگەڵ کاک قادری عەبدی چوون بۆ ساری، ڕەسووڵ ئاغا بەڕوویەکی خۆشەوە وەری گرتبوون و میوانداری شاهانەی لێ کردبوون. کۆپییەکی دیوانەکەو خودی دیوانەکەشی بۆ ئیسکەن (سکان) کردبوون.

دوای ئەوە ئەوجار لەڕووی دیوانەکەی ئاسۆ کە پێشتر خوێندبوومانەوە، کەوتینە خوێندنەوە و ساغ کردنەوەی ئەو شیعرانەی کە تازە بوون، زەمانی مسباح خەتنووسی وەک ئەمڕۆ ڕەسم و شێوازی تایبەت و زانستی نەبوو، هەرکەس بە سەلیقە و زەوقی خۆی دەینووسی (مسباح)یش زۆرتر بە شێوەی نەستەعلیقی شکستە نووسیویە و خوێندنەوەی هاسان نەبوو، لە هەر جێیەک بەشک بووین، هانام بۆ کاک سولێمان سالمی دەبرد کە مامۆستای خەت نووسییە و پلەیەکی نایابی هەیە، بڕێک جار ئەویش کە دڵنیا نەدەبوو، دەچوومە لای کاک جەعفەر عەباسی کە یەکێکی تر لە خەتخۆشانی بۆکانە و تەجرەبەیەکی زۆری لەم بوارەدا هەیە، ئەرکی گرانی کارەکە کەوتە سەرشانی یوونس ڕەزایی شاعیر کە شارەزاییەکی تەواوی لە بەحرەکانی عەرووزدا هەیە و دۆزینەوەی شیعری شاعیرانی تر کە بەو بەحرانە شیعریان نووسیوە، یوونس ڕازی نەبوو. کاکە حەمە ڕووی لە من نا کە بە یوونس بڵێم ئەم کارە بکات، یوونس وەک هەمیشە گەورەیی لەحاند من نواند و بە ماندووبوونێکی زۆرەوە کارەکەی ڕاپەڕاند، بەڵام بەداخەوە کاکە حەمە لە هەولێر کارەکەی دابوو بە دکتۆرێک کارەکەی نوقستان کرد و لە تایپکردنیشدا هەڵەی زۆری تێکەوتووە، پاش چاپی کتێبەکە بەم کارەمان زانی، یوونس زۆر تووڕە و نارەحەت بوو، وتی لەبەر تۆ نەبایە ئەوکارەم بۆ هیچ کەس نەدەکرد، کاکە حەمە کە تەشریفی هێناوە بۆ ڕۆژهەلات، گلەییم لێ کرد، گوتی ئەگەر ئەوەی ئێوە دەیڵێن وابێ خەتا ناکەوێتە بەرمن، دەکەوێتە بەر ئەو دکتۆرە، من گوتم کاکە کتێبەکە کتێبی تۆیە، نەک دکتۆر. پاش ئەو کارە زۆر کەس (یوونس)یان هان دا کە لەسەر کتێبەکە بنووسێ و هەڵە و نوقستانییەکانی دەربخات، تەنانەت پێشنیاری ئەوەشیان کرد ئەو کە شارەزایی لەسەر عەرووز هەیە وتارێک بنووسێ و کەسی زۆر نێو بەدەرەوە، بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە، بەڵام یوونس زۆر لەوانە بە ئەخلاقترەو کاری وای لێ ناوەشێتەوە.

عەبدوڵلابەگ؛ مسباحولدیوان (ئەدەب) کوڕی ئەحمەدبەگە کە بەوەچە دەچنەوە سەر بداغ سوڵتان حاکمی سابلاغ، ئەحمەدبەگ باوکی مسباح بە وەکیل ڕەعایا ناوبانگی دەرکردووە، ئەحمەدبەگ بەهۆی ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵکی، سەردانی تەورێز پایتەختی جێنشینی شای کردووە، ئەحمەدبەگ سەروەت و سامانی زۆری هەبووەو بەهۆی بردنی دیاری بەنرخ بۆ جێنشینی شا و دەرباری ڕەشوەخۆرەکانی سیستمی گەندەڵی قاجار، زوو جێ پێی خۆی خۆش دەکات تا ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی تایبەتی و مەجلیسی بەزم و شیعر خوێندنەوە. ئەحمەدبەگ هەر لە مێرمنداڵییەوە پێی عەبدوڵلا بەگی کوڕی بۆ ناو ئەو کۆڕە تایبەتانە دەکاتەوە، ئەدەب دەبێ لەو کۆڕانەدا قەریحە، زەوق و دەسەڵاتی شیعری خۆی نیشان دابێ و لەلایەن محەمەد عەلی شاوە نازناوی مسباحولدیوانی پێ بەخشرابێ.

تا ئەمڕۆ سەرجەمی شیعرە فارسییەکانی ئەدەب لە دە غەزەل زیاتر تێناپەڕێ، تۆ بڵێی شاعیرێکی کوردی پڕ کاری وەک ئەدەب، تەنیا بەو دە شیعرە توانیبێتی لەناو ئەو هەموو شاعیر و ناشاعیرانەی غەیرە کوردی ئەوکاتە، جێی خۆی لەلای جێنشینی شا کردبێتەوەو ئەو نازناوەی وەرگرتبێ؟ ئەدەب پیاوێکی خەتخۆش بووەو من دڵنیام بۆ نیشاندانی لیاقەت و توانایی دەسەڵاتی شیعری خۆشی بووبێت، حەتمەن دیوانە شیعری بەخەتی خۆی بۆ محەمەد عەلیشا و نزیکەکانی نووسیوەتەوە، ڕەنگە لە ئەرشیڤی کتێبخانەی تەورێز، یان شوێنی پاراستنی بەیازەکان، شیعری دەسخەتی ئەدەب دەست بکەوێ، کەسی زیرەکی دەوێ سەر بکا بەو شوێنانە و سەروەت و سامانی نەتەوەیی و کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر بکات.

# پەروەردە و خوێندن لە کوردستانی دێریندا

سەباح عەلی جاف
(کەلار)

پەروەردە و خوێندن لە لای گەلانی دێرین یەکێکە لە تەوەرە گرنگەکانی شارستانیەتی کۆن بە شێوەیەک لە رێگەی پەروەردەوە دەتوانین ئاستی پێشکەوتنی ئەو نەتەوە و گەلانە بزانین، نەتەوە دێرینەکان بۆ خۆیان خاوەنی پەروەردە و دەزگای تایبەت بە خۆیان بوونە، هاوکات توانیویانە سوود لەیەکدی وەربگرن و لە ژیانی رۆژانەدا بەکاری بهێنن، لە کوردستانی دێریندا چەندان نەتەوە ژیاون و ناویان هاتووە کە بەشێکیان خاوەن پەروەردە و خوێندنی تایبەت بە خۆیان بوون، بە تایبەت مادەکان، کە بە باپیرە گەورەی کوردان دادەنرێن، لەم باسەدا دەکرێت بە کورتی تیشک بخەینە سەر چەند لایەنێکی پەروەردە و خوێندن لە کوردستانی کۆندا.

رەوشی پەروەردە و خوێندن لە کوردستانی کۆندا وەک زۆر جێگەی دیکەی دێرین لێرەیش سەرچاوەی زۆر و راستودروست لەبەردەستدا نین، بەڵام بە هۆی نزیکی و دراوسێ بوونی کوردستان لەگەڵ گەلانی نێوان دوو رووبار و گەلانی کۆنی ئێران و ناوچەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوان و هاوکات لە هەندێک رووەوە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن، ناوچە بەرزەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا بە نیشتمانی راستەقینەی کورد دادەنرێت، ئەم خاکەی کورد دەکەوێتە ناوچەیەکەوە بە سروشتێکی شاخاوی جیا دەکرێتەوە، هەرێمەکانی لە مێژووی کۆندا بە ناوی جۆراو جۆر هاتوون وەک (سوبێر، سۆبارتۆ، گۆتیۆم، کوهستان) (١)، لە نێو نەتەوە سەرەتاییەکاندا پەروەردە و فێربوون زۆر ساکار بووە، واتە گواستنەوەی هەندێک رەفتار بۆ نەوەکان و دروستکردنی رەفتاری باشی سنووردار بووە بۆیان، پەروەردە و فێربوون بریتییە لە گواستنەوەی هەندێک کار لە کەسێکی گەورەوە بۆ کەسێکی بچووک، یان شارەزا بۆ کەسێکی کەم ئەزموون و بەم شێوەیەیش



**ئەمین زەکی بەگ**

بچووکەکان زوو تر پێ دەگەن (٢)، لە نێو کوردستانی دێریندا چەندان نەتەوە و گەل ژیاون و ناویان لە سەرچاوەکاندا هاتووە خاوەنی زمان و نووسین بوونە و نەخشیان لە شارستانیەتدا هەبووە لەو نەتەوانە (لیلۆی، گۆتی، کاسییەکان، سۆباری، میتانی، کاردۆخی و ماد...تاد) بە پێی سەرچاوەکان زۆر لەو گەل و نەتەوانە پاشماوەیان دۆزراوەتەوە و زۆریشی کاری لەسەر کراوە و هەندێکیشیان لە چاوەڕوانی کنە و پشکنیندان (٣)، لە ڕێگەی ئەو ئاماژە مێژووییانەی لەبەردەستدان (سوئییەکان)(٤) کۆنترین دانیشتوانی ناوچەی کوردستانن، ئەمەیش بە بەڵگەی ئەوەی ناوی ناوچەی سوبار بۆ یەکەمین جار لە نووسینەکانی پاشا (ئەی ئەناتم) دا لە نێوان ٢٤٣٠- ٢٧٤٠ پ.ز هاتووە کە سێیەم پاشای نەوەی لەگشی یەکەمە (٥).

ئەمین زەکی بەگ نەتەوەکانی (گۆتی، لۆلۆی، کاسی و سۆباری) لە مەنزومەی زاگرۆس داناوە لەگەڵیشدا باس لە عیلامییەکان دەکرێت، ئەم نەتەوەیە واتا عیلامییەکان لە سۆمەرییەکانەوە نووسین فێربوون و نووسینیان بە زمانی خۆیان بووە و هەندێک نووسراویان بەجێ ماوە، کە خەتەکەیان لە بزماری دەچێت، هەرچەندە تا ئێستا ئەمە یەکلا نەکراوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە دەردەکەوێت بە هۆی پێشکەوتنی بابلییەکانەوە نەتەوەیەکی وەک کاسییەکان زۆر شت لە ئەوانەوە فێربوون، پێوەندی لە نێوان کاسی و میسرییەکاندا هەبووە، ئەمەیش بە بەڵگەی ئەو نامانەی لە (تل المعارنه) دۆزراونەتەوە، ئەمەیش دەیسەلمێنێت ئەم نەتەوەیە گرنگییان بە خوێندن و فێربوون داوە، تەنانەت لەو ڕووەیشەوە پێشکەوتوو بوونە و گەیشتووەتە نووسینی نامە بۆ دەرەوەی خۆیان، بە هەمان شێوە دەردەکەوێت میتانییەکان نەتەوەیەکی شارستانی بوونە و زمانی تایبەتی خۆیان هەبووە و بە خەتی بزماری نووسیویانە (٦)، کاسییەکان لە ڕووی زمانەوە خاوەن زمانێکی سەربەخۆ بوونە و زمانیان لە عیلامییەکانەوە نزیکە و کاریگەری شارستانیەتی بابلیان لەسەر بووە، لە زمان و ڕێنووسدا نووسینی بزمارییان بۆ کاروباری وڵاتی خۆیان بەکار هێناوە، لەلایەکی دیکەوە کاتێک کاسییەکان چوونەتە وڵاتی بابل شارستانیەتی ئەو وڵاتەیان بووژاندووەتەوە و پەرەیان پێ داوە، لەوانەیش بزووتنەوەی نووسین (٧).

یەکێکی دیکە لەو نەتەوە کۆنانەی لە کوردستانی دێریندا ژیاون خوورییەکان بوون، خوورییەکان نەتەوەیەک بوون پێ دەچێت لە سەردەمێکی زووەوە هاتبێتنە کوردستان و یەکەمین بەڵگەی بوونی خوورییەکان لە کوردستاندا لە نوسینێکی نەرام سین (٢٢١٨- ٢٢٤٥) پ. ز پاشای ئەکەدییەکاندا دەردەکەوێت و زمانی ئەمان لە سەردەمانێکی دوورودرێژەوە زمانی زۆربەی خەڵکی کوردستانی دێرین بووە، نووسینی خووریش یەکێکی ترە لە پێشکەوتنەکانی شارستانیەتی ئەم نەتەوە و کۆنترین دەق بە خووری نووسرابێت مێژووەکەی بۆ بنەماڵەی سێیەمی ئور (٢٠٠٤- ٢١١٢) پ. ز، دەگەڕێتەوە دواتر چەندان پاشماوەی دیکەی ئەم نەتەوەیە دۆزراونەتەوە، بە تایبەت لە سووریا هەندێک دەقی کورت و لیستی وشە و فەرهەنگۆک دۆزراوەتەوە، هەموو ئەمانە گرنگی دانی ئەم نەتەوەیە بۆ نووسین و فێربوون دەردەخەن و باس لەوەیش دەکرێت نووسینی خووری ساکارتر و ئاسانترە لە نووسینی سۆمەری و ئەکەدی (٨)، خوورییەکان بوونەتە ئەو ئامرازەی سیمای شارستانیەتی میزۆپۆتامیا بۆ ئاسیای بچووک و وڵاتی شام بگوێزنەوە (٩).

زمان وەک یەکێک لە بنەماکانی نەتەوە و بنەمایەکی سەرەکیش بۆ پەروەردە و فێربوون لە کوردستان لە سەدەکانی کۆندا جێگەی باس و بایەخە بەو پێیەی کوردستان لە سەردەمە جیاجیاکاندا زۆر کات سەربەخۆ و سەردار و زۆر جاریش ژێردەستە، لەم ڕووەوە زمانی نەتەوەکانی کوردستان زۆر جار تێکەڵی زمانی گەلانی

ئێرانی بووە، لە سەردەمانێکی تری وەک دەسەڵاتدارێتی ماد سەربەخۆ بووە، ئێرانییەکان جگە لە خەتی مێخی خەتێکی تریان بەکارهێناوە، کە خەتی (ئاوێستا)ییان پێ وتووە و ئەم خەتە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت و چل و چوار پیتە کەموکوڕی زۆری تێدا نابینرێت و پەرتووکی ئاڤێستا بەم خەتە نووسراوەتەوە و زۆر کەس پێیان وایە زمانی ئاڤێستا زمانی قسە پێکردنی مادەکان بووە، جگە لەمە ئێرانییەکان خەتی پەهلەویشیان هەبووە کە ٢٤ پیت بووە و کۆنترین شوێنەواری ئەم جۆرە نووسینە تا ئێستا بەدەست کەوتبێت لە هەوراماندا دۆزراوەتەوە، پیتەکان لەسەر پێستی ئاسک نووسراونەتەوە، لەگەڵ ئەمانەیشدا باس لە چەندان خەتی تر دەکرێت کە کوردەکان پێیان نووسیبێت لەوانە (خەتی ماسی سۆرانی، خەتی ئێزدی)، (خەتی ماسی) (١٠) سۆرانی ٣٧ پیت بووە و وەک دەردەکەوێت تا سەردەمی ئەمەوییەکان زۆربەی کورد بەم خەتە نووسویانە (١١).

سەرباری ئەو زانیارییانەی سەرەوە بۆچوونی جودایش لەم ڕووەوە سەبارەت بە نووسین بە کوردی بەدی دەکرێت، بەشێوەیەک دەوترێت کوردان خاوەنی نووسینی تایبەت بە خۆیان نەبوون و لە کاتی دورستبوونی نووسین بە بزماری هەریەکە لە کورد و پارس بەو شێوەیە نووسیویانە، سەرباری ئەمانەیش باس لەوە دەکرێت وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا کوردان بە خەتی ماسی سۆرانی نووسیویانە تا نزیکانی دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام پیتی ماسی سۆرانی لە ناو کورداندا باو بووە و لەگەڵ ئەمەیشدا هاوکات نووسینی یۆنانی و نووسینی ئارامی سریانیش لە لایەن کوردانەوە بەکار هاتووە، (١٢) شەنگوڵ کوردێکی زانا و ئەدیبی جەزیرە بووە لە نێو چیاکانی باکوری مووسڵ، لە دوروبەری ٧٠٠ ساڵ پێش زایین کتێبی بە زمانی کوردی سەبارەت بە ئایین و ئەستێرەناسی داناوە، هاوکات (ئاریاتە) کوردێکی زانا و پزیشک و دانا بووە، لە ساڵی ٦٨٨پ.ز کتێبێکی مەزنی سەبارەت بە پزیشکی داناوە، بە پیتی ئەلف و بێی کوردی نووسیویەتییەوە (١٣).

یەک لەو بابەتە گرنگانەی کورد لە ڕابردوودا بە تایبەت لە سەدەکانی پێش زایین و بەر لە هاتنی ئیسلام شانازی پێوە دەکات، ئەویش دەوڵەتی(میدیا) (١٤) و ئایینی زەردەشتە، ئەم دووە بۆ کورد لە ڕابردوو بۆ ئێستا جێگەی شانازی بوونە، ئایینی زەردەشتی و کتێبی ئاڤێستا بە زمانی ماد بووە، ئەمەیش پاش ئەوەی هەندێک لە لێکۆڵەران پێی گەیشتن کە زمان و نووسینی ماددەکان هەر لە نووسینی " دێرینی پارسی، خەتی هەخامەنیشی " لە ڕیزی هەوەڵە، ئەمەیش دەیسەلمێنێ، پارسەکان نووسینی بزمارییان لە مادەکانەوە وەرگرتووە، بە پێی زانیارییەکان زمانی نووسین لە نێو مادەکاندا هەبووە، تەنانەت نووسینی ئەدەبییش هەبووە (١٥)، هیرۆدۆتی مێژوونووسی گریک باس لەوە دەکات، دیاکۆ دامەزرێنەری دەوڵەتی ماد سکاڵا و ئەرزوحاڵ نووسی هەبووە، لە کاتی دادگایی کردندا، هەروەها لەو دەمانەدا (١٦) باس لە قوتابخانە و خوێندن دەکات، بە پێی هەندێک سەرچاوە یەکەم کتێب بە زمانی کوردی نووسرابێت ئاڤێستایە کە زەردەشت نووسیویەتی و بە پێی زانیارییەکان کتێبی ئاڤێستا لە دەوروبەری ٦٥٠ پ. ز بە زمانی مادی نووسراوە و لەگەڵ زاراوەی گۆرانی ئێستا جیاوازی زۆری نییە، هرمیپۆس لە سەدەی سێیەمی پێش زایین دەنووسێت "ئێرانییەکان پەرتووکێکیان هەیە بە ناوی ئاوێستا بە زمانی ماد" نووسراوە، ئەوەی حاشای لێ ناکرێت ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جار مادەکان خوێندن و نووسینیان کردە باو، تەنانەت ئەوەندە لەسەر خوێندن پێ داگرییان دەکرد ئەو کاتەی گەورەکان بە ژن و پیاوەوە خەریکی دروستکردنی شوورەی هەمەدان بوون، منداڵان دەرسیان دەخوێند بە ڕێنوینی مامۆستا بە قەڵەمێکی لە مس دروستکراو و لەسەر لەوحەی لەقوڕ دروست کراو دەیاننووسی (١٧).

وەک دەردەکەوێت سەر زەمینی ئێران لە دێریندا گەلێک نەتەوەی تێدا ژیاوە، ئەمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان خاوەن زۆر سیمای شارستانی لەیەک چوون و ئایینی (زەردەشتی) (١٨) کاری تێ کردوون و وەک دەردەکەوێت ئەم ئایینە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی مادا گەشەی کردووە، ئەویش پاش ئەوەی میدییەکان بەسەر ئیمپراتۆریەتی ئاشووردا سەرکەوتن هەستیان بە شانازی و گەورەیی خۆیان کرد لە نێوان ساڵانی ٦١٢ - ٦١٤پ.ز، بەمەیش ناوچەیەکی زۆر کەوتە ژێر دەستیان، چەندان ناوچەی فارسی تێدا بووە، کە دواتر ئەم ناوچانە بە (پارس) ناسران و لەو دەمانەدا نزیکەی شەست ساڵی خایاندووە و ئایینی زەردەشتی گەشەی کرد، سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێنا، پاشان زەردەشتییەکان لەلایەن کائینە مژدەدەرەکانەوە پشتیوانییان لێ کرا و بڵاو بوونەوە و شاری "ڕاگا"یان بە پیرۆز دانا کە شارێکی میدی بووە و دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتەوە (١٩)، بەم



**هیرۆدۆت**

شێوەیە ئایینی زەردەشتی گرنگی و گەورەیی خۆی نیشان دا و بووە هۆی ئەوەی دەسەڵات و خەڵکیش گرنگی پێ بدەن، واتا ئەمەیش پێویستی بە دەزگا و فێرکردنی خەڵک هەبووە، هەر بۆیە کورد (ماد) و ئێرانییەکان زۆر شانازی پێوە دەکەن.

وەک ئاماژەمان پێ دا زۆر لە ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەرەکان پێیان وایە سەرچاوەی زمانی کوردی زمانی مادییە، زەردەشت ئاڤێستای بەو زمانە نووسیوەتەوە، مێجەرسۆن لەم ڕووەوە دەنووسێت " سەرچاوەی زمانی کوردی زمانی مادییە بە پێی هەندێک بەڵگەنامە کە لەم دواییەدا دەرکەوتووە ئاڤێستای زەردەشت بەم زمانە هاتووەتە خوارەوە " ( ٢٠ )، لە پەروەردەی زەردەشتیدا وەک دەردەکەوێت لە سەردەمی دەوڵەتی ماد، پاشان ئەخمینیدا بەم شێوەیە بووە، منداڵ تا تەمەنی (٥)ساڵی لە ژێر دەستی دایک و لە (٥ - ٧) ساڵی لە ژێر سەرپەرشتی باوکیدا بووە و دواتر دەنێردرانە بەر خوێندن و ڕەوانەی قوتابخانە دەکران، زۆربەی کات پەروەردە تایبەت بە دەوڵەمەندەکان بووە و ئەم کارەیش لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە ئەنجام دەدرا، یەک لە پرنسیپەکان ئەوە بووە دەبێت قوتابخانە نزیکی بازاڕ نەبێت، ئەمەیش بە هۆی ئەوەی دز و درۆزن و کڵاولەسەر نان لەوێ زۆرە با کاریگەری لەسەر منداڵان نەبێت، پرۆگرامەکان کتێبی ئاڤێستا و تەفسیرەکانی بووە، بابەتەکانی (پزیشکی، ئایینی، یاسایی) لە خۆ دەگرت، وانەکان لە ڕێگەی لەبەر کردن و دووبارەکردنەوە فێری دەبوون، کوڕی چینەکانی خوارەوە تەنیا فێری سێ شت دەبوون (ئەسپسواری، تیرهاوێژی و ڕاستگۆیی)، خوێندنی باڵا تا تەمەن ٢٤ ساڵی بووە و منداڵی ئەشرافەکان بە شێوەیەکی تایبەت پەروەردە دەکران بۆ کاری حکومی ئامادە دەکران ( ٢١ ).

لەسەردەمی مادەکاندا پەروەرد و فێرکردن دوو ئامانجی گەورەی هەبووە و لەم ڕووەوە گرنگییان پێ داوە، ئەویش بریتی بووە لە زاڵبوون بەسەر خراپەکانی دەوربەردا و خۆپاراستن لێیان، لە لایەکی ترەوە پەروەردەکردنی نەتەوایەتی خۆیان لەبەرانبەر دوژمنەکانیان بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەیش دەستیان بە ئامادەکردنی جەنگاوەر دەکرد، ئەویش بە فێربوونی ئەسپسواری و تیرهاوێژی، بەم شێوەیە خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن ئامادە دەکرد، مادەکان منداڵانیان لەسەر ئەسپسواری و تیرهاوێژی و گەنجەکانیان لەسەر ڕاوکردن فێر دەکرد، پەروەردەی مادەکان زیاتر پەروەردەیەکی جەستەیی بووە، موغەکانیش ئەرکی پەروەردەکردنیان دەکەوتە ئەستۆ و ئەوانیش لەم ڕووەوە زۆر تێدەکۆشان و پلە و پایەی مامۆستا لەم سەردەمەدا لە نێو کۆمەڵگە زۆر بەرز بووە، تەنانەت مامۆستا لە دایک و باوک زیاتر ڕێزی لێ دەنرا ( ٢٢ ).

نەریتە زەردەشتییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن پرۆسەی فێرکردنی نەریتە ئایینییەکان لە ئێرانی دێریندا گەلێک سەخت و دژوار بووە لە سەردەمی منداڵییەوە دەستی پێ کردووە و لەناو ئەو سیستمە زارەکییەدا لەسەر منداڵ پێویست بووە هەموو شتێک لەبەر بکات، بە تایبەت دوعا پیرۆزەکان و ناوی خواوەندەکان و سکاڵا و نزاو پاڕانەوەکان، دەبوو خوێندکار فێری ڕێوڕەسمە ئایینییەکان ببێت و ئەمانە و زۆر شتی تر دەبوو منداڵ فێریان ببایە تا پلەی مامۆستایی، چونکە تەنیا پیاوە ئایینییەکان پارێزگارییان لە ئایین دەکرد و دەیانگواستەوە، پرۆسەی فێرکردن بە هەردوو قۆناغی ڕەوانبێژی و خیتابکاریدا تێپەڕ دەبوو، بۆ ئەمەیش پشتیان بە شیعر و گاتاکان دەبەست، ڕەنگە خوێندکاران حەزیان کردبێت تا پلەیەک بخوێنن و ببنە پیاوی ئایینی لە بنەماڵەیاندا (٢٣)، پەروەردە لە ئێراندا بەم شێوەیە مایەوە تا سەردەمانی دواتر، بە تایبەت سەردەمی ساسانییەکان کە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لەژێر

دەستی ئەم ئیمپراتۆریەتەدا بووە، لەسەردەمی شاپووری کوڕی ئەردەشێر (شاپووری یەکەم) دا کە زۆر بابەتی وەک پزیشکی و فەلەکناسی و پیشەسازی و شتی تری کردەوە، لەگەڵ ئاڤێستا بەراوردی کرد و لە گەنجینەیەکەدا پاراستی (٢٤).

پەرستگا و ئاتەشگاکان لە پێش بڵاوبوونەوەی ئیسلامەوە گرنگترین دامەزراوەی خوێندن و پەروەردە بوون، جگە لەوەی خێزان و کۆمەڵگەیش لەم ڕووەوە ڕۆڵیان هەبووە، لە ئێرانی پێش ئیسلامدا بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەوە زانیاری زۆرمان لەسەر پەروەردە و فێربوون لەبەردەستدا نییە، بێجگە لە هەندێک لە بەردەنووسراوەکان نەبێت، بەڵام دەکرێت بڵێین لەو دەمانەدا لە ئێران زۆر گرنگی بە پەروەردە دراوە، لەم ڕووەوە زەردەشت فەرمانیان پێ دەکات هەر بۆیە ئێرانیانی دێرین لەم ڕووەوە گوێڕایەڵ بوونە و بەم شێوەیە زەردەشت وتوویەتی " ئەگەر کەسێکی نەناسراو، یان هاوئایین، یان برادەر، یان دۆست بۆ خوێندن و فێربوونی هونەر هاتە لاتان وەری بگرن و چی دەوێت فێری بکەن " لە ڕابوردوودا یەکێک لە ئەرکەکانی پەروەردە ناسینی ئایین بووە بە باشی، لەم ڕووەوە منداڵ تەمەنی دەگەیشتە حەوت ساڵی لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا کراسێکیان لەبەر دەکرد پێیان دەوت (کراسی خۆپاراستن) پشتوێنی پیرۆزیشیان لە پشتی دەبەست (بیری چاک، وتەی چاک و کرداری چاک)ی ڕادەگەیاند کە ئامانجی سەرەکی پەروەردە بووە (٢٥).

پەروەردە لە ئێراندا بە چەند قۆناغێکدا دابەش دەبوو لە زۆربەی قوناغەکاندا کار لەسەر پەروەردەی جەستەیی دەکرا و بە جۆرێک لە جۆرەکان ئامادەکردنی منداڵ بووە بۆ لایەنی سەربازی، دەتوانین قۆناغەکان دابەش بکەین بۆ:

١ - قوناغی (٧ - ١٥) ساڵی لەم قۆناغەدا منداڵ لە ڕووی جەستەییەوە لە بوارەکانی (ڕاکردن، زۆرانبازی و تیرهاوێژی) پەروەردە دەکرا، لە ڕووی بیریشەوە بە خوێندنەوەی کتێبی ئاڤێستا پەروەردە دەکران.

٢ - قۆناغی (١٥ - ٢٥) ساڵی لەم قۆناغەدا بە پەروەردەی سەربازی فێر دەکران و گەنجەکان بە زەردەشت سوێندیان دەخوارد کە خزمەتی وڵات بکەن.

٣ - قۆناغی (٢٥ - ٥٠) ساڵی لەم تەمەنەدا دەبوونە سەرباز و لە جەنگەکاندا بەشدار دەبوون، لەم تەمەندا دەبونە چاکترینی کەسەکان، بەم شێوەیە دەبینین پەروەردە زیاتر لایەنی جەستەیی بووە، لە ئاڤێستادا فەرمانیان پێ دەکات مامۆستاکان لەگەڵ خوێندکارەکان پێوەندییان بەهێز بێت، ئامانجی پەروەردە زیاتر لایەنی هێزی گرتووەتەوە زیاتر لەوەی گرنگی بە ڕۆشنبیری بدات، واتە ئێرانییەکان نەیاندەویست بنیادێکی مەزنی زانست و ئەدەب دابمەزرێنن، بەڵکو نەتەوەیەک بوون زیاتر حەزیان بە لایەنی هێز و سەربازی دەکرد و باشترین ڕێگەیش بۆ فێربوونی منداڵ لە ڕێگەی (سەرنجدان، لاسایی کردنەوە و پیادەکردن)ـەوە بووە (٢٦).

وەک ئاماژەمان پێ دا ئێرانییەکان زۆر گرنگیبیان بە لایەنی جەستەیی، واتە وەرزش کردن داوە، ئەمەیش بۆ پەروەردە کردن و لەش ساغی و دروست کردنی گیانی ئازایەتی بووە، هەموو جۆرە وەرزشێکیان فێری منداڵەکانیان کردووە، لەو وەرزشە باوانەی ئەو دەمانە وەک (سوارچاکی، تیرهاویشتن، ڕاوکردن و مەلەکردن)، تەنانەت زەردەشت بەهێزکردنی لەش و ڕوحی ڕاگەیاندووە، ئێرانییەکان مەبەستیان لەبەهێز کردنی جەستە بە ساغ و سەلامەتی ئەوە بووە ئەندامێکی لێهاتوو بۆ پارێزگاری کردن لە هێرشی سەرەڕۆکان و شکانی ساسانیان بووە، چەندان فێرگەیان بۆ پەروەردەکردنی لاوەکان ئامادەکردبوو، لەو یارییانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێ دا کۆنترین یاری لە ئێرانی دێریندا ڕاکردن بووە و ئەوەی دەیبردەوە پاداشت دەکرا، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی پەروەردەکردنی هزری و زیهنی لەو سەردەمەدا یاری شەترەنج بووە بە پێی سەرچاوەکان ئێرانییەکان ئەم یارییەیان لە هیندییەکانەوە وەرگرتووە، بەڵام سەرچاوە شوێنەوارییەکان ئاماژە بەوە دەدەن، یاری شەترەنج لە ئێراندا بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە (٢٧).

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(١) د. جەمال ڕەشید ئەحمەد و د. فەوزی ڕەشید، مێژووی کۆنی کورد، و: ملکۆ کەلاری، چ١، چاپخانەی کارۆ، (سلێمانی: ٢٠١١)، ل ٢٤.**

**(٢) ویل دۆرانت، مێژووی شارستانیەت، وەرگێرانی: عەبدوڵڵای ڕەسووڵی، ب١، چ١، چاپخانەی چوار چرا، (سلێمانی: ٢٠١١)، ل ١٣٥.**

**(٣) حەبیبوڵڵای تابانی، هاونەتەوەی کورد و ماد، و: جەلیل گادانی، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، (هەولێر: ٢٠١٠)، ل ١٠٤.**

**(٤) سوئیەکان: یان سۆبارییەکان یەکێک بوون لە چوار تیرە**

بەدەسەڵاتەکەی ئەو کات (میسر، هیتیت، کاردونیاش و میتانی) لە سەدەی ١٦ ی پێش زاین، سوبارییەکان بە پێی لێکۆڵینەوەکان لەسەر خاکی میزۆپۆتامیا و زاگرۆس و سووریا ئەنادۆڵ دەژیان، هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان میتانییەکانیش بە بەشێک لە ئەمان دەزانن و هەندێک پایتەختەکەیان بە ناوی (واشوو گانی) دادەنێن، بڕوانە:حەبیبوڵڵای تابانی، هـ. س، ل ١٣٠ و ١٣١.

(٥) د. جەمال ڕەشید ئەحمەد و د. فەوزی ڕەشید، س. پ، ل ٦٨.

(٦) صالح قەفتان، مێژووی گەلی کورد و نەتەوەی کورد تورکمان نییە، چ٤، چاپخانەی چوار چرا، (سلێمانی: ٢٠١٢)، ل ٥٩، ٦٨، ٧٤.

(٧) شاخەوان فایەق ئەلیاسی، مێژووی نەتەوە کۆنەکانی کوردستان، چ١، (هەولێر: ٢٠٠٨)، ل ٣٧، ٣٩.

(٨) کۆزاد محەمەد ئەحمەد، پێشینەیەک بۆ زمانی خووری، هەزارمێرد (گۆڤار)، ژمارە(٢٤)، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠٠٤، ل ٥-٧.

(٩) د. جەمال ڕەشید ئەحمەد و د. فەوزی ڕەشید، ل ١٠٦ و ١٠٧.

(١٠) لە کتێبی (شوق المستهام في معرفه رموز الاقلام) لە نووسینی ئەحمەدی کوڕی ئەبی بەکری کلدانی ئاماژەی بەوەداوە لە دەوربەری سەدەی دەیەمی پێش زاینی کەسێکی ماسی بە ناوی (سورات) چەند پیتێکی بە پێی نووسینی ئەبجەدی داهێناوە کە دواتر کوردان بەو پیتانە نووسینی خۆیان نووسیوە، کە ئەمەش بەختەتی ماسی سۆرانی ناسراوە، بڕوانە: شێخ محمد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، و: زانەر محمد، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر:٢٠١١)، ل ٤٥.

(١١) صدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، ب١، چ٢، چاپخانەی ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٨)، ل ١٨، ٢٠.

(١٢) شێخ محمد مەردۆخی کوردستانی، س. پ، ل ٤٥.

(١٣) گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چ٢، چاپخانەی ئاراس، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل ٨.

(١٤) مادەکان: یەکێک لەو دەوڵەتانەی پێش زاین لەسەر خاکی کوردستان دامەزراوە، دەوڵەت و فەرمانڕەوای مادەکان بووە لە نێوان ساڵانی (٧٠٠ - ٥٥٠) پ. ز دامەزراوە و دیاکۆ کە هیرۆدۆت بە (بەدیوکس) ناوی دەبات کە بە دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتە دادەنرێت، هەکبەتانا، واتە هەمەدانی ئەمڕۆ پایتەختی بووە، دیاکۆ نزیکەی نیو سەدە دەسەڵاتداری ئەو فەرمانڕەوایەتییەی کردووە و ئەژدەهاک بە دوایین پاشای دادەنرێت و لە لایەن ئەخمینییەکانەوە کۆتایی هات، بڕوانە: عومەر ئیسماعیل عارف، تۆمارەکانی مێژوو، چ١، چاپخانەی بینای، (سلێمانی: ٢٠١٣)، ل ٩٨ -١٠١.

(١٥) حەبیبوڵڵای تابانی، س. پ، ل ١٩٩ و ٢٠٠.

(١٦) گیوی موکریانی، س. پ، ل ٩.

(١٧) عەبدوڵڵا ئیبراهیمی، لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان، چ١، چاپخانەی ئاراس، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل ١٥٧.

(١٨) زەردەشتی: لە پێشترین ئایین دادەنرێت لە نێو ئایینەکانە جیهانییەکاندا کە ئایینی ڕەسمی سێ ئیمپراتۆریەتی ئێران بووە ئەم مێژووە لە سەدەی شەشەمی پێش زاینەوە تا سەدەی حەوتەمی زایینی پێ چووە، ڕەگوریشەی زەردەشتی بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، پێغەمبەر زەردەشتی کوڕی پاروشاسپا لە هۆزی سپیتاما پێش هەموو شت دارێژەری ١٧ گاتایە ئەمانە بە نەریتێکی فێرکاری دادەنرێن، گاتا شێوازێکی شاعیرانەی کۆنی وەرگرتووە، پێش سەردەمی هیند و ئەورووپا دۆزراوەتەوە، سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی بڕوانە: ماری بویس، تاريخ الزرادشتيه من بداياتها حتى القرن العشرين، ت: د.خليل عبدالرحمن، ط١، مركز كوردولوجي، (السليمانية:٢٠١٠)، ص ١١ - ٦٣.

(١٩) ماری بویس، ن. م، ص ٦٣ - ٦٤.

(٢٠) صدیق بۆرەکەیی، س. پ، ل ٢٢.

(٢١) ویل دۆرانت، مێژووی شارستانیەت، س. پ، ل ٦١٠ - ٦١١.

(٢٢) د. ئەحمەد تاج بەخش، مێژوویەکی کورتی شارستانییەت و فەرهەنگی ئێران لە پێش ئیسلامدا، و: وریا قانع، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی:٢٠١١)، ل ١٥٤.

(٢٣) مێری بۆیس، ئاینی زەردەشت، وەرگێڕانی: فەرشید شەریفی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی: ٢٠١٠)، ل ١١٧ و ١١٨.

(٢٤) ماری بویس، م. س، ص ١٣٢.

(٢٥) د. ئەحمەد تاج بەخش، س. پ، ل ٤٧٢ و ٤٧٣.

(٢٦) الدكتور عبدالله زاهي الرشدان، تاريخ التربية، ط١، دار وائل للنشر، (عمان: ٢٠٠٢)، ص ٩٧ - ٩٩.

(٢٧) د. ئەحمەد تاج بەخش، س. پ، ل ٤٧٣ - ٤٨٢.

# تێڕوانینی سەجادی بۆ وتاربێژی

نێچیروان جاسم

وتاربێژی بەگشتی هونەرێکە لە هونەرەکانی پەخشان، بە فۆرمی پەخشان دەنووسرێت و کەسی وتاربێژ بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامێک بەدەنگ پێشکەشی دەوروبەرەکەی دەکات. چەند جۆرێکی هەیە وەک: ئایینی، سیاسی...تاد.
لە پێناسەی وتاربێژیدا، د. شوکریە ڕەسووڵ دەڵێت: بریتییە لە هونەری قسەکردن لەپێناوی قایلکردن و کارتێکردندا.(١) ئەم هونەرە خۆی لە دواندن (موخاتەبەکردن)ی جەماوەردا دەبینێتەوە، بۆ ئەوە پێشکەش دەکرێت تا سەرنجی کەس، یان کەسانی بەرانبەر ڕابکێشرێت و ببێتە هۆی ڕازیکردنی ئەوانەی قسە و پەیامەکەیان ئاراستە دەکرێت.

عەلائەددین سەجادی لە بەشێکی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، لە ژێر ناوی (کورد و خەتابە) ئاوڕی لەم هونەرەی پەخشان داوەتەوە و چەند لاپەڕەیەکی لەبارەوە نووسیوە. سەجادی پێناسەی ئەم هونەرە پەخشانییەی نەکردووە و چووەتە سەر بایەخی هونەرەکە و لەبارەی گرنگی ئەو هونەرەوە دەڵێت: ئەدەب وەک چۆن سووچێکی فەلسەفەیە، سووچێکیشی خەتابەیە(٢) بایەخی ئەم هونەرە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە وتاربێژی بە لایەکی ئەدەب دەزانێت، بەڵام ڕوونی نەکردووەتەوە لەسەر چ بنەمایەک وتاربێژی کردووەتە لایەکی ئەدەب و بە چ پێوەرێک وتاربێژی ئەو پێگەیەی لە ئەدەبدا هەیە؟!

لای سەجادی خەسڵەت و تایبەتمەندی وتاربێژیی بەهێز و سەرکەوتوو لەوەدایە، کە ((ئەو وشانەی خەتیب دەیانخاتە سەر کاغەز و بەدەنگە نێر و بێ ترسەکەی ئەیانخوێنێتەوە، یان وشەکانی لە دڵیا ھێنێتەوە، وەک چۆن لە گوێی گوێگران ئەو وشانە دەنگ ئەداتەوە و کار دەکاتە سەر عەقڵییەتیان، یا ئەوە ئەگەر عەینی ئەو وشانە نەمێنێتەوە مەعنا بەرزەکانی جێگەیەکی وای گرت بێ لە دڵی ئەو کەسانەدا، کە ئەیبیەن وەک ئاگر، کە توخنی پووشوو ئەکەوێ و شۆڕشێک ئەخاتە پووشووەکەوە، ئەویش ئەو شۆڕشە بخاتە ئەوان)).(٣) ئەو پێوەرەی سەجادی زۆر گرنگی پێ داوە و هەبوونی لە وتاربێژیدا بە پێویست و جێ بایەخ زانیوە، بەهێزیی زمان و تۆکمەیی داڕشتنی وتاربێژییەکەیە، کە ئەویش دەبێتە مایەی ئەوەی کاریگەری لەسەر ئاوەز و دڵ و دەروونی بیسەران و گوێگرانی وتاربێژییەکە دابنێت و وشەکان هەڵگری مانای



**سەجادی**

بەهێز و مەغزای بەپێز بن و دەوروبەر کەمەندکێشی وتاربێژ (خەتیب) بکەن. لە هەمان کاتیشدا بەلای کەسی وتاربێژیشەوە چووە و سەرکەوتوویی و گرنگی و بەهێزی وتاربیژییەکە بە وتاربێژەوە پەیوەست کردووە.

مێژوو و سەردەمی سەرهەڵدانی وتاربێژی، بۆ زەمەنێکی زۆر دێرین دەگەڕێتەوە. لە زۆربەی کایەکانی وەک ئایین و سیاسەت و شەڕ و ...تاد سوودی لێ بینراوە بۆ گەیاندنی پەیامی پەیامبەر و پیاوانی ئایینی و کەسانی سیاسی و دەسەڵاتداران و سەرکردەی لەشکر و سوپا...تاد بە جەماوەر و کەسانی دەوربەر و خەڵکی ئەو ناوچانەی لێی بوون. لە کۆندا ئەرستۆ گرنگی پێ داوە و کتێبی (هونەری گوتاربێژی-ڕیتۆریکا)ی نووسیوە و لە سەردەمی نوێشدا لەلایەن کەسانی وەک دیل کارنگییەوە لێی کۆڵراوەتەوە و کتێبی لەبارەوە نووسراوە. سەجادی تیشک دەخاتە سەر چەند هۆیەک کە پەرەیان بە وتاربێژی داوە و بەهۆیەوە وتاربێژی تەکانی زیاتری داوە و پتر بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە. ئەویش ئەوە بوو، کە پەرلەمان لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا دامەزرا، وتاربێژی بەجارێک پەلی بڵاوکردووەتەوە، دواتریش لەگەڵ دەرکەوتنی چاپەمەنی وتاربێژی بەشێوەیەکی فراوان پەرەی سەند.(٤)

سەجادی لەسەر بنەمای دەقی گوتاربێژی و پێوەندیی بە وتاربێژ و گوێگرەوە سێ جۆری دەست نیشان کردووە، ئەوانیش: جۆرێکی دەبیسترێت، بەڵام ناخوێنرێتەوە. جۆرێکی تر دەخوێنرێتەوە، بەڵام نابیسترێت. سێیەمیان ئەوەیە دەخوێنرێتەوە و دەبیسترێت.(٥) ئەمە بێ ئەوەی سەجادی خاسیەت و خەسڵەتی تەواوەتی و هۆی سەرهەڵدان و نموونەی کەسانی وتاربێژی ئەو جۆرانەمان بۆ بخاتە ڕوو!

لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی وتاربێژی لەلایەن سەجادییەوە، هەست بە جۆرێک تێکەڵی و ئاڵۆزی لەنێوان وتار و وتاربێژیدا دەکرێت و بەدروستی لەیەکتری جودا نەکردوونەتەوە و وتاری بە جۆرێکی وتاربێژی ئەژمار کردووە. ڕاستییەکەی ئەو دوو چەشنە هونەرەی پەخشان نزیکایەتییان هەیە، بەڵام جیاوازیشن. لە وتاربێژیدا دەنگ بنەمای سەرەکییەتی و بۆ بیستنە، هەرچی وتارە، ئەمەیان نووسین بنەوای بنەڕەتیەتی و پەیوەستە بە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت...تاد و بۆ خوێندنەوەی خوێنەرانە. سەجادی نموونەی کەسانی وتاربێژی بۆ جۆرەکانی وتاربێژی هێناوەتەوە. ((یەکێکی وەک (گلادستۆن) خوتبەکانی خۆی، کە ئەخوێندەوە ئاگرێکی ئەکردەوە، کە چاپ ئەکرا لە ئاسنی سارد ساردتر ئەبوو، (ئەدمۆند بێرک) نەیئەزانی خوتبە بدا، کە ئەچووە پەرلەمانی ئینگلیزییەوە، کێ لە هەموو کەس بێ زمانتر بووایە، بەسەریا زاڵ ئەبوو، کەچی لەکاتێکدا، کە چاپ ئەکرا ئاگرێکی ئەخستە عالەمەوە)).(٥) ئەم نموونانە سەجادی سەبارەت بە وتاربێژیی کەسانی جیهانییە، سەبارەت بەوتاربێژانی کورد، نموونەی پیرەمێردی شاعیر دەهێنێتەوە و دەڵێت: ((پیرەمێردی شاعیر و ئەدیبی کورد هەر بەم جۆرە، کە ئەهاتە قسەکردن دەمی بەیەکا ئەهات، کە ئەدەب و خوتبەی چاپ ئەکرا ئاگری لە دڵی بەرددا ئەکردەوە)).(٦)

سەبارەت بە مێژووی وتاربێژی لای کورد سەجادی پێی وایە: ((خەتابە لەناو کوردا مێژوویەکی نییە، بۆیە نییەتی، چونکە ئێمە قسە لە خەتابەی کوردیی پەتییەوە دەکەین، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا)).(٧) لێرەدا زمانی دەق دەکاتە پێوەر بۆ ئەوەی بەهۆیەوە وتاربێژییەک بە کوردی لە قەڵەم بدات، بۆیەش ئەو وتاربێژییانەی بە زمانی کوردی بە دەق و بەرهەمی کوردی حسێب ناکرێت و ئەو وتاربێژییەی، کە لەژێر چاودێریی تورک و فارس هەبووە، یان وتاربێژی ئایینی، کە پڕ بووە لە ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) بە وتاربێژیی کوردی دانانرێن.(٧) بە دیدی سەجادی سەرهەڵدانی ڕاستەقینەی وتاربێژیی کوردی بۆ دوای یەکەمین جەنگی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨) دەگەڕێنێتەوە، بەڵام باسی کەسانی خاسیەت و تایبەتمەندیی وتاربێژیی ئەوسا و نموونەی وتاربێژی ناخاتە ڕوو.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**١- د.شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩، ل١٤٦.**

**٢- عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی ئێران لەسەر چاپی دووەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە١٣٨٩، ل١٥٢.**

**٣- سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.**

**٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.**

**٥- سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.**

**٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣ - ١٥٤.**

**٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.**

# ڕووناکبیران لە فەڕەنسا

نووسینی: یوهان ئانگرمولێر
بۆ فارسی: مێهرداد ئیمامی
لە فارسییەوە: جەمال نەجاڕی
(فەڕەنسا)

لە سەدەی هەژدەم بەم لاوە، پانتایی گشتی لە فەڕەنسا بە شێوەیەک بەرهەمهێنەری کولتووری خۆی دەردەخات کە خاوەنی هێزێکی سیمبۆلیک و هێمادارە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک هونەر و ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان و زانستە سیاسییەکان و زانست بە مانا گشتییەکەی.

دوا بە دوای ڕووداوی دریفوس (Dreyfus affair) و ڕیسوایی قەزایی کە کۆماری سێیەمی لە ساڵی ١٩٠٠ وەجووڵە خست کە دواتر بەم بەرهەمهێنەرە کولتوورییە گوترا "ڕووناکبیر".

ڕووناکبیر بەرهەمهێنەریکی کولتووریی بەرپرسیارە (engaged)، پسپۆڕێک کە هەڵوێستە سیاسی و ڕەوشتی خۆی لەگەڵ پرۆژە زانستی و کولتوورییەکان یەک دەخات. بەرپرسایەتی سیاسی ڕووناکبیر لەوانەیە گرێدراو بێت بە دەربڕینی ئاشکرای بەرژەوەندییە ڕەواکانی خەڵک، گەڕانەوەی بایەخە دیموکراتیکەکان، جیهانداگیری کۆماری، یان مەحکوومکردنی جۆرەکانی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت.

بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووناکبیرانی فەڕەنسی لەسەدەی بیستەمدا، دەبێ پێوەندی نێوان ئەندێشەکانی ڕووناکبیران و پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوان لەبەر چاو بگرین، هەروەها دەبێت لایەنەکانی مێژوویی هەڵسەنگێنین و بەبێ ئەوان بە دژواری لە مێژووی ڕووناکبیریی فەڕەنسا دەگەین.

لەم لایەنەوە، بە مەبەستی تێگەیشتن لە بایەخی کولتووری قۆناغی ١٨٩٨ (دەسپێکی ڕووداوی دریفوس) تا ١٩٨٤ (مەرگی فووکۆ) بە پێویست دەزانرێت کە ئەم قۆناغە زێڕینە تەمەن کورتەی ڕووناکبیریی مۆدێرنیزمی فەڕەنسی لە ڕوانگەی مێژووییەوە لەبەرچاو بگرین.

هەڵبەت سەردەمێکی زێڕینی دیکە، واتە قۆناغی



**میشێل فووکۆ**

ڕۆشنگەری l'âge des lumières بوو. کاتێک کە ڕووناکبیری مودێرن لەدایک بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە درێژایی سەدەی هەژدەم، بەستێنێکی گشتیی جیاواز و لێک جیا دژی دەوڵەتی ڕەها و سیستمی پیاوانی ئایینی خۆی دەرخست، بارودۆخی ڕووناکبیرانێک کە پاش یەک سەدە دوای شۆڕشی فەڕەنسا هاتنە مەیدان، چ بوو؟ پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ڕووناکبیرانی فەڕەنسا لە سەدەی بیستەمدا، دەبێ ئاماژە بۆ مێژووی بێ ناوبژبوانی ڕووناکبیرانی مودێرنیزم بکەین کە ئێمیل زۆلا نموونەی بەرچاوێتی.

بە دڵنیاییی ئەم ڕوانگەیە کە ژیانی ڕووناکبیریی فەڕەنسا لە سەدەی نۆزدەمدا لە بەراورد دەگەڵ ڕابوردووی بێ مەودای خۆی و وڵاتانی دیکەی ئەوروپایی، جموجووڵی و گەرموگوڕی کەمی پێوە دیاربوو، بە شێوازی جۆراوجۆر پێویستی بە چاکسازییە.

بە درێژایی سەدەی نۆزدەم، گرووپێکی گرنگ لە بەرهەمهێنەرانی ئەدەبی خۆئایین، وەک ڤیکتۆر هۆگۆ هەبوون، کە هەم ئەستێرەی گەشی بواری ئەدەب بوون، هەروەها وەک چالاکوانی سیاسی ناسراو ڕۆڵیان هەبوو.

کەوابوو، ئەگەرچی ڕەگوریشەی زۆربەی هەرە زۆری ڕەوایەتی کۆماریخوازانە و ئوستوورەکانی پێکهێنەری سیاسەتە نەتەوایەتییەکان دەچوونەوە سەر شۆڕشی فەڕەنسا، بەڵام دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی بەرهەمهێنەرانی ئاکادیمیکی دیکە، هەر وا بە واتایەکی ڕوون و دیار، بەهۆی سەرکەوتنی ڕکابەرە ئەڵمانییەکانیانەوە، بچووک پیشان دەدرا.

لە ماوەی سەدەی نۆزدەمدا و بەهۆی بوونی ئینتیمای ناسیۆنالیستی لە ئەورووپا، هاوردەیەکی بەربڵاو لە بەرهەم و پێوەرە ئاکادیمیکەکانی ئەڵمان بۆ فەڕەنسا دەستی پێ کرد، کە پێکهاتبوو لە فەلسەفەی ئیدیالیزمی دەسەڵاتدار بۆ شێوازی ئاڵۆزەکان لە زمانناسیی مێژوویی تا دەگاتە شێوازی زانستی و پسپۆڕانە و تەواو، کە لەسەر پێوانەیەکی باڵا لە دابەشکردنی کار بەرهەم هاتبوو. ئەو پرۆسەیە تا دوای دووەمین جەنگی جیهانی درێژەی هەبوو، واتە کاتێک کە زۆربەی ڕووناکبیرانی فەڕەنسا بە شادمانی دەگەڵ بەرهەمەکانی هێگل و مارکس و نیتشە و هۆسرل و فرۆید و هایدیگەر بەرەو ڕوو دەبوونەوە.

هۆکاری سەرەکی لاوازیی ڕێژەیی ژیانی ئاکادیمێکی فەڕەنسی لە سەدەی نۆزدە و نیوەی سەدەی بیستەم، نەبوونی ڕێکخراوە بەهێز و خودموختارەکانی خوێندنی باڵا بوو، کە لە پێش ١٩٦٨، واتە کاتێک کە کۆلێژە سوننەتییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و بوونە زانکۆی پێشکەوتوو، هێشتا پێک نەهێنرابوو.

هاوکات لەسەدەی نۆزدەمدا، چینی خوێندەواری ناو زانکۆکان و ڕووناکبیرانی بۆرژوای ئەڵمانیا (Bildungsbürger) کە خاوەنی پێگەی خۆیان بوون و ناوەندێکی گرنگ و بەسوودی وەک "زانکۆی هۆمبۆلت"یان هەبوو، کۆلێژەکان (facultés) و قوتابخانە (écoles) فەڕەنسییەکان، هەراوی سیستمی پێش نەکەوتووی قوتابخانە سەرەتاییەکان، یان دواناوەندییەکان بوون، تا ئەوەی کە درێژەپێدەری سیستمی خودموختاری لێکۆڵینەوەی ڕێک، ئاستی خوێندنی سەرووی بەکالۆریا (لیسانس) و زانستی لێکۆڵینەوەی بێ خەوش و ڕەسەن بێت.

بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، زانکۆکان کە ڕەگوریشەیان بە گشتی بۆ پێش شۆڕشی فەڕەنسا دەگەڕێتەوە، لە بنەڕەتدا وەک بڵاوکەرەوەی بڕوانامەکانی زانکۆ (بەکالۆریا و ماجستێر) ڕۆڵیان دەبینی، بەڵام پرۆگرامێکی گشتگیریان سەبارەت بە ڕاهێنانی ئاکادیمێک نەدەخستە ڕوو، چ بگات بەوەی کە لێکۆڵینەوە سەربەخۆکان ئەنجام بدات. قوتابخانەکان (écoles) لە بەرانبەر دەسکەوتەکانی شۆڕشی فەڕەنسا دروست بوون.

هەرچەند حکوومەتی کۆماریخواز ئەم قوتابخانانەی (écoles) بە مەبەستی بەرهەمهێنانی بوروکراتەکان و

مامۆستایانی حکوومی زۆر پسپۆر پێکهێنا، بەڵام هیچ کام لەوانە نەیدەتوانی لە هەمبەر نەبوونی بەرهەمە ئاکادیمییە گرنگ و لێکۆڵینەوە شیکارییەکان لە زانکۆکان پێکهێنرا بێت. دەگەڵ بایەخێکی لەڕادەبەدەر و ئەو بەڵێنە درەوشاوانەی وەک کار لە لایەن ئەم قوتابخانانەوە بە دەرچووەکان دەدرا (هێشتاش هەر لەسەر بەڵێنەکانیان بەردەوامن)، مەبەستی سەرەتایی گشتیان بەجێگەیاندنی خواست و نیازەکانی دەوڵەت و بەرهەمهێنانی فەرمانبەرانی داهاتووی دەوڵەت بوو. تەنانەت لە ناو باشترین و بەناوبانگترین قوتابخانەکان، واتە قوتابخانەی "نۆرمال سوپەریور" زیاتر هەوڵی دەدا بۆ ڕاهێنان و بەرهەمهێنانی مامۆستایانی بواری فەلسەفە تا ئەوەی خۆی بە بەرهەمهێنانی داهێنەرانەی بەرهەمە ئەکادیمیکە سەربەخۆکانەوە سەرقاڵ بکات.

لەم ڕووەوە جێگەی بایەخ پێدانە ئاماژە بەوە بکەین کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ژمارەیەکی بێ بایەخ لە بەرهەمهێنەرانی سیمبۆلیک و هێمایی، لە دەرەوەی ڕێکخراوەکانی خوێندنی باڵا و ناوەندی فێرکاری ئاکادیمیکی سوننەتی (وەک سۆربۆن و ئاکادیمی فەڕەنسا) هەبوون. شوێنی مودێرنیستی بەرهەمی سیمبۆلیک و هێمایی کە بە دامەزرانی چوارچێوەی مۆدێرنیستی هونەری پێشڕەو لە سێ دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەم دەستی پێ کرد، تێگەیشتنی زۆر زەحمەتە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم گرووپە پێکهاتووە لە بەرهەمهێنەرانی کولتووری سەربەخۆ و والا کە لە خەڵکی شار و شارۆچکەکانی فەڕەنسا، واتە جێگەیەک کە سیستمی پلە دوو، تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە دەرچووەکانی ئەم شوێنانەی قبووڵ دەکرد و هەمیش کە خەڵکی دەرەوەی فەڕەنسا پێک دەهات.

بازاڕی بەرهەمهێنانی سیمبۆلیک و هێمایی بە شێوەی دەرئەنجامی هێرشی بەردەوامی بەرهەمهێنەرانی نوێ کە خوازیاری گەیشتن بە لووتکە، تا ڕادەیەک پەرەی سەند کە درێژەی خودموختاری بەرهەمهێنەریی سنووردار خۆی دەرخست. لە ڕوانگەی بوردیو، بەرهەمهێنانی سنووردار (restrained production) بۆ لای خواستە قۆرغکراوەکانی بەرهەمهێنەرەکانی دیکەی لە شێوەی سیمبۆلیک ڕێک دەخرا و دەتوانین پێگەی مودێرنیستی وەک دەرئەنجامی نەخوازراوی جیایی بەرهەمی کولتووری لە بەرچاو بگرین.

پێچەوانەی پێشینەی بازاڕی بەرهەمهێنانی سیمبۆلیک بە شێوەی گشتی پەرەپێدراو، هەم چڕکراو هەم بە تەواوی لێک جیایە کە بەرهەمهێنەران و ڕووناکبیرانی مۆدێرنیزم بتوانن وەها ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخ لە فەڕەنسا بەدەست بێنن. سانترالیزەبوونی بەرهەمهێنەرانی کولتووری لە پاریس و پێکهاتەی لێک جیای پانتایی ڕووناکبیری، نە تەنیا نەبووە هۆی بەردەوامبوونی خێرای ڕەوت و مۆدێلە زووتێپەڕەکان، بەڵکو نیشاندەری بەرژەوەندی سیمبۆلیکێکی باڵا بوو بۆ ئەو گرووپە لە ڕێبەرانی ڕووناکبیر کە دەیانتوانی خۆیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی کولتووریی والا، بالادەستی ئاکادیمیک و سیاسەتە نەتەوەییەکان بسەلمێنن.

لە ماوەی ڕووداوی دریفوس، بیرکردنەوە و گوتاری ڕووناکبیریی مۆدێرنیستی بۆ یەکەم جار بە ئاشکرایی خرایە ڕوو. ئالفرێد دریفوس فەرماندەی سوپای فەڕەنسا بوو کە لە ١٨٩٤ بە سیخوڕی تاوانبار کرا، بەڵام زۆری نەخایاند کە تاوانەکەی تەنیا بە هۆی ئەوەوە بوو کە ئایینی جوولەکەی پەیڕەو دەکرد، نەک خیانەت و سیخوڕی بە مانا ڕاستەقینەکەی. لە ١٨٩٧ بەم لاوە ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمهێنەرانی ئەدەبی و ئاکادیمیک، کەسانی وەک شارل پژوی، ئەندرێ ژید، مارسێل پرۆست، لوسین هێر و ئێمیل زۆلا بە بیانووی دووبارە دادگاییکردنەوەی "دریفوس" هاتنە مەیدان و نامەی بە ناوبانگی ئێمیل زۆلا بە ناوی "من تاوانباری دەکەم" لە ١٨٩٨ دا بوو بە مانیفێستی گرووپێکی تازە دامەزراو لە ڕووناکبیران. ڕووداوی دریفوس زۆر خێرا گۆڕا بە شتێکی زیاتر لە ڕیسواییەکی یاسایی سادە و بووە هۆی ململانێیەکی درێژخایەن لە نێوان هێزە پاوانخوازەکانی ئایینی و لایەنگرانی لیبراڵ دیموکراتی سەر بە کۆماری سێیەم کە ڕووناکبیران نوێنەرایەتی ئەو چینەیان دەکرد.

گۆڕانکارییە خێرا و ئاڵوگۆڕییە بنەڕەتییەکان کە بە گشتی لە پێنج شوێنی سیمبۆلیکدا خۆیان دەدیتەوە کە پێنج قۆناغی ڕووناکبیریی سەرەکی نوێنەرایەتی ئەوان دەکات- بە باشترین شێوە- وروژاندن و دنەدانی بەرپرسایەتی ڕووناکبیرێک کە بەدوای ڕووداوی دریفوسەوە وەسف دەکرێت؛ یەکەمین شوێنی مودێرنیزمی سەرەکی، پێکهاتبوو لە ئاوانگاردە مێژووییەکان لە ماوەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا (بۆ نموونە مارسێل پرۆست)، دووەمینیان تایبەت بوو بە بەرەی خەڵقی نەتەوەیی (front populaire) و سوریالیزمی لەخۆ دەگرت (بۆ نموونە ئەندرێ ژید و ئەندرێ بریتۆن)، یەکەم شوێنی مۆدێرنیزمی نوێ، یان ئێگزیستانسیالیزم (بە ڕێبەری ژان پۆل سارتر) بوو، دووەمین شوێنی مۆدێرنیزمی نوێ و سەرکەوتنی تێکەڵ بە حەپەسان و

سەرگەردانی گۆڤاری زانستە مرۆییەکان (sciences humaines) و گوتاری دەروونناسی - مارکسی- پێکهاتەخوازانە (لە ڕوانگەی سیاسییەوە بەرچاوترین نوێنەری ئەم ڕەوتە میشێل فووکۆ بوو) و شوێنی پاش مودێرنیزمی (گەڕانەوەی بیرۆکەی سیاسی لیبراڵ و ڕووناکبیر "پاشماوەی بیری چەپ"، واتە پییەر بۆردیۆ).

ئەم شوێنە سیمبۆلیکانە لەلایەن گرووپ و تۆڕە تایبەتەکانەوە پشتگیرییان لێ دەکرا کە لە زۆربەیاندا ژوورنالێکی ڕووناکبیرییان لە بەردەستدا بوو، بۆ نموونە؛ لا نوئێل غێڤیوو فرانس (La Nouvelle revue française) کە ژید ساڵی ١٩٠٨ دایمەزراند، سەردەمی نوێ (Les Temps modernes) کە سارتر لە ١٩٤٥ دایمەزراند، تێل کێل (Tel Quel) کە خاوەن بیر و نووسەری ئاوانگارد فلیپ سولێرز لە ساڵی ١٩٦٠ هەوڵی دامەزرانی بۆ دا، گۆڤاری لیکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (Actes de la recherche en sciences sociales) کە بۆردیو ساڵی ١٩٧٥ دایمەزراند و گۆڤاری لۆ دێ با (Le Débat) کە مێژوونووسی لیبراڵ پییەر نۆرا لە ساڵی ١٩٨٠ دایمەزراند.

حەز و مەیلە ئاڵۆز و دژبەیەکەکانی مێژووی ڕووناکبیریی سەدەی بیستەم، هۆکارێکی بنەڕەتی لە تێپەڕاندنی قۆناغە مۆدێرنیستییەکانی سەرەتا تا مۆدێرنیزمی نوێ، ڕۆڵی لەڕادەبەدەری بەرهەمهێنەرانی ئاکادیمیک بوو کە لە کۆتاییدا لە پلەی زانستی، کۆمەڵایەتی بۆردیودا گەیشتە لووتکە. مۆدێرنیزمی نوێ دەرخەری سەرهەڵدانی ڕووناکبیرانی ئاکادیمیکتر بوو، بۆ نموونە، ژان پۆل سارتر یەکەمین ئەستێرەی ڕووناکبیری کە هەم لە بواری ئەدەبیاتدا ناوبانگی پەیدا کرد و هەم لە ڕووی ئاکادیمییەوە ناسرا و بوو بە نموونەیەکی بەرچاو لە ڕووناکبیریی فەڕەنسا.

سارتر وەک دەرچووی قوتابخانەی (ئیکول نۆرمال) کاری خۆی وەک مامۆستای فەلسەفە لە قۆناغی دواناوەندی دەست پێ کرد و دواتر بوو بە نووسەرێکی سەربەخۆ کە دواتر لە گۆڤاری بەرخۆدان (résistance)ی فەڕەنسی وەک کەسایەتییەکی سیاسی ناسرا. کاریگەری سارتر لەسەر ژیانی ڕووناکبیریی فەڕەنسا ئەوەندە بەرچاو بوو کە گۆڕان لە هەڵویست و بۆچوونەکانیدا، زیرەکانە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی بەرهەمهێنانی سیمبۆلیکدا (لەوانە؛ فەلسەفە، ئەدەبیات، شانۆ، ژورناڵیزم، چاپکراو و ڕادیۆ) دەگەڵ پۆچتی (Boschetti)، بەرهەمی خۆڕاگر لە پانتایی بەرهەمهێنانی سیمبۆلیکدا (بۆ نموونە، ڕۆژنامەی فەڕەنسی لیبراسیۆن، کە بە هاوکاری سارتر لە ساڵی ١٩٧٣ دامەزرا و هێشتاش بەردەوامە. سارتر نیشانە و هێمای ڕووناکبیریی بەرپرسیارە کە پلە و پایەی خۆی وەک لێکۆڵەرێک و بەرهەمهێنەرێکی ئەدەبی، بۆ خزمەت بە بواری سیاسی دەخاتە بەردەست.

بۆ شرۆڤەکردنی دەسەڵاتی ڕوو بە کزی بەرهەمهێنەرانی ئاکادیمیک و کولتووری والا، سێ گۆڕانکاری جێگەی بایەخ کە دوای دووەمین جەنگی جیهانی هاتنە ئاراوە، پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێت:

١- دوا بە دوای شۆکی ئێسپۆتنیک (تەنگژەیەک کە بەرهەمی بۆ فەزا ناردنی یەکەم مانگی دەستکرد لەلایەن یەکێتیی سۆڤییەت و ڕکابەرایەتی ئاسمانیی ئەمریکا و یەکێتیی سوڤییەت لە قۆناغی شەڕی سارددا) و لە کۆتاییەکانی شەڕی ئەلجەزایر (١٩٦٢- ١٩٥٤) تەقینەوەی بێ وێنەی پلە و پایە ئاکادیمیکەکان بە چاودێری وەزارەتی ڕۆشنبیری دووگۆل (١٩٦٩ - ١٩٥٨) و ڕووناکبیری بناژۆی چەپخواز "ئەندرێ مالرۆ" ڕووی دا. لە هیچ وڵاتێکی تری ڕۆژاوا، لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیک و خوێندنی باڵا بەم ڕادەیە لە وەها ئاستێکی نزمدا، لەوەها قۆناغێکی کورتدا پەرەی نەستاندبوو. لە ئەنجامدا، ڕووناکبیرانی سەربەخۆ، نووسەران و خۆڕاهێنەرێکی وەک ڕۆلان بارت بە خێرایی تێکەڵ بە سیستمی ئاکادیمیک - لە بەربڵاوترین شێوەیدا- بوون.

٢- پلە و پایەی ڕوو لە زیادبوونی لقە تەکنیکییەکانی خوێندنی باڵا، هێدی هێدی لە بایەخی قوتابخانە و ئیکولە ڕووناکبیرییەکان کەم کردەوە و زیانی پێگەیاند. ڕەنگە نموونەی بەرچاوی ئەم بەشانە، سەرکەوتنی قوتابخانەی نەتەوەیی بەڕێوەبردن (ENA) کە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا، لە هەڵسەنگاندن دەگەڵ قوتابخانەی نۆرمال سوپەریوێر (ENS) و Rue d’Ulm کە ساڵی ١٧٩٤ دامەزرابوو. تا دوای دووەمین جەنگی جیهانی ڕاهێنانی فەلسەفی و ئۆمانیستی ئیکول نۆرمال بە ڕادەی پێویست بۆ ڕێنماییکردنی دەرچووەکان بەرەو بەرزترین شوێنەکان لە سیاسەت، ئابووری، یان کولتووری فەڕانسە، خاوەنی پێگەیەکی تایبەت بوو. (بەرپرسایەتییە سیاسییە درەوشاوەکانی ژان ژرە، لیۆن بلۆم، جۆرج پۆمپیدۆ، هەڵبسەنگێنن). لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەتای دەیەی ١٩٦٠ بەم لاوە، زۆربەی خوێندکارە خاوەن توانابییەکان لە بەشی فەلسەفە و ئەنجوومەنی ئۆمانیستیی سوننەتی دەستیان بە پاشگەزبوونەوە کرد، ئەم خوێندکارانە بە جیددی خوازیاری ئەوە بوون لە کولتووری فەلسەفەی فەڕەنسی پاشەکشە بکەن و هەوڵی

ئەوەیان دەدا سەرمایەی کولتووریی خۆیان دەگەڵ خواستە نوێیەکانی زانستە مرۆییەکانی تازەداهێنراو و زمانناسی ڕێ نیشاندەری ئەو زانستە بگونجێنن، یان ڕاستەوخۆ بە ENA ببەسترێنەوە و بەڵێنی کار و بەرپرسایەتی سەرکەوتووی لە سیاسەت و بەڕێوەبەری و ئابووریی فەرەنسا دەدا.

٣- بە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی نمایش (دوبور De-bord) ڕاگەیاندنە چاپکراوەکان زیاتر لە هەموو کاتێک جێگەی خۆیان بە تەلەڤزیۆن گۆڕییەوە، نە تەنیا تەلەڤزیۆن، بەڵکو زۆر زیاتر خاوەن بەهرەی بڵاوبوونەوەی وێنەکان و نواندنەوەی شێوە و ڕوخسارەکان بوو؛ بەڵکو ژورناڵیستەکانی تەلەڤزیۆن لە فەرەنسا، هەروەها هەوڵیان دابوو تا کاریگەریی بەربڵاویان لە باسە سیاسییەکاندا هەبێت. تەلەڤزیۆن بەردەنگی لەڕادەبەدەر و کار و پسپۆری زۆر دەخاتە بەردەم بەرهەمهێنەرانی سیمبۆلیک. ئەو بەرهەمهێنەرانەی کە ئیتر نابێ ئەوان وەک داهێنەرانی ئاکادیمیک، یان کولتووری واڵا و ڕەوا، بە مەبەستی دەست پێڕاگەیشتن بە دەنگێکی جێگەی بایەخ لە سیاسەتە نەتەوەییەکانی پیرۆزدا لەبەرچاو بگرین.

بەم پێیە و لەگەڵ ئەوەشدا ژورناڵ و ڕۆژنامە ڕووناکبیرییەکان بەبەردەوامی خاوەنی پێگەی خۆیان بن (لو نۆڤێل ئۆبزێرڤاتور، لۆمۆند) کە هیچ ڕێ خۆشکەر نییە بۆ چارەسەری تەنگژەی هەژموونی مۆدێرنیستیی بەرهەمی کولتووری واڵا و نائاکادیمیک، بەڵکو ئەو تەنگژەیە پەرەدەستێنێت.

لە نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستی زایینی، سەردەمی ڕووناکبیرانی مودێرنیست کە نێوان بەرهەمهێنانی سیمبۆلیکی ئاکادیمیک و نائاکادیمیکدا بوون، کۆتایی پێهات و قۆناغی پاش مودێرنیزم، یان بە واتایەکی ڕوونتر، قۆناغی دژ بە مودێرنیزم دەستی پێ کرد. بەشێکی زۆر لە ناودارانی ڕووناکبیری سەر بە قۆناغی پێشوو ماڵاواییان لە ژیان کرد، یان لە پانتایی گشتی بزر بوون. (سارتر، لکان، بارت، فووکۆ؛ ئالتوسێر کە دوای کوشتنی هاوسەرەکەی خرایە بەندیخانە و سۆلرێز پێشی بە چاپ و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "تێل کێل" گرت) و نەوەیەکی نوێ لە ڕووناکبیرانی لیبراڵ هاتنە مەیدان. تەنگژەی ئایدیۆلۆژی و زەینیەتی مۆدێرنیزمی، کەمێک دوای بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە دۆرگەکانی گولاک (١٩٧٦) بەرهەمی سولژنیتسین بە زمانی فەرەنسا دەستی پێ کرد، تەنگژەیەک کە لە یەک قۆناغدا، نەتەنیا بووە هۆی سڕینەوەی بیری مارکس لە ژیانی ڕووناکبیری فەرەنسا، بەڵکو بووە هۆی نائومێدی زۆربەی پەیامبەرانی ڕووناکبیری سەر بە ڕابوردوو کە لە مارکسیستەکان و ئێگزیستانسیالیزمەکان و دەروونناسان و پێکهاتەخوازەکان پێک دەهات.

بەم پێیە ئەم قۆناغەی پاش مۆدێرنیستی کە نابێت ئەو لەگەڵ دیاردەی ئانگلۆ ئەمریکی پاش مۆدێرنیزم، یان دواپێکهاتەخوازی، چەمکێک کە لە بەستێنی فەرەنسیدا نامۆیە، بشوبهێنین کە بووە هۆی ژیانەوەی بایەخی بیرمەندانی لیبراڵ و دژەتۆتالیتاری ڕابوردوو. (هەڵسەنگاندنێک بکەن لەگەڵ ڕیمۆن ئارۆن، یان جەغزی دژە ئێستالینیستی سۆسیالیزم، یان وەحشیگەری کلۆد لۆفۆر و کۆرنلیوس کاستوریادیس)، هەروەها کۆتایی هات بە بووژانەوەی ژیانی ئەندێشە لیبراڵی و نوێ لیبراڵییەکان (بەراوردی بکەن لەگەڵ هێرشی فێری/ ڕنو بە «ئەندێشەی [مای]٦٨»). فەیلەسووفە نوێیەکان «nouveaux philosophes» یەکەم کەسانێک بوون کە بە هۆی بەیانی ڕاشکاوانەی تەنگژەی پرۆژەی چەپ، کە هەروەها تەنگژەی پەیامبەری ڕووناکبیرانیش بوو، سەرنجی کۆمەڵگە بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

هەروەک ڕووناکبیرانی مودێرنیزمی دواکەوتوو (بەراوردی بکەن دەگەڵ دولوز) ئاماژەیان پێ کردووە، سەرکەوتنی ئەم گرووپە لە فەیلەسووفانی گەنجی دەرچووی ئیکول نۆرمال (ناسراو بە نۆرمالینەکان) و مائۆیزمەکانی ڕابوردوو لە دەوری بێرنارد هێنری لوی ناسراو، کۆبووبوونەوە، نیشاندەری کاریگەری لەڕادەبەردەری تەلەڤزیۆنی نەتەوەیی لەسەر ستراتیژییەکان و کارە ڕووناکبیرییەکان بوو.

لەگەڵ کاڵبوونەوەی ڕووناکبیریی مودێرنیزمی، ژیانی ڕووناکبیریی فەرەنسی هاتە ناو قۆناغی دووبارەناسی و دابەشکردنی سەرلەنوێ، ڕووناکبیرانی تر لە نێوان لقە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی سیمبۆلیک، بەم شێوەیە کە تا ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ زایینی، لە پێوەندیدا نەبوون؛ کەسانی ناو زانکۆ، ژورناڵیستەکان و هونەرمەندەکان زیاتر لە هەمیشە هەوڵیان دا کە بە ئاخێزگەکانی ڕێکوپێکی. ژورناڵیستی، یان هونەری تایبەتی خۆیان بگەڕێنەوە. کاتێک کە لە ١٩٨١ باڵی چەپ بە ڕێبەرایەتی فرانسوا میتەران کە سەرەنجام دەسەڵاتی گرتە دەست، ڕۆژنامەی سەرەکی ڕووناکبیری واتە لۆمۆند هەواڵی پاشەکشەی نائاسایی بەرهەمهێنانی ڕووناکبیری ڕاگەیاند و (بە دروشمی بێدەنگی ڕووناکبیران بڵاو کرایەوە).

ڕووناکبیرانێک کە ئێستا لە ڕوانگەی سیاسییەوە بە دەسەڵات گەیشتبوون، ئیتر ئامادە نەبوون بە هەر نرخێک ڕوحی شۆڕشگێڕانەی خەڵک (بەم شێوەیەی کە سارتر دەیورووژاند) بورووژێنن. لەبەرانبەردا، جێنشینەکانی ڕووناکبیریی مۆدێرنیستی بە مەبەستی بوون بە ڕاوێژکار، شرۆڤەکار و لێکۆڵەری سیاسی، شێوازی ئەمریکایی بەرپرسیار و تێکەڵ بە ململانێیان هەڵدەبژارد، بۆ نموونە (ئالێن تورێن)ی کۆمەڵناس، کە شیکردنەوە سیاسییەکانی کە هەم لەلایەن تۆڕەکانی ڕاگەیاندن و هەم بە هۆی دەستەی ڕاوێژکارانی سیاسی (وەک ناوەندی سێن سیمون) پەرەی زۆریان سەند، یان لۆک فێری کە لەسەرەوە باسی لێوە کرا، کە دوابەدوای سەرکەوتنی ژاک شیراک لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ٢٠٠٢ بۆ پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری دیاری کرا.

لەم سۆنگەیەوە، بۆ ڕووناکبیرانی فەڕەنسا سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ نیشاندەری دەرفەرتێک بوو، دەرفەتێکی تیوریک و سیاسی: ڕەخنەی پێکهاتەخوازانەی مژاد (سووژە)ی خۆئایین، بە قازانجی هۆگریی ژیانەوە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، ڕەوشت و ئاکارەکان لادران، فەیلەسووفەکان میرات و پاشماوەی لیبراڵی کۆمارییان بووژاندەوە و لە دژی پڕۆژە سیاسی فەلسەفییەکان "نابەرپرسانە" دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ کە فەیلەسووفەکانی ئەڵمانیا وەک نیتشە و هایدیگەر (بەراوردیان بکەن لەگەڵ ڤیکتۆر فاریا، هایدیگەر و نازیزم، ١٩٨٧، یان لۆک فێری و ئالێن ڕێنۆ، هایدیگەر و مودێرنەکان ١٩٨٨) نوێنەرایەتییان دەکرد، قسەیان کرد.

لە قۆناغی ١٩٨٠ بەم لاوە، هەروەها قۆناغی تەنگژەی لە ڕادەبەدەری ژورناڵەکان (ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) و ناوەندی چاپەمەنییەکان بووە. بەرهەمەکان و بەرهەمهێنانی ڕووناکبیری، واپێدەچێت، ئیتر وەک بەرهەمەکانی پێشوو باسهەڵگر نین و کاریگەرییان نەماوە.

دەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کۆمپانیاکانی چاپەمەنی فەڕەنسا هەوڵی ئەوە دەدەن کە نەیەنە ناو بازاڕی بەرهەمهێنانی ڕووناکبیری (بەراوردی بکەن لەگەڵ دژواری ماڵیی بڵاوکراوەکانی زانکۆی فەڕەنسا)، بەڵام لە هەناردەکردنی بەربڵاوی بەشێک لە ناوە ڕووناکبیرییەکانی فەڕەنسی، بنەماشکێنی دریدایی، دەروونناسی لکانی، شیکاری گوتاری فوکۆیی و ئێگزیستانسیالیزمی سارتری، کە ڕاستییەکەی هەرگیز شتێک زیاتر لە بەشێک لە ژیانی ڕووناکبیریی فەڕەنسییان نوێنەرایەتی نەکردووە و بە بەشەکانی زانستە مرۆییەکان لە ئەمریکای باکووری و بەریتانیا کەم کراوەتەوە.

لە لایەکی ترەوە وەک چۆن ئەگەر بەڵگەیەک بۆ کاڵبوونەوەی دەسەڵاتی ڕووناکبیری لە فەڕەنسا بوونی هەبێت، دەیەی ١٩٩٠ شاهێدی جووڵانەوەی بەربڵاو لە پێوەندی دەگەڵ مشتومڕە سیاسییەکاندا بووە کە ڕێبەری مەزنی ئەو ڕەوتە ڕووناکبیرییە پییەر بۆردیۆی کۆمەڵناس بوو.

بۆردیۆ بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەیەکی دیار لە وتاربێژی سیاسی سەر بە پێشینیانی مۆدێرنیزمی دواکەوتووی خۆی، بۆ سنووردارکردنێکی دیار لەگەڵ ویستی "نائەکادیمیک"، واتە شەیدایی فەلسەفی و جوانیناسی بەرهەمهێنەرانی مۆدێرنیزم پێداگری کرد.

سەیر ئەوەبوو کە ئەم بیرمەند و زانا کۆمەڵایەتییەی دژ بە سارتر، واتە پییەر بۆردیۆ بوو کە دواتر بوو بە وەفادارترین لایەنگری هزری سارتری بەرپرسایەتی ڕووناکبیری، تێکەڵ بە تواناییەکانی توێژینەوەی پڕ ناوەڕۆک لەگەڵ ڕوانگەیەکی سیاسی توندوتۆڵ.

لە لایەکی دیکەوە، بۆردیو بە هۆی پێداگرتن لەسەر کاری ئاکادیمیک و شێوازناسی زانستی ڕێک، وەک سیمبۆلی سەرکەوتنی بەربڵاوی توێژەری ئاکادیمیکی خوێندەوار لە پێوەندی لەگەڵ نووسەران (homme de lettres) و هونەرمەندانی ئاوانگارد سەیر دەکرێت.

سەرکەوتنی بۆردیو هەم وەک کۆمەڵناسێک و هەم وەک چالاکوانێکی سیاسی نیشاندەری ئەوەیە کە ڕووناکبیرانی فەڕەنسی ڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی خۆیان لە هەمبەر کێشە و ململانێیەکانی وەک؛ هەڵاواردن (بێبەشکردن)ی نەژادی و کۆمەڵایەتی، نیولیبراڵیزم و جیهانیبوون گێڕاوە.

**سەرچاوە:**

**John Murray, Christopher, (2004), Encyclopedia of Modern French Thought, New York, London: Fitzroy Dearborn: Entry of Intellectuals**

**سەرچاوەی بابەتەکە بە زمانی فارسی:**

**- انسان شناسی و فرهنگ.**

# ڕۆمان و کۆمەڵگە

**میشێل زرافا**
**لە فارسییەوە: شەریف فەلاح**

لە نووسینەکانی کافکادا لەگەڵ کۆی گشت و نزیکترین واتای کۆمەڵناسی بەرەوڕوو دەبین، ڕۆمانەکانی کافکا پێوەندییان بە پێکهاتەی بنیادی کۆمەڵگە، هەروەها گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە لە سەدەی بیستەمەوە دەستیان پێ کردووە، بە مەرجێک ئەگەر ئەم گریمانەیە قەبووڵ بکەین کە لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا هێشتا شۆڕشێکی ڕادیکاڵی بە مانای ڕاستەقینە ڕووی نەداوە، کافکا لە هەمان چاخدا دەینووسی کە "جۆیس"، پاشان "ڤێرجینیا وۆڵف" و "برووخ" و "مووزیل" دەیاننووسی، بەڵام بەڕای ئەوان کافکا لە کارەکتەر و کەسایەتی ناڕازی بوو و لە ئەنجامدا مەحکوومی دەکرد – یانی بە هەوڵ و کۆششی بێ پایان، بۆ نموونە لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچوون لە "ئۆلیس"دا دەبینرێتەوە تا بە توانین و بەهێزکردنی ئاگایی، ڕزگاری بۆ مرۆڤ دابین و فەراهەم بکرێ، کارەکتەری کارمەندی بانک لە "دادگایی"دا لە باری پێگەی کۆمەڵایەتی و هۆش و فامەوە لە "لیئۆپۆلد بلوم" لە ئۆلیس، هەروەها لە " کۆئینتین کامپسۆن" دەچێ کە لە " تووڕەیی و هەرا و زەنا"دا هاتووە، بەڵام بە پێچەوانەوە "کا" میلی کاتژمێرەکەی خۆی ناشکێنێ تا زەمەنی پێناسەکراوی کۆمەڵایەتی نابووت بکات، ئەو زەمەنی کۆمەڵایەتی کە ڕاستییەکەی زەمەنی خودی کۆمەڵگەیە، قەبووڵ دەکات. "لە مرۆڤێکی مردوو زیاتر نیت، ئەگەر کاتژمێرەکەی خۆت لەگەڵ کاتژمێری قازی و لیژنەی دادوەری و پارێزەرەکانت ڕێک نەخەی."

کاتێک خودی کۆمەڵگە لەدەست چووە، کاتێک ئیدی ناتوانی خۆت لەم کۆمەڵگەیەدا پێناسە بکەیتەوە، کاتێ کۆمەڵگە تاکەکان وەک کەرت و یەکە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێ کە بە ناچاری وەک فۆرمێکی گشتی دەرهاتوون، گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا کارێکی لەخۆڕایی و بێ هۆیە.

پاڵەوان و کارەکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکەکانی دەیەی ١٩٢٠ هەموویان بە دەوری بازنەیەکدا دەخولانەوە، بەڵام لەوەیڕا کە ئەم سەفەرانە بۆ "بلووم" و"دیدالوس" بازنەیین – یانی هەرچی زیاتر بە دەوری شاردا دەخولانەوە، زیاتر دەگەڕانەوە بۆ دەروون و ناخی خۆیان، "کا " سەفەرەکەی خۆی لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیی کوێردا دەکرد و بە لۆژیکێکی ڕەهاوە بە خۆی دەسەلمێنێ ئەگەر نەتوانێت ببینێ، دەفەوتێ،

مەگەر ئەوەی کە ئەو ئیزنە بە خۆی بدات کە کوێری بکەن، پاڵەوانی "کافکا" ژیانی ئوستوورەیی پاشای یۆنان دەخاتە ڕوو، ئوستوورەیەک کە سەیر "فرۆید"ی شێت و شەیدای خۆی کردبوو. "ئۆدیپ" خۆی کوێر دەکات تا لەو داو و تەڵەیەی کە خوداکان بۆیان ناوەتەوە، ڕزگاری بێت، بەو چەشنە دواتر شار بە فەرمی دەیناسن. "کا" بە پێچەوانەوە دەیەوێ مرۆڤەکان بە فەرمی بیناسن و سەرنجی هەموو گۆشە و قوژبنەکانی کۆمەڵگە دەدات تا ئەوەی کە کۆمەڵگە چاوی لێ دادەخات و خۆی لەدەست ئەو خورە و بەڵایەی ڕزگار دەکات کە دەیەوێ لێی نزیک بێتەوە، چەشنی ئۆدیپ کە نزیکی خوداکان بۆوە و ئەوان لە بوون "هستی" بێوەرییان کرد، پاشای یۆنانی و کارمەندی بانکی پراگ هەردوو بە هۆی بوونی چاوێکی تایبەتەوەیە کە دەتوانن ببینن، سەرکوت لە کوێیە و ڕزگاری لە کوێ؟

بەرهەمەکانی کافکا لێکچوون و هاوشێوەیەکیان لەگەڵ "هاملێت" و "برایانی کارامازۆف" هەیە، ئەوانە پێکهاتەی زەوتکردنی دۆخی مرۆیی - میتافیزیکی، دەروونناسی و کۆمەڵایەتیان لەخۆ گرتووە. لە دابینکردنی کەلوپەلی زەماوەند لە گوندەکە کە وا دەردەکەوێ ڕوانگەی ئەو لەبارەی کۆمەڵگەوە دەردەخات. لەوپەڕی پەرێشانی و ئاڵۆزیدا بۆی دەردەکەوێ "من"ی ئەو لە قاڵبی کارەکتەرێکی سێیەمی تاک و لە جەستەی مرۆڤێکدا شکڵی گرتووە، کەوایە پاڵەوانەکانی ئەمریکا و دادگایی و کۆشک بەو ئەنجامە دەگەن کە دەبێ جارێکی تر ئەو مرۆڤە بکەنەوە بە کارەکتەر، دەنا لە ئەنجامدا مەرگ چاوەڕوانی دەکات، پاڵەوانی مەسخ "تەشک" بە گۆڕین و هەستکردن بەوەی کە خۆی بۆتە جڕوجانەوەر - مادە پێشی مەرگ دەکەوێ. دوورە دیمەنی ڕۆمانەکانی کافکا بەو چەشنە نییە کە جیهانی مۆدێرن کەسایەتی لە مرۆڤ زەوت بکات، بەڵکو گریمانەیەکە بە دەرەنجامی نەرێنییەوە، هەروەک چۆن لە تاقیکارییەکدا پەسەند دەکرێ - سەفەری پاڵەوان بەرەو فەرامۆشی.

ئەم ڕەوتی تێپەڕینە لە کەسایەتییەکی حەقیقییەوە بۆ کەسایەتییەکی وەهمی و پێچەوانە، نیشانەی مەرگی شارستانییەت و مەرگی مرۆڤایەتییە، لە نێوان ئۆلیس و دادگاییدا جیاوازییەک هەیە وەک جیاوازی نێوان ملکەچی سینەمایی و دەسکرد و و تەسلیمبوونی ناخودئاگا، لە بەرانبەردا ئەو دوورە دیمەنە ئوستوورەیی و سیمبۆلیک و میکانیزاسیۆنەی کە جۆیس و برووخ و مووزیل کەڵکی لێ وەردەگرن تا کۆمەڵگەی مۆدێرنی پێ نیشان بدەن، کافکا خۆی ژیانی ماشێنی دەخاتە ڕیزی تاوانبارانەوە، مرۆڤ لە حاڵەتێکی نادیاری و سەرلێشێواوییەکی کوشندەدا دەژی کە بە شێوەی تەکووز ئاسا جەزرەبەی دەدات. " بلوم - ئۆلیس و دیدالوس - تلماخوس" لە کۆتایی تاکبێژییەکی قووڵدا، خۆیان لە ڕەوگە و سۆنگەیەکدا دەبیننەوە کە لە ئەنجامدا جەوهەر، یانی فەرهەنگ لە جیهانی کەتوارەوە دەردەکێشرێ، نەختێ دواتر ڕووناکییەکانی شار لە نێوان پێچ و مۆرەکانی ماشێنەوە بە جوانی دەردەکەون تا پێ بنێتە ئەو جادانەوە کە هەمیشە بۆ شوێنێکی تر ڕێنوێنی دەکەن، مرۆڤی کافکایی، تەنیا دەتوانێ ببێت بە شتێک کە خۆی لێ دەبوارد، ماشینێک بۆ زیندوو مانەوە.

"جۆرج لۆکاچ" بە ڕوونی واتای نەمان و توانەوەی ئەم پاژە مرۆییەی لە گشتیەتی کۆمەڵگە پێناسە کرد. ئەو " تۆماس مان"ی لە سەرووی کافکاوە دانا، چونکە پێی وابوو لە کێوی جادوودا تەنگژەی بایەخەکان لانی کەم وەک پرسیارێک دەمێنێتەوە، لە حاڵێکدا لە "دادگایی" خودی ئەگەری تەنگژەیەکی لەم چەشنە لەناو دەچێ و دەپووکێتەوە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەبوو کە لەنێو کارمەندی بانکی پراگ بەهۆی "پێشکەوتنخوازی" و"شۆڕش" لەسەرووی "کاستوورپ" و گەنگەشەکانییەوە دابنێت، چونکە ئەو دەیتوانی ببینێ کە شارستانییەت بە چ لەونێ لەم بەرهەمەی کافکادا مرۆڤی هاوچەرخی کردۆتە ماددەیەک، وشەی "بایەخ"ی لە هەر چەشنە واتایەک بەتاڵ کردووە. کافکاش خاوەنی ئوستوورەیە، بەو چەشنەی کە "ڕامبۆ"ش ئوستوورەی هەبوو، چیرۆکەکانی کافکا بە ڕواڵەت وێنەگەلێکی بەرجەستە و دیاری جیهانێکن کە گیرۆدەی بیرۆکراسی بووە، جیهانێکی ئوردووگا ئاسای هەزار توێ کە لە ژوورگەلێکی چاوەڕوانی و سەرسەراگەلێک ساز کراوە کە سەرەنجام دەگاتەوە بە بنکەی پۆلیس و ژووری ئەشکەنجە و جەزرەبە، ئەم ئوستوورەیە ئەم خاڵە پشتگوێ دەخات کە کارەکتەر و پاڵەوانی کافکا بە لێبڕاوییەوە دەیەوێ کەسایەتی و هزری خۆی بپارێزێ و بەم چەشنە تاکەکەسی و عەقڵ و هزر دەستبەجێ قەبووڵ دەکەن، ئەگەر لە کۆتایی دادگایی و کۆشکدا وێنای ئەم هێزە نەناسراو و بەتاڵە لە هەموو شوێنێک دەبینین کە مێژووی هاوچەرخیان تەنیوە، بەم حاڵەوە ناوەرۆکی ئەو چیرۆکانە ئەوەی خواستووە کە تۆتالیتاریزمی سیاسی وەدی هاتنیانی تا ڕادەیەک نەلواو کردووە، ئەم ویستە هەرچەندەش تراژیک، یان قەشمەری بێت، لە جیهانێکدا قەوارە دەگرێ کە کافکا بە چاو دیبووی هەر بەو جۆرەی کە برووخ و مووزیل دیبوویان. ئەم جیهانە ئازادە، بەڵام دابەش و پۆلێن کراوە، پڕ لە پشێوی، بەڵام ڕێکخراو، بەبێ هیچ زەمینەیەکی هاوبەش لە نێوان ویستی "من" و ڕێساکانی سێیەم کەسی تاک، دیاردەیەکی نادیارە کە دەوڵەت نیشانەکەیەتی، کافکا بە دوای "نیتشە" لیبرالیزم تاوانبار دەکات، لایەک ئازادیی ڕواڵەتی تاک دەبینین و لەلایەکی دیکەشەوە پێکهاتەی گشتی، واتای کاری بێ مانا و بۆش بەو چەشنەی کە لە بەرهەمی کافکادا هاتووە، پێوەندی بەو دەسەڵاتە ڕەهاو عەقڵانییەتەوە نییە کە دەوڵەت بەسەر تاکدا دەیکات، بەڵکو بەستراوەتەوە بە نەبوونی پێوەندی نێوانیانەوە، ڕەنگە هەموو کەسێک لە دەرگای دەسەڵاتە ئیدارییەکان بدات، بەڵام لە پشت ئەم دەرگایانەوە فەرمانبەرانێک هەن کە بە زمانێکی گشتی و یاسایی قسە دەکەن، بە چەشنێک ئەو وەڵامانەی کە بە تاکی گەڕیدەی دەدەنەوە، بەستراوەتەوە بە جۆری دۆخ و هەڵکەوتەی ئەو و

هیچ پێوەندییەکی بە دۆسیەی تاکەکەسییەوە نییە، هەڵەی تاک لەمە دایە کە باوەڕ بەوە دێنێت کە لە نێوان هۆکاری ئەو و لۆژیکی نوێنەرانی دەسەڵاتدا تەباییەک لە گۆڕێدایە، ئەو شتەی کە کافکا چەشنی "مووزیل " دەیدیت، ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی بوو کە تێیدا بیرۆکراسی کە لە بتەڕەتدا وەک ئامرازێک بۆ دابینکردنی ئازادی لە بەستێنی حکوومەتی یاسادا دەرکی پێ دەکرا، بۆ ڕێکخراوێک دەگۆڕدرێ کە بۆ خۆی شوناسێکی سەربەخۆ و هۆکاری بوونی تایبەتیی خۆی هەیە، ڕۆمانەکانی کافکا زیاتر لەوەی کە نهیلیزمی ترسێنەری بارودۆخی مرۆیی بخەنە ڕوو، ساکارتر و بێ بەزەییانەتر پێگەی تازەی تاک پیشان دەدات کە هەر هاووڵاتییەکی "دبلن" و"بەرلین" هەرکە کاری لەگەڵ ئۆرگانێکی دەوڵەتیدا گیر بخوات، بە جوانی دەیناسێ و دەرکی دەکات، لە وڵاتێکی تۆتالیتار سەرلەبەیانییەک پۆلیس دەگاتە سەرت و دەستبەسەر و زیندانیت دەکات، پاشان کارە سەرەتاییەکانی بەڕێوەچوونی دادگاییکردن ڕێک دەخرێ، لە دەوڵەتی لیبراڵدا خاڵی سەرەکی ئەمەیە کە دادپەروەری ڕێگەی یاسایی خۆی دەپێوێ. کارێک کە "کا" دەیکات بەلاڕێدا بردنی ئەم ڕەوتەیە لە ڕێگەی تووشکردنی خۆی بە ڕەوت و کارێکی دژایەتی و پێچەوانەی ڕەوتی دادگە و لێکۆڵینەوە جێبەجێ دەبێت، دوو پیاو لە کۆتایی "دادگایی"دا دێن تا "کا" بکوژن، ئەوان ئەو بە تاوانی ئەوەی کە زۆر خوازیاری ئەوە بووە کە بزانێ چ ڕوو دەدات لەسەر ڕێگەی وەلا دەنێن، مەیل و ویستێک کە دەرفەتی ڕزگارکردنی لەباری کۆمەڵایەتییەوە دەڕەوێنێتەوە، ئەو ڕێکارێکی کوشندە دەخاتە بەردەم، واتە مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک نابێ پێوەندی بە دەوڵەتەوە بگرێ، مەگەر ئەوەی کە خودی دەوڵەت، ئاماژە و پێشنیارت پێ بکات، ڕاستە کە دەوڵەت دیاردەیەکی بێ واتایە، بەڵام ئەو بەتاڵییە وا نایەتە بەرچاو کە ئەو مانا ترسناکەی هەبێت کە ڕەخنەگران بۆیان دیاری کردووە، بێ واتایی دەوڵەت پێوەندیی بەوەوە هەیە لەباتی ئەوەی کە تەکووز (نەزم)ی هەبێت - بەو چەشنەی کە "کا" خەیاڵ دەکات، تووشی پشێوی و ئاڵۆزییە. کاتێ "مساح" سەرەنجام بڕیار دەدات تەلەفۆن بۆ سەرۆکی دەسەڵات بکات، دەنگێکی ترسناک و نەپۆڕ دێتە بەرگوێی کە وەلەرزەی دەخات.

ئەم تەکووزە فریودەر و نەپۆڕە تایبەتمەندیی - سیمبۆل - ی گشت کۆمەڵگەیە، ئەمە ئەو شتەیە کە پاڵەوان و کارەکتەرەکانی "جۆیس" و "جیمی هرف"ی ڕۆژنامەنووس لە "منهتن ترانسفر" لێی تێ دەگەن و دەیانەوێ لەبەری هەڵێن، ئەوان دەیانەوێ وەک سیما سەرەکییەکانی ڕۆمانە ئەمریکییەکانی دەیەی ۱۹۲۰ بن، ئەو ڕۆمانانەی کە گرینگی کۆمەڵناسانەیان هەیە، وەک: "ببیت" لە نووسینی "سینکر لویس" و "لوینگان" لە نووسینی "جیمز فارل". ببیت بە تێگەیشتن لەوەی کە ئەو وێنای دەکرد، ژیانی تاکەکەسیی خۆیەتی کە لەژێر ڕکێفی ماشینێکی کۆمەڵایەتیدا شکڵی گرتووە، بە کۆتایی و ئەنجامی کاری خۆی دەگات، ئێستا "ئەستود لوینگان" بەرەو سینەمایەک هەنگاو دەنێ کە فێری کردووە خۆی لە "وێنەکان"دا ببینێت.

بەڵام کافکا پێش بەوە ناگرێت کە خوێنەری جۆیس کەتوار (واقیعیەت) وەک کردەیەک ببینێ، کە پرۆسەی (کۆمەڵایەتیبوون)ی لە ڕوانگەی نهیلیزمەوە تێپەڕاندووە. دەکرێ بەرهەمەکانی ئەو بە سەردەمی خۆمانەوە نزیکتر ببینین تا بەرهەمی قۆناغی (تەنگژەی بەهاکان). ڕۆمانەکانی کافکا کە لانی کەم تا ساڵی ۱۹٤٥ نەناسراو بوون، تووشی هەمان چارەنووسی ئوستوورەکان بوون، یانی بابەتی ڕاڤەی کەتواری کۆمەڵگە، بیرۆکەی کاری بەتاڵ و نهیلیزم لەلایەن کافکاوە ئەوەی نیشان دا کە وێنایەک لە پێوەندی کۆمەڵایەتی و تاکەکان و دەسەڵاتی ناڕەوا دەکێشێ - بەگشتی وێنایەکە لە بارودۆخی تاک کە قەوارە و شکڵی لە نادیاری و نەبوونی بەرپرسایەتی و ئوتۆماسیۆن پێکهاتووە، بەڵام وادەردەکەوێ کە ڕۆمان بەم فۆرم و شکڵەوە وەک خاڵی جمین و پەڕینەوە، لە دوو ئاراستەی بەتەواوەتی لێک جیاوازدا گەشە و نمای کردووە، ئەو ڕۆماننووسانەی کە ڕێگەی یەکەمیان هەڵبژاردووە، کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتاری وێنا دەکەن کە هەموو تاکەکانی یەک جۆر قاڵبڕێژی کردووە و بەردەوام شک و گومانی لێیان هەیە و سەرقاڵی مەحکووم و تاوانبار کردنیانە، ئەو تاقمەی کە ئاراستەی دووەمیان گرتۆتە پێش، وادیارە وردبینتر و ڕیالیزمترن، ئەوان پاڵەوانەکانی خۆیان بە ئاراستە و سۆنگەیەکدا بردووە کە کافکا دیاریی کردبوو، بەڵام نەیانهێشت ئەم ڕێگایە بە مەرگ کۆتایی پێ بێت، بینەری "مەولەوی" ئاسمان ئاسا، ژیانی کۆمەڵایەتی وەک یارییەکی شەترەنج بەو جۆرەی کە مۆرەکانی لەژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی دووری دەسەڵاتێکی ناڕەوادان کە لە بنەڕەتدا کوێرە، پیشان نادات، ئەگەرچی ئەم مۆرانەی یاری جێگۆڕکێیان پێ دەکرێ، یان لانی کەم وەهان، بەڵام لە ڕۆمانەکاندا دەکرێ کەسایەتی و کارەکتەرێکی سەرەکی ببینین کە نیشان دەدات ژیان ڕەوتێکی گرنگی دەستەمۆ نەکراو و بێ کۆنترۆڵە و بە ئاسانی وەچنگ ناکەوێ وەک بەرهەمەکانی: (ئالان ڕۆب گرێ)یە کە نیشان دەدەن ژیان تەنیا جوانە، چونکە پێکهاتەگەلێکی بێ وێنەی هەمان توخم ڕەنگە لە بەرهەمەکانی (سامۆئێل بیکێت)دا ببینرێن، یان لە ئەنجامدا ژیان بە واتای گەڕان و دیتنەوەی ئەوی (دیکە) بێ کە هەرچەند ئەگەری ئەوە هەیە ڕواڵەتی ببینین، بەڵام ناکرێ بەتەواوەتی لە کەسایەتی و ناخی بگەین. (ناتالی سارۆت) دەڵێ: ئەو شتەی کە لەم ڕۆمانانە فێری دەبین، ئەوەیە کۆمەڵگە هیچ کات بە شێوەی ڕەها خراپ، یان باش نییە. مەسەلە ئەمەیە - پرسێک کە خوێنەر بە دوای بابەتێکدا دەکێشێ کە (لۆکاچ) دایڕشت - کە دەڵێ ئاخۆ کۆمەڵگا و مرۆڤەکان دیاردەیەکی ڕاستین، یان دەسکرد و بەتاڵ و کاتی؟

**سەرچاوە: www.farhangshenasi.com**
**وەرگێڕانی بۆ فارسی: شاپوور بهیان.**

# سانت ئەنسلم:
# «پرۆسلۆگیون (بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی)»

**لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێجی ئەدەبیات)**

**(٢ - ٢)**

## فەسڵی چواردە
## چۆن ڕەب دەبینرێ و بۆچی ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕێن نایبینن

هۆ دەروونی من ئایا ئەوەت دۆزییەوە کە بەدوایدا دەگەڕێی؟ تۆ بەدوای ڕەبدا دەگەڕایت و دۆزیتەوە کە ئەو لە هەموو شتێک بلندتر و پایەبەرزترە و لە باشتر ناکرێ بەبیردا بێت و ئەو ژیان و ڕووناکی تیشک و دانایی و چاکەکارییە و بەختەوەریی هەتا هەتایی و هەتا هەتایی بەختەوەرییە، ئەو لە هەموو جێگایەکە و هەمیشەییە. ئەگەر تۆ ڕەبی خۆتت نەدۆزیبێتەوە، چۆن دەکرێ ئەو ئەوەبێ کە تۆ دۆزیوتەوە کە بەدڵنیایی ڕاستەقینە تێی گەیشتوون و ڕاستەقینەی دڵنیایی لێ کراوە؟ ئایا بۆت ڕوون بووەتەوە بۆچی هەست بەوە ناکەی کە دۆزیوتەتەوە؟ بۆچی هۆ گەورە و ڕەب بۆچی دەروونی من هەست بە تۆ ناکات، ئەگەر تۆی دۆزیوەتەوە؟! ئایا ئەو بەلای کەمەوە شتێکی نەدۆزیوەتەوە کە ڕووناکی تیشک و ڕاستەقینەیە؟ کەوابوو دەبێ چۆن دەکرێ و دەتوانێ لەو تێبگات کە ئەو ڕووناکی تیشک و ڕاستی نەدیتبێ؟ ئەگەر ئەو تیشکی ڕووناکی و ڕاستی دیتبێ، تۆشی بینیوە، ئەگەر تۆی نەبینیبێ، ئەوە نە تیشک و نە ڕاستییەکەی دیتوە، یان ئایا ئەوەی بینیویەتی ڕووناکی تیشک و ڕاستیی بووە نەک تۆ، چونکە ئەو تا ڕادەیەک تۆی دیتوە، بەڵام ئەوەی بەتەواوەتی نەبینیوە تۆ خۆت چۆنی؟

هۆ گەورە، ڕەبی من! داهێنەری من و نوێکەرەوەم، بەو دەروونەی تامەزرۆی تۆم بڵێ: سەرەڕای ئەوی دیویەتی تۆ کێی و چی بۆ ئەوەی تەواوەتی ئەوە ببینێ کە تامەزرۆیەتی، خۆی تەنگەتاوکردووە پتر لەوە ببینێ کە دیتویەتی، کەچی لە تاریکی بەولاوە هیچی تر نابینێ، نەء پتر لەوە ئەو تاریکییەک نابینێ کە لەتۆدا بوونی



سانت ئەنسلم

نییە، بەڵکو ئەو بەهۆی تاریکی خۆیەوە ناتوانێ ببینێ، گەورە بۆچ ئەمە! بۆ ئەمە؟! ئایا لەبەر بێ توانایی خۆی بەرچاوی تاریک بووە، یان تیشکی ڕووناکی (نووری) تۆ نابینای کردووە؟! بەدڵنیاییەوە، لەخۆیدا بەرچاوی تاریک بووە و بەهۆی تۆوە نابینا بووە، بەڵێ بەهۆی سنوورداریییەکەیەوە دووچاری تاریکی بووە، بەهۆی گەورەیی و لە ڕادەبەدەری و بێ سنووریت داپۆشیوە و ترس دایگرتووە! ئەوی ڕاست بێ، بەهۆی تەنگەبەری و سنوورداری خۆیەوە هاتۆتەوەیەک و فراوانی و بەرینی تۆ بەسەریدا زاڵ بووە، ئایا ئەو تیشکی ڕووناکییەی تۆ چەند سەرتاپاگیرە، هەموو ئەو ڕاستییانەی گیانی ژیرانە سەرسام دەکەن، لێیەوە هەڵدەقوڵێن؟! ئایا ئەو ڕاستییە کە هەموو ڕاستەقینەیەکی تێدایە و لە دەرەوەیدا تەنیا هەر هیچ و چەوتی و هەڵە هەیە، ئەوپەڕی سەرتاپاگیر نییە؟! ئایا ئەو، ئەوپەڕی مەزن و بێ سنوور نییە کە تاکە سەرنجێک گشت داهێنراوەکان دەبینێ کە لە هیچەوە دایهێناون، ئای چ پاکی و بێگەردییەک، چ سادە و ساکارییەک، چ دڵنیاییەک، چ ڕووناکییەکی درەوشاوە لەوێ هەیە! بەدڵنیاییەوە و بێ هیچ ئەگەر و گومانێک لەوە پترە داهێنراوێک بتوانێ وێنای بکات.

## فەسڵی پازدە
## ئەو لەوە گەورەترە بتوانرێ بەبیردا بێت

هۆ گەورە! تۆ تەنیا هەر ئەوە نی ناتوانرێ گەورەتر بیری لێ بکرێتەوە، بەڵکو تۆ گەورەتری لەوەی بتوانرێ بەبیردا بێت، ئەگەر بکرێ و لەتواناییدا بێت، بەبیردا بێت لەو جۆرە بوونەوەرە هەیە: ئەوە ئەگەر تۆ ئەوە نەبیت دەکرێ بەو جۆرە بیر بکرێتەوە کە لەتۆ گەورەتر هەیە، ئەمەش ناگونجێ و لەکردن نایەت.

## فەسڵی شازدە
## ئەو تیشکی ڕووناکییەی تۆ تێیدا نیشتەجێی، پێ ناگەیشترێ

هۆ گەورەی ڕاستەقینە، ئەو تیشکی ڕووناکییەی تۆ تێیدا نیشتەجێی، کەس پێی ناگات، بەڕاستی هیچ کەسێک ناتوانێ بگاتە نێو ئەو تیشکی ڕووناکییە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی سەرنج بدات و بتبینێ، بەڕاستی، لەبەر ئەوە من نابینم، چونکە بۆ من زۆر سەخت و بەهێزە و پتر ئەوەی من هەمیشە دەیبینم، بەهۆی ئەوەوە بەدی دەکەم چۆن چاوی لاواز لەبەر تیشکی ڕۆژدا دەیبینێ و ناتوانێ لە ڕۆژ (خۆر) خۆیدا سەرنجی بدات، تێگەیشتنی من ناتوانێ خۆی لەو تیشکی ڕووناکییە نزیک بکاتەوە، چونکە تیشکەکە بەوپەڕی ڕۆشناییەوە دەپڕژێ و چاوی دەروونم توانایی نییە ماوەیەکی دوورودرێژ لێی بڕوانێ، لەبەردەم پرشنگەکەیدا نابینا دەبێ، پریەکەی دەیبەزێنێ و بێ سنوورییەکەی دایدەپۆشێ و بەهۆی ژیر و پەیبردنەکەیەوە سەری لێ دەشێوێنێ، هۆ تیشکی گەورە و بەتین کە ناکرێ پێی بگەیشترێ، هۆ ڕاستی سەرتاپاگیر و پاک و پیرۆز چەندە لێمەوە دووری و منیش چەندە لێتەوە نزیکم، ئای چەند لە دیدی منەوە دووری! کەچی من لەبەردەم دیدتدا ئامادەم! تۆ لە هەموو جێگایەک بوونت هەیە، کەچی من تۆ نابینم، لەتۆدا من خۆم دەجووڵێنم و بوونم هەیە، بەڵام ناتوانم لەتۆ نزیک ببمەوە، تۆ لە منداو لە دەوروپشتی منی، کەچی هەست بە بوونی تۆ ناکەم.

## فەسڵی حەڤدە
## لە ڕەبدا هارمۆنی و بۆن و چێژ و نەرمونیانی و جوانیی بەشێوازێکی تایبەتی خۆی کە ناکرێ دەربڕدرێ، هەن

هۆ گەورە تۆ لە ڕووناکی تیشک و پاک و پیرۆزییەک لە دەروونی من شاردراوەی و هەربۆیە ئەو خۆی لە تاریکی و کڵۆڵیدا گلاندووە، بە چوار دەوری خۆیدا دەڕوانێ- کەچی جوانی تۆ نابینێ- گوێ هەڵدەخات- کەچی هارمۆنی و هەماهەنگی تۆ گوێ بیست نابێ، بۆن دەکات، کەچی هەست بە بۆنوبەرامی خۆشی تۆ ناکات،

دەچێژێ، بەڵام تاموچێژی تۆ نازانێ، هەست دەکات، کەچی نەرمونیانی تۆ و لوتفی تۆ هەست پێ ناکات، تۆ خاوەنی هەموو ئەمانەی، گەورە و ڕەب! ئەمانە لەتۆدا ئەگەرچی بەشێوازێک بێت، نەکرێ دەربېڕدرێ، چونکە تۆ ئەمانەت هەمووی بە شتە داهێنراوەکانت بەشێوازی هەست پێ کراو بەخشیوە، بەڵام بەهۆی نەساغی و نەخۆشی درێژخایەنی گوناحەکان، هەستەکانی دەروونم ژەنگیان هەڵهێناوە، وشک بوون، ئیفلیجن و پەکیان کەوتووە.

## فەسڵی هەژدە

### نە لەڕەب و نە لە نەمرییەکەیدا کە خۆی ئەوانەیە بەش و پارچە و کەرت نییە

تەماشا بکە، جارێکی تر سەر لێ شێواوی، جارێکی دیکە ئەوی بەدوای خۆشی و شادیدا دەگەڕێ ڕووبەڕووی خەمۆکی و خەمباری دەبێتەوە، دەروونی من بە ئاواتەوە بوو تێر ببێ، دەبینم سەرلەنوێ لەلایەن بێ بەشی بوونەوە قورسایی لەسەرە، ویستم بخۆم، کەچی پتر برسیم بوو! هەوڵم دا، ویستم من خۆم بۆ لای تیشکی ڕووناکی ڕەب بەرزبکەمەوە، کەچی کەوتمەوە نێو دەیجووری تاریکییەکەمەوە، نا نەخێر، من تەنیا هەر نەکەوتمە ناو ئەوەوە، بەڵکو وا هەست دەکەم لە هەموو لایەکەوە دەوری داوم و داپۆشیوم، بگرە پێش ئەوەی دایکم سکی بەمن هەبێ، کەوتم، دوایی لە تاریکیدا لەدایک بووم، بەدڵنیاییەوە لە ڕابوردوودا ئێمە هەموومان لە کەسێکدا هەڵەمان کرد ئەو کەسەی لە بەختەوەرییەکی تاوەتیدا هەموو شتێکی هەبوو، لەودا لە کڵۆڵییەکی تەواودا هەمووی بۆ خۆی و بۆ ئێمە دۆڕاند و لە دەست دا، خۆ ئەگەر بمانەوێ بەدوایدا بگەڕێین، نایناسین! ئەگەر بەدواشیدا بگەڕێین نایدۆزینەوە، ئەگەر بشیبینینەوە، ئەوە نییە کە ئێمە بەدوایدا گەڕاین! هۆ ڕەبی من، گەورە لە چاکەی خۆتەوە یارمەتیم بدە، بەدوای ڕووی تۆدا گەڕام، من دەمەوێ، گەورە، بەدوای ڕووی تۆدا بگەڕێم، ڕووتم لێ وەرمەگێڕە (سرووودی داود: ٢٦–٨) من لە دەروونی خۆمەوە بۆ لای خۆت بەرزم بکەرەوە، چاوی گیانم پاک بکەرەوە، چاکی بکەرەوە، دووروتیژبینی بکە، ڕووناکی بکەرەوە، بۆ ئەوەی سەرنجی تۆ بدات و بتبینێ، دەبا دەروونی من هەموو هێز و توانایی خۆی یەک بخات و بە هەموو توانایی ژیر و تێگەیشتنەوە (فام) ڕوو بکاتە تۆ، هۆ گەورە!

هۆ گەورە تۆ چی، تۆ چی، دەبێ وەک چ دڵم تێت بگات؟! بەدڵنیاییەوە تۆ ژینی، دانایی، بەڕاستیی، چاکەکاری و پاک و پیرۆزی، نەمری، هەموو باشییەکی ڕاستەقینەی، ئەمە بۆ من زۆرەو توانایی سنوورداری تێگەیشتنی من، ناتوانێ بەسەرنجدانێک ئەمانە هەمووی بگرێتە خۆی، بۆ ئەوەی بە هەموو شادمان ببێ، ئیتر گەورە! چۆن تۆ ئەو هەمووەی؟ ئایا ئەمانە چەند بەشێکن لە تۆ، یان پتر؟ ئەمانە یەکەیەکن لە هەمەکییەکەی، تۆ چیت؟ ئەوی لە چەند بەش و پارچەیەک پێکهاتبێ هەمەکییەکە نابێ، بەڵکو دەبێ بە چەند پشکێکی فرە و جیاواز لەخودی خۆی و دەکرێ لە هەڵکەوتی دەوروبەر و لە گیانی دابەش و پارچە پارچە و توێ توێ بکرێت، ئەمەش لەتۆ نامۆیە، تۆ، ئەوەی باشتر لێت بەبیردا نایەت، لەتۆدا هیچ پارچەیەک نییە، هۆ گەورە، نە فرەیی هەیە، بەڵکو تۆ یەکی و تۆ و خۆت وەک یەکی، لەتۆدا شتێک نییە لەخۆت جیاواز بێ، تۆ پتر لەخۆتدا یەکەیەکی کە بەهیچ مێشک و تێگەیشتنێک پارچە پارچە ناکرێ، بەو پێیە ژیان و دانایی، هەروەها گشت ئەوانی دیکە چەند بەشێک نین لەتۆدا، بەڵکو هەموویان یەکن و هەریەکە لەوان سەرجەم کۆیەکە پێکدەهێنن کە تۆ چیت و ئەوانی تر گشتیان چین، لەبەر ئەوەی ئیتر نە تۆ و نە نەمرییەکەت کە تۆی، پارچەتان نییە، ئیتر لە هیچ جێگایەک بەشێک لەتۆ، یان لە نەمرییەک بوونی نییە، بگرە بەڵکو تۆ لە هەموو شوێن و جێگایەک تێکڕای یەکەیەکی و نەمرییەکەشت هەمیشە یەکەیەکی هەمەکییە.

## فەسڵی نۆزدە

### ئەو لە جێگایەک و لەکاتدا بوونی نییە، بەڵکو هەموو لەودا بوونی هەیە

ئەگەر تۆ بە نەمرییەکەت لە ڕابوردوودا هەبوویت و ئێستاش هەیت و لەدوارۆژیشدا هەر بوونت دەبێ، ئەگەر بوونت لە ڕابوردوو بوون نەبێ لە ئێستادا و بوونی ناچاریی نەبێ لەدوارۆژدا، ئەگەر بوونت لە ئێستادا بوون نەبێ لە ڕابوردوودا و بوون نەبێ لەدوا ڕۆژدا و ئەگەر بوونە ناچارییەکەی دوا ڕۆژانت بوونت نەبێ لە ڕابووردوو و لەئێستادا چۆن دەکرێ نەمرییەکەت هەمیشەیی و هەمەکی تێکڕای بێت؟! نەک لەبەر ئەوەی، چونکە لە نەمرییەکەت هیچ شتێک لەناو نەچووە، بەڵکو شتێک نییە لەدوارۆژدا دەست پێ بکات، ئەگەر بە کردەوە دەستی پێ نەکردبێ و لە ئارادا نەبووبێ، ئایا ئەمە وانییە؟! تۆ دوێنێ بوونەوەر نەبوویت و سبەینێش بوونت

نابێ، بەڵکو تۆ دوێنێ هەبوویت و ئەمڕۆ و بەیانیش هەیت، بگرە تۆ دوێنێ و ئێستا و بەیانی بوونت نییە، بەڵکو تۆ لە دەرەوەی کات ڕەها بوونت هەیە، ئیتر دوێنێ و ئێستا و سبەینێ لەوە بەولاوە نییە کە بوونت لەکاتدا بێت، بەڵام تۆ نە لەکاتدایت و نە لە جێگادا، ئەگەرچی شتێک بەبێ تۆ نابێت، بەڵکو هەموو شتێک لە تۆدایە، تۆ لە هیچ شتێکدا نی و تۆ هەموو شتێکت تێدایە.

## فەسڵی بیست

### ئەو لەپێش هەموو شتێک و لەسەر هەموانەوەیە بە نەمریش خۆیەوە

تۆ ئیتر هەموو شتێک پڕ دەکەی و دەگریتە خۆ، تۆ لە پێش و لەسەرووی هەمووەوەیت، بەڵێ تۆ لەپێش هەموو شتێکەوەیت، چونکە تۆ هەیت پێش ئەوەی ببی. (سرودی داود، ٨٩:٢). چۆن ئاخر تۆ لە سەرووی هەمووەوەی؟ تۆ چۆن، بەلای کەمەوە، لەسەرووی ئەوانەوەی کە هیچ کۆتاییەکیان نییە؟

بەڵکو وایە، چونکە ئەوان بەبێ تۆ بەگشتی ناکرێ بوونیان هەبێ، تۆ لەگەڵ ئەوەشدا هیچت لێ کەم نابێت، ئەگەر هەموو ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ هیچ و لەناو بچن؟! ئیتر بەجۆرێک تۆ بەشێوازێکی دڵنیایی لێکراو لەسەرووی ئەوانەوەی، هەرواشە، چونکە دەکرێ وابیر لەوان بکرێتەوە کە هەریەکەیان کۆتایی هەیە، بەڵام لە بارەی تۆوە بەهیچ جۆرێک ئەمە لەکردن نایەت؟! ئەوان بەشێوازێکی دیار کۆتاییان هەیە، بەڵام تۆ ئەوەت نییە، بە دڵنیاییەوە ئەوەی بە هیچ جۆرێک کۆتایی نییە هەر لە سەرووی ئەوانەیە کە بەشێوازێک لە شێوازەکان کۆتاییان هەیە، تۆ بەهۆی نەمریتەوە لە ئەوان هەموویان تێدەپەڕێنی و لەسەروویانەوەی، چونکە نەمری تۆ و هی ئەوان بە تەواوی لەتۆدا ئامادەن، بەڵام ئەوان خاوەنی ئەو نەمرییەیان نین، چونکە هەندێکیان لەدوا ڕۆژ دێن و هەندێکیان لە ڕابوردوودا ڕۆیشتوون و نەماون؟! تۆ لەوانە پایەبەرزتری، چونکە تۆ هەمیشە لە ئارادای، یان چونکە تۆ هەمیشە لە ئێستادا ئامادەی ئەوەی کە ئەوان پێی نەگەیشتوون.

## فەسڵی بیست و یەک

### ئایا ئەمە نەمریی نەمرییە، یان هی هەموو نەمرییەکانە

ئایا ئەمە نەمریی نەمرییە، یان هی گشت نەمرییەکانە؟! هەروەک چۆن بە تایبەتی نەمریی کاتەکان هەموو بابەتێکی کات دەگرێتەوە، هەروەها ئیتر نەمریی تۆ نەمریی کات دەگرێتەوە، ڕاستە ئەو نەمرییە بەهۆی ئەوەوەیە کە یەکەیەکی دابەش نەبووە، هەموو نەمرییەکان لەگەڵ ئەوەدا بەهۆی بێ کۆتایی سەرتاپاگیرییانەوە وان، هۆ گەورە ئەگەرچی تۆ ئەوەندە گەورە و مەزنی، هەموو شتێک لەتۆدایە و هەموو شتێکت پڕ کردووەتەوە، تۆ لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ هیچ جێگایەکی، تۆ ناوەڕاست و نیوەو هیچ جۆرە بەشێکت تێدا نییە.

## فەسڵی بیست و دوو

### لەوەدا ئەو بەتەنیا هەیە و ئەو ئەوەیە کە هەیە

هۆ گەورە، تۆ بە تەنیا ئەو بووی کە هەی و تۆ ئەوەی کە بوونت هەیە. ئەوی بە هەمەکی هەیە جیایە لەوەی بە پارچە پارچە هەیە و لەوەش کە گۆڕانی بەسەردادێ و بەهەمەکی نییە، ئەوی لە هیچەوە دەستی پێ کردووە کە دەکرێ وا بەبیر دابێت بوونی نییە، ئەگەر بەهۆ و سایەو یەکێکی ترەوە پەیدا نەبێ، بەرەو نەمان دەچێ، ئەوی لە ڕابوردوودا هەبووە و ئێستا نەماوە و دوارۆژ کە نەهاتووە، ناکرێ بەهیچ جۆرێک بوونی هەبێ، بەڵام تۆ ئەوەی کە هەی، تۆ تۆی، تۆ هەمیشە یەکجار و بەچ جۆرێک هەیە، تۆ هەمیشە و بەگشتی وایت، تۆ هەروەها ئەوەی کە بە تایبەتی و بە سادە و ساکارییەکی تەواوەتی بوونت هەیە، چونکە تۆ نە ڕابوردوو، نە دوارۆژت هەیە، بەڵکو تەنیا ئێستا ئامادەییت هەیە، هیچ کەسێک ناتوانێ وا بیر بکاتەوە کە تۆ لە هەر ساتێکدا بوونت نەبێ، تۆ ژیانی، تیشکی ڕووناکی، دانایی و شادمان و پاک و پیرۆزی، نەمریی و چەندان خەسڵەتی باشی لەم جۆرەی، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ بە تەنیا خۆت چاکەکاری بەرزی، بۆ خۆت دەوڵەمەندی، پێویستیت بە کەسی تر نییە، کەچی هەموو ئەوانی تر و هەموو شتێک چاویان لە دەستی تۆیە بۆ ئەوەی هەبن و چاکەکاربن.

## فەسڵی بیست و سێ

### ئەو چاکەکارە بەهەمان شێواز باوک و ڕۆڵە و گیانی پاکە

### هەر ئەو خۆی ناچارییە، هەموو چاکە و چاکەکاری هەمووە و بەتەنیا خۆی چاکەو چاکەکارە

ئەو چاکەکارییە تۆ خۆتیت، گەورە و باوک، ئەو چاکەیە وشەکەتە ئەو ڕۆڵەی تۆیە! ئەو لەتۆ بەولاوە شتێکی دیکە نییە، هیچ شتێک گەورەتر، یان کەمتر لەتۆ ناکرێ لە وشەکەدا هەبێ، کە تۆ لە ڕێگای ئەوەوە بۆ خۆت دەدوێی، وشەکەت ئەوپەڕی ڕاستییە (حەقیقەتە)

وەک چۆن تۆ ڕاستەقینەی، هەربۆیە ئەو ڕاستییە وەک تۆ و نەک یەکێکی تر، تۆ ئەوپەڕی سادەی و ناکرێ هیچ لەتۆ لەدایک ببێ کە تۆ خۆت نەبی، خۆشەویستی یەکە و لەنێوان تۆ و ڕۆڵەکەت هاوبەشە، ئەمەش گیانی پاکە (پیرۆزە) کە لە هەردووکیانەوە پەیدا بووە، ئیتر ئەو خۆشەویستییە لەلای تۆ و لە کوڕەکەتدا نا یەکسان نییە، چونکە ئەو خۆشەویستییەی کوڕەکەتت پێ خۆش دەوێ و خۆشت پێی خۆش دەوێ و ئەو خۆشەویستییەی ڕۆڵەکەت بەرانبەر بەتۆ و بەرانبەر بەخۆی، سەبارەت بەتۆ و ئەو جیاواز و یەکسان نییە و ناکرێ لە شتێکی تری بەدەر لە سادە و ساکاری مەزنیی و سنووربەزێنی بکەوێتەوە، ئەوەی هەر تاکێک لێی پێکدێت لە هەمان کاتدا بریتییە لە تێکڕای سێ مێخە، باوک، ڕۆڵە، گیانی پاک هەر یەکێک لەوان لە سادە و ساکارییەکی یەکڕەنگی پایەبەرز و سەرتاپاگیر بەولاوە شتێکی تر نییە، ئەو سەرتاپاگیرە بەرزە سادە و ساکارییە کە بەهیچ جۆرێک نە هەمەڕەنگییە و نە دەکرێ شتێکی دیکە بێت.

ئێستا تەنیا یەک ناچاریی هەیە، ئەویش ئەو ناچارییەیە کە هەموو چاکە و (خێر و بێرەکی) تێدایە و بگرە کە تێکڕا و یەک چاکەکاری و سەرجەم و تاکە چاکەکارییە.

## فەسڵی بیست و چوار

### گریمانە: ئەو چاکەکارییە چۆنە و چەندە گەورەیە

ئێستا هۆ دەروونی (نەفسی) من تێکڕای تێگەیشتنەکەت (فام) کارا بکە و ئەوەندەی دەتوانێ بیربکەرەوە، ئەو چاکەکارییە لە چ جۆرێکە و چەند گەورەیە، ئەگەر بە تایبەتی چاکەکارییە تاکە هەندەکییەکان بایەخدار بن، ئەوە بە هۆشیارییەوە بیربکەرەوە ئەو چاکەکارییە چەند بەهادار و بە بایەخە کە هەموو شادمانی و خۆشی و چێژێکی گشتی چاکەکارییەکانی تێدایە، نەک ئەوانەی ئێمە لە شمەکە داهێنراوەکاندا هەستی پێ دەکەین و ئەزموونی دەکەین، بەڵکو ئەوانەی زۆر لەو جیاوازن هەروەک چۆن داهێنەر (خالق) لە داهێنراو جیایە، ئەگەر ژیانی داهێنراو بە تایبەتی چاک و خۆش بێ، دەبێ هی داهێنەر چۆن بێت؟! ئەگەر ئەو بەشە ڕزگاربوونەی بەدەست هاتووە، شادی هێنەر بێ، دەبێ ئەوەی کە هەموو ڕزگاربوونێک دادەهێنێ چەندە خۆش و شادی بەخش بێت؟ ئایا ئەگەر دانایی زانینی شمەکە داهێنراوەکان شایستەی خۆشەویستی بێت، دەبێ ئەوەی هەموو شتێکی لە هیچەوە داهێنابێ، چەندە و چۆن خۆشەویست بێت؟! بەڵێ، خۆشەویستی و چێژ زۆر و زەبەندە لە شمەکە بایەخدارەکاندا هەیە، دەبێ چەند بایەخی گەورە و گران لەوەدا هەبێ کە شمەکە بەهادارەکان خۆیانی دروست کردووە؟!

## فەسڵی بیست و پێنج

### چ خێروخۆشییەک بەشی ئەوانە دەبێ کە بەریان دەکەوێ و تا چەند گەورەیە

ئای کێ لەو چاکەو خێروبێرە سوودمەند دەبێ، دەبێ ئەو چی دەستگیر ببێ و لەچی بێ بەش دەبێ؟! بەدڵنیاییەوە ئەوەی دەستگیر دەبێ کە هەمیشە ئەو خواستوویەتی و لەوەش بێ بەش دەبێ کە ئەو نەیویستووە، لەوێدا بێ گومان لەش و دەروون (نەفس) بەو خێروبێرە شاد دەبن کە نە هیچ چاوێک دیتوویەتی، نە هیچ گوێیەک بیستوویەتی و نە بەدڵی هیچ مرۆڤێکدا هاتووە، (یەکەم نامەی پۆڵس بۆ دانیشتوانی کورنتوس: ٢-٩). هۆ مرۆڤی هەژار: بۆچی لە هەوڵ و گەڕانتدا بەدوای خێروبێردا بۆ دەروون و لەشت ڕێگا هەڵە دەکەی و لادەدەی؟! تەک چاکەت خۆشبوێ کە هەموو چاکەکارییەکانی تێدایە و ئەمەش بەسە، بەدوای چاکەی سادە و ساکاردا بگەڕێ کە هەموو چاکەکارییەکانە و خۆی بەسە، کەواتە تۆ چیت خۆش دەوێ و حەزت لە چییە هۆ لەش، ئارەزووی چی دەکەی هۆ دەروون، لەوێ هەیە، لەوێ ئەوەی هەمیشە خۆشت دەوێ و ئەوەی ئێوە ئارەزووی دەکەن هەیە.

ئایا دڵتان بەجوانی خۆش دەبێ؟ دادپەروەران وەک ڕۆژ (خۆر) دەدرەوشێنەوە، (مەتتا ١٣، ٤٣)، ئایا خێرایی، یان هێز، یان ئازادی لەش وای کردووە نەتوانی بەرهەڵستی و بەربەرەکانی بکەی؟ تۆ وەک فریشتەکانی ڕەبت لێ دێ و لەوان دەچی (مەتتا ٢٢-٣٠) ئیتر تۆوی لەشێکی ماددەیی چاندووە و لەشێکی گیانی زیندوو کردۆتەوە (یەکەم نامەی پۆڵس بۆ خەڵکی کورنتوس ١٥، ٤٤)، بەڵام نەک نەهێز و توانایی سروشتی، ئایا ئەمە ژیانێکی درێژ و تەندروستە؟! لەوێ نەمریی تەندروست و تەندروستی نەمریی هەیە، دادپەروەران نەمرن و هەتا هەتایی دەژین، ڕزگاری ئەو دادپەروەرانە لە گەورە (ڕەب)ەوەیە. (سروودی داود: ٣٦-٣٩) ئایا ئەمە تێر بوونە؟! ئەوان تێر دەبن کاتێک کە جوانی و شەنگی ڕەب دەردەکەوێ ئایا ئەمە مەستییە؟! ئێوە بە پڕیی ماڵی خوا مەست دەبن؟ ئایا ئەمە ئاوازی بەسۆزە؟ لەوێ کۆرسی

فریشتەکان بەبێ کۆتایی گۆرانی بۆ ڕەب دەڵێن، ئایا ئەمە خاوێن نابێ، بەڵکو بە تایبەتی چێژ و ئارەزووی بێ خەوش و بێ گەردبێ؟ ڕەب لە تەوژمی ڕووباری چێژەکەی ڕێگایان دەدات تینوویەتیان بشکێ. (سروودی داود ٣٥-٩). ئایا ئەمە دانایییە، دانایی ڕەب خۆی نیشانیان دەدات، ئایا ئەمە دۆستایەتییە؟ ئەوتان پتر لەخۆتان خۆش دەوێ و یەکتریی‌یان وەک خۆیان خۆش دەوێ هەر لەودا یەکتریی‌یان خۆش دەوێ ئەو خۆی خۆش دەوێ و ئەوانیشی خۆش دەوێ، ئایا ئەمە پێکەوە هەڵکردنە؟ هەموویان وایان لێ دێت یەک خواستیان هەبێ، ئەوان لە خواستی ڕەب بەولاوە، خواستێکی دیکەیان نییە، ئایا ئەمە هێزە؟ ئەوان لە خواستیاندا ئەوپەڕی بەهێز و خاوەن توانایین، هەروەک چۆن ڕەب لە هی خۆیدا وایە، چۆن ڕەب دەتوانێ ئەوە جێبەجێ بکات کە دەیخوازێ، ئەوانیش دەتوانن ئەوە بکەن کە دەیانەوێ: لەبەر ئەوەی ئەوان لەوە بەولایان ناوێ کە ئەو دەیخوازێ، ئەوە ئەو ئەوە دەخوازێ کە ئەوانیش دەیانەوێ، ئەوەی ئەو دەیەوێ، هەرگیز ناکرێ نەیەتە دی، ئایا ئەمە ناوو ناوبانگ و سامانە؟ ڕەب بەندە و کۆیلە چاک و دڵسۆز و بە ئەمەکەکانی دەخاتە سەری سەرەوە و ئەوان بە ناوی ڕۆڵەکانی ڕەب و بەناوی خواوەندەکانەوە ناودەبرێن و لە هەر جێگایەک بن کوڕی ئەون، بگرە ئەوان میراتگری ڕەبن و بەشداری لەمیراتی یەسوعی مەسیحدا دەکەن، ئایا ئەمە دڵنیایی ڕاستەقینەیە؟ بەبێ ئەگەر و گومان لەوە دڵنیا دەبن کە ئەوان ئەو چاکەکاریانەیان، یان باشتر ئەو خێروبێرەیان لەدەست دەرناچێ هیچ کاتێک، هەروەها لەوە دڵنیا دەبن کەوا بە ئاسانی و بەخۆشی لەدەستی نادەن، پتر ڕەبی خۆشەویست کە ئەوانی خۆش دەوێت ئەوەیان بە پێچەوانەی خواستیان لێ ناستێنێتەوە، ئەوەش کە بەهێزە ناتوانێ لە ڕەب دایانبڕێ.

ئای چەند خۆشی و شادییەکی گەورەیە و ئای چەند خۆشە ئەو خێروبێرە گەورەیە بدۆزرێتەوە، هۆ دڵی مرۆڤ، هۆ دڵی تامەزرۆ، خۆ دڵی دووچاری کارەسات و نەهامەتی بوو، ئای چەند شادمان دەبی ئەگەر ئەو هەموو خێروبێرە دەستگیر بکەی! پرسیار لە ناخی خۆت بکە ئایا دەتوانێ بەرگەی ئەو جۆرەی خۆشی گەورەی بەختەوەری و شادمانی بگرێ؟ بەدڵنیاییەوە ئەگەر یەکێکی دیکە کە تۆ وەک خۆت خۆشت دەوێ، هەر ئەو شادمانییەی دەستگیر بێ، خۆشییەکەی تۆ دوو ئەوەندە دەبێ، چونکە پێ خۆشبوونی ئەوت لەهی خۆت کەمتر نابێ، ئەگەر دوو، یان سێ، یان پتر ئەوەیان دەستگیر ببێ، تۆ بۆیان شادمان و دڵخۆش دەبی، هەر چۆن بۆ خۆت پێت خۆشە وەک ئەوەی چۆن خۆتت خۆش دەوێ، ئەوانیشت خۆش دەوێ، لەوێ فریشتەی لە ژماردن نەهاتوو کەسانی شادمان لەخێر و خۆشی و تێروتەسەلی کامڵ و تەواوەتیدا ژیان بەسەر دەبەن و هەرکەسە ئەوانی دیکەی ئەوەندەی خۆی خۆش دەوێ و بەخۆشی ئەوان شادمان دەبێ، ئەگەر دڵی مرۆڤ وا بە ئاسانی جێگای لەو جۆرە شادی و بەختەوەرییەی تێدا نەبێتەوە، چۆن بەرگەی ئەو خۆشی و شادمانییە گەورەیە دەگرێ؟! چەندە پتر کەسێک خۆشبویسترێ، بەدڵنیاییەوە ئەوەندە مرۆڤ بە بەختەوەرییەکەی شادمان دەبێت، سەبارەت بە بەختەوەری تەواوەتی هەروایە، چەندە کەسێک پتر لەوەی خۆی خۆش دەوێ، ڕەبی خۆش بوێ و ئەوانەی لەگەڵیدان خۆشی بووێن، ئەوەندە هەستکردنی بە بەختەوەری لەگەڵ ڕەب پتر دەبێ لەوەی بە بەختەوەری تایبەتی خۆی شادمان و دڵخۆش ببێ و پتر لەوەی بە بەختەوەری ئەوانەی لەگەڵیدان شادمان ببێ، ئەگەر لە قووڵایی دڵیانەوە بەگیان و دەروون ڕەبیان بەو ڕادەیە خۆش بوێ، ئەگەرچی دڵ و گیان و دەروونیان تەنگەبەرتر بێ لەوەی ئەو خۆشەویستییە گەورەیە جێگای تێیاندا ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵ و گیان و دەروون ئەوپەڕی شادمان و دڵخۆش دەبن، بەڵام هەموو دڵ و سەرجەم گیان و ناخی دەروونیان جێگای تێکڕای ئەو خۆشەویستییە تێروپڕەی نابێتەوە.

## فەسڵی بیست و شەش
## ئایا ئەوە شادمانییە تەواوەتییەکەیە کە ڕەب بەڵێنی داوە

ڕەبی من، گەورەم، هیوا و ئاواتم، خۆشی و شادمانی ناخی دڵم بە دەروونی من بڵێ: ئایا ئەوە ئەو خۆشی و شادییەیە کە بەهۆی ڕۆڵەکەتەوە بە ئێمەت گوتووە؟ داوا بکەن دەتاندرێتی بۆ ئەوەی شادییەکەتان بە تەواوەتی بێت (یوحەننا ١٦، ٢٤). من خۆشییەکم دیوە کە ئەوپەڕی کامڵ و تەواوەتییە و پترە لەوە، کاتێک دڵ و ناخی دەروون و گیان پڕ دەبن لەو، تێکڕای مرۆڤ لەو خۆشییە تێروپڕ دەبن، بگرە خۆشی بەسەریدا دەڕژێ و خۆشی ناچێتە دڵی ئەوانەی شادمان دەبن، بەڵکو هەموو ئەوانەی تێیدا شادمان دەبن، گەورە بڵێ، بە بەندەکەت بڵێ لەناو ناخی دڵیدا ئایا ئەوە خۆشی و شادییە کە دەبێ بەندەکەت تێی بکەون کاتێک دەکەونە نێو

شـادمــانی گـەورەکـەیانەوە، بەڵام بەدڵنیــاییــەوە ئەو شادییەی کە هەڵبژاردەکانت پێی دەگەن، هیچ چاوێک نەیدیتوە، هیچ گوێیەک نەیبیستووە و بەدڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە. (کورنتوس: ١: ٢، ٩).

گەورە، تا ئێستا من هیچم لە بارەی شادمانی بەختیاران بەتۆوە نەگوتووە و بیرم لێ نەکردووەتەوە، ئەوان شادمان دەبن ئەوەندەی خۆشیان دەوێن و خۆشیان دەوێ، ئەوەندەی دەناسرێن. هۆ گەورە، تا چ ڕادەیەک دەکرێ ئەوان تۆ بناسن و چەندە ئەوان دەشێ تۆیان خۆش بوێ؟! بەدڵنیاییەوە ئەمە وەک ئەوە وایە کە لەو دنیایەدا لە ژیاندا نە چاو بینیویەتی و نە گوێ بیستوویەتی و نە بەدڵی کەسدا هاتووە، ئای چەند لەو ژیانەدا تۆیان ناسیوە و خۆشیان دەوێیت.

ڕەبی تکات لێ دەکەم و لەبەرت دەپاڕێمەوە ناسینەکەتم بۆ ئاسان بکە بۆ ئەوەی تۆم خۆش بوێ و بە تۆ شاد و دڵخۆش بم، ڕێگاو دەرفەتم بدە ڕۆژ بەڕۆژ بەلای کەمەوە بەرەو پێش بچم و تا ئەو ڕادەیەی لەوێ بە تەواوەتی پێی دەگەم، ئەگەرچی من لەم ژیانەمدا ناتوانم بە تەواوەتی و تا کۆتایی ئەمە بکەم، لێرەدا دەبێ ناسینی تۆ لەلایەن منەوە بەرەو پێش بچێ، لەوێ، لەدنیای تردا، وا بکە کامڵ ببێت، بەو هیوایەی شادمانییەکەم پتر و گەورە ببێ، هۆ گەورە بە سایەی ڕۆڵەکەتەوە، فرمان دەدەی، نەء، ئامۆژگاری دەکەی، ئێمە لەبەرت دەپاڕێینەوە و تکا دەکەین تۆ بەڵێن دەدەی و ئێمە دەستگیرمان دەبێت و بەهۆیەوە شادمانیمان کامڵ و تەواو دەبێت، گەورە من داوات لێ دەکەم، ئەوەی بەهۆی ئامۆژگاریکارە سەرسوڕهێنەرەکەوە ئامۆژگاری دەکەی، ڕێگام بدە ئەوەم دەستگیرببێ کە بەڕاستی و (حەقیقەتی) خۆت بەڵێن دەدەیت و دەبێتە مایەی ئەوەی خۆشی و شادییەکەم تەواو ببێ، هۆ ڕەبی ڕاستەقینە، تکات لێ دەکەم ڕێگام بدە ئەوەم بەدەست بێت کە خۆشییەکەم تەواو دەکات، لەو نێوانەدا دەبێ گیانم ڕامێنێ و قووڵ بیر بکاتەوە و زمانم باسی بکات دڵم خۆشی بوێ و دەمم قسەی لێ بکات، دەروونم تامەزرۆی بێت و لەشی لە گۆشتم تینووی ئەو بێت و سەرجەم بوونم وێڵ بێ و بەدوایدا بگەڕێ تاوەکو دەچمە نێو خێروخۆشی ڕەبی گەورە کە بوونی هەیە و ئەو، سێ ڕەنگە و یەک ڕەببە و پاک و پیرۆزە لە نەمریی هەتا هەتاییدا ستایش دەکرێت، ئامین.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**- Anselem von Canterbury: Proslogion. Anrede. Lateinisch- Deutsch. Reclam. Universal. bibliothek. Ubersetung, Anmerkungen und Nachwort Von Robert Theis. Stuttgart. 2005.**


**تێبینی وەرگێڕ:**

١- سانت ئەنسلم (١٠٣٣- ١١٠٩ز) لاهووتی و ڕابەرێکی کڵێسەی عیسایی و فەیلەسووفێکی بەناوبانگی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپایە، بە زمانی لاتینی کە زمانی ئایینی ئەو سەردەمەی ئەورووپا بووە نووسیویەتی، شان بە شانی سانت ئۆگۆستین و تۆماسی ئەکوین بە ڕابەرێکی کارای فەلسەفەی ئەو قۆناغە و سەردەمی خۆی دادەنرێ.

ئەگەر هەر قۆناغەی فەلسەفە بەگشتی، بەدرێژایی پرۆسەی مێژووی فەلسەفە، ئینجا هەر فەیلەسووفە بە تایبەتی بەتیۆرییەک، بابەتێک بەناوبانگ بووبێ و سروشت و خەسڵەتی سەردەمی خۆی پێوەی ناسراو بووبێ، بەڵگەی ساغکردنەوەی بوونی ڕەب و بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی بوونی ڕەب، ئەو خاڵە بووە کە نەمریی هەتا هەتایی بۆ ناو و ناوبانگی ئەو فەیلەسووفە لاهووتییە تۆمار کردووە.

٢- لە دوو شاکاری کورت و پوخت- تێروتەسەلدا:

+ مۆنۆلۆگیۆن.

- پرۆسلۆگیۆن- کە لێرەدا کراوە بە کوردی.

پوختەی جیهاندیدە لاهووتییە- فەلسەفەییەکەی خۆی کە لەو بەڵگانەدا بەرجەستە بوون، تۆمار کردووە و لە بەڵگەی ئۆنتۆلۆجیدا دەگاتە لووتکە.

لە وەرگێڕانی ئەو شاکارە پوختەدا پشتم بە وەرگێڕانە ئەڵمانییەکە بەستووە کە لەدەزگای «ڕیکلام»ی شتوتگارت بڵاوکراوەتەوە، لەو کارەدا کەوا سووک و ئاسان نەبوو چەند کۆسپێک هاتنە بەردەمم، بەڵام توانیم نە شیش بسووتێ و نە کەباب تەختیان بکەم.

وەک لای شارەزایان ئاشکرایە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، سروشتێکی ئایینی - لاهووتی هەیە و بابەتی پێوەندی نێوان ژیر و سرووش، ژیر و (نەقڵ) خاڵی سەرەکی بووە، بەڵام لەو تێکستە ئەڵمانییەدا و لە لاتینییەکەشدا بەدەگمەن نەبێ، توخنی وشەی ژیر نەکەوتووە، بەڵکو لەجیاتی ژیر، وشەی تێگەیشتن (فام)

بەکارهێنراوە، لە فەلسەفەی ئیسلامیدا هاتووە کە کێشەی سەرەکی، جگە لە بوون و خەسڵەتەکانی خوا- پێوەندی نێوان عەقڵ و نەقڵ بووە و لەسەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە بەزمانی عەرەبی بە تایبەتی لەلای شاد ڕەوان فەیلەسووفی قیبتی میسری، مامۆستا یووسف کەرەم دا هەمان دەستەواژە لەلای فەیلەسووفە مەسیحییەکانیش بەکارهاتووە، یان ئەو بۆی بەکارهێناون، بەڵام من لە هەردوو تێکستی ئەڵمانی- لاتینییەکاندا چۆن هاتووە وام کردووە بە کوردی، ئیتر لێرەوە کۆسپی دووەم تەخت کراوە:

لەلای فەیلەسووفە مەسیحییەکان بە قسەی مامۆستا کەرەم هاتووە:

باوەڕ بهێنە تاوەکو ژیر و دانابی، بەڵام من ئەم ژیرەم بەرچاو نەکەوت، بۆیە وەک خۆی کردم بە کوردی:

باوەڕ بهێنە تاوەکو تێبگەی (بفامی!).

- هیچ کاتێک لە هەردوو ئاییني گەردوونی جوولەکە و عیسایی، وشەی خوا (الله) بەکار نەهاتووە و بەکاریش ناهێنرێ، بۆیە من لە جیاتی ئەو چەمکە وشەی (ڕەب)م نووسیوە کە لە هەردوو ئایینەکەدا باوە.

**٣-** دەربارەی ناوەرۆکی ئەو شاکارە کە بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی بڵاو دەبێتەوە، دەکرێ چەند خاڵێک تیشکیان بخرێتە سەر و ئاماژەیان پێ بدرێ.

- من وای بۆ دەچم کە سانت ئەنسلم باوەڕ و تێگەیشتنی بەرانبەر بە یەکتری لە دوو تای یەک تەرازوو دانەناوە، بەڵکو تێگەیشتنی کردووە بە پاشکۆی باوەڕ، ئەو ڕاستە گوتوویەتی باوەڕ بهێنە (ئیمان) بۆ ئەوەی تێ بگەی، ئەو بڕیارە لۆجیکیانە باوەڕ دەخاتە پێش تێگەیشتنەوە، باوەڕەکە تێگەیشتن و ژیر ڕۆشن دەکاتەوە، ئینجا دەکرێ مرۆڤ لە نهێنییەکانی باوەڕ تێ بگات، کەوابوو دەبێ لەسەرەتا باوەڕ هەبێ، مرۆڤ بە تێگەیشتن و ژیر پەی پێ ببات، ئینجا چالاک و کارا بێت بەبێ ئەوەی پێش باوەڕەکە، ئەو سەرەڕۆییە بکات بەدوای ڕاستییەکانیدا بگەڕێ و سەرگەردان ببێ، ئەگەر مرۆڤ لە سۆنگەی ژیر و لۆجیکەوە سەرنج لەو بڕیارەی سانت ئەنسلم بدات و تاووتوی بکات، بابەتەکە بەلایەکی تردا دەکەوێتەوە:

- لە ئایینی مەسیحیدا گرینگ ئەوەیە لایەنگیرانی باوەڕ (ئیمان) بە دۆگم و بنەما و ڕێوشوێنەکانی بهێنن، بچن بۆ کڵێسە و نوێژ بکەن و ڕۆژوو بگرن و گرینگ ئەوە نییە تێ بگەن، لەو باوەڕ هێنانەیاندا چی دەڵێن و چی دەکەن؟! ئەگەرچی ئینجیلەکە کە سەرچاوەی ئەو باوەڕ هێنانەیە بە زمانی ئارامی، یۆنانی، یان لاتینی بێ و کە زمانی ئیماندارانی نییە! چۆن مرۆڤ لەبەردەم ڕەبدا بوەستێ و نەزانێ چ دەڵێ؟!

- سانت ئەنسلم وا پێدەچێ بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ لە وەڵامی ئەو ڕەخنەگرتن و گازندە کردنانەدا بڵێ:

لەنێوان دڵ و تێگەیشتن (ژیردا)، لەنێوان داخوازی دەروون و بیرکردنەوەدا لەنێوان تاقیکردنەوەی ناخی دەروون کە باوەڕ لێوەی سەرچاوە دەگرێ و چالاکی شیکاری ژیر و تێگەیشتن جیاوازی نەبێت! ئەمەش لەخۆیدا بڕیارێکی پێشبیانە بەرجەستە دەکات کە گوایە:

باوەڕ بەهرە و بەخششی ڕەببانییە و هەر ئەو باوەڕە بە ڕووناکی تیشکی ڕەب (نوور) ژیر کارا و ڕۆشن دەکاتەوە!! ئەگەرچی ئەو بۆچوونە وێنای هەستی سۆفیێتی لە مێشک و ناخی و دەروونندا ڕەنگ دەڕێژێ، بەڵام دوو ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە هیچیان بەدڵی کڵێسەی عیسایی نابێت:

**یەکەم:** مرۆڤ لێرەدا کراوە بە ئامێرێکی نێگاتیڤی نارێ و هیچ ڕۆڵی لە تۆمارکردن و وەرگرتنی شت نییە کە لەسەرووی خۆیەوە بۆی دانراوە و بە چارەی براوە.

**دووەم:** هیچ جۆرە بەرپرسیاری و ئۆباڵکێشان دەربارەی هەژاری و نەخۆشی و قاتوقڕیی و کلۆلی و دەرد و بەڵاو کارەساتی ژیانی ڕۆژانە و دەوروبەر لەسەر شانی هیچ کەسێک نامێنێ، چونکە هەموو شتێک چارەنووس و قەدەرە، ئەو جۆرە ئازادییەش کە گوایە مرۆڤی ئیماندار هەیەتی، ڕوخسارەکی و دەڵەمەییە و هیچ شتێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی بابەتەکە ناگۆڕێ.

- ئەگەر مرۆڤ بە وردی ئەو تێکستە بخوێنێتەوە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە ڕاستە لە یەکتری جیا ناکرێنەوە، بەڵام نە تەواوکاری یەکترین و نە هەماهەنگی و هارمۆنی لۆجیکیانە لەنێوانیاندا هەیە:

**بەشی یەکەم:** کە لە هەردوو فەسڵی دوو و سێدا چڕوخەست بۆتەوە بە جوانی بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی باس کراوە.

**بەشی دووەم:** کە لە فەسڵی چوارەوە تا کۆتاییە، بریتییە لە پاڕانەوە و لاڵانەوە و نزا و ستایش کردنی ڕەب، بەڵام لە چوارچێوە و بەرگێکی سۆفیانەدا کە ئەگەر لە ڕوانگەی فەلسەفەوە هەڵبسەنگێنرێ، تاکە گوڵێک ناخاتە سەر خەرمانی کولتووری مرۆڤایەتی.

# ئەوەی دۆزیوتەوە «توێکڵ»ـە نەک «کاکڵ»

ئەحمەد ئەحمەدیان*
(مەهاباد)

لە ژمارە ١٦٦ی گۆڤاری مەهابادا نووسراوەیەکم چاو پێکەوت بە ناوی «لە قطابخانەوە بۆ قوتابخانە» لە نووسینی بەڕێز «سەلاحەددین ئاشتی». ئەم نووسراوەیە بە ڕواڵەت ڕەخنەیەکە لەسەر وتارێکی زمانەوانی من کە لە بنەڕەتدا ڕوونکردنەوەیەک بوو لە بابەت وشەی «قوتابخانە» / «قوتابی خانە» و ڕیشە و ڕەچەڵەکی ئەم وشە داڕێژراوە کە لە ئاکامدا ڕوونم کردبۆوە کە «قوتابی خانە»بوونی نییە و لە باری زانستی زمانەوە بە «نەبوو» و «لاوجود» (non - existence) لە ئەژمار دێ و «قوتابخانە»ش کە شێوە دەربڕینی دروست و گونجاوە و لە باری ڕێزمانییەوە بنەما و پێکهاتەیەکی دروستی ڕێزمانی هەیە (= grammatical)، لە بنچینەدا لە ڕیشە و ڕەچەڵەکی «قتاو» پێک-هاتووە کە لە ژێر دیالێکتی ئەردەڵانی ڕا هاتۆتە ناو زمانی پێوەری نووسینی کوردی.

بەڵام نووسەری ناوبراو لە جیاتی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی بەڵگەکانی «کاکڵ»ی باسەکە و ناوەرۆکی وتارەکەی من، خۆی بە «توێکڵ» و پەراوێزی باسەکەوە ماندوو کردووە و هاتۆتە سەر ڕەخنەگرتن لە یەکێک لەو نۆ سەرچاوەیەی وەک بەڵگە و ژێدەر ناوم بردوون، واتە فەرهەنگی (کوردستان)ی گیوی موکریانی! بریا و سەد بریا نووسەر «کاکڵ»ی باسەکەی منی وەبەر چاو هاتبایە و لە پێکان و دۆزینەوەی «کاکڵ»ی وتارەکەدا ئاوا بە سەهوو نەچووبایە و نەبووبایە مایەی سەرلێشێوانی بە ئانقەستی خۆی و خوێنەرانی بەڕێز!

دیاری کردن و دۆزینەوە و وەبەرچاو هاتنی «کاکڵ» و ناوەرۆکی وتارێکی لەم چەشنە، پێم وایە شتێکی یەکجار سانا و ساکار و بێ گرێوگۆڵ و فارس گوتەنی «سهل الوصول» بێ و پێم وانییە ئەم ئەرکە هێندە دژوار



مەسعوود محەمەد

و ئەستەم و لە دەست نەهاتوو و «صعب الوصول» بێت کە کەسێک بۆ دۆزینەوە و وەبەرچاو کەوتنی «کاکڵ»ی ئاوا وتارێک مانگێکی ڕەبەق خەریک و سەرقاڵ بێ و دوای ئەو مانگەش بۆی نەدۆزرێتەوە و لێی بزر بێت و لێی ببێتە لەمەچێتر و مەتەڵۆکە! سروشتییە کە مرۆڤ لە ئاوا دۆخێکدا بەو ئاکامە دەگا کە بۆ دۆزینەوەی شتێکی ئاوا لە چاوان نادیار و نەبینراو، دەبێ دەستەو دامێنی دنیای نەدیو و «جهان غیب» و ئەم چەشنە هەیتووهووتانە بێت.

خوێنەران و هۆگرانی ڕاستەقینەی بابەتەکانی زمانەوانی!

هەروەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرا و ڕوونە و ئەز تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوە و دووپات کردنەوە و «دۆزینەوەی بزربوان بۆ هێندێک» پوختە و ناوەرۆکی سەرەکی وتارەکە و «کاکڵ»ی باسەکەم ئاوا وەبیر دێنمەوە:

«...بەم ئاکامە دەگەین کە قوتابخانە لە بنەڕەتدا «قتاوخانە»یە و لە دوو مۆرفیمی«قتاو» + «خانە» پێکهاتووە، کەوابوو «قتاو» یا «کتاو» بە مانای کتێب و پەڕتووک، وەک ڕیشە (root)ی ئەم وشەیەو ئەم ناوە لێکدراوە دێتە ئەژمار، نەک قوتابی، لە لایەکی دیکەوە «قوتابی»خۆی دوو مۆرفیمە نەک یەک مۆرفیم؛ لە بنەڕەتدا لە «قتاو» + «ی» پێکهاتووە کە «ی» پاشگری «نسبت»ە، کەوابوو «قوتابی» ناوی داڕێژراوە (derivational noun) نەک ناوی سادە، ئاکامی گرینگ و هەستیاری ئەم لێکۆڵینەوە و لێدوانەش ئەمەیە کە: کاتێ «قوتابخانە» وەک شێوە دەربڕینێک بەکار دێنین و دەینووسین ڕاستییەکەی کارێکی تەواو گونجاو و ئاسایی و یاسامەندمان کردووە و لە ڕووی ڕێزمانییەوە هیچ ئاڵوگۆڕێک ڕووی نەداوە و هیچ «تێپەڕین لە یاسا» (- عدول از هنجار -devation of norm)ێک بەکار نەهێنراوە کە بۆ بەکارهێنانی ئەم وشە، واتە (قوتاب خانە) ئەم هەموو پاساو و ڕاڤە و شرۆڤە نەگونجاوەی بۆ بهێنینەوە و ڕیشە و ڕەچەڵەکی هەڵەی بۆ تۆمار بکەین، لەبنەڕەتدا «قوتابی خانە»لە باری زانستی زمان و لە باری ڕەچەڵەکناسییەوە لە «زمانی پێوەر»دا بوونی نییە هەتا بڵێین دروستە، یان هەڵەیە، بە واتایەکی تر «قوتابی خانە» خاوەن شوناس و بوونێکی ڕێزمانی نییە و لە باری ڕێزمانی پێوەر بە «نەبوو» و «لاوجود» (-non existence) دادەنرێ، هەروەک ئاشکرا و ڕوونە ئەم هەڵەیە لە «وا دانراوە هەڵەکان»(- مفروضات کاذب - false assumptions) سەرچاوە دەگرێ کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا، سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەگەر «قوتابی خانە»لە زمانی پێوەردا شوناس و «بوون»ی هەبووایە، دەبوو لە یەکێک لەم شەش فەرهەنگە باسکراوانەدا تۆمار کرابایە (جیا لەم شەش بەرهەمە، فەرهەنگی «ڕێژگە»، «ناهید» و «گوڵ-چنینەوە لە خەرمانی هەنبانەبۆرینە»ش، «قوتابی خانە»یان نەگرتووە). [سەرجەم هیچ کام لەم نۆ فەرهەنگانە «قوتابی خانە»یان وەک وشەیەکی زمانی کوردی نەگرتووە و تۆماریان نەکردووە] (مەهاباد، ژمارە ١٦٥، لل:١٤و١٥).

لەمەڕ کاکڵ و ناوەرۆکی ئەم وتارە، نووسەری ناوبراو، تەنیا یەک ڕستەی نووسیوە، ئەو ڕستەیەش نە تەنیا هەڵەیە، بەڵکو دەلالەت لە پەتا و تەنگژەی «لەبیرچوونەوەی گوتراوەکانی پێشووی خۆی» دەکا، ئەم ڕستەیە ئەمەیە: «...تەنیا ئەوەندەی وایە کە قسەکەی پێشووتری منی سەلماندووە و دەڵێ «قوتابخانە» دروستە نەک «قوتابی خانە». (مەهاباد، ژ١٦٦، ل ٢٧).

تکایە ئەم ڕستەیەش هەر لەم نووسەرە بخوێننەوە کە هەر لەم بابەتەوە لە مەهابادی ژمارە ١٦٢ لاپەڕەی ١٨، ستوونی هەوەڵ، دێڕی ٢٧، ئاوا دەنووسێ: «...خۆ ڕاستە لە بنەڕەتدا وشەی قوتابی خانە دروستە...».

بەوەندەش ڕاناوەستێ و بەڵگە و پاساوی هەڵە و پەڵەی بۆ دێنێتەوە! کە لە وتاری پێشوومدا ئەم هەڵە و پەڵەیەم لە قاو دابوو و بێ بنەمایی و بێ دیسیپلینی زانستی ئەم چەشنە بەڵگە هێنانەوەم ڕوون و ئاشکرا کردبوو.

ئایا ئەم دوو ڕستەیە کە هەردووکیان نووسەری گۆڕین بەرهەمی هێناون و لە بیرگە و زەینی ئەودا ساز بوون و دواتر نووسراون، بە تەواوی دژاودژ و ناتەبا و پێچەوانە و «متعارض» و «متناقض» نین؟

گەلۆ واباشە مرۆڤ خۆی بە خێو و ساحێبی قسەکان و نووسراوەکانی خۆی بزانێ و بڕێک لێپرسراوانەتر و «مسئولانە تر» بدوێ و بنووسێ.

جیا لە تەواوی ئەم باسوخواسانە تۆ بڵێی زانستی ڕەچەڵەکناسی (etymology) هەر وەک بەشێک لە ئیش و چالاکییەکانی بواری فەرهەنگی وابێ کە تاقمێک هەروا ڕەمەکی و لە لاوە و ئاوا بە ڕاشکاوی ڕای سەیروسەمەرە دەربب‌ڕن و بڵێن: «... بەم پێیە «کوتتاب»یان «کوتتابی» بوونە [بووەتە] قوتابی و بڕایەوە[!!]».

بە قسەی خودی نووسەر «:[لە ڕووی کام] بەڵگەی ڕوون و پتەوی زانستی زمانەوانییەوە» ؟ ئایا هێنانەوەی سێ نموونە لە گۆڕانی «کاف» بە «قاف» ئەویش لە زاراوەی کرمانجی سەروو کە زاراوەیەکی زۆر زۆر جیاوازە لە زاراوەی پێوەری زمانی کوردی (واتە سۆرانی) و کردنە بەڵگەی ئەم سێ نموونە و دەربڕینی ئەم چەشنە ڕایە، ئەویش بەم متمانە لە ڕادەبەدەرە و بەم چەشنە : «...بڕایەوە»، جیا لە بێ دیسیپلینی و بێ بنەمایی و بێ ئاگایی تەواو لە زانستی زمان و زمانەوانی و...چی تر دەسەلمێنێ؟

لەمەڕ «قێخای»ی ئەردەڵانیش کە بووەتە «کوێخا» دیسان هەر بەم شێوەیەیە و ناکرێ بەم ئاکامە سەیروسەمەرەیە بگەین چون ئەوەی لە زانستی زمان و لە دەنگناسی (phonetics) و لە فیلۆلۆژیدا حیسابی لەسەر دەکرێ «تاک نموونە»کان نین، بەڵکو «ڕەوت»ەکانن، تەنانەت «ڕەوت»ەکانیش بێتو «چەندپات» بوونەوەیان پێوە دیار نەبێ، هەرگیزاو هەرگیز وەک یاسا و ڕێسا و بەڵگە ناسەلمێنرێن. (ئەم باسە زۆر بەربڵاو و دووورودرێژ و گەلێک پرۆفێشناڵە و بۆ خوێنەری ئاماتۆر جگە لە سەرئێشە چ دەسکەوتێکی نییە، کەوابوو لە درێژەدانی ئەم باسە خۆ دەپارێزین).

بێتو ئێمەش گۆڕینی «قێخا»ی ئەردەڵانی بە «کوێخا» وەک نووسەری ناوبراو، بکەینە بەڵگە و پاڵی پێوەدەین، دەبێ بە پێی ئاوا ڕێسایەکی نوێباودا بەم ئاکامە سەیر و سەمەرەیەش بگەین کە هەروەک «ڕەحمان» دەبێتە «خەمان»، هەر بەو پێیە دەکرێ و دەگونجێ «ڕەحیم»یش ببێتە «خەیم»!! (لە بیرمان نەچێ کە لەو چوار نموونەی نووسەریش هێنابوویەوە سێیانیان ناو و ناسناو بوون).

جا ئەگەر دۆزینەوەی ئاڵوگۆڕی فۆنەتیکی وشەکان و دیاری کردنی ڕەچەڵەک و ڕیشەی «موفرەدات» ئاوا سانا و ساکار و هەڕەمەکی و بێ گرێوگۆڵ بایە، دەکرا بە ڕادەی ڕۆژنامەوانان و وەرگێڕان، «زمانەوان» و «فیلۆلۆگ»یشمان هەبوایە، هەرچەند لەم بوارەدا چ کێشەیەک لە ئارادا نییە و دەکرێ هەر بەو ڕادەیە و بەو زۆر و زەوەندەییەی چالاکوانی ئەم بوارەشمان هەبێ، بەڵام ئیدی ئەو دەم ئەم چالاکوانانە، «زمانەوان» و «فیلۆلۆگ»یان پێ ناڵێن، بەڵکو پێیان دەگوترێ چالاکوانانی بواری folk etymology، یان popular etymology (ڕەچەڵەکناسی ڕەشۆکی، یان ڕەچەڵەکناسی هەڕەمەکی)، فەرهەنگەکان ئەم دوو زاراوەیان ئاوا ڕاڤە و شرۆڤە کردووە:

1- Folk etymology occurs when a word is assumed to come from a particular etymon, because of some association of form or meaning, whereas in fact the word had a different derivation... (A Dictionary of linguistics and phonetics, David Crystal, Blackwell Reference Rublishers, 1992, Masachusetts, U.S.A. page: 126).

واتە: «...ڕەچەڵەکناسی ڕەشۆکی و هەڕەمەکی کاتێک ڕوودەدا و دێتە ئاراوە کە [لە لایەن کەسانێکەوە] وا دادەنرێ و وا مەزندە دەکرێ کە وشەیەک لە ڕەچەڵەکێکی تایبەتەوە هاتووە [تەنیا] لەبەر ئەو هۆیەی کە لە ڕووی ڕواڵەتەوە، یان لە ڕووی واتاوە چەشنێک وێکچوون و «وەبیر هێنانەوە» [لە مابەینیان] بەدی دەکرێ، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕاستییەکەی ئەم وشەیە بە چەشنێکی تەواو جیاواز [لەم بۆچوون و بیرکردنەوە هەڵەیە]، ڕۆنراوە و داڕێژراوە....».

٢) فرهنگ اصطلاحات زبان شناسی موضوعی – توصیفی، تألیف دکتر سید جلیل ساغروانیان، ١٣٦٩،



**ئاوڕەحمانی حاجی مارف**

نشر نما، مشهد، صفحه 248:

«ریشه شناسی عامه، یان popular etymology: از طریق ریشه شناسی عامه، مردم تمایل دارند به هر قیمتی که شده قسمتهای توصیف نشدهء زبان را به صورتی توجیه کنند، البته این کار انگیزهء روانی دارد...چرا که افراد عامی در موقع برخورد با کلمهء ناآشنا از نظر اوایی و معنایی اغلب ساخت ان را با تغیر بخشی از ان یا تمامی ان دگرگون می کنند». لەمەڕ ڕیشە و ڕەچەڵەکی وشەی «قوتابی» و «قوتابخانە»ش تەنیا بەڵگەیەکی کە ناوبراو زۆر پێی کەیف خۆش و دڵخۆش و پشت ئەستوورە و وەک بەڵگەیەکی «بڕاوە»ڕووی دەکا و پێی دەخوڕێ ئەوەیە کە: زۆر پێشووتر لە فەرهەنگی مەردۆخ، واتە لە ساڵی ١٩٢٠دا وشەی «قوتابی»و «قوتابخانە» نووسراوە و تۆمار کراوە، لەڕووی ئەمەشەوە بەم ئاکامە دەگا کە ناکرێ ڕیشە و ڕەچەڵەکی ئەم وشانە «قتاو» بێ، نووسەری ناوبراو، مێژوو و سەرەتای بەکارهێنانی ئەم وشەیە، واتە ساڵی ١٩٢٠ زایینی، وەک بەڵگەیەکی سەلمێنراو و «بڕاوە» و حاشاهەڵنەگر و بێ تەک و لۆ باس دەکا، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بێ ئاگا و بێ خەبەرە لەم ڕاستەقینەیە کە لە سەرچاوە و ژێدەری ژێرەوە کە فەرهەنگێکی کوردییە، لە ساڵی ١٨٧٠ زایینیدا، واتە نیو سەدە پێش ئەم مێژوو و سەرەتایەی کە نووسەر پێی سەرخۆش و دڵخۆشە و بە بەڵگەیەکی «بڕاوە» هێناویێتییەوە، وشەی «قتاوی»تۆمار کراوە؛ بڕواننە:

فرهنگ کردی - فارسی بدایع اللغه، علی اکبر وقایع نگار کردستانی - نخستین لغت نامه کردی - فارسی ایران، انتشارات توکلی، تهران، ١٣٨٨، صفحه ١٤٠:

ئەم فەرهەنگە لە ساڵی ١٢٨٧ی مانگی نووسراوە (بە پێی پێشەکی ئەم فەرهەنگە، ل ٦). کە هاوکاتە دەگەڵ ١٢٩٤ی ڕۆژی و ١٨٧٠ی زایینی.

کەوابوو بە پێی ڕێسای سەلمێنراوی نووسەری ناوبراویش بێ، بەم ئاکامە دەگەین کە «قتاو» ڕەچەڵەک و ڕیشەی ئەم دوو وشەیە، واتە «قوتابی» و «قوتابی خانە»لە ئەژمار دێ و [خۆی گوتەنی:] «بڕایەوە»!

**تێبینی:** نووسەر چون بە چاکی نەزانیوە «کاکڵ»ی باسەکە ببینێ، بە ئانقەست خۆی لێ بواردووە و چووە بەربینگی بە لاپەڕەی فەرهەنگی گیوی موکریانی گرتووە و گوتوویەتی: «قوتابخانە» لەم فەرهەنگەی (گیو)دا هەیە و لە لاپەڕەی ٧١٦ دا تۆمار کراوە کە وابوو نووسەر قسەکانی هیچیان وا نین، بێ خەبەر لەوەی کە ئەمە هەڵەی چاپییە و ئەم وشە «قتابخانە»یە هەر وەک بۆخۆی بەڵگەی دێرینە بوونی تۆمار کردووە و ڕوون و ئاشکرایە کە چاپکار بە سەهوو چووە، بەڵگەشم ئەوەیە بێجگە لە فەرهەنگی گیوی موکریانی، ئەمن فەرهەنگی «مەردۆخ»یشم هەر ناو بردووە کە ئەو وشەیەی تێدا نییە (= بەڵام نووسەر ئەوەی نەدیوە دەنا ئەویشی لێ بە پەتەوە دەکردین، قەیناکا ئەوە لێرەدا وەبیرم هێنایەوە !!) دیارە ئەم وشەیە، (بەم شێوە هەڵەیەی کە تایپ کراوە واتە «قوتابخانە» ) لە فەرهەنگی «مەردۆخ»یشدا تۆمار کراوە(لە لاپەڕە ٢٣٥ی بەرگی دووەمدا)، دەی خۆ خوێنەری ئاساییش، تەنانەت «قوتابی»یەکی کەم زەینیش دوای ئەم ڕوون کرنەوەیە دەزانێ کە ئەوە هەڵەی چاپییە و ئەم وشەیە دەبوو «قتابخانە» تۆمار کرابایە کە بە م چەشنە (واتە «قتابخانە») نە لە فەرهەنگی (گیو)دا و نە لە فەرهەنگی (مەردۆخ)دا تۆمار نەکراوە؛ ئیدی ئەی ئەو هەمووە هەیتوهووتو هەرا و هەنگامەی بۆچی بوو؟

ئەگەر کات و دەرفەت لە لامان بایەخی نەبایە و خۆمان بە «توێکڵ»ی باسەکەی نووسەر ماندوو کردبایە، دەیان هەڵە و تەنانەت پتریشمان لە چەشنی دوایین ڕستەی نووسەر دەدۆزییەوە کە نووسیویەتی: «قوتابی» و

«قوتابخانە» ماوەی ٩٠ ساڵە بەم شێوەیە دەنووسرێ و مانایان ڕوون و ئاشکرایە کە هەر بە پێی نووسراوەی خۆی ئەم ماوەیە ٩٥ ساڵە نەک ٩٠ ساڵ، یان ساڵی بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی مەردۆخی ١٩٤٩ تۆمار کردووە کە بە پێی ئاماژەی پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف ئەم ساڵە ١٩٥٦ ز (١٩٨٧:٤٩) و دەیان و بگرە پتر هەڵەی ئاوا زەقی لەم چەشنە، یان ئەوەی کە فەرهەنگەکانی ئەعلام وەک فەرهەنگی موعین بەشی ئەعلام و فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، تەنانەت مامۆستای نووسەر لە کتێبی ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)دا لل: ٣٦٥ و ٣٨١، «سەلاحەددین» یان بە دروست زانیوە و تۆماریان کردووە بەڵام نووسەر...).

دوایین وتە لە زمان مامۆستا مەسعوود محەمەد پسپۆڕ و بلیمەتی تاقانە، زمانەوان، فیلۆلۆگ، مێژووناس و هزروان و نووسەری ناوداری کورد کە هەر لەم پێوەندییەدا ئاوا دەفەرمویێ و ئاوا ئامۆژگارییان دەکا:

«...هەر یەکێک لە ئێمە خەریکی تۆژینەوە بێ لە بارەی کوردییەوە چ لە ڕووی فۆنەتیکی کوردییەوە بێت چ لە ڕووی فەرهەنگەوە چ لە ڕووی ڕێزمانەوە چ لە ڕووی مێژوو و ئەدەب و فۆلکلۆرەوە بێ، پێویستییەکی ئەخلاقیی بەسەر شانەوەیە لەو خەریکبوونەیدا کە دەبێ ملکەچ بکا بۆ ڕاستی، ناشێ بە هیچ کلۆجێک ئارەزووی خۆی بەخەبەر بێنێ و تێکەڵ بە تۆژینەوەکەی بکا، دەبێ نمایشت و خۆهەڵدانەوە بەلاوە بنێ، بەو پێیە دەبێ چاومان بۆ هەموو ڕاستییەک بکەینەوە، هەر کاتێکیش هەڵەیەکی خۆمان دۆزییەوە، یان یەکێک بە خێری خۆی بۆمانی دۆزییەوە، دەرحاڵ لێی بسەلمێنین نەک کوردە غیرەتی بمانگرێ، چونکە ئەگەر وا نەکەین و لەسەر هەڵە سوور بین، ئەنجامی زۆر ناقۆڵای لێ دەکەوێتەوە وەک ئەوەی کە نیگامان لێڵ دەکا نەک هەر لەو بابەتە هەڵەیەی کە لەسەری سوور بووین، بەڵکو لە هەموو ئەو باسانەی کە بەوەوە بەستراونەتەوە، دوور مەبینە پێ داگرتن و کوردە غیرەتی بمانبا بۆ نەخۆشی دەروونی ئەوتۆ چ پێوەندی بە ڕۆشنبیری و خوێندەواری و فۆنەتیک و زانستەوە نەبێ، خووگرتن بە سوور بوون لەسەر هەڵە لە ئەنجامدا وامان بەو خووە ڕادێنێ کە هەستی بەخۆ نازینی تێدا بکەین و وردە وردە دەماری مانیایی «خۆ بەگەورە زانین megalomania»مان لێ ئەستوور بکا، من لە گەنگەشەدا کەسی وەهام دیوە پێ بە پێی بەردەوامبوونی لەسەر هەڵە وای لێ هاتووە گەیشتووەتە ڕادەی خۆ لەبیرکردن، ئیتر بێ پەروا لەنکاوێک دەستی بەسەر ڕایە ڕاستەکەدا گرتووە و گوتووشیەتی بزانن بیر و باوەڕەکەی من چەند ڕاستە، دەبێ ئێمە لەو حاڵانەدا بە خۆمان بوێرین، مامۆستایەکی عەرەب، یان ئینگلیز کە لە نووسیندا هەڵەیەکی ڕیزمانی، یان مێژوویی کرد، چەندان کتێب و نووسراوی کۆن و نوێی لێ بەدەنگ دێن و ڕاستی دەکەنەوە، دەتوانم بڵێم لە نێو میللەتێکی پێشکەوتوودا نووسەر ناوێرێ هەڵە بکا لە ترسی ڕیسوابوون، باری ڕۆشنبیری کورد وەها نییە، لە زۆربەی مەیدانەکانی ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەگەر نووسەر لغاوێک نەخاتە زاری خامەی کە لە ساتمە و هەڵانی بپارێزێ، دەتوانێ بە کەیفی خۆی شتی غەڵەت بنووسێ و کەسیش لێی بەدەنگ نەیێ...».

(مەسعوود محەمەد، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، ئاراس، هەولێر، ٢٠١١؛ لل: ٢٦٢ و ٢٦٣).

**ڕوونکردنەوە:**

ئەم وتارە وەڵامی ڕەخنەیەکە کە لە گۆڤاری مەهابادی ژمارە ١٦٦ دا لەسەر وتارێکی نووسەری ئەم دێڕانە بە ناوی «قوتابخانە، قتاوخانە، کتاوخانە» نووسرابوو کە وتاری سەرەکی لە گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ١٦٥ دا بڵاو کرابووەوە، ئەم وەڵامە دەبوو بە پێی یاسای ڕۆژنامەنووسی لە ژمارەی دواتر، یان ژمارەی دوای ئەو (ژمارە ١٦٧، یان ١٦٨) لە هەمان گۆڤاردا بڵاو کرابایەوە و نووسەر ئەوە بە مافی خۆی دەزانی، بەڵام گۆڤاری مەهاباد ڕاشکاوانە بڕیاری چاپ نەکردنی ئەم وتارەی دەرکرد و لەم یاسایە و لەم مافە یاساییە و لەم ئەرکە یاساییە پاشگەز بووەوە و خۆی قوتار کرد و ئەم وەڵامەی پاشقوڵ دا؛ هەر بۆیە ناردمان بۆ گۆڤاری ڕامان تا بڵاوی بکاتەوە.

* ماستەری زمانەوانی

# نووسینەکانی داریوشی گەورە لە شاخی بێستوون

ڕالف نۆرمان شارپ، لە مێخییەوە کردوویەتییە ئینگلیزی
لە ئینگلیزییەوە: سەلام ناوخۆش کردوویەتییە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی بنیات)

**لە جیاتی پێشەکی**

**داریوشی گەورە ٥٥٠-٤٨٦ پ.م**

کۆرشی کچەزای ئەستیاگی دوا پاشای میدی لە ڕێگای کودەتایەکی سپی دەسەڵاتی گرتە دەست، هیرۆدۆت لە ل٨ ی کتێبەکەی (چاپی کوردی) دەڵێت: "ئەم کودەتایە بە هاریکاری هارپاک-ی دەستەڕاستی ئەستیاگ بوو." لە ساڵی کەوتنی (حوکمڕانی میدی) داریوش لە دایک بوو.

زۆربەی مێژوونووسانی کۆن قسە لە سەر ئەوە دەکەن کە داریوش پاشای سێیەمی ئەخمینی بووە، بەڵام تەها باقر و فەوزی ڕەشید و ڕەزا جەواد لەو باوەڕدان کە داریوش، چوارەم پاشای ئەخمینییە، بە واتای لە پاش کۆرش، قەمبیز(کەمبوجیە)، باردیا (گوماتا)، بەڵام بە خوێندنەوەی نووسینی شاخی بێستوون دەربارەی حوکمڕانی ئەخمینی، دەگەینە ئەوەی کە داریوشی گەورە، نۆیەم پاشای ئەخمینی بووە، ئەو داریوش-ەی لە ساڵی کەوتنی میدیەکان لەماڵباتێکی ئەخمینی لە دایک بوو، لە ساڵی ٥٢٢ پ.م پاش کودەتاکردن لە سەر باردیا، یان گوماتا بووە پاشای ئەخمینی و کوشتارێکی گەورەی دەرهەق بابلی و ئیلامی و میدی کرد.

لەو بارەیەوە جگە لە نووسینەکانی شاخی بێستوون، ئەوە تەها باقر و فەوزی ڕەشید و ڕەزا جەواد ١٩٨٠ لە ل ٥٤ی (تاريخ ايران القديم) ئاماژە بەوە دەکەن تەنیا لە مانگی کانوونی یەکەمی ٥٢٢ پ.م ڕاپەڕین لە بابل و ئیلام و میدیا دژی داریوش کران، بەڵام داریوش دڕندانە کەوتە دامرکاندنەوەی ڕاپەرینەکان، بە تایبەتی ڕاپەڕینی شازادە میدییەکانی وەک (فراوەرتێس)، (شتیرانتەخما) (نووسینەکانی شاخی بێستوون).

ئەم نووسینە زیاتر جەخت لە سەر ڕاپەڕینی میدییەکان دوای هەرەسی حوکمڕانی میدی دەکات، ئەم بەشەی مێژووی میدییەکان تارادەیەک ونە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ ڕاپەڕینی ساڵی ٥٢٢ پ.م میدییەکان دژی داریوش پێکۆڵێک بێ بۆ ژیاندنەوەی حوکمڕانی میدی ٧٠٠-٥٥٠ پ.م.

دوو هۆکار هەبوون کە پاڵیان پێوەنام ئەو ماوە ونە لە مێژووی میدییەکان بکەمە کوردی:

**یەکەم:** بەهەڵە قسەکردن دەربارەی ئەم هەڵکۆڵینەی شاخی بێستوون.

**دووەم:** گواستنەوەی زانیاری لە خودی هەڵکۆڵینەکە، نەک ئەو کتێبانەی هەڵکۆڵینەکەیان نەبینیوە، بەندە خۆی لە ئایاری ٢٠١٠ بە گەشتێک چووە شاخی بێستوون، کتێبێکی بە ئینگلیزی لە دامێنی شاخی بێستوون بە دەست کەوت کە تەواوی هەڵکۆڵینەکانی شاخی بێستوونی لە مێخی (کیونیفۆرم) کردبووە ئینگلیزی، منیش ئەوە خەریکم ئەو بەشەی تایبەت بە میدییەکانە لە ئینگلیزییەوە بکەمە کوردی.

**سەلام ناوخۆش**

### تابلێتە(لەوح)ـە زێڕەکەی شای ئەخمینی ئارسامێس

ئەم تابلێتە زێڕە بە ناوی ئارسامێس-ە، کە ١٤ هێڵی لە خۆگرتووە، ئەم تابلێتە لە ساڵی ١٩٢٠ لە هەمەدان دۆزرایەوە، بەشێکی بچووکی دوو هێڵی کۆتایی ون بوون، گومانی تێدا نییە هەندێ هێما - کارەکتەر لەوێدا هەن.

ئارسامێس کوڕی (ئاریارامنێس)ـە. لە ٦١٥ پ.م لە دوای باوکی هاتۆتە سەر حوکم هەتا سەردەمی کۆرشی گەورە، پاشای ئەنشان کە ئەویش یەکێکی ترە لەماڵباتی ئەخمینی. کۆرشی گەورە پاشا ئارسامیسی لە کورسی دەسەڵات هێنایە خوارەوە و فارستانی خستە سەر قەڵەمڕەویەکە، بەو جۆرە هستاسپس کوڕی ئارامێس نەبووە پاشا و ناوی لە نێو پاشاکانی سولالەی ئەخمینی نەهاتووە.

کاتێک داریوشی گەورە لە پاش مردنی (کامبسیس)ی کوڕی کۆرشی گەورە لە ٥٢١ پ.م هاتە سەر دەسەڵات کە هێشتا هیستاسپێسی باوکی و ئارسامێس -ی باپیری لە ژیاندا بوون.

### وەرگێڕانی ١٤ هێڵەکە

هێڵی ١-٤:ئارسامێس پاشای پاشاکانی فارستان کوڕی پاشای (ئاریارامنێس)ی ئەخمینییە.

هێڵی ٥-١٤ ئارسامێس دەڵێت: ئاهورامەزدا، خودا گەورە کە گەورەترین خودای خوداوەندەکانە، منی کردۆتە پاشا (١)

ئاهورامەزدا خاکی فارسی پێ بەخشیوم کە کەسەکان و ئەسپەکانی باشن، بە چاکەی ئاهورامەزداوە حوکمڕانی ئەم وڵاتە دەکەم، ئاهورامەزدا من و ماڵباتی شاهانە و وڵاتەکە و حوکمڕانەکەم بپارێزێ.

(ئەم تابلێتە (لوح) هەندێ هەڵەی ڕێزمانی لە خۆگرتووە، لەوانە هێڵی سێیەم (پارسا) دەبێ لە حاڵەتی زەرفی، (پارسایی) بێت.

### نووسینەکانی کۆرش پاشای ئەخمینی لە پاسارگادا

دوو نووسراو (نووسینی هەڵکۆڵدراو لە سەر بەرد) هەن کە هەریەکەی لە دوو هێڵ پێکهاتوون، هەردووک بە خەتی مێخی فارسی لە بەردی (کۆڵەکەی ڕاڕەوی بەردەرگا) لە (کۆشکی تایبەت) و (کۆشکی دیداری کۆرش) لە (پاسارگادا) هەڵکۆڵدراون، ئەم شوێنەش دەکەوێتە (دەشتەکانی مورغاب) هەشتا و پێنج میل لە باکووری شیراز دوورە. ئەو نووسینانە دەری دەخەن کە ئەم ساختمان (باڵەخانە) و کۆشکانە بە فەرمانی کۆرش دروست کراون.

وشەکانی نووسینەکە ئەوهان:

"من کۆرش پاشای (ئەخمینی)م."

(لەم نووسینەش دەردەکەوێ کە لە قلیشاندنی شاقووڵی، هێماکە ونە، هەروەها نەقشەکە لەگەڵ فارسی کۆن ناگونجێت)

ئەوەی خوارەوە دوو هێڵەکەی فارسی کۆنن، دێڕی یەکەم تایبەتە بە ئیلامییەکان، ئەوی تریش لە بارەی بابلییەکانن، هەردوو دێڕ-هێڵ هەمان واتایان هەیە.

مۆری لوولەکی شاهانەی داریوشی گەورە (مۆری داریوش)

ئەم مۆرە لە لوولەکێکی کریستاڵی هەڵکەندراوە کە نزیکەی ئینج و نیوێک درێژ دەبێ، ئەم مۆرە شکڵی

فراوانی لە خوارەوە چاپ کراوە تا تەواو دەرکەوێت، ئەم مۆرە لە مووزەی بەریتانی پارێزراوە.

نووسینەکە (مۆرهەڵکەندنەکە) نیشانی دەدا کە پاشا (داریوش شا) سواری پەیتوونێک (عەرەبانەیەکی دوو پێچکەی دوو ئەسپی) بووە کە دوو شێر بەرانبەری وەستاون، وا پێدەچی شێری ڕاو بن، یەکێکیان کوژراوە، ئەوی تر خەریکە بە تیرەکانی شا پارچە پارچە دەبێت(٢).

لەم دیمەنەدا وا پێدەچی (داریوش شا) خۆی بەشداری تێدا کردبێت، چونکە نووسینە هەڵکەندراوەکە لە تەنیشت دەروازەی بەرەو گڵکۆ (گۆڕ)ـەکەی لە نەقشی ڕۆستەم هەیە، لە نووسینەکەدا، داریوش باسی جوامێری خۆی لە تیرهاوێژی دەکات و بەم وشانە: من تیرهاوێژێکی باشم جا چ بە پێوە بم، یان لە سەر ئەسپ (پیادە بم، یان سوار)

ناوی داریوش پاشا بە خەتی میخی فارسی کۆن، ئیلامی، بابلی هەیە، یەکەم ناولێنان ئەوها بووە: من داریوش پاشام.

### نووسینەکانی داریوش پاشای ئەخمینی لە بێستوون (٣)

نووسینە فراوانەکەی داریوشی مەزن ٥٢١-٤٨٦ پ.م بە سێ زمان بوو: فارسی کۆن، ئیلامی، بابلیۆنی، لە لایەکی شاخێک بە ناوی شاخی بەهستان -بێهستان (بێستوون) بە بەرزایی نزیکەی ٢٠٠ پێ هەڵکۆڵدراوە، ئەم نووسینە بەدرێژی وەسفی ڕووداوە بەراییەکانی حوکمڕانی داریوش دەکات، هەروەها ئەو ١٩ جەنگەی ئەو سەرکەوتنی بەسەریان بەدەست هێناوە، بە قسەی دیۆدۆروس سیکولوس، مێژوونووسی یۆنانی سەدەی یەکەمی پێش میلاد شوێنەکە(شاخەکە) لە فارسی کۆن (باگاستانا) بوو کە واتای شوێنی خوای دەدا، کەواتە هەڵبژاردنی شوێنەکە بۆ ئەوە بووە کە هەمیشە بە شوێنێکی پیرۆز بمێنێتەوە.

دەقە فارسییە کۆنەکە بریتییە لە ٤١٤ هێڵ لە پێنج گۆشە -ستووندا، ئەم نووسینانە لە خوارەوەی پەیکەری داریوش و نۆ لە (یاخیبووان)ـە، داریوش بە سەر ئەو نۆیە زاڵ بووە و ئەسیری کردوون.

دەقە ئیلامییەکە ٥٩٣ هێڵ-ـە لە هەشت ئەستووندا، وەک بەشێک لێی دووبارەبۆتەوە، هەرچی دەقە بابلیۆنەکەیە لە ١١٢ هێڵ -ڕیزە کە لە سەر بەردێکی ڕوو دەرپۆقیو لە دوو تەختایی لە چەپی فیگەرە نەقشکراوەکان نەقشێندراوە.

لەم هەڵکۆڵینەدا داریوشی گەورە بە خۆی دەڵێت: پاشای نۆیەمی ئەخمینی(٤) وا پێدەچی هەر نۆ پاشاکەی ئەخمینی، ماڵباتی بن و ئاوابن:

١- ئەخمینیس(ئەخمینی)

٢- تێسپیس و دوو کوڕەکەی

٣- ئاریارامنێس

٤- کۆرشی یەکەم

ئەو دوو کوڕەی تێسپیس دوو لقی ماڵباتی جیاوازی ئەخمینیان پێکهێناوە، پاش مردنی باوکیان مەملەکەتەکەیان بۆ دوو بەش دابەش کردووە: ئاریارامنێس بۆتە پاشای فارستان ؛ کۆرش بۆتە پاشای (ئەنشان). لە کۆرش -ەوە سێ پاشای تر لە دوای کۆرشی یەکەمەوە هاتوون کە بریتین لە:

٥- کامبسیسی یەکەم

٦- کۆرشی دووەم، کە خۆی بە کۆرشی گەورە ناودەبرد

٧- کامبسیسی دووەم، فەتحکەری مصر

دوو پاشا لە دوای ئاریارامنێس هاتن:

٨- ئارسامێسی کوڕی، کە کۆڕشی دووەم لە دەسەڵات لایبرد.

٩- داریوشی گەورە نەوەی ئارسامێس.

### نووسینەکانی داریوش لە شاخی بێستوون دەربارەی میدییەکان

نووسینەکانی شاخی بێستوون دەربارەی یاخیبوونی بابلی و ئیلامی و فارسی و میدییە، لێرەدا ئێمە تەنیا ئەو نووسیانە وەردەگێڕین کە دەربارەی ڕاپەڕینی شازادە میدییەکانن لە دوای هەرەسی حوکمڕانی میدی.

١٣-١٧" پیاوێکی میدی کە ناوی فراڤارتیش (فراوەرتێس)بوو لە میدیا ڕاپەڕی، بە خەڵکەکەی وت: من (خشاساریتا)م لە ماڵباتی یوڤاخشاترا (کەی ئەخرێس)، لە پاشان هێزی میدی کە لە کۆشک بوون و دژی من یاخی بوون و بەگەڵ فراوەرتێس کەوتن، ئەویش جاڕی دا کە پاشای میدیایە."

١٨-٢٨" داریوش دەڵێت: ئەو سوپا فارسی و

میدییەی لە ژێر دەسەڵاتی من بوو، ئەویش هێزێکی بچووک بوو، لەپاشان من سوپاکەم بۆ سەر فراوەرتێس بە سەرۆکایەتی ڤیدارنا (هیدارنێس)ی فارسی کە یەکێ لە ڕەعیەتەکانم بوو، هەنارد و وتم: بڕۆن بەرەو پێشەوە، ئەو سوپایەی میدی کە وەلای خۆی بۆ من پیشان نادات، تەمبێ بکەن و سزای بدەن، هیدارنێس پێشڕەوی کرد، کاتێک گەیشتە میدیا، لە شارۆچکەیەک بەناوی (ماروش) لە میدیا لەگەڵ میدییەکان بەیەک گەیشتن: ئەو کەسەی خۆی بە ڕابەری (ڕیش سپی) میدییەکان دەزانی ئەوکاتە لەوێ نەبوو.

ئاهورامەزدا یارمەتی دام هەر بە پشتیوانی ئەویش سوپاکەم، دڕندانە سوپای یاخیبوونی تێکشکاند. ٢٧ ڕۆژی مانگی ئاناماکا بەسەرچوو، شەڕەکە لە تەڕەف ئەوانەوە دەستی پێ کردەوە، سوپاکەی من لە قەزای کامپادا چاوەڕێی منیان کرد تا دەگەمە میدیا." (ل٤٢)

لە ل٤٨ یش هاتووە:

٧٠-٧٨" داریوش دەڵێت: لە پاشان فراوەرتێس بە خۆی و چەند ئەسپ سوارێک ڕایکرد لەوێ قەزایەک لە میدیا هەبوو بەناوی ڕاگا (ڕەی) ئەویش بەرەو ئەوێ چوو، منیش سوپایەکم بە دوای هەنارد، سوپاکە (فراوەرتێس)ی گرت و بۆ منیان هێنا، منیش لووت و هەردوو گوێ و زمانم بڕی، چاوێکم دەرهێنا، لە دەرگاکەی خۆم بەستمەوە، هەموو خەڵک بینیان، لە پاشان لە هەمەدان تێلاترێنم کرد، هەروەها ئەو پیاوانەی لایەنگری فراوەرتێس بوون لە بەرەی شەڕ هەر هەموویم لە حامیەی هەمەدان لە سێدارەدا." (٥)

**پەراویزەکان:**

١- ئەم وتەیەی ئارسامێس تەواو گریمانی زاموا هەڵدەوەشێنێتەوە کە بەبێ دیتنی ئەم دەقانە بانگەشەی ئەوە دەکات کە داریوشی گەورە یەکەم ئاهورامەزداپەرێس بووە.

من هەرگیز بانگەشەی ئەوە ناکەم کە ئارسامێس یەکەم ئاهورامەزداپەرێس بوو بێت، بەڵکو گومانم وایە کە زۆربەی زەردەشتییەکان لە میدی و ئەخمینی ئەو دەستەواژەیە بۆ خۆیان بەکاردەهێنن، هەروەها لەوانەیە ئەو ستایشکردنەی خوا دوور بێت لە دینداری ڕاستەقینە، بەڵکو هەروەک دینداریەکەی صەدام بووبێت، ئەویش دروشمی "توكلنا على الله"ی دەرهەق کوشتنی ژن و پیاو و منداڵی کورد بەکاردەهێنا!

٢- لە دیمەنەکەدا جگە لە داریوشی تیرهاوێژ، پەیتوون، کوژرانی دوو شێرەکە، دروشمی زەردەشتییەت دیارە، هەروەها لەوانەیە دوو شێرەکە هێما بن بۆ ئەشکانی و میدی!

٣- بێستوون ئەوسا بە بێهستان بەناوبانگ بوو.

٤- زۆربەی سەرچاوەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کە داریوش پاشای سێیەمی ئەخمینییە، کەسانی وەک تەها باقر و فەوزی ڕەشید و ڕەزا جەواد لە ل٤٧-٥٣ی (تاريخ ايران القديم) باس لەوە دەکەن کە داریوش، چوارەم پاشای ئەخمینی بووە!

٥- دڵشاد زاموا بێ دیتنی خودی دەقەکە لە سەرچاوەی کتێب ئامێز لە ژمارە (٣) ی گۆڤاری خاڵ، دەقێک بەناو نووسینی شاخی بێستوون دەگوازێتەوە کە ٧ هەڵەی زانیاری لە خۆ دەگرێت:

**لە بەراوردکردنی دەقی ئەصڵی داریوش لە شاخی بێستوون لەگەڵ دەقی ساختەی نێو حەکایەت و کتێبانی متمانەپێنەکراو، حەوت هەڵەی زەق بەرچاو دەکەون:**

١- دەقە ساختەکە بە زاری داریوش دەڵێت: قسەکەی داریوش لە بڕگەی ٢٥ دایە، کەچی ڕاستییەکەی بەشی یەکەمی قسەکانی داریوش لە دێری ١٣، هەروەها کۆتاییەکەشی لە دێڕی ٧٨ دایە!!!

ئەو (بڕگەی ٢٥)ت لە کوێ هێنا؟؟!

٢- دەقە ساختەکە بە زاری داریوش دەنووسێت: بەرەو میدیا بەڕێ کەوتم، کەچی لە نووسینەکەی بێستوون هاتووە ئەو بە خۆی سەرەتا بۆ میدیا نەچووە، بەڵکو (ڤیدارنای) بە سوپایەکی فارسی و میدی هەناردووە!!!

٣- دەقە ساختەکە بە زاری داریوش دەنووسێت: کە گەیشتمە شاری کوندور، کەچی لە دەقەکەدا هاتووە: هەردوو هێز، هێزی ڤیدارنا و هێزی فراوەرتێس، لە شاری (ماروش) بە یەک گەیشتن!!!

شاری کوندورت لە کوێ هێنا؟

٤- دەقە ساختەکە بە زاری داریوش دەنووسێت: فەراڤەرتێش وتی: من خەشاترینتی (پاشا)م، نەوەی کەیئەخساریس (کەیخوسرەو)م، پاشاکەی میدیا، کەچی لە دەقەکەی شاخی بێستوون وشەی (شا) و (نەوە)



**مۆری لوولەکی داریوش**

نەهاتووە تەنیا فەراوەتێش وتوویەتی من خەشاتریتام لە ماڵباتی یوڤاخشاترا (کەیئەخرێس)، ئامۆزا و زاوا و کوڕە خاڵ دەتوانن بێژن من لە ماڵباتی (کەیئەخرێس) -م! خوێنەری بەڕێز دیقەت بدە وشەی (شا) و (شازادە) لە دەقە ئەصڵییەکە بوونیان نەوەی نییە!!!

٥- دەقە ساختەکە بە زاری داریوش دەڵێت: لەگەڵ من شەڕی کرد، لەجەنگێکدا بە یارمەتی ئاهورامەزدا کە پشت و پەنام بوو، لە ژێر چاودێری ئاهورامەزدا دا سوپاکەی فەراڤەرتێشم بەزاند، کەچی لە دەقەکەدا هاتووە نەک داریوش، بەڵکو ڤیدارناش شەڕی لەگەڵ فراوەرتێس نەکردووە!!!!

٦- دەقە ساختەکە بەزاری داریوش دەڵێت: لە ٢٥ی نیسانی ساڵی ٥٢٢ پ.ز ئەو شەڕەمان کرد، کەچی لە دەقەکەدا هاتووە داریوش و فراوەرتێس هیچ شەڕیان لەگەڵ یەک نەکردووە، هەروەها شەڕی نێوان دوو هێزەکە لە(٢٧)ی ئاناماکا بووە. وەرگێڕی مێخی بۆ ئینگلیزی لە ل٣٩ دەربارەی مانگی ئاناماکا دەنووسێت: "ئاناماکا (دە)یەم مانگی تەقویمی فارسی کۆنە بەرانبەر مانگی کانوونی یەکەم و کانوونی دووەم، کەواتە شەڕەکە بە هیچ جۆرێک لە مانگی نیسان نەبووە، ئەدی مانگی (نیسان)ت لە کوێ هێنا؟؟!!!! هەروەها بە هیچ جۆرێک باسی ساڵی ٥٢٢ نەکراوە، ئەدی ئەم ساڵەشت لە کوێ هێنا!!!

٧- دەقە ساختەکە بە زاری داریوش شتێکی ترسناک دەنووسێت: سی و چوار هەزار و چوار سەد و بیست و پێنج میدی-م لێکوشتن

کەچی لە دەقەکە هاتووە بە ژمارە باسی کوژرانی یەک میدی ناکات، بەڵکو تەنیا ئەو لایەنگرانەی فراوەرتێسی لە بەرەی جەنگ لە حامیەی هەمەدان هەڵواسی!!!

ئەو ٣٤٤٢٥ لە کوێ هێنا؟

**ژێدەر:**

**Ralph Norman Sharp: The Inscriptions in Old Persian Cuneiform of The Achaemenian Emperors.**

# تێڕوانینی جیاواز
# لە سێ شانۆگەریی
# (سەلاحەددینی ئەیوبی) دا

موحسین محەمەد

شەوی ١٨٩٣/٣/٢٨ لەسەر تەختەی شانۆی (خانەی ئۆپرای خدێوی) لە وڵاتی میسر (سلێمان حەداد) بە شانۆگەریی (سوڵتان سەلاحەددین و ڕیتشارد شێردڵ) تەواوی تەختەی شانۆکانی وڵاتانی عەرەبی دەهەژێنی، دوای ئەو شەوە، شانۆگەرییەکە زنجیرەیەک پێشاندانی شانۆیی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، نزیکەی چارەگە سەدەیەک دەخایەنێ، پێشاندانەکان لە میسرەوە دەچنە مەغریبی عەرەبی و لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، شانۆگەرییەکە پێچێک بەکوردستاندا دەکات، لە هەولێر و ڕواندز و کۆیە دەگیرسێتەوە. ئەو شانۆگەرییە لە کوردستان بە (سەلاحەددینی ئەیوبی) ناسراوە، (ئازاد جوندیانی)، نووسەرساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەم جار باسی پێشاندانی ئەو شانۆگەرییە دەکات، کە لە ساڵی ١٩٣٩ لە هەولێر نمایش کراوە، بەڵام ئەو نەیدەزانی ئەوە دوایین پێشاندانی شانۆگەرییەکە بووە، نووسەر (فەیسەڵ دەباغ) یش لەهەمان ڕۆژنامە (العراق) بەدواداچوونێک بۆ بابەتەکە دەکات.

ڕەخنەگری شانۆیی (محەمەد تەیموور) ساڵی ١٩٨٦، کۆنترین پێشاندانی ئەو شانۆگەرییە دەدۆزێتەوە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢١ لە هەولێر پێشکەش کراوە، نووسەر پێشاندانەکانی کوردستان دەداتە پاڵ هەمان زنجیرە پێشاندانەکانی شانۆی میسری و دەڵێت: شانۆگەریی (سەلاحەددینی ئەیوبی) لە نووسینی (نەجیب حەداد)ە، لە پێنج پەردەی پەخشان و شیعرێک پێکهاتووە و لە شانۆگەری (تەلیسم)ی والتەر سکۆت وەرگیراوە، نووسەر (مەغدید حاجی) بە پشتبەستن بەم وتارە، لە کتێبی (ئافرەت لە شانۆی کوردی دا) ١٩٨٩ ئەم هەواڵە دووبارە دەکاتەوە. (د. فەرهاد پیربال) لەسەر هەمان سەرچاوە، لە کرۆنۆلۆژیای شانۆی کوردی، ڕامان ١٩٩٧ و کتێبی مێژووی شانۆی کوردی، ٢٠٠١ ئەم

هەواڵە وەک خۆی سێبارە دەکاتەوە کە لاپەڕەکانی مێژووی شانۆی عەرەبی هەڵدەدەینەوە، دەبینین بابەتەکە زۆر لەوە گەورەترە وەک ڕووداوێکی شانۆیی تەماشا بکرێت.

(سێر والتەر سکۆت) ١٧٧١ -١٨٨٢ ڕۆمانی (تەلیسم)ی نووسیوە، نەک شانۆگەریی، کە لە جەنگی خاچهەڵگرەکاندا باسی ئازایەتی سەڵاحەددینی ئەیوبی دەکات، لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، سەڵاحەددینی ئەیوبی بە ئازایەتی و خانەدانیی توانیویەتی، دوژمنەکانی بکاتە دۆستی خۆی، ئەم هزرە نوێیە لە ژیانی (سەڵاحەددینی ئەیوبی)دا کاریگەریی لەسەر هزری نووسەرانی ڕۆژئاوا پەیدا دەکا، لەوانە (والتەر سکۆت) نووسەری ڕۆمانەکە، بە پێی توێژینەوەکان، ئەو ڕۆمانە زەمینەیەکی مەزنی ڕەخساندووە لە پەیدابوونی یەکەمین دەقی شانۆیی بە بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکی موسڵمانی ڕۆژهەڵات، بەڵام بە تێڕوانینی ڕۆژئاوا.

ڕۆشنبیرانی عەرەب لەکۆنەوە تا سەردەمێکی نزیکیش لەبەر بێ کەسی کورد، بەچاوی سەرکردەیەکی عەرەبی ئیسلامی لە (سەڵاحەددینی ئەیوبی)یان دەڕوانی، ڕەوتی شانۆی عەرەبی لە قۆناغی یەکەمی پێشاندانە شانۆییەکاندا نەیتوانی لەژێر کاریگەریی نووسەری ڕۆمانەکە بێتە دەرەوە. (سلیمان حەداد) کە لە خانەوادەیەکی ئەدەبی گەورەی لبنانییە، مامۆستای



**نەجیب حەداد (١٨٧١ – ١٨٩٩)**
**بە تێڕوانینی ڕۆژئاوا لە ١٨٩٣**
**(سوڵتان سەڵاحەددینی ئەیوبی و ڕیتشارد شێردڵ)**

زمانی عەرەبی و فەڕەنسی بوو، لە دوادوای سەدەی نۆزدە کە شانۆی عەرەبی لە میسر گەرموگوڕی پەیدا دەکات، واز لە وانەبێژی دەهێنێ و دەچێتە تیپێکی شانۆیی وەک ئەکتەر بەشداری لە کارە شانۆییەکاندا دەکات، ساڵی ١٨٩٣ دەرفەتێکی دێتە پێش بۆ پێکهێنانی تیپێکی شانۆیی تایبەت بەخۆی، بۆ ئەم مەبەستە ڕێگەی پێ دەدرێ چەند ڕۆژێک شانۆگەرییەکەی لە (خانەی ئۆپرای خدێوی) نمایش بکات. (نەجیب حەداد)ی کوڕی ئەوکاتە نووسەر و وەرگێڕی ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری بوو، زەینی دەچێتە سەر ڕۆمانی (تەلیسم) لەماوەیەکی کورتدا شانۆگەریی (سەڵاحەددینی ئەیوبی و ڕیتشارد شێردڵ) ئامادە دەکات. ڕاستییەکەی دەقەکە وەک بنیادی شانۆیی بە وەرگێڕدراو/ وەرگیراو – ئامادەکراو (ترجمة – اقتباس – إعداد) تەماشادەکرێت، ئەمەش سەرەتای پەیدابوونی شانۆی عەرەبی بووە لە میسر و تەواوی وڵاتانی عەرەبی، دواتر ئەم دەردە کوردستانیشی گرتەوە.

(ئیبراهیم عەریس) لەبارەی چیرۆکی تەلیسمە مێژووییەکەوە دەڵێت: هەندێ لە نووسەرانی ئینگلیز لەو بڕوایەدان لە شوێنێکدا لە هەرێمی لانارکشیر لەلای خانەوادەی (لۆکهارت) و (ال لی) پارێزراوە، هەندێکیش لەو بڕوایەدان ئەو چیرۆکە بوونی نییە. بەگشتی چیرۆکی تەلیسمەکە دراوەتە پاڵ سەڵاحەددینی ئەیوبی لە جەنگی خاچهەڵگرەکاندا کە چەندە دژی




**ڕۆمانی تەلیسم، نووسینی والتەر سکۆت**
**شانۆگەریی (سەڵاحەددینی ئەیوبی)**
**نمایشی هەولێر، ١٩٢١**

هەڵمەتی خاچهەڵگرەکان بووە، لەدواجاریشدا شکستی پێ هێناون، بەڵام سەرکردەیەکی ئەوەندە لێبووردە بووە، تەنانەت جارێکیان کە ڕیتشارد شێردڵ بریندار دەبێت، سوڵتان سەلاحەددین بۆ خۆی تیماری دەکات، هەر بۆ خۆشی لەو کاتەدا تەلیسمەکەی بە ڕیتشارد شێردڵ داوە، عەریس دەڵێ بۆچوونی دیکەش هەیە. چیرۆکەکە درێژە و مەبەستی من لێرەدا، تێڕوانینی نووسەرانی ڕۆژئاوایە بۆ پێناسەکردنی کەسایەتی سەلاحەددینی ئەیوبی.

(نەجیب حەداد) ئامادەکاری شانۆگەرییەکە، ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە وەک خۆی نەهێناوە، بەڵکو چەند لایەنێکی لێ وەرگرتووە، هەندێ شیعری عەرەبیشی خستۆتە سەر تا لەگەڵ هەست و سۆزی ئەو سەردەمەی بینەری شانۆی عەرەبی بگونجێ کە سەرکەوتنێکی شانۆیی بێ وێنەی بەدەست هێنا. (سلێمان حەداد)ی دەرهێنەر هەرچەندە لە بنیادنانی تیپەکەو پێشاندانە شانۆییەکە ناودارییەتی زۆری پەیداکرد، بەڵام هەر زوو وازی لە کاری شانۆیی هێنا و گەڕایەوە سەر پیشەی وانەبێژی خۆی، ئەو دوورکەوتنەوەیە دەرفەتی بۆ تیپە شانۆییەکانی دیکە ڕەخساند بەردەوامی بە پیشاندانی شانۆگەریی (سەلاحەددینی ئەیوبی و ڕیتشارد شێردڵ) بدەن، لەوانە تیپی شانۆی (سلێمان قەرداحی) کە لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا شانۆگەرییەکەی لە چەندان شاری میسر پێشان دا، لە مێژووی ئەو شانۆگەرییەدا (ئەسکەندەر فەرح) وەک دووەمین دەرهێنەر پتر لە دە ساڵ برەوی بە شانۆگەرییەکە دا. (سەلامە حیجازی) گۆرانیبێژ، ئەکتەری سەرەکی تیپی ئەسکەندەر فەرح بووە. ساڵی ١٩٠٥ (سەلامە حجازی) لە (ئەسکەندەر فەرح) جیادەبێتەوە، تیپێکی شانۆیی سەربەخۆ دادەمەزرێنێ، جگە لە تیپ و کۆمەڵەکانی دیکە، سەلامە حجازی بۆ ماوەی دە ساڵی دیکە بەردەوام دەبێت لە پێشکەش کردنی (سەلاحەددینی ئەیوبی و ڕیتشارد شێردڵ). (نەجیب حەداد) لەم شانۆگەرییەدا تاکو ساڵی ١٩١٥ تاکە نووسەری شانۆیی دەبێت بە تێڕوانینی (واڵتەر سکۆت) بۆ کەسایەتی سەلاحەددینی ئەیوبی، هەموو ئەو ماوەیەش نزیکەی چارەگە سەدەیەک دەبێت.

ڕۆژی ١٩١٥/٣/١٦ وەرچەرخانێکی نوێ لە شانۆی میسری و عەرەبی ڕوودەدا، تیپی شانۆی (عەکاشە) لە (خانەی نواندنی عەرەبی) ڕێکلامی پێشاندانی شانۆیی (سەلاحەددینی ئەیوبی و فتوحاتەکانی) لە نووسینی (فەرەح ئەنتوان) بڵاودەکاتەوە، هەرچەندە ئەو ڕاگەیاندنە کێشەی یاسایی بۆ تیپەکە دروست دەکات، بەڵام ئەوان هەر لەسەر پێشاندانەکە سوور دەبن، ئەو شەوە پێشاندانێکی نوێ بە تێڕوانینێکی عەرەبی بۆ کەسایەتی



**فەرەح ئەنتوان (١٨٧٤ - ١٩٢٢)**
**بە تێڕوانینی عەرەبی لە ١٩١٥**
**شانۆگەریی (سەلاحەددینی ئەیوبی لە ئۆرشەلیم)**

سەلاحەددینی ئەیوبی ڕووبەرێکی دیکەی شانۆی میسری و عەرەبی داگیردەکات. دەقەکە لە بنەڕەتدا ناوی (سەلاحەددینی ئەیوبی و شانشینی ئۆرشەلیم)ە. (د. سەید عەلی ئیسماعیل) دەڵێت: لەو کاتەی شانۆگەریی (سەلاحەددینی ئەیوبی و شانشینی ئۆرشەلیم) نووسینی (فەرەح ئەنتوان) پەیدا بوو، دەقەکە تا شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، بوو بە جێی متمانە بۆ نمایشی تیپە شانۆییە عەرەبییەکان.

(جۆرج ئەبیەز) کە ئەستێرەیەکی ناوداری شانۆی میسری و عەرەبی بوو، هەر لەو ساڵەوە مافی پێشاندانی شانۆگەرییەکە لە (فەرەح ئەنتوان) دەکڕێ. لە گەشتە شانۆییەکانی بۆ وڵاتانی شام و عێراق (جۆرج ئەبیەز) دەقی دووەمی پێشان داوە نەک دەقە شانۆییەکەی (نەجیب حەداد)، لە یادداشتەکانی (سوعاد ئەبیەز) دا بە ڕوونی ئەمە بەدیارکەوتووە. ساڵی ١٩٢٠ (جۆرج ئەبیەز) لەگەڵ (فەرەح ئەنتوان) ڕێک دەکەون کە گەشتێک بۆ وڵاتانی مەغریب بکەن، لەو گەشتەدا شانۆگەریی (سەلاحەددینی ئەیوبی و شانشینی ئۆرشەلیم) پێشان دەدەن، کەچی (خەراف محەمەد) لەساڵی ١٩٨٠ دەڵێت: ساڵی ١٩٢٣ تیپێکی شانۆیی سەردانی وڵاتی مەغریب دەکات، دوو شانۆگەریی پێشکەش دەکات، سەلاحەددینی ئەیوبی نووسینی واڵتەر سکۆت و ڕۆمیۆ جولێت نووسینی شەکسپیر، نەجیب حەدادیش هەردوو دەقەکەی وەرگێڕاوە، من دڵنیام

محەمەد تەیموور سوودی لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە. ڕاستییەکەی والتەر سکۆت ڕۆمانی (تەلیسم)ی نووسیوە، شانۆگەریی نەنووسیوە، نەجیب حەداد لەسەر ئەم ڕۆمانە شانۆگەریی سەلاحەددینی ئەیوبی و ڕیتشارد شێردڵی ئامادەکردووە و زۆر شتیشی خستۆتە سەر.

شانۆی عەرەبی عێراقی چەشنی شانۆی مەغریبی عەرەبی کەوتۆتە ژێرکاریگەریی ڕەوتی شانۆی میسری. ساڵی ١٩٢١ کە هەمان ساڵی پێشاندانی شانۆگەریی (سەلاحەددینی) هەولێرە، ئەندازیار (ئەرشەدەفەندی ئەلعەمەری) لە مووسڵ شانۆگەرییەک بەناوی (سەلاحەددینی ئەیوبی) پێشان دەدا، هەندێ لە نووسەرانی کورد وای بۆ دەچن، پێشاندانەکەی هەولێر هەمان پێشاندانەکەی شاری مووسڵە، ڕاستییەکەی ئەم بابەتە بەتەواوی یەکلایی نەبۆتەوە، بەڵگەی زانستیمان لەبەردەستدا نییە، داخوا هەردوو پێشاندانەکە هەمان دەقەکەی (نەجیب حەداد)ـە؟ یان ئەوەی (فەرەح ئەنتوان)ـە؟ لە چاوپێکەوتنێکی (محەمەد تەیموور) لەگەڵ (حەقی شبلی)دا چەند دواندنێکی نەجیب حەدادی خوێندۆتەوە، حەقی شبلی بۆی تەواو کردووە، لە ڕووی زانستییەوە ئێمە بۆمان نییە ئەو دڵنیاییەی محەمەد تەیموور ڕەت بکەینەوە، چونکە حەقی شبلی بۆ خۆی لە گەشتە شانۆییەکانیدا بۆ کوردستان، شانۆگەریی سەلاحەددینی ئەیوبی پێشکەش کردووە.

(د. سەید عەلی) دەڵێت: دوای شکستی فەلەستین لە ساڵی ١٩٤٨ کەسایەتی (سەلاحەددینی ئەیوبی) بوو بە کەسایەتی سەرەکی لە بەرجەستەکردنی شانۆییەکاندا، نووسەری شانۆیی (عەبدڕەحمان ساعاتی) برای (حەسەن بەنا) دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیخوان، شانۆگەریی (سەلاحەددینی ئەیوبی ڕزگارکەری فەلەستین) دەنووسێ. بەمەش سێیەمین دەقی سەلاحەددینی ئەیوبی بە تێڕوانینێکی جیاوازتر لە دوو تێڕوانینەکەی پێشوو، یەکەم: تێڕوانینی ڕۆژئاوا بۆ کەسایەتی سەلاحەددین. دووەم: تێڕوانینی عەرەبییانە بۆ کەسایەتییەکە. سێیەمیش: بەتێڕوانینی ئیسلامییانە بۆ کەسایەتی سەلاحەددینی ئەیوبی. ئەم شانۆگەرییە لە کوردستان نمایش نەکراوە، ئەوەی دەمێنێتەوە، دوو دەقەکەی پێشووە، پێویستە یەکلایی بکرێتەوە کە لە ماوەی هەژدە ساڵدا ١٩٢١ - ١٩٣٩ چەندان جار، لە هەولێر و ڕواندز و کۆیە نمایش کراوە. ئەوەی کە زۆر لەم گێڕانەوە مێژووییەدا گرنگە، هزری بابەتەکەیە کە تێدەگەین کەسایەتی سەلاحەددینی ئەیوبی چەندە پێوەندی بە هزری جیاوازی مرۆڤایەتییەوە هەبووە، ئەوەندەش لە شانۆی کوردیدا شاردراوە بووە. بەبۆچوونی من، زاڵبوونی



**عەبدڕەحمان ئەلساعاتی - ئەلبەننا (١٨٨٤ - ١٩٥٦)**
**بە تێڕوانینی ئیسلامی لە ١٩٤٨**
**(سەلاحەددینی ئەیوبی ڕزگارکەری فەلەستین)**
**لە کوردستان نمایش نەکراوە**

هەردوو هزری عەرەبی و هزری ئیسلامی لە بەرجەستەکردنی ئەو کەسایەتییە و فەرامۆشکردنی هزری ڕۆژئاوا، وای لە شانۆی کوردی کرد لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابوردوو لە نمایشکردنەوەی ئەم شانۆگەرییە بەتەواوی دووربکەوێتەوە، بێ گومان هۆکاری سەرەکیش بۆ گەشەکردنی هەستی ڕزگاری نەتەوەیی لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە.


**سەرچاوەکان:**

**١- خراف محمد، نشاة المسرح المغربي... گۆڤاری الاقلام ٦ ساڵی ١٩٨٠.**

**٢- سعاد ابيض، جورج الابيض، المسرح المصري في مائة عام، دار المعارف بمصر ل٢٢١ - ٢٢٦.**

**٣- د. سيد علي، الحلقة الثانية، المسرح العربي المجهول. مجلة كواليس عدد ٢٦ ابريل ٢٠١١.**

**٤- ابراهيم العريس، الطلسم، ل(ولتر سكوت)، الحياة ٢٠١٤.**


**تێبینی: وێنەکان و ڕوونکردنەوەکان پێوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە.**




# دکتۆر گلاس جوانی و ئیرەیی

**هاشم سەڕاج**

«ڕۆژەکان دێن و دەڕۆن، هەر یەکێکیشمان لەوی تریان دەچێت»
**«گلاس»**

جوانی هەمیشە دڵ پڕووکێنە و مرۆڤیش لەناوەوەڕا بریتییە لە غەریزەگەلێکی جۆراوجۆر، ڕۆمانی «دکتۆر گلاس» لە نووسینی ڕۆماننووسی سوێدی یالمار سۆدێر باری «١٨٦٩- ١٩٤١» ، دلاوەر قەرەداغی لە سوێدییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم تێکستە لە بنەڕەتدا یادداشت و گێڕانەوەی کەسێکی دکتۆرە بەنێوی تێکۆگابریل گلاس، ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٩٠٥ وەک کتێب دەرچووە و بڵاوبووەتەوە، دلاوەر قەرەداغی لە پێشەکییەکەدا بەنێوی چەند وشەیەک لە بارەی دکتۆر گلاس دەڵێت: [ ڕەخنەگران بە لووتکە و یەکێک لە هەرە جوانترین کارەکانی سۆدێرباری دەزانن..] لەلایەکی دیکەوە ئەم ڕۆمانە لە ڕووی مۆڕاڵ و ویژدانەوە مشتومڕێکی زۆر هەڵدەگرێت، ئایا ڕەوایە تۆ کەسێک بکوژیت لەپێناو ڕزگارکردنی کەسێکی تردا، ئەم تێمەیە خوێنەر بەرەو کۆمەڵێک پرسیار و لێکدانەوە و تێڕامان و بیرکردنەوە ڕادەماڵێت و هاوکات دووچاری جۆرێک لە خەمۆکی و نیگەرانی دێت.

ئەم تێکستە لە ڕووی تەکنیکی گێڕانەوەوە زۆرتر جەختی لەسەر خۆدواندن کردووە و دکتۆر گلاس زۆرجار لە فیکردا دەچێت و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، یان ئەوەتا لە ڕێگەی دیالۆگەوە بەردەوامی بەکردەی نووسین دەدرێت، وێڕای بەکاربردنی تەکنیکی فلاشباک و خستنەڕووی چرکەکانی دەورانی منداڵی بەشێوازی نۆستالیژیا ، لە هەمان کاتدا دەقی گلاس کاری لەسەر جۆرە وەسفگەراییەکی شیعری کردووە، گرتە و دیمەنەکانی لە شوێنکاتی جۆراوجۆردا بەشێوەیەکی گەرموگوڕ و کورتبڕی دەخرێتە ڕوو، بە تایبەتی لایەنی جوانی شوێن و دیمەن و گرتە ئێستێتیکییەکان [ تەنانەت لەژێر درەختە گەورەکەی گۆڕستانەکەشدا چ فێنکاییەک نەبوو، بەڵام تاڕادەیەک لەسەر هەموو سەکۆکان، جووتێک دانیشتبوون و چپەچپیان بوو، هەندێکیشیان لەسەر ئەژنۆی ئەوی دیکەیان دانیشتبوون و بە چاوانێکی خومارەوە یەکتریان ماچ دەکرد...ل١٢] ، هەروەها دەقی دکتۆر گلاس.. لە ڕووی جیهانبینییەوە هەڵگری باکگراوندێکی قووڵی مەعریفییە و مانەندی تێکستێکی سایکۆلۆژی بەشێوازێکی دەروون شیکاری کاری لەسەر خودی یەکەیەکەی کارەکتەرەکان کردووە، لەوانە..

دکتۆر گلاس، قەشە گریگۆریۆس، هێلگا گریگۆریۆس-ی هاوسەری قەشە.

لە ڕۆمانەکەدا تەنیا دووجار ناوی هێلگا دەهێنرێت ئەگەرنا هەر بە خاتوو گریگۆریۆس ناوی دەبرێت، خاتوو مێرتێنس، مارکێل، کلاس ڕێکی، بێرک...تاد یالمار سۆدێر باری لەم ڕۆمانەدا لەلایەنی فەلسەفییەوە سوودی لە «ئەپیکۆرۆس» و «شۆپنهاوەر» و «نیتشە» وەرگرتووە، لەلایەنی دەروونیش دەستۆیڤسکی (١٨٢١-١٨٨١) و سیگمۆند فرۆید «١٨٥٦-١٩٣٩» سەرەڕای ئەمە ڕۆمانی دکتۆر گلاس لەبەر ئەوەی هەڵگری پاشخانێکی مۆسیقییە، تێیدا ئاماژە بە چەندان کاری مۆسیقاکاران دەدرێن، یەکێک لەوانە «ڤاگنەر»ـە، بۆیە هەست دەکەین دەقێکە بە هەستێکی شیعرگەرایی دادەڕژێت و چەشنی سمفۆنیایەک کۆتایی بە ڕووداوەکان دێنێت، هاوکات مامەڵەیەکی ورد و قووڵ لەگەڵ ئینجیل و کۆمەڵێک گوتەی (مەسیح)دا دەکات، من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم زۆرتر کار لەسەر چەمکی جوانی و ئیرەیی بکەم، بە تایبەتی جوانی ڕوخسار و لەش و لاری هێلگا گریگۆریۆس-ی ژنی قەشە گریگۆریۆس دکتۆر گلاسی خاوەن کلینیک تەمەنی گەیشتووەتە سی و سێ ساڵ و هەرگیز لە ژنێک نزیک نەبووەتەوە، هاوکات دکتۆر گلاس حاڵەتێکی سەیری شۆپنهاوەری تێدایە کە حەز بە بینینی مرۆڤی ڕەزا تاڵ، یان چرچاوی ناشیرین ناکات و زۆرجار بە بینینی ئەم جۆرە دەموچاوانە دڵی تێک هەڵدێت و تووشی هێڵنجدان دێت، هەڵبەتە ئەم حاڵەتە لە ڕۆمانەکانی (دەستۆیڤسکی)دا بە پەرشوبڵاوی باسی لێوەکراوە، بەڵام دواتر لە ڕۆمانی «هێڵنجدان- الغثیان» و کورتە چیرۆکی القاتل- بکوژەکە-ی جان پۆل سارتردا «١٩٠٥-١٩٨٠» وەک بابەتێکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بکوژەکەی سارتر لە خۆوە ڕقی لە کابرایەک دەبێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی بەرغەبابەی شۆڕبووەتەوە و ئەم دیمەنە ئازاری چاوەکانی دەدات و یەکسەر دەمانچەی لێ ڕادەکێشێت و خەریکە بیکوژێت، کابرا خۆی لە ئاودەستی هوتێلێکدا حەشار دەدا، هەمان بابەت لە ڕۆمانی (اللص و الکلاب- دز و سەگەکان»ی نەجیب مەحفووزدا دووبارە بووەتەوە، ئینجا دکتۆر گلاس هەمیشە لە شەقام و بازاڕەکاندا خۆی لە قەشە گریگۆریۆس بە دوور دەگرێت و حەز ناکات چاوی پێی بکەوێت، چونکە بە دیتنی قەشە هێڵنجی دێتێ، لە هەمان کاتدا دکتۆر گلاس خاوەن هەستێکی سەیری ئێستێتیکییە، دڵی بە دیمەن و ڕوخساری جوان دەکرێتەوە، حەز بە تەنیایی و هێمنی و پیاسەی شەقامەکان دەکات، هەمیشە شەرابی چابلیس دەخواتەوە و جۆرە جگەرەیەکیش دەکێشێت تووتنەکەی ڕێژەیەک لە ژەهری تێدایە.

دکتۆر گلاس، بیست ساڵ لەوەوبەر لە کڵێسای یاکوب قەشە گریگۆریۆسی بینیوە ئەو کاتەی کە دایکی کۆچی دوایی کرد، قەشە لەسەر کورسی وەعزدان دانیشتبوو، هەمان دەموچاوی قەڵەو و خوڵەمێشی، خەنافسێکی پیس و زەرد کە دەشێت ئێستا کەمێک سپی بووبێت.. دکتۆر گلاس لە نائاگاییەوە خوازیاری مردنی قەشە گریگۆریۆسە، هەڵبەتە ئەم حاڵەتە لە ڕۆمانەکانی (دەستۆیڤسکی)دا هەیە، هاوکات بەغیلی بە قەشە دەبات کە ئەم ژنە جوانەی هەیە، هەر نەبێت دوای مردنی ئەو دەعبایە خاتوو هێلگا لەو ژیانە دۆزەخییە ڕزگاری دەبێت و [کاتێ دەمرێت شوو دەکاتەوە و مێردێکی زۆر باشتر بۆ خۆی پەیدا دەکات]، بەڵام کلینیکەکەی دکتۆر ئاوەڵایە و ژن و مێرد، واتە قەشە و خاتوو گریگۆریۆس هەریەک بەجیا سەردانی دەکەن، قەشە نەخۆشی دڵی هەیە و نەختێک «دیگیتالیس»ی بۆ دەنووسێت [بەڵام پێم وایە گەر بمتوانیبایە لە ڕێی دەستنان بە دوگمەیەکی دیوارەکەدا ئەو قەشەیەم کوشتبا، ئەوە چ سێ و دووم لێ نەدەکرد و دەمکوشت]، هەڵبەتە ئەم ڕۆمانە وێڕای خۆدواندن بە تەکنیکی کەسی یەکەمی تاک نووسراوە و دکتۆر گلاس خۆی ڕووداو و بیرەوەرییەکان دەگێڕێتەوە، [من دکتۆر تیکو گابریل گلاس کە جاروبار یارمەتی کەسانی تر دەدەم، بەڵام هەرگیز نەمتوانیوە یارمەتی خۆم بدەم، بەوەی کە سی و سێ ساڵم پڕ کردووەتەوە هەرگیز لە ژنێک نزیک نەبوومەتەوە] لە هەمان کاتدا خاتوو گریگۆریۆس کە شەش ساڵە هاوسەری قەشە گریگۆریۆسە، بە دکتۆر گلاس دەڵێت «قێزێکی زۆرم بەرانبەر مێردەکەم لەلا دروست بووە» قەشە تەمەنی ٥٦ ساڵە و لە ڕادەبەدەر حەزی لە سێکسە، هێلگاش لەژێرەوە دەستی لەگەڵ یەکێکی تر تێکەڵ کردووە، داوا لە دکتۆر دەکات چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، من لەم خوێندنەوەیەدا حەز ناکەم سەرجەم ڕووداوەکان بگێڕمەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە دەمەوێت بڵێم کەسایەتی قەشە لەم ڕۆمانەدا هەم لەلایەن هێلگای هاوسەرییەوە ڕەت دەکرێتەوە، هەم لەلایەن (دکتۆر گلاس)ەوە، گلاس کە دەیبینێت هێڵنجی دێتێ و هێلگاش بە هەمان شێوە قێزی لێ

دەبێتەوە، بەڵام دکتۆر گلاس لە هەمان کاتدا جوانپەرستێکی ئیرەییبەرە، پێی مەخابنە هێلگای شۆخوشەنگ ژنی ئەو قەشەیە بێت، دکتۆر لە ناخرا هێلگای خۆش دەوێت، دەشزانێت لە ژێرەوە دەستی لەگەڵ «گلاس ڕێکێ» تێکەڵ کردووە، دواتر دکتۆر گلاس دەگاتە حاڵەتێک ئیتر بەرگەی ئەو عیشق و جوانییە ناگرێت و داوای ماچێکی لێ دەکات، ماچێک لە گۆنات، دکتۆر گلاس وەک مرۆڤێکی هێمن و تەنیا و نیگەران هەمیشە بڕوای تەواوی بە چێژ بینینە، چێژ لە تریفەی مانگ و جریوەی ئەستێرەکان و پیاسەی ئێواران وەردەگرێت، واتە بڕوای بە چێژێکی ئەپیکۆری هەیە کە هێدی هێدی دەبێتە چێژێکی گیانی، پێی وایە شادی چەمکێکی ئەبەدی هەیە، بەڵام مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کاتی کە لەنێو زەماندا دەژیت و هەر لەویاش ون دەبێت، پێویستی بەچێژبینین هەیە، چێژبینین لە جوانی، لە چرکەساتەکانی ژیان، بەڵام قەشە گریگۆریۆس وەک بوونەوەرێکی بێ وەی و بێ ئاگا لەو پیلانە، دەبێتە نێچیری حەز و ئارەزووە غەریزەییەکانی دکتۆر گلاس و خاتوو هێلگا..

دەقی دکتۆر گلاس بابەتێکی تریش دەورووژێنێت، گوایە قەشە گریگۆریۆسی ناتوانێت منداڵ بخاتەوە، چونکە لە ژنی یەکەمیش منداڵی نەبووە کە ماوەیەک لای بووە و دواتر لە پڕێکدا سەری ناوەتەوە، هەروەها خاتوو هێلگا.. تاڕادەیەک بە ئارەزووی خۆی شووی بە قەشە کردووە، هێلگا سەرەتا لە دڵداری یەکەمدا شکستی خواردووە، هەروەها لە دارستانەکەدا کابرایەک ویستوویەتی بە زۆری سێکسی لەگەڵ بکات و پەلاماری داوە و کەچی بە زۆر خۆی لە دەستی کابرا دەرباز کردووە.

جار جارە بیر لەو چرکە سێکسییانە دەکاتەوە، هاوکات دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت قەشە گریگۆریۆسی لە کۆڵ بێتەوە، بەڵام گلاس لە یازدە ساڵیدا قوتابی پزیشکی بووە و لە بیست و سێ ساڵیدا بووەتە دکتۆر، هەروەها لە ژیانیدا کچێکی خۆش ویستووە دواتر کچە لە کاتی مەلەدا خنکاوە، کەچی دکتۆر گلاس ئێستا لە کلینیکەکەیدا دانیشتووە و خاتوو گریگۆریۆس پێی دەڵێت: ئەم شەو قەشە بەشێوەیەک پەلاماری دام وەک ئەوەی بیەوێت لاقەم بکات، مرۆڤ بەرهەمی کردەی لاقەکردنە، گلاس هەمیشە لەگەڵ ناوەوەی خۆی دەدوێت و دەنگێک لەناوەوەیڕا دەچرپێنێت [قەشە وریابە ها! من گفتم بەو ژنە داماوەی ئەوێ، بەو ژنە گوڵەپرچ زەردە ئاوریشمییە داوە کە لە تۆی بپارێزم، وریابە ژیانت لەبەردەستی مندایە و گەر بمەوێت..] دەتوانم بڵێم زۆربەی کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە لە سەرەتاوە دووچاری جۆرێک لە شکست و نشوستی هاتوون، هێلگا گەرچی لە خانەوادەیەکی ئایینی پەروەردەکراوە، بەڵام لە منداڵییەوە خاوەن گیانێکی کەرنەڤاڵی بووە و کاتێک ئیشی ناوماڵی دەکرد گۆرانی دەگوت، یان کە بە جادەکاندا دڕۆیشت لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەگوت، هێلگا دەڵێت: من هەمیشە عاشق بووم، پێشم وانەبوو ماچکردن شتێکی زۆر ترسناک بێت، من عاشقی کوڕێکی گەنج بووم و ماچی کردم، لێرەدا دەق سنووری دابونەریت و مۆراڵە تەقلیدییەکان دەبەزێنێت و گوزارە لە حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکانی خودی مرۆڤ دەکات، ئەی ئەو پیاوە قۆزەی کە خۆشم دەویست و دواتر دەستە خوشکەکەمی هێنا، پیاوەکە لە دارستانەکەدا پەلاماری دام ویستی سێکسم لەگەڵ بکات، من خۆم لە دەستی دەرباز کرد، ئەگەر بمهێشتبا، ڕەنگە شووم بەو کردبا و منداڵی ورد و ماڵم هەبان و هەرگیز بیرم نەکردبا ژنێکی خیانەتکاربام، بەڵام «من لە حەژمەت ترس و شەرم خۆم لە ئامێزیدا ڕاپسکاند و ڕام کرد، بەرەو ژیانە سووتێنەرەکە ڕام کرد» بەڵام کە قەشە گریگۆریۆس لە ڕێگەی باوکمەوە خوازبێنی کردم وامدەزانی ئەمە خواستی خودایە.. دەکرێ بڵێم دەقی دکتۆر گلاس لە بنیادی قووڵدا کۆمەڵێک ئاماژە و مانای نەگوتراو دەدرکێنێت و زۆربەیان ئاراستەی ناوەوەی بوونی مرۆڤ دەکرێن، واتە مرۆڤ لەناوەوەیدا بوونەوەرێکی دڕندەو خۆپەرستە، وێڕای بێ ئەمەکی و چڵێسی و ڕووبینی، ئیرەییبەرێکی بێ وێنەیە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت خۆی لەم خەسڵەتە دەرباز بکات، مرۆڤ بەغیلی بە هەموو شتێک دەبات، هەر لەبەر ئەمەشە بە مەرگ سزادراوە، چونکە بوونەوەری ئیرەییبەر و خۆپەرست ناکرێت خەسڵەتی ئەبەدییەت لەخۆ بگرێت.

دکتۆر گلاس هەم کەسێکی جوانپەرستە و حەزی بە جوانییەکانی سروشت و کەشوهەوای کۆدورگەکان دێت، هەم خووی داوەتە ئامادەکردنی کەپسوولی ژەهراوی، دکتۆر لە ڕووکەشدا بەرژەوەندی «قەشە گریگۆریۆس»ی لا گرنگە، ژووری پێ جیا دەکاتەوە و هانی دەدات کە ئەوەندە سێکس نەکات و لە خاتوونەکەی دووربکەوێتەوە و هاوکات دەرمانی «دیگیتالیس»ی بۆ دەنووسێت تا لاوازی دڵی بۆ چارەسەر بکات، لەناوەوەش خەریکی پیلان دانانە کە چۆن ئەو بوونەوەرە قێزەونە لەنێو بەرێت و لە

دەرفەتێکدا بە حەبێکی ژەهراوی دەرمانخواردی بکات، چونکە دکتۆر هەم مرۆڤێکی ئێستێتیکییە و هەم ئیرەییبەرە، لەناوەوەڕا عاشقی هێلگای ژنی قەشەیە و بەغیلی بە قەشە دەبات کە چۆن دەبێت ئەم شۆخە ژنە قژ ئاڵتوونییە هاوسەری ئەم دەعبایە بێت، سەرەتا لە نائاگاییەوە بڕیاری کوشتنی قەشە دەدات، دواتر لە کەشێکی هێمن و دانیشتنێکی پڕ لەخۆشی و میهرەبانی و دۆستانەدا بە ئاوی ڤیجی حەبێکی ژەهراوی دەرخوارد دەدات، قەشە بە سەکتەی دڵ سەردەنێتەوە، دکتۆر گلاس وێڕای ئەوەی قەشە لەنێو دەبات ئیرەیی بەوەش دەبات کە چۆن دایکی قەشە تا ئێستا لە ژیاندا ماوە، کەواتە دەقی دکتۆر گلاس زۆرتر کار لەسەر ناوەوەی چەپەڵ و دڕندەی مرۆڤ دەکات، ئەم تێکستە سایکۆلۆژییە هەڵگری سیمبۆلگەلێکی بێ شومار و چەندان مانای داخراوە، دەشێت، خوێنەر چەشنی دەقێکی کراوە بیخوێنێتەوە و هەر جارێک کار لەسەر بابەتێک بکات، چونکە تا دێت لە بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و چوارچێوەی مۆراڵە تەقلیدییەکان تێکدەشکێنێت و بە تایبەتی کردەی هاوسەرگیری کە ڕوحی مرۆڤ لە چوارچێوەیەکدا قەتیس دەکات و لە ئازادی مرۆڤ کەم دەکاتەوە، واتە لە سەرەتادا چێژ هەبوو، دکتۆر گلاس بڕوای تەواوی بەچێژی کاتی هەیە و حەز دەکات لەو چرکانەی کە تێیدا دەژیت، چێژ لە جوانی هەموو شتێک وەربگرێت، دکتۆر لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی نیگەرانە و حەز بە تەنیاییش دەکات، یان گۆشەگیرێکی جوانپەرستە و بە ڕوخساری کرێت و دزێویش دەکەوێتە حاڵەتی هێڵنجدان، ترسناکترین حاڵەتی هێڵنجدانی دکتۆر گلاس ئەوکاتە بوو کە لە پەنجەرەی کلینیکەکەیەوە چاوی بە قەشە کەوت، خەریک بوو ڕووی لە کلینیکەکەی دەکرد یەکسەر بە بەردەستەکەی گوت دەرگاکە دابخەو بڵێ لێرە نییە، ئیتر دەستی کرد بە ڕشانەوە، ڕشانەوەیەک کە لە بنەڕەتدا ئاراستەی بوون و گەردوون و چەپەڵی ناوەوەی مرۆڤ دەکرێت، لە ڕوویەکی ترەوە دکتۆر گلاس هەمیشە لەگەڵ چرکە خۆش و ناخۆشەکانی ڕابوردوودا دەژیت، هەندێک جار دەبێتە بارستاییەک لە نۆستالیژیا، ئاخر بۆ پاییزی ڕابوردوو دەستم نا بە ڕووی هانس فاهلێنەوە کاتێک هات بۆ لام و داوای پەنجا کرۆنی بە قەرز لێ کردم؟ ڕاستە من زۆر کەم ئەوم دەناسی، بەڵام هانس هەفتەی دواتر ملی خۆی بڕی! ئەی بۆچی خۆم فێری گریکی نەکرد، چوار ساڵ گریکم خوێند، کەچی فڕم پێوەی نییە، یان لای مێزەکەی دادەنیشت و چەکمەجە دوای چەکمەجە دەردەکێشێت، لە کاغەز و شتی کۆن دەڕوانێت، پارچەی بچووکی ڕۆژنامەی بڕدراو، وێنە و کاغەزی زەردهەڵگەڕاو، دکتۆر هۆگرێمێر.. ئایا دوای ئەم ژیانە ژیانی تر هەیە؟ جارێکیان نادادپەروەرانە لێدانم خوارد، باوکم هەرگیز ئارام نەبوو، بە دەگمەن شادمان بوو، کە ئاواش بوو، نەشیدەتوانی بەرگەی شادمانی خەڵکانی تر بگرێت، بەڵام حەزی لە ئاهەنگکردن بوو، لە خەڵکە دەسبڵاوە غەمگینەکان بوو، ئەو دەوڵەمەند و بە هەژاری مرد [من وەک کوڕێکی بچووک دەبوو مەلەی لەگەڵدا بکەم، باوکم دەیویست فێری مەلەم بکات، دەبوو لە ژوورێکدا لەگەڵیدا بنووم، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشیم دەویست، جارێکیشیان ڕقم لێی بووەوە، چونکە بەرانبەر دایکم میهرەبان نەبوو، کاتێ دایکم نەخۆش کەوت و مرد، تێبینیم کرد زیاتر خەفەتبارترە لەوەی من بەو تەمەنە پازدە ساڵانەیەی خۆمەوە دەمتوانی خەفەتبار بم. ئیدی لەوە بەدوا نەمتوانی ڕقم لێی بێت].

لێرەدا دکتۆر گلاس هەستی مەرگ دایدەگرێت و لە ناخڕا هەست بە جۆرێک لە پەژارە و خەمۆکی دەکات، ئێستا دایک و باوکی نەماون، زۆربەی ئەو هاوڕێیانەشی کە لە دەورانی منداڵیدا بەیەکەوە یارییان دەکرد، زۆربەیان مردوون، ئێرنستی برای سەفەری بۆ ئوستورالیا کرد، کەس نازانێت ماوە، یان مردووە، ئالیستی کچە جوانەکەی پووری، کە لای پیانۆکەوە دادەنیشت و بە چاوانێکی خەواڵووەوە و بەدەنگێک کە ئاگری لە دڵی مرۆڤ بەردەدا، گۆرانی دەگوت، شووی بە مامۆستایەکی پیر و کەنەفت کرد، ئەی ئاننای خوشکی بە کولمە هەڵایساوەکانییەوە، سەماکارێکی بی هاوتا بوو، پیاوە سەرسەرییەکەی خۆی جێ هێشت و چوو بۆ لای سەرسەرییەکی تر.. دەڵێن ئێستا لە شیکاگۆ بە پارەی جەستەی دەژی.

ئەی باوکیان، مەرگ چ تاعوونێکە لە ماوەیەکی کورتدا هەموویانی ڕامالی، هەندێک جار بیری خۆکوشتن گەمارۆی دەدات، گەر مرۆڤ نەختێک سیانکالیوم بکاتە پەرداخێک شەراب، یان شتێکی ئەوەوە، دەسبەجێ مردنی بەدوادا دێت، دکتۆر گلاس پێی وایە هەژاری ترسناکترین کارەساتە، لەلایەکی دیکەوە بڕوای تەواوی بە مافی مردن هەیە، واتە بەرانبەر بە مافی ژیان، چونکە مردن مرۆڤ لە ئازارەکان ڕزگار دەکات، ئەو هەڵماتە بچووک و ڕەشانەی کە ئامادەی کردوون، لە کات و شوێنی خۆیدا بۆ ئەو نەخۆشانە بەکاریان دێنێت، کە دووچاری شێرپەنجە، گەزەنەک،

کوێری، ئیفلیجی... هاتوون، [ژمارەیەکی زۆر خەڵکانی داماوم بینیون کە بەبێ هیچ دوودڵییەک لەم حەبانەم پێ دەدان.. پێویستە هەموو نەخۆشییەکی بێ هەتوان، هەروەها هەموو تاوانبارێکیش خاوەن مافی یارمەتیدانی دکتۆر بن، ئەگەر بیانەوێت ڕزگاربن.. شتێکی جوان و گەورە لەم جامی ژەهرەدا هەیە کە ئەسینییەکان لێگەڕان دکتۆر بیداتە سوکرات کاتێک گەیشتنە ئەو بڕوایەی ژیانی وی بۆ وڵات خەتەرە.. واتە بە ساناترین شێواز لە نێویان برد..] ئەگەر لەسەردەمی ئێستا بوایە، دەبوایە بە تەورێک سەری لە ملی جیا بکەنەوە.. دکتۆر گلاس خاوەن کەسایەتییەکی سەیرە، دەکرێ بڵێم ئێستێتیکییەکی بوونگەرا و بوونگەرایەکی ئێستێتیکییە، وێڕای ئەمەش هەڵگری جۆرێک لە تارماییەکانی شێتییە، بەڵام شتێیەکی شاراوە، «هێی ژیان من تێت ناگەم» دکتۆر چەندان مندالّی سەقەت و مەنگۆلی بە هەمان شێواز و بە مردنی میهرەبان لەنێو بردووە، دکتۆر گلاس لە بنەڕەتدا کەسێکی نیهلیستییە و دەزانێت دواجار چارەنووسی مرۆڤ ڕووە و تاریکییە، لە دیالۆگەکەیدا لەگەڵ مارکێل و بێرکدا دەڵێت: جیهان لەگەڵ ئاشقاندا میهرەبان نییە، دواجاریش هەمیشە ڕێگەی ئەوان و ئێمەیش هەر بە تاریکی کۆتایی دێت، لەم بەشەدا بابەتی وەهمی بەختەوەری و چێژ دەورووژێنرێت، دکتۆر گلاس بڕوای تەواوی بە چێژ بینین هەیە، هاوکات ئاماژە بە گوتەیەکی فرۆید دەدات کە دەڵێت: [بەڵام بەشە نائاگایانەکانی بوونی ئێمە هەزاران جار گەورەتر و بە هەژموونترە لە بەشە ئاگایانەکان، دەی هەر ئەم بەشەشە کە بڕیار دەدات] لەم بەشەدا هەمدیس ئاماژەیەک هەیە بۆ نیتشە و کتێبی دێرینی زەردەشت [زۆر کیژی جحێڵی پاقیژە لێرەوە دەڕۆن، کە هێشتا هیچ پیاوێک دەستی بەریان نەکەوتووە و لە بە تەنیایی نووستندا ناگەشێنەوە، ئەوانە دەبێ خاوەن مێردی باش بن. تا ڕادەیەک وایگوت زەردەشت، زەردەشتە ڕاستەقینەکە، زەردەشتە دێرینەکە، نەک ئەوەی قامچییەکەی بەدەستەوە] هەڵبەتە دەستەواژەی قامچییەکە.. لێرەدا ئاماژەیە بۆ گوتەیەکی نیتشە، بەڵام دکتۆر گلاس ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە پیاو بە قامچییەوە ڕووبەڕووی ئافرەت ببێتەوە، نیتشە وەک حالّەتێکی پێویست ئەم حالّەتە دەخاتەڕوو، ڕەنگە بەشێکی مەبەستەکە لایەنی سادییەتی پیاو و مازۆخیەتی ئافرەت بگرێتەوە، ئەمەیش لە هەندێک ڕووەوە پێوەندی بە چرکەکانی چێژبینین و ئازارەوە هەیە، کە دکتۆر گلاس زۆرتر مرۆڤێکی نیگەرانی جوانپەرستی چێژپەروەرە، لێرەدا باس لە چێژی بەد و ڕیزپەڕ دەکات کە پابەندە بە خەیاڵ و ئارەزووی سێکسییەوە، لەم خاڵەوە دەکرێت بڵێین لە سەرەتادا چێژ هەبوو، دواتر بە جێگیربوونی یاسا و ڕێساکان لە خشتە برا، ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆچوونێکی نیتشەییە، واتە چێژی بەد ئێستا لەنێو خود و خەیالّی مرۆڤدا دەخولێتەوە، [ئاخۆ بنیادەم دەتوانێت ئاوها لەگەڵ ژنێکدا بکات؟ لێ گەڕێ یەکێکی تر لە ئامێز بگرێ بەو خەیالّەوە کە ئەو کەسە منم، ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێت وا بکات؟]

هەروەها لەم بەشەدا سەبارەت بە مەرگی قەشە گریگۆریۆس ئاماژەیەکی شاراوە و خێرا بە مەرگی «زوسیما»ی ڕۆمانی «برایانی کارامازۆف»ی دەستۆیڤسکی» دەدرێت، زوسیما، یان ئەو پیاوە ئایینییەی کە ڕۆژانە سەدان کەس سەردانیان دەکرد و کاتێک مرد لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لەشی بۆگەنی کرد، لە کاتێکدا زوسیما خاوەن لەشێکی لاواز بوو! «لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی خەڵک دوای مردن بۆن دەکەن و ئیدی مرۆڤ دەیاننێژێ، بەڵام ئەگەر کەسێک بە زیندوویی بۆن بکا «مەبەستی قەشە گریگۆریۆس»ـە.. ئەوە دەبێ مرۆڤ بیکوژێت] دکتۆر گلاس دوای کوشتنی قەشە گریگۆریۆس هەست بە چێژێکی سادیزم دەکات و پێی وایە خاتوو هێلگای لە چنگی دەعبایەک ڕزگار کردووە [خزمەتێکی ناسکم بەو ژنە جاحێڵە کرد و دەگەیەکی بەدیشم لەو قەشە بڵحە دا، بەڵام گلاس لە ناخەوە بەغیلی بەو ژن و مێردە دەبرد، بە تایبەتی جوانی هێلگا فریوی دابوو، بۆ جاری دووەم ئاماژە بە دەستۆیڤسکی دەدرێت، ئەم جارەیان ڕۆمانی «تاوان و سزا»یە کە «ڕاسکۆلیکۆڤ» تەورێ لە پیرێژنەکە دەدات و پیرێژنە سووخۆرەکە چەشنی تەرمێک هورووژمی بۆ دەبات] دکتۆر گلاس هەمان کردەی کوشتنی ئەنجام داوە و لەپێناو ڕزگارکردنی هێلگا قەشە گریگۆریۆسی کوشتووە، لەلایەکی دیکەوە دکتۆر گلاس کەسێکی سروشت پەروەرە و حەز دەکات چێژ لە جوانییەکان وەربگرێت [من دەمەوێ بۆ دوور سەفەر بکەم، من گەرەکمە دارستان و شاخ و ڕووبارەکان ببینم، گەرەکمە بە کتێبێکی بەرگی بچووکی جوان تێگیراوەوە لە گیرفاندا، بە ژێر درەختە سەوزە گەورەکاندا بڕۆم و بیر لە شتی جوان و باش و ئارام بکەمەوە...] هەروەها حەزی لە ئەسپسواری و مەلەیە.

دەقی دکتۆر گلاس لەگەڵ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ هێماگەلێکی زۆری

میسیولۆژیای یۆنانی، یان گریکیدا کردووە هاوکات دیمەنی سەعاتچییە پشت کۆمەکەی کۆڵان کە دکتۆر سەرقاپی سەعاتێکی بێ میلی لێ دەکرێت... ئەم کەسایەتییە واتە سەعاتچییە پشت کۆمەکە.. هەمان کەسایەتی پیرەمێردە پشت کۆم و وردەواڵە فرۆشەکەی ڕۆمانی «بوف کور- کونە پەپووی کوێر»ی سادق هیدایەت «۱۹۰۳-۱۹۵۱»م بیر دەخاتەوە هەردوو کەسایەتی بەشێوەیەکی ترسناک دەردەکەون، دکتۆر گلاس سەرقاپە کە بۆ شاردنەوەی دەنکە حەبەکان بەکاردێنێت و لە گیرفانیدا دەیشارێتەوە «ئەو حەبە سیانکالیۆمانەی جارێک لە جاران بەجوانی ئامادەم کردوون و لەکاتی ئامادەکردنیاندا جگە لە خۆم بیرم لای کەسی تر نەبووە، ئیدی هەڵبەت ڕۆڵی خۆیان دەبینن.. هەڵبەت نابێ هیچ شتێک بەو شێوەیە ڕوبدات کە پۆلیس خانەگومان بکات کەس نابێت بزانێت کە قەشە حەبی دراوەتێ ئەو دەبێ مردنێکی تەواو سروشتی، بە سەکتەی دڵ بمرێت، تەنانەت خاتوونیش نابێ سووسەی هیچ شتێکی تر بکات..] لێرە و لەم بڕگەیەدا دکتۆر گلاس سەرلەبەری دڵ و دەروونی لێوانلێوە لە ترس و دڵەڕاوکێ، هاوکات بڕیاری ئەوەی داوە کە هەر چۆنێ بێت دەبێ قەشە گریگۆریۆس لەنێو بەرێت.. و کارە دۆزەخییەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت، چونکە عاشقی هێلگایە و چێژ لە بینینی جوانییەکەی وەردەگرێت و دەشیەوێ لەم بوونەوەرە ڕەزا گرانە ڕزگاری بکات.. لە هەمان کاتدا خاتوونی گریگۆریۆس جار جارە هەستێکی نیهلیستی گەمارۆی دەدات و دەڵێ: من حەز دەکەم بمرم، زۆر زۆر حەز دەکەم بمرم، بەڵام باوەڕ ناکەم لەدوای مردنەوە شتێک هەبێت، هێلگا ئاماژە بە گوتەیەکی میسرییەکان دەدات کە ڕوحیان بە مەلێک چواندووە و دوای مەرگ لەشەقەی باڵ دەدات، بەڵام مەلیش چەند بفرێت هەر بە عەردەوە پەیوەستە، ئەم ڕستەیە بۆچوونە فەلسەفییەکەی- هایدگەر-م بیر دەخاتەوە، کە بەشێنەیی کۆتایی بە فەلسەفەی میتافیزیکی ئەفلاتوونی دەهێنێت و هەموو شتێک واتە پابەندی زەوی - عارد- دەکات، چەمکی فەلسەفە لە ئاسمانەوە دادەبەزێنێتە سەر زەوی، هێلگا لە پڕێکدا دەڵێ: [کەوتمە ئەوەی فێربم جەستەی خۆم بناسم، فێربم هەست بکەم و تێبگەم کە جەستەم خۆمە] گوتم: بەڵێ جەستەتان دەزانێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرێت...» ئەم هەستی نیهلیستی و دڵەڕاوکێی بوونگەراییە هەم لای دکتۆر گلاس بوونی هەیە هەم لای هێلگا.. هەڵبەتە خۆشترین چرکەی ژیانی دکتۆر گلاس لەم حاڵەتە ئێستێتیکی و چێژ بینینەدا چڕ دەکرێتەوە کە تێیدا داوای ماچێک لە خاتوو گریگۆریۆس دەکات.

«- گوتم پێم خۆشە گۆناتان ماچ بکەم، دەتوانم؟ ڕووپۆشەکەی هەڵبڕی و گۆنای هێنایە پێش ماچم کرد.

- حەز دەکەم نێوچەوانتان ماچ بکەم، نێوچەوانتان جوانە کاتێ کڵاوەکەم داگرت، با گلۆڵە مووی تەنکی سەرمی دەهێناو دەبرد، سەرمی لەنێوان دەستە گەرمە نەرمەکانیدا گرت و شکۆدارانە وەک ڕێوڕەسمێک نێوچەوانی ماچ کردم».. دکتۆر گلاس وێڕای عیشق و شەیدایی بۆ هێلگا، چێژ لە جوانی چاو و قژی خاتوو «مێرتێن»یش وەردەگرێت، بەڵام دکتۆر گلاس دوای ئەنجامدانی کوشتنەکە هەم هەست بە خۆشی دەکات هەم گوناح و تاوانباری لەبەرچاویدا گوڵە سوورەکانی نێو ژوورەکەی ڕەش دادەگەڕێن و گوڵی ڕەش و تاریک و خەون و ژیان ئاوێزانی یەکدی دەبن، ژیان بە وەهمێک دەزانێت و هەست بەتەنیاییەکی ڕەهای ترسناک دەکات و هەتا «کریستین»ی کارەکەریشی لە ماڵەوە نییە، دڵەڕاوکێیەکی کوشندە داگیری دەکات، [زۆر زوو، مرد دایکم، بەڵام خۆشە کە مردووە].. تا بەو تاوانەی نەزانێت، ئەی ئێڤامێرتێنس تا ئەم ساتە تێناگەم دوێنێ چۆن نەمتوانیوە ببینم، چۆناوچۆنیش کچێکی ئاوها میهرەبان و جوان بە خەیاڵ-دا هاتووە لەبەری ئەوبەری دۆزەخەوە گوڵ بۆ گوناحبارێکی وەک من بنێرێت].. [ئەمڕۆ ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنەکەیە لە کڵێسای یاکوب.... ئەو بەچارشێوە ڕەشەکەیەوە سەری داگرتبوو و پێڵووی هەڵنەدەبڕی].

دکتۆر گلاس لە کڵێسای یاکوب و لەکاتی بەشداریکردنی لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەدا، زەینی دەبێتە یەک پارچە لە نۆستالیژیا، گەڕانەوە بۆ دەورانی منداڵی، چرکەکانی دایکی و ئەو کچە جوانەی کە خۆشی دەویست، بەڵام دکتۆر گلاس دوای ئەنجامدانی کوشتنەکە هێدی هێدی دەگاتە حاڵەتێکی سەیر و لە قووڵایی دەروونەوە هەست بە خۆشی و جۆرێک لە چێژ دەکات کە ڕاڤە ناکرێت، لە خۆشیان پێوەندی بە «مارکێل»ی هاوڕێیەوە دەکات تا بەیەکەوە بچن لە «هاسێلپاکێن» بخۆنەوە، دکتۆر گلاس حەزی لە شەرابی چابلیسە.

لێرەدا ئەم تێکستە وەک پرشنگی نووسین و دەقئاوێزان، یەکەم دکتۆر گلاس لە چرکەی خۆشی و خۆشنوودییەکدا دەژیت هەمان چرکەی

«دیمتری»یە لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆڤی دەستۆیڤسکی)دا دیمتری وەک کەسایەتییەکی ڕۆمانسی لەم ڕۆمانەدا کە ژوانی لەگەڵ یارەکەیدا هەیە، عارەبانەیەک ڕادەگرێت پڕی دەکات لە میوە و خۆراک و بیرە و وێسکی و موعەلەبات، ئینجا بە کابرای عەرەبانچی دەڵێت لێ خوڕە و بیهاژۆ، ئەویش قامچییەکەی دەستی دەوەشێنێ و ئەسپی عەرەبانەکە جۆش دەدات، دکتۆر بە هەمان شێوە جوانترین جلوبەرگ دەپۆشێت و لەگەڵ (مارکێل)ی هاوڕێی سواری عارەبانەیەک دەبن تا بیانگەیەنێتە هاسێلپاکێن ئەم حاڵەتی قامچی وەشاندن و ئەسپی عەرەبانە، هەم لە ڕۆمانەکانی (دەستۆیڤسکی)دا زۆر باسی لێوە کراوە، هەم لای نیتشە، چونکە لە ڕووی دەروونییەوە پێوەندی بە حاڵەتی سادیزم و دڕندەیی مرۆڤەوە هەیە، هەمان دیمەنی عەرەبانە و قامچی وەشاندنی عەرەبانچییەکە کە بێ ویژدانانە ئاراستەی ئەسپی عەرەبانەکە دەکرێت، دەکرێت لەم ڕۆمانەدا مەبەست لە کەسایەتی «لوسالومی ئەندریاس ١٨٦١- ١٩٣٧» بێ لوسالومی ئەو کچە ڕووسییە یەهودییەیە کە دۆستایەتی هەریەک لە فریدریک نیتشە «١٨٤٤- ١٩٠٠» و ڕیلکەی شاعیری نەمساوی و فرۆید و (پۆل ڕێ)ی فەیلەسووفی گەنجی کردووە، لوسالومی کە تەمەنی بیست و یەک ساڵان بوو نیتشە ئەوکات لە تەمەنی سی و هەشت ساڵیدا بوو، داوای هاوسەرگیری لە لوسالومی کرد، کەچی ئەو کچە ڕووسییە ئەم هاوسەرگیرییەی ڕەت کردەوە، زۆربەی بیرمەندان هۆکاری شێتبوونی نیتشە بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێننەوە، لوسالومی ماوەیەک دەچێتە نێو بازنەی دەروونشیکاری فرۆیدەوە و وەک قوتابییەکی زیرەک و بەرچاو بایەخ بە بابەتی دەروونشیکاری دەدات و دواتر شوو بە پرۆفیسۆر ئەندریاس دەکات، مەبەستم ئەوەیە ڕۆمانی دکتۆر گلاس ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە کەسایەتی لوسالومی دەدات، بە تایبەتی لەو دیمەنەی کە ئاماژەم پێی دا، چونکە وێنەیەکی دێرینی لوسالومی هەیە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٨٨٢ دەگەڕێتەوە کە لەسەر عەرەبانەیەک وەستاوە و قامچییەکی لە دەستە و قامچییەکەی ئاراستەی کۆمەڵێک بیرمەند کردووە لەوانە نیتشە، پۆل ڕێ، ڕیلکە، فرۆید... واتە بە قامچییەکەی دەستی لە کۆمەڵێک بیرمەند دەدات، ئەو کچە ڕووسییە ناوی ڕاستەقینەی «لویزەفون سالومی)یە سەر بە خانەوادەیەکی بەڕەچەڵەک ڕووسی ئەڵمانی بووە، لوسالومی کچێکی گەڕیدەبوو، وتار و چیرۆک و ڕۆمان و بابەتی سایکۆلۆژی دەنووسی.

ئەم داتا و زانیارییانەم لە بارەی (لوسالومی)یەوە لە ئینتەرنێت وەرگرتووە کە هەریەک لە ئامانی ئەلدامرچی و فاتمە ئەلفەلاحی و مەحموود قاسم دەربارەی «لوسالومی»یان نووسیوە،.. هەڵبەتە ئەم دیاردەی قامچی وەشاندن و ئەسپی عەرەبانە لە ڕۆمانەکانی (دەستۆیڤسکی)دا بەشێوەیەکی بەرفراوان باسی لێوە کراوە. مەبەستم ئەوەیە ئەم حاڵەتی ئازار چەشتن و ئەشکەنجەدانە لای هەریەک لە (نیتشە) و (دەستۆیڤسکی) جەختی لەسەر کراوە، هەروەها لە ڕۆمانی (دکتۆر گلاس)دا ئاماژە بە خاتوو لێوینسون دەدرێت کە لەنێوان هێربێرت سپێنسێر «١٨٢٠- ١٩٣٠»ی فەیلەسووفی بەریتانی و نیتشەدا هاتوچۆی کردووە- ئیتر ئەم ڕۆمانە کۆتایی کراوەی بۆ خوێنەر جێ هێشتووە، دکتۆر گلاس بە شەقامەکاندا دەگەڕێت لە نزیک ماڵی قەشە گریگۆریۆس دەوەستێت و بیر لە خاتوو هێلگا دەکاتەوە لە دوورڕا بە حەز و خەیاڵێکی سێکسی لە ژوورەکانی ماڵەکە ڕادەمێنێت و خەفەت دایدەگرێت، دەبێت ئێستا هێلگا چی بکات و چۆن چۆنی قژی دادەهێنێت و چۆن ڕووت دەبێتەوە، لەو لاشەوە «کلاس ڕێکێ» حەز لە کچێکی تر دەکات، دەکرێ بڵێم زۆربەی کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە چەشنی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکانی دەستۆیڤسکی لە کۆتاییدا دووچاری شکست و نائومێدی دێن، ئەم دیاردەیە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی «ئورهان پاmووک»یشدا دووبارە دەبێتەوە.. مەبەستم ئەوەیە کە تێکست هەمیشە لە جیهانی ئاڵۆزی دەقئاوێزاندا دەخولێتەوە، چونکە دەقی پاڵاوتەوپەتی مەحاڵە بوونی هەبێت، ڕۆمانی «دکتۆر گلاس»یش بە هەمان شێوە هەڵگری پڕشنگی شاکارگەلێکی پێش خۆیەتی، بەڵام بە فۆرم و شێواز و دنیابینییەکی جیاواز، لە هەمان کاتدا بەشێک لە مانا و دەلالەتە داخراوەکانی دەقی گلاس بە هەمان شێوازی دەقئاوێزان دەبێتە دەقێکی کۆچەر و لە جیهانی دەقئاوێزانی تێکستگەلێکی تردا ڕەنگ دەداتەوە.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: دکتۆر گلاس**
**بابەت: ڕۆمان**
**نووسینی: یالمار سۆدێرباری**
**وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی**
**بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە (٩١٢)**
**چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٠٩.**




# کتێبی "غاية الحكيم" بەڵگەیەکی دیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەری ڕۆشنبیریی کوردی

ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

کتێبی "تاسەی پەرۆش بۆ زانینی هێمای نووسینەکان = شوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام"ی ئیبن وەحشییەی نەبەتی کە، خەیرەددین زیریکلی لە کتێبی الاعلام- دا دەڵێ: دوای (٢٩١ ی کۆچی / ٩١٤ ی زایین مردووە)، (١)

لەم کتێبەیدا کە بە قسەی خۆی ساڵی (٢٤١ ی کۆچی لە نووسینی بووەتەوە، باسی ئەو خەت و هێما نووسینانە دەکا، کە لە دێر زەمانەوە بەکار هاتوون و داهێنراون و دانەر کۆی کردوونەتەوە. یەک لەو خەتانە خەتی کوردییە و هەر بە دەقی نووسینی خۆی سی کتێبی بەو خەتە نووسراوەی لە بەغدا بینیوە و لە کاتی باسەکەدا لە شام "دیمەشق" بووە و دوو کتێبی لەوانە لەلا بووە، یەکیان لەبارەی چاندنی ڕەز و دارخورماوە بووە و ئەوی دیکەیان لەبارەی ئاوی ژێر زەوی و چۆنێتیی دەرکردنییەوە بووە، وەری گێڕاونەتە سەر عەرەبی و پێشکەشی گەنجینەی کتێبخانەی "عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان"ی عەباسی کردووە (٢) کە لە نێوانی (٢٦- ٨٦ ی کۆچی / ٦٤٦- ٧٠٥ ی زایین) دا ژیاوە.

پێشتر ئەگەرچی لەلایەن یووسف هامەر- ی خۆرهەڵاتناسی نەمسایییەوە ساڵی (١٨٠٦) لە ئەڵمانیا بڵاو کرابووەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەر دەستدا نەبووە، گومانێکی زۆری لە دەوروبەردا هەڵبەسترابوو، تەنانەت دوای ئەوەی لەم دواییانەشدا بە عەرەبیش چەند جارێک بڵاوکرایەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە (کوردی)یانەی ئەو سەردەمەی پێش نزیکەی هەزار ساڵ و پێشتریش هیچیان لەبەر دەستدا نەماون و نەزانراون، ئەو گومانانە هەر نەڕەویونەتەوە.

(د. ئەیمەن فوئاد سەیید)ی توێژەرەوەی کتێبی (الفهرست)ی ئیبنونەدیم، لەبارەی ئەم ئیبنونەدیم-ەوە دەڵێ:

"پیشەی وەک کتێبفرۆشی و نووسینەوە- وەرراق "وراق" بواری ئەوەی داوە زۆربەی ئەو کتێبانەی باسی کردوون ببینێ و هەوڵی دەستنیشان کردنی بەهای زانستی و ماددیی داوە، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە مافی ئەوەمان دەداتێ بڕوا بە قسەکانی بکەین کە ڕوونووسەکانی ئەم کتێب، یان ئەو کتێبەی بە دەستخەتی دانەرەکەی، یان بە دەستخەتی یەک لە زانایان دیتووە..". (٣)

"ئیبنونندیم کە (ساڵی ٤٣٨ ی کۆچی / ١٠٤٧ ی زایین) کۆچی دوایی کردووە (٤) لە ژێر ناوونیشانی (ناوی کتێبگەلێک دانایان دایاننناون و بینیومانن و باوەڕ پێکراوان پێیان گوتووین و بینیویانن و زانایان ئەم پیشەیەیان لەکتێبەکانیاندا باس کردوون."(٥)

ئینجا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە باسی کتێبێک دەکا (دەبێ کتێبی شوق المستهام) بێ و دەڵێ: "هەروەها کتێبێک بیست کتێبی تێدایە و ڕوونووسی ئەو نووسین "قەڵەم"انەی کیمیاگەری و جادووگەریی پێ دەنووسرێ، ئیبن وەحشییە باسی لێوە کردوون و بە دەستخەتی خۆیم خوێندووەتەوە."(٦)

ئیبن وەحشییە لەم کتێبەیدا "واتە کتێبی: شوق المستهام"دا، دیارە ڕکابەرێتیی کورد دەکا و لایەنگیری کلدانییە نەبەتییەکان دەکا "کە خۆی نەبەتییە". لە ناوونیشانی بەشی حەوتەمی کتێبەکەیدا ناوی ئەو نووسینانەی شایەکانی پێشتر دەبات و دەڵێ: "لە شایەکانی سریان و هرمسەکان و فیرعەونەکان و کلدانییەکان و نەبەتییەکان و (کوردەکان) و کەسدانییەکان و فورسەکان و قیبتییەکان"(٧)

کەچی لە بەشەکەدا چیی دیکە ناوی کورد ناهێنێتەوە، بەڵکو باسی نووسینی کوردیی خستووەتە دوابەشی کتێبەکەیەوە، ئەویش لەژێر ناوونیشانی "کۆتاییە تاقانەکە" و لە کۆتاییدا باسی لێوە کردووە. (٨)

دەبێ و دیارە ئەو دەمە، ئەو نووسینە کوردییە، ئەوەندە باو بووە نەیتوانیوە باسی لێوە نەکا و نەیویستووە ببێتە کەموکوڕی بۆ کتێبەکەی و زانیارییەکانی.

مامۆستا "جەمال جومعە" یەک لەوانەی بە توێژینەوەوە کتێبەکەی لە چاپ داوە، (ئیبن وەحشییەی نەبەتیی دانەری کتێبەکە) بە جیاکەرەوە و دەمارگرژیی نەتەوەیی ناو دەبا و دەڵێ: "باشترین نموونەی ئەمەش ئەو هێرشانەیەتی لە کۆتایی کتێبەکەیدا بۆ سەر کوردی کردووە."(٩)

بەڕای نووسەر "ئیبن وەحشییە"، کورد لە نووسین و زانستەکاندا ناگەنە کلدانییان، کە لە بەشی "کۆتاییە تاقانەکە"دا لەباسی (.. پەسنی نووسین بەپێی بۆچوونی کلدانییان)، ناتوانێ باسی کورد نەکا- بەلای کەمەوە وەک ڕەقیبێک- کە دەڵێ: "کلدانییەکان لەسەردەمی خۆیاندا لە زانست و زانیارییەکان و دانایی و پیشەکاندا لەهەموو کەس زاناتر بوون. (پێشینانی کورد) ویستوویانە لاساییان بکەنەوە و وەک ئەوان بن، بەڵام ئاسمان لەکوێ و ڕێسمان لەکوێ، بەڵکو بەهرەی کوردە پێشینەکان لە پیشەی جووتیاری و تایبەتمەندییەکانی ڕووەکدا بووە، خۆیان بە نەوەی" بینۆشاد دەزانن و دەڵێن "کتێبی جووتیاری"ی ئادەم "درووودی لێ بێ" و "کتێبی سغریت" و "کتێبی قوتامی"یان پێ گەیشتووە، بەهەرحاڵ دەڵێن "حەوت کتێبەکان" و "کتێبی پیرۆزی (دواتامی)ی مەزن" دەزانن و لافی جادوو و تەلیسم لێ دەدەن کە وەهاش نییە، بگرە لە ڕێی کلدانییانەوە نەبێ ئەم زانست و هونەرانەیان پێ نەگەیشتووە، کە لە پێشینەکانن و لەبەر ئەوە هەمیشە دوژمنایەتییەکی ئاشکرایان لە نێواندایە." (١٠)

ئەم قسانەی سەرەوە جێی سەرنج و تێڕامان و لێکۆڵینەوەن و بەڵگەیەکی تەواوی ململانێی ڕۆشنبیری و زانستەکانی ئەو سەردەمەن و بێ گومان هەر بەم قسانەوە دەردەکەوێ کورد ئەوسا لەڕیزی پێشەوەی ئەو ململانێیەدا بووە. بە قسەی نووسەر خۆی، کوردەکان خۆیان لە کلدانییان لە پێشەوەتر زانیوە، ئەمە هەرچۆنێک بێ ئەو ڕاستییە دەردەخا، کورد هەر هیچ نەبێ لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ململانێ ڕۆشنبیری و زانستییانەی ئەو دەمانەدا بووە.

تەنانەت "هاممەر"ی خۆرهەڵاتناسی وەرگێڕی بۆ ئینگلیزی و بڵاوکەرەوەی دەستنووسەکەش، هەر بەو جۆرە لەو ڕستانەی "ئیبن وەحشییە" دەگا کە بەراورد لە نێوانی کورد و کلدان دەکا و من کردوومە بە کوردی دەڵێ: "یەکەم هاوتا و ڕەقیبیان- واتە ڕەقیبی کلدانەکان- کوردەکان بوون"، دەقە ئینگلیزییە ڕەسەنەکەی خۆی بەم جۆرەیە:

Their First equals and rivals were the Curds (١١)

هەروەها کە ئیبن وەحشییە دەڵێ: "وانما کانت براعة الاکراد الاول في صناعة الفلاحة و خواص النبات.." کە من دەقاودەق بەم جۆرەم کردووەتە کوردی، دەڵێ: "بەڵکو بەهرەی کوردە پێشینەکان لە پیشەی جووتیاری و تایبەتمەندییەکانی ڕووەکدا بووە."(١٢)

هاممەر لە وەرگێڕانەکەیدا "کە من بەم جۆرەم کردووە بە کوردی" دەڵێ: "یەکەم بەهرە و تایبەتمەندییان ئەوەیە کوردەکان لە کشتوکاڵ و ڕووەکدا لە پێش ئەوانەوەن"، کە دەقە ئینگلیزییەکەی بەم جۆرەیە:

The first superiority the) Curds had over them. Was in

agriculture and bot-
any)(١٣).

* * *

کاتێک کتێبە چاپە عەرەبییەکانم دەست کەوت، بەپێویستم زانی وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی (١٤) و بڵاوم کردەوە، بەڵام بەوەوە نەوەستام و کەوتمە گەڕان و پشکنین، بۆ بەدەست خستنی دەستنووسەکان و چاپەکانی ئەم کتێبە، بە مەبەستی توێژینەوە و ڕوونکردنەوەی گەلێک لایەن و پەراوێز بۆ دانان، لەبارەی ئەو کەسانە "زانا و کیمیاگەر و پزیشک و جادووگەر و گەردووناس و ڕووەک و هی دیکە" کە ناویان لە کتێبەکەدا هەیە نەک تەنیا لەباسی خەتە کوردییەکە و باسەکەی لەبارەی کوردەوە، بەڵکو بۆ هەموو لایەنەکانی دیکە، لە سەرچاوە ڕەسەنە باوەڕ پێ کراوەکاندا گەڕام و تا ڕادەیەکی چاک کارم لە کتێبەکەدا کردووە و بۆ لەچاپدانم ئامادە کردووە.

لەم بوارەدا ئەم کتێبی "مەبەستی دانا و پەسندترینی دوو ئەنجامەکە بۆ پێشەوە بردن (غایة الحکیم و أحق النتیجتین بالتقدیم)"ی (ئەبولقاسم موسلیمەی کوڕی ئەحمەدی مجریتی (١٥) "٣٣٨ ی کۆچی = ٣٩٨ ی کۆچی") م کەوتە بەردەست، کە مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارەی ئێرەمە!! وەک هەوڵی ڕوونکردنەوەیان دەدەم گەلێک وەڵامی گومانڕەوێن دەداتەوە و دەبێتە بەڵگە و پاڵپشت بۆ بوونی زانست و شارستانیی ڕۆشنبیریی کورد لەو سەردەمانە و پێشتریش.

ئەم کتێبە وەک دیارە دەستنووسی زۆرە و چەند جارێک لە چاپ دراوە، بەڵام من توانیم تەنیا دوو دەستنووس و دوو چاپ بە کۆپیی ئیلکترۆنی دەست بخەم.

کتێبەکە وەک دانەرەکەی لە بەشی سەرەتاکەیدا پێڕستی بۆ کردووە و دەڵێ کتێبەکەم لە چوار گوتاردا نووسیوە، ناوونیشانی گوتاری چوارەمی بەم شێوەیە نووسیوەتەوە و دەڵێ: "گوتاری چوارەم: لەبارەی جادووگەریی (کوردان) و نەبەتییان و حەبەشییان و نموونەگەلێک لە کاری فێڵە جادووگەرییەکان، ئەمەش لە چاکترینی جۆرەکانی جادووە."

ئەم پێڕستە "بە گوتاری چوارەم"یشەوە، لە هەموو دەستنووس و چاپەکاندا هەیە.. وەک دەبینرێ ناوی کورد لە پێش هەموو ئەوانەی دیکەوە هێنراوە.

کەچی لە زۆربەی دەستنووسەکان و چاپکراوەکاندا بەشی چوارەم کە (وەک باسم کرد پێشتر ناوونیشانەکەی دانراوە) و باسی جادووگەریی کورد و ئەوانی دی دەکا و درێژەی هەیە، ئەمە لابراوە و هەر لەوێوە کتێبەکە قرتێنراوە.

**هەندێک لە دەستنووس و چاپکراوەکانی ئەم کتێبە:**

دەستنووسی یەکەم لە زانکۆی شا سعوودە و بە ژمارەی / ٥٧٥١ ف ٤/١٧٧٩ لە بەشی دەستنووسەکانی زانکۆی شا سعوود- واتە ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەو بەشەی تێدا نییە کە باسی جادووگەریی کوردی تێدا کراوە.

دەستنووسی دووەم لە پەیمانگەی خوێندنەوەکانی ڕۆشنبیریی خۆرهەڵاتی لە زانکۆی تۆکیۆ- ی ژاپۆندا پارێزراوە، ئەمیشیان ئەو بەشەی تێدا نییە. (١٦)

یەکەم کتێبی چاپ کراو کە دەستم کەوت چاپی هیندستان بوو لە ئامادە کردنی مەحموود نەسسار "محمود نصار" بوو، بەڵام تەنیا دوو گوتاری لەو چوار گوتارەی کتێبەکە وەرگرتووە، تەنانەت بەر لە کۆتاییی گوتاری دووەم کۆتاییی بەباسی کتێبەکە هێناوە. (١٧) ئەوەی بە هەل زانیوە کە نووسەرەکە دەڵێ: کۆنەکان لە خەڵکانی ئەم بابەتە لەم مەبەستەدا قسەی زۆریان هەیە ئەگەر گوتە و ڕێبازەکانیان لێکبدەینەوە کتێبەکە درێژە دەکێشێ.. تاد" (١٨) ئەمەو چەند دێڕێکی دیکەی گواستووەتەوە، ئینجا دەڵێ: "بە پشتیوانیی خودا نامەی- غایة الحکیم-ی مامۆستا مجریتی کۆتایی هات" لەگەڵ هەندێک کتێب و وتاری دیکەدا لە چاپی داوە. (١٩)

دوای ئەوە دەستنووسەکەی سعوودییە درێژەی هەیە، ئینجا دەڵێ: "بابگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان و دیسان دەڵێین هەر کەلوویەک سێ ڕووی هەیە....تاد." (٢٠)

هەروەها درێژە بەباسەکەی دەدا تا ل/ ٥٥، ئینجا دەست بە "گوتاری سێیەم" دەکا و تا لاپەڕە ٧١ بەردەوام دەبێ.

لەو دانە بەباشی چاپکراوانەی ئەم کتێبە، ئەوەیە کە بەرگەکەیان لەسەرەوە دانراوە، چاپی گلاستنبوری-ی ساڵی (٢٠٠٧)ە. Glastonbury Books 2007 ?) (ISBN: 978-1-84753-738-6 بە سەرپەرشتیی Steven Ashe) و بە توێژینەوەی (هـ. ونتر).

ئەم چاپە (٤١٦) لاپەڕەیە و پەراوێز و ئاماژەی زۆری لێتوێژینەوە بۆ کراوە.

کتێبەکە دوای پێشەکییەکی کورت ئەوە دەردەخا کتێبەکەی کردووەتە چوار گوتار، هەر گوتارە و لە چەند

بەشێک پێکهاتووە. گوتاری یەکەم لە حەوت بەش پێکهاتووە. گوتاری دووەم لە دوازدە بەش و سێیەمیشیان لە دوازدە بەش پێکهاتووە. چوارەمیشیان لە نۆ بەش پێکهاتووە.

لە هۆی دانانی کتێبەکەشدا دەڵێ گەلێکم لە خەڵکی سەردەمم بینی بە دوای تەلیسم و هونەرەکانی جادووگەریدا دەگەڕێن و نازانن چییان دەوێ!! یان بۆچی دەگەڕێن و تەمەنیان بە دوای داواکراوێکدا بەسەردەبەن کە ڕێی پێ گەیشتنیان لێ گیراوە، چونکە دانایان پەردەپۆشیان کردووە و دەریان ناخەن کە وێرانیی جیهانی تێدایە و لەناوچوونە... تاد. لاپەڕە (١ و ٢)ی چاپ کراو.

ئینجا باسی ئەوە دەکا کە کتێبەکەی کردووەتە چوار گوتار و لە یەک دوو دێڕدا ناوونیشانەکانیان باس دەکا. لە ناوونیشانی گوتاری چوارەمدا "کە مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینەمانە" دەڵێ: "گوتاری چوارەم: لە جادووگەریی (کورد) و نەبەت و حەبەشە و نموونەگەلێکە لە فێڵی جادووگەرانە کە باشترین جۆری جادووگەرییە، بە پێویستەکانیش گوتارەکەم تەواو دەکەم بێ دەست لێ گرتنەوە و لێ بێ دەنگ بوون و... تاد.

لەلاپەڕە (٢٨٦) بەدواوەی، گوتاری چوارەم "المقالة الرابعة"ی بڵاوکردووەتەوە.

لەلاپەڕە (٢٩٥)ی کتێبە چاپکراوەکەدا بەشی دووەمی گوتاری چوارەم دەست پێ دەکا و چەند دێڕێکی سەرەتای بەشەکە دەڵێ: "بابگەڕێینەوە بۆ مەبەستمان لە دانانی ئەم کتێبە و دەڵێم: چینێک لە زانایانی (کورد) و حەبەشە وای بۆ دەچن مانگ هێزی ستاران بە جیهاندا پەرت دەکا و.... تاد"

با بگەڕێمەوە لاپەڕە (٦٧ ب)ی دەستنووسی سعوودییە و لاپەڕە (١٧٩)ی چاپی کتێبەکە، ئەمەی لێ بخوێنینەوە کە دەڵێ : "....کلدانییەکان لە نەبەت و قیبتی میسرییان وسریانەکانی ئەو نەبەتییانەی لە خاکی شامدا نیشتەجێن و حەبەشییانی هاوسێیانی قیبتییان و "کوردەکان" و هیندییەکان و فارسەکانی دراوسێی نەبەتییان لە هیندستان و چین هەموویان لەگەڵ جیاوازییاندا لە جۆرەکانی جادووگەری و ئاوێتە کردنی بەشە تازە داهێنراوەکان لەگەڵ یەکدیدا و بە کەڕوواندن "کەڕوو پێ هەڵهێنان" و هی دی لە دووکەڵ و خۆراک و نامووس(نهێنی و خاوەن بەهرە..)ەکان و نەیرەنگ (ئەفسوون، فڕوفێڵ)ەکان شتی سەیریان هەیە و لە "کتێبەکانیاندا" هەیە...تاد

وەک دیارە لێرەدا باسی ئەو نەتەوانە دەکات کە کوردیش یەکێکیانە و ناکرێ تەنیا کوردی لێ بەدەر بکرێ، کەواتە کوردیش لەو سەردەمانەدا، بەڵکو پێشتریش نووسین و کتێب و زانست و زانیاری و باسی فەلسەفی و هی دیکەشیان هەبووە، بەڵام بەهەر هۆیەکەوە بێ "کە ئەمە شایەنی تێڕامان و لێکۆڵینەوە و پشکنینە" باس و نووسینەکانیان شارراونەتەوە و بزر بوون و بزر کراون. ڕێی تێ دەچێ پشکنین و بە دوادا چوون گەلێک کتێبی بەلای کەمەوە وەک ئەم "غاية الحكيم"ـە دەرکەوێ کە لەبارەی ڕۆشنبیری و کەلەپووری کوردی پێش هەزار ساڵەوەیە.

هەروەها لێردا دەبێ ئەوە بڵێین بابەتی ئەم کتێبە جادووگەرییە. وەک زانراویشە جادووگەری (جۆرە زانستێک !!) بووە "ئەوساش و ئێستاش" لە چەند زانستێک پێکهاتووە، کە بنچینەیەکی سەنگینی چەند لقێکی زانست پێکدەهێنن، ئەمانەش: ئەستێرەناسی و زانینی کەلووەکان و کاتی گەیشتنی ئەستێرە و هەسارەکان بە هەر کەلوویەک کە ناسینی ئەستێرەکان و کات و گۆڕانی وەرزەکان دەگرێتەوە، هەروەها زانینی ئەو شێوە نووسین و هێمایانە دەگرێتەوە لە جادوو و نوشتە و هی دیکەدا دەنووسرێن و پێی دەڵێن "عیلمی ئەوفاق- زانستی ویفق-ەکان"، هەروەها زانستی بابەت و ئەو شتانەی "ڕووەک و داوودەرمانی دیکە و ئەو گیراوانەی ویفقەکانیان پێ دەنووسرێن و ئەو مادده و بابەتانەی ئەوانەیان لەسەر دەنووسرێ "پارچە تەختە، یان بەرد یان زیو... و... تاد". دیارە ئەمەی دواییشیان زانستی ڕووەکزانی کانزازانی و کیمیاگەری و تاد. بەم جۆرە نووسینی شتێک لەمانە دەبێ ئەو زانستانەی پێکەوە بۆ کۆبکرێنەوە، واتە کەی و بەچی و لەسەر چی دەنووسرێن!!! ئەم باسانە زۆربەی هەرە زۆری زانایانی جیهان بەشێکی باشیان لە ژیانی خۆیان بۆ تەرخان کردووە و لایەنێکی بایەخداری بناغەی شارستانیی گشتی و چەندان زانستی سەربەخۆیان لێ بووەتەوە، کە کوردیش بەشێکی باشی لەم لایەنەدا هەبووە و دەبێ هەیبێ.

**پەراوێزەکان:**

(١) زیریکلي "الزركلي"- الجزء الاول- ص / ١٧٠-١٧١.

(٢) ابن وحشية- شوق المستهام- تحقيق جمال جمعة- منشورات الجمل- ص (٢٠٤).

(٣) بڕوانه: خير الدين الزركلي- الاعلام- الجزء السادس ص / ٢٩.

(٤) بڕوانه پەراوێزی ژماره / ١.

(٥) محمد بن اسحاق النديم "المعروف اسحاق بأبى يعقوب الوراق"- الفهرست- المجلد الثانى- الجزء العاشر- في المقالة العاشرة آخر الكتاب- ص / ٤٤٩.

(٦) سەرچاوەی پێشوو- بەرگی دووەم- لاپەڕە / ٤٦٠.

(٧) شوق المستهام- چاپی "جمال جمعة" لاپەڕە / ١٢٥.

(٨) سەرچاوەی پێشوو- چاپی "جمال جمعة" لاپەڕە / ٢٠٣- ٢٠٤.

(٩) سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە / ١٥- ١٦.

(١٠) سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە / ٢٠٠.

(١١) شوق المستهام- چاپی هامەر- ل/ ٥٢.

(١٢) بڕوانه: "پەسنی نووسین بەپێی بۆچوونی کلدانییان"ی "ئیبن وەحشییە". سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە / ٢٠٠.

(١٣) شوق المستهام- چاپی هامەر- ل/ ٥٢.

(١٤) بڕوانه: گۆڤاری واته- ژمارەکانی (١٩ ی شوبات و ٢٠ ی ئادار و ٢١ ی نیسانی ساڵی ٢٠١٢).

(١٥) ئەبولقاسم- ی مجریتی (٣٣٨- ٣٩٨ هـ = ٩٥٠- ١٠٠٧ م) مەسلەمە- ی کوڕی ئەحمەد- ی کوڕی قاسم- ی کوڕی عەبدوڵلا- ی مجریتی: ئەبولقاسم فەیلەسووف و ماتماتیکزان و گەردووناس. لە ئەندەلووس پێشەوای ماتماتیکناسان بووە و فراوانترینیان بووە لە زانستەکانی گەردوونان و ئەستێرەکان، لە دایک بوون و مردنی لە مەجریت "مەدرید" بووە. هەندێک لە مێژوونووسان وای بۆ دەچن دانەری "نامەکانی برایانی سەفا- رسائل اخوان الصفا" بێ، بەڵام نەسەلمێنراوە. گەلێک کتێبی هەیە و ئەمەی ئێرە "غاية الحكيم" یەکێکە لەو کتێبانە.

بڕوانه: الاعلام = خيرالدين الزركلي- الجزء السابع- دار العلم للملايين- الطبعة الخامسة- ايار "مايو"-١٩٨٠- الصفحة / ٢٢٤.

بۆ زانیاریی دیکە بڕوانه:

صلاح الدين خليل بن ايبک الصفدي- الوافي بالوفيات- دار احياء التراث العربي- الطبعة الاولى، (١٤٢٠ هـ- ٢٠٠٠ م)- بيروت- لبنان، الجزء الخامس والعشرون، الصفحة / ٣٣٠.

هەروەها پێگەی ئەلکترۆنیی:

https://www.paldf.net/forum/showthread.php?t=1104219

کە دەڵێ لە کاتی خۆیدا بە فەرمانی شا ئەلفۆنسۆ بە ناوی (Picatrix)ـەوە گۆڕاوەتە سەر زمانی لاتینی.

(١٦) بڕوانه:

Source: http://ricasdb.ioc.u-tokyo.ac.jp- معهد الثقافة والدراسات الشرقية- جامعة طوكيو- اليابان

To: www.al-mostafa.co

(١٧) بڕوانه: "غاية الحكيم- للفيلسوف الماهر والحكيم الحاذق أبي مسلمة المجريطي الاندلسي- في الارصاد الفلكية والطلاسم الروحية وتاريخ هذا الكتاب سنة ٣٤٣ هجرية- بقلم الاستاذ محمود نصار- مكتبة اشاعت الاسلام- شارع چوڑى والان- دهلي رقم ٦- ١١ (الهند).

(١٨) ناوڕاستی ل/ ٤٧ أ ی دەستنووسی سعوودییە.

(١٩) چاپ کراوەکەی "مەحموود نەسسار"- لاپەڕە / ٧٠.

(٢٠) ل / ٤٧ ی دەستنووسی سعوودییە.

**سەرچاوەکان:**


١- خيرالدين الزركلي- الاعلام- الجزء السادس.

٢- ابن وحشية النبطي- شوق المستهام في معرفة رمز الاقلام- تحقيق: جمال جمعة- الطبعة الاولى- منشورات الجمل- بيروت- بغداد ٢٠١٠.

٣- محمد بن اسحاق النديم "المعروف بابى يعقوب الوراق- كتاب الفهرست- المجاد الثانى- الجزء العاشر- في المقالة العاشرة.

٤- هامەر- شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام.

٥- "المجريطي" ابو القاسم مسلمة بن أحمد - غاية الحكيم واحسن النتيجتين للتقديم- اعداد: محمود نصار- مكتبة اشاعت الاسلام- شارع چوڑى والان- دهلي- رقم ٦- ١١ (الهند).

٦- صلاح الدين خليل بن ايبک الصفدي- كتاب الوافي بالوفيات، دار إحياء التراث العربي، الطبعة الاولى، (١٤٢٠ هـ = ٢٠٠٠ م) بيروت- لبنان، الجزء الخامس والعشرون.

٧- المجريطي- غاية الحكيم "مخطوطة السعودية"

٨- المجريطى- غاية الحكيم "مخطوطة اليابان"

Source: http://ricasdb.ioc.u-tokyo.ac.jp- معهد الثقافة والدراسات الشرقية- جامعه طوكيو- اليابان

To: www.al-mostafa.co

٩- گۆڤاری واته- ژمارەکانی (١٩ ی شوبات و ٢٠ ی ئادار و ٢١ ی نیسانی ساڵی ٢٠١٢).

١٠- پێگەی ئەلکترۆنیی:

https://www.paldf.net/forum/showthread.php?t=1104219




# چەند سەرنجەک دەربارەی رۆمانا (هەوارە)*

عەبدولرەحمان بامەڕنی
(دهۆک)

نڤیسەر و رەخنەگر (جورج لوکاتش)، سەبارەت رۆمانا مێژوویی دبێژیت: "کارەکێ هونەری یە و مێژووی بۆ خوە دکەتە کەرەستە، مێژووی وەک هەی ناڤەگوهێزیت هندی ب چاڤێ هونەرمەندەکی وێنە دکەت و بۆ یەک ژ ئەزموونێن خوە دا درێژیت و تەوزیف دکەت یان مێژووی دکەتە بەهانە بۆ یەک ژ هەلویستێن کۆمەلگەهێ خوە".

ئەڤ دیتنا ڤی نڤیسەری، نزیکترین دیتن بوو ژبو رۆمانا هەوارە یا رۆماننڤیس (محەمەد سەلیم سواری)، یان نزیکترین پێناسەیە، ئەگەر ل دویڤ، خواندنەکێ بدەمە ڤێ رۆمانێ. د خواندنا خوە دا من چەندین خال دەستنیشان کرینە، کو رۆماننڤیسی هەولدایە، سەنگا نڤیسینا خوە ژ بۆ تەرخان بکەت. روودانەکا مێژووی یا نە ژمێژە، ئەو رووداناهەنێ ب چەندین شێوەیان دناڤ خەلکی دا یا بەربلاڤە، وەک چیرۆک و ڤەگێڕان، وەک دەنگبێژی و ستران ژی هاتیە تۆمارکرن. دێ هەولدەین دڤێ خواندنێ دا، وان خالان بەرچاڤ بکەین، یێن سەرنجا مە بۆ خوە راکێشاین، دیسان وان خالان ئازرینین، یێن نڤیسەرێ رۆمانێ د پشت ڤێ ڤەگێڕانا مێژوویی دا، ڤیایی دگەل دورهێلێ ئەڤرۆ باخڤیت و ئەو چ پەیامە د ڤێ رۆمانێ دا یا ڤەشارتی و ب خواندنا وێ سەراڤ دبیت و هەر وەکو (جورج لوکاتش) دبێژیت، رۆماننڤیسی ب چ چاڤ مێژوو و چاوان د خزمەتا پەیاما خوە دا وێنەکریە.

ب کورتی، سەرهاتیا رۆمانێ ل سەر گەنجەکی یە ب ناڤێ (مستێ) و بابێ وی ل سەر هەلویستێ وی یێ مێرانە ب دەستێ دوژمنی هاتیە سێدارەدان، ژبەر کو نەدادی ل سەر خوە قەبویل نەکریە. دەیکا وی ناڤێ وێ گوزێ یە و یا جەرگ شێرە و پشتی بابێ وی هاتیە سێدارەدان، هاتینە گوندێ دێرکێ لدەف خالێ وی (حەسەنێ ئوزمین ئاغای). خەونا گوزا دەیکا مستێ، هەمی ئەوە شەمسی خانا کچا برایێ خوە بۆ کوڕێ خوە مستێ بخوازیت و ژبەر کاروبارێن عەشیرێ و ئەو نە دادیا ژ لایێ جەندرمە و میر و بەگێن حکومەتا تورکی ل سەر دەمێ ئوسمانیان، ل سەر خەلکێ عەشیرا وی و کرمانجان، کوڕێ وێ مستێ چ هزرێن ژن ئینانێ د سەرێ وی دا نینن. ژ لایەکی ڤە، حەز دکەت بۆ خوە قەسرەکێ ل (باخمسێ) ئاڤا بکەت و نزیکی عەشیرێ ببیت و خەلکێ خوە ل خوە کۆم ڤە بکەت و نەهێلیت د بێ سەربن و کەس زۆرییێ لێبکەت و ژ لایەکێ دی ڤە، پسمامەکێ وان ب ناڤێ قادۆی، دەستێ خوە د دەستێ بەگ و میرێن تورکان دانایە و بۆیە داردەستێ وان

و ئەو بخوە ژی زۆریێ دکەت و بێ ئەگەر مالێ خەلکی ژێ دستینیت و بەرێ وی ل مرۆڤێن وی نینە، هندی بەرێ وی ل بەرژەوەندییێن وی یێن کەسوکی یێن تایبەت هەیە. نڤیسەرێ رۆمانێ د نڤیسینا روودانێن ڤێ چیرۆکێ دا، هند سەنگ نەئێخستیە سەر دوماهییا چیرۆکێ و کا بویەر د بەرژەوەندیا کێ دا بدوماهی دهێن و کی سەرکەفتی و کی شکەستی دبیت، هندی هەولدایە، هەر قارەمانەکێ رۆمانا خوە، وێنەکی بۆ درست بکەت و پیشانی خواندەڤایێ خوە بدەت. بلاڤکرن و ئازراندنا چیرۆکەکا ژ ڤی رەنگی ژی یا دویر نینە ژ ئەڤرۆ یا ئەم تێدا، شوینا کورد یەکگرتنێ بکەن و بەروکێ خوە یێ شەڕی بکەنە یەک و دوژمن ل هەر پارچا کوردستانێ بیت، دوژمنێ مللەتێ کوردە و چ جیاوازی نینە، ما دەم، زۆریێ و نەدادیێ بەرامبەر کوردان بکار دئینیت! رۆماننڤیسی یا هەولدای، ڤێ چیرۆکا مێژوویی تەوزیف بکەت، وەک پەیامەک بۆ کاربەدەستێن سیاسی، تایبەت ئەڤێن بڕیارا سیاسی د دەستان دا، چ دی لدویڤ بەرژەوەندییێن خوە نەکەڤن و یەکگرتنا مللەتێ کورد ل بەراهییا هەمی تشتەکی دانن. چەکێ وی ژی بۆ ڤان سیاسییێن رێزێ ل یەک دەنگییا کوردان نەگرن، ب (قادۆ)ی دشوبهینیت، کو دیرۆک دلوڤانییێ ب کەسێ نابەت.

رۆماننڤیسی ڤیایە مێرانی و زیرەکاتی و جوامێرینیێ بکەتە پیڤەرێ خێرێ و باشییێ، د بەرامبەر دا، خوپەرستن و خیانەت و داردەستییێ، بکەتە پیڤەرێ خرابی و نەباشییێ. بۆ سەرڕاستکرنا ڤێ هەڤکێشەیێ ژی، نڤیسەرێ رۆمانێ خواندەڤای دوەستینیت و پەنابرن ژی ل بەر شێوازەکێ بڤی رەنگی یێ نڤیسینێ، جورە بێزاریەکێ لدەف خواندەڤای پەیدا دکەت. د رۆمانێ دا، چەندین پەرەگراف دکەڤنە بەرچاڤ، خواندەڤا هەست ب ماندیبونێ دکەت، هندی رۆماننڤیس یێ ل سەر راوەستای و یا ژ بەر یەک کێشای و ئەگەر بتنێ بۆ نمونە وەسفێن زیرەکاتی، مێرانی و قارەمانیا (مستێ) ژ رۆمانێ پەلکێش بکەین، ئەڤێن د رۆمانێ دا، دوبارە و سێ بارە هاتینە بەحس کرن، دێ جورە سەرئێشیەک پەیدا بیت، ئەڤ سەرئێشییا هەنێ ژی، بتنێ مەرەما نڤیسەرێ رۆمانێ ژێ ئەوە، هەڤکێشەییا خوە پێ دروست بکەت، هەڤکێشەیێ ب ئالیێ قارەمانێ خوە و راستی و باشییێ دا ئالیسەنگ بکەت، د بەرامبەر دا، قادۆی دکەتە میناک، قادۆ کوڕێ چەتۆ یە و چەتۆ و خەلەفێ بابێ مستێ، پسمامێن یەکن و د پەرەگرافەکی دا، هۆسا وەسفا وێ براینیێ دکەت "هەکو بابێ وان چەتۆ یێ ساخ، ل هەمی عەردا ناڤ ناڤێ وی بوو ل بەلیکا وان چەتۆ بوو و ل بەلیکا دی ژی خەلەفێ بابێ مستێ بوو.. چو کین و زک رەشی د ناڤبەرا وان دا نەبوو.. کەس ژ وان تەلهە بۆ یێ دی نەڤەددان" لاپەر ١٩٣. ل پەرەگرافەکێ دی ژ هەمان لاپەڕ، هۆسا هاتیە "دەهـ چاویش و ئیمباشی و بەگ و پاشا نە ددانە ب تبلا مرۆڤەکێ خوە.. ئەو هەمی ئاغایێن عەشیرەتێن وان دەستەک و دلەک بوون.. تا سولتانێ ئوسمانی بخوە ژی نەدشیا بەر یەک ببت". د ڤان هەردوو پەرەگرافان دا، چەتۆ و خەلەف، براییێن یەکن، ژبەرکو بابێ وان عەشیر ل سەر کوڕێن خوە لێکڤەکربوو و هەر کوڕەکێ خوە، کربو مەزنێ عێلەکێ و دەڤەرەکێ، دەما خەلەفی بابێ مستێ زۆرداری و نەدادی ل بەرامبەری والی ل سەر خوە قەبویل نەکری، کو دلاپەڕێن (٣٥، ٣٦ و ٣٧)ێ دا، بدرێژاهی روودان هاتیە بەحسکرن و چاوان والی جابا خەلەف فرێکری و د کۆچکا خوە ڤە سڤکاتی پێکری و دەست دایە قامچی دا خەلەفی پێ بقوتیت، بەلێ (خەلەف) قامچی ژ دەستان دئینتە دەرێ و ب مێرانە بەرگریێ ژ خوە دکەت و والی ددەتە بەر خەنجەران و نوبەدارێن وی ژی دکوژیت و تا نوکە ژی ئەو چیرۆک و ئەو مێرانی ل سەر زارێ خەلکی دهێتە ڤەگێڕان. دەما خەلەف ب فەرمانا سولتانی دهێتە قنارەدان، بیاڤ بۆ قادۆیێ کوڕێ چەتۆی خوش دبیت، ژبەر کو هینگێ مستێ کوڕێ خەلەف یێ بچویک بوو و گوزا دەیکا وی دئینیتە دەف برایێ خوە حەسەنێ ئوزمێن ئاغای. ل وێرێ ژی، مام هەسن، کو یەک ژ ئاقلمەند و مرۆڤێن وی یێن نزیکە، ب کارێ شیرەتکرنێ رادبیت. دەما عەشیرا خەلەف ژی مایە بێ خودان، قادۆ دەست تێوەردانێ دکەت و زۆریێ دکەت و پشتا خوە ب والی و بەگێن تورکا گەرم دکەت و هەمی تشتەکی دکەت، بتنێ دا باوەڕیا وان بدەست خوە ڤە بینیت. ئەڤە د دەمەکی دا، هەر وەکو د رۆمانێ دا هاتی، برایێ قادۆی (جەمیل) دگەل وێ چەندێ نینە، کو نەخوشی دناڤبەرا برایێ وی و (مستێ و حەسەنێ ئوزمێن ئاغای)، خالێ مستێ دا درست ببیت و هەردەم ئەو پشتەڤانە، کو هەردوو پسمام پێکڤە بژین و ئەڤ چەندا هەنێ ژی ب راشکاوانە د دوماهییا رۆمانێ دا، برەنگەکێ زیق بەرچاڤ دبیت، دەما جەمیل دبێژیتە قادۆیێ برایێ خوە، کو ئەو دێ خوە ژ لایێ وی ڤەکێشیت و تۆ دێ دڤی شەڕی دا بەرامبەر پسمامێ خوە و عەشیرێ هەمییێ شەرمەزار بووی و ناڤێ تە دێ بخیانەت هێتە ل قەلەمدان.

ئەگەر ئەم ئالیێ راستییا چیرۆکێ وەک د مێژوویێ دا هاتیە ڤەگێڕان دەستان ژێ بەردەین و روودانێن رۆمانێ وەک ڤەهاندن، ژ خەیالا رۆماننڤیسی وەربگرین، کا چاوان رۆماننڤیسی ئەکتەرێن خوە درست کرینە و رۆل پێ بەخشینە! ب دنیابینیا رۆماننڤیسی بەرێخوە بدەینە ئاڤاکرنا ڤان ئەکتەران، دێ بینین،

ڕۆماننڤیسی گرانی یا دارشتن و ئافراندنا ئەکتەرێن خوە و سالوخەتدانا وان، ئێخستیە سەر دوو لایەنێن هەڤدژ، باشی و خرابی، بۆ لایەنێ باشیێ چەند ئەکتەر و روودانێن دی ئێخستینە د خزمەت دا، ئەو ژی، یەکەم کەس، گوزێ دەیکا مستێ یە. مەزنبوونا قارەمانێ ڕۆمانێ دویری بابێ وی، دێ ڤالاتیەکێ درست کەت و گەلەک جاران، ئەڤ کوڕێن ب ڤی رەنگی یاخی دبن و کەسێن زیرەک ژێ پەیدا نابن. لێ دروستکرنا دەیکەکا وەکی گوزێ، ئەڤ هەڤکێشەیە د بەرژەوەندییا قارەمانێ ڕۆمانێ دا سەر راست کریە، هەر چەندە، چەند پەرەگراف ل سەر زیرەکاتیا گوزێ هاتینە نڤیسین، هەر ژ چوونا وێ ب شەڤ و بتنێ بۆ ناڤ داوەتەکا ئەجنان، لێ ئەم بتنێ دێ ڤی پەرەگرافی وەرگرین، ئەو ژی، دەما حەسەن ئاغای وەک شەرتانێ ل سەر زیرەکاتیێ و جورئەتێ، مەرجەک دانایە بەر کچ و ژنێن گوندی و گوتی، هەر کچا بچیتە ناڤ گورستانێ و ل وێرێ ئاگرەکی هلکەت و ساڤارەکێ ل سەر بکەلینیت، ئەز دێ پارچەکا زێڕی دەمێ و کەسێ دخوە را نەدیتی! گوزێ دبێژیت، ئەز دێ چم. د لاپەرە (١١١ و ١١٢و ١١٣) دا، ب درێژی ئەڤ روودانە هاتیە بەحسکرن، هندەک ژ وێ رووداننێ هۆسا هاتیە "گوزێ گوهـ لێ بوو ل پشت کێلیا سەید عەلی دەنگەک هات گوها و یێ دبێژیت.. کا ب خێرا خوە هندەک ساڤارێ بدە من ئەز گەلەکێ برسیمە و دیت ل پشت کێلیێ دەستەک درێژ بو....... دەست دا هەڤستیکێ و ژ دلەک سوتی ب وی دەستی دا دا و گوتێ هێشتا زیندییان نەخاریە گەرا مرییانە".

ڕۆماننڤیسی ڕۆلێ قارەمانێ سەرەکی دایە مستێ و دا کو مستێ لدویڤ وان سالوخەتان بیت و لدویڤ وێ باوەڕیێ بیت، کو بەلێ ئەڤ کەسێ من بۆ قارەمانێ ڕۆمانا خوە هەلبژارتی، دشێت ڕۆلێ کەسێ سەرەکی بگێریت، رابوویە، چەند سالوخەت داینە پال، وەک، دەما بۆ چەند رۆژان چوویە ناڤ عەشیرێ، چەندین ئاریشە چارەسەرکرن، خەلکی و عێلی گوهێ خوە دانێ، چەند کچ و کوڕ ل یەک مارەکرن، ئەڤێن هەنێ هەمی، ئاماژەنە کو مستێ کەسەکێ ئاقلمەندە و یێ چاڤ نەترس و زیرەکە و دێ شێت ل عەشیرێ بیتە خودان و کەس زۆریێ لێ نەکەت و ڤەجەمیننتە سەر یەک. دەما بەحسا ئاڤاکرنا قەسرا باخەمسێ ژی دکەت کو مالا خوە ببەتێ، ب ڤان ئاخفتنان دشێت باوەڕیا مامێ هەسن و خالێ خوە بۆ خوە رادکێشیت کو بزانن مستێ گەنجەکێ ب ئاقلە و دێ شێت کاروبارێن عەشیرێ پڕێڤەببەت، "خال خودێ دزانت تۆ ل شوینا بابێ منی.. نێ هەر تە ئەزێ خودان کریم.. هەکە ئەز بشێیم رۆژەکێ دویا دەیکا خوە گوزێ نەبینم.. بەلێ دانەکێ رۆژێ ژی ئەز بێی تە ناقەتینم.. داخازا من ژ جودابینیێ نە ئەوە دا ژ یەک جودابین و دور بکەڤن........ دا ئەم نێزیکی عێل و مرۆڤێن خوە ببین دا خزمەتا وان بکەین، پێتڤیێن وان راست کەین و نەهێلن بێی مە پەریشان بن د دەستێ ڤی و یێ هەدا" لاپەرە ٥٨.

ڕۆماننڤیسی لایەنێ ڕۆمانسیەتێ ژبیر نەکریە و هەر چەندە، روودان و سەرهاتیا ڕۆمانێ زێدەتر چیرۆکەکا شەڕانە، لێ مرۆڤ هەر مرۆڤە و ب تایبەتی گەنج، مرۆڤایەتی ژی ل سەر عەشق و ڤیانێ برێڤە دچیت و دەما (شەمسی خان) دهێتە مالا مەتا خوە وان و مستێ دبینیت، دپەرەگرافەکی دا هۆسا هاتیە "کچ خال ما ئەز بۆ تە چبکەم و چ بێژم.. باوەڕ بکە نوکە حەتا سەد سالێن دی، ئەز بۆ تە بکەم و بێژم و باخڤم ئەوێن دڤی دلێ من دا دەر نابن.. شەمسی خان راستە تۆ وەسا د من دگەهی و خەلک هەمی وەسا دزانن کو مستێ هەر خوە و عەشیرەتی و مێرخازی و تڤەنگ یێ ل بەر و ژبلی هندێ ئاگەهـ ل چو نینە.. هێ هێ خوزی تۆ هاتبابە و تە ئەڤ دلە کەلاشتبایە و ڤەکربایە ژ نوی دا زانی کا چ د ڤی دلی دایە.

ب ناز ڤە شەمسی خانێ لوکمەک ل کێلەکا وی دا و گرنژی پشتی خوین د گیانێ وی گەڕیایی و هاتیە سەر حەمدێ خوە و هێدی گوت:

بێی تۆ دلێ خوە بکەلێشی و ئەز دزانم چی یێ تێدا". لاپەر ١٦١.

دڤێ ڕۆمانێ دا گەلەک ل سەر قەسرا باخمسێ هاتیە نڤیسین، گرنگیا هەبوونا ڤێ قەسرێ هەروەکو قارەمانێ ڕۆمانێ دنرخینیت، دێ هەیبەتا عەشیرێ ڤەگەڕینیت ڤە و دێ شێت مرۆڤێن خوە لدوور خوە کومڤەکەت و ناهێلیت چ دی دەستێ زۆریێ و نە دادیێ بگەهیتە وان، گەلەک جاران ئەڤ ناڤە دهێتە بەرچاڤان و ڕۆماننڤیس هۆسا وەسفا ڤێ قەسرێ، دکەت "ل سەر شکێری خزێمێ یێ بلند ل رۆژهەلاتا گوندی و مستێ هۆسا تێگەهاندن کو بنیاتێ قەسرێ دانن سەر بەرێن کەڤری دا یێ ئاسێ بت و ب دەست کەڤر ژی کەس دخوە را نەبینیت سەرکەڤت.. ل قاما دی رۆبارێ هوبێ دبەرا تێت و رەخێن وی دتژی دارێن چناری و گویزانە، کەس نەشێت خوە بەرهنگار بکەت و ژێ دەرباز بت.." لا١٤٤.

نڤیسەرێ ڕۆمانێ پێناسەیەکا بچویک دایە هەردوو جەمسەرێن هەڤکێشەیێ، یەک مستێ و ئەوێ دی قادۆ و د ڕۆمانێ دا هۆسا ڤەدگێڕیت "نێ مامۆ قادۆ ب خودێ نە ب منە و نە ب تەیە خەلک حەژ مستێ دکەن و قەدرێ وی دگرن.. ڤێجا کەربێن خوە ڤەنەکە ل شونا وێرێ خوە ژ مستێ باشتر لێ بکە دا خەلک حەژ تە بکەن و کراسەکێ درێژ بۆ تە کەرکەن.. ئەڤە ب کەسێ نینە.. مستێ یێ ب ئاقلە ب سەر مرۆڤێن خوە ڤە دچت و گوهـ ددەتە ئالۆزی و خلمەتێن وان.. تۆ ژی خوە ب وێرێ ڤە مژویل کە.. بەس دەستێ خوە بۆ سدقی بەگێ و جەودەت پاشای و حەسەن بەگێ مێردینی بدە

سینگێ خوە.." لاپەرە ٦٤. یان دپەرەگرافەکێ دی دا ژ هەمان لاپەڕ، هۆسا هاتیە "هەما بێژە زارۆکەکی ژی دێ بێژت قادۆ ل کێرێ و مستێ ل کێرێ ژ عەرد و ئاسمانا ژ یەک جودانە.."

قادۆ وەک مرۆڤەکێ خرابکار جهێ خوە دناڤ ڤێ رۆمانێ دا دگیریت، هەر چەندە مەزنێ عێلەکێ یە، بەلێ چاڤێ وی ل مرۆڤێن وی و عەشیرا وی نینە، هندی چاڤێ وی ل دوژمنی و بچیت دژی پسمام و مرۆڤێن خوە دەستێ خوە بکەتە ناڤ دەستێن وان دا و هەر وەکو د رۆمانێ دا هاتی، دچیت دوو کەرێن پەزێ جانگیر ئاغای تالان دکەت و بۆ خوە دبەت، هەر چەندە مستێ دبێژتە خالێ خوە ئەز دێ چم ب دارێ هێزێ وی پەزی ڤەگەڕینم، بەلێ حەسەنێ ئوزمین خالێ مستێ مام هەسنی ڤرێدکەتە دەڤ قادۆی و دشێت قەناعەتێ بۆ چێکەت کو وی پەزی ڤەگەڕینیت ڤە. نە بتنێ ئەڤە، بەلکو د رۆمانێ دا، قادۆ و یەک ژ ڤەحەوهایێن خوە کو بۆ کوشتن و کوشتارێ بکار دئینیت، فرێدکەتە د رییا مستێ دا بۆسەکێ بۆ دانیت و بتەلێفیت، بەلێ خوشبەختانە، مستێ زوی وان کەسان ئاشکەرا دکەت.

نڤیسەرێ رۆمانێ، ددوماهیا چیرۆکا خوە مەرەمێن قادۆی ئاشکەرا دکەت بەرامبەری مستێ و خالێ وی حەسەنێ ئوزمین ئاغای و هۆسا د پەرەگرافەکێ دا دبێژیت "پاشا و بەگا هنگلێن قادۆ دویڤ دلێن خوە یێن پۆڤداین و ئاخفتنا دایێ کو بەس ئەو هاری وان بکەت و دارێ حەسەن ئاغای و مستێ دناڤ کرمانجا دا بشکێنیت چ تشتێ وی بڤێت دێ دەنێ و ئەڤ خلمەتە نەیا ئەڤرۆیە بەلێ ژمێژە رۆمی ڤی تەڤنی درێسن و رادچینن.. دیسا قادۆی ژی ئەڤە یا ل بەر و تشتەکێ دچاڤێن وی دا.." لاپەر ١٣٧.

دەما قادۆی ب هاریکارییا جەندرمە و ئومپاشیا هێرشی دێرکێ گوندێ حەسەنێ ئوزمین ئاغای کرین، ب هێجەتا کو وی فیلار یێن ڤەحەوهاندین و رەخ و دورێن گوندی دورپێچکرین، قادۆ د چەپەرێ خوە دا گازی حەسەن ئاغای دکەت و دبێژیتێ ئەم دێ بەرێ تڤەنگێن خوە دەینە یەک و ما گونەها ڤی خەلکی چیە، قادۆ ژی ب فێلبازیێن خوە، حەسەن ئاغای قایل دکەت کو ئەو بەری ستێرکا تڤەنگا خوە لێ بگریت و پاشی دورا وی بیت و ئەو ژی دێ سینگێ خوە بۆ کەتە کێل و هۆسا حەسەن ئاغا دکەڤیتە داڤێن وی و بریندار دبیت و دەما دبیتە دورا حەسەن ئاغای، قادۆ لێ دکەتە حیلە و دەما حەسەن ئاغای ب برینداری دئینە ناڤ کۆچکا قەسرا دێرکێ دا، کورێ وی (فەرحۆ) بابێ خوە ب وی حالی دبینیت و هۆسا دبێژیتێ: "بابۆ ئەز نە یێ عاجزم کو تۆ یێ بریندار بووی.. نێ برینداری و کوشتن و زیندان بارا زەلامانە.. بەلێ مخابنیا من ئەوە یەکێ وەک قادۆی تە سەردا بیت.." لاپەر٢٥٤ د بەرسڤا کورێ خوە ژی دا، حەسەن ئاغا د پەرەگرافەکێ دا دبێژیت "ئەز ب سەرێ تە کەم کورێ من فەرحۆ.. کەس تەمەتی من قادۆی نانیاسیت.. بەلێ زەمانێ فند و فێلا ئەز نزانم..".

هەر چەندە دچیرۆکا درست دا وەک هاتیە ڤەگێران و چ ژی ب ستران و دەنگبێژی هاتیە گوتن، رووداێن چیرۆکێ بەردەوامیا خوە هەیە، لێ وەک د رۆمانێ دا هاتی، رۆمانڤیسی ئەنقەست نەڤیایە خوە ل دوماهیێ بدەت، هەر چەندە ئەڤ شێوازە ل دەڤ هندەک سترانبێژان ژی یێ هەی، وەک سترانبێژێ کۆچک و دیوانا (خەلیل باکۆزی) کو سترانێن خوە هیچ جارەکێ نە گەهاندینە دوماهیێ ب بەهانا، دا هەر بمینە د هزرا خەلکی دا!

## ئەنجام

ژ ئەنجامێ خواندنا مە، ئەم ل سەر چەندین خالان راوەستاین.

**یەک:** رۆمانڤیسی پەنا بریە بەر شێوازێ تەوزیفکرنا دیاردەیەکێ ژ پێخەمەت دیاردەیەکا دی، مێژوو ژ پێخەمەت وەرگرتنا سەربوران بکارئینایە.

**دوو:** هەر چەندە، رووداێن چیرۆکێ دخازتە ڤەگوهاستنا رووداناێن وەک هەین، لێ رۆمانڤیس شیایە، بۆ نڤیسینا رۆمانا خوە، مفای ژ فەنتازیا و خەیالێ وەربگریت و چوونا مرۆڤی بوو ناڤ داوەتێن ژمە چێتران (ئەجنان) و تەڤلیهەڤبوونا وان دگەل یەک.

**سێ:** دیارنەکرنا دوماهییا چیرۆکێ، ژبەرکو هەڤکێشە تا نوکە ژی یا بەردەوامە.

**چار:** هەر چەندە، رۆمانڤیسی زۆمەکا ژ رادەیێ پێدڤی زێدەتر، ئێخستیە سەر ئەکتەرێن خوە و لایەنێ باشی و خرابیێ، لێ زەنگینی و دەستهەلیا رۆمانڤیسی د زمانێ ئەدەبیاتێ و دارشتنێ دا، ئەڤ کێماسییا هەنێ بەرزەکریە و وەک یاریکەرەکێ زیرەک نەهێلایە، چ خال ل سەر بهێنە تۆمارکرن و ئەوی ب شارەزایانە یاری ب پەیڤان کریە و شێوازێ خوە یێ دارشتنێ پاراستی یە.

**پێنج:** رۆمانڤیسی بەشەکێ گرنگ ژ ڤێ رووداێا مێژوویی یا مللەتێ کورد دوکیومێنت کریە، کو رۆمان زمانێ گەلانە و دشێت پێناسەیەکێ ژ ژیانا کوردەواری، ب جیهانێ را ئاشنا بکەت.

*** محەمەد سەلیم سواری، هەوارە، رۆمان، رێڤەبەریا چاپ و بلاڤکرنێ - دهوک، ٢٠١٣.**

### بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر چاپکردنی یەکەم کتێبمدا:

# (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری)

**ئازاد عەبدولواحید**

* کاتێ بیرم لە کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی شیعری ئەمیناغای حاجی بەکراغای ناسراو بە (ئەختەر) کردەوە، ئەو کاتە زۆربەی خوێنەران نەک هەر (ئەختەر)یان نەدەناسی، یان وەک شاعیرێکی گرنگی سەدەی نۆزدەی هاوچەرخی (حاجی قادری کۆیی) و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و (کەیفی جوانڕۆیی) و شاعیرانی گەورەی کلاسیکی کورد نەدەناسرا، بگرە ئەوانەی دەشیان ناسی بە ئافرەتی تێدەگەیشتن. خوێنەر و توێژەر و ڕەخنەگران شیعری ئەو شاعیرەیان یان نەدیبوو، یان لەبەردەستیاندا نەبوو. من ئەو سەردەمە تەمەنم زۆر بچووک بوو، سەرەتای تافی لاوێتیم بوو، ئەو کاتەش ڕێک ساڵی ١٩٧٢ بوو، کە هەرزەکارێکی تەمەن چواردە ساڵان بووم، هەر چەند ساڵێک بوو لە بەغداوە گەڕابووینەوە شاری هەولێر. پێش ئەوە ساڵانێک بوو لە شاری بەغدا دەژیاین، کە بەهۆی وەزیفەوە بە خێزانەوە کەوتبووینە ئەوێ، تا ئەوکاتەش لەبەغدا پۆلی پێنجی سەرەتاییم بە زمانی عەرەبی تەواوکردبوو، بۆیە کە گەڕاینەوە شاری هەولێر نەمدەزانی بە زمانی کوردی بنووسم و بخوێنمەوە، خۆ ئەگەر ئەوکاتەی لە بەغدا بووین لە ماڵەوە بە کوردی قسەیان لەگەڵ نەکردباین، ئەوە زۆر دوور نەبوو قسەکردن بە زمانی کوردیشم لەبیر چووبایەوە و زڕە عارەبێکم لێ دەرچووبا.

* کە ساڵی ١٩٦٨ هاتینەوە شاری هەولێر لە قوتابخانەی (خەبات) کە دەوامەکەی دیکەی لەگەڵ قوتابخانەی (بۆتان) بوو، لە پۆلی شەشی سەرەتایی چوومە بەر خوێندنی کوردی، بەپێی ئەو کارتەی بەهۆیەوە لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا بەشدار بووم، ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩ی لەسەر نووسراوە. هەر ئەو ساڵە بوو بە گەرمی کەوتمە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، یەکەم جاریش لەو قوتابخانەیە خوێندنی کوردیم دەست پێکرد، چونکە لەو ساڵانەدا خوێندنی سەرەتایی بە زمانی کوردی بوو. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کە ناوی (شێخ محەمەد عەزیز کەندێ) بوو، ئەو پیاوە باشە کە ناسیاویمان لەگەڵیدا هەبوو، ناسیاوییەکە بەهۆی ماڵی باپیرمەوە (باوکی دایکم) بوو، دیار بوو لە قۆناغێکی ژیانیاندا لە گەڕەکی تەیراوا دراوسێی یەکدی بوون، بۆیە بەهۆی ئەو ڕابوردووەوە، ئەو قوتابخانەیەیان بۆ دەستنیشانکردم و چوومە ئەوێ. بەڕێوەبەر کە ناسیمی من کێم، وەک ناسیاوێک زۆر هاوکار و هاندەرم بوو، تا بە زوویی خۆم فێری زمانی کوردی بکەم، بە تایبەتی کە ئەو هەمیشە دەیگوت بۆ تۆ، تاقیکردنەوەی سەری ساڵ گرنگە. ڕاستی دەکرد، پۆلی شەشی سەرەتایی دواجار دەچوونە تاقیکردنەوەی بەکالۆریاوە. ئەو پێی دەگوتم تۆ


بطاقة جواز الاشتراك في الامتحانات العامة

١٩٦٨ - ١٩٦٩

الدراسة الابتدائية

الاسم واسم الاب واللقب ..................

الرقم الامتحاني ........ ٢٨٤ ........

المدرسة ..........................

اللــواء ....... اربيل .........

ناجح

في المعدلات السنوية

للصف السادس الابتدائي

التاريخ

مدير ..

الجمهورية العراقية

٥٠ طابع مالي

الجمهورية العراقية

دفاع وطني

٢٠ طابع مالي

**کارتی بەشداربوون لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی سەرەتایی بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٨ - ١٩٦٩، هەولێر.**

تا نیوەی ساڵ هێدی هێدی کوردییەکەت زۆر باش دەبێ، بۆیە وایشی پێ دەگــــــوتم، چونکـە لە ڕێگـای مامۆستایەکانەوە دەیزانی ئاستی خوێندن و زانیاری من باشـە، تەنیـا ئاسـتـەنگ و تەگـەرەیەک هەمـبـووبێ، نەزانینی خـوێندنەوە و نووسـینی کـوردی بوو، مـاڵی ئاوابێ لەگەڵ مـامۆسـتاکـان، زۆر لەگەڵم پشوویان درێژ بوو.

* منیش کـە لەو سـەرەتای هاتنەوەیەمـاندا بۆ شـاری هەولـێـــر، هاوڕێی زۆرم نەبوو، لەگـــەڵ ئەو ژینگـە و ئاووهەوایەش هێشـتـا دەست و پەنجەم نەرم نەکـردبوو، دوای ئەو دابڕانە زۆرە لە هەولـێـــر، کـــە هاتمەوە جـارێ سەرەتام بوو و بە باشی لەگەڵ بارودۆخەکە ڕانەهاتبووم، بۆیە زۆر بەکـەفـوکـوڵ و گـەرمـوگـوڕییـەوە دەسـتم دایە فــێــربوونی زمــانی کــوردی. کـاتێ لە بەغـدا لە قـوتابخانەکـانی ئەوێ: (بابولشێخ) و (ئەبی تەمام) و (ئیبن سینا) دەمخوێند، زۆر لەسەر ناوەکەم کە کوردی بوو ئازار درابووم، قـوتابییـەکـان کـە دەیانزانی کـوردم، زۆرجار گاڵـتـەیان بە من وەک کورد و بە ناوە نامۆیەکەم بەخۆیان دەکرد، قسەی خۆشیان لەگەڵم (کاکە) بوو، کە لەلای ئەوان کـاکـە بە مـانای (بێ عـەقڵ) و (گــێـل) دەهات، چونکە کورد ئەوسا تا بە ئێستاش دەگات لەلای عـەرەب هەر هاوولاتیـیــەکی پلە دوو بووە، تەنانەت مامۆستاکانی ئەو سەردەمەی شەستەکانی شاری بەغدا زۆر شۆڤێنیانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردم، لەبیرمە مـــامـــۆســــتـــایەک هەبوو لەبەرچاوی قــوتـابییــەکـــانی پۆلەکەماندا دەیشکاندمەوە، بە گاڵتە و لاقرتێوە یاری بە ناوەکـەم دەکـرد و دەیگـوت (شنو هەلئیسم..ئازە.. بازە، مەلگێتو غێر ئیسم؟)، واتە ئەو ناوە چییە، ئازە، بازە، بێـــجگە لـەو ناوە، ناوێکی دیکەتان بۆ نەدۆزرایەوە؟، سوێندی مامۆستایەکم نەکەوتبێ کە ناوی (فازیل) بوو، ئەوەیان کـــوردی خـــۆشــدەویست، زۆر ڕێزی لە منیش دەگرت، دواتر بیستمەوە کە ئەو مامۆستایە باگراوەندی چەپی هەبووە و پێشتر لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی ئێراق کاری کردبوو.

* لەبەر ئەوە خوێندنی عـەرەبی لە بەغـدا بۆشـاییـەکی ناسنامـەیی لەلا دروست کـردبووم و کـەس نەبوو لایەنی (کــورد بوون)ەکــەم بلاوێنێــتــەوە، بێـجگە لە وەچەی پێــشــووتر و پێش من، لە هەولێــر تاکـولوک لە لاوەکـان خـەریکی خـوێندنەوە و نـووسین بوون، ئەوانەش لەلایەن خۆیانەوە هەوڵـیــان دەدا ئەو بۆشـایی ناسنامـەیەیان پڕ بکەنەوە، بۆیە بەهۆی هەوڵی خۆفێرکردنی زمانی کوردی، بۆ یەکـەم جـار لە ژیانمدا هەوڵم دا کــتــێــبی دەرەوەی بەرنامەی خوێندنیش بخوێنمەوە، خوێندنەوەی کوردییش بۆ من تەنیـا بۆ فـێـربوون و بەهێزکردنی زمـانی کوردیم نەبوو، بەڵکو دەمـــــویست لەو ڕێگەیەوە داڕشــــتنی کــوردییــەکـەشم بەهێـز بکەم. ئەوانە هەمـووی هاندەری زیاتری من بوون کە ڕوو بکەمە خوێندنەوەی کوردی، بۆیە تەنیا بە خوێندنەوەی کتێبی خوێندنەکەم وازم نەدەهێنا، بگرە ئەو حەزە بەرەو خوێندنەوەی کتێبی کوردی دەرەوەی بەرنامەی خوێندنەکەشم پەلی پێ هاوێشتم، بە تایبەتی لە ســـاڵانی ١٩٧٠ بەدواوە کـــە چووینە نـاوەندی سەلاحەددین، ئەو ماوەیە کەوتە دوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار، لێـرەوە هەوڵم دا قـەرەبووی خـوێندن بە زمـانی عــەرەبیم بکـەمــەوە، چونکە کــەوتین بەســەر کەشوهەوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری مێژوویی، کـە لەنێوان شـۆڕشی کـورد بە ڕابەرایەتی (مــســتــەفـا بارزانی) و حکوومەتی ئێراقدا ئیمزا کرا، لەو ساڵەدا بەپێی ڕێکەوتننامەکە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیش کـرابوونە کـوردی. لەپاش ئەو ڕێکەوتننامـەیە، چاخی زێڕینی خوێندن و نووسینی کوردی، بووژانەوەی ئەدەبیات و ڕۆژنامەگەری کوردی دەستی پێکرد، چونکە لەو ساڵە بەدواوە ئیـتـر بە لێشـاو گـۆڤـار و ڕۆژنامـە و کـتـێـب و نامیلکە و بلاڤۆکی کوردی کـەوتە کـتـێـبخـانەکـانەوە، منیش ئەوەم بەدەرفەت زانی و کەوتمە سـوودوەرگرتن لەو بزاڤی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنییە چاپکراوە کە بە زمانی کوردی دەردەچوون.




* پێشتر ورده ورده بە زمانی عەرەبی کتێبم دەخوێندەوە، بە تایبەتی وەک لە شوێنێکی دی باسم کردووە، سەرەتا بە خوێندنەوەی رۆمانی عەرەبی دەستم پێکرد، بەڵام ساڵی ١٩٧٢ کە لەناوەندی سەلاحەددین بووم، لەو قۆناغەدا کتێبم بە زمانی کوردییش دەخوێندەوە، هەر بەهۆی کەشوهەوای رێککەوتننامەی یازدەی ئادار، دۆخێکی سازگاری کوردایەتی و متمانە بە خۆبوون و شانازی بە (کورد بوون) لەلای هەر تاکێکی کورد هاتبووە گۆڕێ، ئەوە زۆر هاندەرم بوو بۆ ئەوەی بە گەرموگوڕی زیاترەوە ڕوو بکەمە خوێندنەوەی کوردی. لەبیرمە نامیلکەی (پیاوە بچکۆلەکە)ی (فەرەیدوون عەلی ئەمین) یەکێک لەو کتێبانە بوو کە بەزمانی کوردی خوێندمەوە(١)، زۆر چێژم لێ وەرگرت و عیشقی خوێندنەوەی کتێبی کوردی لەلا زۆرتر کردم. پێشتر باسی ئەوەم کردووە کە من لە دایکەوە هەولێری و لە باوکەوە کۆیبیم، لەبەر ئەوەی من لە گەڕەکی تەیراوا چاوم هەڵێناوە، ماڵی باپیریشم (باوکی دایکم) لە تەیراوا نیشتەجێ بوون، بۆیە کە لە بەغداشەوە هاتینەوە هەولێر، چووین لە تەیراوا خانوویەکمان لە پشت ماڵی هونەرمەند (ڕەسووڵ گەردی) بە (٨) دینار بەکرێ گرت، ئەوکاتە ماڵی باپیرم زۆر لێمانەوە دوور نەبوو، ماڵی ئەوان کەوتبووە بەرانبەر ماڵی مام عارفی باوکی هونەرمەند محەمەد عارف سیامەنسووری، کە ئەوکاتە دەیانگوت کوڕەکەیان بۆ خوێندن چووەتە ڕووسیا، بۆیە کە ماڵی خۆمان، یان ماڵی باپیرم، یان دایە عەیشێ و مام عارف بۆ ئیشوکارێک دەیانناردمە ناو بازێڕی هەولێرێ، هەموو جارێک لەسەر رێگەی خۆم لەبەردەم جامخانەی کتێبە چاپکراوەکانی مام گیوی موکریانی رادەوەستام و بە تاسە و شەوقەوە تەماشای کتێبەکانم دەکرد. شتێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لەو دوکانەی مام گیوی موکریانی تەپەتەپی کارکردنی چاپخانەکەی بوو کە وەک ئیقاعێک گوێم لەسەر ڕاهاتبوو، ئێستاشی لەگەڵدابێ ئەو دەنگی مەکینەی چاپە لە گوێچکەمدا دەزرینگێتەوە. کتێبە چاپکراوەکانی ناو جامخانەکەشی، زۆربەی هەرە زۆریان دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد بوون، هەندێکیش لە کتێبەکان قاموسە چاپکراوەکانی خۆی بوون، کە دواتر بەو پارە کەمەی کۆم دەکردەوە، هەندێ لەو دیوانانەی شاعیرە کلاسیکییەکانم لێ کڕی و دەمخوێندنەوە، هەندێ جار خاتریشی دەگرتم(٢).

* کوردی ماڵوێران خۆ ڕەنگ نییە چەند کتێبێک بخوێنێتەوە، یەکسەر و بێ سێ و دوو پەلاماری نووسینی (شیعر)ی بەستەزمان دەدا، کە لەناو کورد وای لێ هاتووە هەموو کەس بە شیعر دەوێرێ، ئەدی (عەزیز نەسین) لە چاوپێکەوتنێکدا ناڵێ کورد لەناو سێ کەسیان، دوویان شاعیرن، بۆیە منیش کە ورده ورده کوردی خوێندنەوە و نووسین فێربووم، مەیلم بە لای نووسینی شیعردا چوو، دوای ئەو چەند ساڵەی خۆم بە خوێندنەوەوە خەریک کرد، ئیدی کەوتمە شیعر نووسین، منیش وەک زۆر لە هاوەڵانم یەکەم وشەی نووسینم، شیعر بوو. شیعر نزیکترین هۆیەکانی دەربڕینی خەیاڵ و ئیحساسی مرۆڤە، شیعر باڵەفڕە و شنەشنی ڕوحێکە لە شەقەقەی باڵ دەدا و لەسەر هەموو جوانی و ناشیرینییەکانی ژیان دەنیشێتەوە. منداڵی و مێردمنداڵی و شیعر، پاکی و بێگەردی و ڕاستگۆیی ئەو قۆناغانەی تەمەنن کە لەگەڵ دنیای شیعر تێکەڵ و دەست لەملانن. هەستی قووڵی جوانی و عیشقی پاک هەمیشە حەزیان بە هەرێمەکانی شیعرە، هەر لەوکاتانەشدا بوو کە بەردەوام سەردانی شاری کۆیەم دەکرد، بەهۆی کوڕە پوورێکمەوە کە ناوی (ئەمیر مستەفا ١٩٥٥/١١/١ -

١/٢/١٩٩٥) بوو، ئەویش سەروکاری لەگەڵ شیعرنووسیندا هەبوو، ئارەزووی هونەر و گۆرانی گوتنیشی هەبوو، لە تیپی باواجی کۆرس بوو، ئەو سێ ساڵێک تەمەنی لە من گەورەتر بوو، نازناوی (دڵبەند)ی بۆ خۆی دانابوو، منیش هەر لەو ساڵەدا نازناوی (بێچارە)م بۆ خۆم هەڵبژارد. هەر ئەو ساڵە، واتە ساڵی ١٩٧٢ لە کۆیە بەهۆی هاموشۆی بەردەوامم بۆ ئەوێ، چەند کەسێکم ناسی کە بووبوونە هاوڕێی نزیکم لەوانەش برایان: جەواد حەمەد بەگ، ڕێباز غەفووری، قوباد بەهرەوەر، مەولوود ژاکاو. بەهۆی خاڵە (تایەر ئەحمەد حەوێزی)شمەوە کە بەردەوام دانی بەیانیان لە مەحەلەکەی (عوسمان عەونی)ی شاعیر دادەنیشت، (عەونی) و (مەجید ئاسنگەر) و (مەجید نوورەددین جەلی زادە)م ناسی و چەند جارێک چوومە کنیان و لەلایان دادەنیشتم و دەچوومە ناو قسە و باسەکانیان، زۆر جاریش ئەوان بە پرسیار دایان دەگرتمەوە. هەر ئەو کاتانە بوو لەماڵەوە سەردانی (مەلا مستەفا عاسی)ی شاعیرم کرد لە گەڕەکی بەفری قەندی، هەروەها چوومە دیدەنی (جەلال جۆبار). ساڵانی دواتریش (فازیل شەوڕۆ و کەمال مەعرووف و گوشاد حەمە سەعید)م ناسی، ئەو ساڵانە لە کۆیە ئەوەی دەنکە جۆیەکی ئەدەبیات و ڕۆشنبیری خواردبێ، من ئاشنایەتی و دۆستایەتیم لەگەڵیاندا پەیدا کرد و ناسیمن.

* هەر لەو کاتانەدا سەردانی (سامی عەوداڵ)ی شاعیریشم دەکرد و لە دوکانەکەی خۆیدا کە لە سەرووی فولکەی (حاجی قادری کۆیی)، لە بەرانبەر چایخانەی (باواجی) بوو، جار دوای جاریش بەینم لەگەڵی خۆشتر و دۆستایەتیم لەگەڵی بەهێزتر دەبوو. سامی عەوداڵ کە دوکانێکی بچکۆلەی هەبوو، دوکانی بایعی بوو، زۆر بە دەگمەن خەڵکی دەهاتنە لای و شمەکەیان لێ دەکڕی، بۆیە ئەویش لەگەڵ میوانەکانی بەردەوام خەریکی قسەوباسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوو، لە بیرمە هەر چوار لای دیواری دوکانەکەی بەو کارتۆنانە داپۆشیبوو کە شیعریان لەسەر نووسرابوو، بەشی زۆری ئەو شیعرانە چوارینی خۆی بوون، هەندێ دێڕیانم لەبیر ماوە کە نووسرابوو:

**زاڵم ئەگەر بوو بە پرد نەکەن بەسەریا بڕۆن**

**زاڵم وەک زەنگەسۆرە فکری لە پێوەدانە**

سجلێکی گەورەشی هێنابووە دوکان و لەبەردەستی بوو، کە بەشێکی شیعرەکانی تێدا نووسرابوونەوە، ناوی نابوو (باخچەی گۆیژە) لەژێر ئەو ناوونیشانە بە زمانی عەرەبی (حديقة الأفكار)ی نووسیبوو، جار بەجار لەو سجلە شیعری بۆ دەخوێندینەوە، من ڕەحمەتی (جەواد حەمەد بەگ)م لەم دوکانە و لەلای ئەو پیاوە ناسی.

* دوو دوکان سەرووی دوکانەکەی (سامی عەوداڵ)، دوکانی (میرزا محەمەد ئەمین «ئەمینی»)ی شاعیر بوو، ئەویشم ناسی، کە شاعیرێک بوو شیعری کلاسیکی دەنووسی، تا ئەوکاتەی من ناسیم شیعرەکانی خۆی بڵاونەدەکردەوە، دواتر لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە بارەی (ئەمینی)ی شاعیر بابەتێکم نووسی و شیعرێک لە شیعرە بڵاونەکراوەکانیم لەگەڵ نووسینەکە بڵاوکردەوە(٣)، هەروەک چۆن لە ساڵی ١٩٧٦، بە زمانی عەرەبی کورتە چاوپێکەوتنێکم لە گۆشەی (لقاء)، لەدوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی (العراق)دا لەگەڵ سامی عەودال بڵاوکردەوە(٤)، هەر لەوکاتەشدا بوو کە چوومە مزگەوتی گەورەی کۆیە، ئاشنایەتیم لەگەڵ (مەلا ڕەئووفی سەلیماغای حەوێزی)(٥) پەیدا کرد، کە نووسەر و شاعیرێکی ناسراوی کۆیە بوو، بە خزمایەتی دەگەیشتەوە حاجی بەکراغای قاصد و ئەختەر، لەبیرمە لەناو سندووقێکی کۆنی هەشتەرخان دەستنووسێکی زۆری شاعیرانی کوردی کۆکردبووەوە و لەلای خۆی هەڵیانی گرتبوو، من کە بە ڕێکەوت لە کۆیە چەند دەستنووسێکم دەستکەوتبوو، ئەو دەستنووسانە شیعری (ئەختەر)یان تێدا بوو، دەسکەوتنی ئەو دەستنووسانە کە شیعری (کوردی) و (فارسی) و (تورکی)یان تێدا بوو، کەڵکەڵەی کۆکردنەوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرە و ساغکردنەوەیان و نووسین لە بارەیانەوەی خستە سەرمەوە، بۆیە ئەوکاتە هەر کەسێکم شک بردبا کە شیعری (ئەختەر)ی لەلایە، یان شیعری ئەوی لەبەرە، دەچوومە لایان، بە تایبەتیش کە دەمبینی شیعری (ئەختەر) لە کۆیە لەلایەن پیاوە پیرەکان و مەقامزان و گۆرانیبێژەکانەوە دەوترانەوە.(٦)

* بە مەبەستی زیاتر کۆکردنەوە و کارکردن لەسەر شیعرەکانی ئەختەر، بێجگە لە (مەلا ڕەئووفی سەلیماغای حەوێزی)، سەردانی (ڕۆستەم حەوێزی) شاعیر و (حاجی قادری پەڕەکەر) و (ئەمینی سەمەنی)یشم کرد، ئەوانیش چ شیعرێکی ئەو شاعیرەیان لەلا بوو لێم وەرگرتن(٧)، پاشتر چەند دەستنووسێکی دیکەم بەدەستهێنا کە شیعری شاعیرانی کوردی تێدا نووسرابووەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ تێکستی شیعرەکانی لای

خۆم بەراوردیان بکەم، یەکێک لەو دەستنووسانە، دەستنووسێکی لای ڕۆستەم حەویزی بوو، ئەوە بوو ژمارەی شیعرەکانی لای من بوونە نزیکەی (١٩) شیعر بە زمانی کوردی، (١٠) شیعر بە زمانی فارسی، (١) دانە شیعریش بە زمانی تورکی، کە یەکێک لەو دەستنووسانە شیعرە تورکییەکەی ئەختەر بوو، کە لەسەری نووسرابوو (کلامی اختر).

* من کە تورکیم نەدەزانی، ئەو دەستنووسە لەسەر پەڕەیەکی پان و زەردباوی کۆندا بە خەتی شکستە نووسرابووەوە، لە هەولێر بردمە لای عەبدوڵڵا حەداد کە تورکیزان بوو، دیار بوو بە باشی نەیتوانی شیعرەکە بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو کەس تورکی عوسمانلی نەدەزانی. ئەو کە ماڵیان لە گەڕەکی عارەبان بوو، نزیکی ماڵی قازی ڕەشاد موفتی بوو، بۆیە پێشنیاری کرد پێکەوە بچینە لای (ڕەشاد موفتی)ی ڕەحمەتی، لەبەر ئەوەی پێی وابوو تورکییەکەی ئەو لە هی هەمووان باشترە، هەروەها زانیاری لەسەر ئەدەبیات هەیە و چێژی شیعریشی هەبوو، ئەوەبوو کاتێکمان دانا کە یەک بگرین و بە دوو قۆڵی بچینە لای، کە چووینە لای لە ماڵەوە (ئەوسا لە هەولێر ماڵیان لە گەڕەکی عارەبان بوو، ئێستاش ئەو ماڵ و دیوەخانەیە هەر ماوە) بۆ یەکەم جار (ڕەشاد موفتی)م بینی کە بەجبە و تەڕبووشەوە، پیاوێکی نوورانی و عالی جەناب هاتە پێش چاوم. ڕەشاد موفتی ئەو پیاوە زانست پەروەرەی هەولێر بوو کە لە حوجرەکەی زانستی بڵاوکردەوە، لەو شارەدا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی پیاوێکی کاریگەر بوو. زاتێکی زانا و خۆشەویست بوو، کە بەردەوام برەوی بە زمانی کوردی دەدا، مەولوودنامەی بە زمانی کوردی داناوە. من کە باسەکەم لەلای کردەوە و دەستنووسەکەم خستە بەردەستی، عەرزم کرد ئەو شیعرە تورکییەی (ئەختەر)م دەستکەوتووە پێم ناخوێنرێتەوە، کاک عەبدوڵڵا حەدادیش پێی نەخوێنرایەوە، بەڵکو بۆمی ساغ بکەیتەوە. زۆر لێی وردبووەوە، ماوەیەک هێنای و بردی، پاشان بەزەڕەبین زیاتر لە دێڕەکانی ورد بووەوە، بەدەم سەیرکردنیشەوە قسەی بۆ دەکردین، ئێمەش دەماندواند و قسەمان دەکرد و پرسیارمان لێی دەکرد، دواجار گوتی: کاکە ئەو دەستنووسە بدە من، بە کەڵکی تۆ نایەت! منیش هێندە شەرمن بووم، دەستنووسەکەم بۆی بەجێ هێشت. (٨)

* لەوکاتەدا ئەوەندەی سۆراخ و گەڕان و بەدواداچوونم بۆ شیعرەکانی ئەختەر دەکرد، هێندە زیاتر بەدوای ژیانی ئەو شاعیرەدا دەگەڕام و دەمویست بە ڕاستودروستی ژیانی شاعیر بەدەستبهێنم، پاشان کەوتمە گەڕان بەدوای ئەو سەرچاوانەی لە بارەی ئەو شاعیرەوە نووسیویانە، لەسەرووی هەموویانەوە کتێبەکەی مامۆستا کەریم شارەزا (کۆیە و شاعیرانی)(٩) بوو، بابەتێکی خاڵە (تایەر ئەحمەد حەویزی)، کە لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوکرابووەوە، وتارێکی مامۆستا (عەبدولڕەزاق بیمار) لە گۆڤاری (هەتاو) و بابەتێک لە گۆڤاری (هیوا) بڵاوکرابوونەوە، هەروەها کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) مامۆستا عەلائەددین سەجادی، لەگەڵ چەند دێڕێک لە کتێبی (حاجی قادری کۆیی) مەسعوود محەمەد شتێکی دیکەی لەسەر نەنووسرابوو، ئیتر ئەوەبوو تا ساڵی ١٩٧٤ لە ماوەی دوو ساڵی بەردەوام خەریکی ئامادەکردنی ئەو کۆکراوە شیعرییە بووم، دوای ئەو دوو ساڵە لە سۆراخ کردن و گەڕانی بەردەوام، شیعرەکان و لێکۆڵینەوەیەکم لە بارەیانەوە گەڵاڵە کرد.

* هەر پێش ئەوەی نییەت و نیازی ئەوەم هەبێ بچمە بەغدا بۆ ئەوەی دەستنووسەکەم بدەمە (سانسۆر)، لە کۆیە لەگەڵ برایان (جەواد حەمە بەگ، قوباد بەهرەوەر، ڕێباز غەفووری) چووینە ئەو گۆڕستانەی (ئەختەر)ی تێدا نێژرابوو، لەوێ مەزارەکەیمان دۆزییەوە، ئەو کاتە کامێرا زۆر کەم بوو، چووین لە ستۆدیۆیەکی کۆیە کامێرامان بەکرێ گرت و وێنەیەکی ئەو مەزارەمان گرت، تا لە ئاییندەدا لەناو کتێبە چاپکراوەکەدا بڵاو ببێتەوە، بەڵام سەیرم بە یەک شت دێ، ئێمە کە کامێرامان پەیدا کرد و ئەو چەند کەسە چووینە سەر مەزارەکەی (ئەختەر) و وێنەیمان گرت، باشە بۆچی وێنەیەکی ئەو چەند کەسەمان نەگرت کە پێکەوە بووین؟ دەڵێ هەموو دەم عەقڵ میوان نییە، لەو کاتانەدا وا تێدەگەین، هەموو ڕۆژ و هەر کاتێکی بمانەوێ دەتوانین بەو شێوەیە کۆ ببینەوە، بۆیە هەندێ جار بیرۆکەکانمان بە (سبەینێ) و (داهاتوو) دەسپێرین، کە لە زۆربەی جارەکاندا ئەو (سبەینێ)یە ڕێک ناکەوێتەوە!. ئەو وێنەیەی گڵکۆی ئەختەر لەبەر ئەوەی ڕۆژەکەی چووین بۆ وێنەگرتنی هەور بوو، تاریک و لێڵ دەرچوو بوو، لەو سەردەمەشدا دەبوایە وێنەکە ببرێتە بەغداو بکرێتە (زەنگوغراف)، بۆیە کە تاریک دەرچووبوو بە پێویستم زانی وێنەکە دووبارە بگیرێتەوە، ئەوە بوو نامەم بۆ (قوباد بەهرەوەر) نووسی، وێنەی گۆڕەکەی ئەختەرم دووبارە بۆ بگرێتەوە، ئەویش لە

نامەیەکیدا کە لە ١٩٧٥/١١/٢٢ بۆی نووسیوم دەڵێ:
(لەگەڵ هیمداد تاهیر و عەلی حەمەد چووینە سەر گۆڕی ناوبراو، هەروەکو خۆم پێم گوتی بێ بەخت بوویت و کە هاتمەوە باران بوو، بەڵام ئەو ڕۆژی مـــاوەیەکی زۆر چاوەڕوانی هەتاومان کرد و بە هەزاران حاڵ وێنەکەمان گرت، جگە لەوەی کە نووسینی سەر کێلەکە هەروا بە ڕووتی بوو، ئێـــمـــە ڕەنگمـــان کـــرد تا لە وێنە دەرچێت).(١٠)

* هەر دوای تەواوکردنی کارەکەم و بەهۆی ئەوەی لەو کاتانەدا سەردانی بەغدا، بەتایبەتی گازینۆی پەرلەمانم دەکرد، لەو گازینۆیەدا (دارا محەمەد عەلی)م ناسی، بەهۆی کارکردنی زۆرم لەسەر (ئەختەر) و بینینی ئەو پیرەمێردانەی شیعری ئەویان لەبەر بوو و خۆشیان دەویست، ئەو پیرەمێردانە لە باب و باپیران و کەسانی بە ساڵاچووی پێش خۆیان سەروسیما و وەسفی شێوە و ڕوخساری (ئەختەر)یان بیستبوو، من ئەوەم لێ وەرگرتبوون و ڕێک وەسفی شێوە و ڕوخساریم بە هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی) گوت، تا پۆرترێتێکی شاعیرەکەم بۆ دروست بکات، ئەویش بەپێی ئەو وەسفە و بەسەروبەست و دەستووری کۆییانە پۆرترێتەکەی بۆ کردم، داخەکەم دوای لە چاپدانی کتێبەکەم لە ساڵی ١٩٧٦ـەوە، تا ئەمڕۆ هەر کەسێک هەڵدەستێ ئەو وێنەیە بەکاردێنێ کە لە کتێبەکەی من وەری دەگرێ، وەک بڵێی کە شاعیرەکە مردووە، ئەو وێنەیەی فۆلکلۆر بووبێ، یان لەپاش خۆی بەجێی هێشتبێ، بۆیە ئەو مافە بەخۆیان دەدەن بە ئارەزووی خۆیان بڵاوی بکەنەوە و هەندێ جار بیخەنە سەر بەرگی کتێبەکانیشیان، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدەن کە ناميلکەکەی منە.

* من بێ ئومێد بووم لەوەی بتوانم بە ئاسانی ئەو ناميلکەیەم لە چاپ بدەم، بۆیە ماوەیەک لە ماڵەوە کەوت، بەڵام تا بەرهەمەکەم بەچاپ گەیاند لە بڵاوکراوەی (ڕۆشنبیری نوێ)دا لە بارەی ئەو شاعیرە و شیعرەکانییەوە بابەتێکم بڵاوکردەوە(١١)، بێ ئاگا لەوەی من کارم لەسەر هەموو شیعرەکانی ئەو شاعیرە و ژیانیدا کردووە، (ئەبووبەکر خۆشناو) بە وتارێک لە بارەی ئەو نووسینەوە ڕوون کردنەوەی نووسی(١٢)، گوایە لە کورتە نووسینەکەی خۆم ژیاننامەکەی شاعیرم لە کتێبەکەی (کۆیە و شاعیرانی) وەرگرتووە، لە کاتێکدا سەرچاوەی هەردوو نووسینەکە، چ ئەوەکەی مامۆستا (کەریم شارەزا) و چ ئەوەی من یەک سەرچاوە بوون کە



**ئازاد عەبدولواحید، کۆیە، ١٩٧٣/١١/١٧، لە جەژنی ڕەمەزان گیراوە، لەو کاتەدا کە خەریکی کۆکردنەوەو ساغکردنەوەو نووسین لەبارەی ئەختەرەوە بووم.**

ئەویش شاری کۆیە و کەسە خوێندەوار و ئەدەب دۆستە دێرینەکانی بوون، لەگەڵ ئەو کەسانەی شارەزاییان لەبارەی ژیان و شیعری ئەو شاعیرەوە هەبوو، کە کەسانێکی دیاریکراو بوون، بێ گومان مامۆستا (کەریم شارەزا)ش هەر لەو کەسانە ئەو ژیاننامەیەی وەرگرتبوو، بەپێی ئەو مەنتیقەش بێ دەبێ بڵێین مامۆستا کەریم شارەزا، ژیاننامەکەی (ئەختەر)ی لە تایەر ئەحمەد و بیمار و سەجادی و گۆڤاری هیوا وەرگرتووە، چونکە ئەوان زۆر پێشتر ئەو ژیاننامەیەیان نووسیوەتەوە و بڵاوکردووەتەوە، جگە لە ئاماژەدانی من بە سەرچاوەکان و فرێدانی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی بڵاوکراوەکەوە، بۆیە ناچار بووم وەڵامێکی (ئەبووبەکر خۆشناو) بدەمەوە(١٣)، کە لە وەڵامەکەی ئەودا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەبێ ئەوەی ناوی ببەم، وەڵامی (سابیر ڕەشید)یشم دابووەوە کە پێشتر کورتە نووسینێکی لە بارەی ژیان و شیعرێکی بڵاونەکراوەی (خادیم) نووسیبوو کە لە هەمان بڵاوکراوەی (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاوم کردبووەوە، لەمەشدا زۆرتر نیازم ڕزگارکردنی شیعرە بڵاونەکراوەکەی شاعیر بوو(١٤).

* هەر لە ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥ بوو، جارێک لە تەلەڤزیۆنی بەغدا لە بەرنامەکەی (سەعید زەنگەنە) بەناوی (ڕۆشنبیری کوردی) چارەکێک قسەم لە بارەی

(ئەختـەر)ـەوە کـرد، جـارێکی دی هەمـدیسـان لە تەلەڤزیۆنی بەغدا، لە بەرنامەی (شیعر و مۆسیقا) کە (نەوزاد خەزنەدار) ئامادە و پێشکەشی دەکرد چوومەوە بەغدا و لەو بەرنامەیەدا (٥٠) دەقیقە قسەم لە بارەی ئەختـەرەوە کـرد، ئەم جـارەیان بێـجگە لە قسـەکـردنی تێروتەسەل، شیعرەکەی (ئەختەر) کە بەناوی (ئەمان ساقی دڵی شەیدا لە جەوری دیدە غەمگینە)یە(١٥) بە مۆسیـقـاوە، بە نمایش و دەنگی خۆم خوێندەوە کە دیکۆرێکی زۆر جوانی بۆ کرابوو، کچێکیان هێنابوو کە مەسیحی بوو، بۆ ئەوەی پێکەوە نمایشەکە بکەین، بۆ زانیاری ئەو کچە ناوی (جوان بازی) بوو کە خەڵکی شاری دهۆک بوو، بەڵام لە بەغدا ژیابوو، دیکۆرەکەش دەرهێنەر (حسين الأنصاري) و دیکۆرکێشەکان کردبوویان.

* ئەوەی پێوەندی بە خاڵە (تایەر ئەحمەد حەوێزی)یەوە هەیە، ئەو لەو کارەمدا لە سنوورێکی دیاریکراودا یارمەتی منی دا، بۆیە لە کۆتایی نامیلکەکەدا ناویم لە لیستی ئەو کەسانە نەنووسیوە کە هاوکارییان کردبووم. لە نامەکەمدا کە بۆیم نووسیوە و لە کۆتایی ئەو وتارەدا دەخوێنرێتەوە، نەختێک تووڕەیی بە قسەکانمەوە دیارە، خاڵە تایەر ئەو شیعرەی ئەختەر کە بەناوی (دەماغم وەزنە) و شیعرێکی دیکەی (ئەختەر)ی کاتێک دایە من، کە دەیزانی لە دوو سەرچاوەی دیکەوە هەمان ئەو شیعرانەم بەدەست هێناوە، منیش لێیم وەرگرت تا بتوانم لەگەڵ نوسخەکانی لای خۆم بەراوردیان بکەم، بەڵام هەر ئەوکاتە گومانێک لەلام پەیدا بوو کە ئەو شیعرەی (دەماغم وەزنە) هی (ئەختەر) بێ، بۆیە نەمخستە ناو دیوانەکەوە تا دەرفەتی کنە و پشکنین و سۆراغی ساغکردنەوەی زیاترم بۆ هەڵکەوێ، دوای قەناعەت هێنان بەوەی ئەم شیعرەش هی (ئەختەر)ـە، بە تایبەتی کە دواجار لەگەڵ خوا لێی خۆشبێ هونەرمەند (عەدنان جەمال) قسەی زۆمان لەبارەوە کرد، ئەویش لەبەر ئەوەی شیعرەکە و مەقامەکەی پێکەوە بەدەست کەوتبوو، زانیاریشی لە بارەی ئەو شیعرەوە هەبوو، بۆیە بڕیارم دا لە داهاتوودا، واتە لە کاتی دووبارە لە چاپدانەوەی شیعرەکانی (ئەختەر)، بیخەمە پاڵ شیعرەکانی دیکەیەوە. خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی کە لە ڕووی خۆشەویستی و نازکێشانەوە پێی دەوتم (ئازادە فەندی)، ئەوکاتە پێی وتم (ئازادە فەندی) ئەگەر من زانیاری لای خۆمت بدەمێ، چی بۆ من دەمێنێتەوە؟ لەبەر ئەوە هەر زوو پێی وتم تۆ خەریکی شیعرەکانی بەو منیش هەندێ سەرگوروشتەی ئەختەر کۆدەکەمەوە و دەیانکەم بە نامیلکەیەک، بۆیە من زۆر سەرگوروشتە و وردەکاری ژیانی ئەختەرم نەنووسی، بڕیار بوو ئەویش بەلای شیعری ئەختەردا نەیەت، بەڵام ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیر بوو ئەوەیە خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی دوای ئەو پێکهاتن و قسانەی نێوانمان، چوو هەموو کارەکەی منی، کە بەشێکی ژیان و سەرجەمی شیعرەکانە خستە سەر نامیلکە چاپکراوەکەی خۆی، کە من ئێستا هیچ تەفسیرێکی ئەو کارەی نازانم؟ حەتمەن ئەو کارەی کراوە بە هیچ شێوەیەک مافی کۆکەرەوە و ساغکەرەوە و نووسەری پێشووی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە، نیشانەی شارەزایی لە چاپ کردنی کتێبیشی پێوە دیارە نییە.

* هەندێک وا دەزانن ئەگەر کەسێک خزمی شاعیرێک بوو، ئیدی بۆی هەیە بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ کارەکانی ئەو شاعیر و نووسەرە ڕەفتار بکات، لە کاتێکدا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بچووککردنەوەی شاعیرەکەیە، بچووککردنەوەکەش لەوەدایە ئەو شاعیرە لە حاڵەتێکی گشتییەوە دەهێنرێتەدەر و بۆ ناو (خێزان) و (عەشیرەت) بچووک دەکرێتەوە، لە جیاتی ئەوەی گەورەتر بکرێ و ناوی لەگەڵ میللەتێک بێت، چونکە شاعیرەکە شاعیری نەتەوە و میللەتێکە. ئەوە لەکاتێکدا ئەو قسانە دەکەم دەبێ بڵێم چ بە ئەزموونی نووسینی



خۆم، چ بە ئەزموونی تێکەڵاویم لەگەڵ دەوروبەر و ناوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی، تا ئێستا من نە بینیومە و نە بیستوومە بنەماڵەی هیچ شاعیر و نووسەرێک بە باشی هاوکاری ئەو کەسانەیان کردبێ کە خەریکی کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی بەرهەمی ئەو شاعیر و نووسەرانەن کە دەکاتە باوکیان، مامیان، خاڵیان، باپیریان، یان هەر کەسێکی دوور، یان نزیکی ئەو میراتگرانە، تەنانەت هەندێ جار کۆسپ و تەگەرەی گەورەش بۆ ئەو کەسانە دروست دەکەن. ڕەنگە ئەوانە پێیان وابێ کە تۆ خەریکی ئەو کارەیت، دەتەوێ لەو ڕێیەوە دەوڵەمەند بیت، ئەوە لە حاڵێکدایە خۆشیان ناتوانن، یان ئەو توانایییەیان نییە بە ڕێکوپێکی بەرهەم و کاری ئەو کەسە، یان ئەو خزمە دوور، یان نزیکەیان بەباشی بگەیەننە خوێنەران، ئەوە ئەگەر توانیبێتیان بەرهەم و نووسینەکانیان بە باشی لە فەوتان بپارێزن. دیارە ئەوەی من لەلای خۆمان باسی دەکەم لەوانەیە لەلای میللەتان و گەلانی دیکەش کێشە و گرفتی وا پێش هاتبێ. جاران ئەگەر شاعیرێک هەتا (٥٠) ساڵ بەسەر کۆچی دواییەکەیدا تێنەپەڕیبا، لە ڕووی یاساییەوە کەسێک بەبێ ئیزنی کەسوکارەکەی نەیدەتوانی کار لەسەر شاعیرێک، یان نووسەرێک بکات، ئەمە تا ڕاپەڕین (١٩٩١) یاسای دەوڵەتی ئێراق بوو، دوای ڕاپەڕینیش پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١٧)ی لە ساڵی ٢٠١٢ دەرکرد کە لە بڵاوکراوەی (وەقایعی کوردستان)ی ژمارە (١٥٧)دا بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە سایتی پەرلەمانی کوردستان)، بۆیە بەپێی یاسا لە هەر دوو یاساکەی پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین، دوای (٥٠) ساڵ هەموو کەسێک دەبێتە خزم و کەسوکاری ئەو شاعیر و نووسەرە، بەمەش لە حاڵەتی تاک و خێزان و عەشیرەتەوە، بۆ حاڵەتێکی گشتی پەل دەهاوێ، بۆیە هەموو کەس بۆی هەیە کار لەسەر تێکست و ژیان و بەرهەمەکانی ئەو کەسە بکات و لێی بدوێ و لێی بکۆڵێتەوە.

* لێرەوە پرسیارێک دێتە پێشەوە: بۆچی تا من خەریکی ئەو کارە نەبووم، ئەو هەموو خزم و عێل و عەشیرەتە ئەوەندە دڵسۆزی ئەو شاعیرە نەبوون، ئاوڕێکی لێ بدەنەوە؟ بۆ شیعرەکانیان کۆنەکردەوە و لە سەریان نەنووسی؟ کێ دەستی گرتبوون؟ لە کاتێکدا ئەگەر ساڵانێک زووتر دەستیان بە کۆکردنەوە و بەچاپ گەیاندنی ئەو شیعرانەی ئەختەر بکردبا، لەوانەبوو شیعری زیاتریان بە دەست خستبا، زانیاری زۆرتریان سەبارەت بەو شاعیرە کۆکردایەتەوە، چونکە تا من فریای ئەو چەند شیعرەی کەوتم، زۆر دەستنووسی شیعرەکانی فەوتابوون، یان ئەوانەی کە شیعری ئەویان لەبەر بوو، کۆچی دواییان کردبوو، تا ساڵی (١٩٧٦) کە من نامیلکەکەی خۆمم تێدا چاپ کرد، (٨٨) ساڵی ڕەبەق بەسەر کۆچی دوایی ئەو شاعیرەدا تێپەڕیبوو.

* کە من بە قەرز و قۆڵە و بەقیست لە مووچە کەمەکەیان دەگێڕامەوە، بۆ یەکێک لەو خزمانەی شاعیر نەهاتن هاوکاری لە چاپدانی ئەو نامیلکەیەم بکەن؟ تەنانەت کە چاپیش کراو (١٠٠٠) هەزار دانەی لێ کەوتە کتێبخانەکانی کوردستانەوە، بۆ کەسێک لەو خزمانە نەهاتن کۆمەڵێکی لێ هەڵبگرنەوە و بیکڕنەوە و بەسەر خزم و کەسوکاری ئەو شاعیرەدا دابەشی بکەن؟ ئەوە خێرە دوای ساغکردنەوەی ئەو خەتی شکستەیەی شیعرەکانی پێ نووسرابووەوە، دوای ئەوەی بەڕێنووسی ئەو سەردەم و ڕۆژگارە (١٩٧٤-١٩٧٥) نووسرایەوە و چاپ کرا، ئەمڕۆ کتێبولکەکەی من بە کوڵک و مووەوە دەگوێزرێتەوە ناو نامیلکەکەی خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی و ناویشی دەنرێ دیوانی ئەختەر؟ بەبێ ئەوەی پرس بە من بکرێ؟(١٦)پێم وا نییە کەس بەوە ڕازی بێ ئەو کارەی لەگەڵ بکرێ، لە کاتێکدا خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی چەندان کتێبی دیکەی هەیە لەولا بێناز کەوتوون، جگە لە خۆی کەس نەبووە و ئێستاش کەس نییە خۆیان لێ بکەنە ساحیب؟

* دەی ئێستا دوای ئەوەی چەند ساڵێک خۆم بە کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شیعری ئەو شاعیرەو نووسین لە بارەیەوە خەریک کرد، یەکەم کارێک کە کردم ئەوەبوو دەستنووسەکەم هەڵگرت و بردمە لای مامی خۆشەویستم، خوا لێی خۆشبێ کەریم شارەزا بۆ ئەوەی پێیدا بێتەوە، چونکە ئەوەندە تەمەنم بچووک و لە کاری لەو جۆرە بێ ئەزموون بووم، دەترسام کەوتبێتمە هەڵەوە، بۆیە پێویستم بە کەسێکی وا بوو، پشتیوانیم لێ بکات و لە تەحا و پەحای خەڵکی پاشقوڵچی و ئیرەیی پێ بەر و بیانووگر بە دوورم بخاتەوە، لەلایەکیش دەمویست بە ژێر نیگای ڕەخنەیی ئەودا تێپەڕێ، هەرچەندە من بەو تەمەنەوە هەستم بە بەرپرسیاریی سەرشانم دەکرد، بە بەڵگەی ئەوەی وشەیەک لە یەکێک لە شیعرەکانی ئەختەر کە پێم نەدەخوێنرایەوە، وەک پێشتر باسم کرد بە خەتی شکستەی فارسی نووسرابووەوە، ساڵی ١٩٧٥ کە

من دەمزانی مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە هەولێر ئەمینداری ئەمینداریێتی گشتیی ئەوقاف و کاروباری ئایینییە، ئاگاداربووم زۆرجار دەهاتە بەردەمی کتێبخانەی (خۆشناو)ی ڕیزی دوکانەکانی بن داوێنی قەلات، ئەو دەهاتە ئەوێ کتێبی خۆی بۆ دەهێنا بۆی بفرۆشێ و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی لێ دەکڕی، من ئەو شیعرەم لەبەر باخەڵم نا تا نیشانی ئەوی بدەم و بەدیوە ڕاستەکەدا بۆمی بخوێنێتەوە(١٧)، لەگەڵ ئەو وردەکارییەش کە زۆرجار دەگەڕامەوە لای (ڕۆستەم حەویزی)ی شاعیر بۆ ساغکردنەوەی دێڕە شیعرێکی لەنگ، کە ئەویش خزم و ناسیاومان بوو، دیسان ئەو پێداچوونەوەیەم به پێویست زانی، مامۆستا کەریم شارەزاش کە پێشتر ناسیاویمان لەگەڵ یەکتر هەبوو، ڕەزی ماڵی باوکی ئەحمەد دڵزار و کەریم شارەزا لە کۆیە لە تەنیشتی ڕەزەکەی ماڵی باپیرم بوو، ئەو دۆست و هاوڕێیەکی زۆر نزیکی باوکیشم بوو، چ وەک هاوڕێی قوتابخانە و چ وەک کاری سیاسی کە پێکەوە کاریان کردبوو، بۆیە کە دەستنووسەکەم بردە لای مامۆستا کەریم شارەزا بۆم پێیدا بێتەوە، بە تایبەتی شیعرەکان و ژیانی، نەوەک تووشی هەڵەیەک، لەنگییەک بووبم، لەبەر ئەوەی مامۆستا کەریم شارەزا خۆشی (حەویزی) بوو، لە کتێبی (کۆیە و شاعیران)یشدا چەند لاپەڕەیەکی کەمی بۆ ئەختەر تەرخان کردبوو. ڕاستییەکەی مامۆستا کەریم شارەزا کە منی بینی لاوێکی تەمەن ١٦-١٧ ساڵان بەو گەرموگوڕییەوە خەریکی کاری نووسینم و ئەو شیعرانەم کۆکردووەتەوە و لەسەریانم نووسیوە، زۆری پێ خۆش بوو، هەر ئەوکاتە سەرگوروشتەیەکی لە بارەی باوکمەوە بۆ گێڕامەوە و وتی: لەوکاتەی من لە بەغدا قوتابی خانەی مامۆستایان بووم، زۆرجار لەگەڵ چەند برادەرێک کە زۆربەیان کۆیی بوون لە چایخانەیەکدا دادەنیشتین، پێم وابێ گوتی چایخانەکە ناوی (کندی) بوو، پێی گوتم جارێکیان لەگەڵ باوکی ڕەحمەتیت لەو چایخانەیەدا دانیشتبووین و یەکمان گرتبووەوە، وەک زۆر جاری دی قسە و باسمان لە زۆر بابەت کرد، لە پڕ (حسەین عارف)ی چیرۆکنووس هاتە لام بۆ چایخانەکە، دیارە ئەوکاتە هەردووکیان چەپڕەو بوون، گوتی کە حسەین عارف هاتە لام، باوکت لەلام دانیشتبوو، یەکسەر پرسیاری کرد، کەریم ئەو لاوە کێیە؟ پێم وت بەرپرسی لاپەڕەی لاوان و قوتابییانە لە ڕۆژنامەی (ئازادی) حزبی شیوعی. گوتی باوکت زۆری پێ خۆش بوو کە لاوێکی وای بینی خەریکی نووسین و ڕۆژنامەگەرییە، نەیزانی کوڕەکەی خۆی لە تەمەنێکی زۆر بچووکتر خەریکی کاری نووسین و ڕۆژنامەوانی دەبێت، بێ گومان ئەو قسەیەی مامۆستا کەریم شارەزا ئەوەندەی دی بۆ بەدواداچوون و نووسین و کۆڵ نەدان لەو بوارەدا منی هان دا.

* ئێستا پێویستە باسی ئەوە بکەم کە چۆن کتێبەکەم دایە (بەڕێوەبەرێتی سانسۆری چاپەمەنی) بەغدا. من پێشتر باسی ژیان و مانەوەمانم لە شاری بەغدا کرد، کە لە ساڵی ١٩٦٨ هاتینەوە هەولێر، چونکە ساڵانێک لە بەغدا ژیابووین، بیرەوەری زۆرم لەگەڵ شاری بەغدا هەبوو، بۆیە هەر چەندە هاتبووینەوە هەولێر، بەڵام بەردەوام سۆزێکم بۆ بەغدا هەبوو، ئەو (٧) ساڵەی من لەبەغدا ژیام (١٩٦٢- ١٩٦٨)، بە تایبەتی بەغدای ساڵانی شەستەکان زۆر جیاواز بوو، لەو بەغدایەی لە دوای ساڵانی ١٩٧٥ بەدواوە بینیمان، بۆیە بەهۆی ئەوەی ماڵە خوشکێکم (خوشکم لە باوکمەوە) ماڵیان لە بەغدا لە گۆڕەپانی فڕۆکەوانی ( ساحة الطيران) بوو، کە ئەوەش نزیک بوو لە (کەنیسەی مار یووسف) و (نفق) و (ساحة التحرير) و (حديقة الأمة) و ئەو ناوە، لەولاتریشەوە لە شەقامی بەناوبانگی (ڕەشید) زۆر دوور نەبوو. زۆرجار لە هاوینان دەچوومە بەغدا و لە ماڵی ئەو خوشکەم لام دەدا، خاڵە تایەر ئەحمەد حەویزی کە هاوڕێی نزیکی محەمەد تۆفیق وردی و عەبدولڕەزاق بیمار بوو، کە هەردووکیان دوو نووسەری بەناوبانگی کۆیین، دیار بوو مامۆستا بیماری ڕاسپاردبوو، کتێبێکی بۆ لە سانسۆر دەرباز بکات و بیداتە شوێنێ بۆی لە چاپ بدەن، بۆیە ئەو کاتەی من لە ماڵی ئەو خوشکەم بووم، زاوایەکەم (فەتاح محەمەدئەمین) کە باش دەیزانی منیش دەم لە شیعر نووسین دەدەم و چێژی ئەدەبیات لە کەللەی داوم و مەستی کردووم، پێی وتم خاڵە تایەر نامەیەکی بۆ ناردووم دەڵێ سۆراغێکی کتێبەکەم بۆ بکە بزانە گەیشتووەتە کوێ، تۆش ئەگەر حەز دەکەی و تاقەتت هەیە وەرە باپێکەوە بچینە لای مامۆستا (بیمار). ڕاستییەکەی منیش ئەو پێشنیارەم زۆر پێ خۆش بوو، ئەوە بوو پێکەوە هەر بە پیاسە چووینە شەقامی ڕەشید کە ئەو شەقامە (وەک دواتر بەوەم زانی) کۆمەڵێک گازینۆ و چایخانەی گرنگ و بەناوبانگی تێدایە، لەوانە چایخانەی (حسن العجمي) و (برازيلي) و (زهاوي) و (پەرلەمان)، ئیشەکەی ئێمە لە لای (بیمار) لە گازینۆ پەرلەمان بوو کە لە ناوەڕاستی شەقامی ڕەشید و بە

تەنیشت شەقامی (موتەنەبی)یەوە بوو، ئەوە بوو پێکەوە چووینە ئەوێ، وەک زانراوە ئەو گازینۆیە شوێنی دانیشتن و یەکتر بینینی نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندانی کورد و عەرەب و تورکمان بوو، هەر کە چووینە ژوورەوە پێدەچوو کاک (فەتاح) شوێنی دانیشتن و لە یەکتر کۆبوونەوەی ئەدیب و هونەرمەندە کوردەکانی دەزانی، بۆیە یەکسەر رووی کردە ئەو شوێنەی کە محەمەد تۆفیق وردی و عەبدولڕەزاق بیماری لێ دادەنیشتن، سڵاوی لێیان کرد، ئەوانیش هەڵسانە سەرپێ و سڵاویان سەندەوە و کەوتنە چۆنی و چاکی و ئەحواڵپرسی یەکدی، دیار بوو پێشتریش وەک کۆیی یەکتریان دەناسی و چەند جاری دی ئەو دوو نووسەرە کۆییەی دیبوو، دوای ئەوەی قسەیان لە بارەی نامەکەی خاڵە (تایەر ئەحمەد حەویزی)یەوە کرد (بە تایبەتی رووی دەمی لە مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار بوو)، ئینجا هەردووکیان روویان کردە من و بە کاک (فەتاح)یان گوت، ئەدی ئەوە کێیە لەگەڵت؟ ئەویش پێیانی گوت ئەوەش کوڕە خەزوورمە، کوڕی عەبدولواحیدی حەمە سدیقی باخچەوانە. ئەوان بە بیستنی ناوی باوکم داچڵەکین، چونکە وەختی خۆی هاوڕێی نزیکی هەردووکیان بوو و پێکەوە لە حزبی تەحەڕور کاریان کردبوو، باوکیشم ساڵی ١٩٦١ جوانەمەرگ بووبوو، بۆیە موجامەلەیەکی زۆری منیان کرد و ئەسەفێکی زۆریشیان بۆ جوانەمەرگ بوونی باوکم دەربڕی، هەرچەندە فەرموو و تەکلیفێکی زۆری دانیشتنیان لێمان کرد، بەڵام دانەنیشتین، دوای ئیزن خواستن و خوداحافیزی، دیار بوو لەولای ئەوانەوە کاک (فەتاح) یەکێکی دیکەشی دەناسی، بۆیە بەرەو رووی ئەویش چوو، بە گەرمی چۆنی و چاکی و هەواڵ پرسییان لەگەڵ یەکتری کرد، ئەویش گوتی ئەدی ئەو کوڕێژگەیە کێیە؟ کاک (فەتاح) منی بە کوڕە خەزووری خۆی پێ ناساند، دەرکەوت ئەوەی ئەوەندە بە گەرموگوڕی پێشوازی لەمن کرد (مەحموود زامدار)ی نەمر بوو، ئەو زۆر بە گەرمی و بە رووخۆشی قسەی لەگەڵ من کرد و پێی وتم خەریکی چیم، پێم وت من شیعر دەنووسم و حەزم لە گۆرانی گوتنە، یەکسەر وتی شارەزای بەغدای؟ وتم بەڵێ. گوتی دائیرەکەمان لە نزیک سەربازی نەناسراو (جندي مجهول)ـە لە لای ڕێستۆرانتی (العش الذهبي)، لەمەولا خۆت وەرە بۆ لام بۆ دائیرە و واز لە کاک (فەتاح) بهێنە، ئەو ئیشی هەیە، هەر بە خۆت ناو بەناو وەرە. من کە شارەزای بەغدا بووم، پاش چەند

رۆژێک بەیانییەکیان چوومە لای زامدار و لە ژوورەکەی خۆی کە کەسێکی لەگەڵ بوو ناوی (موختار فایەق) بوو، هەر کەسێکی بهاتبا لای منی پێدەناساند و دەیگوت وەرە دوا نووسەر و شاعیری کوردستانت پێ بناسێنم، کە سەردانی زامدارم دەکرد لە (بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کوردی)، زۆرجار بۆ ئێواران لە گازینۆ پەرلەمان وادەمان دادەنا یەکتری تێدا ببینین، هەر لەو گازینۆیەدا زۆر کەسم ناسی، کە زۆربەی هەرە زۆریان نووسەر و شاعیری ناسراو بوون، ئەوانە ئێواران لەو گازینۆیەدا کۆدەبوونەوە و چایان دەخواردەوە و گەنگەشە و گفتوگۆیان دەکرد، زۆربەی ئەوانەش کە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە دەچوونە بەغدا، لەو گازینۆیەدا چاویان بە یەکتری دەکەوت، بۆ شەوانیش کە بڵاوەیان لێ دەکرد، هەر لەوێوە بریاریان دەدا بچنە ماڵەوە، یان سەر بکەن بە مەیخانەکاندا، بە تایبەتیش ئەوکاتە مەیخانەی (شەریف حەداد) بەناوبانگ بوو، کە لە شەقامی (ئەبوو نواس) لەسەر زێی دیجلە نووسەرە کوردەکانی لێ دادەنیشتن، زامدار وەک پیشەی هەمیشەی خۆی، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ یەکتر ڕێک دەکەوتن یەکسەر لەوێوە بەرەو مەیخانە دەچوو. من لەو گازینۆی پەرلەمانەدا بەڕێزان: (محەمەد تۆفیق وردی، عەبدولڕەزاق بیمار، مەحموود زامدار، ئەحمەد تاقانە، بورهان قانیع، د. حەمید عەزیز، قەرەنی جەمیل، د. جاسم ئەلیاس، سەلاح شوان، نووری حەیران، فازیل جاف، مستەفا پەژار، دارا محەمەد عەلی، جەعفەر بەرزنجی، لەتیف هەڵمەت، پشکۆ تۆفیق-م ناسی کە دەکاتە برای چیرۆکنووس محەمەد نووری تۆفیق)، کە خۆشی لەسەر ئامێری چاپی لاینۆتایپ زۆر کارامە و لێهاتوو بوو، هەروەها زۆر کەسی دیم لەو گازینۆیەدا ناسی، جار بەجاریش لەوێ ڕێکەوتی نووسەر و ئەدیبانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکم دەکرد.

* لە سەردانی چەندەم جاری دیکەم بۆ لای زامدار کە پێم بۆ چوونە لای ئەو کرابووەوە، زۆر کەسم ناسی، چ ئەوانەی کە لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا وەک فەرمانبەر پێکەوە کاریان دەکرد، یان ئەوانەی بەسەردان لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی کوردستانەوە دەهاتنە لایان(١٨)، لەو جارانەی هاموشۆی (بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆشنبیری کوردی)م دەکرد، لەو وتارەدا کە لە بارەی زامدارەوە نووسیومە وردەکاری زیاتر دەخەمە ڕوو، چونکە بابەتی بوونە (گۆرانبێژ) و چەند شتێکی دی دێنە گۆڕێ، بەڵام پاش ئەوەی چەند جارێک و بەیناوبەین هاتوچۆی ئەوێم

کرد، ساڵی ١٩٧٥ سەردانم کردەوە، ئەو جارەیان دەستنووسەکەی ئەختەرم لەگەڵ خۆم برد، بە مەبەستی ئەوەی زامدار ڕێگام پیشان بدا و کار ئاسانیم بۆ بکا دەستنووسەکە بدەینە بەڕێوەبەرێتی سانسۆر. زامدار لە ژوورەکەی خۆی کە دەستنووسەکەی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد، پەیتا پەیتا دەیگوت (شتێکی بەقیمەتە). ئەو ڕۆژە بۆ بەختی من مام (هێمن موکریانی)ی شاعیر پەیدابوو و خۆی کرد بە ژوورەکە و هاتە کن زامدار، دیار بوو ڕۆژانە دەهاتە ئەوێ، مەگەر ئیشێکی زۆر گرنگ و پێویستی هەبایە. زامدار وەک جارەکانی پێشوو منی بەدوا ئەدیب و شاعیری کوردستان بە مام (هێمن) ناساند، هەر ئەوکاتە دەستنووسەکەی (ئەختەر)یشی دایە دەستی و پێی گوت پێم باشە ئەو دەستنووسە هەتا نەدراوەتە (سانسۆر) ببەیتەوە و چاوێکی پێدا بخشێنیت. هەر لەوێ و لەو دانیشتنەدا مام هێمن کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دەستنووسەکە، بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەکان لەگەڵ من کەوتە قسەکردن و وتوویژ و پرسیارکردن، زامداریش خەریکی ڕاییکردنی کاروباری خۆی و ئیشی ڕۆژانەی دایەرەکەی بوو، ئەو ڕۆژە تا کۆتایی دەوامی دائیرە، مام (هێمن) کە بێ ئیشوکار بوو، زۆر بایەخی بە من دا، پێدا هات کە لە کوێ دادەنیشم و بەچییەوە خەریکم و لە چ قۆناغێکی خوێندنم و...تاد، تا بۆ زانینی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریم زۆر پرسیاری لێ کردم، کە هەستاین بڕۆین مام هێمن دەستنووسەکەی لەگەڵ خۆی برد، زامداریش لێی دووپات کردەوە کە بایەخ بە دەستنووسی (ئەختەر) بدات و چ پێشنیارێکی هەیە با پێش ئەوەی بدرێتە (سانسۆر) سەرنجەکانی پێم بڵێ. مام هێمن دەستنووسەکەی برد تا هێنایەوە چەند ڕۆژێکی پێ چوو، من لەو ماوەیەدا جارێکی دی چوومەوە لای زامدار، بەڵام نەیهێنابووەوە، جاری دووەم کە سەرلەنوێ چوومەوە لای زامدار، مام هێمن هاتبوو و دەستنووسەکەی لەگەڵ خۆی بۆ هێنابوومەوە، یەکسەر دەستنووسەکەی دامەوە، کە تەماشام کرد پێشەکییەکی کورتی چەند دێری بۆ نووسیوم، لە پێشەکییەکەدا نووسیبووی: (یەکەم جارم بوو بینیبووم، پێم وابوو لە چاو تەمەن و ئەزموونی خۆی زۆر تێگەیشتووە.. بیرم کردەوە ئێمەومانان لەو تەمەنەدا خەریکی بەردەفڕکە و شەڕە شەق و بەدفەڕی و هێلانە چۆلەکە دەرهێنایین بووین، کەچی ئەم لاوە خۆشەویستە خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گەلەکەمانە). مام هێمن سەبارەت بە دەستنووسەکە بەحزووری زامدار پێی گوتم شیعرە فارسییەکانی ئەم شاعیرە کە (١٠) دانە شیعر بوون بە پێویست نازانێ لەگەڵ شیعرە کوردییەکان چاپ بکرێن، چونکە پێی وابوو لاوازن و (هیچ ئیزافەیەک ناکەنە سەر شیعری ئەختەر و شیعری کوردی)(١٩)، بۆیە پێشنیاری کرد ئەو شیعرانە لابەم و لە دەستنووسەکەدا دەریان بهاوێم، منیش ئەو پێشنیارەم لێ وەرگرت و لە کاتی چاپکردنی دەستنووسەکە، ئەو شیعرە فارسییانەم لێ دەرهاوێشت، دوو هەڵەی زمانەوانیشم کردبوو، کە پێی گوتم، هەرچەندە خۆشی خەتی بەژێردا هێنابوون، لەوساوە، واتە لە ساڵی (١٩٧٥)ـەوە تا ئەمڕۆ بوونەتە ئەڵقە لە گوێمدا، یەکیان وشەی (قەشەنگ) بوو، کە پێی وتم وشەیەکی فارسییە لە جیاتی ئەوە وشەی (جوان) و (شۆخوشەنگ)، (شەنگ) و (بەدەو)ی بەدەمدا هات و پێشنیاری کرد لە جیاتی ئەو وشەیە یەکێکیان بەکار بهێنم، لەگەڵ دەستەواژە و دەربڕینی (کاتێ هەڵستام بەوە کارە)، وتی ئەوە دەربڕینێکی کوردی نییە و عەرەبییە، لە (قام) و (یقوم) و (أقام)ی عەرەبییەوە هاتووە، تۆ لە جیاتی ئەوە بنووسە (کە دەستم بەو ئیشە کرد)، یان بنووسە (کە ئەو کارەم کرد) کوردیترە، ئیدی لەو کاتەوە، نەک هەر لە نووسینی خۆمدا ئەوانەم قاوداوە، بگرە لە نووسینی هەر کەسێک تووشی ئەو وشە و واژە و دەربڕینانە بووبم، دەستکاریم کردوون و ڕاستم کردوونەتەوە. هەر لەو دانیشتنەشدا کە من ئەوکاتە قوتابی بووم و لە پۆلی سێی ناوەندی دەمخوێند، مام هێمن پێی وتم بایەخ بە خوێندنەکەم بدەم، تەنانەت پێی وتم (با وەکو ئێمە بە کۆڵێ عیلمەوە نەچییە دەلاکی)، دیارە ئەو قسەیە لەناو کورداندا باوە، ئەو خۆی بە میسال هێنایەوە، کە چۆن لەبەر ئەوەی خوێندنی بەرزی تەواو نەکردووە، عیلمەکەی (مەبەستی ڕۆشنبیرییەکەی خۆی بوو) بە کەڵکی نەهات، گوتی ئەگەر لەپاڵ ئەو عیلمەدا، خوێندنیشم تەواو کردبا، ئێستا لە شوێنێکی دیکە دەبووم، لەوەشدا قسەکانی زۆر ڕاست بوون.

* دوای ئەوەی جارێکی دیکە دەستنووسەکەم پاکنووس کردەوە، سەردانی زامدارم کردەوە و پرسیاری (بەڕێوەبەرێتی سانسۆری چاپەمەنی) ئێراقم لێکرد، منی ناردە گۆڕەپانی ئەندەلووس، شەقامی (٥٢)، بۆ ئەوەی دەستنووسەکەم ببەمە ئەوێ و بیاندەمێ، دوای چەندان جار هاتوچۆی بەغدا بۆ سۆراغی دەرچوونی نامیلکەکەم،

له قـورگی سـانسـۆر دەرچوو، چوومـەوە لای زامـدار تا هەوڵێکم بۆ بدا نامیلکەکەم لە دەزگایەکی رۆشنبیری بۆ لە چاپ بدەن، ئیدی هاتمەوە هەولێر. ماوەیەک تێپەڕیبوو زامـدار هەواڵی بۆ ناردم بچم دەسـتنووسـەکـەمی لێ وەربگرمـــەوە، چونکە شـــوێنێکی بۆ لە چاپدانی نەدۆزیبووەوە، دیار بوو منێکی شەرمن و تازە کوورە، نەمدەتوانی قسە لە قسەی زامدار بکەم، بە تایبەتیش کـە دیتم زامـدار بە گـفـتـولفـتی شـیـرین و لوتف و مـوجـامـەلەی ڕەوان و شـێـوەی پێـشـوازی کـردن و بایەخـدانی، منی قـەرزاربار کـردبوو، بۆیە کـاتێ بۆ بەیانییـەکەی چوومە بەغدا و لەوێ سەردانی زامدارم کرد، بینیم پێشەکییە کورتەکەی (مام هێمن)ی لابردووە و خـۆی پێـشـەکـیـیـەکی کـورتی (١) لاپەڕەیی بۆ نامیلکەکەم نووسیوە، ئەمەی لای خوارەوە پێشەکییەکەی زامدارە وەک خۆی کە بۆ نامیلکەکەی منی نووسیوە، بۆ ئەو لاپەڕە بچووکەش جارێکی دی چوومەوە سانسۆر و دوای دوو ڕۆژ مۆرێکیان بۆ لێدام(٢٠)

**دوو قسە...**

خوێنەری ئازیز:

قۆڵکردنی هەسـتی پڕ لە ژان و هەژانی شارسـتـانی، سـەرشـانی پەیامی پیـرۆزی جـووڵانەوەی ڕۆشنبـیـری کـوردیمانە، لە پێناوی بەرفـراوانکردنی بەری «هۆش» و جیـهـانی «خـود» و «ناسنامـە»ی پڕ لە شـەرەفی لەخۆ بوردنی مرۆڤی سەر ئەم خاکەی ئێمە.

کـەلەپووری نەتەوایەتیش دەسـتـاوێژێکی هەرە دیار و هەرە گرنگی ئەم هەسـتـەیە، شان بە شانی تێکرای ئەو دەستاوێژ و چوست و چالاکییە مرۆڤانەیەی کە پتر ڕەگی ژانە گەورەکانی مێژوو دادەکوتن، جوانییەکان زاخ ئەدەن و ڕاستییەکان سەر ئەخەن و مرۆڤ لە مەسئوولیەتی پڕ لە بەهای مێژووییانەی خۆی و ئاستی شارستانیەتی پڕ لە جۆش و هەنگامەی سەردەم. لە پێناوی داد و جوانی و خۆشەویستـیـیـەکی نەمر و سەرپەڕ و بە داوودڵ نزیک ئەکەنەوە.

ئەم کـار و بەرهەمـەی کـاکـە «ئازاد»یش ڕەنجـێـکە، هەوڵێکە لەم گـەشـتـە درێژخـایەنەدا.. بە هەر جـۆرێ هەڵسـەنگێندرێ و بە هەر چەشنێ لێک بدرێتـەوە، ئەنجامەکەی هەر بە چاکە و بە باشی ئەکەوێتەوە. خۆ هەر هیچ نەبێ ئەم چەند تێکسـتـە شـیـعـرانەی لەنێـو قەمۆچکەی سامناکی فەرامۆشی ڕزگار کردووە. زریزەی چەند قـەفـێکی ون بووی ئەم وشـە زاخـدراوانەی زمـانە


العراق
AL-IRAQ
جريدة يومية سياسية
رئيس التحرير صالح الحيدري
1 March 1976 — No. 11

من التراث

ـ ئەختەر ـ شاعر العشق والجمال

بقلم :
آزاد عبدالواحد

ان مرور شعبنا الكردي بالظروف الاستثنائية ، وضع ستارا على وجوه مجموعة من شعرائنا الذين شحذوا اقلامهم وكرسوها في سبيل الحفاظ على الكلمة الكردية الطاهرة ..

والشاعر ـ ئەختەر ـ هو احد فحول الشعراء الكلاسيكيين .. الذي يجهله تاريخ الادب الكردي واهمله بين طياته .. او بالاحرى نقول اهملنا اعطاء الشاعر حقه ...

ـ ئەختەر ـ ليس شاعرا فقط .. بل كان ملحنا واستاذا بارزا في ميدان الفن ايضا .. ولحن لاغلبية قصائده ، وكان ديوانه مدرسة فنية ، يجتمع فيه الفنانون والمغنون لاجل الحصول على ثقافة فنية رفيعة .. وجلساته الادبية غالبا ما كانت مع زملائه الشعراء امثال (كيفي) و(شيخ رضا الطالباني) ومع الشاعر الثوري الخالد ( الحاج قادر الكوي ) لفترة وجيزة .

سيرة حياته :

درس ـ ئەختەر ـ كجميع اطفال كردستان انذاك في

اری مدينتك ( كويسنجق ) جنة ..

حيث من يتخلى منه ، يقع في الجحيم ..

وانا اليوم متشرد في بلاد الغربة ..

احب وعشق ـ ئەختەر ـ في حياته فتاة تدعى ( رابي ) لكنه لم يصل مبتغاه كزملائه العشاق ، الذين اكتووا بلهيب العشق والحب الصادق ...

ـ تهيئة ديوان ـ ئەختەر ـ للطبع ـ

في الاونة الاخيرة قمت تهيئة ديوان (ئەختەر) للطبع ، وهو يتضمن مجموعة من قصائده المنشورة وغير المنشورة .. قدم للكتيب الاستاذ ـ هيمن موكرياني ـ وراجعه الاستاذ ـ كريم شارەزا ـ لاجل انقاذ هذه القصائد من الضياع .. ارى من الضرورة ان تأخذ احدى ـ المؤسسات الثقافية الكردية ـ طبع الكتاب على عاتقها .. ولا شك انها خدمة للحفاظ على التراث القومي الكردي .

مجلة (بەیان)

شیرنەکەمانی دۆزیوەتەوە، جا تۆش خۆت و چێژ و باری سەرنجی خۆت!

**١٩٧٦/ مەحموود زامدار**

منیش ئەوکاتە لەبەر بێ ئەزموونی عەقڵم بەوە نەشکا و نەمکرد ئەو چەند دێڕەی مام هێمن لە بەرگی پشتەوەی نامـیلکەکـە بنووسم، بۆیە لەوساکـەوە، واتە لە سـاڵی ١٩٧٥ـەوە ئەو چەند دێڕەی مـام هێـمن لەلام مـایەوە و بەرێکەوت نەفـەوتا، مـەگـەر لە چاپێکی نوێی ئەو نامـیلکەیەمـدا، ئەو چەند دێڕە بڵاو بکەمـەوە، کـە زۆر هاندەری بەردەوامبوونی من بوون.

* پاش ئەو هەمــوو هاتن و چوونەی نێـوان هەولێـر و کۆیە و بینینی هەر کەسێک کە پێوەندی بە ئەختەرەوە هەبووبێ، یان بیسـتـبـێـتم زانیـارییـەکی بچـووک، یان گـەورەی لە بارەی ئەو شـاعـیـرەوە هەبووبێ، دوای ئەم هەموو هاتن و چوونە بەغدایە بۆ ڕزگارکردنی کتێبەکە لە دەمی نەهەنگی سـانسـۆر، ئیـدی گـرفـتی هەرە گـەورەی بەردەمی نووسەران دێتە پێشەوە کە ئەویش لە چاپدانی کتێبەکەیە. من پێشتر بەهۆی خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی کـێـشـە و گـرفت و بێنەوبەرەکـانی چاپکردنی کـتـێـبم بیسـتـبوو، دەمزانی بازاڕی ساغکردنەوەی کـتـێب ئەوە نیـیـە پشـتی پێ ببـەسـترێ، بۆیە دوای تەواوکـردنی نامـیلکەکە، لە سـاڵی ١٩٧٥ـەوە کـەوتمە بیـرکـردنەوە لە چاپکردنی. لەبەر بێ پارەیی و لەبەر نەبوونی دەزگایەکی چاپ کردن کتێبەکەی پەک خستبوو، بۆیە چەند مانگێک

کتێبەکە لە ماڵەوە کەوت. هەر لەو کاتانەدا بوو چوومە لای (محەمەد زادە) کە خۆشنووسێکی بەناوبانگ بوو، بە تایبەتی ئەو خەتی نوێی دەنووسی، ئەوە بوو خەتی سەربەرگی نامیلکەکەم لەلایەن (زادە)وە بۆ نووسرا، دیزاینی بەرگەکەش خۆم کردم، واتە خۆم کتلەکانم لەسەر بەرگی پێشەوە و دواوە دابەش کرد.

* لەپڕ بیرم کەوتەوە (مەغدید سۆران) بەڕێوەبەری چاپخانەی (شارەوانی)یە، چاپخانەی شارەوانیش زۆر لە ماڵمانەوە دوور نەبوو، ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی ئیسکان بوو، چاپخانەکەش لە تەنیشت مەخفەری پۆلیسی ئیسکان بوو، بەڕێوەبەری چاپخانەکە مامی هەردوو ڕۆژنامەنووس (حەیدەر و شێرزاد عەبدولڕەحمان) بوو، چەند ساڵێک پێشتر ئاشنایەتیم لەگەڵی پەیدا کردبوو، وەک بەڕێوەبەری چاپخانەی شارەوانی، ساڵی ١٩٧٤ چاوپێکەوتنێکی تایبەت بەو چاپخانەیەشم لەگەڵی سازکردبوو(٢١). من کە چاپکردنی کتێبەکەم بێ پارەیی ڕایگرتبوو و پەکی خستبوو، موجازەفەم کرد و بەهۆی ناسینی برادەران: (مەغدید سۆران، سەعدوڵڵا پەرۆش، جەوهەر کرمانج) نامیلکەکەم بردە ئەو چاپخانەیە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵیان پێکهاتم کە لەلای ئەوان نامیلکەکە چاپ بکرێ، موجازەفەکردنەکەش ئەوەبوو کە بڕیارم دا لەسەر ئەرکی خۆم چاپی بکەم، لە کاتێکدا من پارەی چاپکردنەکەم نەبوو، وەک لەبیرمە (٦٠) دینارم (بێجگە لە مەسرەفی هاتوچۆی کۆیە) لە هاتوچۆی بەغدا و وردە مەسرەفی نامیلکەکە خەرج کردبوو تا لە سانسۆر ڕزگاری بوو، بۆیە بیرکردنەوە لە بردنی ئەو دەستنووسە بۆ چاپخانە بۆ خۆی سەرچڵی و سەرکێشییەکی گەورە بوو کردم، کە بەبێ پارە چۆن کتێب لە وڵاتی ئێمە دەخرێتە ژێر چاپەوە، کاتێک تۆ پارەی چاپکردنەکەت دابین نەکردبێ، ئەگەرچی من بە پشتی بازاڕ ئەو سەرکێشییەم کرد، ئەوکاتە بەڕێزان (سەعدوڵڵا پەرۆش) و (جەوهەر کرمانج) وەک دوو کارمەندی کارگێڕی لەو چاپخانەیەدا کاریان دەکرد، کەسێک ناوی (جەعفەر) بوو، لەگەڵ شاگردەکانی کەوتبوونە کۆکردنەوەی پیتەکانی نامیلکەکەی (ئەختەر)، کە بەشێوە کلاسیکییەکەی چاپ، حەرفیان کۆ دەکردەوە و دەیانخستە ناو قومبازێک و دێڕ بەدێڕ بە حیسابی سانتیمەتر بەپێی قەبارەی کتێبەکە ڕێکیان دەخست، کە لاپەڕە تەواو دەبوو دەیانبەست و لەسەر کاغەز ڕایاندەکێشا تا هەڵەچنییەکەی بکرێ، ئیدی هەتا من دەچوومە ئەوێ (پەرۆش) و (کرمانج) هەڵەچنییان دەکرد، منیش پێیدا دەچوومەوە، جاری وا هەبوو کە پیتێک بە هەڵە دادەنرا و دەستنیشانمان دەکرد، لە جیاتی ئەوەی پیتە ڕاستەکە بخرێتە شوێنی هەڵەکەوە، دەخرایە شوێنێکی ڕاستی ڕستەیەکی دیکەوە و تەواوی ڕستەکەی تێک دەدا. جارێکیان لەو هەڵەچنییەدا نوکتەیەک ڕووی دا، پەراوەی لاپەڕەیەکیان بۆم ڕاکێشابوو، (جارێکی تر) بووبووە (جارێکی تڕ)، زۆر بەو هەڵەیە پێکەنین، ئەوەش دیقەت کردن لە کاری هەڵەچنی دەکاتە حەتمەتییەتێک تا مەبنا و مەعنای وشە ڕاستەکان تێک نەچن، دەبێ بە وردەکارییەوە مامەڵە لەگەڵ کاری هەڵەچنیدا بکرێ.

* من کە خۆم تووشی ئەو هەڵوێستە موحریجە کرد، ئومێدم زۆر بوو ئەو کتێبە، یان ڕاستتر وایە بڵێم ئەو نامیلکەیە زۆر زوو لە بازاڕدا ساغ دەبێتەوە و دەفرۆشرێ، بیرم لەوە کردەوە ئەو نامیلکەیە کە سەبارەت بە بەرهەمی شاعیرێکی کۆیەیە، هەر زوو بەشێکی زۆری لە شاری کۆیە لێ دەفرۆشرێ، یان هەر هیچ نەبێت خزمەکانی ئەختەر کە لە ئاغایەکانی (حەوێزی)ن، هاوکار دەبن و بەلانی کەمەوە ئەگەر بۆ لە چاپدانەکەی خۆیان لێ کردم بە کەرەی شەربەت، هیچ نەبێ ئەو جارە لە دوای لەچاپدان و ڕزگارکردنی ئەو شیعرانەی ئەختەر دوورەپەرێز نابن و ژمارەیەکی باشی لێ دەکڕنەوە، بەڵام بەداخەوە کە دەربش چوو، نەک هیچ دانەیەکیان لێ نەکڕییەوە تا بەسەر خزمانی خۆیاندا دابەش بکەن(٢٢)، بگرە زۆربەیان چاوەڕێی ئەوە بوون من دانەیەکیان بەدیاری پێشکەش بکەم، لە کاتێکدا ئەو خزم و کەسوکار و ناسیاوانەی ئەختەر هەبووەش بوون، بۆیە دوای تەواوبوونی کتێبەکە لە چاپخانە مایەوە، چونکە چاوەڕێ بوون پارەی هەقدەستی چاپی کتێبەکەیان بۆ ببەم، تا ئەوانیش کتێبەکەم بدەنەوە. ناسیاوی و ئاشنایەتی لەوە پێشترم لەگەڵ (مەغدید سۆران) کە خۆشی نووسەر بوو، لەگەڵ بوونی دوو کارمەندی دیکەی چاپخانەش (سەعدوڵڵا پەرۆش) و (جەوهەر کرمانج)، کە ئەوانیشم پێشتر دەناسی، دادی نەدام کتێبەکەم وەربگرمەوە و هەر نەبێ لە کتێبخانەکان دابەشی بکەم و لە بازاڕدا ساغی بکەمەوە، ئیدی بێجگە لە (١) دانە کە بۆ خۆم لێم وەرگرتن، نامیلکە چاپکراوەکەم هەر بەدەست بەسەری لە چاپخانە مایەوە.

* هەر لەو کاتانەدا بوو باسی بوونی چەند پلەیەکی وەزیفی کرا کە لە هەولێر پێویستیانە و دەیانەوێ ئەو پلە

وەزیفیانە بە خەڵکی هەولێر پڕ بکەنەوە، ئەوە بوو لەگەڵ (کەمال سەعدی) کە هاوڕێی سەردەمی لاوێتیم بوو، هەروەهاماڵیشیان لێمانەوە زۆر دوور نەبوو، ئەوان لە گەڕەکی (موفتی) بوون، ئێمەش لە گەڕەکی (ئیسکان) بووین، بەو هۆیەوە زوو زوو یەکترمان دەبینی، کە مەسەلەی (دامەزراندن) هاتە پێشەوە، من و ئەو پێکەوە تەگبیرمان کرد کە چۆن لەو وەزیفانەدا دابمەزرێین، ئەوکاتەش دامەزراندن مەرکەزی بوو، واتە دەبوو لە (بەغدا) و لە ئەنجوومەنی ڕاژە (مجلس الخدمة) تاقیت بکەنەوە و چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکرێ، ئینجا دابمەزرێی، ئەوە بوو من و کەمال سەعدی چووینە بەغدا و لە ئەنجوومەنی ڕاژە داواکاریمان بۆ دامەزران پێشکەش کرد، دەیانوت پێش چەند ساڵێک (١٩٦٧- ١٩٧٢) مەسعوود محەمەد سەرۆکی ئەو دەزگایە بووە(٢٣)، هەر ئەو ڕۆژە بۆیان دەستنیشان کردین کە لە فڵانە ڕۆژ بگەڕێینەوە لایان و سەریان لێ بدەین و خۆمان بۆ تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتن ئامادە بکەین، ئەوەبوو لە کات و ڕۆژی دیاریکراو گەڕاینەوە و لەسەر دەفتەر تاقییان کردینەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردین، ئەوکاتە لەبیرمە بۆ ئەو چەند پلە وەزیفییە چەندان کەس داوایان پێشکەش کردبوو دابمەزرێن، دامەزراندنەکەش بۆ (ئەمینداریێتی گشتیی شارەوانی و گەشتوگوزار) بوو، کە ئەوان سێ کەسیان بۆ ئەو شوێنە دەویست، ئەوەبوو من و کەمال سەعدی و کچێکی هەولێری بەناوی (بەفرین محەمەد حەسەن دزەیی) ناومان دەرچوو و دامەزراین، لە ١٣/٩/١٩٧٦ لە (ئەمینداریێتی گشتیی شارەوانی و گەشتوگوزار) دەستبەکاربووین، هەر ئەو کاتەش بوو کاک (جەلال خدر)ی نووسەرمان لەوێ بینی کە ئەویش هاتبووە ناو تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتنەکەوە، بەڵام ئەو بۆ (ئەمینداریێتی گشتیی کاروباری ناوخۆ) پێشکەشی کردبوو، بۆیە ناوی ئەو بۆ ئەوێ دەرچوو، کە ئێستاکە نووسەرێکی چالاکی بواری هونەری و گۆرانی و مەقاماتە.

* زۆری پێ نەچوو کەمال سەعدی، بەهۆی چاولێکەری و چاو قایمی و زات و بوێری من کتێبێکی خۆی بۆ چاپ کردن دایە هەمان چاپخانە، بۆیە هێندەی پێ نەچوو، هەردووکمان گیرمان خواردبوو کە چۆن پارەی چاپی کتێبەکانمان دابین بکەین، تا ئەوەبوو ڕۆژێکیان کەمال سەعدی هاتە لام و پێی ڕاگەیاندم کە چاپخانەی شارەوانی هەولێر سەر بە بەڕێوەبەرێتی شارەوانییە، ئەوێش سەر بە (ئەمینداریێتی گشتیی شارەوانی و گەشتوگوزار)ە، بۆچی ئێمە داوا نەکەین پارەی تێچووی کتێبەکانمان بۆ بکەنە (قیست) و مانگانە لە مووچەکەمانی ببڕن؟ ماوەیەک بوو کەسێکیان بە وەکالەت وەک بەڕێوەبەر لە شارەوانی هەولێر دانابوو، ئەو کەسە (عوسمان محەمەد باقی) خەڵکی سلێمانی بوو، بۆیە ڕەزامەندیی دەربڕی پارەی تێچووی کتێبەکانمان بۆ بکاتە (قیست)، بۆ ئەو مەبەستە نووسراوێکی ئاراستەی (ئەمینداریێتی گشتی/ بەشی ژمێریاری) کرد کە ژمارەی نووسراوەکە ١٧٤٨٩ لە ٢٨/١١/١٩٧٦ بوو، لەو نووسراوەدا کە داوا دەکات (١٢٠) دیناری تێچووی کتێبەکەم، مانگانە لە مووچەکەم ببڕن، کە ئەوەشی ناو ناوە (هاندانێک بۆیان)، ئەوەبوو من کە بە (٣٤) دیناری مانگانە دامەزرابووم، مانگی (١٥) دیناریان لە مووچەکەم دەبڕی(٢٤)، کە برادەرە هاوتەمەنەکانمان بینییان چاپکردنی کتێبەکەمان بۆ چووە سەر، چەند کەسێکی تر ترسیان شکا، ئەوانیش لەپاش من و کەمال سەعدی هەر لەو چاپخانەیەدا کتێب و سیپارەی خۆیان لەچاپ دا، ئیتر چاپکردنی کتێب لەناو لاوەکان بووە دیاردە، لەوانەی پاش ئێمە کتێبیان دایە هەمان چاپخانە: (ئەبووبەکر خۆشناو، بەکر زانا، کەمال مەعرووف، شێرزاد عەبدولڕەحمان و...تاد) بوون.

* دوای ئەو هەموو دەردەسەرییە تا نامیلکەکەم چاپ کرد(٢٥) و گرفتی پارە دانەکەیم چارەسەر کرد، ئینجا


الجمهورية العراقية
الامانة العامة
لادارة البلديات والمصايف
مديرية بلدية اربيل
القسم : الحسابات
الشعبة :
الرقم : ١٧٤٨٩/٦/٠١
التاريخ : ٢٨/١١/١٩٧٦

الى / الامانة العامة لادارة البلديات والمصايف - الحسابات
الموضوع / استقطاع مبلغ

بناءً على قيام السيدين كمال سعدي وآزاد عبدالواحد الموظفين لدى امانتكم بتأليف كتابين و نشر طبعهما لدى مطبعة البلدية تحقق عليهما مبلغاً قدره (١٩٧/-) ديناراً بالنسبة للسيد كمال سعدي و (١٢٠/-) ديناراً بالنسبة للسيد آزاد عبدالواحد وذلك من اجور الطبع . عليه نرجو التفضل باستقطاع المبلغين المذكورين اعلاه من راتبهما شهرياً بمعدل (١٥/-) خمسة عشرة ديناراً لكل واحد منهما تشجيعاً لهما وحرر بلهما الينا مع التقدير.

عثمان محمد باقي
و. مدير بلدية اربيل

صورة منه الى :-
ادارة مطبعة البلدية . راجين المبادرة بطبع الكتابين وتزويدهما بمجموعة نسخ لهما حسب الاصول .
قسم الحسابات - الواردات - مع الاوليات - للعلم ومتابعة تحصيل المبلغين المذكورين اعلاه .

کێشەی دابەشی کردنەکەی هاتە پێشەوە، هەر لەو ساڵەدا، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ (محەمەد حەمە باقی) لەگەڵ برادەرێکی دیکەی سلێمانی کە ناوی (تەها عەزیز) بوو هاتبوونە شاری هەولێر بۆ ئەوەی ماوەی شەش مانگ لە خولێکی کشتوکاڵیدا بەشداربن، هاوڕێیەتی من لەگەڵ (حەمەی حەمەباقی) و نزیک بوونەوەی زۆرم لێی، وای لێکردم بە دوو جار (١٠٠) دانە بە (١٠٠) دانە لە نامیلکەکەی بدەمێ بیداتە کتێبخانەکانی سلێمانی، چونکە هەموو پێنج شەممە و جومعانێک دەگەڕایەوە شار، ئەوەبوو ئەو پێی باش بوو (١٠٠) دانەی یەکەمی ئەو نامیلکەیەم کە بردی بداتە کتێبخانەی (نالی) کە خاوەنەکەی (شێخ ئەنوەر) بوو، کاتێ نامیلکەکەی دابوویێ و داوای وەسڵی وەرگرتنی لێ کردبوو، پێی وتبوو پێویست ناکات، کەی فرۆشرا پارەکەت دەدەمێ. (١٠٠) دانەکەی جاری دووەمیشی دابووە کتێبخانەی (سلێمانی) کە خاوەنەکەی (عومەر عەبدولڕەحمان) ناسراو بە عومەری مەکتەبە بوو. ئەوکاتە دانەیەکی نامیلکەکە بە (٣٠٠) فلس بوو، بۆیە دوای ماوەیەکی زۆر، کە خۆم سەردانی سلێمانیم کرد و لەوێوە پێوەندیم بە (حەمەی حەمە باقی)یەوە کرد و پێکەوە چووینە لای (شێخ ئەنوەر) پارەکەیمان بداتێ، بە تایبەتی کاتێ چووینە لای، ئەو هەموو ژمارەکانی لای خۆی فرۆشتبوو و هیچی نەمابوو، پێی وتین کوا وەسڵەکەی؟ کاک حەمەی حەمە باقی پێی وت تۆ وەسڵت نەداومەتێ و پێت وتم پێویست ناکات. وتی شتی وا چۆن دەبێ؟ بێ وەسڵ من ناتوانم حیسابەکەتان بۆ بکەم. ئیتر سوودی نەبوو، پارەی ئەو (١٠٠) دانەیەمان وەرنەگرتەوە و فەوتا، بەڵام کاک عومەری مەکتەبەی سلێمانی زۆر هاوکار بوو و دەمودەست حیسابی (١٠٠) دانەکەی لای خۆی بۆ کردین کە نرخەکەی و ژمارەکانی نامیلکەکەی لە سجلێکی لای خۆی تۆمار کردبوو. ئەو کتێبە چاپکراوەی من و هەر کتێبێکی کوردی کە ئەوساکە چاپ دەکران و دەدرانە کتێبخانەکان، ئەگەر کتێبەکە لەسەر پشت بفرۆشرابا، واتە بە (تصریف) بووایە، ئەوە بەپێی ڕێککەوتن (٢٠٪، یان ٢٥٪ تا ٣٠٪)ی نرخی سەر بەرگەکەیان لێ دەگێڕایەوە، خۆ ئەگەر خاوەن کتێبخانەکە بیویستبا پێشەکی پارەکەت بداتێ و لەگەڵی ڕێک کەوتبای، ئەوە (٥٠٪ تا ٦٠٪)ی لە نرخی سەربەرگی کتێبەکە دەبڕی، بە تایبەتی ئەگەر بیزانیبایە کتێبەکە ڕەواجی هەیە، پێشەکی پارەکەی دەدایتێ. ئەوکاتە هیچ کتێبێک لە (١٠٠٠) دانە کەمتری لێ چاپ نەدەکرا، دەبووایە بەشێکی زۆریشی بەدیاری لێ بدرێتە نووسەران و ئەدیبان و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان، هەروەها خزم و کەسوکار و ناسیاوان، بە تایبەتیش بدرێتە کەسانێک کە ئەوانیش کتێبیان بە دیاری داوەتە تۆ. ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە من بەدەستی کتێبفرۆشییەکانەوە گیرۆدەم تا ئەمڕۆکە، کە ئەوەش بۆ خۆی دەردەسەرییەکی دیکەی دنیای چاپکردنی کتێبە لەلای نووسەری کورد.

* ئەختەر کە لە ڕۆژگاری خۆیدا کەسێک بووە سەروساختی زۆری لەگەڵ هونەری مەقام و گۆرانی هەبووە و دیوەخانەکەی هەمیشە بەکۆڕ و مەجلیسی هونەری ڕازاوەتەوە و شیعرەکانی کراون بە بەستە و مەقام، ئەگەر شیعرەکانی ئەمیناغای ئەختەر نەکرابانە گۆرانی و بە بەستە و مەقام نەگوترابان، لەوانە بوو ئەوەندە شیعرەشی لەبەردەستاندا نەمابان. سەیرە، من کە لە ساڵی ١٩٧٦ـەوە ئەو نامیلکەیەم چاپ کردووە، تا ئەمڕۆکە یەک دێڕە شیعری ئەختەر لەلایەن هیچ کەسێکەوە نەخراوەتە سەر خەرمانی ئەو شیعرانەیەوە کە من لە نامیلکەکەی خۆمدا چاپم کردوون، نە لەلایەن خزمەکانییەوە، نە لەلایەن کەسانی دییەوە، بەڵام لەوساوە نامیلکەکەم بووەتە کەرستەی زۆر لیکۆڵینەوە و نووسین لە بارەیەوە، هەروەها هەموو ئەو بابەتانەی لە بارەی ئەو شاعیرەوە نووسراون، کردوویانە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی، بەڵام ئەلحەقی چەند جارێک شێلە و بێلە لەناو ئەو چەند شیعرەیدا کراوە و گومان خراوەتە سەریان، بە تایبەتی شیعری (ڕۆحی شیرینم) کە چەندان کەس هاتوون و هەر جارەی کردوویانە بە هی شاعیرێکی دی، ڕۆژێ کراوەتە شیعری (نالی)، گاهێ کراوەتە شیعری (مەستوورەی ئەردەڵانی)، جارێکیش کراوەتە شیعری (عەلی عاشق)، کە لەکات و شوێنی خۆیاندا وەڵامم داونەتەوە، بە تایبەتی ئەو وتارەی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بۆ وەڵامدانەوەی (محەمەد عەلی قەرەداغی) و (سەروەت محەمەد ئەمین) کە ئێستا بە (د. کوردۆ عەلی) ناسراوە بەناوی (بۆ ئەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان تووشی شێوان نەبێ) نووسیوە (٢٦)، هەروەها لە پەراوێزی وتارێکی (د. کەمال مەعرووف) کە لە گۆڤاری (ڕامان)دا بلاوکرایەوە(٢٧)، وەڵامم بۆی نووسیوە.

* دوای دەرچوونی نامیلکەکەم بەماوەیەکی کەم

(عەبدولستار کازم) ستوونێکی لە ڕۆژنامەی (العراق)(٢٨) لە بارەیەوە نووسی و زۆر بە جوانی ڕانانی بۆ نامیلکەکە کردبوو و زۆر بە باشی هەڵیسەنگاندبوو، دوای ئەوەش (سابیر ڕەشید) و (بەکر غەریب فەرەج) لە ڕۆژنامەی هاوکاری(٢٩) وتارێکیان پێکەوە نووسی، کە بۆ (بەکر غەریب) ئەوە یەکەم وتار و دوا وتاری ئەدەبی بوو بینووسێ، (سابیر ڕەشید)یش ئەو دوو جار بەدواداچوونەی لەسەر نووسینەکانی منی بۆ خۆی کردە (سەرمەشق)ێک تا فێری ڕەخنە نووسین ببێ، زیاتر بەهۆی پەراوەکردنی نووسین لە بارەی ئەختەرەکەی منەوە ڕووی کردە ڕەخنەنووسین، بەڵام بەداخەوە کاک (سابیر ڕەشید) کە خووی دابوویە بەدواچوون لەسەر کارەکانی من و ماوەیەک سەرومڕ کات و نووسینی خۆی بۆیان تەرخان کردبوو، کە ساڵانی دواتر چەندان کەس لە نامیلکەکەی منیان هەڵدەگۆزی و بە ئارەزووی خۆیان لێیان دەبرد و ئاماژەیان پێ نەدەدا، ورتەی لێوە نەهات، تەنانەت کە دواجار کتێبەکەی منیان داڵ قووت کرد و لە دووتوێی کتێبێکی دیکە پەسترا، نقەی نەکرد، تا هەر هیچ نەبێ ئەوەی پێشتر نووسیبووی بە دڵسۆزی بۆ ئەدەب لە قەڵەمی بدەین، نەک شتێکی دی. هەرچەندە من لە چاپی نوێی (ئەختەر)، لە فەسڵێکیدا وەڵامی ئەو وتارەم داوەتەوە و گفتوگۆیەکی هێمنانە و برایانەم لەگەڵیدا (بیوورن لەگەڵیاندا) کردووە، لەکاتی خۆشیدا لە ڕۆژنامەی هاوکاری وەڵامێکی ناڕاستەوخۆی هەندێ لایەنی ئەو وتارەم داوەتەوە کە تێیدا باسی گۆڕینی ساڵی هیجری بۆ زایینی و زایینی بۆ هیجریم تێدا کردووە، چونکە ئەو گۆڕینی ساڵانە بنەمای خۆیان هەیە و لە خۆڕا نەکراون، واتە کە ساڵی (هیجری) لە دایک بوون و کۆچی دوایی (ئەختەر)م بە (زایینی) بەرانبەر (هیجری) داناوە، لە نەزانینەوە ئەو ساڵانەم دانەناوە وەک هەندێ کەس کردوویانە و دەیکەن(٣٠).

* ئێستا کە خەریکی سەرلەنوێ ئامادەکردن و فراوانکردنی ئەو سیپارەیەم بۆ چاپی دووەم، کە زۆر لەمێژە هیچ دانەیەکی لێ لە کتێبخانەکاندا نەماوە، زۆر کەسیش داوای چاپکردنەوەی دەکەن، دەبوو دەستکاری ئەو نامیلکەیەم بکەم و پەرەی پێبدەم. هەر لە ساڵی ١٩٧٦ـەوە کە نامیلکەکەی ئەختەری تێدا چاپ کراوە، بەردەوام لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەورووپا و سلێمانی و کۆیە و هەولێر، لە کوێ دەستنووسێکم شک بردبێ، هەوڵم داوە بزانم شیعری (ئەختەر)ی تێدایە، یان نا؟ بەداخەوە پێدەچێ دیوانە دەستنووسەکانی ئەو شاعیرە فەوتابن، بۆیە تا ئێستا هەر ئەو چەند شیعرەی لێ ماونەتەوە. کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لە چاپدانی ئەو نامیلکەیەی (ئەختەر) بۆ من مەشق و ئەزموون و پەراوە و ڕاهێنانێکی باش بوو، تا لە ساڵەکانی دواتردا، لە کاتی کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و کارکردن لەسەر شیعری (شێخ نووری شێخ ساڵح) و (شوکری فەزڵی) سوودی زۆری لێ وەربگرم، کە جارێ ئەوەی دواییانم لە چاپ نەداوە.

* ئەوکاتەی من خەریکی کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و نووسین لە بارەی (ئەختەر)ی شاعیرەوە بووم، ئەو سەردەمە هەرای (ڕوانگە) لە گۆڕێ بوو، بێ گومان ئێمە کە وردە وردە خەریکی نووسینی شیعر بووین، لە ناو کەشوهەوای بەیاننامەی ڕوانگە و بەرهەم و نووسینی شاعیر و نووسەرەکانی دەژیاین، تەنیا جیاوازییەکی ئێمە لەگەڵ ئەوان ئەوەبوو کە بەشێکی زۆر لە هەوادار و نووسەر و شاعیرەکانی ڕوانگە بە توندی لە دژی شاعیرانی کلاسیک و کەلەپوور وەستابوونەوە، بەڵام من ویستم بەو کارەم کە بۆ (ئەختەر)م کرد، هەروەها زۆر کاری دیکەم، کە لەو ساڵانەدا لە بواری کەلەپوور کردمن، هەڵوێستێکی ئەرێنی بەرانبەر بە کەلەپوور نیشان بدەم، کە هەڵوێستی من ڕەت کردنەوەی کەلەپوور نەبوو، ئەوەندەی پشتیوانی کردنی ئەو بیروڕایەم بوو کە ئەوسا و ئێستای خۆم، بەدرێژکراوەی لایەنە گەش و درەوشاوەکانی کەلەپوور و شیعری شاعیرە داهێنەرەکانی کلاسیکی و فۆلکلۆر و ئەفسانەی میللەتەکەمان دەزانی و دەزانم.

* بێ گومان ئەو نووسینانەی لە هەردوو ڕۆژنامەی (هاوکاری) و بڵاوکراوەی (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاوم دەکردنەوە، پێش چەند ساڵێک لە دەرچوونی نامیلکەی ئەختەر، هەروەها گرتنی کۆڕ و سیمینار، وای لە زۆرێک لەو لاوانەی هاوتەمەنم کردبوو کە ئەوانیش حەزیان بە نووسین دەکرد، هەست بەوە بکەن کە من وەک مونافەسێکی ئەوان هاتوومەتە مەیدان و دەرکەوتووم، بۆیە لەلایەک ئەوانە و لەلایەکی تریش ئەوانەی نەوەی پێش ئێمە بوون، پێیان وابوو هاتووین بەرەیان لە ژێر پێ دەربێنین، بۆیە کەوتبوونە خۆیان و چاکیان لێ کردبوو بەلادا بۆ ئەوەی هەر بەرەیەکیان بە جۆرێک پەرپێنەمان بدەنێ و پاشقوڵمان لێبدەن و گرفت و کێشە و ئاستەنگ بۆ کارەکانمان دروست بکەن، بەڵام لە هەمووی گرنگتر

ئەوەبوو، ئێمە کۆڵمان نەدا و بەردەوام بووین، بە پیلان و پاشقوڵ و پەرپێنەکان سارد نەبووینەوە و تەنگەنەفەس نەبووین، دەنا دەبوو هەر لەو سەرەتایانەوە کۆڵ بدەین و دەست لە نووسین و بەخشش و کار و چالاکی خۆمان هەڵبگرین. ئەوە یەکەم وێستگەی ژیانی نووسینی ئەدەبی من بوو کە بەشێوەی کتێب چاپ کرابێت، بۆیە بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر لە چاپدانی ئەو سیپارەیە، حەزم کرد یادی ئەو یەکەم هەوڵەم بکەمەوە و بەو نووسینە بەسەری بکەمەوە.

* هەر لەو ساڵەدا کە ئەختەرم تێدا چاپ کرد، بۆ ئەوەی لە کاری نوێ دانەبڕێم، هاتم گەورەترین و فراوانترین لێکۆڵینەوەم لە بارەی شیعری (عەبدوڵلا پەشێو) نووسی، کە بەشێکی ئەو لێکۆڵینەوەیەم لە کۆڕێکی فراواندا پێشکەش کرد، (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) کۆڕەکەی بۆ بەڕێوەبردم. هەر لەسەر بەرگی دواوەی نامیلکەی ئەختەریش نووسیم: [خوا یار بێ بەرهەمی داهاتوومان (عەبدوڵلا پەشێو لەبەردەم چەند مەسەلەیەکی شیعردا)] دەبێ. ئەمە یەکەمین کۆڕی من بوو سەبارەت بە شیعری نوێ و ئەو شاعیرە گرتم کە تا ئەوکاتە یەکەمین کۆڕیشە سەبارەت بە شیعر و شاعیرایەتی پەشێو گیرابێ. هەوڵ دەدەم لە دەرفەتێکی دیکەدا بە درێژی باسی ئەو یەکەم کۆڕەشم بکەم، بەگرتنی ئەو کۆڕەش ویستم بەخوێنەران بڵێم ڕاستە من لێکۆڵینەوە لەسەر کەلەپوور و شیعری ئەختەر دەکەم، کە یەکێک لە ئاماژە زیندووەکانی قۆناغی کلاسیکە، بەڵام لە نوێخوازی و تێکستی سەردەمیانە دوور نەکەوتوومەتەوە، پێیەکم کە لەناو کەلەپوور بووە، پێیەکەی دیکەم لەناو بەخششی نوێخوازانەی و شیعری سەردەم بووە، ئەمەش ڕاگرتنی بالانسی هاوکێشەی کەلەپوور و هاوچەرخایەتی بوو، هەرچەندە ئەو بابەتەم وەک کۆڕێک پێشکەش کرد و لە بەرگی دواوەی ئەختەر ڕامگەیاند کە بەچاپی دەگەیەنم، بەڵام داخەکەم ئەو نووسینەیان لەناو ماڵی خۆماندا لێ دزیم، تەنیا بەشێکی لێ ماوەتەوە کە بەناوی (پەشێو و ڕۆمانسییەت)ـە، ئەوەشم بۆیە بەدرێژایی ئەو ساڵانە بلاونەکردەوە، چونکە بەتەواوی لە پرۆژەکە سارد بوومەوە. ئەو بیروڕا ڕەخنەییەی ئەوکاتە بۆ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی شیعری پەشێو پشتم پێ بەست، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆکە نەک هەر لێی پەشیمان نیم، بگرە دوای ئەو نووسینە هەرچیم لە بارەی شیعری نوێ نووسیبێ، یان هەر شیعرێکم خوێندبێتەوە، ئەوە هەر بەو تێڕوانینە ئیستێتیکی و ڕەخنەییە خوێندوومەوە، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ هەوڵم داوە ئەو تێڕوانینانەم لە جاران قووڵتر بکەمەوە، واتە هەمان ئەو بیروڕا ڕەخنەییانەی پێشوومن.

* هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا باسی چاپکردنی کتێبی دووەمم بکەم کە بە زمانی عەرەبی بەناوی (أضمامة قزحية من الشعر الكردي الحديث) لە چاپم دا، دوای ئەوەش دێمە سەر باسکردنی سەرگوروشتەی لە چاپدانی کتێبی (دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح) کە تا ئەمڕۆکە بە چەوساوەترین کتێبی کوردی دادەنرێت، کە زۆرترین ئاستەنگی بۆ دروست کراوە و پاشقوڵی لێدراوە، چۆنیش حەز کراوە تاڵان و بڕۆ کراوە.

## پاشکۆ

### سێ نامە لەنێوان من و م. تایەر ئەحمەد حەوێزی لە بارەی لە چاپدانی نامیلکەکەی (ئەختەر)ـەوە

نامەی یەکەم، نامەیەکی منە کە لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/١٢/٢٥ بۆ (م. تایەر ئەحمەد حەوێزی)م ناردووە، سەبارەت بە چاپکردن و دابەشکردنی کتێبەکەیە، تا هیچ نەبێ بەشێکی ئەو پارەیەی لەچاپکردنەکەی سەرف کراوە، بێتەوە جێی خۆی و قەرزەکانی پێ بدرێتەوە، کە ئەوەش بۆ نووسەران، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا جۆرێک لە خەون و خەیاڵ بوو، چونکە زۆر بەدەگمەن نەبێ، دەنا نووسەر نییە لەچاپکردنی کتێبدا زەرەری نەکردبێ.

ئەم نامەیەی من نەختێک تووڕەبوونی پێوە دیارە، کە پێشتر لەگەڵ خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی باسمان لە زۆر شت کردبوو، هۆی تووڕە بوونەکەش هەر ئەوەیە کاتێ تۆ دەکەویتە سەر نووسین و کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی بەرهەمی شاعیرێک، نووسەرێک، تا ئەو کاتە کەس بەلای ئەو کەسەدا نەچووە و لای لێ نەکردووەتەوە، کە دەستت پێکرد ئەنواعی کەست لێ قیت دەبێتەوە و خۆیت لێ دەکاتە خزمی ئەو شاعیر و نووسەرە، ئەو خۆ بە خاوەن کردنە درەنگ وەختە، بۆ ئەوە نییە ئەوان بێنە پێش و هاوکاری و کارئاسانیت بۆ بکەن، تا کارەکەت کاملتر و ڕێکوپێکتر دەربچێت و خزمەتێک بە شاعیر و نووسەرەکە بکات، بەڵکو ئەوانە زیاتر بۆ ئەوەیانە بزانن دەسکەوت و بەشە قازانجیان لەو کارەی تۆ دەیکەیت چییە، چونکە وا تێدەگەن لە پەنای ئەو خزمەیانەوە

گەنجینەی قاروونت دەست دەکەوێ، وەک دەشبینێ بێجگە لە زەرەری ماددی و ماندووبوونی زۆر، دەسکەوتێکی دیکەی نییە. لەلایەکی دیکەشەوە دەیانەوێ دوای ئەو هەموو ساڵەی کە کەس و خزمەکەیان کۆچی دوایی کردووە، ئەم جارەیان بێن و خۆیان لە پەنای ئەوەوە بە خەڵکی بناسێنن و بڵێن ئێمەش هەوین و هەین، ئەوە لە کاتێکدایە کە بە درێژایی ئەو ساڵانەی شاعیرەکەی تێدا مردووە، ئەوان نەیانتوانیوە تەنانەت ئەرشیڤەکەی ئەو کەسە، شیعرەکانی، دەستنووسەکانی، وێنەکانی، نامەکانی، سەرگوزشتەکانی لەلای خۆیان بە باشی بپارێزن. هەر بۆ نموونە ئەختەر کە لە ساڵی (١٨٣٩) لە دایک بووە، لە ساڵی ١٨٨٨ کۆچی دوایی کردووە، لەو ساڵەوە تا چاپکردنی نامیلکەکەم سەبارەت بە ئەختەر (١٩٧٦) دەکاتە (٨٨) ساڵ، لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانە یەکێک لە خزمە هەرە نزیکەکانی، یان دوورەکانی کارێکیان بۆی نەکرد، کە من کەوتمە کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی ئەختەر زۆر کەسم لێ پەیدا بوون، بەناوی خزمی ئەختەرەوە تەگەرەیان بۆ دروست دەکردم، تەنانەت کە چووین بۆ سەر گۆڕەکەی تا دۆزیمانەوە زۆری ویست، ئینجا نووسینی سەر هەردوو کێلەکەی کوژابووەوە، تەنانەت لە دەستنیشانکردن و نوێ کردنەوەی ئەو کێلانە و دەرکەوتنی نووسینی سەریشیان هاوکار و یارمەتیدەر نەبوون.

(م. تایەر ئەحمەد حەوێزی) کە خاڵمە، لەلایەکی دیکەشەوە مێردی پوورمە، چونکە باوکم دوو ژنی هێناوە، ژنی یەکەمیان خوشکی (م. تایەر ئەحمەد حەوێزی)یە، باپیرم کچێکی خۆشی داوەتێ، ئەوکاتە خاڵە تایەر و خوشکەکەی (زێبا خانم) هەر لەلای باپیرم (حەمە سدیقی باخچەوان) ژیاون، کە ڕەز و باغێکی فراوان و گەورەی لە شاری کۆیە هەبووە. باپیرم (حەمە سدیق عەبدوڵڵا) خاڵی (م. تایەر ئەحمەد سادق حەوێزی)یشە، بە حوکمی ئەوەی لەو هەموو قوڵەوە خزمم بوو، بۆیە منیش وەک کوڕی گەورەی باوکی جوانەمەرگم نازێکم بەسەر هەموو خزمانی کۆیەمەوە هەبوو. کە (ئەختەر)م چاپ کرد، لەبەر ئەوەی (ئەمیناغای ئەختەر کوڕی حاجی بەکراغای قاصد) و ئەو بنەماڵەیە لە ئاغایانی (حەوێزی)ن، وەک بۆ کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی ئەو شیعرانە، ماندووبوونەکە بە بەر من کەوت و بە ماندی بوونەکەیان نەزانی، چاوەڕێم دەکرد

هیچ نەبێ لە کاتی چاپ کردنەکەیدا هاوکارم بن و نەهێڵن بکەومە ژێر قەرز و قوڵەوە و یارمەتیم بدەن، بە تایبەتی کە بینییان کەسێکی بنەماڵەکەیانم بووژاندووەتەوە، بەڵام وەک ئەوەیان نەکرد، خۆشیان بەسەرمدا دەکردە وەستا و فەرز دەکرد. خاڵە تایەریش کە پێش من دوو کتێبی (مێژووی کۆیە) و (شەوچەرە)ی چاپ کردبوو، هەمان موعاناتی منی هەبوو، بەهۆی چاپی کتێبەکانی کەوتبووە ژێر قەرز و قوڵە، کتێبەکانی بەسەردا کەوتبوون و لە بازاڕ نەدەفرۆشران، بۆیە هەمووی هێنابووەوە و لە ژێرزەمینی ماڵەکەی دایابوون، بۆیە هەندێ جار دڵی منی دەدایەوە و هانی دەدام کە ورە بەرنەدەم و کۆڵ نەدەم، ئەو نامەیەی من لەگەڵ کۆمەڵێک نامەی دی ساڵێک پێش کۆچی دواییەکەی، لەگەڵ چەند نامەیەکی باوکیشم کە لەلای خۆی پاراستبوونی، هەمووی بۆ گێڕامەوە.

دەقی نامەکەی من

مامۆستا تایەر ڕۆژباش

سڵاو و ڕێزم زۆرە.. لە هەواڵی تەندروستیت دەپرسم...

ئەوە کتێبەکەم تەواو بوو.. نیازم وایە (کمیة)کت بۆ ڕەوانە بکەم، بەڵکە بەسەر دۆست و ئەحبابەکانی-



ئەختەر- دابەشی بکەی.. (ئەوانەی کە فشە فشیان هەیە)، بەڵام بەخۆت دەزانی (١٨٠)(*) دینارم تێی چووە و کەسیش نەیگوتووەماڵت لە کێیە، بۆیە نەمتوانی هیچ دانەیەک پێشکەش بە کەس بکەم، دەبێ لێم ببووری..(**)

دەزانی مەخسەدم لە فشەفش چییە! دەڵێم سەرەڕای ئەوەی کە ئەوەندە ماندووبوونەم لەگەڵ چەشت، جارێ هەتا چاپ کراو لە ڕەقابەم وەرگرتەوە گیانم دەرچوو، ئەوجا کابرایەک لێم بە زوبان بێ، خۆی لەسەرم بکاتە وەستا، ئەوەی قبووڵ ناکەم.. بە هەر جۆرێ هەبێ من دەربەست نیم... هیواداریشم لە ئاستە خۆتەوە ئەو کارە ڕاپەڕێنی، چونکە یەکەم: کیتابەکە شموولی تووش دەکا، چونکە لە سێ جێیان ناوت هاتییە.. دووەم: لە تایەفەی نگۆیە- ڕەنگبی ئەوەندەی کە لەلای من نرخی ئەدەبەکەی لام بێ، لەلای تۆ زیاتر نرخی- حەوێزیاتییەکەی هەبێ..(***) ئیتر بژیت..

ئازاد . ع

هەولێر ١٩٧٦/١٢/٢٥

**(*)** (١٢٠) دینار هەقی تێچووی کتێبەکەیە، (٦٠) دیناریش هەقی هاتوچۆی بەغدا و مەسرەفەکانی دیکەیە.

**(**)** ڕاستە بەهۆی تووڕەبوونەوە وتوومە (هیچ دانەیەک پێشکەش بە کەس ناکەم)، بەڵام دواتر خاوبوومەوە و ژمارەیەکم بۆ برادەران و خزمان ناردە کۆیە.

**(***)** هەرچەندە حەوێزییەکان خزمی منیشن، بەڵام لەوکاتەدا بەهۆی ئەو قسەیەی کوردەواری کە دەڵێ: (خۆت هەڵمەکێشە بە باوک و باپیر، مەڵێ باوکم پاشا بوو، یان میر) من چی نازناوم هەبوو لەخۆم کردەوە و حەزم کرد وەک خۆم بناسرێم.

لە وەڵامی ئەو نامەیەدا خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی هەر بۆ ڕۆژی دواتر وەڵامی داومەتەوە، وەڵامەکەی بۆ چاپخانەی کۆییان ناردبوو، کە کەوتبووە سەرەتای شەقامی (باتا)ی هەولێر، ئەوکاتە (قادر کۆیی) بەڕێوەی دەبرد، ئەمەش دەقی نامەکەیە.

زۆر خۆشەویستم ئازاد عەبدولواحید ڕۆژباش

لەدوای هەواڵ پرسین ئومێد ئەکەم هەر لە تەندروستی دابی. ئەمرۆ نامەکەتم بەدەست گەیشت.

نووسیبووت کە کتێبەکەی ئەختەرت تەواو کردییە؛ ئافەرین بۆ خۆ ماندی کردنت.

لە کۆیە دوو کتێبخانە هەیە؛ بۆ هەر یەکەیان مقدارێک



بنێرە و وەصڵی بەناوی خۆتیان لێ وەربگرە، منیش سەرپەرشتیت بۆ دەکەم و هانەهانەی خەڵکت بۆ ئەدەم.

بەڵێ، هەرچەندە حەوێزییە، بەڵام ئەمیناغا پیاوێکی ناودار و ئەدیب و شاعر بوو؛ گومانی تێدا نییە تۆش دەبێ خۆت زۆر ماندوو کردبێ، چونکو ئەمەش هونەرە یەکێک خەریکی کۆکردنەوە و چاپکردنی ژیانی یەکێکی تر بێ، با زۆر کەسیش قسان بکەن.

نازانم هیچ ناوی (مەلا ڕەئووف ئاغای سەلیم ئاغا) و (ڕۆستەم ئەفەندی)ت هێنایە، کە لەم دووەش زۆر شتت وەرگرتییە؟

مامۆستا کەریم شارەزا لەو ڕۆژانە نامەیەکی بۆ ناردم؛ باسی تۆ و ئەختەریشی تێخستبوو، هەر خەریک بووم وەڵامی بدەمەوە.(*)

ئیتر بژیت

خۆشەویستت

تایەر ئەحمەد حەوێزی

١٩٧٦/١٢/٢٦- کۆیە

**(*)** زۆر هەوڵم دا ئەو نامەیەی مامۆستا شارەزا و وەڵامەکەی خاڵە تایەر بدۆزمەوە، بێ سوود بوو.

**نامەی سێیەم**

کۆیە

١٩٩٨/٧/٢

زۆر خۆشەویستم ئازاد گیان

ڕۆژباش

لە دوای چاو ماچ کردن و لە هەواڵ پرسین، ئومێد دەکەم هەر تەندروست و سەرکەوتوو بن.

نەمزانی وتارەکەی (شانۆگەری)یەکەتان خستە گۆڤاری ڕامان؟ وە، (پەندی پێشینان و مەتەڵ)ەکە لە چ حاڵێکدایە؟ زۆر دڵم پێ خۆشە کە خۆت بە نووسین و چاپەمەنی کوردی خەریک کردییە.

وە نامەکانت چ لێ کردن؟ نامەیەکی سەیری عەرەبی دەستخەتی دەوری منداڵیت هەیە، هێشتا بۆم نەناردیی، نەختێ دڵتەزێنە، ئەویشم بۆ مێژوو هەڵگرتییە، مرۆڤ هەر ڕوو لە گۆڕانە و کورد ڕاستی گوتییە: «جووجکە هەر لەبن تلیانەی نامێنێتەوە».

پێم خۆش بوو ئەو ژمارەی ڕامان کە موقابەلە لەگەڵ (گزنگ خان)ی(*) پلکتی تێدایە دانەیەکم بۆ بنێرن.

پەندی پێشینان و مەتەڵ خۆت دەزانی هەرگیز بنی نایە، بەتایبەتی هی کوردان؛ چونکو کورد لە بارێکی زۆر سەرسوڕمێندان، نە هی کۆنی بنی دێ، وە هی تازەشی پەیا دەبێ.

هەر گوندە، هەر شارە، هەر شێوەی کوردی، پەندی تایبەتی خۆیان هەیە، وە لە شێوە و زاراوەکانی کوردی، پەند لە تەعبیرا جیا، بەڵام لە مەعنادا یەکن. زەینەب و بەدیعە چاوت ماچ دەکەن، زەینەب هەروەک خۆیەتی، لەسەر کورسی زۆر باشە، چۆکەکانی ئیش ناکەن، من و ئەوانیش سەلامێمان بۆ بەیان خان هەیە و چاوی مناڵەکانت ماچ دەکەین، هەموو لاو منداڵەکان سەلامیان هەیە، سەلامم بۆ عەبدولحەمید و دایکت و براکانت هەیە. وامزانیوە ئێوە پارە بە تۆبزی لە گیرفانی نووسەران دەپەستن، بەڵام نای گری! ئێوە و سلێمانیش بۆ چاپەمەنی کوردی، وەک دەوری ملوک الطوائفی ئەندەلووسی لێ هاتییە، ئەدەب و شیعری عەرەبی زۆر پێشکەوتبوو، کوردیش تا ئێستا شتی وای بەخۆیەوە نەدیتییە؛ پێغەمبەر فەرموویەتی «ئیختیلافی ئومەتم، خێری پێوەیە!»

زۆر سەلامم بۆ زاهیر ئەفەندی مەلا محەمەد(**) هەیە ئیدی بەخێر چی

**وەک زانیومە (ئەختەر)ەکەم لەسەر خێران چووبتە ژێر چاپ بەشی تووشی تێدایە.**

خاڵی خۆت

تاهیر ئەحمەد حەوێزی

(*) مەبەستی د. نەزەند بەگیخانییە.

(**) مەبەستی زاهیر محەمەدی هونەرمەند و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستانە.

**پەراوێزەکان:**

(١) د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ بیرۆکەیەکی هەیە، چەند جار گوێم لێ بووە وتوویەتی ئەوانەی لە تەمەنێکی زووی خۆیاندا بە کوردی خوێندوویانەتەوە و نووسیویانە، ئەوانە کوڕی زمان و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردین، ئەوانەش کە بە گەورەیی و بەپیری ڕوو دەکەنە خوێندنەوە و نووسینی کوردی، ئەوانە هەڵقولاوی نووسینی کوردی نین، بۆیە کە دەنووسن، کوردییەکەیان ڕەق و وشکە.

(٢) سەبارەت بە مام گیوی موکریانی وتارێکی تایبەتیم نووسیوە، کە تێیدا بیرەوەری خۆم لەگەڵی گێڕاوەتەوە، لە دەرفەتێکدا ئەو وتارە بڵاو دەکەمەوە.

(٣) تەماشای ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٢٤٠، ڕۆژی ١٩٧٤/١١/١ بکرێ، وتارێکم بەناوی (ئەمینی) نووسیوە، کە ناوی تەواوی (میرزا حەمەدەمین)ە بڵاوکراوەتەوە، ئازاد عەبدولواحید، بەداخەوە وێنەی شاعیرەکەیان لەگەڵ بابەتەکە دانەنابوو، وتارەکەش کورت کرابووەوە.

(٤) تەماشای ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١٤٢، ڕۆژی ١٩٧٦/٨/٧ بکرێ، کە لە گۆشەی (لقاء)، بەناوی



الشاعر سامي عەودال بڵاوکراوەتەوە، آزاد عبدالواحد.

(٥) تەماشای ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١٣٧، ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١ بکرێ، گۆشەی (لقاء)، لەدوا لاپەڕەدا، گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ (الملا رؤوف سليم)دا کراوە، آزاد عبدالواحد.

(٦) لە ساڵی (١٩٧٤ تا ١٩٧٦ و ساڵانی دواتریش) بێجگە لەو کارەی بۆ ئەختەرم کرد، هەوڵم داوە بە زمانی کوردی و عەرەبی چیم لەدەست هاتبێ بۆ شاری کۆیە و نووسەر و شاعیر و ئەدیبەکانی بیکەم، بە تایبەتی کاری ڕۆژنامەوانی کە زیاتر بۆ ناساندن و بەسەرکردنەوە بوون لەوانە:

١- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢١٦، ١٩٧٤/٥/٣، چوار پرسیار لەم نووسەرە ئەکەین، گفتوگۆیەکی کورتە لەگەڵ (تایەر ئەحمەد حەویزی).

٢- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢٥٥، ڕۆژی ١٩٧٤/٧/٥، کۆیەی شاری ئەدەب و هونەر، کورتە وتارێکە سەبارەت بە شاری کۆیە لە ڕووی ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەرەوە، دوا لاپەڕە.

٣- بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٣١، ڕۆژی ١٩٧٤/٩/٢١، (گەڕانێک بە شوێن ژیانی ئەختەردا)، کە کورتەیەک لە ژیان و شیعری (دەخیلت بم سەبا حاڵی پەشێوم عەرزی جانان کە) بڵاوکراوەتەوە.

٤- بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٣٤، ڕۆژی ١٩٧٤/١٠/٢١، شاعیرێکی شاراوە لە مێژووی ئەدەبەکەمان، ئەو شاعیرە نازناوی (فائق) بوو، کە هاوچەرخی (حاجی قادری کۆیی) و (ئەختەر) و شاعیرانی دیکەی کۆیە بوو، غەزەلێکی بڵاونەکراوەیم لەو بڵاوکراوەیەدا بڵاوکردەوە. داخەکەم دیوانێکی تەواوی ئەو شاعیرە، کە دیوانێکی دەستنووسی زۆر گەورەی هەبوو، دوای ساڵانێک کە سۆراغی دیوانەکەم کردەوە، دیاربوو فەوتابوو.

٥- بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٣٦، ڕۆژی ١٩٧٤/١٢/١، هەندێ شیعری بڵاونەکراوەی «خادم»، کە نەختێ ژیان و شیعرێکی بڵاونەکراوەی ئەو شاعیرە کۆییەم بڵاوکردووەتەوە.

٦- بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٣٦، ڕۆژی ١٩٧٤/١٢/١، (لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی ئەختەر)، کە پێشەکییەکی کورت و دوو شیعری بڵاونەکراوەی ئەختەرم بڵاوکردووەتەوە، واتە لە ژمارە (٣٦)دا دوو بابەتم دابەزیبوو، بەڵام بەدەستتێوەردان و کورت کردنەوەوە.

٧- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢٦١، ڕۆژی ١٩٧٥/٤/٤، هونەرمەندێکی بەهرەدار، کە وتارێکی کورتە سەبارەت بە هونەرمەند بیلال بەهائەددین نووسراوە و وەک ئاوازدانەر و شێوەکار باسی لێوە کراوە و دوو تابلۆی ئەو هونەرمەندەی لەگەڵدا بڵاوکراوەتەوە. (لەم دواییەدا هەواڵی ئەو دوو تابلۆیەم لە کوڕەکەی هونەرمەند ئازاد بیلال بەهائەددین پرسی، پێی وتم ئەو دوو تابلۆیە فەوتاون).

٨- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢٧٥، ڕۆژی ١٩٧٥/٨/١١، لەگەڵ مامۆستا «تایەر تۆفیق»ی هونەرمەند، گفتوگۆیەکی کورتە لەگەڵ هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق.

٩- ڕۆژنامەی التآخي، ژمارە ٢٠٥٨، ڕۆژی ١٩٧٥/١١/١٠، (لاترحلي) کە شیعری (قوباد بەهرەوەر)ە و وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

١٠- ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ٨٠، ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٢٤، غادة نوروز، شیعری کەریم شارەزایە، وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

١١- ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١١٧، ڕۆژی ١٩٧٦/٧/٧، دوا لاپەڕە، گۆشەی (لقاء)، کورتە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند یووسف باکووری.

١٢- ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١٢٨، ڕۆژی ١٩٧٦/٧/٢١، دوا لاپەڕە، گۆشەی (لقاء)، کورتە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند جان تۆماس.

١٣- ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١٣٩، ڕۆژی ١٩٧٦/٨/٣، دوا لاپەڕە، گۆشەی (لقاء)، چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ هونەرمەند باکووری.

١٤- ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١٤١، ڕۆژی ١٩٧٦/٨/٥، کورتە وتارێک بە ناونیشانی (إنطباعات عن المكتبة المركزية في كويسنجق).

١٥- ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١٧٠، ڕۆژی ١٩٧٦/٩/٨، دوا لاپەڕە، گۆشەی (لقاء)، چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ هونەرمەند (سوبحی کۆیی).

١٦- ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١٧٨، ڕۆژی ١٩٧٦/٩/١٨، دوا لاپەڕە، وتارێکی کورت بەناوی (كويسنجق هذه المدينة الجميلة) کە وتارەکەیان کورت کردبووەوە تا لەگەڵ بابەتە کورتەکانی دوا لاپەڕەدا بگونجێ، ناوەکەی منیشیان لەسەر وتارەکە لابردبوو.

(١٧) ڕۆژنامـــەی العــراق، ژمـــارە ٣١٤٢، ڕۆژی ١٩٨٦/٥/١٩، وقفه مع الفنان آزاد بلال بهاءالدين، بەناوی خوازراوی (ژیوار)ی کوڕم بڵاوکراوەتەوە.

(٧) حاجی قادری پەڕەکەر و ئەمینی سەمەنی دوو کەسی دەنگخۆشی شاری کۆیە بوون، کە هەر لە زووەوە بە بەستە و مەقام شیعرەکانی ئەختەریان گوتبوو، ئەوان ئەو شیعرانەیان لەبەربوو، بۆیە من شیعرەکانی لای ئەوانیشم وەرگرت.

(٨) ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٨ کە لەگەڵ کەنعان موفتی کوڕی ڕەحمەتی (ڕەشاد موفتی) بە تەلەفۆن لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ کرد، تا لە ماڵی خۆیان بگەڕێ و دەستنووسە تورکییەم بۆ بدۆزێتەوە، وتی باوکم فەتوای دابوو کە (إنتحال) دزینی کتێب و دەستنووس کارێکی ڕەوایە.

(٩) تەماشای کتێبی (کۆیە و شاعیرانی)، بەرگی یەکەم، کەریم شارەزا، ١٩٦١، بەغدا، چاپخانەی (النجوم) بکرێ.

- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەددین سەجادی، ١٩٥٢، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف.

- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٣، ساڵی ٥، مارتی ١٩٤٤، ئەختەر، تاهیر ئەحمەد.

- گۆڤاری هەتاو، ژمارە ٥٤-٥٥، ڕۆژی ١٩٥٦/٢/١٠ بەشی یەکەم، بیمار، هەروەها بەشی دووەمی وتارەکە کە لە ١٩٥٦/٢/٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.

- گۆڤاری هیوا، ژمارە ٩، ساڵی (١)، مارتی ١٩٥٨.

- حاجی قادری کۆیی، مەسعوود محەمەد، بەشی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٣، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

(١٠) دەقی ئەو نامەیە لە ئەرشیفی تایبەتی من پارێزراوە، لە دەرفەتێکدا بڵاوی دەکەمەوە.

(١١) تەماشای بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٣١، ل٣، ڕۆژی ١٩٧٤/٩/٢١ بکرێ، بابەتێک بەناوونیشانی (گەڕانێک بە شوێن ژیانی ئەختەردا) کورتەیەک لە ژیان و شیعری ئەو شاعیرە و شیعری (دەخیلت بم سەبا حاڵی پەشێوم عەرزی جانان کە) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بە نیوە و ناچڵی و کورت کراوەیی و فڕێدانی سەرچاوە.

(١٢) بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٣٨، ل٢٤، ڕۆژی ١٩٧٥/٢/٢١، ئەبووبەکر خۆشناو، بابەتێکی لەسەر ئەو نووسینە بڵاوکردووەتەوە، بەناوونیشانی: (چەند سەرنجێک لە «گەڕانێک بە شوێن ژیانی ئەختەردا»).

(١٣) تەماشای بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٤٠، ل٢٠، ڕۆژی ١٩٧٥/٤/٢١، وەڵامی ئەبوو بەکر خۆشناوم داوەتەوە کە بەناوونیشانی (وەڵام بۆ سەرنجێک) بوو.

(١٤) بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٣٨، ڕۆژی ١٩٧٥/٢/٢١، سابیر ڕەشید، ڕوونکردنەوەیەک، ل٣، چەند دێڕێکی سەبارەت بە ژیان و شیعرە بڵاونەکراوەکەی (خادم) نووسیبوو.

(١٥) دوای چاپکردنی نامیلکەکەم، هەر ئەو شیعرەم بۆ هونەرمەند قادر زیرەک پێشنیار کرد، کە ئاوازی بۆ دابنێ و بیخوێنێ.

(١٦) لەنامەیەکی تایبەتیدا کە ڕۆژی ١٩٩٨/٧/٢ خاڵە تایەر ئەحمەد حەویزی بۆی ناردووم، نووسیویەتی: (وەک زانیومە (ئەختەر)ـەکەم لەسەر خێران چووبتە ژێر چاپ، بەشی تووشی تێدایە)، من سەرەتا لەو ڕستەیەی دەڵێ (بەشی تووشی تێدایە) تێنەگەیشتم تا نامیلکەکەم بەدەست گەیشت و خوێندمەوە.

(١٧) تەماشای ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٨٨٠، ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٢٦، وتاری (کشانی ئەستێرەیەک و هەندێ بیرەوەری تایبەتم)، کە هەمان وتار بەفراوانتر لەگۆڤاری ڕامان، ژمارە ١١٢، ٢٠٠٦، لاپەڕە (٨٦-٩٥)دا بڵاوکراوەتەوە.

(١٨) هەر لەلای زامدار کاک (فەرهاد شاکەلی)م ناسی، ئەو ڕۆژەی ناسیم کۆمەڵە شیعری (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی) پێشکەش کردم کە تازە چاپی کردبوو، ساڵی ١٩٧٥یش دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، شێرکۆ بێکەس و موکری و زۆر کەسی دیم لە ژوورەکەی زامدار ناسی، کە ڕۆژانی پێنج شەممان و جومعان شێرکۆ بێکەس لە (بەغدادیە)ی لای ڕومادی و موکری لە (سەماوە)وە دەهاتنە بەغدا و لەلای زامدار لایان دەدا و شەوانیش هەر پێکەوە دادەنیشتن.

(١٩) من وەک کەسێکی کەم ئەزموون، بێ سێ و دوو پێشنیارەکەی مام (هێمن)م وەرگرت و شیعرە فارسییەکانم لابرد، لە کاتێکدا زۆر لە شاعیرە کلاسیکییەکان کە شیعری فارسییان نووسیوە، مەرج نییە هەموویان شیعری فارسی بەهێزیان نووسیبێ، بۆیە لە چاپی نوێی شیعرەکانی ئەختەر، ئەو شیعرە فارسییانە

لە تەک شیعرە کوردییەکان دادەنێمەوە.

(٢٠) لە ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١١، ڕۆژی ١٩٧٦/٣/١، وتارێکم بە ناوونیشانی (ئەختەر شاعر العشق و الجمال) نووسیوە، لە دوا دێڕەکانی ئەو وتارەدا نووسیومە: (**ئامادەکردنی دیوانی ئەختەر بۆ چاپ کردن**... لەم دوا دواییەدا کەوتمە ئامادەکردنی دیوانی (ئەختەر) بۆ چاپ کردن، کە بریتییە لەو شیعرانەی پێشتر بڵاوکراونەتەوە، یان بڵاونەکراونەتەوە. مامۆستا هێمن موکریانی پێشەکی بۆ نامیلکەکە نووسیوە، مامۆستا کەریم شارەزاش پێیدا چووەتەوە. لە پێناوی ڕزگارکردنی ئەو شیعرانە لە ون بوون، بە پێویستی دەزانم یەکێک لە دەزگاکانی ڕۆشنبیریی کوردی چاپکردنی ئەو کتێبە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بێ گومان ئەوەش خزمەتێکە بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوایەتی کورد)

(٢١) تەماشای ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢٤٥، ڕۆژی ١٩٧٤/١٢/٦ بکرێ، چاوپێکەوتن لەگەڵ مەغدید سۆران بەناوونیشانی (ئێمەو چاپخانەی شارەوانی هەولێر)، ئازاد عەبدولواحید ئامادەی کردووە، کە باسی گرنگیی ئەو چاپخانەیە لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبیات و بزاڤی چاپەمەنی کوردی کراوە.

(٢٢) بە پێچەوانەی ئەو ڕۆژگارەوە کە کەسم شک نەدەبرد بۆ چاپکردنی کتێبەکەم هاوکاریم بکات، لەو ڕۆژانەی پێشوو حاکم نازم حەویزی کە زانیبووی خەریکی ئامادەکردنی چاپی دووەمی (ئەختەر)م، ئامادەیی خۆی نیشان دا کە دوای تەواوکردنی پرۆژەکەم، ئەرکی چاپکردنی کتێبەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەوەش قەرەبووی ئەو موعاناتەم بۆ دەکاتەوە کە ساڵی ١٩٧٦ تووشی بووم و چەشتم.

(٢٣) لە ساڵی ١٩٧٢ بەدواوە مەسعوود محەمەد وەزیفەکەی گوێزرایەوە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا.

(٢٤) سەیری فۆتۆکۆپی ئەو نووسراوە بکرێ کە لەگەڵ ئەو وتارەدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها تەماشای کتێبی (چەند وێستگەیەک)ی د. کەمال سەعدی مستەفا بکرێ کە لە لاپەڕە (٣٢)ی ئەو کتێبەدا باسی هەمان بابەتی کردووە، د. کەمال سەعدی وای دەرخستووە کە پێکەوە کتێبەکەمان داوەتە (مەغدید سۆران) و چاپخانە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە من پێشتر و بەجیا نامیلکەکەی خۆم بردە ئەوێ، چونکە بەپێی بڵاوبوونەوەی ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵی کردوومە و لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ساڵی ١٩٧٤دا بڵاوکراوەتەوە، من پێشتر دەمناسی، بۆ نامیلکەکەی من (پەرۆش) و (کرمانج) پیتچنییان نەدەکرد، بەڵکو کاری هەڵەچنی و کارگێڕییان دەکرد، ئەوەی پیتچنی بۆ من کرد (جەعفەر) ناوێک بوو لەگەڵ یەک- دوو کەس کە لەبەردەستیدا بوون. سەیری لاپەڕە (٢١١) بکرێ کە هەمان دۆکیومێنتی بڵاوکردووەتەوە.

(٢٥) لە ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ٢٧٣، ڕۆژی ١٩٧٧/١/١٧، نەریمان وتارێکی بەناوونیشانی (نتاجات الفكر الكردي خلال عام ١٩٧٦) نووسیوە، ئەو شارەزایە لە بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی نووسیویەتی لەو ساڵەدا (٣٠) کتێب و نامیلکە، بە نامیلکەکەی منیشەوە لە چاپدراون، هەروەها لەو وتارەدا نووسیویەتی: (نووسەری کورد بەدەست زۆربی تێچووی چاپکردنەوە دەناڵێنێ، بواریش بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی بەرتەسک و سنووردارە، ئەگەر بەشداربوونی لایەنەکانی ڕۆشنبیری نەبێ، نووسەرانمان ناتوانن بەرهەمە فیکرییەکانیان لەچاپ بدەن).

(٢٦) تەماشای ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٤٧٦، ڕۆژی ١٩٧٩/٥/٢٨ بکرێ، بۆ ئەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان تووشی شێوان نەبێ، ئازاد عەبدولواحید، (ل٣)، پاشماوەی وتارەکە لە لاپەڕە (٧)دایە.

(٢٧) تەماشای گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٣٥، ٢٠٠٨ بکرێ، لەنێوان ئەختەر و مەستوورەدا، د. کەمال مەعرووف، بڕوانە پەراوێزی ئەو وتارە.

(٢٨) تەماشای ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ٢٨١، ڕۆژی ١٩٧٧/١/٢٦ بکرێ، دوا لاپەڕە، گۆشەی (مكتبة العراق الكردية)، ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، إعداد: عبدالستار كاظم.

(٢٩) بۆ ئەو مەبەستە تەماشای ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٣٦٣، ڕۆژی ١٩٧٧/٤/١٣ بکرێ، (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری) و ڕوونکردنەوەی چەند هەڵەیەک، سابیر ڕەشید، بەکر غەریب فەرەج.

(٣٠) تەماشای ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٥٢٩، ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٩ بکرێ، ساڵی کۆچی.. ساڵی زایینی، هەروەها سەیری کتێبی (پەنجەرە بچووکەکان) بکرێ، ٢٠١١، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، لاپەڕە ١٥٢.

# نامەیەکی مەلا عەلی مامەجەلکەیی بۆ محەمەدی مەلا کەریم

ئا: هێمن عومەر خۆشناو
(زانکۆی سۆران-فاکەڵتی ئاداب)

کەرکووک
١٩٧٣/١١/١٢

هاوڕێی بەڕێز کاک محەمەد مەلا کەریم
سەلام و ڕێز و دەست گوشین.

برا گیان کاک موحەممەد زۆر هیوا دەکەم کەوا لە ئەنجامی ئەم دوو پەرتووکانەی کە من خۆم لەگەڵ سکالای چاپ خوازتنیان دەردەستی بەڕێزتم کردن لە مێژووی ٨/ ٧/ ١٩٧٣ وە بە ژمارەی (٧٠٤) ی کۆڕی زانیاری کوردی بەڕێز و پیرۆز، کەوا یەکێکیان (گاڵەو ڕێزمانی کوردی) بوو، ئەویتیریشیان (فێرکەری ئینگلیزی و کوردی و لاتینی نوێ) بوو، ئاگادارم بکەیت تکایە.

ئایا بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرتووکەکان هەیی بوو، یان نەیی بوو؟

ئایا هیوا دەکرێ لە چاپ بدرێن، یان نا؟

وە بێ گومان بە لەمە، کەوا من هەمیشە تۆ لەبیر ناکەم و جیاوباتی چاکەش هەر چاکەیە بێ گومان.

وە زۆر دەستە پیرۆزەکانی باوکت ماچ دەکەم و سەلام لە گشت هاوڕێکانت دەکەم و لە قووڵایی دڵمەوە ژیانی بە شادی و سەرکەوتنتان دەخوازم.

**ئیمزا**
**هاوڕێی دڵسۆزت**
**مەلا عەلی مامەجەلکەیی**

**تێبینی:**
کتێبی گاڵە و ڕێزمانی کوردی کە نزیکەی ٦٠٠ لاپەڕە بوو، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا لە شاری بەغدا سۆراغی نەماوە و دوای ئەوە نووسەر چەند لاپەڕەیەکی دیکەی جارێکی دی نووسیوەتەوە. ئەم چەند پەڕەیە دوای لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی لەلایەن بەندە و (د.خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو) لەسەر ئەرکی (دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران) ئەم ساڵ چاپ کرا. (هێمن.ع.خ)


کەرکووک
١٩٧٣/١١/١٢
هاوڕێی بەڕێز کاک محمد مەلا کەریم
سەلام و ڕێز و دەست گوشین
برا گیان کاک موحەممەد زۆر هیوا دەکەم کەوا لە ئەنجامی ئەم دوو پەرتووکانەی کە من خۆم لەگەڵ سکالای چاپ خوازتنیان دەردەستی بەڕێزتم کردوە لە مێژووی ١٩٧٣/٧/٨ وە بە ژمارەی (٧٠٤) ی کۆڕی زانیاری کوردی بەڕێز و پیرۆز، کەوا یەکێکیان (گاڵە و ڕێزمانی کوردی) بوو، ئەویتیریشیان (فێرکەری ئینگلیزی و کوردی و لاتینی نوێ) بوو، ئاگادارم بکەیت تکایە.
ئایا بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرتووکەکان هەیی بوو یان نەیی بوو؟
ئایا هیوا دەکرێ لە چاپ بدرێن یان نا؟
وە بێ گومان بە لەمە، کەوا من هەمیشە تۆ لەبیر ناکەم و جیاوباتی چاکەش هەر چاکەیە بێ گومان.
وە زۆر دەستە پیرۆزەکانی باوکت ماچ دەکەم و سەلام لە گشت هاوڕێکانت دەکەم و لە قووڵایی دڵمەوە ژیانی بە شادی و سەرکەوتنتان دەخوازم.
هاوڕێی دڵسۆزت
مەلا عەلی مامەجەلکەیی

بە بۆنەی بیست و یەکەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)

# لە ساڵوەگەڕی گۆڤارێک کە پیر نابێت..!

شێرزاد عەبدولڕەحمان

**فەلەکەدین کاکەیی گوتی: "ڕامان گۆڤارێکی دانسقەیە".**

**شێرکۆ بێکەس پێی وتم "بە خێلی بە گۆڤارێکی وا دەبەم".**

٢٠ ساڵ لە تەمەنی گۆڤاری "ڕامان"، هەڵدانەوەی بەخشش و شەونخوونی خەڵکانێکە، کە ئەو گۆڤارە شیرینەیان کردووە بە مینبەرێکی کراوە بۆ هەموو قەڵەمە بوێرەکان، بە بێ جیاوازی کردن لە هزر و بۆچوونی هیچ کەس و لایەنێک، ئەمەش ڕوخسارێکی هەرە جوانی ڕامانە، کە خەسڵەتێکی پیشەگەرایانەی بێ ڕق و کینەیە لە کاری ڕۆشنبیری و بنەمایە بۆ سەرکەوتن، بۆیە هەر میدیایەک حورمەتی وشەی پیرۆزی کوردی بگرێ، بە ئەرکێکی ئەخلاقی تێدەگات ڕێزی ئەو گۆڤارە بگرێت.

ئێمە لە زەمەنێکدا یادی ساڵوەگەڕی "ڕامان" دەکەینەوە، کە "داهێنان" لە بواری هزر و مەعریفە و ئەدەبیات لە کوردستان کاڵ بووەتەوە، ئەمڕۆ کەم کەس هەیە خەم لەو لەلایەنە بخوات و خۆی پێوە سەرقاڵ بکات. گەڕان بەدوای ئەو پرسیارەی کە ئایا بۆچی ئێستا داهێنان لە هزر و مەعریفە و ئەدەبیاتدا، نەبووەتە پرەنسیپێک، کە بەهای وشەی ڕاستگۆیانە بپارێزرێت و لە مەترسییەکانی ئاوابوونی خۆری "داهێنان" بپێچێتەوە؟ نەبوونی ئەو وەڵامە بووەتە کەمتەرخەمییەک و کەم کەس و لایەن خۆی لێدەکاتە خاوەن، تەنانەت دەزگا پێوەندیدارەکانی بواری ڕۆشنبیری و مەعریفەش دەرگایان بە ڕووی داهێنان و کارە ناوازەکانی ڕۆشنبیریدا داخستووە و کەس نییە ئەو بەرپرسیارێتییە ئەدەبی و ئەخلاقییە بخاتە سەر شانی خۆی.

کاتێ بەدوای ئاوابوونی خەمە جوانەکانی داهێنان دەگەڕێیت، کە لە حەفتاکان و هەشتاکان هەبوو، ئەو خەمە جوان و بێگەردە، لە سیما هەرە جوان و دیارەکانی کایە و ژیانی ئەدەبی بوو، تەنانەت ئەمڕۆکە حاڵەتەکە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئیدی نەکەس بەدوای قسەکردن لەو بابەت و خەمە گەورەیەدایە، نەکەس باس لە ئاوابوونی زەمەنی خوێندنەوە دەکات، ئەمڕۆ دنیابینی جوان و دەگمەن تۆزی لەسەر نیشتووە، ئێستا بوارە میللییەکان، بوون بەهۆی پڕکردنەوەی پانتایی داهێنان، بۆیە بیرکردنەوە لە داهێنان، ئەوەندە بواری تەسک بووەتەوە، کە بەتەواوی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری ساردوسڕ کردووەو هەناسەی لێ بڕیوە.

لێرەوە بوون و سەرهەڵدانی "ڕامان"، تەنیا دەرکردنی گۆڤارێک نەبوو، کە بریتی بێ لە مەودایەک بۆ بڵاوکردنەوەی داهێنان و ڕۆشنبیری و هزر، بەڵکو هەوڵدانێکی زۆر جیددی بوو بۆ تاووتوی داهێنان و مانەوەی ڕوخسارە جوانەکانی، هەوڵدان بوو بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سیما جوانەکانی داهێنان.

کتومت من وای دەبینم، کە سووربوونی هاوکارە ڕوحپاکەکانم لە سەرنووسەر و بەڕێوەبەری هونەری و دیزاین و هەڵچنەکانیش بۆ مانەوەی ئەم گۆڤارە سەنگینە، تەنیا لەو ڕوانگەیەوە چەکەرەی کردووە، کە دەبێت پانتاییەک هەبێت قسە لە خەمی داهێنان بکات و ڕێز لەوانە بگرێت کە بەخششیان هەبووە، هەرچەندە زەحمەتە تۆ بتوانی بەسەر ڕۆچوونی ئەوانی دی زاڵ بیت، "ڕامان" ئەو ئەرکە ئەخلاقییەی گرتۆتە ئەستۆ، کە ڕێز لە ڕابوردووی داهێنان و هونەر و کولتوور دەگرێت و ناهێڵێت هەوڵەکانی ڕێزگرتن لە بواری مەعریفە ئاوابێت، هەموو ژمارەکانی گەواهین کە "ڕامان" خەمخۆری جیددی بووە بۆ ئەو کاروانە گرنگە، بۆ ژوانی مەعریفە و بەردەوام بوونی، وێڕای ئەو هەموو ئاستەنگەی لەبەردەمیدا هەیە.

بۆیە جۆرێک لە عەشق لە هاوکارانمان لە "ڕامان" بەدی دەکرێ، کە ئەو عەشقە زۆر بە بێدەنگی مومارەسە دەکرێت، هەموو جوانییەکانیش لە دنیادا، لە بێدەنگیدا دەتوێنەوە، جگە لەوەش "ڕامان" جیا لە زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکە، بواری زمانەوانی کردووە بەجێی بایەخی خۆی، کە مخابن هەنووکە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە، بێ خەمن لە ئاست حورمەتی زمان و داڕشتن، کە ئەرکێکی هەرە لە پێشینەیە لە ئەرکە بەرچاوەکانی میدیا.



سەرنووسەر و کارمەندە خەمخۆرەکانی گۆڤاری "ڕامان" بە درێژایی تەمەنی "ڕامان" لەو خەمە گەورەیە بێ تاقەت نەبوون، کە خەمی کارکردنی بەردەوام بووە بۆ ڕاگرتنی بەهای زمان و پەیڤی کوردی، تەنانەت ئەو ڕاستییە کاتێک بەتەواوی ڕەنگ دەداتەوە، کە تەمەننای شێوازی کاری زمانەوانی و "هەڵەچن"ی ڕامان بکەیت.

ئەوەی لەو بۆنە جوانەدا، لە بیرم بێت دوو شایەد حاڵی گەورەیە.

مامۆستای ڕوحپاکم فەلەکەددین کاکەیی کە دەچووینە ماڵە خنجیلانەکەی هەمیشە گۆڤاری "ڕامان" لەسەر مێزی خوێندنەوەی بوو، ئەو هەموو ژمارەکانی بە شەوقەوە دەخوێندەوە.. جارێکیان پێی گوتم: "ڕامان" بە دیارییەکی ڕوحسووک بۆ کتێبخانەی کوردی دەزانم، چونکە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا، گۆڤارێکی زۆر دانسقەیە، ڕێز لە کاری داهێنەرانە دەگرێت.. زمانی "ڕامان" زۆر زمانێکی پوختە، کوردییەکەی ڕەوانە، خاوەنی کەسایەتی و سیمای خۆیەتی، بۆیە چ لەو کاتەی کە لە وەزارەت بووم، چ ئێستا کە لە دەرەوەی وەزارەتم، لەگەڵ نووسینی هەر سەروتارێکم، بە خوێندنەوەی"ڕامان" گەشتر دەبمەوە!

شاعیری گەورەمان شێرکۆ بێکەس کە جارێکیان لە سلێمانی لە دەزگای "سەردەم" سەرم لێدا، زیاتر لە جارێک باسی ئەوەی کرد، کە لە هەولێر سەرسامە بە دوو شت، یەکەم دەزگای ئاراس، دووەم گۆڤاری ڕامان، تەنانەت گوتی: من بەخیلی بە "ڕامان" دەبەم، چونکە حەزم دەکرد شتێکی وام لە دەزگای سەردەم هەبێت.

* گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ "ڕامان" بەردەوامە، دەبێت لەو ساڵوەگەڕەدا، "ڕامان"بە قەد گەورەیی خۆی خەڵات بکرێت، نەک پەراوێز بخرێت.. دەبێت گۆڤارێکی وەک ڕامان هەبێت و ببێتە مینبەر بۆ بیری جوان و داهێنان، کە ئەو ئەرکە هەر بە گۆڤاری "ڕامان" ئەنجام دەدرێت. لەو ٢٠ ساڵە زۆر شتی گەورە کراوە، بەڵام لە هەموویان گەورەتر ڕوخساری عاشقانەی ستافی ئەم گۆڤارەیە کە وای کردووە "ڕامان" هەر بەجوانی و لەسەر داهێنانی خۆی بەردەوام بێت و بمێنیتەوە!.




# چراکان خامۆش مەکەن

ئاسۆ حەسەن



لە هەموو وڵاتان، کتێبخانە گشتییەکان سەنتەرێکی پڕ بەهای زانست و زانیارین و ئەرکی سەرەکی سەرشانی ئەوەیە بەردەوام کتێب و گۆڤار و گشت سەرچاوەکانی زانیاری دابین بکات و ڕێکیان بخات و لە کەشوهەوایەکی گونجاو و بەشێوەیەکی خێرا بیخاتە بەر دید و دەستی هەموو ئەوانەی دەیانەوێ سوود لەو زانیارییانە وەربگرن.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، کاری کتێبخانەی گشتی گەورەتر و فرەلایەنتر بووە، ئەرک و چالاکییەکانیشی زۆرتر و گرانتر بووە. سەرەڕای کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و توێژینەوە و هەموو ئەوانەی چاپ دەکرێن، بەشی دیجیتاڵ و کتێبخانەی ئەلکترۆنیش دەگرێتە خۆی، لەڕێگەی بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بەردەوام پێوەندییان بە سەنتەرەکانی زانیاری جیهانەوە هەیەو بوونەتە بانکی زانیاری بۆ دەوڵەت و خەڵک. بۆ ئاسانکردن و خێرا ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەش کتێبخانەکان بەتەکنۆلۆژیای سەردەم بە ئۆتۆماتیک کراون.

لەوڵاتی ئێمەدا کتێبخانەکان گرنگییان پێ نادرێ و هێشتا هەژار و کلاسیکین و تەنیا وەک کۆگای داکردنی کتێب ماونەتەوەو تەکنۆلۆژیای نوێیان نەگەیشتووەتێ، لەم سێ ساڵەی دواییشدا لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم تەنگژە ئابوورییەدا، هیچ بڕە پارەیەک بۆ کڕینی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و سەرچاوەکانی دیکەی زانیاری تەرخان نەکراوە.

داخستنی دەرگای کتێب و سەرچاوەکانی زانیاری کڕین بەسەر کتێبخانە گشتییەکان کە پڕ خزمەتترین جۆری کتێبخانەیە، کۆمەڵێک دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە لەوانە:

سێ ساڵ خوێنەر و توێژەر و قوتابی و فێرخوازان لەسەرچاوەی نوێی زانست و زانیاری بێبەش دەبن.

کەلێنێکی گەورەش دەکەوێتە نێو کتێبخانە و ئەرشیڤی نیشتمانی و سێ ساڵ لە داهێنانی هزری نیشتمانی و جیهانی دادەبڕێین.

ئەو هەوڵانەی بۆ بەکولتوورکردنی خوێندنەوە و هاندانی لاوان دەدرێن بۆ سەردانی کتێبخانە، بەنەبوونی سەرچاوەی نوێ پەکیان دەکەوێ.

وەک دەڵێن: ئەگەر دەتەوێ داهاتووی هەر گەلێک بزانی، بڕۆ سەردانی کتێبخانەکانیان بکەو بزانە چەند پێشکەوتووە. کتێبخانە نیشانەی ڕووناکییە، وڵاتی بێ کتێبخانەی چاک و مۆدێرن تاریکە، تکایە با چیدی چراکان خامۆش نەکەینەوە.

# Raman

A Monthly General Cultural Magazine
Issued by Raman Information Directorate

232

September
2016

